مەلەکەتی عیشق

ماکوان کەریم

چاپی یەکەم

٢٠١٧

ناوی پەرتوك: مەملەکەتی عیشق

نوسەر: ماکوان کەریم

پێداچونەوەی: شەوبۆ جەلال

چاپخانەی: کەمال

دیزاینی بەرگو ناوەوە: چاپك

تیراژ: ١٠٠٠

چاپی یەکەم : ٢٠١٧

ژمارەی سپاردن:

ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی ســـەرمەد لە ئەستۆی گرتووە....

پێشەکی:

ئەم بەسەرهاتانەی کە دەیخوێنتەوە، بە شێوەو ئوسلوبی پەروەردەی و پەروەردەکردن نوسراوە، بۆئەوەی خوێنەر کەدەچێتە ناو باسو خواستەکانی هەستبکات خۆی کارەکتەری ناو باسەکەیە، ڕاستە نوسیینە، بەڵام بەشێوەی فیلم و وێنە کامێرا ئاسا بۆم ووێنا کردوون، ئوسلوبی ئەدەبی زۆری تێدا بەکارنەهاتووە، بەهۆکاری ئەوەی خۆراکی هەموولایەك بێت و واقیعی ڕووداوەکانم باسکردووە، وەك ئەوەی لەو سەردەمو جێگایانەدا چۆن گفتوگۆ کراوە، جۆری ئاخاوتنەکان چی بووە.

ئەم بەسەرهاتانە ناوی زۆربەی کارەکتەرەکان گۆڕاوە، هەندێکیشیان کە هیچ کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی نەکەوێتە سەر (وەکو) خۆی باسم کردۆتەوە، شوێنی گیرانەکان، ناوی بەرپرسەکان، ناوی جێگا دیارەکان هەمووی وەك خۆی نوسراون، سالّم لەهەندێك جێگادا دەستنیشان نەکردووە، چونکە بەئاسانی ناوی کارەکتەرەکان ئەدۆزرێتەوە، نوسەر- نەیویستووە ئەو ناوانە ئاشکرا بێت، یان بە هۆکاری ئەخلاقییە، یاخود کۆمەڵایەتیو سیاسییە، تەنها ئەوە هۆکار بووە، بەڵام ڕووداوەکان هەموو ڕوێانداوە.

هەست ناکەم لەوە زیاتر پێشەکی بووێت، لەبەرئەوەی ئەمە ئوسلوبێکی ڕاوی و گێڕانەوەی بەسەرهاتە، ئەم بەسەرهاتەش چیرۆکی بەرئاگردان نییە، بەڵکو ڕاستی و واقیعە بۆ ئەوەی بونیادی کەسایەتی خۆتی لەسەر بەکەیت.. بەهیوای ئەوەی مەملەکەتی عیشق ببێتە هۆکاری ئەوەی تۆ پەروەردە بیت لەسەر ئەو ئوسلوبەی کە نوسەر دەیەوێت، کەسایەتییەکی بەهێز خاوەن ئیرادە، دوور لە تەمەڵی، هەوڵدان بۆ سەرکەوتن، فێربوونی مامەڵەو گفتوگۆ لەگەڵ دوژمانان، چاونەترسی، وەفاو پیاوەتی، شەرف و پاراستنی کەرامەتی خەڵکی، ڕاستگۆیی، واقیع بینی لەژیاندا.

ماکوان کەریم

فرێدریکستاد/ نەرویج

٢٠١٧/٢/١٤

عیشق

لە مامۆستای ئاینیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: حەرامە!

لە مامۆستای ئەندازیاریان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: بازنەیەکە بەدەوری چەقی دڵدا دەسوڕێتەوە.

لە مامۆستای مێژژویان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی دڵە.

لە مامۆستای ئەدەبیاتیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: پاکترین هەستە.

لە مامۆستای زانستیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها ماددەیەکە کە بەبێ ئۆکسجین دەسوتێت.

لە مامۆستای بیرکارییان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها ژمارەیەکە کە هەرگیز بە تەنها نییە.

لە مامۆستای کیمایایان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها ترشەلۆکێکەکە کە کاریگەری دەکاتە سەر دڵ.

لە مامۆستای فیزیایان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها موگناتیسێکە کە دڵ ڕادەکێشێت.

لە مامۆستای دارشتنیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها بابەتێکە کە ناتوانیت لەسەری بنوسیت.

لە مامۆستای وەرزشیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها تۆپکە کە هەرگیز ئاوت نابێت.

لە مامۆستای ڕێزمانیان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها فرمانێکە کە ڕابردوو و ئێستای نییە.

لە مامۆستای زیدەوەرزانییان پرسی: عیشق چییە؟

ووتی: تەنها میکرۆبێکە کە لە ڕێگای چاوەوە توشت دەبێت.

لە ماکوانیشیان پرسی: عیشق چییە؟

فەرموو وەڵامەکەی لە

مەملەکەتی عیشق دا بخوێنەوە.....

چیرۆکی یەکەم:

من و بەیان

لـــەم ســـەفەرەمدا کە لە نەرویجـــەوە گەڕامەوە بۆ کوردســـتان، ئێوارەیـــەک داوام لە پێشڕەوەی برام کرد کە پێکەوە بڕۆین بۆ گەرەکی کۆنی خۆمان کە زۆربەی ژیانی لاوێتی و هەرزەکاریم لەو گەڕەکەدا بردبووە سەر.

پێشـــڕەو ڕازی بـــوو و پێکـــەوە چووین لەبـــەردەم دەرگای ماڵە کۆنەکـــەی باپیرمدا ڕاوەستاین.

بە پێشڕەوم ووت با تۆزێك بوەستین دەرگای دراوسێکەی بەرانبەرمان کرایەوە، لە پڕ ئەو کچە دەرکەوت کە ساڵی ١٩٩٣ خۆشم دەویست هاتە دەرەوە و بەدوایدا ٣ منداڵ هاتن دوو کچ و کوڕێك.

ناچار تەماشای ئاوێنەی سەیارەکەم کرد بە پێشرەوم ووت هێواش بڕۆ، هێواش هێواش ئەو دووردەکەوتەوە و بریني من قوڵتر دەبوەوە، هەموو یادگاریەکانم دەهاتەوە بەرچاو. چوومـــە ئـــەو ســـەردەمە و یادگاریەکانی ســـاڵانی زوو وەك هەور دایپۆشـــیم، بیرم لەوە دەکـــردەوە کە ئەم کچـــە کاتێك ماڵیان هاتە گەڕەك وەك هەموو دراوســـێیەکی ئاســـایی چووین بەدەم باوکییەوەو ماڵەکەمان لەگەڵ داگرتن.

بیرمە لەگەڵ هاوڕێیەکم بەناوی ســـەرباز هاتینە دەرەوە ووتی: خەسرەو بەخوا کچە گەورەکەیان جوان بوو.

بەخوا ناونجیەکەیان شاز بوو.

خەسرەو: من و سەرباز تەوزیعمان کرد کچە گەورەکەیان بۆ ئەو ناونجیەکەیش بۆ من.

گەڕەکـی ئێمـە هەموو خەڵکـی ناوچەکانی پێنجوین و شـارباژێڕ بووین، بەکورت و کرمانجی واتا هەموو عەشایەر بووین.

ئێتـر بەگەڕەکدا بانگدرا کە کچە گەورەکەی کاك بەکر بۆ سـەربازە، ئەو ٤ سـاڵ لە مـن گـەورە تر بوو، ناوی ڕێزان بـوو ، کچە ناوەندیەکەش کە ئەوسـەردەمە دەمانووت ناوەنجییەکە، ناوی بەیان بوو بۆ بەندە دانرا.

ئەم دانانە تەنها قسەی ناو کوڕانی گەڕەك بوو، هیچ پەیوەندی بە ئەو کچە فەقیرانەوە نەبوو.

ڕۆژان ڕۆشت و من و سەرباز هەر باسی ڕێزان و بەیانمان دەکرد، بەبێ ئەوەی ئەوان بەخۆیان بزانن، دە جار شەڕم کردووە لەسەر بەیان کە هیچ کوڕێکی گەڕەك بۆی نەبوو باسیان بکات.

بیرمە ڕۆژێك کەسێکی فیڵباز هەبوو لە گەڕەکەکەماندا ناوی سەردار بوو، پێمان دەوت سەرەقەل، هات بۆ لای من و سەرباز ووتی: دوو کوڕی گەڕەکی توی مەلیك فێر بوون بە مێبازی لەگەڵ ئەو کچانەی بەکردا، عەیب ناکەن ئێوەش قبوڵی دەکەن!

ئیتر منیش شـێت بووم، وام دەزانی ژنی خۆمە، سەرباز لە من خراپتر، بەبێ ئەوەی بەیان بزانێت و من هیچ باسێکیشـم نەکردبوو، دوو کوڕەکە بەگەڕەکی ئێمەدا هاتن من و سەرباز ڕێگەمان پێگرتن و ووتمان: بۆ دێن بەم گەڕەکەدا؟

ئەوانیش ووتیان کاکە ئەمە زەوی خوایە ئارەزوی خۆمانە خۆ نەتانکڕیوە بەهەر حاڵ قسە لە من و قسە لەوان بوبە شەڕ من ئەبو ئەڵقەم دەرهێنا و دوانمدا لەوان و ئەوانیش دەسـتی خۆیان وەشـاند، دوایش بۆمان دەرکەوت سەردار درۆی لەگەڵ کردووین ئەو دوو کوڕە فەقیرە کاسـب بوون بەدوای شـتی ناومااڵدا دەگەڕان لە گەڕەکەکاندا، سـەرداریش هەمان ئیشـی ئەوانی دەکرد و لەو زیاتریان دەدا بە شـت و خەڵکیش بەوانی دەفرۆشت، بۆیە سەردار ڕقی لێیان بوو شەڕەکەی بە ئێمە کرد، بەاڵم لەدوایدا چووین تێڕو پڕمان لە سەردار داو لەگەڵ دوو کوڕەکەی تردا بووین بە هاوڕێ.

شەوانیش لەدووکانی پیاوێك کۆدەبوینەوە و جاری وا هەبوو گۆرانی و قسەی خۆشمان دەکرد هەریەك لە ئێمە گۆرانی بەسـەر خۆشەویسـتەکەی خۆیدا دەووت، ماوەی شـەش مانگ بەم شێوەیە مایەوە من گۆرانیم بۆ باڵای بەیان ئەووت و سەربازیش بۆ ڕێزان بەبێ ئەوەی ئەو کچە فەقیرانە ئاگایان لەهیچ بێت.

ئیتر ئیحترامەن بۆ من و ســەرباز کەس ســەیری بەیان و ڕێزانی نەدەکرد، ئێمەش تەماشای ئەو کچانەمان نەدەکرد کە کوڕانی گەرەك ووتبویان حەزمان لێیانە.

ئەو سەردەمەش بە خۆشەویستەکانمان دەووت دەنکەکانمان.

من بە سروشــتی خۆم هارو هاج بووم نەمدەتوانی پێنج خولەك لە جێگایەکدا خۆم بگرم، بەڵام لەگەرمای هاوین و سەرمای زستان وەکو دار چەقیبووم لەسەر ئەو سەربانەی خۆماندا، ئەوەندەش شەرمن بووم باپیرم داری کڕیبوو بۆ زۆپای دار بۆ زستان، ئەودەمە نەوت نەبوو، بۆ خۆ مەشغوڵکردن دارەکانم لەمبەری سەربانەکە دەگواستەوە بۆ ئەوبەری ســەربانەکە، وابزانــم زیاد لە چەند ســەد جارێك ئــەو کارەم کرد، نەنکیشــم هاتبووە ســەربانەکە ئەیگوت هەتیو تۆ شــتێکت شــاردۆتەوە لە ژیر ئەم دارانەدا، منیش دەموت دایەگەورە گیان ئەگەر دار لە یەك جێگادا دابنرێت بۆ موسەلەحەکە خراپە، ئەودەمە بە سەربانی کۆنکرێت دەوترا موسەلەح، قەناعەتم کرد بە دایە گەورەم.

منیش هەموو بەیانیەك دەچووم بۆ نان کڕین، بەڵام لەوکاتەوەی کە ئەوان هاتبوونە گــەڕەك دەچــووم بۆ نانەوا نانم دەهێنایەوە بۆ نەنکــم و باپیرم، پێش ئەوەی ئەوانیش بێنە ئەو گەڕەکە بەشەق خەبەرم نەدەبوەوە.

باپیرم دەیوت بەخوا خەســرەو بووە بە پیاو! ئێســتا ناهێڵێت ئێمە بچین بۆ نانەوا نان بێهێنین.

بەیانیەکایــان -بەیان- هاتە دەرەوە بۆ مەکتەب دەچوو، منیش بەبەردەم ماڵەکەیاندا هاتــم، هــەر ئەوەندە ووتی خەســرەو چۆنی؟ لەخۆشــیدا نیو ســەعات وەڵامی چۆنی و چاکیەکەیــم دایەوە، ئەگەر وەك تەســجیل هەڵبکرایەتەوە ١٠٠ جــار هەڵمدەکردەوە ئەو چۆنی وچاکییە.

منیش لە خۆشیدا ووتم نان نابەیتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئێوەم هێناوە، لەخۆشیدا هەموو نانەکــەم دا بــە بەیان و ئەویش سوپاســی کردم لەخوشــیدا وام دەزانی هەموو دنیا هی خۆمە، پارەشــم پێنەبوو نانی تر بکڕم، چونکە تەنها ســێ کەس بووین من و نەنکم و باپیرم چوومەوە بۆ ماڵەوە، باپیرم ووتی: کوا بۆ نانت نەهێناوە؟

نەم دەوێرا درۆ بکەم خاوەنی نانەواکە رەفیقی باپیرم بوو، بچوایە دەیوت خەســرەو نانــی هێناوە، ناچار ووتم: هەندێك کەرم بینی بەڕەڵا کرابوون برســیان بوو نانەکەم دا بەکەرەکان.

ئەو سەردەمەش لە شاری سلێمانی کەری زۆر بەرەڵا بوبون، منیش وویستم بیکەم بە پیاوەتـــی ووتم: بەزەیم بەوکەرانەدا هاتـــەوە قەیناکە لە رۆژانەکەی خۆم ببڕن، باپیرم ووتی: بەزاتی خوا ئەم کورە زۆر گۆڕاوە، ئەی ئافەرین خەسرەو گیان، ئەو رۆژە ٧٥٠ فلسم وەرگرت ڕوبعێك زیاتر لە رۆژانی تری دامێ وەك پاداشت، خێرا ناردمییەوە بۆ نانی تر.

ڕۆژێك کاوەی هاوڕێم بینی لەگەڵ کچێکدا قسەی دەکرد لەڕێگای مەکتەب دەگەڕایەوە، لەسەر جادەی مەکتەبی بنار، منیش چووم بۆلای کاوە.

ووتم: کاوە گیان بەقوربان فێرم بکە کە چۆن قسە لەگەڵ کچ بکەم؟

کاوە: فێرت دەکەم، بەڵام دەبێت تێکەڵەیەکم بۆ بکڕیت، واتا مەحلەبی و شعرییە.

ووتم: بەسەرچاو بەس فێرم بکە، هەرتۆو تێکەڵە.

کاوە فێـــری کـــردم و ووتی: بەیانی خۆت جوان بگـــۆڕە کە چوو بۆ مەکەتەب لە ڕێگا بڵێ کچی باش بەیارمەتی، دەمەوێت پەیوەندیمان هەبێت و من هەموو شەوێك هەر بیرو خەیاڵم لای تۆیە، حەز دەکەم پەیوەندی زیاترمان هەبێت، بڵێ نامەیەکیشم بۆ نوسیویت بـــەس لەبیـــرم چووە کاتێکی تر بۆت دێنم، بۆ ئەوەی مەجالی تر دروســـت بکەیتەوە بۆ قسەکردن ئەگەر ئەو جارەش ڕازی نەبوو.

خۆم حازرکرد بۆ بەیانی کام جلوبەرگەی جوان بوو کردمە بەرم، ئەو بەیانیە ووتیان دەچیت بۆ نان، ووتم نا ئیشم هەیە خۆتان بچن من لەمەکتەب دەرسی زیادەمان هەیە دەڕۆم و دێمەوە با وانەکانم نەفەوتێ.

چوومە بەردەمی بەیان و هاوڕێیەکی تری لەگەڵدا بوو، بەخوا هەناســـەم سوار بوبوو لێـــوم ووشـــك بوبـــوو، هەموو گیانم ئەلـــەرزی دەتوت دەچم بۆ لای فیرعـــەون و لەگەڵ فیرعەون قســـە دەکەم، بەهەرحاڵ هاوڕێکەی بەیان -بەیان-ی جێهێشتو بەیان- یش بە منی ووت: فەرموو خەسرەو چیت دەوێت؟

ووتم: ئەتوانم هەندێك قسە بکەین بەیەکەوە؟

بەیان : بەڵێ ئەتوانیت ئەی بۆ وا سور بویتەوە خەسرەو خۆ هیچ ڕووینەداوە؟

ووتم: نەوەڵا بەس حەز دەکەم قسە بکەین بەیەکەوە ئەگەر مەجال هەیە؟

بەیان: بە دڵنیایەوە فەرموو فەرموو!

چیرۆکی دووەم:

من و دالیا

لەدوای ئەوەی بەیانییەك لەڕێگای قوتابخانە ڕێگام گرت لە بەیان و داوای ئەوەم لێکرد کە قسە بکەین، بەیان زۆر بەسادەیی ووتی: فەرموو خەسرەو بۆ وا سوربویتەوە.

ڕاستی دەکرد بەیانیەکی ساردی سلێمانی من هەموو گیانم عارەق بوو لەڕاستیدا ئاو بە گیانما دەچۆڕی وەك ئەوەی کرێکاری بکەم، بەهەر حاڵ کەوتمە قسە لەگەڵ بەیان و ڕاستەوخۆ بۆم باسکرد کە حەز دەکەم پەیوەندیەکی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبێت.

بەردەوام بەڕێگاوە قسەم بۆ دەکرد ووتم: خۆشەویستی تۆ وای لێکردووم ژیانمی هەموو تێکداوە ئیتر چارم نەماوە، هیچ توانام نەماوە بۆیە پێت دەڵێم بەیان زۆرم خۆش دەوێیت، لە خۆشەویستی یەکی پاکیش هیچ داوایەکی ترم نیە لە تۆ.

ئەوەندە قسەم نەکرد نازانم چۆن بوو زۆری نەمابوو بگاتە ناو قوتابخانەی بنار خوا خوام بوو ئەو ڕێگایە بە سااڵێك تەواو بێت.

بەیان: ببورە خەسرەو ناتوانم.

وتم: بۆ ناتوانیت، بەخوا لە تۆ زیاتر کەسم خۆشناوێت؟

بەیان بەتورەییەوە وەاڵمی دامەوە و ووتی: خەسرەو ببورە من ناتوانم لەگەڵ تۆ خۆشەویستی بکەم، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ کەمال پەیوەندیم هەیە و نامەوێت خیانەت

لە پەیوەندی ئەو بکەم، کەوای ووت خەریك بوو شێت بم، ئەوەی لە ژیانمدا رقم لێی بووە ئەو کەمال-ە بووە زیاد لە دە جار شەڕم لەگەڵ کردووە، بۆ نەگبەتی باوکیشی شەریکی باپیرم بوو، دەچوون لە سەر سنور چرای فانۆس و سێو و بستە و کێك و نوقڵی مینۆیان دەهێنا.

هەستمدەکرد ئەژنۆکانم هێزیان نیە، هیچم بۆ نەووترا تەنها لەدەمم دەرچوو ووتم، جا توخوا کەماڵە هیچ پوچ پیاوی ئەوەیە تۆ حەزی لێ بکەیت لوسی وا چییە، بەخوا بێت بەلاتدا ئەی تۆپێنم! بەیان دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی: خەسرەو ئەی تۆ بۆچی ناچیت بۆ لای خۆشەویستەکەی خۆت؟

منیش خێرا ووتم: بەخوا خۆشەویستم نییە لە تۆ زیاتر.

بەیان: ئەی نازانیت دالیا تۆی چەندە خۆش دەوێت؟

دالیا-ش دراوسێی ئەوان بوو ماڵیان بە تەنیشت یەکترەوە بوو بەرامبەری ماڵی باپیرم بوون هەردووکیان، وتم: ئەوەندەی من بزانم دالیا دەنکی دانا-یە.

بەیان: نا -وانیە- ئەو شێتی تۆیە تەنانەت وێنەی تۆشی کێشاوەو لەماڵەوە هەڵیواسیوە بە بۆفیەکەیدا.

لەڕاستیدا هەروەك چۆن لە نێوانی کوڕەکانی گەڕەکدا کچەکان دابەشکرابوون، بەئارەزووی کوڕەکان هەروەها لە نێوان کچانی گەڕەکیشدا کوڕەکان دابەشکرابوون.

من نەمزانیبوو کە دالیا حەزی لە منە، منیش وا هەستم دەکرد دالیا حەزی لە کوڕێکی ترە ناوی دانا بوو، بەڵام وا دەرنەچوو، لە هەمووی ناخۆشتر بۆ من ئەوە بوو دالیا خوشکی سەربازی هاوڕێی خۆمە، لەماڵیاندا چەندجار نانم خواردوە.

بەیان جێی هێشتم، بەڵام کاوە لە دوورەوە چاوەڕێی دەکردم بۆ ئەوەی تێکەڵەی بۆ بکڕم بەو بەیانیە زووە، منیش لەگەڵ داروبەردا شەڕدەکەم و خەفەتی کەمال-ە لوسیش لەولاوە بوەستێت.

کاوە بانگی کردم ووتی: وەرە چی بووە؟

منیش دەنگم بەرزکردەوە بەسەریدا ووتم: هەتیو بێیت بەلاما کەلەت ئەتەقێنم، لاچۆ لەبەرچاوم.

کاوە: هەتیو تورە مەبە، ئەگەر رازی نەبووە کێشە نیە هەر ڕازی دەکەم بۆت، یان درۆ دەکەیت بۆ ئەوەی تێکەڵەکەم بۆ نەکڕیت؟

ووتم: کوڕە کەرە ئەو دەڵێت حەزی لەیەکێکی ترە، حەزی لە کەمال-ی شەریف-ە لوسە تۆ بۆ تێناگەیت.

کاوە: بەڕاستە؟

ووتم: نا بەچەپمە؛ ئیتر لەسەر شۆستەی جادە ٣٠ مەتریەکە دانیشتم بەو بەیانیە باران دەباری نەنم.

کاوە: هەستە تەڕەبیت.

ووتم: کاوە توخوا وازم لێبێنە.

کاوە ڕۆشت و منیش بیرم دەکردەوە، خوایە بڕۆم لە کەمال بدەم و بڵێم نەچیت بەلای ئەو کچەیا، وورە ووردە خۆشەویستی دالیا لە دڵم چەکەرەی دەکرد، سینەمای خەیاڵم بوو بوو بە دووبەش ، بەشێکی لای بەیان بوو بەشێکی تریان دالیا داگیری کردبوو.

نەمدەزانی چی بکەم ، دالیا زۆر لە بەیان جوانترو ناسك ترو منداڵ تریش بوو، بەڵام دەمێك بوو لەو گەڕەکەدا بوونو تێکەڵ بووین سەرباز-یش هاوڕێم بوو زۆر قورس بوو بەلامەوە.

سەرباز تا بڵێ کوڕێکی ئازاو هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتر بووین، چەندەها کاری سەیرو سەمەرەو شەڕو شەڕە گەڕەکمان کردووە، هەرگیز یەکترمان بەجێنەهێشتبوو لە خۆشی و ناخۆشیدا، هەندێکجار کە لەماڵەوە دەردەکرا یان من دەردەکرام جێگاو پەناگامان لای یەکتری بوو.

دووبەدوو هیچ کەس دەرقەتمان نەدەهات، ئەگەر لێیانیشمان بخواردایە هەمیشە بەتاك تاك دەیانگرتین لێیان ئەداین، دوایش دووبەدوو تۆڵەی خۆمانمان دەکردەوە.

چوومەوە بەرەو ماڵەوە لەبەردەرگا -باوکی بەیان- م بینی سەیارەکەی ئیشی نەدەکرد، ووتی: ئا کاکە خەسرەو گیان پاڵێکم پێوە بنێ.

ئینجا وەرە ئەو دڵەت شەق نەبات ناچار ووتم: بەسەرچاو وەستا بەکر گیان لەخزمەتام، لادایەکی ١٩٧٧ پێبوو تا سوچی کۆڵانەکەی ئەوسەر پاڵم پێوەنا کەچی کە سەیارەکەی شۆڕکردەوە بەرەو مزگەوتی عەلی کەمال خواحافیزیشی لێنەکردم ئەو سەگبابە ، هەزارو یەك جنێوی تریشم پێدا.

هاتمەوە بۆ ماڵەوە نەکم و باپیرم هەڵنەسابوون لەخەو.

باپیرم ووتی: ئەچی نان بێنیت؟

ووتم: نەوەڵڵا، تاقەتم نیە.

لەبەر خۆیەوە باپیرم ووتی: کەڕێتیەکەت سەری هەڵداوەتەوە؟

خۆمکرد بە ناو جێگا لەداخا خەوتم: نەنکیشم هەڵێنەساندم وایزانی بوو چووم بۆ مەکتەب، کە خەبەرم بوویەوە سەعات ٢ دوای نیوەڕۆ بوو، سەرم قورس بوو، ئەو ماوەیە مااڵی نەنکم بە جێهیشت چوومەوە بۆ مااڵی خۆمان بۆ الی دایکم، ئیتر تاقەتی چوون بۆ مەکتەبیشم نەما، بۆ ئەوەی نەسوڕێمەوە دوکانێکیان بۆ دانام خەریکی فرۆشتنی شتی ووشکە بووم.

کوڕانی گەڕەك دەهاتن بۆالم بۆ دوکان دادەنیشتن، منیش جاروبار دەچوومەوە بۆ مااڵی نەنکم و جاروباریش تەماشایەکی مااڵی سەرباز-م دەکرد دەموت بزانم دالیا نابینم.

جارێکیان بە سەرباز-م ووت: هەرچیتان کردووە باتۆزێك لە کەمال بدەین بەهەر حاڵ لێدانەکەی کەمال سەری نەگرت.

کەمال لەبەر ئەوە ڕقمان لێ بوو، چونکە پارتی بوون، ئێمەش زۆربەمان یەکێتی بووین، تازەش چووبوینە ناو یەکێتیەوە، پێشتر هەموو حسك بووین، چونکە ئەوسەردەمە کاکە حەمەی حاجی مەحمود چووە ناو پارتی ئێمە لە شانەکەی مام ئاراس هاتینە دەرەوە هەموو بووین بە یەکێتی، کە گەورەترین شانەی ئەو سەردەمەی حسك بوو لە سلێمانی کوڕێك سەرپەرشتی شانەی ڕێکخستنەکانی دەکردین ناوی کاك محەممەد بوو، بەهەرحاڵ کە حسك چوونە ناو پارتی ئێمەش هەموو بوینە یەکێتی.

کات ڕۆشت و زەمەن هەموومانی وەك چەقۆ دەبڕی شەڕی یەکێتی و پارتی دەستیپێکرد، سەرباز بووە لیوای تایبەت، الی جەالل-ی عەلی مام قادر لە لیواکەی سالار عەزیز، منیش چوومە ڕێکخستن لە کۆمیتەی سێ-ی کاسبکاران الی عەبدوڵڵا-ی حاجی سەعید.

بەداخەوە لەشەڕی ناوخۆ سەرباز کوژرا، منیش ماوەیەك ڕابووردوبوو لەساڵی ١٩٩٢ باوکم کوژرابوو دوای دووساڵ سەرباز-ی هاوڕێشم کوژرا، زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم.

لە تەعزێکەی سەرباز دایکی سەرباز سەری خستبووە سەر شانی من و منی ماچ دەکرد هاواری دەکرد بەگریانەوە بۆنی سەرباز گیانت لێدێت، منیش هەموو دەرونم ئەکوڵا، دالیاش لەوالوە تەماشای دەکردم و دەگریا، بێجگە حاجی سەعید-ی باوکی کە بەکوڵ بۆ سەرباز دەگریا، منیش نەمدەزانی چۆن لەومااڵە خۆم دەرباز بکەم، بۆ حورمەتی سەرباز

و خۆشەویستی دالیا-ش ڕۆژ بەڕۆژ چەکەرەی دەکرد لەدڵما.

ڕۆژێك دالیا هات بۆ دووکان بۆ لام لەگەڵ دایکی بۆ شت کڕین، هەندێك پێداویستی ماڵیان کڕی وەك برنج و ڕۆن و شەکر چا... هتد، ووتم: بڕۆن، (دایکی سەرباز) سەبری خان خۆم دوای بۆتان دێنمەوە.

سەبری خان: شفتە دەکەم نان مەخۆ لای ئێمە نان بخۆ.

ووتم: باشە.

چووم بۆ ماڵیان لەوێ دانیشتم لەگەڵ سەروەر-ی برایاندا دانیشتبووین حاجی سەعید هاتەوە ووتی: دۆمینە بکەین یان کۆنکەن؟

ووتم: کامیانت پێخۆشە حاجی گیان لەخزمەتاندام.

دەستمان کرد بە کۆنکەن تا درەنگانێك، لە دوای ماڵئاوایی سەروەر لەگەڵما هاتە دەرەوە خوا حافیزمان کرد.

هەندێك دوور کەوتمەوە دالیا بانگی کردم ووتی: کاك خەسرەو وەرە بێ زەحمەت.

قوتویەك دۆشاوی بەدەستەوە بوو، نەمزانی چی دەڵێت هەندێك قسەی کرد لێی تێنەگیشتم، گەڕامەوە بۆلای دالیا.

دالیا: بەیانی وەستا بەکر چی پێووتی؟

ووتم: زۆر شتی جوانی پێ ووتم دەربارەی تۆ.

دالیا: وەك چی؟

ووتم: لێرەدا ناکرێت بەیانی دۆشاوەکە بهێنەو بزانە چی کۆنتان هەیە لە نۆك و فاسۆلیا بیهێنە بۆت بگۆڕمەوە.

مردنی دالیاو سەرگەردانی خەسرەو

لــەدوای ئەوەی لەگــەڵ دالیا بەڵێنمان دا بەیەکتری کە لەدوکان بیبینم، مانْاوایم لێ کرد.

ئەوشــەوە لە ناو جێگادا بیرم لەوە دەکردەوە چی پێبڵێم، تۆ بڵێیت خیانەت نەبێت بەرانبەر بە هاوڕێیەتی من و ســەرباز، خوا لێی خۆش بێت ئەو شــەوە وەك مریشــکی برژاوم لێهاتبوو لە ناو جێگاکەمدا، هەر ئەم دیواو دیوم دەکرد.

رۆژ بوویەوە وەك پیشــەی هەمیشــەی بەیانیان دوکانم دەکردەوە ، ئەو بەیانیە زۆر ســارد بوو، عەلادینم داگرســاندو ناو دوکانم گەرمکرد، شریتێکی ماملێم خستە سەری و وورە وودە دەستم کرد بە کار.

لە کاتژمێری ٨ ونیوی بەیانی بەجلی قوتابخانەوە بە قردێلەیەکی ســوری جوانەوە خۆی کرد بە دوکاندا خۆم و هەموو دووکانەکە پێدەکەنین لەخۆشیدا، وامزانی قاچم بە سەر ئەرزەوە نیە نەمدەزانی چی بکەم لەخۆشیدا، لە هۆلیا ئەفشار دەچوو.

بەو سەرمایە چووم لای تەها-ی دراوسێ دوکانم دوو ساردی ساردم هێنا، خۆم گەرمام بوو بەو سەرمایە ووتم لەوانەیە ئەویش وابێت.

نازی بەسەر منو چواردەوردا دەکرد، نازی پێدەفرۆشتم بۆنی خۆشیو زەردەخەنەی لێویو لاروڵەنجەو نازکردنی ئەوەندەی تر جوانی کردبوو.

دەســتمانکرد بە قسە هەردووڵا بەشەرمەوە، وەك باوی لێهاتبوو ئەو سەردەمە دەبوو هەریەك لە کوڕان کچان (دەنکێکیان) خۆشەویستێکیان هەبێت.

لەنێوانی قەسەکانماندا هەردوولا زوو پێدەکەنین و نەشماندەزانی بۆچی پێدەکەنین. بەهەر حاڵ وەك پیشەی هەمیشەیی دوو خۆشەویست بەڵێنی ئەوەمان دابەیەکتر، کە بۆ یەك بین یان بۆ گڵ، هەرچەندە ئەم قسەیە لای من ئەو دەمەش هەر کلاسیکیانەبوو، چونکە من دڵم شکا بوو لای بەیان-ەوە زۆر بڕوام بەو قسەیە نەبوو، وا ئێستا دالیا جێگای بەیان-ی گرتۆتەوە، لەوە خۆشتر وێنەیەکی خۆمو خۆی دروستکردبوو بە قەڵەم ڕەساس تەنها سەرمان بوو، بەدیاری پێشکەشی کردم، منیش شریتێکی گۆرانی کەمال محەممەد-م پێشکەش کرد.

دالیا-م زۆر خۆشدەویست ڕۆژ بەرۆژ خۆشەویستی لە دڵمدا زیادی دەکرد، بڕیاری ئەوەشمان دا کە بەزووترین کات بچمە داوای بەرنامەمان دانا کە هیچ نەبێت بڕێك پارە کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ ئاهەنگ و شەکراو خواردنەوەو شتێکمان بەدەستەوە بێت بۆ کەلەوپەلی ناوماڵ، هەندێك هەوڵی ترمدا ماوەی ساڵێك نزیکەی ٧ هەزار دیناری سویسریم کۆکردەوە، هەردوولامان خۆمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی کە بە کەسوکار بڵێین.

داوام کرد لە دالیا کە بەدایکی بڵێت، منیش بە نەنکم دەڵێم، بۆیە بەدایکی خۆمم نەدەووت، چونکە من هەر نەنکم و باپیرم بەخێویان کردبووم، دەستمان کرد بەکارکردن لەپرۆسەکەدا ئەو بەدایکی ووتبوو، دایکیشی ووتبووی با قوتابخانە تەواو بکەیت، بەڵام دایکی بەئاسایی وەریگرتبوو تا ڕادەیەك پێی ناخۆش نەبوو بوو.

منیش بە نەنکمم ووت: ئەویش هەر بەسادەیی وەریگرت ووتی جارێ منااڵی، باخانو ماڵی خۆتت هەبێت ئینجا ژن بهێنە.

من زیاتر گرنگیم دا بە کارەکە لەگەڵ باپیرم قسەم کرد، ووتم: ژن دێنم پارەم کۆکردۆتەوە.

ووتی: باشە خۆشم شتێکت بۆ دەخەمە سەری، بڕیار بوو باپیرم ٣ هەزار دیناری ترم بداتێ و بیکەین بە ١٠٠٠٠ دینارو دەست بکەم بە کڕینی کەلوپەلی ناوماڵ بڕیارمدا کە لەگەڵ باپیرم و نەنکمدا بڕۆم و نەچمە دەرەوە لەماڵەکەدا، تا ڕادەیەك کارەکەم ئاسان بوو، لەتەرەفی خۆمانەوە، تەنها نەنکم نەبێت منجەمنجی بوو حەزی دەکرد، کچێکی پوری خۆم بهێنم.

لەدوایدا ئەویش ڕازی بوو، نەنکم هەڵسا چوو قسەی لەگەڵ سەبری خانی دایکی دالیا کرد بۆ ئەو کارە خێرە، بەڵام وەزعەکە گۆڕا.

دایکی دالیا وتبووی: ئێمە کچ نادەین بە خەســـرەو، خەســـرەو کوڕی ماڵەکەیەو برای دالیایە.

زۆر بەناشـــرینی وەڵامی نەنکمیان دابوەوە، بەسروشـــتی خۆشمان بنەماڵەی ئێمە زۆر عەشـــایەرین قســـەمان نابێت بشکێت، نەنکیشم هاتەوە ئاگر لە کونەلوتی دەهاتە دەرەوە، بەجنێو و قســـەوە گەڕایەوە ماڵەوە، دەیـــوت ١٠٠ ژنی ترت بۆ دێنم ئەو واو وا لێکراوەت بۆ ناهێنم، منیش زۆر بێتاقەت بووم نەمدەزانی هۆکار چییە؟ وام دانابوو شـــتەکان زۆر ئاسایی دەڕوات و هەمووکارەکان دێت بەدەستەوە، بەڵام بەداخەوە سەد پلە گۆڕا.

دالیـــا دەنگی نەما تەنانەت نەدەچوو بۆ قوتابخانە، حاجی ســـەعید-ی باوکی بەهیچ شێوەیەك مەرحەبای منی نەدەکرد، لای من شتیان نەدەکرێ، زۆر سەیر بوو بەلامەوە.

ڕۆژێـــك خۆم بۆ نەگیراو چووم بۆ لای حاجی ســـەعید لە گوزەری (ســـەعە تاکۆیی) داوام لێکـــرد قســـەی لەگەڵ بکەم، بـــەڵام بەداخەوە زۆر بە ناشـــرینانە کردمیە دەرەوەو زلەیەکیشـــی لێدام، قســـەی زۆر ناشرینیشـــی پێووتم، ئەو دەمە لەبەر خاتری گۆڕەکەی سەرباز قبوڵمکرد.

هەرچـــۆن بـــوو ڕۆژێك داوام لە بەیان کـــرد لە ڕێگای ئەوە دالیا ببینم، لەســـەربانی ئەوانـــە چوومە ســـەربانی ماڵی دالیا و دالیا-م بینی قســـەمان زۆر کـــرد ئەگریا، چاوی ئەوەندە جوان بوو بەگریان خۆم فرمێسکەکانم بۆ دەسڕی، دالیا بۆی باسکردم کە باوکی ئیفلاســـی کردووە ئەوی داوەتە کوڕی شـــەریکێکی نوێی بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لە بازاڕدا هەڵبستێتەوە.

لەسەر بانەکەیان دووبارە پەیمانماندا بەیەکتر کەهەر بۆ یەك بین، یان بۆ گڵ.

بەڵام لەو ڕۆژەوە ئیتر دالیا-م هەر نەبینی نەدەچوو بۆ مەکتەب، نەدەهاتە دەرەوە.

ماوەیەکی پێچوو شەکراوی دالیا هات بۆ ماڵەوە!

منیش خەریك بوو شـــێت دەبووم، نەمدەزانی چی بکەم، لەتاواندا پەلاماری ئاســـمان ئەدا، وەك شـــێتم لێهاتبوو، جاری واهەبوو، یەك ســـەعات ئاگام لەخۆم نەدەماو دەچوومە دنیـــای خەیاڵەوە.... تەنانەت ئـــەو دەمە بوو بەتەواوەتی جگەرەو مەشـــروب لە ژیانمدا سەری هەڵدا، ئیتر شەوان بە مشروبو جگەرەو حەبی ڤالیۆم نەبوایە خەوم لێنەدەکەوت، هاوڕێکانم بە جێیان نەدەهێشـــتم، باپیریشـــم لەدووڕەوە هەرچاودێری دەکردم، نەشیان دەهێشت هیچ جۆرە چەکێکم لەبەر دەستدا بێت.

ڕۆژێـك باپیـرم ناردمی بۆ هەولێر بۆ هەندێك كاری تایبەت كە پەیوەندی هەبوو بە كاروباری كەسابەتەوە، بەڵام ناردنەكەی فێڵ بوو سێ ڕۆژ منی هێشتەوە لە هەولێر هیچیشمان بۆ نەهاتبوو، بەهەرحاڵ كە گەڕامەوە سـلێمانی دوای سێ ڕۆژ خوایە گیان كەس نەیبینێ ئەوەیـان بـۆ گێڕامەوە كـە دالیا-یان بردووە بە بوكی بەجلی سـپی بوكێنیەوە، باسـی ئەوەیـان بـۆ كردم كە زاوا كێ بـووەو ئەوی ڕوویدا بۆیان گێڕامـەوە، باپیرم نامەیەكی دالیا-ی دایە دەستم لە نامەكەدا نوسرا بوو....

سلاو ئازیزەكەم..

نامـەت بـۆ دەنوسـم..... كۆتایـی نامـەی ژیانـم، چونكـە ئێـرە، كۆتایـی ژیانمە خۆزگە منت بە جلی بوكێنیەوە بدیبایە، چونكە ئارەزووت بوو بە جلوبەرگی بوكێنیەوە بم بینی.

خەسـرەو گیان؛ وا من دەڕۆم تابزانیت من لەسـەر قسـەی خۆمم، ئەبینی دووبارە توانیم قسەت لەگەڵ بكەم! بەڵام خۆزگە منیش گوێم لە قسەكانی تۆش بووایە.

وا من ڕۆشتم، چونكە من سوێندم خوارد تۆش سوێندت خوارد لەبیرتە؟

خەسرەو تۆ لێرە نیت، من جلی بوكێنیم لەبەردایە ئەی تۆ لەكوێت؟

زاوای دڵم تۆی... بۆ لەلام نیت؟

خۆزگـە لێرە بویتایەو بتبینیایە دالیا-كەت چۆن چۆنی جلی بوكێنیەكانی بەخوێنی دەمارەكانی بۆیاخ دەكات.

خۆزگە لێرە بوویتایەو بتدیبایە دالیا-كەت، تا كۆتای لەسەر قسەی خۆی بوو.

خەسـرەو دالیا-كـەت وا دەڕوات، تـا بـۆت بسـەلمێنیت كـە خۆشـی ئەوێیـت ئێسـتا كـە بەرچاوم ڕەش بووە، هەمـوو گیانم دەلەرزێت، ژیانـم وەك درامایەك بەبەر چاومدا دێتو دەڕوات، ئەو ڕۆژەی كە ڕوانینم لە ڕوانینتا گرێدرا، لەبیرتە؟

ئەو ڕۆژەی كە دڵەكانمان لەرزی لەبیرتە؟

ڕۆژانی خۆشی عاشقیمانت لەبیرە؟

پلانەكانی داهاتوومانت لەبیرە؟

خەسـرەو من لەبیرمە، لەبیرمە چۆن گەورەكانمان كە درۆیان دەكردو پێیان دەوتین گوایە كە ئێمە هەموو ژیانی ئەوانین!

پێیان خستە سەر دڵمان، لەبیرمە ئەو ڕۆژەی كە دایە گەورەت لە ماڵی ئێمە هاتەوە

چەندە جنێوی دامێ، هەر لەبیرمە ئەو ڕۆژەی چووبویتە لای باوکم زلەیەکی لێدابووییت، پێی ووتبویت ئیتر حەقی ئەوەت نییە ناوی کچی من بهێنیت.

لەبیرمە ئەو ڕۆژە زۆر گیریام تۆ فرمێسکەکانمت بۆ دەسڕیمەوە، ووتت کاتێك دەگریت چاوەکانت جوانتر دەبێت، ووتت کە پێبکەنم.

خەسرەو ئێستا وەرە ببینینە چاوەکانم جوان بوون؟ یان زیاتر بگریم؟

ئەزانم کە باپیرت تۆی ناردووە بۆ شارێکی تر بۆ ئەوەی من نەبینیت، بەڵام ئەو نەیزانی عیشقی تۆ لە دڵمدایە نەك لەچاومدا.

من دڵم بە عیشقێك دابوو کە دەستی بەتاڵ بوو، کە بۆ ئایندەو داهاتووی پارەی تەواوی نەبوو، بەڵام نەیانزانی کە ئارەزووەکانی من لە نیگای چاوەکانتا بوو نەك لە دەستەکانتا، ئێستا پەیمانەکەم جێبەجێدەکەم یان تۆ یان مەرگ.

ئەگەر لەم ژووڕە بچمە دەرەوە ئیتر بۆ تۆ نابم، نامەوێت لە جیاتی دەستە گەرمەکانی تۆ دەستی ساردی هیچ غەریبەیەك لە دەستمدا بێت.....

لێرەدا کۆتای پێدێنم، ئیتر بۆ مردن ئیزن لە باوکم وەرناگرم!

بەڵام خەسرەو خۆزگە لێرەبویتایەو دەتبینی، کەڕەنگی سوری خوێن لەگەڵ ڕەنگی سپی جلە بوکێنیەکانم چەندە جوان ڕێکەتون چ تابلۆیەکیان نەخشاندوە، ئازیزەکەم ئیتر توانای نوسینم نیە زۆر بیرت دەکەم، ئەمەوێت بتبینم، دەستم ئەلەرزێت شێوەی چاوە جوانەکانت لەبەرچاومە دەستم بگرە با منیش لەگەڵت بێم.

لەدوای خوێندنەوەی نامەکە هەناسەم پێنەما بوو، لە هۆش خۆم چووم ئاگام لە ژیان نەما، ئەگەر مەرگ بە پارە بوایە هەموو سەروەتی خۆمم پێ ئەدا لەو کاتەدا، نەهەستم بە بوونی دەستم دەکرد تا خۆمی پێ لە ناوبەرم، نە هەستم بەقاچم دەکرد تا خۆم هەڵبگرێت، نەمدەزانی چی بکەم ناچار لە هۆش خۆم چووم ئەوەندەم ئاگا لێبوو هاوارم دەکرد دالیا کوا؟ کوا دالیاکەم؟

چاوم لە باپیرم بوو هاواری دەکرد سەیارەیەك ئامادەکەن با کوڕەکە هیچی لێنەیەت.

چیرۆکی سێیەم:

ژیانەوە بەرەو مردن

دوای دوو ڕۆژ مانەوەم لە نەخۆشخانە، گەڕامەوە ماڵەوە هەموو لایەك دڵنەواییان دەکردم، ڕۆژانە دەچوومە سەر قەبری دالیاو پاشان قەبری باوکم و سەربازو هەندێك هاوڕێی ترم.

ئاشنایم لەگەڵ مردوەکاندا پەیدا کردبوو، جاری وا هەبوو بە سەعات قسەم لەگەڵ کێلی گۆڕەکەی دالیا-دا دەکرد، هەستم دەکرد بوومەتە بەندەی گۆڕو خۆشەویستی!

هەستی ئەوەم بۆ دروست دەبوو کە زۆر عەیبە منیش خۆم نەکوژم، توانای دووکان بەڕێوەبردنیشم نەما بوو برایەکم دەیبرد بەڕێوە یان جوانتر بڵێم دوکانەکەم دایە ئەو هەر وازم لە دوکانداری هێنا، هەمیشە شەوان بێدار بووم بە درێژایی ڕۆژیش ئەخەوتم.

ئەو پارەیەشی کە کۆمکردبوەوە هەموویم خەرجکرد لەشتی بێمانا دا.

شەوان دەچوومە نادی هێشوو لەوێ دەمخواردەوە، ئیتر کەسێکی بەو و مەستم لێدەرچوو بوو، هەمیشە حەزم بەشەڕ کردن و ئاژاوەگێڕی بوو، شەو نەبوو لەگەڵ ئاسایشەکانی سەرادا نەیکەمە شەڕ، ئەوانیش لەبەر ئەوەی کوڕە شەهید بووم حوورمەتیان دەگرتم و جارو باریش ناخۆشم دەکرد زیندانیان دەکردم.

ئەو سەردەمە ئاواتە خواز بووم بەدەنگی گۆرانبێژێك بەناوی کاك مەحمود محەممەد یان مەحمود دەرویش، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو گۆرانی بێژە بەڕێزە کە زیاتر لەناو خەڵکیدا

به (خوله دۆم) ناســراو بوو، وام لێهاتبوو بەتەواوی هۆگری دەنگی بوو بووم، چەندجار دانیشــت لەگەڵمدا تەنها مەقامی بۆ دەوتم، ئەویش منی خۆشدەویســت، دوایی برایەکی خۆی پێناساندم بەناوی کاك ئەحمەد دەرویش، ئیتر هەرچی پارەم هەبوو سەرفم دەکرد لەگەڵ ئەوانەدا بۆ ئەوەی شــەوان بەمەقام بملاوێننەوە، هەرکەس ناوی دالیا-ی ببردایە هەرچی لە گیرفانمدا بوایە ئەمدایە.

شەوێکیان زۆر مەست بووم زۆرم خواردبوەوە، بەدەم خۆمەوە مەقامێکی حەمە جەزام دەگوت فرمێســکیش بەچاومدا دەهاتە خوارەوە، شــەو بوو دەوربەری کاتژمێر نۆی شەو بە دەم گۆرانی ووتنەوە بە پێ و سەرخۆشــییەوە دەمەویســت برۆم بۆ سەر قەبری دالیا، لەبیرمــە ئــەو کاتە لای غازەکەوە پەڕیمەوە بۆ مامەیارە لــەو نێوەندەدا زۆر چۆڵ بوو، دیسان ئارەزوی گۆرانی ووتم کردو هاوارم دەکرد..

نــا مــەچــۆ جــوانــێ مــەچــۆ واوە مــەچــۆ
تــۆ فــریــوی زێــڕ و زیــوی وان مــەخــۆ
ئــەو هــەوەس بــازانــە جــێی مــتــمــانــە نــین
هــەر دەزانــن گــوڵــچــنــیــن و بــەی ڕنــیــن

دوای ئەوە دیسان دەستمکرد بە ووتنی نالەی جودایيەکەی مامۆستا هێمن کە بە ساقی دەست پێدەکات.. هاوارم دەکرد:

ســاقــیــیــا! وا بــــادەوە، وا بــــادەوە
ڕوو لــەلای مــن کــە بــە جــامــی بــادەوە
مــوشــتــەری وەك مــن لــە مــەیــخــانــێ کــەمــن
زۆربــەیــان شــاد و بــەکــەیــف و بــێــخــەمــن
مــەی حــەرامــە بــۆ ســەهــەنــدە و بــێ خــەمــان
مــەســتــی بــێ خــەم بــۆچــی بــگــرن ئــێــخــەمــان؟
ئــەم شــەرابــە تــاڵــە دەرمــانــی خــەمــە
لــێــی حــەرام بــێ ئــەو کــەســەی دەردی کــەمــە
ئــەم شــەرابــە ئــاڵــە بــۆ بــێ دەرد نــییــە
لێی حــەرام بــێ ئــەو کــەســەی ڕەنــگ زەرد نییە
بــۆ کــەســێــکــە مــــەی: چــزیــلــکــی پــێــوەنــێ

بـۆچـی مـلـهـوڕ لـێـرە بـیـنـی پـێـوەنـێ؟
بـۆ کـەسـێـکـە مـەی: کـە دەردی کـاریـیـە
بـێـخـەمـێـك بـیـخـواتـەوە، زۆرداریـیـە

ئاگام لێبوو پیاوێك لەدوورەوە ڕووەو من هات ووتی: دانیشە مەڕۆ دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم!

منیش گۆڕانیەکەم بڕی و ووتم: لەخزمەتاندام.

هاتە لام پیاوێکی بەڕێزی تەمەن ٣٥ بۆ ٤٠ ساڵێك دەبوو، تەوقەی لەگەڵ کردم ووتی: بۆ کوێ دەچیت بەم شـەوە؟ وا دەگریت و دەنگیشـت ناخۆش نیە، ئەو گۆرانیە خۆشـە دەڵێیت.

ووتی: با هاوکاریت بکەم

منیش خۆم پێناسـاند ووتم: ناوم خەسـرەوە ئەوە ژیانی منە، ئەوی ڕووی دابوو بۆم باسکرد، عادەتەن سەرخۆش چەنەباز دەبێت حەز بە قسەدەکات.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و ووتی: با بەیکەوە بڕۆین بۆ سەرقەبران!

ووتم: لەخزمەتام فەرموو، بەس ناوی جەنابتان چییە قوربان؟

ووتی: ناوم ڕزگارەو خەڵکی قەرادەخم، بەس کاك خەسرەو هەست دەکەم تۆ سەرخۆشی و خواردوتەتـەوە، چوون بۆ سـەرقەبران حورمەتی خۆی هەیـە، مەرج نیە بێدەنگی لە مردوان دەبینی واتا خامۆشن، بەڵکو ئاگادارن، دەبێت ڕێزی سەر گۆڕو قەبرەکان بگیرت، نابێت بەگۆرانی ووتن و لەش پیسی بچیتە ناو گۆڕستان لە کاتێکدا مردوەکان پێویستیان بە دووعای ئێمەیە، لەجیاتی خێریان بۆ بەرین، کەچی وادەکەین خۆشـمان و ئەوانیش توشی تاوان بکەین، ئایا ئەمەت پێ ڕەوایە؟

منیش قسەکەیم بەهەند وەرگرت، چونکە باوکم و دالیام زۆر خۆشدەویست، بۆ ئەوەی خێریان پێبگات بڕیارمدا نەچم.

ووتم: قسـەکەت ڕاسـتە، بەڵام کاك ڕزگار دڵم دەکوڵێت، دیسـانەوە بەدەم گریانێکی زۆرەوە هاوارم کرد چی بکەم؟

ڕزگار: مام خەسـرەو گیان بڕۆین بەیکەوە پیاسـیەك بکەین، لەجیاتی ئەوەی بچیت بۆ گۆڕستان؟

ووتم: بەڵێ بەخۆشحاڵیەوە لە خزمەتام مام ڕزگاری بەڕێز.

ڕزگا: بەرەو خوار بڕۆین یان بەرەو سەر؟

ووتم: من هیچ ئیشم نیە، بۆ کوێ دەڵێیت دەڕۆین بۆ ئەوێ.

ڕزگار: دە کەواتە سەرەو خوار دەبینەوە بۆلای گۆزەکان و سەیوان، چونکە من توانای هەورازم نیە، بەپێکەنینەوە ووتی: پیر بووم.

ووتم: لەخزمەتاندام، بەرەو خوار دەڕۆین.

ڕزگار: خەسرەو ژیان ململانێیەکی زۆر سەختە، ئەگەر بەجدی بیگریت ئەتکوژێت و زوو لە ناو دەچیت، پێویستە ئەوەندە ڕێزی ژیان بگیرێت تا ڕزگارت دەبێت لەدەستی، چونکە هیچ وەفاو پیاوەتی لە ژیان ناوەشێتەوە دەبێت لێی بچڕی، چونکە ژیان وەستاوە ئێمەین دەڕۆین و جوڵاوین، دەنا هەموو شتەکان لە جێگای خۆیاندان!

باسی ئەوەی بۆ کردم کە باوکی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندبوو هەمیشە بەڕێگای بەغدادەوە بووە، ئینجا بەردەوام بوو ووتی: دایکیشم ئافرەتێك بوو زۆر گوێی نەئەداینێ، بەکورتی و پوختی مەبەستم ئەوەیە کە دایکم بەهۆکاری سەفەری زۆری باوکم باش نەبوو لە ڕووی ئەخلاقییەوە، من لەلایەن هەردووکیانەوە پەراوێز خرابووم.

هیچ گرنگیەکم بەژیان نەبوو، هیچ شتێك لام گرنگ نەبوو، تەنانەت تێکەڵاوی کەس نەدەبووم، تەنها یەك هاوڕێم هەبوو کە هەموو ژیانی منی دەزانی. ڕۆژانە بەبەردەم دوو قوتابخانەی کچاندا دەڕۆشتم هەستم بەوە نەدەکرد کە ئەو قوتابخانانە کچی لێیە، سەرم بەرز نەدەکردەوە، چونکە لام گرنگ نەبوو. بەیانیەك دەچووم بۆ قوتانخانە ئاگام لە خۆم نەبوو خۆم دا لە کچێك کە سەرم بەرز کردەوە بینیم کچێکی زۆر جوان بوو، ئەو ڕۆژە لە قوتابخانە هەر بیرم لای ئەو کچە بوو، دەهاتەوە بەرچاوم، بۆیە هەموو ڕۆژێك دەچوومە بەردەم قوتابخانەکەیان و چاوەڕێم دەکرد تا دەهاتە دەرەوە، هەموو لایەك لە قوتابیانی قوتابخانەکە زانیان کە من حەزم لەو کچەیە.

ڕۆژێکیان کچکە خۆی هاتە لام و ووتی: ئەو پارەیەت لێکەوتووە، ڕاستی کرد خۆم بە ئارەزوو پارەکەم لە خۆم خستە خوارەوە، تا هەڵیبگرێتەوە، ئەگەر بۆی هێنامەوە قسەی لەگەڵ دەکەم ئەگەر هەڵیش گرت بۆ خۆی ئەوە دزەو بەکەڵکی ئەوە نایەت خۆمی بۆ ماندوو بکەم، بەڵام پارەکەی بۆ هێنامەوە، دوای ئەوە یەکترمان ناسی.

زانیم ئەم کچە دایك وباوکی نیە لای نەنك و باپیری دەژی و ئەوان بەخێوی دەکەن، ئەوانیش زۆر دەست کورتن ئەو ساڵە پارەی نەبوو قەمسەڵەیەك بکرێت، زۆرجار

قەمسەڵەی خۆم ئەدایە بیکاتە بەری، بیرمە ڕۆژێکیان پارەم لە دایکم دزی چووم بۆم دا بە قەمسەڵەیەك دوای ئەوەی کە گەرمی هاتەوە ڕۆژێکیان هات ماچێکی کردم، تا یەك هەفتە وام دەزانی قاچم بەسەر زەوییەوە نیە.

خۆشەویستیمان بەردەوام بوو تا ماوەیەك من لە زانکۆ دەوامم دەکرد، ماوەیەکی زۆر دیـــاری نەمـــا. هەواڵیان بۆ هێنام کە گوایە لەگەڵ کوڕێکـــی دەوڵەمەندا هاتووچۆ دەکات، چووم بەدوای ئەو قسەیەدا هەستم کرد قسەکە ڕاستە. وویستم بچم تۆڵە لە هەردووکیان بستێنم، بەڵام کچێکی هاوڕێم لە زانکۆ ووتی: ڕزگار پەلە مەکە، (سایە) نەنك و باپیری زۆر نەخۆش و پیرن ناچارە بۆ نەشـــتەرگەریەکی باپیری پێویســـتی بە ٤ هەزار دینارە، بۆیە لەگەڵ ئەو کوڕەدایە پارەکەی لەو وەرگرتووە، ڕووی نەبووە بە تۆ بڵێت زانیویەتی تۆش لەگەڵ باوکت قسەت نیەو توانای پەیداکردنی ئەو پارەیەت نیە.

منیش کە ئەوەم زانی ســـەنتوریکم هەبوو، لەگەڵ تەســـجیلێك و هەندێك شـــتومەکی کارەبایی هەموویم فرۆشـــتو چووم ٥ هەزار دینارم بۆ برد، لە دەرگای ماڵیانم دا کاتێك دەرگای کردەوە هیچم نەووت پارەکەم دایە دەستی و گەڕامەوە.

دیـــار بوو بەپارەکە کارەکەی چارەســـەر کردبوو، بەڵام هـــەر ڕووی نەبوو بێتەوە بۆ لام منیـــش نەدەچـــووم بەلایدا، تا ڕۆژێکیان بینیم لـــە جێگایەکدا لەگەڵ ئەو کوڕەدا کە پێشتر بینی بووم ڕێگای پێگرتووە وازی لێناهێنێت، منیش بەپەلە ڕامکرد، تۆزێکم کێشا بـــەو کوڕەدا تا پۆلیـــس هاتوو بڵاوەیان پێکردین، دوای ماوەیەکـــی تر بینیم زانیم کەوا نەنك و باپیری مردونو لای مامی ماوەتەوە، چووم بە دایکم و باوکمم ووت: ئەو کچەم بـــۆ مارەکـــەن، ئەوان ووتیان ئێمە حەقمان نیەو شـــتی وات بـــۆ ناکەین و حەقمان نییە بەسەرتەوە، ئامۆزازیەکمم نارد، ڕازی بوون سایەم هێنا، شەوی زەواجمان خۆشترین شەو، وەك دەڵێن مانگی هەنگوینیمان بوو، دوو شەو بوو خێزانم بوو، تەقەی خۆشی کراو سایە فیشەکێکی وێڵی بەرکەوتو لەوکاتەوە منیش سەرگەردان و وێڵم.

منیش ئەم شـــەو لەســـەر قەبری ســـایە گەڕامەوە کە تۆم بینی هاوار دەکەیت دالیا، گۆرانیت بەدەم گریانەوە دەگوت هەستمکرد هەردووکمان یەك دەردو ئازارمان هەیە.

دیسان بەقسەکانی ئەو هەردووکمان دەستمان کردەوە بەگریان، زوو زوو ڕزگار بەمنی دەووت: خـــوا گەورەیـــە گوێی مـــەدەرێ و منیش کەئـــەوم ئەبینی زیاتـــر لەمن دەگری دەمووت: تەحەمولت بێت مامە ڕزگار گیان تەحەمولت بێت.

بەدەم گریانی هەردووکمانەوە ســەیارەیەکی پۆلیس لای ســەرکارێزەوە نزیك فولکەی ئاسۆی دەلاك وەستاو پرسی هیچ ڕووی نەداوە دەگرین؟

منیــش تەحەمولم نەما دەســتمکرد بە جنێودان، پۆلیســەکانیش دابەزین، من خۆم داخم لەدڵ بوو توشــی بەد مەســتی بووبووم حەزم دەکرد لەدوای سەرخۆشیم هەمیشە شــەڕێك بکەم، مەستیەکەشــم بەدوای بیانویەکی شەڕدا دەگەڕا، ڕزگاریش ئەوەندە کوڕی چاك بوو هیچ بیانوی شــەڕێکم لەگەڵ ئەو بۆ دروســت نەبوو، تا خوا کردی داخی دڵی خۆمم بە پۆلیســەکان ڕشــت و ڕزگار نەیهێشــت لێمبدەن ووتی : کاکە ئەوە سەرخۆشەو ئینجا ئاگام لێبوو باسی وەزعی منی بۆکردن، منیش لەدوورەوە هەر جنێوم ئەدا تا ئەوان ڕۆشتن.

ڕزگار هاتــەوە بــۆ لام دەمــەو بەیان بوو چوین بۆ ســەروپێ خواردن بۆ ئەســحابە سپی، بانگی بەیانیدا ڕزگار چوو بۆ نوێژکردن منیش تەکسیەکم گرت زۆرم خەو دەهات نەخواحافیزم کرد لەو نەهیچ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

نیوەڕۆ هەڵسام لەخەو سواری پاسەکانی هەواڕە بەرزە بووم بەرەو بازاڕ بڕۆم.. کچێکم بینی لەناو پاسەکدا ڕێك لە دالیا دەچوو.

ووتم: بڵێی خەو بێت؟

چووم پارەکەم دایە ســایەقەکەو جارێکی تر تەماشــام کرد بڵێی دالیا بێت؟ خۆ لەو دەچێت! بڕیارمدا دانەبەزم دوای بکەوم بزانم ئەمە ئەوە یان کەسێکی تڕە.

چیرۆکی چوارەم:

گەڕان لەناو بازنەی بەتاڵداو دروستکردنی چارەنوس

لەدوای ئەوەی کە ئازارو ناڕەحەتی زۆرم چەشت وام لێهاتبوو کە بووبوومە بەندەی عیشق، بەندایەتیم بۆ عیشق دەکرد. ئەیبردم و ئەیهێنام بەئارەزوی خۆی، وام لێهاتبوو بۆ عیشق دەژیام بۆ عیشق دەمردم کەی بیویستایە دەیخستمە گریان هەر کاتێکیش بیویستایە دەیخستمە خەیاڵ، کەی بیویستایە جگەرەی پێدەکێشام، مەشروبی پێدەخواردمەوە. بەندەیەکی زۆر ملکەچی عیشق بووم، هەرگیز بێگوێیم نەدەکرد، لە سیحرو جادوو خراپتر بوو، ئەوی بیویستایە دەیکرد لێم. بۆ وام لێهاتووە نازانم! ژیانم بەتەواوەتی تێکچوە دوای دالیا.

شەوان هەمیشە بێدارم ڕۆژیش کفت و مەلول، تەنانەت کەسو کارەکەی خۆشم لێم بێزار بووبوون، نە باپیر نە نەنك مەرحەباییان نە دەکردم. چارەشم نەبوو هەر ئەوەندە دەمتوانی بیربکەمەوە، عیشق بۆ خۆی بردبووم.

دوای نیوەڕۆیەك سواری پاس بووم بۆ ناوبازاڕ زۆر بێزارو بیتاقەت بووم، لەناو پاسەکاندا کچێکم بینی سیماو باڵای دالیا بوو، دیسان چومەوە بۆ پارە دان بە شۆفێرەکە تەماشام کرد سیمای کتومت ئەوە.

بڕیارمدا دانەبەزم لە پاسەکە تا ئەو دادەبەزێت، کچکە دابەزی، بە هێمنی و بێ ئەوەی بزانێت شوێنی کەوتم تا خۆی کرد بە زانکۆی سلێمانیدا. وەستام هەر نەڕۆشتم، تا هاتە دەرەوە و لە لای عەرەبانەی خستەخانەکان وەستا بووم، جگەرە لەسەر جگەرە

دەمکێشا.

هاتە دەرەوە شوێنی کەوتم تا گەڕایەوە بۆ هەوارەبەرزە تاخۆی کرد بە ماڵێکدا، دەست نیشانی ماڵەکەیانم کرد و گەڕامەوە.

شــەوان نزیکی ماڵیان دەبوومەوە، بەڵکو بێتە دەرەوە ســەبوریەکم بۆ بێت، کاتەکانی کە دەچوو بۆ زانکۆ دەمزانی هەمووکات شوێنی دەکەوتم ببوە پیشەی هەمیشەیم هەستم دەکرد خۆشــی باش دەزانێت، کوڕێکی پورزام لە زانکۆ بوو ووتم کچێکی لەو شــێوەیە لە ناو زانکۆدایە دەیناسی؟

ووتی: هەواڵت بۆ دەپرسم.

ماوەیەکــی پێچوو، ئەو کوڕە پورزاکــەم هەواڵی بۆ هێنامەوە، کە ئەمە کچی پیاوێکی دەوڵەمەنــدە براکانــی هەموو لەکەنەدان و ماوەیەکی زۆر لەکەندا بووە، بەڵام دوو ســاڵ دەبێت لەگەڵ باوك و دایکی هاتۆتەوە بۆ کوردستان.

کچەکە ناوی سۆما- یە، لەگەڵ کەس ناگەڕێت لە زانکۆ و لەگەڵ هیچ کوێکیش نییە.

تەنهــا لەگەڵ چەنــد کچێك لە کافتریــای زانکۆ دادەنیشــن، کچەکانیــش یەکێکیان پێنجوێنیە خزمی خۆمانە.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ناویم زانی و کەسێکی نزیکی خۆشمان هاوڕێیەتی، پرسیم کچە پێنجوێنییەکە کێیە؟

پورزاکــەم پێــی وتتم کــە کێیە. تۆزێك ژیانــم گۆڕا و گرنگیم دایــەوە بەخۆم و بە جلوبەرگ و سەرو سیمام.

ڕۆژێکیان ئەو کچە پێنجوێنییەم بینی و ناوی خۆمم پێووت و کە ووتم من و بەڕێزت خزمین و جەنابتان وەك خوشکی بەڕێزی خۆمن، ئەم کارە بۆیە بەجەنابت دەڵێم دەزانم دڵسۆزانە دەیکەیت، بۆیە بەڕێزتانم هەڵبژاردووە.

ووتــی: بەڵێ کاك خەســرەو من تۆ خزمین، ئەوەی بە مــن بکرێت لەخزمەتاندام و درێغی ناکەم، کچە پێنجوێنییەکە ناوی سروە بوو.

ووتم: ســروەی خوشــکم کچێك لە زانکۆیە لای ئێوە دەمەوێت بیناسم و تەعاروفێك بکەین بەیەکەوە.

ســروە زانی و ڕاســتەوخۆ پێی ووتم: ڕاســتەکەی کاك خەسرەو زۆر لە دالیا دەچێت، خوا عەفوی بکات!

هەناسەم سوار بووە چاوم پڕبوو لە گریان، هەستم کرد زۆر خائین و خراپەکارم کەسێك بۆ خاتری من خۆی کوشت، کەچی وا من بەدوای کەسێکی ترەوەم، قوڕگم پڕبوو لە گریان و سروە-م بەجێهیشت، لەلایەکەوە تەریق دەبومەوە، لەلایەکی تریشەوە دڵم سوتا بوو بۆ دالیا چوومــەوە بۆ ماڵەوە. تاماوەیەك وازم لەو مەوزوعــەش هێنا، بەڵام ژیانم گۆڕانکاریەکی تری بەسەردا هات.

بیرم لەوە کردەوە دەست بکەمەوە بە کارو کاسبیەك، باپیرشم قسەی لەگەڵ نەدەکردم لەبەر ئەوەی هەمیشە سەرخۆش بووم، نەك باپیرم کەس لە خانەوادەکەماندا ڕوویەکی خۆشی نەئەدامێ تەنها نەنکم نەبێت جاروبار نازی دەکێشام، بەڵام ئەویش ئەوەندەی قسەدەکردو جنێوی پێئەدام بەناوی ئامۆژگارییەوە تاقەتم نەبوو گوێ بۆ ئەویش بگرم.

چووم بۆ لای کوڕێکی ڕەفیقم ناوی کامەران بوو.

ووتم: کەمەران-ی برام دەمەوێت کاسبیەك بکەم و هەزار دنیاریشم هەیە.

کامــەران: ئەتوانیــت هەزار دنیــاری تر پەیدا بکەیت بیکەیت بــە دوو هەزار جێگا مێزێکت بۆ بکڕم لە قاچاغچییەکان؟

ووتــم: هەوڵ ئــەدەم، چووم بۆ لای نەنکــم ووتم هەزار دینارم بــدەرێ بە قەرز بۆ کاسبیم دەوێت.

نەکم ووتی: ناتدەمێ ئەیدەی بە گو و دەیخۆیتەوە بڕوات پێناکەم.

توڕە بووم ووتم: ئەوە نەمویست بەجێمهێشت.

چووم بۆ لای باپیرم: ئەویش نەیدامێ و ووتی نیمە.

چووم بۆ لای دایکی خۆم دەریکردم!

ناچار چوومەوە بۆ لای کامەران ووتم: کامە گیان شك نابەم ئەو هەزارەم هەیە.

کامەران: با مێزێکت بۆ بکڕم لە بەر مزگەوتی گەورە ئەویش باشە بە ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ دینارە.

ووتم: بیکڕە

مێزەکــەی بــۆ کڕیم و ٣٠٠ دینارەکەشــم کرد بە دەســت مایە، چووم بۆ قەیســەری نەقیب و بازاڕی ســۆران دامە هەندێك کەلوپەڵو لەســەر مێزەکە داماناو دەستم کردەوە بەکەسابەت.

ڕۆژانە شتم دەفرۆشت و دەمکرییەوە دەست مایە کەم زۆر بوو، دەچومەوە خێرا شتم دەکــڕی لە جومله فرۆشــەکان، وورده وورده دەوڵەمەند بوومەوە ماوەی شــەش مانگێك

بەردەوام بووم، باپیرم زۆر بەزەیی بەمندا دەهاتەوە سیقەو متمانەم پەیدا کردەوە، ئینجا بڕوایان کرد کە کارەکەم بە جدییە و مەشروبو کاری شەوانم تەرك کردووە مەگەر زۆر بە موناسەبات بخۆمەوە، بەهەر حاڵ ئیشەکەم گەورەتر کرد، لەوناوەدا دوکانی تێدابوو تازە دروست دەکرا قەیسەری نوێ بوون دەستمکرد بە دوکان کرێنو فرۆشتن، باپیرم ٥ هەزار دیناری دامێ و دایکیشم ١٠ هەزارو نەنیکیشم ٣ هەزار دینار، ئیتر دەست مایەی باشم هەبوو، خۆشم لەقازانجی کرێنو فرۆشتن، پارەی باشم دەستکەوت.

دوای ماوەیەك سەروە هات بۆ لام هەندێك شتی کڕی لە لام و ووتی: کاك خەسرەو ببورە ئەو ڕۆژە زۆر بێزارم کردی، بەڵام بەو خوایە لەبیرم نەچۆتەوە، بە سۆما-م ووت کە تۆ هەواڵت پرسیوە ئەویش یەکسەر ووتی دەزانم کێیە، ئەوکەسە دوام کەتووە، لەم ڕۆژانەدا ئەویش هەواڵی تۆی پرسی ووتی بۆ دیار نەماوە؟!

منیش لەخۆشیدا هەموو شتێکم بیرچووەوە، دیسانەوە خەیاڵم چوەوە بۆ لای سۆما و بە سروە- م ووت: مەمنون دەبم ژوانێکمان بۆ ساز بکەی.

سروە: باشە پێ دەڵێم.

سروە چی کڕیبوو هیچ پارەم لێنەسەند بۆ ئەوەی بێتەوە.

چەند ڕۆژێکی پێچوو سروە و سۆما هاتنە بەردەمی مێزەکەم، لە خۆشیدا وامدزانی هەموو دنیا هی خۆمە، خولم دەخوارد بەدەوری خۆمدا.

سرەو خۆی مەشغوڵکرد بە شتەوە سۆمای بۆ من بە جێهێشت، منیش ڕاستەوخۆ ووتم: سۆما تۆ لە ئازیزێکی من دەچیت، ئەمەی بۆت باسدەکەم دراماو شتی وانییە واقیعە و درۆش ناکەم.

سۆما: خەسرەو ڕاستدەکەیت سروە بۆی گێڕاومەتەوە، بەڵام حەز دەکەم هاوڕێ بین بیر لە هیچی تر مەکەرەوە، دەتوانیت بێیت بۆ ماڵمان بۆ لای دایکم و باوکم بەوانت دەناسێنم!

ئیشەکەیم زۆر بەدڵ نەبوو، چوونم بۆ ماڵیان بۆ لای دایك و باوکی زۆر قورس بوو بۆ من و ئەو کلتورە لەو سەردەمەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو، بۆیە ووتم نا - هەر حەز دەکەم جارو بار بەیەکەوە پیاسەیەك بکەین.

سۆما: زۆر باشە، کەی ویستت ئەوە تەلەفونی ماڵی ئێمەیە تەلەفون بکەو ئاگادارم بکەرەوە.

ووتم: ئاساییە تەلەفونت بۆ بکەم؟

سۆما: بەڵێ، بەڵێ.. زۆر ئاساییە.

ووتم: مەبەدەئی، ڕۆژی جومعە دەچین بۆ پشوو نانێك دەخۆین، ئێستاش ئەو چێشتخانەیە ماوە لە سلێمانی.

سۆما: خۆشحاڵ دەبم

ماڵئاوایان کرد..

لەدڵی خۆمدا ووتم ئەم ئافرەتە چەندە ئاسانە زوو هات بەدەستەوە، زۆر ئازایانە قسەی کرد و هیچ سانسۆرێك نەبوو، بەهەر حاڵ تۆزێك بەکەم هاتە بەرچاوم، چونکە ئەودەمە ئافرەت تا ڕەفزی بکردایە لەبەردەم کوڕدا خۆشەویست تر دەبوو، دوایش خۆم پاساوی ئەوەم هێنایەوە کە لە کەندا پەروەردە بووە بۆیە ئاسانە.

چەند جومعەمان بەڕێکرد، پێکەوە دەڕۆشتین بۆ هەموو جێگایەك، دیاریم بۆی دەکڕی، وامان لێهاتبوو هەموو کەس دەیزانی یەکترمان خۆش دەوێت، تەنانەت ڕۆژێك باپیرم ئاموژگاری کردم وایزانی کاری خراپ دەکەم ووتی: ئاگات لەشەرەفو حورمەتی خەڵکی بێت خۆت خاوەنی خوشکو دایکی!

منیش عەرزمکرد ئیشی خراپ لە من نابینیت، بەس ئەو کچەم خۆش دەوێت باپیرم تورەبوو ووتی؛ ئەگەر خۆشت دەوێت ئەوە پارە و ئەوە ماڵ، چیت دەوێت بۆت دەکەم و بیهێنە.

ووتم: باشە، بەڵام ئەو دەڵێت تەنها وەك هاوڕێ دەبین.

باپیرم ووتی: پێی بڵێ دەمەوێت بتهێنم و کۆتای پێ بهێنە بەم چوونە دەرەوەیەتان، بۆ خۆتو خانەوادەی هەردوولا جوان نییە.

خۆشەویستی تەواو لە نێوانی منو سۆمادا دەستی پێکردبوو، هەمیشە خەمێکم دەبینی لەناوچاویدا، بەڵام هیچی نەدەووت.

ووتم: سۆما دێمە خزمەت مامۆستا جەمالی باوکت و داواتدەکەم لێی.

ڕازی بوو، بەڵام هەستم کرد دڵم ناشکێنێت دەنا نابەدڵ بوو ڕازی بوونەکەی!

دوو شەو دوای ئەوە تەلەفونی کرد، وامزانی بۆ ئەوە کردویەتی کە بچین بۆ ماڵیان و خەڵك بنێرمە داوای، ووتی ئیجازەمان بدە سەفەرێك دەکەین بۆ کەنەداو دەگەڕێینەوە ٢٠ ڕۆژمان پێدەچێت، ئەوە باوکم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات!

مامۆستا جەمال تەلەفونەکەی وەرگرت، دوای چاك و چۆنی سڵاومان کردو من بەشەرمەوە قسەم دەکردو ئەویش یادگاریەکی باوکمی گێڕایەوە، وەك ئەوەی پێم بڵێت ئێمە دەمێکە یەکتر دەناسین و باوکیشت هاوڕێم بووە و دوای موجامەلەیەکی زۆر کۆتایمان بە قسە هێنا.

تەلەفوون داخرایەوە، چاوەڕێ بووم دوای ٢٠ ڕۆژ بێنەوە، نەخێر نە هاتنەوە، بووە مانگێك دیار نەبوون، بووە دوو مانگ دەنگ نەبوو، بووە شەش مانگ هەر دیار نەبوون.

خەفەتی دنیام خوارد شەو نەبوو بە پێ نەچم بۆ گەڕەکەکەیان گلۆپی ماڵەکەیان کوژابوەوە، تەنانەت دراوسێکانیشیان دەیاننناسیم کە منیان دەبینی دەیانوت هێشتا نەهاتوونەتەوە.

دوای ٨ مانگ مامۆستا جەمالم بینی و هاتە لام بۆ دوکان و نامەیەکی دایە دەستم لە لام دانیشت و چایەکم بۆ بانگکرد.

مامۆستا جەمال: نارۆم، نامەکەی سۆما بخوێنەرەوە دەرگای دوکانەکە داخە با کەس نەیەتە ژورەوە.

دڵم لەسەر ١٠٠٠ لێی ئەدا، ووتم: پەشیمان بۆتەوە مامۆستا جەمال؟

مامۆستا جەمال: تۆ نامەکەی بخوێنەرەوە.

دەقی نامەکە:

خەسرەو.. نەگریت، پێبکەنە، ئەزانی بۆچی نەمدەویست شوت پێبکەم؟

لەبەر ئەوەی من شێرپەنجەم بوو. دەمزانی دەمرم، بەڵام تۆ بژی، ئەبێت بژیت، خەسرەو هەنسك هەڵنەدەیت، دەزانم زۆر ئاواتت لەسەر ژیانی من بونیاد نابوو، ببورە گیانەکەم، نازانم بۆ دەبێت تۆ خەفەتی من و دالیا بێتە سەر شانت.

ئازیزەکەم! ئەزام ئەتویست لێم بپرسی بۆچی غەمبارم، زۆر جار واهەستت دەکرد خۆشم ناوێیت، حاشا حەزم دەکرد ماچت بکەم، بۆنت بکەم، بەڵام ئەوە زانیت بۆ دووڕە پەڕیزم گرتبوو.

خۆشەویستەکەم: نەمدەویست خۆشیت لێ تێك بدەم، دەمزانی دالیا-ت خۆش دەوێت، پاشان زانیم جێگای ئەویشم بۆت گرتۆتەوە. سەروە هەمووی بۆ باس کردبووم، بەڵام ئازایەتی و شەرف بەرزی تۆ زۆر شتی فێری من کرد، ڕاستە من کۆتایی ژیانمەو نامەت

بۆ دەنوسم، بەڵام دڵنیام تۆ دەبینمەوە و لای سەرتەوە من وەستاوم ئەو کاتەی دێیتە لای من و دالیا.

بمبوورە ئەگەر درۆم لەگەڵ کردی، بەڵام بڕوابکە خۆشم ویستی.

ئازیزەکەت سۆمای جاف.

دیسان هەناسەم بۆ نەدەدرا دەرگای جامخانەی دوکانم کردەوە ویستم ڕاکەم هەناسە هەڵمژم، مامۆستا جەمال گرتمی هاوارمکرد هەناسەم پێنەماوە بەیارمەتی بەرمدە، باوەشی پیاکردم قسەکەی سۆمای بۆ دووبارە دەکردمەوە.

خەسرەو تۆ بژی ئەبێت بژیت..

دیسان نا ئاکامی ڕووی تێکردمەوە، هەستم دەکرد زیادم لەسەر ئەم زەوییە.

چووم بۆ لای هاوڕێیەکم سیلاح فرۆش بوو لە سابوونکەران، ناوی جەزا بوو، هەندێك پارە لە دووکان هەبوو خستبوومە گیرفانم بۆ سیلاح کڕین، بۆ ئەوەی خۆم بکوژم، هەرچەندە جەزا دەمانچەی نەبوو، چووم دەمانچەیەکی میکارۆفی قەلەباچکەم کڕی، چەند جار ووتی: ئەو دەمانچە بەکەڵك نایەت مەیکرە. وای دەزانی بۆ فرۆشتنەوەمە، بەڵام من گوێم پێنەدا، گوایە ئەو دەیوت فیشەکی گرانەو دەست ناکەوێت، فیشەکەکانی لە چوارقورنە دروستدەکەن، لەوێدا خێرا شانەیەکی زیادەم کڕی.

چووم بۆ گردی سەیوان بۆ سەرقەبری دالیا ئێوارەیەکی درەنگ خوارئاوا بووبوو.

کەس لەدەورم نەبوو میلی دەمانچەم ڕاکێشاو خستمە سەر سەری خۆم و دەستم کرد بەقسەکردن لەگەڵ کێلەکەی دالیا، دەستم لەسەر پەلە پیتکە بوو بۆ ئەوەی بیتەقێنم و نەجاتم بێت.

ئەم شیعرەم پێش ئەوەی بەنیاز بم خۆم بکوژم نوسیم:

لەسیمای ڕەنگەکانەوە
لە پێ دەشتی سینەتەوە
بەرەو لێوی ئاڵت دەڕۆم
بەرەو سیمای پەمەیی و
چاوی شێنی کاڵت دەڕۆم
بەرەو تاڵی بسکی خاوت
هەنگاوی ئەرخەوانی دەنێم

لـــه فـــرمـــێـــســـکـــی چـــــاوی تـــۆدا
ئـــــاوازی هـــەنـــســك دروســـتـــدەکـــەم
ئەوین...ئەوین...باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ
جـا مـن چـی بـکـەم ڕەنـگـەکـانـی خـۆشـەویـستی
لـــه ڕووی تـــۆدا ســـەمـــا دەکـــەن
ئـــەویـــنـــداران ســـەرســـام دەبـــن
گـــوێ لـــه ســـەدای پـێـکـەنـیـنـت دەگـــرن
دەوەرەوە بـا خـۆشـەویـسـتـان جـارێـکـی تر
جـوانـی ئـەویـن لـه نـیـگـای تـــۆدا فـێـر بـن
بـا لـه ئـەنـدێـشـەی پـەلـکـەزێـڕیـنـەی
نـــاو پـــرچـــی تـــۆدا ئـێـشـك بـگـرن
ئەوین...ئەوین...باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ
دیـســانـــەوە لـــه نـــێـــرگـــزەجـــاڕی ڕۆحـــم
خـــــــەڵـــــــــوەت دەگـــــــــــرم
لـــه بـیـلـبـیـلـەی چـــــاوی مـەسـتـت
خـــۆشـــی و ســـــۆزی تـــیـــا دەپـــچـــڕم
دیـــســـــانـــــەوە بـــــه هـــەنـــسـك
لـه ڕووی خـۆشـەویـسـتـی تـۆدا سـەمـا دەکـەم
تـــــا کـــــۆتـــــایـــــی تـــەمـــەنـــم
لـــه نـــاو سـیـمـای ئـەویـنـدا ئـــارام دەگـــرم
ئەوین...ئەوین...باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ.

چیرۆکی پێنجەم:

ڕاکردنی مەرگ.. لەناو گۆڕستاندا

لەسەر گۆڕەکەی دالیا وەستام و میلی دەمانچەکەم ڕاکێشاو خستمە سەر سەری خۆم و دەستم کرد بە قسەکردن لەگەڵ کێلەکەی دالیادا دەمووت دالیا گیان وا هاتم بۆ لات، تکایە بە ئازیزان بڵێن منیش بەرن بۆ لای تۆ زۆر ماندوو بووم دوای تۆ، هەرچی سەرمای ئەم شارەیە لە گیانی منداً پەستیوە لەتاواندا لەرزم لێهاتوە، نازانم ترسە یان هاتن بۆ لای تۆیە.

هەموو گیانم وەك شەقشەقە دەلەرزی، هەستم بە ترسێك دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا شتێك لە ناخمدا دەیووت تۆ ئازایت نەترسی عەیبە پێویستە خۆت بکوژی، ئەوە دالیا بۆ تۆ مرد، ئەوە سۆما بەجێی هێشتی! چی دەکەیت لێرە بڕۆ بۆ لای ئەوان، نەمدەزانی ئەوە کێیە لەناخمدا ئەو قسانەم بۆ دەکات، هانی ئەدام بۆ مەرگ منیش لەپڕ دەستم نا بە پەلەپیتکەی دەمانچەکەداو چرکاندم لەسەر کەلەسەری خۆم.

هیچ دەنگ نەبوو، نەتەقی!

جارێکی تر میلم هێنایەوە بۆ ئەوەی پەشیمان نەبمەوە، لەسەر کەلەی سەرم چرکاندم کەچی هیچ ڕووی نەدا، ووتم تۆ بڵێی نەم تەقاندبێت یاخود گەرماوگەرمە هەستی پێ ناکەم، دەستم دا لەسەری خۆم سەیری دەستم دەکرد هیچ خوێن نەبوو، زۆر ئاسایی بووم.

جارێکی تر ڕوومکردە سەر قەبرەکەی دالیا-و میلم هێنایەوە چرکاندم، کەچی تەقی! کێلەکەی دالیا-ی ڕووشاند خۆشم ڕاچڵەکیم.

منیش لەداخا خستمەوە سەر سەرم چرکاندم نەتەقی، هاوارم دەکردو جنێوم ئەدا

به دەمانچەکەو بەوەشی لێم کڕیوە، دەمانچەکە جووتەی دەکرد، جەزا ڕاستیکرد، دەبوو نەمکڕیایە منیان هەڵخڵەتاند دەمانچەکە ئیسپرنگی میلەکەی لاوازبوو لولەکەشی خواربوو ڕووە ئاسمان و ڕێك نەی دەتەقان، دەبوو تەنها سەربەرەو خواری بکەیتەوە. دوو فیشەکەی ترم نا بە زەویەکەوە ئەتەقی ڕووم دەکردەوە مێشکی خۆم هیچ نەدەتەقی، بەو ئێوارەیەش هاوارم دەکردو جنێوم بەملاولای خۆم ئەدا.

(ئێستا بیر دەکەمەوەو دەڵێم خواپاداشتی ئەو کابرایە بداتەوە کە هەڵی خڵەتاندم و ئەو دەمانچەخراپەی پێفرۆشتم).

بەهەرحاڵ ئاگام لەخۆم نەبوو لەدواوە دەستیان گرتم و دوو کەس باوەشی پێداکردم تەماشام کرد بەو ئێوارییە لای من قەرەباڵغە زیاد لە ١٠ کەس لەدەورم کۆبوونەوە ئەوانەی قەبر هەڵکەن بوون لەگەڵ خێزانێکدا لەسەر قەبران بوون.

قەبر هەڵکەنێك کە زۆر بەهێزبوو باوەشی پیا کردبووم ئەیووت بەرەڵات ناکەم تا دەمانچەکەم نەدەیتێ، ئاخر تۆ خۆت دەکوژی.

ووتم: وەڵاهی ویستم خۆم بکوژم دەمانچەکە کەڵەك دەکات، هانێ ئەوە دەمانچەکە بەس بەڕەڵامکە پەراسوەکانمت شکاند.

کە دەمانچەکەم دایە دەستی باش بوو ئازادی کردم، پیاوێکی پیریان لەگەڵ بوو هاتە لام ووتی: کاکۆ بۆ خۆت دەکوژیت، دەزانی خۆکوشتن لە ئاگری دۆزەخدا بەهەمیشەیی دەمێنیتەوە.

تۆ کوڕێکی جوانخاسی موشکیلەت چییە؟ باوکی من با هاوکاریت بکەین.

منیش دەستمکرد بەقسەو ووتم: ئەوە حاڵو ژیان و گوزەرانی منە.

ژنو کچێکیش لە نزیکم وەستابوون و پیاوێکی باڵا بەرزی سەر ماش و برنجیشیان لەگەڵ بوو، ژنەکە زوو زوو دەیووت: ئەی دایکی کوێر بێت، ئەم گەنجە جوانانە چیان لێ بەسەرهات، من هەر باسی شتێکم دەکرد ئەو ژنە خێرا دەیوت ئەی دایکت بمرێ ئەو لاوانە چۆن ئاوایان لێهاتووە لەم وولاتەدا، کچەکەشی بەقسەکانی من قوڵپی گریانی هەڵدابوو هاتبووە تەنیشتمەوە هەنسکی هەڵئەدا.

پیاوە پیرەکە ووتی: وەرە دەچین بۆ ژورەکەمان چایەك دەخۆینو ئینجا بڕۆن، دیار بوو ئەوکەسەی کە باوەشی پیادا کردم کوڕی بوو، پیاوە بە تەمەنەکە ناوی حاجی غەریب بوو کوڕەکەشی ناوی کاك ئەحمەد بوو.

منیش حەزم دەکرد بچم بۆ ئەوەی لەو خێزانە نەجاتم بێت، لەخۆمەوە تەریق دەبوومەوە. ووتم: بفەرموون با برۆین دێم لەخزمەتاندا، حاجی غەریب خوڵقی ئەو

خێزانەشی کرد، وەڵڵا ئەوانیش هاتن.

من خوا خوام بوو نەجاتم بێت لەدەستی ئەوان، کەچی ئەوانیش هاتن بەدوامدا.

چوومە ژورەکەیان دایشتین، کاك ئەحمەد چای لێناو چامان خوارد دوایی داوای ئیزنم کرد کەبڕۆم.

کابرای سەر ماشو برنجی ووتی: من ئەتگەیەنمەوە ماڵەوە.

ووتم: نا - قوربان گیان پێویست ناکات خۆم دەڕۆمەوە جەنابتان ئەزیەت مەکێشن.

حاجی غەریب ڕووکردە ئەو پیاوەو ووتی: من مەمنونی جەنابتان دەبم دەست لە خەسرەو بەرنەدەی تا دەیبەیتەوە بۆ ماڵەوە.

کابرا ناوی کاك ڕێبوار بوو

ووتم: کاك ڕێبواری بەڕێز، من هاتووم خۆم بکوژم بەڵام بەنسیب نەبوو، کەس نەیزانیوە، منیش کوڕە گەورەی ماڵم و نامەوێت دایکم و کەسوکارەم بەمە بزانن.

جا تکایە جەنابیشت و حاجی غەریب ڕێگەم بدەن بڕۆمەوە، ئەم باسەش لای خۆتان بهێڵنەوە، دەمانچەکەش لای کاك ئەحمەدە، من وەعد ئەدەم بەوەعدی پیاو و شەرەف ئەو کارە دووبارە ناکەمەوە.

لەڕاستیدا دەترسام، ئەمە بگاتەوە دەمی باپیرو کەسوکارم ئەوانیش نارەحەت دەبوون لەوانەبوو باپیرشم هەر لەماڵەوە بم بەستێتەوە. تەنها کەسێك کە لە ژیانمدا لێی ترساوم تەنها باپیرم بووە، کەسی تر نەبووە، ئەوەشی کە خۆشم ویستوە هەرباپیرم بووە.

ڕێبوار: باشە، بەڵام من ئەتگەیەنم قسەناکەم و بەمەرجێك بڕۆین بەیەکەوە نانێك بخۆین.

ووتم: لەخزمەتام کاك ڕێبوار گیان بەخۆشحاڵییەوە.

ئەحمەد هەموو فیشەکی دەمانچەکەی بەتاڵ کردو دەمانچەکەو شانەکەی دایەوە دەستم و ئەم لاولای ماچکردم و خواحافیزیمان کردو منیش دەستی حاجی غەریبم ماچکرد.

چووین بەرەو سەیارەکەی کاك ڕێبوار، کاك ڕێبوار دایکی و کچەکەی خۆی پێناساندم، دایکی ناوی ئافتاو خان بوو، کچەکەشی پەروانەی ناو بوو.

من چوومە پێشی لاندکرۆزەرەکەی، هەستم دەکرد بەرپرسە بە هەرحاڵ قسە لەمن و قسە لەو ئیشت چییەو کارت چییە؟ ئەو ئاشکرای کرد کە پلەی لیوایە و لە مەعەسکەر ساردار لای تاسلوجە دەوام دەکات.

لەسەر قەبری دەزگیرانی کچەکەی بوون، بۆم دەرکەوت کە ژنەکەی تەلاق داوەو

کچەکەشی بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا بۆ لای دایکی.

ئەو شەوە منیان برد بۆ ئوتێل ئاشتی (فندق السلام) لە چێشتخانەکەی نانمان خوارد، هەر لەوێوە تەلەفونم کرد بۆ دایکم کە درەنگ دەگەڕێمەوە خەمی منی نەبێت، ئەوانیش ئاگادار بوون کە تەلەفونم کرد ئیتر خۆشحاڵ بوو بەناسینی من و منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بەناسینی ئەوان.

لەگەڵ پەروانەدا کەوتینە قسە، باسی ئەوەی کرد کە گوێی لە چیرۆکی من بووە بەکورتی لەسەر قەبری دالیا کە بۆ حاجی غەریبم باسکردوە، ئەویش باسی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆکردم.

پەروانە بۆی گێڕامەوە...

کە لەدوای ئەوەی دایك وباوکی جیابوونەوە لەیەکتری، هیچ خۆشیەکی لە ژیان نەدیوە، دایکی لەئەڵمانیاو باوکیشی لیوا لە کوردستان. هەمیشە ترسی ئەوەی بووە باوکی لەدەست بدات و دایکیشی شوی کردۆتەوە بەکەسێکی تر لە ئەڵمانیا.

پەروانە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، حەزی بەتێکەڵی کەس نەکردووە، لەپڕ کوڕێك دەناسێت ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، دوای پەیوەندیەکی خۆشەویستی دێنە داوای پەروانەو ئەویش ڕازی دەبێت. لە پێش ئاهەنگی زەواجیان کوڕەکەی دەستگیرانی داوا دەکات لە پەروانە کە کۆتا سەفەری بڕوات بۆ سەیران لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ سەیرانگای دوکان، دوای ئەوە ئاهەنگ دەکەن. وەك پەروانە باسی کرد گوایە پێی ووتوە ئەمە کۆتا سەفەری تەنهایم دەبێت ئیتر بەیکەوە هەمیشە سەفەرو سەیران دەکەین.

پەروانە دەستیکرد بەگریان و بەردەوام بۆی دەگێڕامەوە....

دەڵێت: کە ئەو شەوە دەستگیرانەکەی کە دیاری ناو بووە تەلەفونی بۆ نەکردووە زۆر بیتاقەت بووم تووڕەش بووم، تەلەفونم کرد بۆ ماڵی باوکی خوشکەکەی هەڵیگرت و دەگریا، منیش ووتم ئەوە چییە؟ چیی بووە؟

خوشکەکەی دیاری ووتی: پەروانە گەردنی دیاری ئازاد بکە ئەو عاشقی کەسێکی تر بووە، تۆی بەجێهێشتووە.

کە وایووت تەلەفونم داخستەوە خێرا چووم بۆ ماڵیان، تەماشا دەکەم قوڕپێوانە. ووتم: چییە؟ ئەی هاوار؟

ووتیان دیاری عەشقی فریشتەکان بووە لەگەڵ ئەواندا ڕۆشتووە بە کارەساتی سەیارە لە ڕێگای دوکان کۆچی دوای کردووە.

من و پەروانەو نەنکی دەستمان کرد بەگریان و کاك ڕێبواریش هەر فریای دەستەسڕی

کلێنکس دەکەوت بیهێنێت بۆ ئێمە، دوای ئەوەی نانمان خوارد گەڕاینەوە بەرەو ماڵ، منی دابەزاند لەبەر دەرگای ماڵەکەماندا، ووتی ئەوە ماڵی ئێوەیە؟

ووتم: بەڵێ، بفەرموون دابەزن ئیسراحەت بکەن؟

ڕێبوار: واتا ئامینەخان دایکتە کاك خەسرەو؟

ووتم: بەڵێ دایکەمە، دایکم دەناسیت، چۆن دەیناسیت؟

ڕێبوار: دایکە دابەزە ئەمە ماڵی کاك عەبدولکەریمە بابچین سەرێك بدەین لە ئامینە خان.

ووتم: بەس کاك ڕێبوار وەعدت داوە قسە نەکەن، با دایکم هیچ نەزانێت.

ڕێبوار: کاکە خۆ من منداڵ نیم ساحێب قسەی خۆمم، دەڵێم دوکانێکم لەخەسرەو کڕیوە!

ووتم: دەیفەرموون...

هاتنە سەرەوە لەگەڵمدا دایکم بەخێرهاتنی کاك ڕێبواری کردو زۆر خۆشحاڵ بوو وەك ئێمەو مانان مامەڵەی لەگەڵ کردو دەیگوت ڕێبوار گیان بەخێر بێیت.

ڕێبوار ڕوویکردە من ووتی: ١٠٠ جار نانی دەستی دایکتم خواردووە، من پێشمەرگەی باوکی تۆ بووم کاك خەسرەو، ئەوکاتەی کە ماڵتان لە قەڵاتێو جارخ بوو، بەس نەمزانیبوو کاك عەبدولکەریم کوڕی وەك جەنابتی هەیە؟

ئامینەخانی دایکم وەڵامی دایەوە ووتی: ئاخر ئەو سەردەمە دووان لە کوڕەکانم شاردبوەوە لە ماڵی باوکم و خەزورانم لە سەیدسادق- سلێمانی. خەسرەو لەماڵی باوکم بوو پێشڕەویش لەماڵی خەزوورم، نەشمان دەهێشت کەس بزانێت منداڵەکانمان لای ئەوانن.

ڕێبوار هەندێك یادگاری بۆ گێڕاینەوە، شەو درەنگی کردو ڕۆشتن ماڵئاوایمان کرد.

پەروانە، ئەو شەوە زۆر دەیپرسی لە تەمەنم و لەکارو پیشەم و هەستم دەکرد زۆر نزیك ئەبێتەوە، ژمارەی تەلەفونی خۆمم دا بە کاك ڕێبوار ئەوان ڕۆشتن.

هەمان شەو- کاتژمێر ١ی شەو بوو لەپڕ زەنگی تەلەفونەکەمان لێیدا ئاگام لێبوو دایکم هەستا ووتی: خەسرەو تەلەفون بانگت دەکات!

ووتم: کێیە؟

دایکم ووتی: دەنگی کچێکە.

تەلەفونەکەم بەرزکردەوە ووتم: بەڵێ، فەرموو!

پەروانە بوو ووتی: کاك خەسرەو حەزدەکەم قسە بکەین.

گوێم لەدایکم بوو ووتی: ئەوە کێیە سوتاوە وا بەم شەوە تەلەفونت بۆ دەکات؟ وەڵامم نەداوە، بە پەروانەم ووت: خەڵك لەم ژووڕە خەوتوە تەلەفونەکە دەبەمە جێگایەکی تر.

ئەو شەو دەستمانکرد بەقسەکردن بەوە دەستی پێکرد کە خەوی لێناکەوێت و باوکیشی ئیجازەی داوە قسە لەگەڵ من بکات، نەوەك منیش بێتاقەت بم، بەڵام زانیم ڕاست ناکات ئەو خۆی بێتاقەتر بوو لەمن و حەزی لە قسەش بوو.

دەستمان کرد بەقسە و قسەیەك لەمن قسە لەو حەزت لەچیەو چ ڕەنگێکت حەز لێیە، لەم جۆرە قسانەو گوێ لە کام گۆرانی دەگریت، ئیتر من بۆم باسکرد کە جاروبار شیعر دەنوسم، تا دەمەو بەیانی قسەمان کردو تەلەفون داخرایەوە مەوعیدمان دا بەیەکتر کە یەك ببین.

ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووین لەسەر یەکتر بینین، خۆشەویستی دروست بوو لە نێوانماندا.

ئیتر زۆر هۆگرم بوو بوو لە ئەڵمانیاوە جلی بۆ ئەهێنام و هەمیشە ئەو دەستنیشانی جلوبەرگو ئەو شتانەی دەکردم.

پەروانە باوکی کوژرا لەشەری ناوخۆ، دوای کوشتنی باوکی بەداخەوە ئەو کچە شێت بوو، باری دەرونی زۆر ناجێگیر بوو، گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا بۆلای دایکی، تا ئێستاش نەمبینیوەتەوە، هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکردومەتەوە.

ئەوەی یادگاری بێت کە لە نێوانماندا مابێتەوە، بێجگە جلوبەرگ تەنها شیعرێکە، کە کاتی خۆی بۆم نوسیوە. دوای ئەویش تەوام کردووە، واتا کاتێك بۆ ئەوم نوسی چەند چوارینەیەك بوو، بەڵام کە ڕۆشتو دەنگی نەما ئیتر کۆتایم بە شیعرەکە هێناوە.

ئەمەش دەقی شیعرەکەیە

سەروەیەکی بەیان دێت بەڕوما
پەڕەی گوڵە خونچەکان دێت ماچم دەکا
ڕامام بۆ ئەو سۆزە، ڕابوردوم بیر دەخاتەوە
ئەو دەنگە یاری بە ڕۆحم دەکا
ئەی تۆی ئازیزی دڵم چیت دەوێت لێم
لەم غوربەتەی دڵم و قیبلەی بێ نازی عشقەم
وا لەم تەنهاییە بوویتە نمای گیانم

خـــۆ ڕابـــــــــووردوو بـــە گـــیـــانـــمـــادا
دەچـــــۆڕێ، کـــەچـــی واتـــۆش بـویـتـە یـادگـارم
ئـەوەنـدە بارانت بارانـد لەسەر دڵما وەك مـرواری
واچەکەرەی ئەوویینت خەریکە سەوز دەبێت دەکا یاری
ئەی نازانیت من نەزرم کردووە نابێت خۆشەویستم هەبێ
مـن بڵێسەی کـۆنـە عشقم گـرتـووە و نێڵەم دێ
بـۆ ئـەوەنـدە دەپـرسـیـت لـە ڕۆژی لـەدایـك بوونم
دەبینوسە لای خۆت کەی تۆم ناسی ئەوکاتە من لەدایك بووم
وەك ئـۆقـیـانـوس بـەسـەر ڕازمـا شـەپـۆل دەدەی
ئـارمـانـم دەگـوشـیـت و بـۆ خـۆتـی دەبـەی
ئـەوەنـدە مـەپـرسـە لـەبـەرزی بـاڵام ئـەی بـاڵا
ئەگەر ویستت بیکە بە خاچێك و خۆتی پیا هەڵبواسە
ئـــەوەنـــدە لـــە ڕەنـــگـــی گـلـێـنـەم مـەپـرسـە
وەرە لـــەنـــاویـــدا دابـنـیـشـەو ئـــارام بـە
جـــــاران مـــن دەرویـــشـــی ئـــەڤـــیـــن بـــووم
بەڵام کە ئەو تەریقەتی جێهێشت منیش بێ لانە بووم
ئێستا ئـەو ڕۆح و منیش لاشـەیـەکـی دابـڕاویـن
چاوەڕوانین لەم بەرزەخەدا لەم کفنە دا دابماڵڕێن
زامـــم هـــەرشـــتـــەی ئـــازەرەو وا دەمـپـێـچـێ
کـــەچـــی تـــۆ نـــازی مـــاچـــت لـــێـــم دەوێ
ســـــــەر هـــــەڵـــبـــڕە ســـــەیـــری
بـریـسـکـەی ئـەو ئـەسـتـێـرانـە بـکـە چـۆن دەنـازن
هەموو لە ڕێگای ئەوین باڵایان گرتووەو وا لاسارن
مـن نـاتـوانـم وەك ئـــەوان بـم و بـــاڵا بـگـرم
لـەبـەر ئـــەوەی مـن بـــەدوای کـچـی ئـــاودا وێـڵـم
تـــــۆش ئـــــاگـــــری بـــڵـــێـــســـەت دێ
کەچی من کوڕی خاکم و وا گیانم شەقار شەقار دەبێ

ناوەڕاستی نەوەدەکان بوو دیسانەوە هەوای مەشروب خواردنو سەرسەریەتی کەوتەوە مێشکم، زۆر بیزاربووم لەخۆم، هیچم بۆ نەدەهات بەدەستەوە، دیسانەوە شەڕنگێزی ڕووی تێکردمەوە، باپیرم تورەبوو لێم و هەموو پارەیەکی لێسەندمەوە. تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەدەکردم، دەریکردم جاروبار دایکم و نەنکم لە ڕای خوا ٥ دیناری ئەدامێ، لەبەرئەوەی فێری قومارو ئەو شاتانە بووبووم.

چیرۆکی شەشەم:

شەوێك بەسەرخۆشی خۆم دەکەم بە مزگەوتدا بە دەروێشی دێمە دەرەوە...

شەوێك پارەم پێنەبوو چارەکێك عارەق لە گیرفانی قەمصلّەکەمدا بوو خواردم دای لە مەعیدەم، زۆر بیتاقەتی کردم پارەی کاکەبراو کاك حەمە تایەری بەقاڵ قەرزار بووم ڕووم نەبوو بڕۆم هەندێك شت بێنم بیخۆم، کوڕێکی هاوڕێم ناوی جەمال بوو بینیم.

ووتم: جەمال چی دەکەیت پارەو پێیە؟

جەمال: نەبەخوا هیچ شك نابەم.

تۆزێك بەسەر جادەی ٣٠ مەتریەکەدا لای گۆیژە دەگەڕاین و پیاسەمان دەکرد گوێم لە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بوو مامۆستاکانی مزگەوتەکان قسەیان دەکردو ووتاریان دەخوێند موناجات بوو دەنگی دەفو سرود لە گۆیژەو شەهیدانو تا دەگاتەوە تۆیمەلیك هەمووی ئاواز بوو، ئەو ناوچە یەکپارچە نوور بوو، منیش ووتم جەمال ئەوە چییە ئەو فەرتەنەیە؟

جەمال: ئەی هەتیو نازانیت مەولونامەیە!

ووتم: مەولونامە ئەوەنیە چێشت و گۆشت دروستدەکرێت؟

جەمال: بـــا بەس لە مزگەوت وانیە.

ووتم: ئەی چۆنە جەمال؟

جەمال: لێرە گوێزو مێووژو شەربەت و شتی وا دابەشدەکەن.

ووتم: ڕاکە هەتیو با بڕۆین بەشی مەزەکەمان بێنین تا ماوە فریاکەوە. بڕۆین بۆ کام

مزگەوتەیان باشە؟ مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید یان شێخ عوسمانی سیرێ؟
هەردوو لا نزیك بوون لە گەڕەکی ئێمەوە.
کە چووین بەرەو مزگەوتی شێخ عوسمانی سیرێ، هەرکە چوومە ژوورەوە نیوەی مزگەوتە تەماشای منیان دەکرد زۆربەیان واقیان ووڕمابوو.
پێشتر مەعروف بووم لە گەڕەکدا، چوونم بۆ مزگەوت زۆر ئاستەم بوو بۆیە ئەوانەی منیان ناسی لەگەڕەکدا چوومە مزگەوت زۆر بەلایانەوە سەیر بوو.
منیش هیچ خۆم تێکنەداو چوم لەدواوە دانیشتم پاڵمدا بە دیوارەکەوە بۆ ئەوەی کەس تەماشام نەکات، چاوەڕێم کە گوێزو مێووژەکە دابەشبکەن و ئیتر منیش بچمە دەرەوە.
ئاگام لێی بوو لای میحرابەکە لە تەنیشت مامۆستا مەلا ئیسماعیلی دێرێیی دنیایەك زەرفی مێووژ دانرا بوو کاك د.حەسەنی حاجی سابیر ئەو دەمە فەقێ بوو عەریف مەولود بوو، دەبوو ئەو تەوزیعی بکات هەر نەهات خەریك بوو دڵم ئەتەقی، بەهەرحاڵ ناچار دانیشتم بۆ نەهامەتیش من نەمدەزانی کە پیاو بچێتە مزگەوت دەبێ چی بکات، جەمالیش نەمزانی چی بەسەرهات لێم وون بوو کەس بەحاڵم نەبێت زوو زووش هەرچیم ئەبینی تەوقەی گەرمیان دەکرد دەیانگوت کاك خەسرەو بەخێر بێیت، وایان دەزانی عومەری کوڕی خەتاب هاتووە بۆ مزگەوت. منیش خەیاڵم هەر لای مێووژو گوێزو نوقڵەکە بوو.
دوای ئەوەی گوێزو مێووژەکە لە زەرفێکدا دابەشکراو من دوانم وەرگرت دانەیەك حەقی خۆم و دانەیەکیش بە گەندەڵێ، بەهەرحاڵ وورده وورده وویستم خۆم بدزمەوە بێمە دەرەوە.... لەپڕ پیاوێکی زۆر بەڕێز بەناوی کاك سەلاح ستار... هاتە لام و بە تووندی دەستی گوشیمو تەوقەیەکی زۆر گەرمو گوڕی لەگەڵ کردم کۆمەڵێك لاوی تری ئەهلی مزگەوتەکەی لەگەڵدا بوون هەندێکیانم دەناسی و هەندێکیشان یەکەم جاربوون لەوانەی دەمناسی کوڕی گەڕەکو قوتابخانەی سەرەتایو ناوەندیو دواناوەندی بووین لەوانە کاك ئاراس کە لەبیرم مابێت کاك نەریمان کاك ئەنوەر بە علوم حدیث ناسراو بوو زۆرێکی تر، کاك سابیر کە ئێستا پارێزەرە کاك ڕێبوار شێخەڵمارێنی کەبەردەوام لە فیسبوکەکەمەوە بابەتەکانم شێر دەکات، ئەگەر هەڵە نەبم کاك ئازادی شێخەڵمارێنی سەرنوسەری گۆڤاری خود لەدەوری یەك دانیشتین (لێرەشەوە سلاوی خوای گەورە لە هەموویان بێت و حورمەتی زۆرم بۆ ئەو باقە لاوەی یەکەمجار لە مزگەوتدا ناسیومن).
هەموو ئەو کوڕانە خەڵکی مولتەزیمو بەڕێز بوون، بەتایبەت مامۆستا سەلاح دەرچووی کولیەی شەریعە بوو لە بەغداد. تا بڵێی پیاوێکی بە ئیمکانیەت بوو لە زانستو قسەکردندا،

دەرفەت کرایەوە بۆ قسەو منیش ویستم بڕۆمە دەرەوە پاییزێکی خۆشی سلێمانی بوو، دەرەوە زۆر فێنك بوو لەسەر سەکۆی پێش میحرابەکە دانیشتین ئەودەمە سەر بەتاڵ بوو چاك نەکرابوو وەك ئێستا، دوای ئەوەی بەخێرهاتنی من کراو خۆشحاڵییان دەربڕی و یەکەمجار بوو منیش بەخزمەت ئەو خەڵکە بەڕێزە بگەم، ناشزانم جەمالی ڕەفیقم چی لێهتاوە. جێی هیشتبووم دەستکرا بەقسەو منیش بە ئوسلوبێکی زۆر بازاڕی دەستمکرد بەقسە زوو زوو کە قسەم دەکرد هەر دەموت (بەشەرەفم بە تەڵاقی پێغەمبەر) بێ ئەوەی یەك کەس لەو پیاوە بەڕێزانە قسەم پێببڕێت یان قسەیەکی ناشرین دەرحەقم بکەن (چونکە من بەنەزانی کوفرەکەم دەکرد).

باسی دەروێشم دەکرد هەر لە خۆمە هیچم نەدەزانی ئەویش جاروبار لە مەجلیسی باپیرمدا گوێم لێبووبوو، چونکە ئەو کۆنە دەروێشی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە بوو، ووتم کاکە ئێمە هەموومان ئیسلامین بەس ئەم ئیسلامیانە دنیایان تێکداوە بەسەر یەکدا من حەز دەکەم بێم بۆلاتان بەڵام کاکە خۆ منیش یەکێتیم و ئەوەنییە موسڵمانەو هاتووم بۆلاتان نوێژ دەکەم! بە خوا دەروێشی کاکە حەمەشم! یەك دوو قسەی بێمەعنای ترم کرد ئەو خەڵکە هەموو بێدەنگ بوون.

دوایی کاك سەڵاح ستار خوای گەورە تەمەن درێژی بکات کە دەستیکرد بە قسە سبحانالله ئەو پیاوە دڵی منی کردەوە ئەوەندە بە ئەدەبەوە دەستیکرد بە قسەکردن ئەوەندە خۆش قسەی کرد حەزم نەدەکرد شەوەکە تەواو بێت باسی شرکو تەوحیدی کرد، هەرچەندە من وەك وابوو گوێزو مێووژم بۆ بژمێرن، قسەکانی بەڕاستی چوونە ناومێشکم دوایی لەقسەکانی تێگەیشتمەوە.

خوا حافیزیەکی گەرمیان لە من کردو منیش بە کۆڵانی مزگەوتدا هاتمە خوارەوە لە کەلاوەیەکدا دانیشتم تۆزێك لە عارەقەکەی کە پێم مابوو وویستم لەگەڵ مێووژو گوێزەکەدا بیخۆم خواردمەوە، بەڵام کەئابەو خەمۆکیەك گرتمی لەژیانمدا شتی وام بەخۆمەوە نەدیبوو، هەر کات بێزار دەبووم یان دەگریام یان بە مشروب خۆم مەشغوڵ دەکرد بۆ ئەوەی خەمەکانی خۆمم لەبیر بچێتەوە، من ئەو دەمە هەموو ژیانم فشقیاتو گۆرانیو ئەم سەرو ئەو سەری گەنجێتی بوو، لەو سەریشەوە بێزاریو بێتاقەتی عیشق لەدەستدانی خۆشەویستەکانم بوو.

کەچومەوە بۆ ماڵەوە نەنکم یادی بەخێر بێت ووتی: ئەوە بۆ عەبوسی؟ دیسان پارەت پێ نییە؟

ووتم: لە مزگەوت بووم مەولونامە بوو حەزدەکەم بخەوم.

نەنکم ووتی: چیی؟ کەری کێ تۆپیوە تۆ چویتە مزگەوت.

وەڵامم نەداوە زۆر بێزار بووم، نەشمدەزانی چییە؟

کە سەرمکردە سەر سەرین تەنها یەك شت هات بە مێشکمدا، ئەویش ئەدەبو حورمەتی ئەو خەڵکەی ناو مزگەوتو جیاوازی لەگەڵ ڕەفیقەکانی سەرمێزو سەرجادە ٣٠ مەتریەکە کە هەمیشە خەریکی قسەی بێمەعناو گۆرانی ووتنو شەڕە جنێو بووین، دوای ئەم کچو ئەو کچ کەوتبووین.

بەیانی هەڵسام باپیرم ووتی: کاکە گوێم لێبوو ووتت لە مزگەوت بووم؟

ووتم: بەڵێ

باپیرم ووتی: کوڕم هەر ئیشێکت کرد بە پیاوانە بیکە یان مەڕۆ مزگەوت.

ووتم: ئاخر بابە، من زۆر تاوانبارم تۆ بڵێی خوا لێم خۆشبێت؟

باپیرم ووتی: خوای گەورە خوای خراپەکارانە پیش چاکەکاران ئەو خوایە تەنها ڕاستگۆی دەوێت کە ڕاستگۆ بووبت بە پاکی گەڕایتەوە بۆلای دڵنیابە لێت خۆش دەبێت.

قسەکەی باپیرم زۆر کاریگەری لەسەرم دروستکرد کە ووتی خوای پەروەردگار خوای خراپەکارانە پێش ئەوەی خوای چاکەکاران بێت.

هەڵسام خۆم شۆردو دەستمکرد بە نوێژکردنو زۆر پاڕامەوە کە ئیتر کاری خراپ ناکەم بڕیارمدا واز بهێنم لە هەرچی شتی خراپە.

سێ ڕۆژ لە ماڵەوە نەچوومە دەرەوە دەستمکرد بە نوێژکردن و تەهلیلەو خوێندنی جوزئی عەماو ئیتر سۆفی بەحاڵم نەبێت، لەماڵ نەدەچوومە دەرەوە، نەنکیشم لە خۆیەوە بڕیاری دەرکرد کە من شێت بووم.

نەنکم بە باپیرمی ووت: «حەمە خەسرەو شێت بوو فریایکەوە یان بە ئامین (دایکی خۆم) بڵێ با دوایی شتێکی لێنەیەت بەخوا ماڵی حەمەی سەعی حەیامان دەبەن، (حەمەی سەعی) باپیرمە لە تەرەفی باوکم واتا باوکی باوکمە دوایی خونچە حەیامان دەبات (دایە خونچەش نەنکمە) هەموویان بەرەحمەت بن. منیش کە گوێم لەم قسەیە بوو پێشتر ئاقڵ بووبوم، بەڵام دیسان شێت بوومەوە. هەزارو یەك جنێومداو خۆم گۆڕیو ووتم: هەر نوێژ ناکەم.

ئینجا ڕووم کردە پەروەردگارو ووتم: من ویستم لەگەڵ تۆ ببم بە ڕەفیق وات لێکردم کە پێم بڵێن شێت. ئەوە ئێستا دەچم بۆ نادی تێرو پڕ دەخۆمەوە، من و تۆ ڕەفیقایەتیەکەمان تێکچوو خەتای منیش نییە.

چووم بۆ نادی هێشوو لە ئەسحابە سپی خاوەنی نادیەکە ناوی هۆگر بوو ووتی ها

سورە چەند ڕۆژە دیار نیت؟

ووتم: لای خوا بووم، واهاتم بۆ لای شەیتان.

هۆگرزۆر زل بوو ئازایش بوو لەمنیش گەورە تر بوو، بەڵام هەندێك قسەی لێ قبوڵ دەکردم لەبەر ئەوەی کوڕی شەهید بووم، چوم تێروپڕم خواردەوە. خەیاڵ بووم بە فایەقە ڕەشەوە گرتم ئەودەمە بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بوو لەسەر لیستی پارتی، کەسێکی لێبوو لە نادییەکە ئاسایش بوو هەر ئەیوت کاك فایەق وا و کاك فایەق وایکرد منیش یەکێتیم لە داخی پارتی بەقەدەر هەموو دنیا لەسەر دڵم بوو.

هاتم تا بازاڕی دیلان بۆ لای کوڕکی ڕەفیقم لەخۆم هیچوپوچ تر بوو ناوی سەباحی عەبەی سەلاجە بوو، دانیشتم دەستمکرد بە جنێودان بە فایەقە ڕەش ئەوەندەم جنێودا ئەوەندەم جنێودا تا ئاسایشی موحتەرەم هاتن بۆ لامو وتیان لە ئاسایش بانگت دەکەن. ئەوەندەی تر جنێومدا ئەوانیش کەوتنە گیانی من منیش دەمانچە قەلەباچکە میکارۆفەکەم پێبوو تەقەم کرد ڕامکردو خۆم کرد بە ماڵی حاجی فەلاحداو دەرگاکەیانم کردەوە کەس ئاگای لێنەبوو، نزیك بوو لەگەڕەکی پیرمەنسورەوە سەرو بازاڕی دیلان یان جوانتر بڵێم سەرو مزگەوتەکەی بەرانبەر ئەو بازاڕەیە. دەمانچەکەم شاردەوە بەڵام عەزێتم پێگەیشتبوو، هەندێك مامەوە کاك نەسرولاّ بەڕەحمەت بێت لەماڵەکەی هاتە دەرەوەو ووتی ئەوە چییە ووتم شەڕم بووە چومە ژوورەوە بۆماڵی کاك نەسرولاّ کەس لەماڵ نەبوو کاك نەسرولاّ پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو زانیم لەسەر پێیە ئەویش دەڕوات دوایی دەمو چاوشتن هاتمە دەرەوە پێشم ووت دەمانچەکەم شاردۆتەوە ووتی بۆم بێنە دامێ و ئەو بۆی هەڵگرتم هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی، چووم بۆ لای عوسمانی سەروپێ ئێواران سەروپێی هەبوو بێ ئێوە ناخۆش بە خوێنو جلی دڕاوەوە تێرو پڕ سەروپێم خوارد، بەڵام نەمدەزانی وەزعەکە چۆن بووە. ئاسایشەکان باشیان لێدابووم منیش باش لەگەڵیان هاتبوومە دەست بە سەرخۆشیش یەکێکیانم بە کلکە دەمانچە داغان کردبوو، ئاسایش بەشوێنمدا دەگەڕان.

تۆزیکی پێچوو مەفەرزەیەکی ئاسایش لە سەروپێخانەکەدا دەبەزینو منیان برد قسەم نەکرد، بردمیانە لای کەسێك پێم وابێت عەمید بوو ناوی کاك نەجات بوو پارتی بوو لەئاسایشی سلێمانی خوا هەڵناگرێت زۆر بەڕێز بوو، بەڵام موفەوەزێکی لێبوو ناوی عومەر بوو لاّلّ بوو زۆر خوێڕی بوو ئەو کەسە دەفتەرێکی بەرگ ڕەقی پێبوو بیستبوی لە ئاسایشە پارتیەکانمداوە یەك دەفتەری کێشا بەسەرمدا. دووسەعات سجن کرام د. کەمال شاکری یەکێتی مامۆستا شاهۆی ئاگادار کردبوەوە کە من گیراوم ئەم بەرپرسانەش هەموو

ڕەفیقی باوکم بوون دوای دوو سەعات بانگیان کردم بۆلای مامۆستا شاهۆ نەسیحەتی کردمو ئەو کاك نەجات-ەش کارەکەی بۆ ئاسان کردم بەرەڵایان کردم.

ئەوەی لێردا گرنگە باسی بکەم، ئەو دوو سەعاتەی زیندانی ناو ئاسایشە.

بەجلی دڕاوو سەرو گوێلاکی خوێناویەوە چوومە زیندانەکە زۆر قەرەباڵغ بوو کەس جێگای نەکردمەوە خۆی قاعەکەش هەر زۆر بچووك بوو، کوڕێکی زۆر قۆزو جوانخاس ڕیش پڕ بانگی کردم ووتی وەرە لای من دانیشە بزانم بۆچی گیراوی؟

منیش وامزانی وەك خۆم وایە ووتم کاکە سەرخۆش بووم لەگەڵ ئاسایشەکاندا بووە بەشەڕم، ئەم کوڕە چەند قسەی جوانی بۆ کردم.

ووتی کاکە خەسرەو مرۆڤ تەمەنی بەشی خۆشەویستی ناکات چۆن شەڕی پێدەکات.

ووتم: ئەی تۆ بۆ گیراوی ووتی لەسەر شوبهە.

ئیتر نەمپرسی لێی شوبهەی چی، ئەوەندەی قسە بۆ کردم حەزم دەکرد هەر زیندان بم ئەوەندە قسەکانی خۆش بوو، ناوی سەیوان بوو یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی حەرەکە کە لەئاسایش زیندان بوو لەدوای شەڕەکەی مابوویەوەو گیرابوو. بەهەرحاڵ لە قسەکانی کاك سەیوان لە داهاتوداو لەباسەکانی تردا کاریگەری ئەو دووسەعاتە ڕوون دەکەمەوە کە بانگیان کردم بەئاشکرا ووتم کاکە دەمەوێت لەزیندان بم هەموو خەڵکی ناو زیندانەکە دەستیان بە پێکەنین کرد.

بەربووم هاتمەوە بۆ ماڵەوە بۆ بەیانی لە کۆمیتەی ٣ی بەشی کاسبکارن بانگکرام ئەودەمە ئەندام پۆل بووم لەوێ لای مامۆستا عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە ئێستا نوێنەری مام جەلال-ە بۆ کاروباری بازرگانی، ئامۆژگاری کردم ووتی: تۆ لەمەولا ئیشت گەورە ترە لای ئێمە. بەڕاستیش من یەکێتم ئەودەمە لە هەرچی شتە خۆشتر دەویست، بۆ؟ نازانم ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بوبێت کە زۆرێك لە هاوڕێکانی باوکم یەکێتی بوون، بەهەر حاڵ چوومە ناو دەزگاکانی یەکێتی و زیاتر دەستمکردەوە بە ئیشوکار دوور کەوتمەوە لە ئەهلی مزگەوت.

لەدوای چەندین دانیشتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا، زیاتر ئێمە لە ڕووی ڕێکخستنەکانی یەکێتیو کارکردنی ڕێکخراوەیی زۆر بەهێز بووین. ئەو ماوەیەش بەهۆی «مامۆستا ئومێد ئاشنا» یادی بەخێر هاوڕێیەکی باوکم بوو کەسێکی ڕۆشنبیرو نوسەرێکی بەناوبانگ بوو، هاوکاری زۆری منی کرد بۆ پێگەیشتنم.

جاروبار ژیاننامەی شەهیدانی یەکێتیم دەنوسیەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە پەڕەی کۆتایی یان پێش کۆتایی بڵاودەکرایەوە، ئەو دەمە مامۆستا موستەفا سالح کەریم

سەرنوسەر بوو.

یەکێتیو بەتایبەت مامۆستا عەبدوڵڵاو کاك کەمال کوردی یادی بەخێر بەرپرسی کۆمیتەی دوو و کاك بەرزان و بەتایبەت تر مامۆستا ئومێد ئاشنا باش منیان بەرزکردەوە بۆ ئاستێك کە لە تەمەنی خۆم بەرزتر بوو، بەڵام کێشە لەوەدایە تەمەن ئەگەر لەگەڵ ئەقڵی منداڵیدا ڕێ نەکات هەرگیز ئەقڵێکی ساغ و تەندروست نابێت، لەگەڵ تەمەنەکەدا بگونجێت کە زۆری وەرگرت منداڵی لە دەست ئەدا کە پێشت نەبەخشی گەمژە دەردەچێت، پێویستە پێوانەی تەمەن ڕابگیرێت و بەگوێرەی تەمەن منداڵ بەخێو بکرێت، چونکە من بۆ خۆم هەرچەندە توانای زانیاری وەرگرتنم هەبوو بەڵام ڕۆحی موراهیقی و سەرشێتی لەناو جەستەو مێشك و ژیانی منداقوڵپی ئەدا، ئەمەش هۆکارێکی زۆر گەورەیە کە مامەڵە لەگەڵ تەمەن نەکرێت، من لەبەرئەوەی کوڕە گەورە بووم، مامەڵەم لەگەڵ تەمەنی پیاوێکی ٥٠ ساڵدا دەکرد لە کاتیکدا خۆم ١٨ بۆ ١٩ ساڵ بووم.

تەمەنی منداڵیم لەدەست دابوو دەبوو هەمیشە لە مەجلیسی پیاو ماقوڵاندا دابنیشم، دەچووم بۆ یاری هەموو دەیانووت عەیب ناکەیت تۆ کوڕە گەورەی ماڵیت چۆن دەچیت یاری دەکەیت، ئەوکاتانەشی کە باوکم مابوو هەر خەریکی میوان بەڕێکردن و پێڵاو جووت کردن و چا گێڕان بووین، یاخود حیمایەی باوکمان بووین.

ئەمەش وای کردبوو منداڵیمان بە تەواوەتی لەدەستدا بوو، جاری وا هەبوو حەزمان لە فیلم کارتۆن بوو خێرا هەڵیاندەستاندین دەیانووت ڕاکەن میوان هات.

من لەداخی میوان و پیاوی قسە زلو قەرەباڵغی هەموو منداڵیم لەدەستدا. ١٤ ساڵ بووم دەوری پیاوی چل ساڵم دەبینی، لاشەو ڕوخسارمان منداڵ بوو، بەڵام ئەقڵو مامەڵەمان گەورە بوو ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لە کاری ڕێکخستندا زۆر سەرکەوتوو بم لە ناویەکێتیدا تەنانەت دەچوومە کەرکوك زانیاری دروستم دەهێنایەوە بۆ یەکێتی.

لەو هێڵەی کە کارم دەکرد لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی پەیوەست بوو بە خودی تاڵەبانییەوە ئەو سەردەمە بەو شێوەیە کار دەکرا. هەر لەو سەردەمەوە نازناوی (ماکوان)م بۆ من دانرا لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵای حاجی سەعیدەوە، دەچومە کەرکوك بۆ کڕینی مەعجونی ددانو کرێمی ڕیش تاشینی ئادەمو شامپۆی سن سن، ئەو جۆرە ماددانە لە سلێمانی پارەی دەکر، وورده وورده دەستم کردەوە بە کاسبی.

لە کەرکوك زانیاریان پێدابووم کە ئەمنو جاشە کوردەکان لە ناوچەی مەجیدیەی کەرکوکن، منیش دەچومە ئوتێلێك بەناوی (سیف الدوله) زۆرجاریش بۆ خواردنەوە شەوان دەچومە باڕی ئوتێلێك لە کەرکوك بەناوی «قصر کرکوك» لەگەڵ کەسێك ئاشنا

بووم گۆرانیبێژ بوو، بەڵام کۆنە طەواری بوو بەناوی مەستەفا ڕەئوف، بە هۆکاری ئەوەی شەوێك گۆرانی ووت زۆر ناخۆش بوو، منیش ئەو شەوە خەیاڵم خۆش بوو هەستی کوردایەتیم بەرز بووبوەوە لە ناو ئەو هەموو بەعسی و عەرەبانەدا چووم ووتم یارمەتی هەیە منیش گۆرانیەك بڵێم؟

مستەفا ڕەوف ووتی: ئاسایە، منیش بەدڵی خۆم گۆرانییەکی ماملێم ووت، بەناوی فاتمۆکێ... فاتمۆکێ کوێستانمان کێلەشینە... بۆت نەژیم بەهار بڕوا هاوینە.

بۆ بەیانی تەماشای گیرفانمم کرد ٦٥٠ دیناری تەزویری تێدابوو هەمووی ٥٠ دیناری بوو تومەس شەو شاباشیان دابومێ، بەیانی چومە صیدلیەکەی مەجیدییە بۆ شت کڕین لای خاوەن صیدەلیەکە مەستەفا ڕەئوفم دی

مستەفا ڕەئوف: کاکە ئەم شەو پشتی ئێمەت شکاند بەو گۆرانیە!

ووتم: بۆ؟

مستەفا ڕەئوف: ٢٥ دیناریان بۆ ئەهێنای هەر ئەتووت من پەنجایی وەردەگرم، لەو کاتەوە ناسینێکی ساددەو ئاسایی لەگەڵ مستەفا ڕەئوف دروست بوو، بەردەوام من هاتووچۆی ئەو ناوەم دەکرد چەندجارێك لە سلێمانی بۆ ئەوێ، پاشان بەغداد لە ڕێگای جەبارەوە زۆر جار دەگەڕامەوە بۆ کفریو کەلار ئینجا سلێمانی، کەرەستەکانم لە ڕێگای لۆریەکانی مالّی شێخ عەبدولقادری چوێسەوە دەگواستەوە بۆ سلێمانی ئەوان هاوکاریان دەکردم.

لەو سەفەرانەوە زانیاری باشم بەدەست هێنا بۆ یەکێتی، بە هۆکاری کڕینو فرۆشتن لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی کەرکوك کەناوی عەدنان بوو لە سلێمانی ئاشنا بوبوین، کوڕێکی زۆر باش بوو مندالّ کار بوو کوڕێکی جوانخاس بوو، برایەکی بەدەستی بەعس کوژرابوو، بە بۆنەی ئەوەوە دوکانەکانی کەرکوك شارەزابووم بەتایبەت بایعەکان کە شتی کۆنیان لا مابوو دەمانکڕیەوە، ڕۆژێك چووم بۆلای تەماشام کرد زۆر بێتاقەتە ووتم: عەدنان ئەوە چییە؟ وەلّامی نەدامەوە، منیش تۆزێك بە کەرکوکی قسەی خۆشم بۆ کرد.

ووتم: حەیاتم دەبلّێ چییە؟

عەدنان: ڕەعد تەکلیفی ڕابواردنی لێکردوم لەبەرچاوی دوو سێ ئەمنی تردا دەستی بۆ بردووم منیش ڕامکرد، دەستیکرد بەگریان.

زۆر تورە بووم، بەجۆرێك ڕەشایی لە چاومدا نەماو هەمووی سپی بوو

ووتم: عەدە دەمانچە، کالاشینکۆف، ئاربیچی هیچ شك دەبەیت؟

عەدنان: ئــا دەمانچەیەکمان هەیە هی کاکەمە لەمالّەوەیە.

ووتم: چییە؟

عەدنان: تۆکاریۆفە

ووتم: کەڵەك ناکات؟ چونکە عادەتەن ئەوانە کۆنن دەردی کەڵەکیان لای خۆمە خۆمی نەکوشتووە بۆیە دەترسام.

عەدنان: نا زۆر جوانەو تازەیە.

ووتم: چەند فیشەکی لەگەڵدایە؟

عەدنان: یەك شانەیە.

ئەمزانی کە کەمە بەس ئەوەندە تورە بووم خێرا چوین هێنامان. بە عەدنانم ووت: بڕوات بۆ سلێمانی، کابرایەکی خەڵکی سلێمانی لە کەرکوك بوو سۆپەرێکی پێبوو گرتم بە خصوصی بۆ بەغداد ووتم: کەی هاتم بمبە بۆ بەغداد، بەڵام نەجوڵێیت لە نزیك چایخانەی مەجیدیە دامناو ووتم: ئەگەر شەوو ڕۆژم پێچووە نەجوڵێیت.

خوا هەڵناگرێت ووتی بێخەمبە...

عەدنان ڕەعدی نیشاندام، پێشتر ئەوەم ووتبوو بە عەدنان ئەگەر گیرام یان کوژرام بەکەس نەڵێیت تەنها مامۆستا عەبدوڵڵا حاجی سەعید نەبێت، کە بەرپرسی خۆم بوو.

نۆ هەزار دینارم پێبوو دامێ بیباتەوە بۆ سلێمانی تەسلیمی دایکمی بکات، چومە ناو چایخانەی مجیدیە ڕەعەد یاری دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێکدا. دانیشتم داوای چایەکم کرد بە دەنگی نزم، دەنگم بەرز نەکردەوە بۆ ئەوەی سەرنجی کەس بۆ لای خۆم ڕانەکێشم، بێدەنگ دانیشتم و پشتم لەوان بوو دەمانچەشم لە ناو تەکسیەکەوە خستبوە سەرپێ و ئامادەی تەقە بوو بەس تەنها ترسی وەستانی دەمانچەکەم هەبوو لەوکاتەدا ئەگینا هیچ ترسێك لەدڵمدا نەبوو. لە مەشغوڵی ئەواندا بەدەم قاقای پێکەنینیانەوەو بە دەنگی بەرز قسەکردنیان لولەی دەمانچەم کردە ڕەعد هەر ئەوەندم زانی تەقەم کرد، چاوم هیچی نەبینی تا دەمانچەکە فیشەکی تێدابوو تەقاندمو ڕامکرد، شڵەژام دامنابوو خۆم بکەم بە لای چەپی چایخانەکەدا، بەڵام لەتاو شڵەژاوی بەرەو لای فندق سێف دەولە ڕۆیشتم خەڵکی ئەو ناوچەیەش منیان دەناسی، ئەودەمە نێوانی فندق سێف دەولە و قصر کەرکوك چۆڵ بوو کەلاوە بوو، بەڵام سیاج کرابوو بە بلۆك هەڵچنرابوو خۆم فڕێدایە ئەودیو لەبەر شپرزەیی و شەڵەژاویم خۆم کردەوە بە ناو قەصر کەرکوك و لە پر مەستەفا ڕەئوفم دی لە نزیك چێشتخانەکەوە.

مستەفا ڕەئوف: چییە کاك خەسرەو بۆ شڵەژاوی؟

ووتم: شەڕمکردووە لەگەڵ ئەمن و طەواریەکاندا بمپارێزە لەدەستیان، هەرچەندە

من بیستبووم که ئەم کەسە خۆی طەواری و بەعسییە، بەڵام زۆر پیاوانە منی لە چێشتخانەی قەصر کرکوکەوە بردە دەرەوە، تا بردمیە کۆڵانەکانی پشتەوە سواری تەکسی بووم بۆ جێگای ئەو سەیارەی کە گرتبووم بەکرێ بەرەو بەغداد ڕۆشتم دەمانچەکەم دایە سایەقەکە کە بە پارە بۆم بینێتەوە بۆ سلێمانی، سوپاس بۆ خوا سەرکەتوو بووم ئیتر من لەوکاتەوە نەگەڕامەوە بۆ کەرکوك تاسالّی ٢٠٠٤ لە ئەوروپاوە کە چوومەوە بۆ کوردوستان، لەدوای ئەوەی کە کەرکوکم بەجێ هێشت هیچ زانیاریەکم نییە کە چی ڕوویداوەو کێ بەرکەوتووە.

لەوکاتەی خۆم فڕێدایە ناو کەلاوەکە قسەی کاك سەیوانم بیر کەوتەوە، لە زیندان فێری ئەوەی کردم کە خوام خۆشبوێت لەبەر خۆشەویستی خۆی داوای شتی لێبکەم، تەنانەت فێری کردم خوای پەروەردگارت لەبەر بەهەشتەکەی خۆش نەوێت، بەڵکو خوام لەبەر زاتی پیرۆزی خۆی خۆشبوێت کە اللە یە، لەو کاتە پەیمانمدا بە خودا و ووتم: خوایە نامەوێت بم پارێزی بەس داوات لێدەکەم ئەگەر مردم لێم خۆشبیت، تۆ لەدڵمادابە تەنها لێم خۆشبە ئەگەر مام و ژیام وەعد بێت کارێك ناکەم تۆ پێت ناخۆشبێت جارێکی تر من نابینیتەوە لەسەر کاری خراپە.

هەر لەوێدا تۆبەم کرد خۆم ئامادەکرد بۆ مردن. خوای پەروەردگار پاراستمی، لەو کاتەوە دڵنیا بووم لەوەی کە خوای گەورە سپاردە زایە ناکات، بەڵام بەڕاستگۆیانە داوام لێکرد، زۆر بە صادقانە داوام کرد بۆیە خودا پاراستمی.

چیرۆکی حەوتەم:

سەرەتایی خواناسی و گێژاوی حیزبایەتی

دوای ئەوەی بەغدادم بە جێهێشت و گەڕامەوە بۆ سلێمانی تا ئێستا نەمدیوەتەوە. لەدوای گەڕانەوەم وویستم باسەکە و ڕووداوەکەی کە ڕوویدابوو بیکەم بە ڕاپۆرتێك و بەرزی بکەمەوە بۆ سەرووی خۆم لە ڕێگای م. عەبدوڵڵاوە، ئەو شەوەی کە نوسیم خستمە گیرفانی کراسەکەمەوە، لە ماڵی نەنکم نەخەوتم، بۆ بەیانی لە بیرم چوو لە گیرفانەکەم دەریبێنم.

دایکم ووتی: جلی پیست هەیە بۆت بشۆم؟

ووتم: کراسەکەم پیسە، چونکە دایە گەورەم توانای نەبوو بەدەست بیشوات، ئەوەی کە لێرەدا نوسیومە لە شێوازی ڕووداوەکە ئاواش بۆ دەزگاکەی خۆمم نوسیبوو، دایکشم جوان خوێندبوویەوە ئیتر چاوی پڕبووبوو لە گریان کە من چەندە کاری ترسناکم کردووە. دەستبەجێ هەستابوو تەلەفونی کردبوو بۆ چەند بەرپرسێك و چەند کەسایەتیەکی دیاری یەکێتی، تەلەفونی کردبوو بۆ کاك بەکری حاجی سەفەر خوا لێی خۆش بێت، کافەخانی خێزانی هەڵیگرتبوو خوا لەویش خۆشبێت، کاك بەکر لەوێ نەبووبوو، دوایی تەلەفونی بۆ مام باخەوان کردبوو واتا کەسایەتی ناسراوی پێنجوێن حەمەی دەرۆیش حەمەسالّح، ئەویشی دەست نەکەوتبوو دادە ئایشێ هەردوکیان بەڕەحمەت بن ووتبویان کاکە حەمەو خێزانی لە پێنجوێنن، ناچار تەلەفون دەکات بۆ کاك حامی حاجی غالی کە ئێستا بەرپرسی ناوەندی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتیەو جەنابیان لە ژیاندایە، وەزعەکەی تێدەگەینێت بە گریان و بە تووڕەیی بە کاك حامید حاجی غالی دەڵێت: وەك باوکیم لەدەست چووە با کورکەشم لەدەست نەچێت. کاك حامید پیاوێکە لەوانەی کە زۆر دۆستی باوکم بووەو نزیك بوون لەیەکەوە ئێمەی وەك برازا تەماشاکردووە ئێستاش هەروایە. ئەویش تەلەفون دەکات بۆ مامۆستا عوسمانی کانی پانکەو بۆ کاك عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە من کاری ڕێکخستن نەکەم و دوورم خەنەوە.

لەدوای ئەوە یەکێتی وازیان لە من هێنا، ئەوە ڕاستییە من دەیڵێم کە خەڵکی یەکێتی لــە دڵسـۆزی و وەفاو پیاوەتیان بۆ باوکم منیان دوورخســتەوە لــە خۆیان منیش دەڵێم مانّتان ئاوابێت دنیایەك مەمنونتان بووم.

دیســانەوە ڕووم کردەوە هەمان مزگەوت کە بەسەرخۆشــی ڕووم تێکردبوو، چوومەوە خزمەت ئەو پیاوە بەڕێزانەی پێشترو هاتنەوە بەرەو ڕووم ئەم جارە هەر وەك موسڵمانێك، بــەڵام ئەم جارە نەیانهێشــت بچمەوە دەرەوە بەتەواوەتــی ئولفەتیان دامێ و منیش دڵم لایان بوو بەتایبەت مامۆستا سەڵاح ستار کە زۆر شتی فێری من کرد خواپاداشتی بداتەوە لە خۆشیاندا هەموو شەوێك دەچووم بۆ مزگەوت.

ئەودەمــە نێوانی بزوتنــەوەو یەکێتیش باش بووبوو مزگەوتــەکان دەرس و دەوریان تێدا دانرابوەوەو مزگەوتی جیهادیش هەبوو، هەموو ڕۆژێك دەڕۆشــتم بۆ مزگەوت فێری قورئان خوێندنو فێری ڕەوشت و فێری ڕۆشنبیری ئیسلامیو بیروباوەڕی ئسیلامو ژیانی پێغەمبــەرو ژیانی هــاوەڵان دەبووم، بــەردەوام بووم دەقیقەم بە فیــرۆ نەئەدا، چونکە لەنــاو تاریکییەوە دەرچووم ڕووناکیم دۆزییەوە، ئەوەی تاریکی نەبینێت چێژی ڕووناکی نازانێت.

هەموو شــەوێك دەرس هەبوو، بیرمە شــەوانی شەممە م. طاریق ژیانی پێغەمبەرانی دەووتەوە، یەکشەممە کاك ئاوات ژیانی هەواڵانی پێشکەش دەکرد، دووشەممان کاك سەڵاح ستار بیروباوەڕی ئیسلامی هەبوو، سێشەممان مامۆستا عوسمان دەرسی تەجویدی هەبوو، چوار شــەممان مامۆستا حەسەنی حاجی سابیر فیقهی ئیسلامی ئەوتەوە، پێنج شەممان کاك ئەنوەر بوو عولوم حەدیثی ئەوتەوە، جومعان کاك ســەڵاح ســتار بوو دەرسی عامی هەبوو لە مزگەوتەکانی تریشەوە خەڵك دەهات باسی بەنی ئیسرائیل بوو.

ســوبحانالله ئــەو مزگەوتــە زانکۆیەکــی پەروەردەیی بــوو، بیرمە نەیاندەهێشــت مامۆستایەکی تر دەرس بڵێتەوە ئەویش کاك ئەنوری حاجی فەتاح بوو من مەجالێکیشم دروست کردبوو دەچوم بۆلای ئەو دەرسم دەخوێند، نەمدەزانی بۆچی ناهیلّن وامدەزانی زیرەك نییە بەس دوایی بۆم دەرکەوت مەسەلەکە حیزبایەتییە جەماعەتی نەهزە ڕێگەیان نەئەدا یەکگرتوو دەرس بڵێتەوە، چونکە یەکگرتووەکان نەیاندەهێشت لەمزگەوتەکانی تر نەهزەکان دەرس بڵێنەوە ئیتر شــەڕە دەرس بوو، بەڵام سودی بۆ من هەبوو، واتا هەموو هەفتەکە دەرس هەبوو من دەڕۆشتم بۆلای ئەو کاك ئەنوەرەش دەرسی ئیزافیم دەخوێند.

تومــەس ئەمانــەی کە دەرس دەڵێنەوە هەموویان نەهزەکان بوون نەیاندەهێشــت نە حرەکە نە یەکگرتوو دەرس بڵێنەوە لە مزگەوتی شــێخ عوســمانی ســێرێ بێجگە سۆفی

و نەهــزە. لە مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشــید نەهزەکان بۆیــان نەبوو دەرس بڵێنەوە، بێجگــە یەکگرتــوو- حەرەکە. لە هەوارەبەرزە حەرەکەو نەهــزە بۆیان هەبوو یەکگرتوو بۆی نەبوو، لە مزگەوتەکەی مامۆستا شەماڵ موفتی (خوای گەورە لێی خۆش بێت) تەنها یەکگرتوو بۆی هەبوو.

ئیتر حیزبایەتییەکی بێتام ئەو هەموو زانست و زانیاریانە دەچوونە ژێری هەژمونی حیزبایەتی.

لەدوایــی ئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویســتم بۆ ئیســلام زیاتر دەبوو ڕووناکی ئیســلام تاریکــی دڵــەو هەناومی ڕۆشــنکردبوەوە، چونکە مرۆڤ تا زۆر تینــو نەبێت چێژی ئاو ناکات تا تینوێتییەکەی بشــکێنێت. منیش بۆخۆم دەمزانی پێشــتر لە چ گێژاوێکدا بووم، سەرباری هەمووی ڕۆژ بە ڕۆژ جیهانبینی من دەگۆڕا، هەموو ڕۆژێك بەرفراوانتر دەبوو، دیدم بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ و دەســەڵات والا تر دەبوو، لێرەوە هەســتم کرد ژیان ئەو شــانۆگەرییە هیچ و بێمانایە نییە کە من پێشــتر لێی تێگەیشــتبووم، بەڵکو ژیان سێبەرێکەو منیش ڕێبوار ئەوەندەم پێویستە تا لەم ژیانەوە دەچم بۆ دوونیای خولود.

ڕۆژانە وانەی ئاینیم دەخوێند، هەر مامۆســتایەکم بدیبایە دەمووت ئەوە دەرســێکم پێنالێیتەوە!! بۆ نمونە بێجگە مزگەوتی شێخ عوسمانی سێرێ دەچووم بۆ مزگەوتەکانی تریــش، پاشــان بــەڕۆژدا وانەیەکم لای مامۆســتا مەلا ئەحمەدی بن تەبــەق دەخوێند، ئەربەعینی نەوەویم دەخوێند لەگەڵ فەتحول قەریب، دەرســێکی ترم لای کاك صەباحی برای کاك سەڵاح هەبوو ئەویش تەفسیر بوو، وانەیەکی ترم لای مەلا حەمەومینی باخی هەبوو لە مزگەوتی کانی ئاسکان باسی عەقیدە، لە مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید لای مامۆستا جەلال فەقێ مامۆستا موساو مامۆستا ئیسماعیل بوو هەبوو جورجانی و زمانی عەرەبیو تێگەیشــتن لە بانگەوازم دەخوێند، ســەرباری هەمووی لەو بازاڕو قەیسەرییەدا کە خۆم کارم تێدا دەکرد دووبرا کتێبخانەیەکیان دانا بەناوی کاك ســەباحە ســورو کاك نەجات، خوا دای بەمن هەموو ڕۆژێك کتێبێك یان دوو کتێبم دەخوێندەوە، بێجگە لەوەی لە هەفتەیەکدا دەچومە خزمەت مامۆســتا شێخ ئەکرەم دەرسی تەصوفم دەخوێند، کاك سەڵاح ستاریش دەرسی فەردی دانابوو بۆ من و دوو برای تر پێکەوە.

بەم شــێوەیە بەردەوام بووم خوای گەورە زانســت و زانیاریەکی باشی بەخشیە من و هەمووی فەزڵی خوای پەروەردگار بوو، پاشــان ئەو مامۆســتا بەڕێزانە، ئینجا لێرەوە من پاشــخانێکی مەعریفی باشم بۆ دروســت بوو، بەڵام زۆر سەرەتایی لەهەمانکاتدا کرانەوە بە ڕووی ئەم زانستانەداو وەرگرتنی بە ئاسانی.

خەریکی دینداری خۆم بووم و باکم نەبوو بە کەس زۆر مورتاح بووم سبحان‌الله خوای گەورە رۆژ بە رۆژ پێشی دەخستم لە ڕووی سومعەو و پارەو هەموو ڕووەکانەوە بەتەواوەتی هەستمکرد ئیسلام مرۆف دروستدەکات، ئیسلام کارگەی دروستکردنی مرۆڤە، بۆیە سەر لەنوێ من دروست بوومەوە لە ڕووی کەسایەتییەوە زۆر بەهێزتر ئەمجارە نە بەبۆنەی باوکەوە نە بەبۆنەی خانەوادەو عەشیرەتەوە، بەڵکو لەهەمووی گەورەتر بە هۆکاری ئەم ئیسلامەوە پیاوی وا هاوڕێیەتی دەکردم کە ئەگەر جارانم بوایە یان دەبوو لە مااڵەکەیدا پێاڵوم ڕیز بکردایە یاخود چام بگێڕایە، بەاڵم ئیسلام منی دروستکرد.

برایەکی پێنجوێنی هات بۆ الم ناوی کاك عەتا بوو ووتی: بۆ نایەیت ببیت بە حەرەکە. منیش ووتم جا ببم بە حەرەکە چی بکەم؟

کاك عەتا: الی ئێمە دەرس دەخوێنیت فێری جۆرەکانی چەکت دەکەین و هەندێك قسەی تر، منیش بێ سێ و دوو ووتم باشە.

ڕۆشتین بۆ مزگەوتی جیهادو نوێژمان کردوو منیان برد بۆ مقەڕەکەیان بە کوڕێکیان ناساندم ناوی کاك یاسر بوو ووتیان ئەمە کاك خەسرەوە دەیەوێت ببێت بە حەرەکە.

لە بیرمە کاك یاسر ووتی: کاك خەسرەو الی کێ دەرس دەخوێنیت، هاتووچۆی کام مزگەوت دەکەیت؟

ووتم: الی کاك سەاڵح ستار دەرس دەخوێنم و هاتوچۆی مزگەوتی شێخ عوسمانی سێرێ دەکەم.

کاك یاسر: ببورە من وەرتناگرم لەبەر ئەوەی لەگەڵ کاك سەاڵح ئێمە پەیمانمان بەستووە نە من قوتابی ئەو بەرم و نە ئەویش قوتابی من بەرێت.

منیش بەسەر سووڕمانەوە ووتم: بۆ کوێی بەریت؟

کاك یاسر: بۆ ناو بزوتنەوە.

ووتم: ئەی ئەوان خۆیان چین من وام زانیوە کاك سەاڵح بزوتنەوەیە؟

کاك یاسر: نەوەڵاّ، براکەم ئەوان نەهزەن.

بۆ یەکەم جار بوو زانیم کاك سەاڵح نەهزەیە، بەاڵم پێشتر من ناوی نەهزەم بیستبوو.

شەو گەڕامەوە بۆ الی کاك سەاڵح و باسەکەم بۆ گێڕایەوە کە من چووم بۆ ئەوەی ببم بە بزوتنەوە وەریان نەگرتووم و باسەکەم بۆ کرد هۆکار چی بووە؟

ئەویش بە دوورو درێژی باسی ئەم ڕێکخراوەی خۆیانی کرد، بەاڵم من نەچوو بە مێشکمدا هەر بزوتنەوەم خۆش دەویست، بە پێچەوانەی جارانەوە چەندە ڕقم لێیان بوو ئێستا لە خۆوە چوونەتە دڵم بزوتنەوە خۆشەویستە.

قەناعەتم بە نەهزەکان نەکرد بۆ ماوەیەکی تر کاك عەتام بینییەوە ووتم: کاکە من هەر دەبم بە بزوتنەوە.

لەم کەینو بەینی بزوتنەوەو نەهزەیەدا، نەهزەکان بۆ منیان تێچاندبوو لای بزوتنەوەکان کە گوایە من وەرنەگرن، چونکە من جاسوسی یەکێتیم، چۆنیش زانیم ئەم قسەیەی نەهەزەکان کردویانە، شێخ ئومێد پێی ووتم چونکە ناسیاومان بوو، خەڵکی سەیدسادق بوو لە هێزی سلێمانی بوو، ئەوە هەڵدەگرم بۆ قیامەت. قسەکەش هیچ نەبوو تەنها نەهزەکان ئەم قسەیان بۆیە دروستکرد بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی من وەرنەگرێت و بە نەهزەیی بمێنمەوە.

کە ئەم حاڵەتە ڕوویدا بۆ ماوەی دوو مانگ یان سێ مانگێك دەبوو بووبووم بە نەهزە، نەنکم پێی زانیم، هەموو جارێك دەیووت بە باپیرم یادی بەخێر بێت، دەیووت: حەمە چی بکەین خەسرەوە بووە بە (نازە).

جارێکیان بە خۆمی ووت: ڕۆڵە بیستومە بوویت بە نازە- ئیتر سبحانالله لەو نازەیەوە ئەو نەهزەیەم لەبەرچاوکەوت، پێوەری نەهزە بوون چۆن بوو، ئەگەر دژی حەرەکەو یەکگرتوو بویتایە ئەوە موسڵمانی باش بوویت.

چوومەوە بۆلای شێخ ئومێدو کاك عەتا ووتم: کاکە من سەرو گوێلاك و مەکینەم بە نەهزە ناخوات من هەر حەرەکەم، من ئیشم پێتان نییە ئەگەر ئێوە ئیشتان بەمن بوو من بە نان و پیازو سیلاحی خۆم لە خزمەتاندام.

کاك شوان (خوای گەورە بەشەهید قبوڵی بکات) بەرپرسی هێزی سلێمانی کە ئەم قسەیەی منی بیست بوو ناردبووی بەشوێنمدا، لەبیرم نەماوە لە ڕێگای کاك شێخ ئومێد بوو یان کاك هەڵکەوتی ئیدارە بوو.

کاك شوان زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بە کاك یاسری وتبوو کاك یاسریش بە د.کامیلی ووتبوو ئێستا دکتۆرە لە سلێمانی، ئیتر بووم بە حەرەکە. خەریکی خوێندنەوەو کاری ڕۆژانەی خۆم ببووم، سوپاس بۆ خوا زۆر دەوڵەمەند بووم ئیتر پینجوێنییەکان کە منیان ناسیو سومعەمیان بەدڵ بوو لەگەڵ چەند کەسێکدا چوومە جاددەی کاوە لەوێ دوکانم هەبوو لەگەڵ چەند کەسێکی ناسیاوی پێنجوێنی بووم بە شەریك و خەریکی کەسابەت بووم.

سەرەتایی بلاوبوونەوەی ئەم قسەو دەنگۆیی من بە یەکێتی لەم نەهەزانەوە دروست بوو، هەر بۆ زانیاری و ڕایگشتی، لەم دواییانەشدا جارێکی تر دروستیان کردەوە وابزانم تا ئێستاش هەر بەردەوامە گوایە من سەر بەیەکێتیم، منیش باکم نیە چونکە سوپاس بۆ

خوای پەروەردگار ئیشم بە هیچ حیزبێكو بە هیچ كەسێك نییە تەنها بە خوا نەبێت.

ئــەوەی كە ڕقی لێمە لە ناو ئیســلامییەكان دەڵێن جەلالییــەو یەكێتیە یان پارتییە، تەبعــەن یەكێتیەكانیشو پارتیەكان دەڵێن پیاوی مــەلا كرێكارە یان ئیرهابییە، تەبعەن هەردووكیان قســەی بێمەعناو هیچ و پوچە، چونكە بیروباوەڕم ڕێگام پێنادات كە كاری حیزبی لەگەڵ عەلمانی بكەم، وە پاشان ئەوەندە سوكیش نیم خەڵك بە ئاغا بزانم ببم بە پیاوی.

ڕۆژانێــك بــوو كە من م، كرێكارم بە مەزڵوم زانیــوە من هاوكاریم كردووە ڕۆژێك لە ڕۆژان من ئیشــم بە مامۆســتا كرێكار نەبووە، هەر ئەو ئیشی بە من بووە، إن شاءالله لە تەوقیتێكی نزیكدا باســی ئەو ڕووداوانەش دەكەم واتا لە ســاڵی ٢٠٠٨ وە باســیدەكەم تا ساڵی ٢٠١٦.

لە پاش مردنی كاك شوان بەڕەحمەت بێت من دابڕام بۆ ماوەیەك لە هێزی سلێمانی و لە ڕێگای برایەكەوە بە ناوی مامۆستا عیسا پەیوەندیم پێوەكرا بۆ پەیوەندی خوێندكارانی ئیســلامی كوردســتان، ئەو ماوەیە چالاكییەكانــم لەوێ دەكرد، بــەردەوام لەگەڵ هێزی سلێمانیش كاك یوسف و دوای ئەویش كاك مەڕوان هەر بەردەوام بووم.

لە پەیوەندی خوێندكارانو لاوانی ئیسلامی كوردستان كورێكی سوری جوانخاسم ناسی بەناوی فەرهەنگ نامۆ، لە ڕێگای مامۆســتا عیســاو ئەو برایانەی ناو پەیوەندی، ئەوكات مقەڕەكەمان لای مەعرەز جەلال بوو لە فولكەی ئاسكەكان.

ڕۆژێكیــان من دەرســم دەخوێند تەلەبەیەك هات بە قاتێك كەتافییەوە لە تەنیشــت منەوە دانیشت و ووتی: دەرگای مقەڕم دانەخستووە.

لــەم دوایەدا بۆم دەركەوت كە ئەو برایە كاك بڵند غەریبی سەرنوســەری ڕێگا بووە، بەس تەنها من و كاك دكتۆر ڕێبوار كۆساریو پاشان مامۆستا عیساو كورێكی تر بە ناوی كاك سەنگەرو یەكێكی تریشمان لەگەڵ بوو برای كاك عەتا پێنجوینی بوو بە ناوی كاك ســەلاحەدین، مامۆســتا عیســا تورەبوو ووتی چەند جارم ووتوە لەدوای خۆتان دەرگاكە داخە كەهاتی، بەهەرحاڵ ویســتی بڕواتەوە، م. عیســا ووتی: دەچم دایدەخەم، شــتێكی پێویســت بوو بیهێنێت، لەو ماوەیەی كە ڕۆشــت من و نامۆ تەعاروفمان كرد ووتم: ئەوە چییە ئەڵێی لە ڕەبایەوە هاتووی تۆ لە قوتابیان و لاوانی ئەم جلانە چییە لەبەرتا؟

بە پێكەنین و سوبعتەوە ووتی: وەڵاڵ برا لە ڕەبایەوە هاتووم لە سەرەوە واتا مزگەوتی جیهاد پاسەوانم.

ئەو ڕۆژە پێكەوە دەرسمان خوێندو هاتینە دەرەوە بە پێ گەڕاین تا لای حەسیب ساڵح

ڕۆشـــتین کە ئێستا پێی دەوترێت سلێمانی پالاس، تەنها تەعاروف بوو، دوای ئەوە لەگەڵ فەرهەنگ نامۆ خوای گەورە بە شەهید وەری گرتبێت برایەتی و هاوڕێیەتیمان خۆشبوو.

مـــن و ســـەنگەرو فەرهەنگ گۆڤارێکمـــان دەرکرد ٥٠ لاپەڕەیی بەنـــاوی گۆڤاری ژیار، بەڵام سەر بە پەیوەندی بوو، زیاتر نزیك بووینەوە لەیەك و پرۆژەی ڕۆشنبیری زۆرمان دامەزراند لەوانە بۆ یەکەمجار من و نامۆ سمیناری دوو قۆڵیمان گرت بە جەوڵە قسەمان دەکرد.

نامۆ بەڕەحمەت بێت زۆر لاسای مامۆستا کرێکاری دەکردەوە تەنانەت دەنگی کتومت وەك مامۆستا کرێکار بوو، منیش زۆرم پێناخۆش بوو هەموو جارێك دەمووت برا دەنگت با وەك خۆی بێتو وەك خۆت قســـەبکە، کە مادەم مامۆســـتا کرێکار هەیە ئیتر بەســـە من لام عەیبە خەڵك لاســـایی خەڵکی تر بکاتەوە، ئەگەر خۆت توانات هەبێت بۆ توانای خۆت دەرناخەیت، چونکە بەڕاســـتی نامۆ بلیمەت بوو حەزی زۆری بە ڕۆشـــنبیرو گەڕان و ســـەرچاوە هەبوو، هەرچەند لەم دوایەشدا خەڵکێك بە خۆمیان دەووت کاك ماکوان تۆ وەك مامۆســـتا کرێکار قســـە دەکەیت! کەوایان پێدەووتم نامۆم بیر دەکەوتەوە، چونکە بەڕاستی پێش ئەوەی بە خزمەتی مامۆستا کرێکاریش بگەم هەروا قسەمکردووە، جەنابی مامۆستا کرێکاریش هەروا گوێی لە من بووە، پێم خۆش نەبوو هەرگیز من وەك مامۆستا کریکار بم، نەك لە بەرئەوەی مامۆستا کەمە، نا بەڵکو من ناگەم بە مامۆستا و ناشمەوێت تەقلیدی کەس بکەم، حەز دەکەم وەك خۆم بم.

لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٩٧ بیرم لەدەرەوەی وڵات کردەوە کە بڕۆم بۆ ئەوروپا. دیســـانەوە وەزعـــی ماددیمـــان وێـــران بوەبوە بە حوکمی ٣١ی ئاب و دوای ئەوەش شـــەڕی یەکێتی و پارتی و نەبوونی کارو کەسابەت من بیرم لە ئەوروپا کردەوە.

ڕۆژێك لەدوکان دانیشتبووم پیاوێك خۆی کرد بەدوکاندا من و شەریکەکەم دانیشتبووین، بە ئێرانیانە ووتی سلاّم.

ووتم: سەرچاو فەرموو!

کەسە ئێرانیەکە ووتی: من دوکانم هەیە لە شاری مەریوان، مێزی تلویزیۆن دەفرۆشم دەتانەوێت بۆتان بینێرم بۆ سلێمانی.

بەخێرهاتنم کردو لەبەری هەڵسام و چام بۆ بانگ کرد تەعاروفم لەگەڵ کرد بەهەر حاڵ ناوی کاك عەبدووڵای پەناهی بوو.

پرســـیارم لێکـــرد لە چۆنێتیو نرخەکەی، وەك ئەو باســـی دەکـــرد تاڕادەیەك ئەقڵی منیش دەیگرت، خوڵکم کرد کە بچینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

كاك عبدوڵڵا: لێرە لەماڵی ناسیاومانین.

بڕیار بوو کە مێزەکانم بۆ بنێرێت بە پیلەوەردا.

پێش ئەوەی کاك عەبدوڵڵا بڕوات، کاك فاروقی شــەریکم ووتی: من پێم باشــە خۆت بچیــت ببینیت لە شــاری مەریــوانو ئەگەر بەدڵت نەبوو با نەیەتــە ئێرەو ببێتە ماڵ بەسەرمانەوە.

قسەکەی کاك فاروقی شەریکم مەعقول بوو، بۆیە ڕووم کردە کاك عەبدوڵڵا عەرزمکرد ئەی ئەگەر خۆم بێم بۆ مەریوان پێت چۆنە؟

عەبدوڵڵا زۆری پێ باش بوو، ووتی: کارێکی فرە خاس دەکەیت.

بڕیامدا لەگەڵیدا بچم بۆ مەریوان.

هەڵســا بڕوات، بۆ بەیانی کە هاتنەوە بڕیار وابوو من بڕۆم، بەڵام شــەو بیرم کردەوە خۆم بەتەنها لەگەڵیدا نەڕۆم، چونکە نەمدەناسی!

ئەو ڕۆیشــتو ئەدەرســی ماڵو دوکانیانــم وەرگرت لە مەریــوان، دوای چەند ڕۆژێك دەرچووم منیش گەیشتمە مەریوان لە گوزەری هەورامیەکانەوە تەلەفونم بۆکرد ٣ دەقەی پێنەچوو هاتە بەردەمم و شەو چووینەوە بۆ ماڵی کاك عەبدوڵڵاو نەیهێشت بچمە هیچ جێگایەکی تر، هەرچەندە من کەسوکارم زۆرە لەمەریوان، بەڵام بەوپێیەی کە بۆڵای ئەو هاتووم نەیهێشت بچمە هیچ ماڵێك هەڵبەت بۆ نانخواردن نەك مانەوەی شەو.

لەکاتــی قســەکردندا تەعاروفمان کرد لەگەڵ ماڵو منداڵەکەیــدا، لەپڕ کچێکی جوان خــۆی کــرد بە ژووردا و کاك عەبدوڵڵا هەڵســا لە بەریو باوەشــی پیاکرد، منیش لەتاو جوانییەکەی ســەرم بۆ دانەخرا، نەمزانی کێیە دەنا منیش لەبەری هەڵدەســام ئەوەندە جوان بوو.

خوایە دەمگوت ئەم کچەم دیوە، دوایی بۆم دەرکەوت لە فلیمدا شێوەی ئەم دەموچاوەم دیوە ئەویش فیلمێکی ئەمیر ئەرسلانی نامدار بوو بەفارسی بینیبووم، باڵا بەرز شەدەلار، چاو ڕەش هەموو پێناســەیەکی جوانی لەخۆیدا کۆکردبوەوە، منیش بەدیاریەوە حەپەسا بووم دایکی هات ئەویش باوەشی پیادا کرد. خوشکەکانیو کاك عەبدوڵڵا تەنها یەك کوڕی هەبوو ئەویش لە زیندانی ئێران بوو.

خەریــك بــوو منیش هەڵســەو باوەشــی پێدا بکــەم بڵێــم یاخوا بەخێــر بێیتەوە بۆم دەرکەوت ناوی ئێرانە، چونکە باوکی ووتی ئێران کچم کەی گەیشتیتەوە.

ئێران: ئێستا بابە.

بۆم دەرکەوت لە دانشگایە لە ئەصفهان، واتا زانکۆی ئەصفەهان منیش خۆم پێنەگیراو

کردم بەقسەی خۆش بۆ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشم. ووتم ناوت ئێرانەو خەڵکی ئێرانیت و لە ئێرانیش دەخوێنیت؟

بە پێکەنینەوە ووتی: بەڵێ

ووتم؛ دیارە هەرشوو بەئێرانیش دەکەیت؟

ئێران: شەرت نییە، واتا مەرج نییە

ووتم: بەخوا نیوەی ئیشەکەم ئاسان بوو

دوای نانخواردن زوو هەڵسام زانیم ئەو خانەوادەیە خۆشحاڵن بە هاتنەوەی ئێران، هەرچەندە لە ڕاستیشدا منیش هەر خۆشحاڵ بووم دەبوو هەڵسم.

ئیتر شەو ڕۆژو ساتەکانم هەمووی بوو بوو بەئێران.

چیرۆکی هەشتەم:

عاشق بوون بە ئێران و عیشقی بەجێماو

لەدوای ئەوەی شەوەکەی لە ماڵی کاك عەبدوڵڵا پەناهی، هەڵسام و چوومەوە بۆ ماڵی خزمان لە شاری مەریوان، بەیانی چوومەوە بۆ گوزەری هەورامییەکان بەرەو دوکانی کاك عەبدووڵڵا. تەماشای مێزەکانم کرد بەدڵم بوو، بۆ ئەوەی بمێنمەوە لە مەریوان بیانوم گرت.

ووتم: کاك عەبدوڵڵا ئەم مێزانە گرانن خزمەکانم بۆیان باسکردووم لە تاران زۆر هەرزانتر دەکەوێت لەوەی جەنابت باسی دەکەیت.

عەبدوڵڵا: ڕاستە وایە، بەڵام خۆ دەبێت منیش سودێکی لێبکەم و قازانجی لێبکەم.

ووتم: کاك عەبدوڵڵا بۆ نایەیت ببینە شەریك لەم دوکانەداو لە سلێمانی و لەتارانیش.

عەبدوڵڵا: چۆن! تێناگەم؟

ووتم: تۆ بڕۆ بۆ تاران مێز بێنە بە کۆو هەرزانتر دەکەوێت، منیش لێرە لە دوکان دەبم نیوەی پارەت ئەدەمێ. ئەوەندەی بۆمان برایە سلێمانی و هەولێرو دهۆك دەیفرۆشین و دوای ئەوەشی نەفرۆشرا لە مەریوان ساغی دەکەینەوە، ئەگەر توانیمان کارەکەمان گەورەتر دەکەین.

کاك عەبدوڵڵا خەریك بوو لەخۆشیا باڵی دەگرت و ووتی: ئەوە من ئامادەم، منیش بیرمە چەند ملیۆن تمەنێکم پێبوو دامێ و بە (سوپاچەك) و ووتم بڕۆ بیهێنە لە تاران، بەڵام شتی جوانم بۆ بێنە زەوقی خەڵکی عێراقی بێت.

وەڵامم ناردەوە کە لە مەریوان دوکانم داناوەو بەتەما نەبن وا زوو بێمەوە، یەك

دوو کەس بنێرن بۆ باشماخ ئەو مێزانە بەرنە سلێمانیو هەولێر. مێز دوای یەك هەفتە گەیشتەوە مەریوان دامنەگرت یەکسەر بۆ باشماخ لەوێوە بۆ سلێمانی، لە سلێمانیش ڕاستەوخۆ فرۆشتبوویان بە دهۆکیەکان سوپاس بۆ خوا ٦٠هەزار دیناری خێرکرد.

پارەم دابەشکردەوە بەسەر هەموو شەریکەکاندا لە سلێمانی و لە مەریوان، کاك عەبدوڵڵام ناردەوە بۆ تاران.

دوو ئەوەندەی ترم ناردەوە ئەم جارە ناردم بۆ بەغداد.

داواکاری مێز زۆر بوو دوو ئەوەندەی تر خێری کرد سوپاس بۆ خودا.

ئیتر خەڵکی سلێمانیش بەکەسابەتەکەیان زانی زۆر خێری وای نەما، بەڵام هەر زۆر باش بوو، ئینجا دەهاتن بە جوملە لەخۆمیان دەکڕی لە مەریوان، بازرگانەکانی سلێمانی ئەوەندە سەیر بوون لە منیان نەدەکڕی چونکە وەك خەڵکی سلێمانی قسەم دەکرد، کاك عەبدوڵڵا پێ دەفرۆشتن ئەوبە مەریوانی قسەی دەکرد بە سێ قاتی نرخی من کەچی لەویان دەکڕی لەمنیان نەدەکڕی.

ئەو ماوەیەی کە مامەوە ئاشنایەتی تەواومان پەیدا کرد لەگەڵ مەریوان و مەریوانییەکان و ماڵی کاك عەبدوڵڵادا، ماوەی ٨ مانگ لە مەریوان دوکانم هەبوو دوو جار چوومەوە بۆ سلێمانی.

لەمزگەوتەکانی ئەوێدا بەدوای زانستدا دەگەڕام بیستم کە تەنها فەقێیەتی لە کانی سانان، هەندێك جێگا زانست دەخوێنرێت، چووم ماوەیەك بۆ کانی سانان لە خزمەتی مامۆستای کانی سانانی بووم، ماوەی چەند هەفتەیەك لە خزمەتی بووم، بەهۆکاری ئیشوکار نەمتوانی بمێنمەوە، ماڵی ئاوا بێتو دەرجەی عالی بێت بەمنی ئەوت تۆ وەهابیت، سیقەی پێم نەبوو ئیتر گەڕامەوە بۆ مەریوان. مزگەوتەکانی مەریوان لەجیاتی تەفسیری قورئان شەرحی شیعرەکانی قانعیان دەکرد، مەلاکانیان زۆر نەخوێندەوار بوون زانستیان لانەبوو هەڵبەت بەگشتی نالێم، چونکە زانای زۆر پایە بەرزیشی تێدابوو، بەڵام دەست من نەدەکەوتن لە دێهاتەکاندا بوونو لەترسی ئێران خۆیان دەرنەدەخست.

ڕۆژێك لە بازار دەگەڕام لە شاری مەریوان لە جێگایەك پێی دەوترا داروخانە، ئێرانم بینی لەگەڵ چەند کچێکی هاورێی تریدا، خەریك بوو بڕۆم بەلایاندا، دوایی لە دڵی خۆمدا ووتم: بابە خۆ تۆ لای خۆی موسڵمانی عەیب ناکەیت باوکی شەریکتەو هیچ نەبێت لەماڵەکەیاندا نانێکت خواردووە.

ئینجا تۆپەڵێك ڕیش بەملاولای ڕوومەتمەوە بوو ژێر چەناگەشم کەمێکی هەر پێوە بوو شەرمم لە ڕیشە تەنکەکەی خۆم کرد. گوێم پێنەدان و ڕۆشتم خۆم هەڵەکرد.

کەمێك ڕۆشتم و لەدواوە یەکێك دەڵێت:

ئاغای خوسرەوی، ئاغای خوسرەوی، ئاوڕمدایەوە تەماشادەکەم ئێرانە! ووتم: فەموو خانوم دەنگوباستان کەسوکاری موحتەرم هەموو باشن؟

ئێران: زۆر مەمنونەم ئاغا خوسرەو تو باشی؟

بفەرموو لە خزمەتام، ئێران خانوم (کە ووتی ئاغا خوسرەو ئەوەندە بەدەمی خۆش بوو خەریك بوو بڵێم توخوا سێ چوار جاری تر بڵێ خوسرەو، هەر بەمنیان ووتوە خەسرەو ڕقم لە ناوەکەم بووە، نەمزانیبوو ناوەکەم ئەوەندە خۆشە بەدەمی ئێران).

ئێران: وەڵاڵا هیچ هەر حەزمکرد بێم بۆلات لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێم بووم. ووتم دەچم بۆلای ئەو دۆستەم. ئاغا خوسرەو.

ووتم: منیش کردم بە زمانی سلێمانیو ووتم بەسلێمانیانە ئێران خانوم، وەی قوربانت بم بفەرموو لەخزمەتم برۆ بابچین لەبویەك - بخۆین (لەبوو شێلمەکەی لای خۆمانە، ئێرانی پێدەڵێت لەبوو).

ئێران: باشە بابڕۆین

ووتم: باسی ئەصفەهانو دانشگام لێپرسی هەندێك موجاملە، بەڵام خوا ئاگادارە هەرچی گەنجی ئەو مەریوانە بوو مۆڕەی لێدەکردم، منیش خۆم بە پاشا دەزانی!

لەخۆمەوە دڵم زۆرخۆش بوو زۆر فشەکەرانەش دەڕۆشتم ئەودەمە هەڕەتی جوانی تەمەن و هەرزەکاریم بوو، گیرفانیشم پڕ بوو لەپارە. لەگەڵ ئەوەشدا خوانسی و دینداری لەدڵمادا ڕووا بوو، بەڵام یاخوا مرۆڤ موحتاجی دەستی جوان نەکات، مالّی ئێرانیشم ئاواکرد ئەوەندە جوانبوو منی سڕ کردبوو.

ئێران: ئاغا خوسرەو مەریوانت پێخۆشە.

ووتم: نەك مەریوان ئێرانیشم خۆش دەوێت!

ئێران دەستی کرد بە پێکەنین، جدەن (بەڕاستە).

بەدەم خۆمەوە هەر دەمووت: تاوانی من نییە کە شێتم، نیگای چاوی ئێوە بوو نەیهێشت من ئاقڵ بم.

جارێکی تر دووبارەم کردەوە هەناسەم هەڵدەکێشاو بیری دالیا-م دەکەوتەوەو دەمووت: تاوانی من نییە کە شێتم، نیگای چاوی ئێوە بوو نەیهێشت من ئاقڵ بم.

ئێران: خوسرەو ئەوە دەڵێی چی؟

لەدڵی خۆمدا ووتم بەخوا ئاغاکەش نەما پلەیەك بەرزتر بووینەوە، ووتم ئێران حەز دەکەم قسەیەك لە دڵمدا هەیە پێت بڵێم.

ئێران: ووتی دەزانم چییە؟

ووتم: چییە؟

ئێران: ئەتەوێت بڵێیت، با ئاشنای یەکتربین (بە مەریوانی واتا پەیوەندی دروستبکەین)

ووتم: بەڵێ بەدڵنیایەوە با ئاشنا بین، من حەز بەدۆستایەتی تۆ دەکەم، بەڵام دەمەوێت زۆر بە ڕاستگۆیانە پێت بڵێم ئەڵێن پیاو بەچاو عاشق دەبێت ژنیش بەدڵ.

منیش دەڵێم هەر پیاوێك بە چاو عاشق بێت قوڕ دەکات بەسەر دڵی ژندا، هەرژنێکیش دڵی خستە بەردەستی پیاو توشی جەڵەدەی دەکات.

ئەگەر پێچەوانەش بوویەوە پیاو بە دڵ عاشق بوو، هەموو پێی دەڵێن الفاتحة.

یان هیچ تێنەگەیشت یانیش خۆی لەمن گێل کردوو پێدەکەنی، بەڵام ئەوەندە جوان بوو خواخوام بوو نەیبەمەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ گەڕەکی دارسەیران.

گوێم لەبانگی شێوان بوو خوای گەورە کردی تۆزێك هۆشم هاتەوە بەبەر خۆمدا، بانگەکەم دەوتەوە، کەچی ئێران پێم پێدەکەنی، وویستم تووڕە ببم لێی ئەوەندەش جوان بوو دڵم نەهات، ناچار ووتم: گەر ئەمە چاو بڕۆت بێت نازو عیشەوەت هەر ئەمە.. الوداع ئەی زوهد تەقوا الفراق ئەی ئەقڵ و دین

ئێران: ئێژی چی؟

ووتم: ئێران گیان دەڵێم گەر ئەمە چاو بڕۆت بێت، نازو عیشەوەت هەر ئەمە الوداع ئەی زوهد تەقوا، الفراق ئەی ئەقڵ و دین.

ئێران: دەم خۆش خوسرەو گیان.

ئیتر وامزانی بەئاسمانەوە باڵم گرتووە.

تا نزیك ماڵی خۆیان بردمەوە، بەدەم گۆرانیوەوە بە ڕێگاوە هاتمەوە بۆ ماڵی خزمەکانم و ئەو ئێوارەیە لە خۆشیدا گۆرانی کاکە ژیرم (د. حوسین)م دەوت و دەستم خستبووە گیرفانەکانم.

کە دەڵێت:

دڵنیابە بەمەرگیش بێت ئەم نیگارە جێناهێڵم دڵم بولبولی شەیدایە ئەم هەوارە جێناهێڵم....

گەیشتمەوە ماڵی خزمانو لەگەڵ کوڕێکی ئامۆزا زامااندا دەستم کرد بەقسەکردن و وەزعەکەم بۆم باسکرد،

ئامۆزا زاکەم: نیوەی کوڕی مەریوان خۆی داناوە بۆ ئەوکچە، ئێستا عێراقییەك بێت

و ئاوا بائاسانی بیبات جاخۆ هەموو مەریوان شێت دەبن.

ئامۆژگاری ئەوەی کردم کە بچمە داوای و بیهێنم.

منیش فیکرەکەم پێباش بوو...

ماوەیەکی بەسەردا چوو ئێوارەیەکیان لەزرێبارەوە دەهاتمەوە بۆ مەریوان وویستم بچم ئێران ببینم، بەناوی ئەوەی بزانم کاك عەبدوڵڵا لەماڵەوەیە. کەچووم لەدەرگام دا خۆی هاتە دەرەوە.

ووتم: ئەزیزی دڵ... بەیانی وەرە بۆ لای داروخانە لەوێ یەکتر دەبینین کارم پێتە.

ئێران: فرەخاسە هەندێك قسەی خۆشم بۆ کردو ئەویش هەنێ قسەی بۆ کردم.

ووتم: بڵێ ئاغا خوسرەوە.

ئێران چەن جارێك ووتی ئاغا خوسرەو، ئیتر ڕۆشتم.

هاتە لای داروخانە وای خۆی گۆڕیبووم... من پێم شەرم بوو لەگەڵی بگەڕێم، ئەترسام (هەیئەتی ئەمر بمعروف نەهی عەن مونکەر) لە مەریوان بمگرێت.

ئەوەندەی تر شێتی کردم کاتێك ووتی: چیت گەرەکە ئاغا خوسرەو؟

ووتم: دەمەوێت بتهێنم و بتکەمە بووکی ئامینەخانی دایکی ئاغا خوسرەو.

ئێران: هەموو گیانی پێدەکەنی، ڕازی بوو. بەڵام ووتی خۆ ئاساییە دانشگاە تەواو بکەم؟

ووتم: حەزدەکەیت پرۆفیسۆریش بخوێنە.

بەخۆشاڵیەوە هەڵساینو چووینەوە بەرەو ماڵ خۆشترین ڕۆژی ژیانمان بوو، باسی دروستکردنی ماڵو منداڵو ناونانی منداڵمان دەکرد، تا جیابووینەوە لەیەکتری ئەو ئێوارەیە.

شەو لەگەڵ ئامۆزاییەکی باپیرم قسەم کرد بەناوی حاجی سەعیدی نێی خوا لێی خۆش بێت کە بچێتە داوای بۆم، حاجی سەعید یەکێك بوو لە پیاوە ناودارەکانی مەریوان. بۆ بەیانی ناردم بۆلای کاك عەبدوڵڵا ووتوبوی من هیچ لاریم نییەو خەسرەو کورێکی باشە، بەڵام باپرس بە کچەکەو بە دایکی کچەکەش بکەم.

منیش چوومەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ باپیرم قسەم کردو ئەو پێی خۆش بوو، بەڵام سبحان الله دایکم و نەنکم کەوتن بەقینا.

نەکم ئەیوت ئەو کچەتیوە ڕشکنە بێنی بە قەپ ئەوچڕم، لەترسی نەنکم هەر باسم نەکردەوە، دایکم ئەیووت کچ دەست ناکەوێت لە ئێران ژن بێنیت.

هەرچۆن بوو دایکم ڕازی کرد بە قسەی لوس و خۆ بردنە پێشەوە... باپیرشم ووتی

نەنکت دانێ بۆخۆم.

گەڕامەوە بۆ مەریوان لەوێ کارەکان ڕێك بخەم و بنێرم بەشوێن کەسوکاردا و بێن بۆ مەریوان.

حاجی سەعید ناردی بووی بە شوێنمدا ووتی: وەرە بۆ ماڵمان، کەچووم بۆی باس کردم دایکی ئێران داوای خانویەك دەکات لە مەریوان بیکڕم و بیکەم بەناوی ئێرانەوە، ئەمە بۆ من ئەوەندە قورس نەبوو، خانوو لە ئێران زۆر گران نەبوو، بەڵام ئەیووت دەبێت موالیدەکەی چەندە ئەوەندە لیرەی شاهنشاهی بۆ بکەیت بە پشتوێنی ئاڵتوون، بەڵام ئەمەیان زۆری دەیویستو توانام بەسەریدا نەدەشکا، واتا ١٣٦٠ لیرە دەکات کە موالیدەکەیەتی، واتا بە ساڵی زاینی ١٩٨٢ دەکات یان ١٩٨١ بیرم نەماوە بەباشی.

زۆر بێتاقەت بووم ووتم: حاجی گیان ناتوانی قسەی تیا بکەیت؟

لەڕاستیدا حاجی سەعی ئەو بنەماڵەیەی خۆش نەدەویست، حەزی نەدەکرد خزمایەتیان بکەین، چونکە کاتی خۆی ئەو بنەماڵەیە کچێکیان خواست بوو لە بنەماڵەی حاجی سەعید و کە پورزای بوو مێردەکەی کوشتبووی، حاجی سەعیدو ئەوانیش کوشتبویانەوە لەجێگادا، ئیتر خوێن بە خوێن کۆتایی هاتبوو بەو کێشەیە.

حاجی سەعید: نەوەڵڵا باوە گیان واز لەو کچە بێنەو لە بنەماڵەی خۆمان بیهێنە، کێت دەوێت بۆت داوا دەکەم چوار پێنجێکی بۆ هەڵدام وای دەزانی تەماتەو بامێ دەکڕم.

منیش نەچوو بە مێشکمدا خۆم هەڵسام چوومە لای کاك عەبدوڵڵا.

ووتم: ١٣٦٠لیرە بەهیچ کەس ناکڕێت، بەڵام ئامادەم پشتوێنی ئاڵتونی بۆ بکەم، با ئەویشی بکاتە مارەییەکەی.

کاك عەبدوڵڵا: زۆرباشە، من قسەی لەگەڵ دەکەم و ڕازی دەکەم.

پاش ماوەیەك کاك عەبدوڵڵا ووتی ڕازیم کردووە هەوڵی خۆت بدە.

زۆر خۆشحاڵ بووم گەڕامەوە بۆ سلێمانی و خەریکی پارە کۆکردنەوە بووم بۆ ئەوەی ماڵێك لە مەریوان بکڕم و باپیرشم لەهەوڵی ئەوە دابوو هەندێك پارەی ترم بۆ دابین بکات بۆ پشتوێنەکە، دەیزانی زۆر حەز لە کچەکە دەکەم. منیش پاڵم لێدا بوەوە بە ئاسانی ئیشەکانم دەکرد ووتم جارێ کچەش لە یەکی زانکۆیە زۆری ماوە.

هاوڕێیەکی خۆم کە خۆم فێرم کردبوو بێتە ئێران و کەرەسەتەو شتومەك بکڕێت کوڕی باشە چووبووە داوای و دایان بەو کە لە من دەوڵەمەند تر بوو دیاربوو ئەو زووتر پارەکەی دابوو پارەی ئامادەبووە، وەك خۆیان دەڵێن ماشێنێکیشی کڕیبوو بۆ باوکی.

ئێرانیش ڕازی بوو شوی پێبکات!

کە من چوومەوە بۆ مەریوان کاك عەبدوڵڵا قسەی لەگەڵ کردم وامزانی هاوکاریم دەکات، کەچی ووتی ژن هێناو شووکردن قیسمەت و نسیبە، حاجی سەعید-یشم لەگەڵ بوو قاقای خۆشی لێئەدا حاجی زوو زوو دەیووت بە کاك عەبدوڵڵا بەڕاستی وایە برا بەخوا وایە قیسمەت و نسیبە لایبە هەر باسیشی مەکە. منیش زۆر بێزار بووم لەژیانی خۆم. هیچم نەووت هیچیشم پێنە دەکرا، هەڵسام هەموویانم بەجێهیشت و چووم بۆ زرێبار، ئەگەر ترسی خوا لەدڵمدا نەبوایە ئەو کاتە خۆم دەخستە ناو زرێبار.

ئەم شیعرەم لەسەر دیواری داروخانەی مەریوان نووسی، لەگەڵ کوڕەکەی حاجی سەعیدا ئیتر مەریوانم بەجێهیشت بەرەو ڕەزایە کەوتمە ڕێ بۆ تورکیا هەر نەچوومەوە بۆ سلێمانیش. ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

ئەستێرەی فرمێسکەکانت هەڵبڕێژە باوەشی منەوە
ئەمەوێت ئەم شەو هەموو ئەڵماسەکان بۆ من بێت
با شەونم ببم بە سنگی گوڵەوە ببمێنمەوە
کێ ناڵێت بەیانی زوو ڕۆژی جیابوونەوەیە
ئاوێنەی چاوەکانت لەبەردەمم دابنێ
مرۆڤ دەبێت لە تەنهایدا هاودەم هاو نەفەسی بێت.

بەرەو ڕەزایە ڕۆشتم قاچاخچیم گرت بۆ تورکیاو گەیشتمە سەڵماس و لەوێشەوە قاچاخچی ترم دۆزیەوە بۆ وان و ئەنقەرە، لەڕێگا گیرام لە بەتمان. سنورداش کرامەوە بۆ سۆلپی.....

چیرۆکی نۆیەم:

سنورداش و گەڕانەوە بۆ ئەستەمبوڵ...

سنورداش کرامەوە بۆ سلۆپی بۆ لای برادەرانی پارتی، گرتیانم لە دهۆك و بەزیندان کراوی دوای هەفتەیەك بەبیانوی ئەوەی پاس ئامادەنییە لە زیندانی دهۆك مامەوە، دوایی ناردیانم بۆ هەولێر بۆ ئاسایشی گشتی، من و ٥٦ کەسی تریان کردە حەمامێکەوە لە ئاسایشی سلێمانی.

ئەوەی خەڵکی هەولێر بوو دوای لێپێچینەوە ئازادکرا، ئەوەی ناسراوی هەبوو ئازاد کران. من و چەند کەسێك ماینەوە لە حەمامەکەدا. منیش هیچ پێناسێکم پێنەبوو.

یەکێك لە ئاسیشەکان هاتە ژوورەوە، ئەوەی پێی بڵێن ئەخلاق و ڕەوشت کەرامەت نەیبوو بەجنێودانەوە.

ووتی: با بەهادین بێتە دەرەوە، منیش قسەم نەکرد ئێ من ناوم خەسرەوە، هاواری کرد با (بەهادینی فەتەکۆپە) بێتە دەرەوە، منیش هەر قسەم نەکرد تەماشام کرد هەموو ئاسایشەکان تەماشای من دەکەن، بە جنێوودان ووتیان وەرە دەرەوە هەی پیاوە حیزەکەی سالار عەزیز!

ووتم: کاکە لەگەڵ منتانە؟

ووتیان بەڵێ تۆ ئەڵێین هەی جەلالی بێ ئەخلاقی واو وا لێکراو ئیتر جنێو بە خۆمو خوشکو دایکم.

هەرچی ووتم کاکە بەخوا من ناوم خەسرەوە ناوم بەهادین نیە، هیچ نەیخوارد. پشتملیان گرتم تفەنگ لەسەر سەرم بوو بردیانم بۆ ژورێك کورێکی موفەوەزی لێبوو.

ووتی ناوت بڵێ؟

ووتم: خەسرەو عەبدولکەریم محەممەد.

موفەوەزەکە: هەتیو درۆ بکەی ئەم جارە یەك فیشەکت پێوە ئەنێم.

ووتم: کاکه من خەڵکی پێنجوێنم، ناوم خەسرەوە کەسێکی پێنجوێنی بانگ بکە ئێوە هەڵەن لێتان تێکچووە.

موفەوەزەکە: ئاخر بەهادینی بێئەخلاق خەڵکی پێنجوێن! ئەزانین خۆمان.

ووتم: خوایە چۆن گیرم خواردوە بەدەست ئەمانەوە. هەر بڕوایان نەکرد، وابزانم بۆم هاتن بە چوار کەس بۆ لێدانم، منیش خۆم دانابوو بۆ کوشتن زانیم بە بەهادین تێگەیشتوون دەمو چاومان وەك یەك بوو.

خوای گەورە کردی کەماڵە ڕەشی کۆنە ڕەفیقم کە حەزی لە بەیان بوو خۆی کرد بە ژوورا، ئیتر ووتم کاکە ئەو کوڕە من دەناسێت لێی پرسن من کێم؟

کەماڵە ڕەش: دەیناسم ناوی خەسرەوەو کوڕی گەڕەکی خۆمانە، بەڵام جەلالییەکی پیسە، بەپێکەنینەوە.

لەڕاستیدا نەیهێشت لێمبدەن، بەڵام هەر بێ ئەخلاقی نواند داوای قاپێ عارەقی لێکردم کە ببێتە کەفیلم.

ووتم: پارەم پێنییە.

ووتی: بەرتنادەم تا بۆم نەکڕیت.

ووتم: عارەق حەرامە بۆت ناکڕم.

کەچی هەر نەبوو بەکەفیلم.

بردیانمەوە بۆ زیندان، سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا کە نەجاتم بوو لەدەستی ئەو جەلادانە.

دەمەو ئێوارە بوو لەپڕ ئاسایشێك هاتە حەمامەکەوە من هەموو گیانم عارەق بوو.

ووتی: خەسرەو بێتە دەرەوە، قۆڵی گرتم بردمی بۆ ژووری جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، خوێندمەوە ژوورەکە وا نوسرابوو.

چوومە ژوورەو پیاوێکی قۆز هەڵسا لەبەرم.

ووتی: خەسرەو من دەناسیت؟

ووتم: نەوەڵڵا قوربان ناتناسم.

ووتی: من شێخ فازیلم، ئەزانم تۆ جەلالیتو باوکیشت هەر جەلالی بووە ئێستا ئەتبەین بۆ ئاسایشی ئاکرێ، بەڵام هەر پێم پێدەکەنی.

لەڕاستیدا منیش ئەژنۆم شکا.

تۆزێکی پێچوو ووتی: برسیت نییە؟

منیش تف لەدەما ووشك بووە، یەك هەفتەیە نانم نەخواردووە لە نانە ڕەقەو شتی سادە بەولاوە، دوو ڕۆژیشە هیچم هەر نەخواردوە بێجگە ئاو، ووتم: نا سوپاس.

شێخ فازیل: خۆ هەر ئەتبەین بۆ زیندانی ئاکرێ بۆ نان ناخۆیت؟

زیندانی ئاکرێ پیسترین زیندانی پارتیە، یەکێتیەکانیان تێدا زیندانی دەکرد. لای یەکێتیش زیندانی قەڵاچوالان هەبوو بۆ پارتیەکان.

چارم نەما ووتم: باشە سوپاست دەکەم.

شێخ فازیل: حەز لەچی دەکەیت بۆت بێنن؟

ووتم: هەرچی بێت خوا نەی بڕێت؟

شێخ فازیل: ئاسایشێکی بانگکرد ووتی بیبەن بزانن چی دەخوات.

منیان برد بۆ جێگایەك هەر لە تەنیشت ئاسایشی سلێمانی لە سەر شەستییەکە، ناوی مطعم (لیرە) بوو.

چوم تێرو پڕ هەمبەرگرو گەصم خوارد، ئاسایشەکەش تەماشای دەمی دەکردم منیش لەداخا نەمووت بخۆ، چونکە من خۆم دانابوو بۆ زیندانی ئاکرێ، دوای نانخواردن گەڕاندمیانەوە بۆ ناو ئاسایشی گشتی، ڕەوشەکەم بەلاوە سەیر بوو.

شێخ فازیل سواری سەیارەکەی خۆی کردم، لەدواوە دانیشتم پاسەوانێکی لەگەڵ بوو لە پێشەوە دانیشت، منیش بەتەنها لەدواوەو خۆشی سەیارەکەی لێدەخوڕی. سەیارەکەش (ئۆڵدزموبیل) ێکی سپی بوو، بە بیرما هات پەلاماریان بدەم، بەڵام هەرچی تەماشا دەکەم ڕێزگرتنە نەك زیندانیکردن، دانم بەخۆمدا گرتو هیچم نەووت.

بردمی بۆ گەڕەکێك لەهەولێر لەبەردەم دەرگای ماڵێکدا دەیبەزاندم مامۆستا سەید ئەحمەد پێنجوێنی هاتە دەرەوە و بەخێرهاتنی کردین و ووتی کاکە خوسرەو گیان بەخێر بێیت بابچینە ژوورەوە. منیش دەستیم ماچ کرد، چونکە وەك خاڵمان وایە جەنابی مامۆستا سەید ئەحمەد.

زۆر بەگەرمی خولکی کاك شێخ فازیلی کردو ووتی: نانی ئێوارە ئامادەیە فەرموو!

شێخ فازیل هاتوو چووینە ژوورەوە تەماشا دەکەم دایکم دانیشتوە! بەڵام من توشی شۆك بووم.

شێخ فازیل: کاکە خەسرەو، من لەشارۆچکەی سەیدسادق تەنزیمی باوکی تۆ بووم ئەو دەمە من کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم ئێستا پارتیم! هەر پێدەکەنی و ئەیوت چاکم ترساندی!

پاشان بەردەوام بوو فەرمووی: باوکی جەنابت منی دروستکردو ڕێزو حوورمەتم هەیە بۆ ئامینەخانی دایکت، ئەگەر ئازارێکیشت درا بێت لای ئێمە داوای لێبوردن دەکەین، خۆت دەزانی ڕەوشەکە چۆنەو پارتیش دوژمنی زۆرە.

منیش زۆر مەمنونی کاك شێخ فازیل بووم جێگری بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی، ئەودەمە بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی ناوی کاك فازیلی مەلیح بوو.

ئەو شەوە لە خزمەت مامۆستا سەید ئەحمەد دا بووین، بۆ بەیانی من و ئامینەخانی دایکم گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

ماوەی مانگێك لە سلێمانی مامەوە، دیسان لێمدایەوە بۆ تورکیا، ئەمجارەش سنورداش کرامەوە، بەڵام لە ئێرانەوە لای پارتیەوە نەبوو.

جارێکی تریش بڕیارمدا کە بچمەوە تورکیا، لەکۆتایدا گەیشتمە ئەستەنبوڵ.

قاچاخچیەکان ناویان داناو بەکرو عوسمان بوو، لەڕێگادا بوو بە شەڕم لەگەڵ دانەیەکیاندا کە جنێوی ئەدا بە خەڵك، پەلامارم داو ووتم: ئەمجارە جنێو بدەی لێرەدا کەرامەتت دەشکێنم، زۆرێکیش لە نەفەرەکان پشتی منیان گرت قاچاخچییەکان قسەیان نەکرد! بەئاسایی وەرمگرت نەمزانی ئەمانە هەموو سەرو بنی یەکترن و وایان دانابوو کە من بگەمە ئەستەنبوڵ لێمبدەن.

ئەو ئێوارەیەی کە گەیشتینە ئەستەنبوڵ شەش قاچاخچیم لێکۆبوویەوە گەورەکەیان ناوی ئاریە سور بوو.

ئاریە سور، عوسە شەش پەنجە، دڵە شەرواڵ پیس، دانای عەبلی عەبان، بەکری سەعۆلەو یەکێکی تریش بوو کە نەمدەناسی.

کۆڕێکی لێبوو ناوی کاك عوسمان بوو زۆر بەڕێز بوو ئەوانیشی دەناسی و منیشی دەناسی لەڕێگادا نوێژم دەکرد هەستی دەکرد تەنزولم نەدەکردو خەریکی ماستاو کردن نەبووم، بۆیە ڕێزی لێدەگرتم لەوێ ئاگام لێبوو نەیهێشت هیچ کارێك بکەن. هات چپاندی بەگوێمدا ووتی: ئەگەر جنێویشیان پێدای قسە مەکە ئەیانەوێت لێت بدەن.

بێجگە لەو شەش کەسە هەریەکە چەورەیەکی تریشی لەگەڵ بوو، منیش زانیم دەرەقەتی ئەم هەمووە نایەم شەڕی خۆترێن ناکەم، بەڵام سەری مارەکە ئارییە سور بوو، لەوە پەست بوو بوو کە ووتم نابم بەنەفەری تۆ نەفەری هیوای قوماشم، ڕقی لە هیوا بوو، هیواش پێنجوێنی بوو و کۆنە پێشمەرگە بوو لەگەڵ باوکم.

کەهاتن چوومە نزیك مەطبەخەکەوە چەقۆیەکم گرت بەدەستمەوە، چەقۆی شت پاکردن بوو. خۆم سەرقاڵ کرد بە شت چاکردنەوە. ئەوانیش زانییان خۆم ئامادەکردووە.

وایان دانابوو کە شەو هاتنەوە بۆ خواردنەوە، ئەو کاتە لێم بدەنو کەرامەتم بشکێنن.

مامۆ کاك عوسمان ئاوابێت ووتی: کاکە بەخوا تۆم خۆشدەوێت، بەڵام ئەمانە کەرامتت دەشکێنن یان دەبێت تەحەمول بکەیت یان دەبێت لێرە ڕاکەیت. بەمنیان ووتوە ئاگات

لە خەسرەو بێ ڕانەکات شەو ئەیکەینە مەزەی خۆمان، منیش بۆ خوا پێت دەڵێم ڕاکە.

زۆر مەمنونی بووم، تەنها کراسێك و پانتۆڵێکی کابۆم لەبەردابوو، هیچ، پارەشم پێنەبوو. داوای ٥٠ دۆلاریشم کردبوو بەناوی ئەو قاچاخچییانەوە بێت کە ئارییە سورە، فریانەکەوتم ئەو پارەیەم بەدەست بگات. لە شوقەکە ڕامکردە دەرەوە نەمدەزانی بۆ کوێ بچم، هیچ جێگایەك شارەزا نەبووم، ئەستەنبوڵ زیاد ١٨ ملیۆن کەسە، یەکەم جارمە بێمە ئەستەنبوڵ مانگی نۆیە بەشەودا ئەستەنبوڵ زۆر ساردە.

گەڕام زۆر گەڕام کوردم نەبینی، بەسەر ئەو جادانەدا گۆڕانی مامڵێ و حەسەن زیرەك چیم لەبەر بوو هەموویم ووت، هەموو تورك تەماشای دەکردم یەك کوردم نەبینی، چوومە مزگەوت بۆ نوێژەکان بەعەرەبی قسەم دەکرد، یەك مەلا عەرەبی نەدەزانی.

شەو ساردەو یەك کراسم لەبەردایە سەرمامە هەڵدەلەرزم، پارەم پێنیەو برسیمە کەس ناناسم، تورە بووم سوێندم خوارد دەچمەوە کوردستان تۆڵە لەو قاچاخچییانە دەکەمەوە.

ئاگر لەچاوم دەباری، بڕیارمدا خۆم تەسلیم بکەمەوە بە پۆلیسی ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی بمگەڕێننەوە بۆ سلێمانی.

ڕۆشتم سەیارەیەکی پۆلیسم بینیو چوومە لای ووتم: بەن ئیراکیم، پاسۆپرت ماسپۆرت یۆك.

ئەوەندە فێر بوبووم، کابرای پۆلیس هەر جوابیشی نەدامەوە!

منیش خۆم تورە کردو ئەو ڕستە سەرو گوێلاك شکاوەم دووبارە کردەوە، زانی هەڵدەلەرزم لەسەرماندا زۆر پیاو بوو پۆلیسەکە ووتی:

بڕۆ ناو سەیارەکەو دانیشە.

ئاگام لێبوو دەستیکرد بە جیهازکردن بەتورکی دای بەیەکداو باسی منی دەکردو عێراقی و پاسپۆرت و لەم جۆرە قسانە، هەستم کرد مەوزوعەکە منم.

ماوەی چارەکێك لەناو سەیارەکەدا بووم ئەوەندەم نەزانی پۆلیسێکیان هات.

ووتم: ئێستا دەمبات، بەڵام یەك دنیا پسکیت و چۆرەك و سمیتی بۆ هێنام، خواردنێکیان هەیە وەك نان وایە خرە کونجی پێوەیە پێی دەڵێن سمیت. ٨ ملیۆن لیرەی دامێ! ئەوکاتە ٨ ملیۆن لیرە زۆر بوو، هەر١٠٠ دۆلار لە تورکیا ٣٣ یان ٣٦ ملیۆن لیرە بوو.

سمیت و پسکیتەکەم وەرگرتو پارەکەم دایەوە، کەچی دوو ملیۆنی تری خستە سەری.

ووتی: ئەوە ١٠ ملیۆن وەك بڵێ ڕازیت! منیش بەلامەوە سەیر بوو، کەچی ووتی: دابەزە بە ئینگلیزی، ئێمە پۆلیسی ترافیکین واتا مرور بوون.

ووتم: ئەی ناتوانن بە پۆلیس بڵێن بمگرن و بمگەڕێننەوە بۆ عێراق؟

ووتی: با تەلەفۆنم کردووە ئێستا دێن ئەت بەن.

خۆشحاڵ بووم بەس بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە کوردستانو تۆڵە لەو قاچاخچییانە بکەمەوە.

سەیارەیەك هات بەلورەلورو منیان برد بۆ جێگایەك ناوی قەرەقول بوو کەچوومە ژوورەوە، شتێکی زلی کەچەڵ دانیشتبوو، لەدوورەوە منی بینی ووتی: سن پەکەکە؟ دەموچای لەوە دەچوو کە مانگا جویبێتی، ئەوەندە چرچ لۆچو ترسناك بوو، هەر زیڕەم کرد کەوای ووت!

ووتم: ئەکمەك- ئەکمەك واتا (نان)، ئەویش هەر دەیووت پەکەکە.

منیش ئەمووت: ئەکمەك.

موتەرجمێکی کرمانجیان هێناو وابزانم ١٥ بۆ ٢٠ کەس لەو ژورەدا دانیشتووبون هەمووی دەرەجەدارو کەچەڵ و سەیری منیان دەکرد.

منیش لە ناوەڕاستیاندا وەستابووم، ئینجا وەرە خەسرەو دڵت شەق نەباتو زیڕەنەکەیتو پێشت بڵێن پەکەکە.

پرسیاریان کرد منیش بەڕاستگۆیی باسەکەم کرد ئەوەی ڕوویدابوو گێڕامەوە، سوێند بەخوا شوێنەکەم بزانیایە کوێیەو بچومایەتەوە سەری. هەموو ئەو قاچاخچیانەم بەخۆمەوە سنورداش دەکردەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیان لە سلێمانی، ئەوەندە تورە بووم. دوایی کە وەزعەکەیان زانی چییە، ئەوەندەم زانی هەرە گەورەکەیان هەڵسایە سەرپێ.

ووتم: بەخوا ئەم سەگبابە بەدەستی خۆی تەعزیبم ئەدات بڕوا ناکات پێم.

کەچی دەستی کرد بەگیرافانیا دنیایەك پارەی دەرهێنا، ئەوانەشی دانیشتبوون هەموو دەستیان کرد بەگیرفانیانداو پارەیان دەرهێنا.

وابزام سەفتەیەك پارەیان دامێ، دوایی بژاردم بۆم دەرکەوت ٨٠ ملیۆن لیرەیان داومەتێ.

پیاوە گەورەکە نامەیەکی بۆ نوسیم لەسەر وەرقەیەك و دایە دەستم بەکرمانەجەکەی ووت بیبە بۆ ئەکسەرای.

کرمانجەکە بردمی تا تۆپقاپیو لەوێوە سواری پاسی ئەکسەرای کردم و بە سایەق پاسەکەی ووتبوو بماتە ئەکسەرای لای وەطن جادده نزیك یابانچی شوعبە.

سایەق پاسکە ووتی: لەم ڕێگایەوە بڕۆ ئەچیتە وەطن جادده، ئەوە یابانچی شوعبەیە ئیتر ئەتبەنەوە بۆ عێراق.

نازانم بڕۆم یان نەڕۆم، بەڵام هەر تووڕەم گیرفانیشم پڕە لەپارەو بە ئەقڵی خۆم

وامزانی ئەونامەیە کە کابرا بۆی نوسیووم، ئەدرەسە بەڵام نیشانی هەر کەسم ئەدا دەستی دەکرد بەگیرفانیدا تۆپەڵێك پارەی ئەدامێ.

لەوانەیە لە ١٠کەسم پرسی بێت نائومێدی نەکردم یەك دوو ملیۆنی هەر ئەدامێ.

هەر کەسیشم دەبینی پێم دەووت: وەطن جادده یابانچی شوعبە، ئیتر ناردیانم ووردە ووردە، ئەو کاغەزەشم نیشانی هەر کەس ئەدا لە ملیۆن لیرە کەمتری نەئەدا!

نیوەی شەوە لە ئەکسەرای لەبەردەم میترۆکەدا دوو سەیارەی پۆلیسی لێبوو، چوومە لایان و ووتم: بەن عێراقی و پاسۆپرت ماسۆپرت یۆك، ووتیان: نەچیتەوە بۆ عێراق سەدام ئیعدام دەکات!

ئەوشەوە لە ناو سەیارەی پۆلیسەکاندا خەوتم، ئەوانیش کە نامەکەیان بینی دەستیان کرد بەگیرفانیاندا پارەیان دامێ و بەیانیش بەیەکەوە نانمان خواردو دوای بەسەیارەی خۆیان بردیانمە بەردەم یابانچی شوعبە.

چوومە ژورەوە سلاوم کرد، یەك کەس وەلامی نەدامەوە، تەماشای دووگۆڵیان دەکرد دوای ١٠ دەقیقە یەکێکیان ڕەحمی جولاّ ووتی: چیت دەوێت، قەوانەکەم لێدایەوە بەن عێراقی و پاسپۆرت ماسپۆرت یۆك. نامەکەم نیشاندا و ووتی بیبەن بۆ سجن.

ووتم: ئۆخەی گەیشتم بەئاواتەکەی خۆم.

کەچووم پڕ بوو لە کورد، ڕەفیقێکم بینی ووتی: ئەوە بۆ گیراوی؟

ووتم نەگیراوم خۆم هاتووم، ئەویش خەریك بو شێت ببێت، وەرزعەکەم بۆ گێڕاوە.

ووتی: ئەی بۆ نەچویت بۆلای کاك هیوا لە بیوك چەکەمەچەیە کەمالی برازای لەوێیە.

ووتم: جا من چوزانم.

زۆر ماندوو بووم چاوم چووە خەو، بانگیان کردم ووتیان: کەریم بابێت بۆ تەحقیق.

چووم کورێکی کەرکوکی موتەرجمم بوو ئەویش خۆی سجن بوو.

موحەقیقەکە ووتی: ببورە ئێمە ناتوانین بتگرین دەبیت تۆ لە قەرەقولەوە بنێر درێیت بۆ لای ئێمەو مەحکەمە بکرێت، ئینجا ئێمە ئەتگرین و سنورداشت دەکەینەوە، تکایە بچۆ دەرەوە!

منیش خۆم تورەکردو ووتم: ناچمە دەرەوە دەبێت بمگرنو لەم قسانە. کورە کەرکوکیەکەش شێت بووبوو ووتی: بۆ وا دەکەیت برۆ دەرەوە.

ووتم: کاکە کەس ناناسم؟

ووتی: ئەی هاوار ئەستەنبوڵ پرە لە کورد، برۆ دەرەوە بەخوا تۆ شانست هەیە.

گەڕامەوە بۆ سجنەکە ووتم شتم بەجێهێشتووە باش بوو خێرا بەهاوڕێکەمم ووت ڕەقەمەکەی هیوای قوماشم بدەرێ وەرمگرتو لە یابانچی شوعبە هاتمە دەرەوە.

لەدڵی خۆمدا ووتم: خۆ من پارەم پێنەبوو ئێستا گیرفانم پڕە لەپارە، کەس تەعەدای نەکردووە وا خۆم مەشەوەش کردووە، بڕۆ بۆ بیوك چەکمەچە بۆلای هیوای قوماشو تۆڵە لەبیرکەو بەرەو ئەوروپا بڕۆ.

هەرکە هاتمە دەرەوە قەمسەڵەیەکی گەرمم کڕی بەلام شاز، گۆرەوی تازەو پێڵاوی جوانم کڕی، پانتۆڵو ملپێچ خۆم نوێ کردەوە. هێشتا ١١٠ ملیۆن لیرەم پێیە.

بیوك چەکمەجە ٤٥ دەقیقە لە ئەستەنبوڵ دوورە، شارێکی سەربەخۆ بوو وەك سەرچنارو سلێمانی.

گەیشتمە ئەوێ تەلەفونم کرد، کوردەکان هاتن بەدەمەوە چوومە ئەوێو لەوێ مامەوە.

دەستمکرد بەکارکردن لە غەسلەکەی هیوای قوماش، بە خۆڕای کارم دەکرد ئەو ماوەیە بەس بۆ ئەوەی شەوان جێگام بکەنەوەو بەیەکەوە بین، کاك هیواش حەقی منی کردەوە ٥٠ دۆلارەکەشی بە شەق لێسەندبوونەوە پارەکەی بۆ هێنامەوە، بەلام من هیچیانم نەبینی لە قاچاخچییەکان. ڕۆژێکیان نەبێت یەکێکیانم بینی لەم شارەی خۆم لە نەرویج، تەماشام کرد لەمزگەوت هاتە دەرەوە نوێژی دەکرد.

ووتم: تۆ عوسمان شەش پەنجە نیت؟

ووتی: ئەوم، زانی تورەم.

ووتی: ئێستا نوێژ دەکەم و حەجم کردوەو مالّی خوشکێکم لێرەیە لە بەریتانیاوە بەسەردان هاتووم، ١٦ ساڵیش بەسەر وەزعەکەدا ڕۆشتبوو، ئیتر منیش هیچم نەداوە بەناوچاویدا ڕێزم گرتو ڕۆشتم وابزانم نەیناسیمەوە!

بەردەوام کارم دەکرد بە خۆڕایی تا شارەزا بووم لە ئەستەنبوڵ، دوای چوومە سەمونخانەیەك و دەستمکرد بەکار لەوێ، هەر لەوێ ژورێکیان دامێ و سەیارەیان دامێ سەمونم دابەشدەکرد لەگەڵ کوڕێکدا ناوی ڕەفعەت ئابێ بوو، هاوکاری ئەوم دەکرد بەیەکەوە واتا ئەو وەستای من بوو.

ژورێکی تریش لە تەنیشتمەوە بوو چەند کوڕێکی کرمانجی تێدا بوو. ئەوانیش لە سەمونسخانەکە کاریان دەکرد زۆر کوڕی چاك و دیندار بوون، نوێژو شتمان هەر بە جەماعەت بوو بەیەکەوە خەڵکی دیار بەکر بوون، بەلام من ژورەکەم تەنها بوو، دیار بوو ئەوان براو ئامۆزاو شتی وابوون بۆیە هەموویان بەیەکەو بوون، منیش تەنها بووم جاروبار هەر بۆ خۆشی دەچوومەوە بۆ غەسلەکە بۆلای هاوڕێکانم، بەلام جێگای من زۆر

خۆش بوو لەڕووی ئەمنیەوە زۆر باشتر بوو.

لەو بەریشمانەوە ژوورو نیوێکی لێبوو کۆمەڵێك کوردی تێدا دەژیان دەمزانی قاچاخچین، بەڵام نەمدەناسین هەر ووتم پرسیاریان دەکەم لەو کوڕانەی هاوڕێم، بەڵام هەر لەبیرم دەچوو، هەر جارێك یەکترمان بدیبایە سڵاومان دەکرد لەیەکتر بەردەوام ئەو ژورەش ٤ کەس بۆ ٥ کەسم تێدا دەبینی بەبەردەوامی ناویانم نەدەزانی.

شەوێکیان گوێم لە قیژەی ژنو کچێك بوو، بەکوردی هاواریان دەکرد بۆ خاتری خوا، بۆخاتری پێغەمبەر شەرەفەمان مەشکێنن. خۆم پێنەگیرا چوومە دەرەوە و نزیك بوومەوە لە ژورەکە گوێم لێبوو یەکێکیان ئەیووت هاوار مەکە بانەمانگرن زوو دایکەنە با نەجاتمان بێت! منیش هەر گوێم گرتبوو، کچەکە دەیگوت ئاخر من کچم حەیام مەبەن، دایکیشی دەیوت چیتان دەوێت لەمنی بکەن واز لەوبێینن، یەکێك لە کوڕەکان بە کچەکەی دەگوت من لەدواوە لەگەڵت ڕادەبوێرم مەترسە.

هەموو گیانم سور بووبوەوە نەمدەزانی چیبکەم، دەمزانی ٤ بۆ ٥ کەسی لێیە، شەڕکردن لەگەڵیان هەروا ئاسان نیە.

چووم سەیدا حیلمی-م هەڵساند... برا گەورەکەیان ناوی حیلمی بوو کرمانجەکان، زۆر دیندارو خواناس بوون تا تێمگەیاند گیانم دەرچوو، هاتن بەدەممەوە ڕۆشتین منیش بە چەقۆوە ئەوانیش بە دارو چەقۆوە لەگەڵم هاتن.

بەتوندی کێشام بەدەرگاکەدا بە سەیدا حیلمی- م ووت: بە تورکی قسە بکە بابزانن تورکینو بڵێ پۆلیسین.

هاواری کرد (ئامنە قۆیم) جنێوی تورکەکانە بوو...

ووتی: پۆلیسین دەرگاکە بکەنەوە دەنا دەیشکێنین، وەڵا دەنگ نەما! منیش هەر ئەمدا لەدەرگاکە، کچو ژنەکە کردیانەوە.

سوپاس بۆ خوا، فریایانن کەوتین.

ژنەکە ڕووت وقوت بوو، کچەکەشی جلەکانی دڕابوو. باوەشی کرد بە منداو بەتانییەکی لە خۆ پێچابوو، هەر ئەیووت تەعدا تەعدا، وای زانی ئێمە تورکین.

منیش ووتم خوشکی من خەم مەخۆ ئاگام لێبوو هاتم کە تەعدادتان لێنەکەن، زانی کوردم دانەویوە قۆنەرەکانم ماچ بکات نەمهیشت، بەڵام دەستمکرد بەگریان بۆیان زۆر خەفەتم خوارد.

ناردمنە ژورەکەی خۆمو جلوبەرگەکانیان هێنا، ئەو خوێریە کوردانەی تریش لە پەنجەرەی حەمامەکەوە هەموویان ڕایانکردبووە دەرەوەو کەسی لێنەمابوو.

گڕم بەردایە ژوورەکەیان، بۆ ئەوەی بیر نەکەنەوە بێنەوە.

زیاد لە ٢٠ وەرەقەشم لەگیرفانی یەکێکیاندا دۆزیەوە.

بە ژن و کچەکەم ووت: نەیەنە دەرەوە بەهیچ شێوەیەك من ئەو ماڵە دەسوتێنم، خواردن لە سەلاجەکەدا هەیە بەیانیش دێمەوە بۆلاتان نەیەنە دەرەوە تکایە.

لەوەی کە ڕابوورد

لەوەی کە شکا

لەوەی کە نەبوو

لەوەی کە ڕژا

خەفەت مەخۆن

ژیان ئەگەر ئاسان بوایە بە گریان دەستی پێنە دەکرد.

چیرۆکی دەیەم:

من و یاسەمین

ئەو ژوورەم سوتاندو بە سەیدا حیلمی- م ووت کە پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە، هەرخۆیشی قسە لەگەڵ پۆلیس بکات و بەدووریان بخاتەوە لەو ژوورە کە منی لێبووم، ئێستا ئافرەتەکانی تێدایە.

دوای سوتاندی منیش ڕامکرد بۆ غەسلەکەو لای جەماعەت مامەوە، هەڵکەوتە ڕەش ناسراو بە هەڵە دەبابەو شێخ ئەرسەلانی برای شێخ بورهان لەوی بوون، زۆر کوڕی چاکبوون هاوڕێی خۆم بوون، بەڵام ئەوان دەیانخواردەوە.

وویستم بڕۆم ئەرسەلان ووتی: بەخوا لە بەر تۆ ناخۆمەوە ئەم شەو مەڕۆ لێرەبە.

منیش خواخوای خولکە گورگانەیەکمە، بۆیە خێرا ووتم: باشە!

دەمەو ئێوارە بوو نانمان دروستکرد، خەریکی قسەی خۆش و ناخواردن بووین، یەکێك لەو کوڕانەم بینی کە لەو ژوورەدا دەژیا هات، کەمالی دەناسی. هەر بینیم ئەوەندە تورە بووم هەموو گیانم بوو بە بورکان.

هات دانیشت کەسیان نەیاندەناسی بێجگە کەمال، کەمال ناساندی بە ئێمە، ووتی: ئەوە کاك سیروانە ماڵەکەیان سوتاوە، ئەم شەو لای ئێمە دەبێت.

کە وای ووت من شێت بووم!

چپاندم بە گوێی ئەرسەلانداو ووتم: ئەم شەو من ئەم هەتیوە دەکوژم.

ئەرسەلان: بۆ؟

هەموو وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەرسەلان زۆر تورە بوو لەتاواندا لێوی خۆی دەگەست.

منیش ڕوومکردە سیروانو ووتم: ئەو ژوورە هی ئێوە بوو کە دوو ئافرەتەکەی تێدا سوتا ئەمشەو؟ ئەوە چی بووە؟

که وام ووت ڕەنگی تێکچوو.

سیروان: غاز تەقیوە پیایاندا نەفەربوون.

ووتم: ئەو ناوە بووە بە پۆلیس و من نەموێراوە بمێنمەوە هاتووم بۆ ئێرە، کە وام ووت یەکسەر هەڵساو ڕۆیشت، هەرچی کەمال ووتی بمێنەرەوە ئەم شەولێرە بە، ووتی نا دەبێت بڕۆم.

وەزعیم باش تێکدا بەس خێری پێوەبوو کە ڕۆشت، ئەو شەوە لەوێ بمایەتەوە منو ئەرسەلان خراپمان بەسەر دەهێنا، هەرچەندە دوایی بیستمان کە لە یۆنان لەگەڵ دووکەسی تردا بەچەقۆ کوشتویانە.

بەیانی چوومەوە بۆ کار لەگەڵ سەیدا حیلمی قسەم کرد، ووتی پۆلیس هاتوون بەس زۆر نەبوون تەنها ئەوانەی فەرمانبەری ئاگر کوژانەوە بوون لەوێ مابوونەوە تا درەنگ.

تەماشامکرد هەموو هاوکارەکانم لە فڕنی سەمونەکە تەماشام دەکەن، بەجۆرێك تەماشایان دەکردم، خۆشم لام سەیر بوو، بەتورکی ووتم نەئوڵدوو.. نەوار نەیوك؟

واتا چی ڕوویداوە، چی هەیە؟ هیچ بووە؟

ڕەفعەت ئابێ هات ماچیکردم، بە تورکی چۆخ چۆخە کەی ووت ئیتر زانیم زۆر ڕازییە.

چووم بۆ لای حیلمی ووتم: سەیدا بە پەترۆنەکەمت نەووتووە؟

پەترۆن واتا وەستاکەمان، خاوەن ئیشەکە ناوی ئایدن بوو.

حیلمی: بەرێ وەڵلا پێمان ووتووە.

زۆر ترسام ووتم بەخوا دەرم دەکات، چەند سەعاتێك سەمونمان دابەشکردو گەڕانیەوە بۆ سەمونخانەکە، تەماشامکرد ئایدن ئابێ لەوێیە کەمنی دی هاواری کرد کەریم، کەریم، گەل واتا وەرە.

منیش ووتم: ئڤیت ئابێ واتا بەڵێ، کاکەحیلمی بانگکردبووە موتەرجمم.

ئایدن: ڕۆژانەکەتم کرد بە دوو ملیۆن و نیو، پێشتر ملیۆن و نیوێکم هەبوو، تەنها یەك مانگ بوو ئیشم دەکرد.

ئینجا ووتی: بڕۆ تا یەك هەفتە مەیەرەوە بۆ کار ئیشی ئەو خێزانەی کە پاراستوتانە ڕاییکەو ئینجا بێرەوە بۆ کارەکەت، ئەویش پارەی هەفتەیەك بۆ خۆت حەقی ئەوەی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا دەبیت و ١٠٠ ملیۆن لیرەشی دامێ کەبیاندەم بەو دوو ئافرەتە، ووتی ئەوە دیاریە، پاشان دوای هەفتەکە وەرەوە بۆ ئێرە ئیشم پێتە!

زۆر دڵم خۆش بوو، هەر ئەمووت چۆخ ساوڵ ئابێ، لەوانیە ١٠٠جار ووتبێتم چۆخ ساوڵ ئابێ.

دەستم لە ئیش هەڵگرتو چوومەوە بۆ لای دوو ئافرەتەکە، تەقەم دا لەدەرگا ووتم خەسرەوم بیکەنەوە مەترسن.

دەرگایان بۆ کردمەوە، زۆر کزۆڵ بوون هەردووکیان.

ووتم: تۆ دایکی منیت و ئەویش خوشکی منە، بەس بەخوا دایکە نازانم ناوت چییە؟

ووتی: کاکە خەسرەو گیان من ناوم ڕووناکەو کچەکەشم ناوی تافگەیە.

هەستم دەکرد تافگە زۆر تەریق دەبووەوە، بۆیە ووتم تافگە، خوشکێکم هەیە زۆر لە تۆ دەچێت، زۆریشم خۆشدەوێت. تۆش وەك ئەو خوشکەم وایت بۆ من ئەزانی.

خۆشحاڵی خۆمم بۆ دەربڕینو ووتم: من براو کوڕی ئێوەم بێخەم بن، ئەم ماڵەش ماڵی خۆتانە، نەموبست هیچ باسێك بکەمەوە لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی باسی هیچ نەکەن و ئیحراج نەبن، بەڵام ڕوناکخان بەگریانەوە دەستیکرد بەقسەکردن، تافگەشی خستە گریان.

چیرۆکی ژیانی خۆیانی بۆ گێڕامەوە..

ڕووناکخان: لەسلێمانییەوە هاتین لەگەڵ چەند قاچاخچییەك منو تافگەو پیاوەکەمو کوڕەکەمو برایەکم، لەدوای ئەوەی لە ئەستەنبوڵ مامەڵەمان کرد لەگەڵ چەند کەسێك بۆ یۆنان، لەم شەوانەی ڕابردوودا پیاوەکەمو کوڕەکەمو براکەم پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، کەچی ئێمەیان گەڕاندەوە ووتیان پۆلیس هاتووە ئەوەیان بەسەر هێناین کە بینیت و ٢٠ گەڵاشم پێبوو ئەونامەردانە لێیان سەندم.

کەوای ووت دەستم کرد بە پێکەنین.

ڕووناکخان: خەسرەو گیان بەچی پێدەکەنیت بەخوا درۆ ناکەم!

ووتم: بەخوا دەزانم درۆناکەیت، بەڵام پێکەنیم بەشتێك دێت کە قسەکانت تەواو کرد بۆت باس دەکەم، بڕواناکەیت چی ڕوویداوە، خەمت نەبێت ٢٠ گەڵاکەت لای منە و نەفەوتاوە.

لەئەنجامی قسەکانی بۆم دەرکـەوت کە ئەم قاچاخچییە سەخیفانە لە مێردەکەیو براکەیان جیاکردۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرن ئەوە ئیشی بەشێکی زۆر لەو قاچاخچیە خوێڕیانە بووە لە تورکیاو ولاتەکانی تر بە گشتی.

منیش باسەکەم بۆ کرد و ٢٠ گەڵاکەم دایەوەو ١٠٠ ملیۆن لیرەکەشم دایەو ووتم چیتان دەوێت بۆتان بکەم، باسی ئـەوەم کرد کە وەستاکەم بە ئێوەی زانیوە ئەم دیارەشی بۆ ناردووین هیچ خەمتان نەبێت پارێزراون، ئێستا چیتان دەوێت تا بۆتان بکەم؟

ووتیان: تەنها دەمانەوێت تەلەفون بکەینەوە بۆ کوردستان و بزانین هاوسەرەکەم لە یۆنانە یاخود گیراوە؟

لەبەرچاویاندا نوێژمکرد، بۆ ئەوەی زیاتر دڵ ئارام بن لەمن و ووتم دەچین بۆ بازاڕ

جلوبەرگو خواردن بکرێ، لە ژیانمدا بەقەدەر ئەو ڕۆژە هیلاك نەبووم، کاکە ئافرەت هەر تەواو نابێت لەبازاڕ کردن ڕووشم نەدەهات قسە بکەم ٥٠ دووکان چوون بۆ جل هەلگرتن.

ئەوەندە ماندوو بووم شل بوو بووم، تەلەفونیان کرد سوپاس بۆ خوا هاوسەرو براکەی کوڕەکەی لە یۆنان بوون، هاوسەرەکەی قسەی لەگەڵ من کرد ووتی دەگەڕێمەوە بۆ تورکیا با لای تۆ بن زۆر مەمنون دەبم.

ووتم: کارێکی باش دەکەیت، بێخمبە پارێزراون وابزانە لەماڵی خۆتاندان تا سێ ڕۆژ لە ژوورەکەی من بوون منیش دەچووم بۆ لای جەماعەت لەغەسلەکە، هاوسەرەکەی گەڕایەوە ناوی کاك بەرزان بوو زۆر مەمنونی دەربڕی، ٢٠ وەرقەکەی لە ڕووناکخان سەندەوە دایە من منیش لێم وەرنەگرت و عەرزی کاك بەرزانم کرد، بە پارە کارم نەکردووە، بەڵکو بۆ خوا کردوومە، گەر بە پارە بوایە، نە ٢٠ گەلاکەم ئەدانەوە نەحەقیشم هەبوو بەسەریانەوە.

زۆر مەمنونی دەربڕیو ڕۆشتن، ئیتر نەمزانی چیان لێهات، دوای ٥ ڕۆژ چووومەوە سەرکارەکەمو ئاسایی کارم دەکرد، شەوی جومعە کاتێ لە کار تەواو بووین ئایدن ئابێ هات بۆلام ووتی: مەڕۆرەوە بۆ ماڵەوە دەچین بۆ ماڵی خۆمان جەماعەتم دەعوەت کردووە. یەکێکیش لە کرمانجەکان بۆی تەرجوومە دەکردم.

ئەو شەوە چوین بۆ ماڵی ئایدن ئابێ لە - بیوك شار- تا بڵێ جێگایەکی خۆشبوو، ئایدن ئابێ ئاهەنگی بۆ من گێڕابوو لەسەرئەوەی خانووەکەم سوتاندوەو ئەو دوو ئافرتەمان ڕزگار کردووە.

کچەکەی ئایدن ئابێ هات ناوی یاسەمین بوو، لە کچی ناو فیلمو شتەکان دەچوو ئەوەندە جوان بوو، ژنەکەشی ناوی جەمیلە بوو لە کچەکەی جوانتر بوو بە دایکم بێت، کرمانجەکان پێیان دەووت ئابلە جەمیلەو دوو کوڕی هەبوون بەناوی ئیبراهیمو عەلی. زۆر ڕێزیان لەمن گرتو منیش ڕێزم زۆر گرتن.

هەڵساین بۆ نوێژی شێوان (مەغریب) من پێش نوێژیم کرد بەدەنگەوە قورئانم خوێند هەستم کرد ئایدن ئەگری، نان دانراو لەسەر نان ئایدن بسم اللەی کردو تۆزێك نانی خوارد لەسەر نانەکەی نیو قاپ عارەقیشی خواردەوە.

دەستکرا بە قسە یاسەمین بەعەرەبی قسەی لەگەڵ من کرد عەرەبییەکی لوبنانی.

ووتم: چۆن فێر بوویت؟

یاسەمین: لە ماردین لە زانکۆ دەخوێنم بەشی زمانی عەرەبی.

ووتم: ئەی چۆن ئێستا لە زانکۆ نیت؟

یاسەمین: ئەم ساڵ نارۆمەوە لەبەر ئەوەی دایکم نەخۆشە هاوکاری دەکەم؟

من و یاسەمین قسەمان دەکردو سەرنجی هەموو مەجلیسەکەمان ڕاکێشابوو، ئەویش زوو زوو تەرجومەی دەکردەوە بۆ باوکی، هەردووکمان حەزمان دەکرد عەرەبییەکەمان دەمە زەرد بکەینەوە.

ووتم: یاسەمین بە باوکت بڵێ خەسرەو دەڵێت زۆر پیاوێکی باشە بۆ نوێژ ناکات؟

ئایدن: چۆن نوێژ ناکەم، هەموو جومعەیەك دەڕۆم بۆ جومعە.

تورکەکان عادەتەن یەك هەفتە نوێژ ناکەن دوای دەچن بۆ جومعە ئیتر دەڵێن پاك بووینەوە. دوای قسەی زۆرو موناقشە قەناعەتی کرد کە نوێژ بکاتو ئیتر عارەق نەخوات.

یاسەمین: کەریم لێرە بەرنامەت چییە؟

ووتم: دەچم بۆ ئەورووپا.

یاسەمین: دەچیت بۆ یۆنانستان، تورك بە یۆنان دەڵێن یۆنانستان.

ووتم: بەڵێ.

ئەو شەوە قسەی زۆر کراو زۆر شەوێکی خۆش بوو، هاتینەوە بەرەو ژوورە ساردو سڕە بێکەسیەکەمانو لێی خەوتین بۆ ڕۆژێکی نوێ، بەردەوام خەریکی کار کردن بووم دوای چەند بەیانییەك وەك ڕۆژانی ئاسایی چووین بۆ دابەشکردنی سەموون، من سەیارەکەم لێدەخوڕی لەگەڵ ڕەفعەت ئابێ، کەوتینە بۆسەی ترافیك و پۆلیسی هاتوچۆ لەبەر موخالەفەیەکی من وەستاندیانین و داوای ئیجازەی سایەقیان کرد، منیش هیچم نییە ئینجا ووتیان پاسپۆرت.

گیرام کەلەبچەیان کردمو ناردیانم بۆ قەرەقول بەرەو سنورداشی بۆ عێراق.

خستمیانە زیندانو هەرچی پارەو پولیش کە هەمە لە ژوورەکەمە نزیکەی ٣٠ وەرەقەم پێیەو دوو ملیۆن لیرە لە گیرفانمدابوو هیچ هیوایەکم نەما، لە -قەرقولی ووژدەرە- لە ئەستەنبوڵ گیرام شەو نزیکەی کاتژمێر یانزە بوو چاوم نا بەیەکداو خەوم لێکەوت، زۆر بێزار بووم پێشتر حەزم دەکرد سنورداش بکرێمەوە، کەچی ئێستا خەفەت دەخۆم بۆ ئەوەی سنورداش نەکرێمەوە، بەدەم خەمو خەفەتەوە خەوم لێکەوت. ئەوندەم زانی دەرگای زیندانەکەم بۆ کرایەوە هاواری کرد کەریم ئابێ گل بوردە.. واتا وەرە بۆ ئێرە

ووتی: ئازادی... وامزانی ڕادەبورێت، کەچی دووبارەی کردەوە برۆ لێرە مەوەستە، بردمیانە ئەو دیوو دەرگایەکی ترەوە تەماشم کرد، یاسەمین و باوکی و ڕەفعەت ئابێ و هەرچی کرمانجە وەستاوە لە ڕێم، سواری سەیارە مارسیدسەکەی ئایدن ئابێ بووم هاتمەوە بۆ ماڵەوە.

ئایدن ئابێ بوو بەکەفیلم، کەفیلی ١٠٠ ملیۆن لیرە کە ئەبێ لەدوای ١٥ ڕۆژ لەو وڵاتە نەمێنم.

بەیانی کە چوومە سەر کارەکەم، چوومە لای ئایدن ئابێ و ووتم: من دەڕۆم بۆ یۆنان با پارەکەش لە تۆ نەسێنن، زۆری پێناخۆش بوو قسەی نەکرد.

خۆم پێچایەوە چووم کۆڵە پشتو کەرەستەم کڕی بۆ ڕێگای یۆنان وەجبەی هیوای قوماش ئامادەبوو بەرەو یۆنان.

کۆتای شەو یاسەمین هات بۆلام ووتی کەریم ئابێ، مەڕۆ بۆ یۆنان باوکم لە ماردین ئوتێلێك دەسێنێت، دەچین بۆ ئەوەی لەوێ پێکەوە کار بکەین، ئیقامەی تورکیاشت بۆ وەردەگرین.

ووتم: تۆ من ناناسیت، منیش تۆ ناناسم ناکرێت لەم وڵاتەدا بمێنمەوە کەهیچ داهاتویەکم تێدا دیار نییە، من پێویستە ژن بهێنم ومندااڵم هەبێت و ماڵم هەبێت وەك هەموو کەسێکی ئاسایی، دەمەوێت بژیم ئێستا ئەم بینی لە قەرەج ئەچم، نەماڵم هەیە و نە ژیان و هیچ.

یاسەمین: کەریم من شوت پێدەکەمو ژیان دروستدەکەین لێرە مەڕۆ بۆ یۆنان.

ووتم: نوکەتەکی خۆشە، چۆن شو بەمن دەکەیت تۆ نازانیت من کێم؟

یاسەمین: تۆ ئەو کەریمەی کە ئافرەتەکانت ڕزگار کرد! ئەوەندە بەسە بۆ ناسینی تۆ؟

ووتم: یاسەمین! ئەوە بڕیارێکی خێرایە، ڕۆژێك کە تۆ پەشیمان بیتەوە ئاسانە، هەروەك ووتم هیچ داهاتێکم نییە دەبمە سوالکەری سەرجادەکان لەبەرئەوە زۆر ڕێزی تۆم لایە، بەاڵم ببورە من دەڕۆم بۆ یۆنانو ئەمشەو خواحافیزی دەکەم و هەر ئەمشەویش دەڕۆم و نامبینیتەوە لەبەر باوکیشت با ١٠٠ ملیۆن غەرامە نەکرێت.

یاسەمین: دەستی کرد بەگریان و ملوانکەیەکی ئاڵتونی لەملدا بوو دایە من و منیش لێم وەرگرت، لە فلیمی ئیبراهیم تاتلیساس دەچوو، زۆر سوپاسم کردو دوایی دامەوە ووتم: دیارییەکەم بۆ هەڵبگرە لای خۆت من دەچم بۆ یۆنان با نەفەوتێت پەیمان بێت دەگەڕێمەوە و لێت دەستێنم. خۆی زۆر لێم نزیك کردەوە، بۆ ماچو شتی وا، منیش شیعرە تەصوفەکەی مزگەوتم لەبیر مابوو

کە دەڵێت:

بەمندااڵی پەستی

بەگەنجی مەستی

بەپیری سستی

ئەی خۆشەویست تۆ کەی خوادا دەپەرستی!

ووتم: یاسەمین! ئەوەندە خۆتم لێ نزیك مەکەرەوە با هەردووکمان گوناهبار نەبین ماچکردن ئاسانە، بەاڵم با بڕۆینە جێگایەك کە خوا ئاگای لێمان نەبێت.

من لە ماچی خۆشەویستەکەم ناترسم هەرگیز، لەو تاوانە دەترسم کە لێی پەشیمان نەبمەوە.

ئیتر سوپاس بۆ خوا ئەویش دامرکایەوەو منیش خوای پەروەردگار ڕەحمی پێکردم.

مانۆاوایمان کردو ئەو شەو ١١٠ کەس سواری لۆرێەك بووین بۆ سەر ئاوی گەورە نێوانی یۆنان و تورکیا.

دوای پەڕینەوە لە ئاوی سنوری تورکیاو یۆنان، ٣ شەو بەپێ ڕۆیشتین گیراینو سنورداش بۆ تورکیا، تورکیاش سونارداشی کردینەوە جارێکی تر بۆ یۆنان. هەرچی کۆڵە پشتو خواردن هەبوو هەموویمان لێسەندرابوو هیچمان پێنەبوو، ٢٦ڕۆژ بەڕێگاوە بووین گژوگیامان دەخوارد، لاوازو سیس بووین ڕێگەمان لێ تێکچوو، چەندجاری تر لە نێوان تورکیاو یۆناندا تۆپ تۆپێنیان پێدەکردین.

زۆر بێزار بووم جیابوومەوە لەو وەجبەیەو ڕۆشتم بەرەو دێیەك لە نزیکی دێیەکە خانویەکی تێدابوو، ووتم دەڕۆم لەم ماڵە داوای نان دەکەم. دایان باشە، خۆ ئەگەر نەیاندا یان دەمگرن یان ڕادەکەم.

لەدەرگای ماڵەکەمدا دەنگ نەبوو کەس نەیکردەوە.

عەسرێکی درەنگ بوو لەڕاستیدا زۆر دەترسام، جلوبەرگم دڕاوو پێڵاوەکانم بنی پێوە نەمابوو هەمووی کون بوو بوو زۆر سارد بوو، چڵکنو بۆنم لێدەهاتو قژو دەموچاو قوڕاوی، بەسەر دەرگای ماڵەکەدا چوومە ئەو دیو دەرگاکەوە ماڵ کەسی تێدا نییە.

چوومە پشتی ماڵەکە، مەتبەخەکەم بینی ٢٦ ڕۆژە نانم نەخواردوە وەك بزن گیام دەخوارد.

هەرچۆن بوو لەپەنجەرەیەکەوە چوومە ژوورەوە، کە سەلاجەم کردەوە مریشکێك پاڵ کەوتووە بەناز و مەکرەوە، تەماشام کرد پیازو نان و کێك و هەرچی خوا پێخۆشبێت لەوماڵەدا هەبوو.

منیش دەستم کرد بەنان خواردنو مریشك سورکردنەوە، بێ ئێوە ناخۆش تێرو پڕم خواردو خۆم کرد بەحەمامەکەیاندا جوان و پاك خۆم شۆرد.

قێزم نەهات جەلەکانی خۆم بکەمەوە بەرم ئەوەندە بۆ گەن لێدەهات کەنتۆری ئەو ماڵەم کردەوە وەك بڵێیت ئەو ماڵە چاوەڕێی من بن، ئەوەی من پێویستم بوو لە کەنتۆرەکەدا هەبوو، قاپ و قاچاخەکانم شۆردو تاوەو شتەکانم لەسەر مێزەکە داناو گوڵێکی لاستیکی لێبوو گوڵەکەم خستە ناو قاپەکەو چوومە ژوری نوستنەکەیان، ووتم: ٢٦ ڕۆژە لەبەر بارانو سەرمادا دەخەوم با تۆزێکیش بخەوم.

خەوم لێکەوت، نازانم چەند خەوتم، ئەوەندەم نەزانی تاپۆ بەدەستێك لولەی تاپۆکەی دەکێشیت بەسەرمداو هەر دەڵێت: ئیلازۆ.. ئیلازۆ ژنەکەشی لە پشتییەوە هەر دەیووت: پەریمەنی.. پەریمەنی تەماشام کرد پیاوێك لە تەمەنی باپیرمدا دەبوو لولەی تاپۆکەی لەسەر سەرمداناوە، خوایە گیان نازانم بڵێم چی!

بە کابرام ووت بەئینگلیزی من کوردمو ڕفیوجیم برسیم بوو هاتومەتە مالّتانو قسەم بۆ کرد، هیچ تێنەگەیشت.

لەدڵی خۆمدا زانیم ئەمە زۆر ناحاڵییە دەستمکرد بە پێکەنینو سەرنجیم ڕاکێشاو سەرم داخستو سێ چوار جار ووتم: پلیس، پلیس، پلیس.

لولەکەیم بەرزکردەوە بەدەستو لەقەیەکم دا لەپیاوەکە تاپۆکە لەدەستی کەوتە خوارەوە، تەماشام کرد فیشەکیشی تێدا نییە.

پیاوەکە زۆر گوناهـ کەوتبوو چووم سەریم ماچکردو سیلاحەکەم دایەوە دەستی چوومە لای ژنەکەی و دەستیم ماچ کـردوو بە ئیشارەت بانگمکردن جلەکانم نیشاندانو قاپو قاچاخەکەم نیشاندان کە بۆم شۆردن و گوڵەکەم خستە ناوی.

هەرچۆن بوو تێمگەیاند ئەو جلانەم پێویستە، بەڵام بەخوا پارەم پێ نییە حەقەکەی بدەم، ئیتر زۆر بەئیشارەتو ئینگلیزیو قسەی کوردی جاروبار بەعەرەبیش لێم تێکدەچوو هەر قسەم دەکرد بۆ ئەوەی مەمنونی دەربببڕمو نەترسن، وەڵاّ لەم قسانەدا بوون ژنەکە دەستیکرد بە قسە، ئەلێکس ئەلێکس شوێن من کەوت و چوو ڕەسمێکی بۆ هێنام هەر دەیووت تۆ لە ئەلێکس دەچێت، دەستی ئەهێنا بەدەموچاوی منداو سەیری وێنەکەی دەکردو دەیووت ئەلێکس.

تا ئێستاش نەمزانی ئەلێکس کوڕیەتی ماوە مـردووە کچەزایەتی کوڕەزایەتی، هەر پێدەکەنیم بۆ ئەوەی شکاتم لێنەکەن.

تۆزێکی پێچوو پیاوەکە دەستی کرد بەگیرفانیدا ١٢ هەزار دراخمای پارەی یۆنانی دامێ منیش ووتم نامەوێت.

وەك چـۆن بڵێ کـەرە دەبـیـگـرە، تـۆ سەعاتێکە دەپـارێـیـتـەوە بـەس تـۆ پێویستت بەپارەیە، ١٢ هەزار دراخماکەم لێوەرگرت، جارێکی تر دەستی هەردووکیانم ماچکردەوە. چومە دەرگاکەو ووتم: بای بای ماما و پاپا. کەوام ووت پیاوەکە بەدەست بانگی کردم و قەمسەڵەکەی خۆی داکەندو کردییە بـەری من، جارێکی تریش دەستم ماچکردەوە لەخۆشیدا بەکوردی ووتم خوا حافیز.

هاتمە دەرەوە، کات شەوە نازانم کات کەیە، ئایا بەیانییە شەوە گەڕامەوە بۆ ئەو جێگایەی

کە وەجبەکەم تێدا بە جێهێشتبوو. پیاوێکی پێنجوێنیمان لەگەڵ بوو ناوی خاڵە عومەر کەبابچی بوو (عومەری حاجی مەلا حەمە سالّح) ئێستا جەنابیان هەر لە نەرویجن، لە دووڕە بینم ووتم: خاڵە عومەر منی بینی بەو جلە جوانانەوە ڕایکرد وایزانی پۆلیسم، منیش هەرچی ووتم خاڵە عومەر خۆمم تا هاتەوە بۆلام، ئەو بەمنی دەوت مەلا.

ووتی: مەلا گیان ئەوە لەکوێ بوویت؟

باسەکەم بۆگێڕایەوە، بەهەرحاڵ چوومەوە نا وەجبەکەی خۆمان ئەو جێگایەی کە ئێمەی لێبووین نزیکی شاری سالۆنیکی یۆنان بوو، قاچاخچییەکان بردینیانە ناو سالۆنیك، بۆ ئەوەی بلیتی ئەسینامان بۆ ببڕن، کە چوینە ناو تەرمینالّی پاسەکان ئەو خەڵکەی ئێمە هەموو لە مرۆڤی سەردەمی چاخی بەردین دەچوون، چی لە پاسەکەدا بوو دابەزی لەتاو بۆنی ئەو وەجبەیە. پۆلیس بەمەی زانی هاتن وورد وورد کەوتنە گرتنمان، وەڵاّ من گیرام خاڵە عومەریش منی بینی لەدوورەوە وایزانی ڕەفیقم پەیدا کردووە هەرچی ووتم: مەیە، بابە مەیە هەر بەقسەی نەکردم.

ووتی: مەلا گیان ئەوە چییە؟

ووتم: گیراوم ئەویشیان گرت خستیانینە ناو سەیارەوە ١٠ کەس گیراین. ئەو ناوانەی لە بیرمە منو خاڵە عومەر، حەمە نەجم کەلاری، شێخ عەلی بێستانسوری، دوو کوڕی ڕانیەیی ڕەوەندو ئاری، ئەوانی ترم بیر نەماوە.

ووتیان ئەتانێرینەوە بۆ تورکیا، چوینە مەحکمەو ووتمان پەکەکەین خوای گەورە ڕەحمی پێکردین یەکی مانگێك حوکم دراینو لەزیندانداا ماینەوە، دوایی ئازادمان دەکەنو ئیقامەی سێ مانگمان ئەدەنێ. مانگێك لە زیندانی سالۆنیك بووین، ئەو ڕۆژەی گیرام چەند ڕۆژێکی مابوو پایز مالّئاوایی بکات ئیتر، شیعرەکەی یەغمام بیرکەتەوە منیش سەرو گوێلاکم کردو بەکوردی لەسەر دیواری زیندانەکەی سالۆنیك نوسیم.

پایز گیان.... مالّئاوا

دوو هەنگاو ماوە کە پایز بە تالّان بڕوات
ئەم هەموو ڕەنگە جوانە لەدەست دوونیا بڕوات
هەرکەس خۆشەویستی هەڵبژارد نۆشی گیانی بێت
دڵی تەنها بە چ شەوقێکەوە بەرەو یەڵدا بڕوات.

زیندان و ئەسینا و قەرەجێك

کەچوومە زیندان هۆڵێکی گەورە بوو ٨٠٠ بۆ ١٠٠٠ کەس لەو هۆڵەدا زیندانی کرا بوون، لە هەموو جۆر نەتەوەکان، ئەلبانی، ڕۆمانی، سریلانکی، کورد، عەرەب، فارس، بولغاری، ڕووسی.... هتد.

چوویتە ناو زیندانەکە کوردەکان هاتن بەدەممانەوە ووتیان ئێمە لە دووجێگادا شوێنمان هەیە خەمتان نەبێت جێگاتان بۆ پەیدا دەکەین.

کۆمەڵێك کوڕی کەرکوکی هاتنە لای من و منیان بردە لای خۆیان دووبرا و کەسێکی تر بوون، ئەو دە کەسەی کە گیرابووین بەیەکەوە بووین لای من دادەنیشتن و پرسیارو ڕامان بەیەکتر بوو، منیان وەك برا گەورەیەك تەماشادەکرد، تەنانەت بە خاڵە عومەریشەوە کە لە پیاوەتی خۆیان بوو، چەند کەسێکی تر هاتن بۆ لام یەکێکیان ناوی مەئمون بوو لەگەڵ کوڕێکدا ناوی شێرە هەولێری بوو، هەردووکیان قاچاخچی بوون لە یۆنان وایان زانی ئەو دە کەسە لەگەڵ منو من قاچاخچیم. وێستیان نەفەرەکانم لێبکڕن، منیش ووتم کاکە نە قاچاخچیمو نەهیچ ئەمانە هەموو ڕەفیقینو بەیەکەوە هاتووین.

شەو خەوتبووم لەپڕ ئاگر لەقاچم بەرز بوویەوە کلێنسیان خستبووە بەینی پەنجەی قاچم گڕیان پێوە نابوو، زۆر ئازارم پێگەیی. ئەمە یاری شەوانی زیندانە، منیش ئەو تەحەمولەم نەبوو، دەستمکرد بە جنێوی پیس.

ووتم: ئەگەر پیاوە خۆی ئاشکرا دەکات کوردەکانیش زانیان زۆر توڕەم بێدەنگ بوون. دوایی زانیم کە مەمئمون بووە ئامۆزای شێرە هەولێری کە لە چاو مندا دەبابە بوو.

بەخوا کە ووتیان ئەوە پەلامارمدا دوانم کێشا بەسەروچاویا، ئەویش تا توانی فرێیدام، دەستم برد بۆ پێلاو تێمگرت، کلکی گسکێك هات بەدەستمەوە ئەویشم پێدا کێشا. منیان گرتو ئەویشیان گرت لەیەك جیابووینەوە، بەس باش بوو گرتیانین، چونکە لاشەی من و ئەو زۆری فەرق بوو مەئمون لە گۆریلا دەچوو، ئەوەندەم زانی یەك دنیا هەولێری لەدەوری کۆبوویەوە بۆ ئەوەی لێم بدەن، سلێمانیو خانەقینیەکان لەدەوری من

کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بم پارێزن هەرچەندە من بەمەم نەزانی تا دوایی.

زوو زووش بەهەولێرییەك كە ناوی ئەمیر بوو دەڵێم ئەو سەگ بابە كێیە؟

دوایی خۆی ووتی: خۆم ئامادەكردبوو یەك دوو گوێزانت لێبەم، بەس وابزانم برای ئەمیر حەڕامی بوو وایاندەووت لە خۆشەویستی براكەی خۆی ناوناو بوو ئەمیر.

سەیرەكەم جیقنێك ئەیەوێت پەلامارم بات، ئەویش قاچاخچییە ناوی دلاوەر هەولێرییە، وا هەستم كرد چەوەر بوو. منیش پەلامارم دا ئەوی بۆمكرا لێمكرد بەزۆر لەژێر دەستما دەریانهێنا.

من باش هیلاك بووبووم، دیسانەوە مەئمون ڕووەو من هات لە دێو دەچوو. ووتم ئەم سەگ بابە دەمكوژێت، پەلاماری داری ماسیحەكەم دا هەرچۆن بوو تیاماشكاند، بەخوا ئەویش یەك زلەی لێدام بەرچاوم ڕەشبوو، خوا ڕەحمی كرد پۆلیس هات خاڵە عومەریش كەوتە بەینەوە، بەڵام ئامۆزایەكی لەگەڵیدا بوو شێرە زۆر پیاو بوو دەیووت چۆن بەهەمووتان بۆ ئەو كوڕە دەچن، ئاگام لەو قسەیەی بوو.

شەڕ كۆتایی هاتو بە حەمە نەجم كەلاریم ووت: ئەخەوم ئاگات لێم بێت، نەكو لە خەوا بمو لێم بدەن، چونكە منیش دووجار نزیك بوومەوە لە شوێنی خەوی ئەوان خەتبوو وایانزانی پەلامارییان ئەدەم لەخەودا دوو شەو نەمن بەجوانی خەوم لێكەوت نەمەئمونیش.

لەدوای ئەوە من زۆر گەورە تەماشا دەكرام، چونكە مەئمون لە ئەسینادا كەس نەیدەوێرا سەیری بكات چ جای ئەوەی شەڕی لەگەڵ بكەیت.

دوای دوو ڕۆژ ئەوان هاتن بۆ جێگاكەی منو خاڵە عومەرو كوڕێكی خانەقینی ناوی كاك لوقمان بوو ئاشتی كردینەوە، ئەو شەوە بەو بۆنەیەوە دەستكرا بە حەفلەو سریلانكی و عەرەب و فارس بەخۆشی ئێمەوە ڕەقسو هەڵپەركێ بوو.

بووین بەڕەفیق، بەڵام ڕەفیقیكی باش ئینجا یەك دوو شەڕی ترم توش بوو لەگەڵ ڕوسەكان لەسەر حەمامو بانگدان ئینجا هەولێرییەكان هاتنە پێشەوە لەگەڵمدا ئەوان بووبوونە برا.

ئەو تەمەنەی من كاتی هەڕەتی هەزەكاریم بوو، ڕاستە مولتەزیم و دیندار بووم، بەڵام لەبەرئەوەی لەمزگەوتو هاوڕێ دینداڕەكانم دابڕابووم ئەوەندە پابەندیم نەمابوو بەدینەوە، تەنها نوێژەكانم دەكرد و جاروباریش سونەتێك ئەگەر بمكردایە نەمكردایە، هەندێكجاریش بەهۆكاری ڕێگاو نەبوونی حەمامو خۆ پاكردنەوە نوێژەكانم لە كیس دەچوو، یاخود بەهۆكاری لاوازی ئیمانو نەبوونی هاوڕێی باشو خواناس، دوور

دەکەوتینەوە لە خواناسی. بەڵام هەر پابەند بووم بەئیسلامەوە سوپاس بۆ خوا ڕەچاوی حەڵاڵو حەرامم کردووە، ئەو زەمەنەی منیش بەچەقۆو هێزی خۆت نەبوایە خەڵکی تر دەیخواردی، دەبوو بەلای کەمەوە کەسایەتی خۆتو بنەماڵەکەت بپارێزیت، تۆزیك ئازابوویتایە خەڵکی تر لەدەورت کۆدەبوەوە.

منیش ئەودەمە گوێم بە هیچ نەئەدا بۆ لەتێك نان ئامادەبووم شەڕە چەقۆ دروستبکەم. قسەم لەکەس قوبوڵ نەدەکرد، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەرگیز دەستدرێژیم نەکردۆتە سەر خەڵکو هەمیشە ئەوانەی مەزڵوم بوون ئەوەندەی توانیبێتم پاراستوومن.

بەڵام جەماعەت لەزیندانداا من هەر بە قاچاخچی دەزانن، وادەزانن لەترسا خۆم ئاشکرا ناکەم. دوایی هەر بڕوایان نەکرد،

لە ناو زیندانداا مزگەوتم دروستکرد ئەو ساڵە مانگی ڕەمەزان بوو، کەوتبووە مانگی داوانزەوە، کە نوێژمان دەکرد ٢٠٠ کەس بۆ جەماعەت دەوەستا، جومعەو جەماعەتمان تێدا دەکرد.

لە ساڵۆنیك منو خاڵە عومەر بەربووین، ئەو عەسرەی ئازاد بووین من بەڕۆژو بووم. کەئازاد کراین ماوەی مانگێکە لە نانی ووشکیو ئاو زیاترمان نەخواردوە، هیچ پارەشمان پێ نییە ئەوەشی پێم بوو ئەو ماوەیە لە زیندان خەرجم کردبوو.

خاڵە عومەر: ڕۆژوەکەت نەشکاندووە مەلا گیان؟

ووتم: نەوەڵاڵ خاڵە عومەرگیان بەچی بیشکێنم؟

خاڵە عومەر: پیاو نەبم ئەم ئێوارەیە گۆشتت دەرخوارد نەدەم.

تۆزێك ڕۆیشتین زیندانەکە دوور بوو لە شارەکەوە باران دایکردو بەپێ هەر دەڕۆشتین.

لەپڕ سەیارەیەك وەستا ووتی: بۆ کوێ دەچن؟

خاڵە عومەر ووتی ساڵۆنیك، خۆشی خوێندەوارێکی باش بوو ئینگلیزیەکەشی زۆرباش بوو، تێگەیاند.

ووتی بە ٢٠،٠٠٠ دراخاما دەتانبەم، خاڵە عومەر دەستیکرد بەگیرفانیا وەرقەی زیندانەکەی دەرهێناو ووتی ئەوە گوزەرانی ئێمەیە پارەمان پێ نییە.

کابرا جرتێکی بۆ لێداینو ڕۆیشت.

من زمانم بەڕۆژو بوو نەموێرا جنێو بدەم، ووتم خاڵە عومەرگیان لەجیاتی من قسەیەك بکە.

تۆزێکی تر ڕۆشتین هەمان سەیارە هاتەوە وەستایەوە، بێ سێ و دوو سەری خستین. دیار بوو کابرا ڕەحمی جوڵا بوو، بردینی بۆ ساڵۆنیك نزیك ووێستگەی شەمەندۆفێر

وەستاندینو سوپاسمان کرد ڕێگاکەش هەمووی ١٥ دەقیقە بوو.

من برسیمەو لە ئەو شارە جوانەدا پارەمان پێ نییە، دەشزانم خوای پەروەردگار ئاگای لە زمانی بەڕۆژووی منە خوای مەعبودم یوسوفی پاراست.

ئاگام لێبوو خاڵە عومەر زۆر بێزار بوو، بەتەمەنیش بوو خەفەت دایگرتبوو.

بەخاڵە عومەرم دەوت: ویستیان یوسوف بکوژن، بەڵام نەمرد -سەلامی خوای لێبت- ویستیان هیچ بونێکی نەهێڵن لەسەر زەوی، بەڵام ئەرزشی زیاتر بوو، ویستیان بیفرۆشنو بیکەنە کۆیلە، بووە وەزیر، ویستیان خۆشەویستی لە دڵی باوکیدا دەربهێنن، باوکی بۆی کوێر بوو، لە پلانی مرۆڤەکان نابێت خۆمانمان پێ موهیم بێت با لە خوا بپارێنەوە دڵنیابە هاوکاریمان دەکات.

بەردەوام بووم لە قسەکانم دەستم خستە سەر شانی عەرزمکرد خاڵە عومەر سوێند بەخوا ئیرادەی خوداوەند بەرزترە لە هەموو ئیرادەکان یوسوف دەیزانی هەموو دەرگاکان داخراون، بەڵام لەبەر خوا بەرەو ڕووی دەرگاداخراوەکان ڕایکردو پەروەردگار هەموو دەرگا داخراوەکانی بۆ کردەوە.

کەواتە منو تۆش دەبێت بزانین ئەگەر دەرگاکانی هەموو دنیامان لێ دابخرێت، بەرەو ڕووی دەرگای کراوەی خوای پەروەردگار با بڕۆین. ئەم قسانەم بۆ خاڵە عومەر دەکرد لەپڕ گوێمان لەدەنگی گۆرانی کوردی بوو لە خێمەیەکدا لە ناو بازاڕدا کەچووین دوو کچو کوڕێکی لێبوون وێنەی عەبدولا ئوچ ئالانیان پێبوو لەوێ گۆرانی شڤانی لەسەر بوو، ئەودەمە شڤان لای پەکەکە خۆشەویست بوو.

چوینە لایانو باسەکەمان بۆ کردن ئینجا نانیان بۆ هێنانین وامزانی زۆر دەخۆم کەچی تۆزێکم خوارد ئیتر نەمتوانی بەهۆکاری ئەوە ماوەیەکی زۆر بوو چەوریم نەخواردبوو گەدەم بچووك ببوەوە.

باسی ئەوەم کرد یان پارەمان بدەنێ بەقەرز بۆتان دەگەڕێنینەوە لە ئەسینا، یاخود هاوکاریمان بکەن تەنها بلیتی ئەسینامان بۆ ببڕن کە کەچوینە ئەسینا پارەکەتان ئەدەینەوە.

بەداخەوە بۆیان نەکردین، نائومێد بووین، ناچار ووتم: خاڵە عومەر چارەمان نییە دەبێت ئەم شەو بمێنینەوە.

خاڵە عومەر چوو بۆ لای دوو پیاوی یۆنانی دەستی کرد بەقسە ئەوە منیش لەدوورەوە تەماشای دەکەم، لەدڵی خۆمدا زۆرم پێناخۆش بوو. ووتم ئەم پیاوە بۆ بەم سەرە سپیەیەوە تەکلیف لەخەڵك دەکات بۆ پارە.

بلیتەکەش زۆر گران نەبوو هەریەکێکمان ٦ هەزار دراخمامان دەویست بۆ بلیتی سالۆنیك ئەسینا واتا ١٢ هەزار دراخمامان پێویست بوو.

من ڕووم نەدەهات داوا لەکەس بکەم، خاڵە عومەر لەگەڵ دوانەکەدا بەردەوام بوو دەستایان کرد بەگیرافانایاندا شتێکیاندا بەخاڵە عومەر، زۆرم پێناخۆش بوو.

کەهات ووتم خاڵە عومەر چییە؟

ووتی: ئەم عینوانەی داویانمەتی بیچینە لای ئەوان هاوکاریمان دەکەن.

ووتم: براکەم دەواز بهێنە توخوا؟

خاڵە عومەر لێم تورەبوو ووتی: کاکە تۆ حەقت نەبێت قسەمەکەو مەیە پێشەوە لە دوورەوە بوەستە، من قسەدەکەم ئەزانم تۆ ڕووت نایە من پارە پەیدا دەکەم.

منیش هیچم نەووت لەبەر حورمەتی خاڵە عومەر.

ئەدرەسەکەمان دۆزییەوە خۆی چووە ژورەوە نەمزانی چییە، پێدەچوو وەك سۆسیال وابوو بێت.

هاتە دەرەوە پێدەکەنی‌و ووتی ئێستا یەکێك دەنێرن بلیتەکانمان بۆ بکرێتو نانیشمان بۆ دەکڕن! تۆزێك گۆڕانی عەلی مەردانی بۆ ووتم لەبیرمە ئەوەی بۆی ووتم: گەردن بلور دیارە لە دوور.

کوڕێکی گەنج هاتە دەرەوە بە ئینگلیزی چۆنی‌و چاکی کردو تەوقەی لەگەڵ من کردو ووتی: بابڕۆین، چوینە وێستگەی شەمەندۆفێرو بلیتەکانی بۆ کڕین بای ١٢هەزار دراخما بوو، یەکی ١٠ هەزار دراخمای دایە من و خاڵە عومەر ووتی: بۆ ڕێگا با پێتان بێت، شەو سەعات ٩ سەردەکەون کاتژمێر ١٠ ی بەیانی لە ئەسینان، قیتارەکەتان چێنچی نییە.

لەوکاتەدا بوو لەگەڵ ئێمەدا وەستابوو پیاوێکی پیری لێپەیدابوو گەنجەکە چۆنی‌و چاکیان کرد بەیەکەوە و تۆزیك قسەیان کردو پیاوەکە چووە جێگایەکەوە و ئێمە هەر وەستا بووین بلیتەکانی نەداینێ کابرا بە تەمەنەکەی هاورێی گەنجە یۆنانیەکە گەڕایەوە و بە پێکەنینەوە هاتە لامن و ٢٠ هەزار دراخمای دابە من و بە ئیگلیزی پێووتم نەیدەی بە باوکت، ١٠ هەزاریشی دایە خاڵە عومەر، وای زانی خاڵە عومەر باوکمە.

گەیشتینە ئەسینا خەونەکەمان هاتە دی کە چوومە پارکی ئامۆنیا ئەو هەموو خەڵکەم بینی لە کارتۆنی جگەرەدا دەخەوتن، یەکسەر کەئابە گرتمی خەمۆکییەك دایگرتم، خەریك بوو بگەڕێمەوە بۆ تورکیا بۆلای ئایدن ئابێ.

من ماندوو بووم خاڵە عومەر منی جێهێشتو چوو بۆلای کوڕەکەی ناوی کاك توانا بوو ئەو پێشتر گەیشتبووە ئەسینا.

منیش کوڕەکەی مامۆستا سالّح دیلانم بینی کاك هونەر، لە ئوتێلێك بوو بردمی وویستم بچمە ئەو ئوتێلە کە بەڕێزیانی لێبوو لەڕێگادا کوڕێکی ڕەفیقی خۆمم بینی لە تورکیا بووبوین بە هاوڕێ زۆر کوڕێکی چاك بوو، ناوی عەبدوللاّ بوو، من ناوم نابوو (عەبە مالّتەپە) مالّتپە جۆرە جگەرەیەکی هەرزان بوو ئەوەی دەکێشا بەس زۆر خەتەر بوو ئەو جگەرەیە، هەر کەس یەك مانگ بیکێشایە دەیکوشت عەبە مالّتپە کاری تێنەدەکرد، دوای چۆنیو چاکی و ئەحوالّ پرسین.

عەبدولاّ: مامە خەسرەو بۆ کوێ دەچیت؟

ووتم: وەللاّ مامە عەبدوللاّ گیان ئەمە تۆزێکە لە زیندان بەربووم زۆر ماندووم دەچم بۆ ئوتێل هیچ جێگایەکم نییە، ئیسراحەت دەکەم.

عەبدولاّ: نا مەچۆ شوقەم هەیە منو فاروقو حەسەنی لێین جێگەمان هەیە مەڕۆ بۆ ئوتێلو بەیانیش ئەتخەینە سەر ئیش.

داوای ئیزنم لە کاك هونەری مامۆستا سالّح دیلان کردو بەدوای کاکە عەبەگیان کەوتم. ووتی بخەوەو بەیانی وەرە بۆ کارو دەتبەم فێرت دەکەم.

بۆ بەیانی سەری سالّی نوێ بوو، بە عەبەم ووت فریامکەوە بیری دایکم و براو خوشکو هەموویان دەکەم، تەلەفونم پۆ پەیدا بکە کەس نازانێت من لە کوێم.

تەلەفونم کردەوە بۆ کوردستان، ئای بیری دایکمم دەکرد، بیری دایە گەورە و باوە گەورەم دەکرد، بیری سلێمانیم دەکرد. قسەم لەگەلّ کردن هەر ئەوەندە توانیم بلّێم چۆنن و من لە ئەسینام،هەموو گیانم دەگریا گوێم لە باپیرم بوو دەگریا،دایکم دەگریا ئەوانیش هەموو دەگریان ماوەی دوو مانگ بوو هیچ دەنگێکم نەبوو، ئیتر هاتنە سەر ئەوەی تەعزێم بۆ دابنێن.

من ئەوەندە گریام عەبەو حەسەن فرمێسکەکانی منیان دەسڕی، ووتم بەخوا من قسەم بۆ ناکرێت ئێوە قسەم بۆ بکەن، لەو گریانەدا باپیرم (باوکی باوکم) هات قسەم لەگەلّ بکات ووتی: خەسرەو گیان چۆنی؟

ووتم: باشی باوە حاجی گیان.

باوە حاجی: ئەی ڕۆلّەکەی دەچیت بۆ خاریج؟

کەوای ووت هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین، وای دەزانی خاریج بەس ئەلّمانیایە! یۆنانی بە خاریج نەدەزانی.

دایکم خێرا ٥٠٠ دۆلاری بۆ حەوالّەکردم بۆ ئەسینا.

دەستم کرد بەکار لە لای کابرایەکی میسری لە ئەسینا قەمسەلّەم بۆ هەراج دەکرد لە میسر دەیهێنا، هاوارم دەکرد وەرنەوە وەرنەوە، قەمسەلّەیەك بە دە هەزار دراخما.

ئیلەزۆ، ئێلەزۆ، زێکا کلیاریکی.

هەندێك شتی تریش فێربووم بەو چەند ڕۆژە لەبازارد جلوبەرگم دەفرۆشت، کارەکەمان وابوو دەڕۆشتین جلمان وەردەگرت بە بەیانیانداو ئێواران تەسلیمان دەکردەوە، هەریەکەمان ٥٠٠٠ دراخمای هەبوو ڕۆژانە یەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژ کەمم فرۆشت، سەری سێیەم ڕۆژ دەستم پێکرد زمانم ڕاهات، سەمیر بڕوای نەکرد نیوەڕۆ چومەوە داوای ئەوەندەی ترم لێکرد، ڕۆژ بەڕۆژ باشتر دەبوو وەزعی فرۆشم زیادی کرد، ڕۆژانەکەم چووە ١٠ هەزار دراخما.

سەمیر: نەیدەتوانی بڵێ خەسرەو. ناوەکەم قورس بوو ناوی نام (شەمس).

سەمیر: شەمس من دەچم بۆ میسر ئەشیا دێنم تۆ دابەشی بکە بەیانیان شتومەکەکانو حساب بالای تۆ بێت، ئاگاشت لە شوقەکەم بێت.

سیقەکەش لە ڕێگای خواناسی نوێژکردنو دەستپاکیەوە دروستبوو هیچ ناسیاویەکەمان نەبوو، تەنانەت دەمتوانی هەموو شتەکانی بەرمو قسەشی بکردایە ئازارم ئەدا، چونکە هیچی بۆ نەدەکرا. بەڵام هیچ خراپەیەکی لەمن نەدیبوو لەماوەی ڕابووردا زۆر هاوکاری کردم، منیش ڕێزم دەگرت، بەڵام تا بڵێی داوێن پیس بوو، ئەویش زۆر ڕێزی منی دەگرتو کاتی نوێژ هاوکاری دەکردمو جومعان خۆی دەیناردم بۆ مزگەوتی ئامۆنیاو هەمیشە خواردنی حەڵاڵمان دەخوارد بەیەکەوە.

ووتم: باشە! برۆ بێخەم بە.

ماڵەکەی پڕبوو لەخەڵك دووجار چوومە ماڵیان، وەك ئاماژەم پێدا بەیەکەوە نانمان دەخوارد من خواردنی حەڵام دەخوارد ئەویش هەر وابوو، بەدوای حەڵاڵدا دەگەڕاین.

هەردوو جارەکە لەلای کچێکم بینی زۆر جوان بوو.

سەمیر: ئەو کاتەی تۆ لەوێ دەبیت تەنها سێ کەس دێنەوە بۆ شوقەکە.

ماریا خەڵکی ڕۆمانیا بوو، قەرەجە

ئەگنێشکا، کچێکی ڕووسیە.

کوڕێکی فارس ناوی مەجیدە

خۆشت لەوێ دەبیت، هەموو ڕۆژێك ٢٠.٠٠٠ دراخمایان لێبسێنە کەدێنەوە، بۆ ماڵەوە.

ووتم: باشە!

لەماوەی ئەو هەفتەیەدا نزیکەی ٦٠٠ هەزار دارخمام لا کۆبوەوە پارەیەکی زۆر زۆر بوو.

شوقەکەی گەورە بوو، من چوومە ژورەکەی خۆی واتا ژووری سەمیر دەخەوتم، مجید

لە هۆڵەکەدا دەخەوت دوو کەچەکەش لەیەك ژووردا دەخەوتن.

سەمیر ڕۆیشتو دەستمان کرد بە کاری خۆمان. ڕۆژانە دەچومەوە بۆ شوقەکەی سەمیرو پێش من ماریا دەگەڕایەوە سەعات ٥ی ئێوارەو من ٦و ڕووسیەکە ٧و مەجیدیش ٩.

هەموو خەڵکی ئاسایی بوون، بەس نەمدەزانی بۆ لەوی دەژینو ئەو پارەیە چییە ئەیدەن.

بەس ماریا زۆرجوان بوو چاوڕەش، لە خەڵکی وڵاتی خۆمان دەچوون خوێن گەرم، بااڵ ڕێك زۆرجوان بوو، ناسكو قژخاوو درێژ، بەنازو مەکر خۆی بائەدا، تۆزێك شێوەی لە دالیا دەچوو، دیسان هەوای عیشق لێیدامەوە.

ئەتوانن بڵێن منی شێت کردبوو، کەوتینە قسەو باسو خواس بۆم دەرکەوت ئەمانە کار لەگەڵ سەمیر دەکەن کارەکەیان حەوالە بوو، لەدوایدا بۆم دەرکەوت خەریکی کڕینو فرۆشتنی دۆالرو پارەی ترن لە یۆنان زۆر قاچاخ بوو ئەوکاتە. کڕینی دۆالر و پارەی ڕووسیو ئەلبانی ووڵاتەکانی تر لە بازاری ڕەشدا، تەنانەت هەر کەس پێوەی بگیرایە ٦ساڵ زیندانی دەبوو وەك قاچاخچی هەژماردەکرا.

سەمیر گەڕایەوە حسابمان کرد ئەو هەفتەیە ٥٠ هەزار دراخمای دایە من، ووتم زۆرە نامەوێت لەگەڵ ئەوەشدا دیاری زۆری بۆ هێنابووم لە میسر.

هاوڕێیەتیمان خۆش بوو لەگەڵ سەمیر، ڕۆژێك بەیەکەوە قەمسەڵیمان دەفرۆشت.

ووتم: سەمیر ماریا زۆر جوانە!

بە پێکەنینەوە ووتی: دەستت پێگەیشت؟

ووتم: نا من کاری واناکەم، بەتایبەت لە ماڵی تۆشدا.

کەچی ئەو بێقیمەتە ئەیووت بۆ نایکەیت لەماڵی منداا.

ووتم: سەمیر منو تۆ موسڵمانین، ئەزانی یارانی موسا بە بسم الله - لە دەریایەك پەڕینەوە. من و تۆ هەموو قورئانمان خەتم کردووە هێشتا لەناو ئەم قوڕاوە داین.

سەمیر تۆزێك ملی باداو ووتی: زۆر حەزمدەکرد برام بوویتایە.

ووتم: جا ئێمە هەر براین وامزانی بۆ ئیسلامەتی دەڵێت.

سەمیر: نا برام بویتایە منت بەجێ نەهێشتایە لێرە تەنها هەر خۆم متمانەم بەکەس نییەو کارەکەمان باشەو لێرە خێر زۆرە.

ووتم: من نیازم هەیە بڕۆم بۆ ئەلبانیا بەداخەوە، ئەرێ وەڵاڵ بەجێت دێڵم.

سەمیر: شمس، مەڕۆ ماریات ئەدەمی بۆ خۆت!

ووتم: بۆ کڕیوتە؟

سەمیر: نا بۆت دەکڕم!

هەستمکرد خەریکە وەزعەکە خراپ دەبێت ماوەیەك بەردەوام بووم، لەگەڵیدا. شەوێکیان سەمیر ووتی شمس دەعەوەتی منیت، بردمی بۆ چایخانەو مەطعەمی ئوم کەلسوم لە یۆنان، نانمان خواردو شیشە میسریمان کێشاو بەرەو مالّی ئەوان کەوتینە ڕێ.

ووتم: سەمیر دەگەیەنم بە پیاسەو دوایی دەڕۆمەوە بۆ لای کاکە عەبەی مالّتەپە.

سەمیر: ئەم شەو حەز دەکەم لای من بیت شەمس.

ووتم: باشە!

لەیۆنان کەس نەیدەوت خەسرەو، هەمووی دەیانوت شمس لەسەر زمانی سەمیر کەچووینەوە ماریاش بانگی دەکردم شمس، سەمیر دەیزانی ڕۆشتنم نزیکە و من دەڕۆم بۆ ئەلبانیا وەك ڕێزێك گوایە بەمارياى ووتوە لەگەڵ منداا بخەوێت ئەوشەوە وەك خۆی بۆی باسکردم تەنها وویستویەتی ئاواتێکی من بێنێتە دی.

تۆزێك دانیشتمو بیرەیان هێناو منیش نوێژی عیشام نەکردبوو، هەڵسام بڕۆم سوێندی لێخواردم دانیشمو منی نارده ژورەکەی خۆی کە دەفتەری حسابەکەی بۆ بێنم.

کەچووم بەدوایدا دەگەڕام، ئەوەندەم زانی ماریا هات، بەڵام مارياى چیی خەریك بوو باڵ بگرم لەدواوە باوەشی پێداکردم، چووم بەئاسماندا منیش بەهێواشی دەستیم بەرداو لەسەر بێدەکەی واتا سیستەمەکە پاڵکەوت.

خوای گیان فریام کەویت، توانام نەماوە. ئەوەی من دەمەوێت ئامادەیە، ئەی هاوار چی بکەم.

تانەو تەشەرم لێمەدەن... من خۆم موعتەریفم بە هەڵەم بۆ ڕسوایی خۆم لەبازاڕدا.. خەریکی دەف ژەنینم.

ئەمەوێت ڕاکەمە دەرەوەو دەوری یوسوف ببینم، ئەژنۆکانم نارواتو داوای ماریا دەکات. هەرچی شەیتانی دنیایە لەدەورم کۆبۆتەوەو دەڵێن جارێکی تر شتی وات دەستناکەوێت لەدەستی خۆتی نەدەیت.

خوایە فریام کەوە...

بەشێك لە جلەکانی داکەند ئەوەندەی تر جوانی نیشاندام و منی شێت کردو وروژاندمی.

خوای پەروەردگارم لە ڕووی خۆرو مانگو ئەستێرەکاندا

شەرمەندەم لە مرۆڤو پەریەکانیش شەرمەندەم

تەنانەت لە ڕووی شەیتانیش شەرمەندەم

چونکە هەموویان لە کارەکانیان پایەدارن تەنها منم کە ناپایەدارم بمبەخشە ئیلاهی، ناتوانم ئیتر خەریك بوو پەلاماری بدەم.

ووتم گەر وەکو یوسوفم پێناکرێت با بەدەم قسەیەك بکەم، بەڵکو ببێتە حوجەیەك بۆ قیامەتم.

ووتم: ماریا! من نەخۆشی ئایدزم هەیە، ئاساییە؟

ووتم بەڵکو بڕوات نەیەوە بەلامدا. ماریا (دەستی بە پێکەنین کرد) و ووتی: شمس ٣ساڵە من ئایدزم هەیە.

خوای گەورە فریام کەوت، کەوایووت سوپاس بۆ خوا هۆشم هاتەوە بەرخۆم و لەخۆشیدا هەر دەمووت.

تڕێی عەدەم بویت کردیانیت بە شەراب، تۆ ئەی شەراب هەوڵمەدە ببیتەوە بەترێ.

هاتمە دەرەوەو بە سەمیرم ووت: من ئیتر ئیش ناکەم، بەیانی دەڕۆم بۆ ئەلبانیا.

سەمیر تورە بوو ووتی: بۆ شمس نەخەوت لەگەڵتا؟

ووتم: با، بەس ئەونەخۆشی ئایدزی هەیە.

کەواموت سەمیر ئەژنۆی شکا، من هاتمە دەرەوە سوپاس بۆ خوا شمس بووم خوای گەورە ژیانی ڕوونکردمەوە.

ئەلبانیاو یاری قومار بۆ ئیتاڵیا

لە دوای ئەوەی لەگەڵ قاچاخچییەکدا مامەڵەمکرد بۆ ئەلبانیاو لەوێشەوە بۆ ئیتاڵیا، ئێوارە سەرکەوتم بە پاس لە ئەسینا ڕێکەوتین دوای ٤ کاتژمێر چوومە ئەلبانیاو چوینە شارێك بەناوی فلۆریا، هەڵبەت لەڕێگای قاچاخ.

لەوێشەوە بەنیاز بووین بە بەلەم بپەڕێینەوە بۆ جێگایەك لە ئیتاڵیا- لیچە، بەڵام قاچاخچییەکە بە ناوی (ئازادی سەعەکەلە) پارەی قاچاخچییەکانی ئەلبانیای نەدابوو، ئێمە ١٦ کەس بووین دەستبەسەر کراین لە ئەلبانیا بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ.

ماوەی ئەو ١٤ ڕۆژە لەمانێك زیندان بووین لە ئەلبانیا، دوای ئەوەش کە پارەکە نێردرا لەلایەن قاچاخچییەکەوە ١٠ ڕۆژی تر وەستاین بەهۆکاری شەپۆلی زۆری ئاو نەپەڕینەوە بۆ ئیتاڵیا.

ئەوە ماوەیەی کە لە ئەلبانیا بووین، چەند کوردێك بەیەکەوە بووین هەندێکیان شەو لەتاو بێ ئیشی تووشی قومار بووبوون.

کەسێکیان خاوەنی خێزان بوو بەناوی کاك ئاراس کە خێزانەکەی‌و دوو منداڵی لەگەڵدا بوو، ١٠وەرقەی دۆڕاند بوو. شەو بوو بە شەڕ لەناو یەکتردا لەسەر پارە کوڕێکیان بەناوی کارزان زۆری کێشا بەسەرو چاوی ئاراس دا پارەیەکی زۆری لێبردبووەوە. دەنگە دەنگی ئەوان منیان خەبەر کردەوە، خێزانی ئاراس لەکاتی شەڕەکەدا پەلاماری کارزانی دابوو، ئەویش پاڵێکی نا بەژنەکەی ئاراس و خستی بەسەر منداا، زۆرم پێناخۆش بوو تۆزێك تورە بووم‌و ووتم: دەدانیشە هەتیوە قومارچییە پیسە، ئەوەندە ئیزعاجن.

شەڕەکە دامرکایەوە، ئاراس کچ‌و کوڕێکی جوانی هەبوو ئەو ماوەیە لە ئەلبانیادا بەینم خۆش بوو لەگەڵ ئەو منداڵانە.

چوومەلایان تەماشا دەکەم کاك ئاراس‌و خێزانەکەی کە ناوی ئاوازخان بوو هەردووکیان دەگرین.

ووتم: کاك ئاراس ئەوە بۆ دەگریت؟

ئاراس: هەرچی پارەمان پێبوو ئەو کارزانە خوێرییە لێی بردمەوە.

ووتم: خەتای خۆت بوو چۆن لەم کاتەدا ١٠ وەرەقە دەکەیت بە قومار، کاکە خۆت تاوانباری ئەبێ بەرپرسیاریەتی هەڵگری.

ئاواز: کاك خەسرەو ئەم پیاوەی من هەر خوێڕی بووە، ڕاستی کارزان خوێری نییە، بەڵکو ئاراس خوێڕییە.

ووتم: بۆ خاتری خوا دەنگت نزم بکەرەوە لە ناو ئەوخەڵکەدا چۆن قسە بە هاوسەرەکەت دەڵێیت ئاوازخان با ئەوەندەی تر سوك نەبێت لەبەرچاوی ئەو گەنجانەی تردا، دوایی شەخسێتی نامێنێت. من دەچم قسە لەگەڵ کارزان دەکەم بزانم نیوەی لێناسەنمەوە بۆتان.

ئاواز: مەمنون دەبین کاك خەسرەو گیان.

ئاراس قسەی نەدەکرد وەزعی زۆر ناڕەحەت بوو

چووم بۆلای کارزان ووتم: مامە کارزان ١٠ وەرەقەت بردۆتەوە لە کاك ئاراس، ئەزانم دەی تریشت لە جەماعەت بردۆتەوە، تەکلیفێکت لێدەکەم پارەکەی کاك ئاراس بدەرەوە خاوەن خێزانەو دوومندالّی هەیە، قەیچێکا بیکە بەدیاری دەستت.

زۆر بێ ئەدەب بوو یەکسەر ووتی: دەبا گوو بخوات، کێ ووتی قومار بکات.

ووتم: مامە کارزان من تەکلیفت لێدەکەم.

کارزان: مامە خەسرەو کێ لەم وەزعەی ئێستادا تەکلیف قوبوڵ دەکات؟ ئێمە یاریمان کردووە خۆی هاتووە دانیشتووە، بەزۆر بانگمان نەکردووە خۆ مندالّ نییە.

بەجێم هێشت زانیم قسەکردن لەگەڵیدا هیچ سودی نییە، ناچار ٤٠٠ دۆلارم پێبوو ووتم: ٢٠٠ دۆلاری بۆ ئێوە ٢٠٠ دۆلاریشی بۆخۆم.

ئاواز: وەڵاّ نایدەیتێ ئەویش دەکات بەقومار، هەڵیگرە بۆ خۆت.

منیش لەژێرەوە ٢٠٠دۆلارەکەم دا بە ئاوازخان.

ووتم: با پێتان بێت ئەو ئافرەتە زۆر بەحوورمەت بوو لێی وەرنەگرتم ووتی پارەی ترم شاردۆتەوە، خەمت نەبێت خەسرەو گیان.

بەس هەستمکرد ڕاست نیە، تەنها ئافرەتێکی شەرەف بەرزو تەبیعەت قورس بوو.

٤ کەس لەوان شەو دانیشتن قوماریان دەکرد، تەنها من و کوڕێکی کە نوێژمان دەکرد.

ئاگام لێبوو کارزان تانەو تەشەری ئەدا لە کاك ئاراس و ووتی: لە کوردستان قومارمان کردووە ئەگەر کەسێك پارەی پێنە بوایە دەمانووت لەسەر ژنەکەت دەیکەین.

کە وایووت خەریك بوو جنێوی بدەمێ، بەڵام دەمم بەزیکری خوا بوو زۆر تورە بووم نەشم دەتوانی هیچ بڵێم، چونکە ناڕاستەوخۆ قسەی دەکرد.

ئاگام لە ئاراس بوو لای ئێمەی بەجێهیشتو چوو بۆ لای مندالّەکانی بۆ ژورێکی تر زۆر بەزەیم پێداهاتەوە.

چوومە لای کارزان ووتم: کارزان دەزانی کاتی خۆی منیش دەرپێم بەخەڵکێك داکەندووە لەسەر قومارو دەرپێکەشیم لێبردۆتەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێمە بووین بە پیاو وازمان لە کاری قۆڕ هێناوە.

کارزان: تۆ پیاوی ئەوەنیت، ئەوە عەرزو ئەوە گەز ئەگەر پیاوی یاریکە.

ووتم: ئاخر ئەوە کەی ئیشی پیاوە، حەرامە دەنا تۆ جوجکەی.

کارزان: وەرە بزانە ناتکەمە فروج.

ووتم: بانق دانێ هەر ریزێك ١٠٠ دۆلار بڕوات، بەیاری ٢١

دەستمکرد بەیاری قومار. ٤٠٠ دۆلار شك دەبەم

سەرەتا ٣ڕیز ڕۆشت دۆڕاندم لەچوارەمدا هات لە پێنجەمدا زیاتر هات بەدوایکەدا هەمووی نەخش بوو، ووتم دەرچۆ دام لە بانقەکەی ٧٠٠ دۆلار بوو.

بانقەکەیم برد خۆم دەستمکرد بە تەوزیع تا درەنگانێکی شەو یاریمان کرد ئەمبردو ئەدۆڕام تەنانەت ئاوازخانیش هاتبوو تەماشای دەکردم بەدەم گۆرانییەوە توشیی ئەعصابم کردبوو... ٣٣وەرەقەم بردەوە لێیان، هەر لەسەر یاریەکە دا بووم ١٠ وەرەقەکەم دایەوە بە کاك ئاراس لەبەرچاوی کارزاندا ووتم ئێمە پیاوین!

کارزان پارەی پێنەما ووتم لەسەر دەرپێکەت یاری دەکەم.

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین، ئەویش جنێوێکی دا بە من بۆی هەڵسام نەیانهێشت شەڕبکەین، ووتم یاریکە.

کارزان: یاری ناکەم ماندووم!

ووتم: درۆ دەکەیت! لاتم کردی هیچت پێنەماوە.

کارزان: ئێستاش لە تۆ زیاتر پارەم پێیە.

دیاربوو درۆی دەکرد هیچی پێنەمابوو، ووتم درۆ دەکەیت ٢٣ وەرەقەم پێیە ئێستا هەمووی دەسوتێنم، من پارەی حەرامم نا خۆم کەوام ووت هەموویان خەریك بوو شێت دەبوون، جەبار کورێکی سلێمانی ٢٠٠ دۆلاری دۆڕاند بوو بە من ووتی غلاّمی قۆنەرەکانتم: بیکە بۆ خاتری خوا پارەکەم بدەرەوە مەیسوتێنە، یەکسەر دامەوە پێی.

ئەوی تر ناوی فەرمان بوو خەڵکی دوکان بوو ١٠٠ دۆلاری دۆڕاندبوو داوای کردەوە دامەوە بەویش.

تەپڵەکێکی جگەرەم هێنا بیست وەرەقەکەم دانا لەبەرچاوی کارزان چەرخم نا بە ١٠٠ دۆلارەوە بەس بۆ ئەوەی زەلیلی بکەم تا داوای کاتەوە. ئاگام لێبوو عارەقی کرد کە گڕم بەردایە ١٠٠ دۆلاریان جوان سوتا، هەرچی جەماعەت دەیانووت بۆخاتری خوا مەیسوتێنە

وەڵڵاهی گوناهت دەگات، دەچین ئەیدەین بە خواردن بۆ هەموومان.

منیش زوو زوو دەمووت ئەگەر پارەی ئێوەیە با بتاندەمەوە؟

هەموویان ئەیانووت نا.

کارزان هەر قسەی نەکرد، دیار بوو زۆر ناڕەحەت بوو ١٠٠ دۆلاری ترم دەرهێنا، ویستم چەرخی پێوە بنێم ئاوازخان ووتی کاکە خەسرەو بیکە بەخاتری پێڵاوەکانی خۆت مەیسوتێنە و بیدەرەوە بە کاك کارزان.

ووتم: کارزان پارەکەت بدەمەوە لەبەرخاتری پیلاوەکانی ئاوازخان؟

کارزان: خۆت دەزانی!

ووتم: دەبڕۆ داوای لێبوردن لە ئاوازخان بکەو ئەوە پارەکەت، یەکسەر ١٩وەرەقەکەم دایـەوە دەستی و ووتم بۆ ئـەوەی ئەوەندەی تر زەلیلی نەکەم چپاندم بەگوێیدا چ قسەیەکی قورسی کردبوو، بەرانبەر بە ئاراس و ئاوازخان. کارزان خێرا هەڵسا چووە لای ئاوازخان داوای لێبوردنی کردو ووتی خوشکی بەڕێزی منیو دەستیکردە ملی ئاراس-یش.

ئەو شەوە لەبەرچاوی هەموویاندا داوای لێخۆش بوونم لە خواکردو چوومە سەر بەرمالّو تەوبەم کرد لەبەرچاوی هەموویاندا دوو ڕکعات نوێژی تەوبەم کردو دوای نوێژیش ١٠٠دۆلارم لەگیرفانی خۆم دەرهێنا دام بە کارزان ووتم: ئەو ١٠٠دۆلارە مافی من نەبوو بیسوتێنم، من هەڵە بووم، بەڵام ئەوە ١٠٠ دۆلارەکەت.

سەری کارزانم ماچکرد ووتم: ببورە مامە کارزان گیان ئێمە برای یەکین.

هەڵسا و ووتی بەشەرەفم، بەشەرەفم، بەشەرەفم نایەتە گیرفانم.

ووتم: ئەی هاوار بۆ سوێند بەشەرەف دەخۆیت، شەرەف سوێندی پێناخورێ، چونکە مامە کارزان زۆر جار شەرەفی خۆشمان لەسەر قومار دەدۆڕێنین. تەنها باسوێند بەخوا بخۆین کە هەرگیز نامرێتو بەهەمیشەی ئاگای لێمانە.

کارزان: خەسرەو بابە وازمان لێبێنە تا ئێستاش باوکم دەرسێکی وای دانە داوم و تەمێی نەکردووم. کاکە ئەوەندە بریندارم مەکە، تەواو پارەم ناوێتو بەخوا زۆر قسە بکەیت خۆم ١٩ وەرەقەکە دەسوتێنم.

ئەو شەوە کۆتایی هاتو ناخۆشترین شەوی من بوو، دوای دوو ڕۆژ چووینە ئیتاڵیا.

ولاتی ئیتاڵیا ڕیسواتر بوو لە ئەسینا، هەر جێگا نەبوو ئوتێل گران تر بوو پارەکەی گیرفانم بەشی چەند ڕۆژێکی کرد. داوای پارەم کرد لەماڵەوە پارە حازر نەبوو، حەزیشم نەکرد زەخت بخەمە سەر ماڵەوە، دایکم ووتی ئەگەر زۆر زەروور نیت چەند ڕۆژێك بوەستە تا پارەیەك دێتە دەستمان، ئەوکاتەش ١٠٠ دولار بە ٢٠٠٠ دیناری سویسری بوو!

منیش برا و خوشکم زۆر بوو نەدەکرا لەبەر خۆم دەستی ئەوان ببەستم.

پارەم پێنەبوو لە ئیتالیا، چووم بۆ کرێکاری بەبۆنەی کوڕێکی کوردەوە لە ڕۆما ٥ ڕۆژ چووم بۆ بارکردنی ئاسن و تەختە بۆ چەند قاتێك. ئیشم بۆ کابرایەکی مەغریبی دەکرد، دوای ٥ ڕۆژەکەش پارەکەیان نەداینێ دەریان کردین ووتیان قسە بکەن دەچین پۆلیستان بۆ بانگ دەکەین. پۆلیسیش بهاتایە ئێمە زمانمان نەدەزانی دەگیراین و ئازاریان ئەداینو لەوانە بوو قسەیکیشمان بۆ دروستبکەن، دوایش نەمان دەزانی چیمان لێدەکەن. من ئاسنێکم کێشا بە پشتی ئەو مەغریبیەی ئیشی پێدەکردین و بەعەرەبی پێم ووت (هذا هو حقي) خستم بە عەرزەکەدا، ڕامکردو چوومەوە بۆ ڕۆما.

بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم تەنانەت خوێنم دادەنا ئەو چەند ڕۆژە، خوای گەورە تۆڵەی زیاتریشیان لێبسێنێت، هاتمەوە بۆ ناوشار چوومە چایخانەیەك دانیشتبووم کوڕێکی کرمانج هات ووتی: ئیش دەکەیت؟

ووتم دەیکەم، بردمی بۆ ماڵ گواستنەوە.

من و دووکوڕی تر بووین دوای تەواوبوون کرمانجە هیچو پوچەکەش بەجێیهێشتینو ڕایکرد، هاتینەوە بۆ ڕۆما.

ئەو ئێوارەیە زۆرم برسی بوو، ماندووم هیچ پارەم پێنییە، نزیك تەنەکە خۆڵێك بوومەوە، بەڵکو شتێکی تێدا دەربهێنمو بیخۆم بە دزییەوە چوومە لای تەنەکە خۆڵەکەو هەر تەماشام دەکرد، چاوم بەناو تەنکە خۆڵەکەدا دەخشاند، دەستم برد شتێك دەربهێنم کوڕێکم بینی ناوی لوقمان بوو هات بۆ لام ووتی؛ مامە خەسرەو چۆنی؟ ئەوە چیدەکەیت لێرە؟

ووتم: تۆ تەماشای ئەم هەتیوە ناکەیت چۆن پەیدابوو لێرەدا.

ناسیمەوە کە لەزیندانی سالۆنیك بەیەکەوە بووین ئەو کوڕە خانەقینییە بوو، لە کاتی شەڕی منو مەئمون لە پشتم وەستا.

لوقمان: ئەوەچی دەکەی لێرە؟

ووتم: وەڵاڵا چاوەڕێی کوڕێك دەکەم، لەڕاستیشدا چاوەڕێی کەس نەبووم، لەتەنکە خۆڵەکەدا بۆ نان دەگەڕام بیخۆم.

لەم قسانەدا بووین ئەوەندەم زانی ئاراس مێردی ئاوازخان لەوێدا پەیدا بوو، ووتی: مامە خەسرەو چی دەکەیت؟ لەگەڵ لوقمان دەستی کرد بەقسە وتی ئەم کوڕە ئەو کوڕەیە کە ئاواز بۆی باسکردی پیاوەتییەکی زۆر گەورەی لەگەڵ کردووم.

ئاراس زاوای لوقمان بوو، واتا ئاوازخان خوشکی لوقمانە.

لوقمان ووتی: چی دەکەیت بڕۆ دەچین بۆ چایخانەی عەرەبەکان دەعوەتی منی.

ووتم: ئاخر چاوەڕێی کوڕێکم دێت بۆ لام، هیچش نەبوو بەس خۆم باداو خۆم قورس کرد خەریکە دەمرم لەبرساندا، دەستیکرد بەگیرفانیدا بۆ یەکەمجار مۆبایلم بینی بەدەستی لوقمانەوە.

ووتی: تەلەفونی بۆ بکە.

ووتم: تەلەفونی نییە.. کێشە نییە دێم لەخزمەتاندا، چووین بۆ ئەوێ بامێو قۆزییان بۆ بانگکردمو تێرو پڕ نانمخوارد سوپاس بۆ خوا، تێرم خوارد.

لوقمان: من لە زیندان بۆم باس نەکردی نەموێرا، بەڵام بۆ زانیاریت من جنسیەی ئەڵمانیم هەیەو خەریکی قاچاخچێتیم لە ئیتاڵیاوە بۆ ئەڵمانیا وەرە بەیەکەوە کار بکەینو تۆش کوڕێکی ئازاو باشیو چاونەترسی ئەم ئیشە بە منو تۆ دەکرێت.

لەم قسانەدا بووین کابرای کرمانجم بینی لوقمان-م بەجێهێشت، چاوم زەوی نەدەبینی، ئەوندە تورە بووم لەو سەگبابە و ڕوومکردە کرمانجەکەو یەخەیم گرت.

ووتم: ئەو پارەیەم بدەرێ.

ووتی: ناتناسم هەر ووتی ناتناسم هەتا توانیم یەك کەلەم کێشا بەدەمیدا پڕمکرد لە خوێن. باش بوو بە شەق ٦٠ لیرەی ئیتاڵیم وەرگرت لە کابرای کرمانجی خوێڕیو وازم لێهێنا.

لوقمان ووتی بۆ ٦٠ لیرە وادەکەیت؟ ٦٠ لیرە چییە، ئەی ئەگەر بگیرێیت سنورداشت دەکەنەوە بەخوا ئێرە خەترە.

باسەکەی خۆمم کرد بۆ لوقمان کە هیچ پارەم پێنییە، ئەوە وەزعەکەمە ٥ ڕۆژ ئیشم کردوە پارەیان نەداومەتێ ئەم کابرایەش بردومی بۆ ئیش هەر پارەی نەداومەتێ.

ئەی چی بکەم مافی خۆشم وەرنەگرمەوە؟ ئەوکاتەی منت بینی لای تەنەکە خۆڵەکەوە بۆ خواردن دەگەڕام!

کە وام ووت لوقمان زۆر بێتاقەت بوو بردمی بۆ ئوتێلەکەی خۆی، خۆم شۆردو جلی سەرتاپا بۆ کڕیم، مۆبایلو ٢٥٠ دۆلاریشی داپێم.

لوقمان: لێرە نەفەرم بۆ کۆکەرەوە لەم ئوتێلەی منیش بە. من دەیانبەم بۆ ئەڵمانیا، سێ سەیارەم هەیە لەگەڵ دوو کوڕی ئیتاڵی شەریکم، تۆش لێرە کۆیانبکەرەوە هەر نەفەری ٥٠٠ دۆلاری لێوەربگرە و ١٠٠ دۆلاریش بۆ خۆت.

مۆبیلەکەم دایەوە و ٢٥٠ دۆلارەکەشم بۆ دەرهێنا و ووتم: قاچاخچێتی بە من ناکرێت ئەوە کاری من نییە، خۆشت من باش دەناسی نابمە چەورەی کەس. لەم قسانەدا بووین

ئاوازخان خۆی کرد بەژووردا، وەك ئەوەی من برای ئەو بم لوقمان هیچ چەندجارێك ووتی: بەخوا لە لوقمان خۆشترم دەوێیت، بەردەوام بوو لەقسەکانی ووتی لە ئەلبانیا شەرەفی منی کرپیەوە دەنا ئەو ئاراس-ە خوێرپیەی مێردم ئەیدۆڕاندم.

عەرزی ئاوازخانم کرد تۆ خوشکی گەورەو ئازیزی منیت بەخوا لوقمانی برایشت ئەو مەصلەحت چییە من دەڕۆم پارەی جلەکانیش ئەدەمەوە با تۆزیك ئیش بکەم مامە لوقمان گیان.

لوقمان: ئیشی چی باشە ئەگەر کار ناکەیت لەگەڵم وەرە ئەتبەم بۆ ئەڵمانیا ئەم شەو، خۆ ئەتوانم پیاوەتی ئەوەت لەگەڵ بکەم.

ووتم: ئەوە قسەی پیاوە، مەمنون دەبم ئەگەر ئەوە بکەیت.

ئاواز: لوقمان بیبەو ئەوەی خەسرەو دەیەوێت بۆی بکە.

مەمنونیم دەربڕی بۆ لوقمان.

لوقمان: زۆرباشە سبەی ئێوارە خۆت ئامادەکە ٤کوڕی ترت لەگەڵدا دەنێرم یەکی ٥٠٠ دۆلاریان لێوەربگرەو تەکسیەك دێت بە شوێنتاندا یەکسەر سەرکەون میوشن لە ئەڵمانیا.

ووتم: چی بکەم لەپارەکە؟

لوقمان: ٥٠٠دۆلاری بدە بە شۆفێرەکەو باقیەکەی هەلگرە بۆ خۆت باپێت بیێت.

ووتم: نامەوێت بۆچیمە کاکە.

ئاواز: ئەوە دیاری خوشکی خۆتە با هەر پێت بێت.

شەو سەرکەوتم خۆم لە پێش سەیارەکەدا دانیشتمو چواری تریش لەدواوە ٢٠وەرەقەشم لێوەرگرتن. دوایی ٥ وەرەقەم دایە کابرای ئیتالی.

کاتژمێر ١١ی شەو بوو دابەزین لە نەمسا من بنێشتم کڕی لەگەڵ هەندێك خواردنی تر دواتر چوومە ئەڵمانیا.

پۆلیس لە ئەڵمانیا لە بانۆفی مویشن گرتمی بانۆف واتا وێستگەی میترۆکانی ئەڵمانیا لە ژیر زەویدا بوو، ئەو بنێشتو ساردییەی کە پێم بوو نەمساوی بوو. ووتیان تۆ لەنەمساوە هاتوویت رێك سنورداشیان کردمەوە بۆ نەمسا.

زیندانی نەمساو و ماسی قوتو مارو پەیژە

لەدوای ئەوەی لەشاری میوشن گیرام درامەوە بە نەمسا، بەهۆکاری چەند کەرەستەیەکی نەمسایی کە پێم مابوو.

هەر ئەو شەوە چوومە زیندان بۆ بەیانی ناردیانم بۆ زیندانێکی تر پڕبوو لە جەزائیریو مەغریبیو نەتەوەکانی تر.

ماوەیەك مامەوەو کەسم تێدا نەناسی ٥٠ بۆ ٦٠ کەس لەو هۆڵەدا بوون، کاتی نوێژی نیوەڕۆ ڕوومکردە دیوارەکە بۆ نوێژکردن، یەکێك لە جەزائیریەکان هاتە لام ووتی: قیبلەکەت خوارە ڕاستی بکەرەوە، نوێژمکرد ئەوانیش لەگەڵمدا نوێژیان دابەست کە سەلامم دایەوە ماشاءالله لە دوامەوە ٢٠ کەس نوێژی کرد.

کەسێك بەناوی عەبدولقادر هاتە لام ووتی: بۆ گیراویت؟

حاڵ و گوزەرانی خۆمم بۆ ڕونکردەوە.

عەبدولقادر: ئەگەر بێتو خۆت نەخۆش نەخەیت لێرە بەرەو دادگات بەرن ئەوا یەك مانگ حوکوم ئەدرێیت، ئینجا ئەڵێن برۆ داوای ئیقامە بکە.

ووتم: ئەی چۆن خۆم نەخۆش بخەم؟ عەیبم نییە.

عەبدولقادر: هەوڵبدە ماسیەکی قوتو هەڵبچڕە با کۆن بێت و بۆگەن بکات، ئە و ڕۆژەی بانگت دەکەن بۆ دادگا پێشتر بیخۆ، بەڵکو نەخۆش بکەویت و تێکت بدات. کە پشکنینیان بۆکردی دەزانن نەخۆش بی هەر هەفتەیەك زیندانی دەکرێیت.

قوتویەك ماسی دامێ هەڵم پچڕیو خستمە جێگایەك بۆ ئەوەی میکروبو ڤایرۆسی باشی بۆ بچێت، دوای سێ ڕۆژ ناوم هاتەوە بۆ دادگا بۆشەوەکەی دەستم کرد بەخواردنی ماسییە بۆگەنەکە!

هەر سەری سەعاتێك عەبدولقادر دەهات دەیووت: هیچت لێنەهات؟

ووتم: نەوەڵڵا عەیبم نییە!

دوای چەند سەعاتێکی تر عەبدولقادر پرسیاری کردەوە، منی ناونا بوو کوردی.

ووتی: کوردی عەیبت نییە؟

ووتم: نا - هیچ گۆڕانکاری ڕووینەداوە.

شەو خەوتم بەیانیی بردمیانە دادگاو یەك مانگ حوكم درام!

لەماوەی ئەو مانگەدا لەگەڵ لیبیەكاندا فێری زمانی عەرەبی بووم، باشترین قوتابخانە بوو بۆ زمانەكەم، هیچ كوردی تێدانەبوو.

دوای ئازاد بوونم لە ڤییەنا هاتمە دەرەوە ناردیانم بۆ كەمپ، دوای سەعاتێك سەیارەم گرتو هاتمەوە بۆ ئەڵمانیا.

چوومەوە میوشنو دیسان گیرامەوە ناردیانم بۆ كەمپی بایەروت كە ٤ كوردی تێدابوو بەخۆمەوە لەوێ پرپوو لەعەرەبو كۆسۆڤۆیی، شوێنێكی زۆرناخۆش بوو زیندانی كۆنی نازییەكان بوو كردبوویانە كەمپ. یەك دوو هەورامی لێبوون زۆر كوڕی چاك بوون، بەڵام بۆ من وەك كۆسۆڤۆیی وابوون هەر بەهەورامی قسەیان دەكرد، منیش تەسجیلێكم دۆزیبووە چاكم كردەوەشریتم پێنەبوو.

چووم بۆ لای ئەو هەورامیانە ووتم: هیچ شریتێكتان لایە؟

ئەوانیش شریتێكی هۆرەی هەورامیو گۆرانیو چەپڵەی هەورامی بێ موسیقا دامێو گۆرانی بێژەكە ناوی عوسمان كێمنەیی بوو.

شریتم خستە سەری من ئاگام لێنییە تەواوی دەنگم دابوو بە هۆرەو گۆرانییەكانی عوسمان كێمنەیی، بەرپرسی كەمپەكەو هەرچی كۆسۆڤۆییو عەرەبە هاتن ئەیانووت توخوا مێشكمان تەقی ئەوە چییە داتناوە، منیش لامبرد.

ماوەیەكی پێچوو ڕەفزم وەرگرت، شریتی عوسمان كێمنەیم خستەوە سەری هەورامییەكان دابوویانە خۆم، بەرپرسی كەمپەكە هات ووتی: ئەو شریتە نافرۆشی.

ووتم: با

ووتی: ٢٠٠ ماركت ئەدەمێ بەس بیشكێنە.

ووتم: باشە

نەم شاكاندو دامەوە بە هەورامییەكانو لەڕێگای كوڕێكی گەڕەكی خۆمانەوە ناوی چەند خزمێكی خۆمم دۆزیەوە لەنۆرمبێرگو كەمپم بەجێهیشت، هیچم پێنەبوو لە نۆرمبێرگ كوردەكان شەڕە چەقۆیان كردبوو لەنێوانی یەكێتیو پارتیدا. ئەو دەمە مام ڕۆستەم لە نۆرمبێرگ بوو.

ڕۆژێك لای مزگەوتی تورەكانەوە دەگەڕامەوە بۆ جێگایەك پێیان دەووت ماركاووف گیرام، ڕێك مەلەفم ئاشكرابوو كە لەنەمسا گیراوم نەمسا ووتی نامەوێت پەنجەمۆری ئیتاڵیای هەیە، ئیتاڵیا ووتی نامەوێت پەنجە موۆری یۆنانی هەیە. یۆنان ووتی نامەوێت لە تورکیاوە هاتووە.

سواری تەیارەیەکی موحتەرمیان کردم بۆ یەکەم جار سەرکەوتم بە فرۆکە بۆ تورکیا بەزیندان کراوی.

ناردمیانە ئەنقەرە هەرچۆن بوو لەمطار خۆم دزییەوە نەگیرام سوپاس بۆ خوا هاتمە دەرەوە لە ئەنەقەرە بەرەو بیوك چەکمەچە کەوتمە ڕێ بۆ فرنی سەمونەکەی مالّی ئایدن ئابێ.

چوومە ئەوێ سەیدا حیلمی هات بۆلام ووتی: ئەوە چییە کەریم نەرۆشتوویت؟

ووتم: بەرێ وەڵلاّ لەئەڵمانیاوە سنورداش کراومەتەوە.

زۆری پێناخۆش بوو، لەلایان دانیشتم تا ئایدن هاتەوە. ئەویش باوەشی پێداکردم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی باوکی لەگەڵ بوو من هەر پێم دەوت (دەدە) واتا باپیرە. کلیلی ژورەکەی خۆمیان دامەوە، چوومەو ئەو ژورە ساردو سڕە، بۆ بەیانیەکەی دەستم کردەوە بە ئیشکردن لەتورکیا وەك ژیانی ساڵ و ساڵ و شتێك لەمەوبەر.

تەلەفونم کرد بۆ دایکم، دوای هەواڵ پرسینو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیو ووتیان شکور گەیشتویتەتە جێگای خۆت؟

دایکم ووتی: لە کوێیت؟

منیش یەك درۆی زلم بۆ کرد ووتم: لەئەڵمانیام!

ئەویش ناوی خزم و کەسوکاری بۆ هەڵئەدام لە ئەڵمانیا کێی لێیەو کێ لێنییە، منیش زۆر بەزەیم بە خۆمدا دەهاتەوە.

شەوێکیان خەوم لێنەدەکەوت چوومە دەرەوە بۆ کەنار دەریا لە بویك چەکمەجە. دەفتەری تەلەفونەکەم پێبوو، تەلەفونم کرد بۆ لوقمانی قاچاخچی هاوڕێم.

لوقمان: لە کوێت؟

ووتم: تورکیا

یەکەمجار وای زانی گاڵتەی پێدەکەم، دوایی بۆم باسکرد چیم بەسەر هاتووە.

لوقمان: برایەکم لە تورکیایە لەمرۆژانەدا دەردەچن بۆ یۆنان لەسەر ئاو بە سەیارەکەی خۆم چاوەڕێیان دەکەم، تۆش لەگەڵ ئەوان وەرە دوو وێنەی خۆشت بگرە لەوێوە بۆم بهێنە، با خێرا پاسپۆرتێکت بۆ دروستبکەم.

ووتم: نەفەری کێن؟

لوقمان: کوڕێکی ئێرانییە ناوی شهرامی بەلەمە، ئەدرەسی دامێ تەلەفونم داخستەوە.

لەو ماوەیەدا ئایدن ووتی: یاسەمین لە ماردینە هەواڵم داوەتێ کەتۆ هاتویتەوە زۆری پێخۆشە مانگی داهاتوو دێنەوە لەگەڵ عەلی کوڕم لەوێ مەشغولی ئوتێلێکن، لەوانەیە

تۆش بچیت بۆ ماردینو یاسەمین ووتویەتی بابێتە ئێرە کار بکات.

منیش زۆرقسەم نەکرد بەس تەنها بەپێکەنینەوە ووتم: لای تۆ کار دەکەم ئایدن ئابێ.

شەهرامی بەلەمم دۆزییەوە، خوایە چیمدی چومە شوقەکەی یەکێك تلیاك دەکێشێت، یەکێك حەشیش، یەکێکی تر هەموگیانی خوێنە دووان لەولاوە دەخۆنەوە.

ووتم: کامەیە کاك شەهرام؟

یەکێکی جیقنی بۆگەن هات بۆلام ووتی: من شەهرامم، بزانم چیت دەوێت؟

ووتم: خەسرەوم لوقمان ناردومی بۆلای تۆ کەدەردەچن لەگەڵ براکەیدا بۆ سەر ئاو، دەمەوێت کاك شێرزادی برای کاك لوقمان ببینم ئەمانەتم پێیە بۆی.

من نزیکەی ١٠ وەرقەم پێبوو، لوقمان ووتی ئەگەر پارەت پێیە بیاندەرێ تاکو دەگەیتە لام لەسەر ئاو.

شەهرام: خۆشحاڵم ئاغا خوسرەو ئاغا لوقمان باسی تۆی بۆ کردووم، نۆکەریت دەکەم، فەرموو بیرەیەك قلیانێك چی دەوێت لەخزمەتتدام.

ووتم: سوپاس کاك شەهرام گیان، بەڵام کاك شێرزاد لەکوێیە؟

سەیارەیەکی فیاتی پێبوو خۆی بردمی بۆلای کاك شێرزاد لە شوقەیەکی تر بوون، چومە لایانو ٨ وەرەقەم دایە شێرزاد ووتم من لەو جێگایەمو ئەوە پارەیەش کاك لوقمانی برات بۆی ناردویت.

بە شەهرام-یشم ووت: کەی دەردەچین؟

شەهرام: شوێنکەتم پێ بڵی خۆم دێم بۆ لاتو ئاگادارت دەکەمەوە.

هەفتەیەکی پێچوو بەردەوام کارم دەکرد لای ئایدن ئابێ، بەڵام یەك لیرەم لێوەرنەدەگرت. ئەویش وای دەزانی داوای ناکەم بۆ ئەوەی کۆبێتەوە پێویستم بە پارەیە.

دوای ئەوە ئێوارەیەکیان شەهرام هات بۆلام ووتی: ئەمشەو دەردەچین وەرە ئەو جێگایە.

ماڵئاوایم کرد لە حیلمی، بەس هیچم نەووت بەئایدن. خەریکی پێچانەوەی کۆڵە پشتێك بووم، ئایدن دای لەدەرگاکەم و هاتە ژورەکە. ٥٠٠ دۆلاری دامێ تەوقەی لەگەڵ کردمو ڕۆیشت وابزانم ووتی یاسەمین دێتەوە بۆلات بەداخەوە تۆ نابینێت. من باش تێنەگەیشتم، هەر ئەموت الله ڕازئۆلسن.

دەرچووم چووینە سەرئاوی گەورە، لەوێ تەماشا دەکەم شەهرام لەگەڵ کوڕێکی تری فارسدا لەپەنای داریکدا رادەبوێرێت، نەمزانی چی بکەم چوومەوە بۆلای شێرزاد و ووتم شتێکی وابووە دەمەوێت لەو هەتیوە پیسەبەم.

شێرزاد: کاکە تۆ حەقت نەبێت، ئێمە ئیلاقەمان چییە هەرچوویەنە ئەوبەر لەمان جیادەبینەوە. بەڵەم ئامادەکرا وویستان ژنەکەی شێرزاد بەرنە ئەوبەر بەتەنهاو شێرزاد بمنێت، قوبوڵم نەکرد.

شێرزاد: ئاساییە!

ووتم: ئاسایی نییە کاکە یان لەگەڵ خۆتدا دەیبەیت یان نابێت.

پەڕینەوە لوقمان چاوەڕێمان بوو سواری سەیارە بوین و یەکسەر بۆ بولغاریاو ڕۆمانیا دایبەزاندم چووم پەنجە مۆری پێکردم لە دوکانێکداو خسیتە سەر پاسپۆرتەکەمو پاسپۆرتی دامێ بە قسەی خۆش و دوو ڕۆژ بە بەڕێگاوە بووین بەئیسراحەت تا گەیشتینەوە سلۆڤاکیاو هەنگاریاو چیکو پاشان ئەڵمانیاو لەوێوە منی سواری سەیارەیەکی دیکە کرد بۆ نەرویج و ٨٠٠ دۆلارەکەشی دامەوە..

هاتمە ووڵاتی نەرویج خۆم تەسلیم کرد. ئەوەی کە منی نارەحەت کرد ئەوە بوو دوای دوو ساڵ بیستم کە لوقمان لە یۆنان لەشاری ئەسینا بەچەقۆ کوژراوە.

نەرویج بۆ من وڵاتێکی نوێ بوو، لەهەمانکاتدا نامۆ بوو، دوای چەند ڕۆژێك بردیانین بۆ شارێك بەناوی هامەرفێست کە لوتکەی جیهان بوو، شەو ڕۆژ تێیدا یەکسان بوو نیوە شەو ڕۆژ بە ئاسمانەوە بوو لە هاوینەکەیدا، لەزستاندا هەر شەو بوو. ئەی خوایە کە بێزار بووم. چۆن لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیەدا هەڵبەکەینو چی ڕووئەداتو چی دێتە پێشەوە؟

چیرۆکی یانزەیەم:

ژیانێکی نوێو نەرویچ و سەرەتای چالاکییەکان

لە دوای گەڕانێکی زۆرم بە جیهانداو تێڕامانم لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێیاندا تێپەڕیوم و وورد بوونەوەم لەژینگەو کەش هەوای ئەو جێگایانە، لە هەمان کاتدا ئەو هەست و ناخۆشییەی کە کوردەکان لە دەرەوەی وڵات تێیدا دەژیان. دووری لە وڵات و لە کەسوکار هەموو ئەمانە کاریگەریەکی یەکجار زۆریان خستبووە سەر خودی خۆم و پەیوەندەکانیشم. زۆرکات دوو کەسایەتیم لە خۆمدا بەدی دەکرد، واتا کەسایەتیەکی دوو جەمسەریم هەبوو لە زانستی دەرونیدا پێی دەوترێت دەروون پارسۆیی یاخود دوو جەمسەری.

کەسیاتی یەکەم: زۆرناسك بوو لە کاتی جوڵاندنی هەستو سۆزم بەکارێکی زۆربێ بایەخ فرمێسك لە چاوانمدا ڕێژنەی دەکرد.

کەسایەتی دووەم: زۆر دڵ ڕەق زۆر بێ بەزەیی زۆرجار لەسەر پارچە نانێك لە زیندانی ئەو وڵاتانەی پێیدا تێپەڕیبووم دەم کردە شەڕە چەقۆ. لەو کاتانەدا زۆر کەسێکی دڵ ڕەق بووم، هەموو ئەمانەو جێگربوونم لهو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێ بووم، نەزانینی زمانی ئەو وڵاتەو دوور خستنەوەم بۆ شارێکی بچوك و تێکەڵ نەبوونم لەگەڵ خەڵکی دا ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە سەرم.

جاری وا هەبوو شەوان لە بەر تەنهایی فرمێسك لە چاوەکانمدا گۆمیان دروست دەکرد، زۆرجار ڕوباری گریان بەچاوانمدا سەریان دەکرد لەسەر کوڵمەکانم ڕێچکەی گرتبوو بێ لەوەی بەدەم گریانەوە بیرەکانی خۆم دادەمرکاندەوە.

تا ماوەیەکی زۆر بەو شێوە مامەوە، بەڵام بێزاری زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنیم. لە دوایدا هەر لەو شارە خولێکی زمانی ئەو ووڵاتە کرایەوە منیش بەشدار بووم.

تۆزێك سەبووری بە دڵ و دەرونمادا هات، بۆماوەی ساڵێك بەردەوام بووم زۆر بەسوود بوو توانیم سەرەتایەکی باش فێربم.

وورده وورده له گەڵ بەکارهێنانی ووشەکانی توانیم لەگەڵ خەڵکیدا بکەومە گفتوگۆ.

له هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو ئەو جێگایە زۆربەی کاتەکانی شەو بوو یان ڕۆژ واتا هاوین لەنیوەی شەودا ڕۆژ بەسمانەوە بوو وەك نیوەڕۆ، لەزستانیشدا خۆر هەڵنەدەهات، لەنیوەڕۆدا ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوو.

ئەو کەشە زیاتر باری دەرونیمی ئاڵۆزتر کردبوو زۆر نامۆ بوو بەلامەوە، هەندێ پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکە پەنابەرەکاندا دروستکرد بوو وەك کوردو عەرەبو هەندێ نەتەوەی تردا.

ئێوارەیەك ماسییەکی زۆرم ڕاو کردبوو زۆر حەزم له ماسی بوو بەبرژاوی لەگەڵ لیمۆو تەماتەو پیاز... هتد بێ ئێوە ناخۆش گەڕامەوە باڵەخانەی پەنابەرەکان کە خۆشم هەر لەوێ دەژیام.

هەر گیز پێم خۆش نەبوو بە تەنها خواردن ئامادەبکەم هەر لەبەر ئەوە پیاوێکی بە تەمەنمان لەگەڵدا بوو خەڵکی بەغداد بوو له هەمان کات دا کەسایەتیەکی بە هێزی هەبوو لەناو هەموو پەنابەرەکاندا وە پێشتر له عێراق پزیشك بوو.

زۆر ڕێزی له من دەگرت زۆرجار له بەر ئەوەی زمانی ئینگلیزی باش بوو یارمەتی منی دەدا لەکاروباری ڕۆژانەم لەو وڵاتە ئەویشم بانگێشت کردو دانیشتین بەیەکەوە دەستمان کرد بە ماسی خواردن، کەوتینە باسی گێڕانەوەی وڵاتی خۆمانو جاروبارێش گلەیمان له بەختی خۆمان دەکرد.

لەم گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو باوەڕو ووشانەدا بووین له ناکاو بە هێمنی له دەرگایی ژورەکەی من دراو منیش هاوارم کرد فەرموو، لەبەر ئەوەی دەرگایی ژورەکەم دانەخستبوو بەڵام جارێکی تر هەر لەدەرگاکە درایەوە، کە بەرەو ڕووی دەرگاکە چووم سێ ئافرەتی نەرویجی لەگەڵ پیاوێك لەبەر دەمی دەرگایی ژورەکەی مندا بوون داوایان له من کرد کە بێنە ژورەوە منیش ووتم بە خۆشحاڵیەوە فەرموون.

له ڕاستیدا من زۆرم پێخۆش بوو بۆ یەکەمجار بوو خەڵکی ئەو وڵاتە بێتە لام.

منیش کەسێکی کۆمەڵایەتی بووم زۆر حەزم بە تێکەڵ بوونی خەڵکی بوو، له دوای خۆناساندنیان بە منو پزیشکەکەی هاوڕێم کەوتنە پرسیار لێمان کە خەڵکی کام وڵاتنو هەندێ ووتەو باس، پیاوەکە ڕووی کردە من و پێی ووتم ڕۆژی شەممە کاتژمێر پێنجی ئێوارە بانگێشتن بۆ کلێسای (ئەنطۆنیۆ) لەوێ سەیری فیلمێك دەکەنو پاشان هەندێ

کێڵگو چا بەیەکەوە دەخۆین.

ڕووم کردە پزیشکەکەی هاوڕێم وتم: دەڵێ چی؟

پێی ووتم کە کابرا دەڵێ چیو ووتیشی، خۆ ئێمە بێ کارین با بڕۆین کارمان چییە کات بە سەر دەبەین و هەندێ کێڵگ دەخۆین دەڵێی چی؟

ووتم: باشە بێ کارین با بڕۆین من پێم خۆشدەبێت.

کە ئێمە ڕەزامەندی خۆمانمان نیشاندا ئیتر ئەوانیش ڕۆیشتن.

من و پزیشکەکەی هاوڕێم هاتینە دەرەوە چوینە لای پەنابەرەکانی تر ویستمان بەوان بڵێین، دیار بوو ئەوان پێش ئێمە بانگهێشتکرا بوون.

لەویا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە دواین کەس بووین، چاوەڕێ بووین تا ڕۆژی دیاری کراو لە بەردەم باڵەخانەی پەنابەرەکاندا هەموو پەنابەرەکان خۆیان ئامادەکردبوو، هەندێکیان لەوانە خۆیان گۆڕی بوو وایان دەزانی بۆ ئاهەنگ دەچن.

لە ئافرەتێکی کوردم پرسی: ئەوە بۆ وا خۆت گۆڕیوەو جلی کوردیت لە بەردایە؟

ووتی: کوڕە با تۆزێ هەڵپەڕم خۆ دڵم شەقی برد لەم کەمپەدا!

ووتم: ئێمە بۆ ئاهەنگ ناچین کەس هەڵناپەڕێت ئەوە کڵێسایەو جێگایەکی ئاینییە.

ووتی: بۆ ئاخوندن؟

دیاربوو لە ئاخوند ڕایکردبوو، هەر لەو کاتەدا پەشیمان بوو، ووتی من حەزم پێ نییە وام زانی هەڵدەپەڕین.

بۆم باسکرد کەئەمانە ئاینێکی جیاوازن و لەوانە نین کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.

دیار بوو بەتەواوی پەشیمان بوەوە چونکە ئەو خۆی بۆ هەڵپەڕکێ ئامادەکرد بوو، بەڵام بەداخەوە ئاواتەکەی نەهاتە دی.

لە دوای چاوەڕوانیمان لە بەردەم باڵەخانەکەدا پاسێك ئامادە بوو تا هەموو پەنابەرەکان سەرکەوتن، بەرەو کڵێسای (ئەنطۆنۆ) بەڕێکەوتین.

کەگیشتینە جێگای مەبەست لەدوای پێشوازیەکی گەرم، فیلمی عیسای کوڕی مەریەمیان بۆ لێداین. لەدوای تەماشا کردنی فیلمەکە کە دوو کات ژمێری خایاند، کەمێك دانیشتین و دەستمان کرد بەکێڵگو چا خواردن..

لەدوایدا کەسێك بە ناوی سیامەك خەڵکی ئەهوازی ئێران بوو، ئەیتوانی بە زمانی فارسیو عەرەبیو ئینگلیزیو زمانی نەرویجیشی باش دەزانی، لە پاشاندا قەشەی کڵێساکە داوای لێ کردین چی سەرنجو تێبینییەکمان هەیە دەربارەی فیلمەکەی عیسا بە ئازادی دەری بڕین.

ناو کڵێساو دۆزینەوەی مامۆستاکەم عیماد

لە کڵێساکەدا تەماشای فیلمەکەی عیسامان کرد، دوای ئەوەی چاو کێك خورایەوە یەکێك داوای کرد لە ئامادەبووان کە ببنە گاور. زۆر لەوانە بە ئاسانی وەڵامی بانگەشەکەی (تۆماسی)یان دایەوە کە قەشە بوو لەو کڵێسایەدا ٣ لە کوردەکان بوون بە مەسیحی، یەکێك لەوانە خەڵکی سلێمانی بوو ناسرا بوو بە جەزای زەڕەنگەر لەگەڵ چەند کەسێکی تر کە نەمدەزانی خەڵکی کام وڵاتن بەهەرحاڵ زۆرم بەلاوە سەیر بوو نەم زانی بوو کە گۆڕینی بیروباوەڕ هەروا ئاسانە.

ئەو دەمە زانستی وام نەبوو لەسەر ئاینی نەسرانی، بەڵکو زانیاری ساددەم هەبوو، ئەوانەشی کە هاتبوون تەنها بە ناو موسڵمان بوون، هەموو زانیاری زۆر سەرەتاییان هەبوو لەسەر ئیسلام، بەڵام زۆریان بڕوایان هەبوو کە هەموو ئاینەکان لە لایەن کەسێکەوە نێراوەو بەیەك چاو سەیری هەموو پێغەمبەرانیان دەکرد محەممەد (ﷺ) لە هەموو پێغەمبەران خۆشەویست تر بوو بەلایانەوە.

هەندێکیشیان ئەوەندە شارەزا بوونو کەخاوەنی ئاینی ئیسلامن، ناکرێت هەروا بەئاسانی واز لە دینی دایکو باوکو کەسوکارم بهێنم.

ئەو خەڵکەش یەکجار بەو شێوەیە نەبوون کە هەر کەس ووتی فکری خۆتانم بدەرێ ئەوانیش بڵێن بەسەر چاو! ئەو کارە زۆر گران بوو بەلایانەوە، یەکێك لە تەنیشتنمەوە ووتی ئەرێ کاکە بۆ دەبێت هەمیشە ئەوان ڕاست بن ئێمەش هەڵە، من وەك موسڵمانێکی ساددە بەو بانگهێشتە ڕازی نابم. وەڵا عەیبە ئەو خەڵکە دینی خۆی بگۆڕێت بۆ کێکو شەربەت.

هاتە سەرەی من کە ببمە گاور، منیش تەنها سوپاسم کردن بۆ کێکەکەو ووتم موسڵمانم هاتمە دەرەوە.

بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو موسڵمانانە بوون بە مەسیحی وە زۆر ئاستەم بوو بەلامەوە، بەڵام چار نەبوو مرۆڤ ئازادە وە ئەشم زانی کە ئەو جەزای زەڕەنگەرە کەسێکی سوکە. کوڕێکی ڕانییەیم لەگەڵدا بوو ناوی کاك محەممەد بوو پێی ووتم

لەماڵی شێخ عوسمانی بیارە لە ئەستەمبوڵ ئەم جەزایە بەیانیان بۆ نوێژی بەیانی خەڵکی ئاگادار دەکردەوە کە گەیشتە یۆنان هەر لەو جێگایەش ماستاوو چەورهیی بۆ قاچاخچییەکان دەکرد، کە کاك محەممەد ئەوەی بۆ باسکردم ئیتر زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو دیار بوو کەسێکی بودەڵەو سوك و کەم کەسایەتی بوو.

من لەگەڵ کاك محەممەد لەدەرەوەی کلێساکە وەستابووین گفتوگۆمان دەکرد، تۆماس لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن ٢٦ ساڵ کە ناوی -یەنیکا- بوو لەگەڵ ئاغای ئێرانی سیامەك هاتنە لای من و کاك محەممەد دوای سلاّو، پێیان ووتین بۆ نابن بە مەسیحی من بێدەنگ بووم، بەڵام کاك محەممەد ووتی ئەوە شتێکە پێویستە بیری لێبکەینەوە، منیش لەسەردڵم گەورە بووە بە زەردەخەنەیەکەوە ووتم: ئەی ئێوە بۆ نابن بە ئیسلام:

دەستیان کرد بە پێکەنین تۆماس دەستی خستە سەر شانی من پێی ووتم: بە ناوی باوکی ئاسمان قسەت لەگەڵ دەکەم من وا هەستدەکەم تۆ کەسێکی زۆر باشیت خوا دەیەوێت پاکت بکاتەوە، ئێستا ئەوانم لە ژوورەوە بە ئاو پاککردەوە واتە مەسحم کردن پێم خۆشە کە تۆش لەو کەسانە بیت کە عیسا خۆی لەخاچ دا لەبەر تاوانەکانمان داوات لێ دەکەم با دڵ و دەرونت پاك بێتەوە خۆت بکە بەناو دەریای ئیماندا لە ناو مەسیحیەتدا.

زۆر شەرم گرتمی لەوەی کە زۆر بە ئەدەبەوە ووشەکانی دا بە گوێمدا و نەیهێشت کە من هیچ وەڵامێك بدەمەوە پاشان بەوە وازیان نەهێنا بەدەم قسە کردنەوە منی بردەوە ناو کلێساکە وە بردمیە بەردەم تابلۆیەکی بەناو مەریەم کە بە خەیاڵ دروست کرابوو باسی مەریەم و عیسا و باوکی بۆ دەکردم کە هەرسێکیان خوایان پێك هێناوە. لەو کاتەدا منیش داوای کاتم لێ کردن.

ووتـــم: مـن هـیـچ زانـیـاریـیـەکـم نـیـیـە لـە بـــارەی ئـایـیـنـی مـەسـیـحـیـەوە، پێوستم بە سەرچاوە هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ئایینەکەتان.

لە هەمان کاتدا ویستم لەو پەنجەرەو خۆم دەرباز بکەم وە سەرنجی ڕابکێشم بۆ لای خۆم ووتم ئەگەر دەکرێت هەندێ سەرچاوەی مەسیحیم بۆ پەیدا بکە تا بتوانم سەرنجی خۆم هەبێتو کوێرانە دوای نەکەوم ئەگەر هەر بیروباوەڕێك هەڵبژێرم لە هەمان کاتدا کاری بۆ دەکەم.

دیاربوو ووتەکانی من سەرنجی ڕاکێشاو، ووتی تۆ فیلمی ژیانی عیسات بینی ئەوە بەس نییە؟

دیاربوو پێ وابوو منیش وەك پەنابەرەکانی تر هەروا بەئاسانی بیروباوەڕی خۆم

دەخەمە دەستی ئەو بۆیە من هەر سور بووم لەسەر پێشنیارەکەی خۆم کە کاتم پێویستە.

توماس: باشە من هەوڵدەدەم هەندێ سەرچاوەت بۆ پەیدا بکەم بە زمانی عەرەبی یان کوردی.

من زۆر سوپاسم کردو هاتمە دەرەوە، بەڵام هەر خۆ دەرباز کردن بوو لە تۆماس.

بەپەلە خۆم گەیاندە کاك محەممەد پێم ووت: ئەمانە دەڵێی بنێشتە تاڵن لە کەس نابنەوە، ئەی تۆ چیت لێ بە سەرهات بۆم باس بکە؟

بۆی باس کردم بەهەمان شێوە خۆی دەرباز کردووە داوای کاتی لێکردن و لە پرسیارو داواکانیان ووتی داوام لێکردن کە کاتێکی تر فیلمەکەی عیسا ببینمەوە بۆ ئەوەی باشتر تێبگەم لەو ئایینە، ئەوانیش ڕازی بوون بە داواکەم.

بە هەرجۆرێك بوو گەڕاینەوە بۆ باڵەخانەکەی کەلێی دەژیان، جەزای زەڕەنگەر لەناو پاسەکەدا لەلای منەوە دانیشت بوو.

ووتم: ئەوە بۆ بووێت بە گاور؟

جەزا: ئاخر بۆ ئیقامەکەم باشە.

پرسیاری ترم لێ نەکرد زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوە.

لەدوای چەند هەفتەیەك هەر لە هەمان کات دا هاتنەوە لای من هەندێ پەرتوك و ئینجیلێکیان بە زمانی عەرەبی بۆ هێنابووم.

پێیان ووتم لە دوای خوێندەوەی تکایە سەرنجو تێبینی خۆتمان پێ بڵێ.

ووتم: بە گوێرەی توانای خۆم بە سەرچاو ئاگادارتان دەکەمەوە.

بەڵام ئەو ئێوارە یەنیکا لەگەڵ تۆماس لای من مانەوە زۆر پرسیاری تایبەت بە خۆمیان کرد، لە ڕاستیدا منیش ترس گرتمی گومانی ئەوەم بوو کە ئەمانە پۆلیسی نهێنی بن منیش زۆر پاشەڵم پیس بوو، پەنجە مۆری زۆربەی زۆری وڵاتەکانی ئەوروپام هەبوو.

لەهامان کات دا لەوە دەترسام کە پێم بزانن بم گەڕێننەوە، هەر چۆن بوو کات ڕابورد. لەڕاستیدا من توانای خوێندەوەی پەرتوکەکان و ئینجیلەکەم نەبوو، زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوە چونکە من بەدوای وەرگیران و بەدەست هێنانی هەندێ پارە بووم بۆ ئەوەی بینێرمەوە بۆ کەسو کار وە بتوانم ژیانێك بۆ خۆم دابین بکەم، ئیسلامەتی خۆشم خۆش دەویست.

لە دوای دووسالّ دەربەدەری خاوەنی هیچ نەبووم هەمیشە وەك قەرەج ئەم وڵات و ئەو وڵاتم دەکرد، ژیانی من تەنها گەڕان بوو بە دوای دروستکردنی ژیانێك بۆ خۆم و

هاوكارييەكى كەسوكارەكەم لە بەرئەوەى لە ولاتى خۆمان زۆرجار هەژارى و دەولەمەندى و كەمدەستيم بە خۆمەوە بينى بوو.

ئێوارەيەكى هاوين بوو زۆر بێزار بووم تەنهايم كردبووە هاوڕێم پێم ووت: با پێكەوە پياسەيەك بكەين بە يادى جارانى شارەكەم، لە سەنتەرى ئەوشارە كە تێيدا نيشتەجێ بووم دەسوڕامەوە لە سەر كورسييەكى ئەو بازاڕە ئارامم گرت.

لە ناو ئۆتۆمۆبيلێكدا ئافرەتێك بانگى كردم خەسرەو كە نزيك بوومەوە يەنيكا بوو، پرسى پێت خۆشە پياسەيەك بكەين؟

ووتم: نابووره چاوەڕوانى هاوڕێيەكمم لێرەدا يەكترى ببينين.

لە ڕاستيدا بێزار بووم لە تۆماس و يەنيكاو كلێسا هەر ئارەزومەند بووم بەوەى وازم لێبهێنن، بەجێى هێشتمو ڕۆيشت.

لەگەڵ خۆمدا كەوتمە گفتوگۆ، گەنجێك هاتە لام و بەزمانى ئينگليزى پرسى: ئەو جێگايەى كە پەنابەرەكانى لێ نيشتەجێن لەكوێيە؟

من لەم شارەدا تازەم ئێستا گەيشتوم ئەگەر دەكرێت يارمەتيم بدە.

لێم پرسى خەڵكى كام ولاتى؟

ووتى: تونس

بە عەرەبى كەوتمە ووتوێژ لەگەڵيدا پێم ووت كەمنيش لەوێ دەژيم، ديارىوو زۆر خۆشحاڵ بوو كە كەسێكى ناسيوە بەزمانى خۆى ئاخافتن بكات. يارمەتيمدا هەندێ لەكۆڵو بارەكەيم بۆ هەڵگرتو بەرەو جێگاى مەبەست كەوتينە ڕێ، هەر لەوێ لەگەڵ پرسگەكەدا كەوتە وتوێژو وە ژورێكيان بۆ دەستنيشان كرد.

من هەر لەگەڵيدا بووم كەلوپەلەكەيم لەگەڵ هەڵگرت.

داوام لێكرد كە پاش حەسانەوەت وەرە لاى من خواردن ئامادەدەكەم بەيەكەوە نانێك بخۆين. ئەوەندەى تر خۆشحاڵ بوو، گەڕامەوە دەستم كرد بە خواردن ئامادەكردن لە دواى چەند كاتژمێرێك چوومەوە بۆلاىو بانگێشتم كرد وە زۆربەى پەنابەرەكانم ئاگادار كردەوە بۆ ئەوەى كەمێك لە ئازارى نامۆيى ئەو گەنجە كەم بكەينەوە، ئەوانيش بەخێر هاتنێكى گەرميان لێ كرد.

ئەويش خۆى ناساند كە ناوى عيمادە، خەڵكى تونسە تا درەنگانێك بەيەكەوە بووين هەر خەريكى گفتوگۆو ئاڵوگۆڕكردنى بيروڕا بووين، بەڵام عيماد كورێكى زۆر وتوێژ شيرين بوو، خاوەنى زانيارييەكى باش بوو، بەڕاستى منى سەرسام كرد بە زانيارييەكانى.

لەسەر مێزى چەرپاكەم ئينجيلەكەى بينى ووتى: تۆ مەسيحيت؟

ووتم: نەخێر، من موسڵمانم سوپاس بۆ خوا.

عیماد: سوپاس بۆ خوا.

ووتم: ئەو پرسیارەت تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئینجیلە لەم ژورەدایە.

عیماد: ڕاستە ئینجیل لای خوای پەروەردگارەوە هاتووە بۆ پێغمبەر عیسا سڵاوی خوای گەورەی لێبێت، بانگەوازی بۆ کردووە، بەڵام ئێستا ئەو ئایینە دەستکاری کراوەو گۆڕاوە، ئارەزوو ویستی پیاوانی کڵێسای تیادا تێکەڵاو بووە.

منیش باسەکەم بۆ کرد کە چۆن ئەم ئینجیلەم دەستکەوتوە تا بیخوێنمەوە وە ئەو کۆمەڵە کە لێرە خاوەنی بەڕێوەبردنی کڵێسای ئەم شارەن چاوەڕوانی بە گاور بوونی منن، بۆیە ئەم پەرتوکانەیان بۆ هێناوم، بەڵام سوپاس بۆ خوا بیروباوەڕ دامەزراوەو شوێن شتی کوێرانە ناکەوم.

عیماد دەستی خستە سەر شانم و ووتی: تۆ نەوەی سەلاحەدینی ئەیوبیت خوای لێ ڕازیبێت ئەو داکۆکی کردووە لەخاکی موسڵمانان و لە عەرەب بە تایبەتی کەبیان پارێزێت لە بە گاور بوون وە خاکی موسڵمانی لە ژیر دەستی گاورەکان سەندەوە، تۆ ئەگەر باپیرە گەورەت خزمەتی ئیسلامی بەو شێوەیە کرد بێت دەبێت تۆش هەر وا بیربکەیتەوە، نابێت ڕێگاکەی فەرامۆش بکەیت.

منیش سەرێکم بۆ باداو ووشەیەکی دووبارە کراوەم بیستبوو کە گوایە سەلاحەدینی ئەیوبی هیچی بۆ کورد نەکردووە زۆر گرنگ نییە بەلامەوە، هەرچەندە ئەمە بڕوای خۆم نەبوو قسەی لاوەکانی ناو کۆمەڵگاکەم بوو دووبارەم کردەوە. زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەو ووتەیەم پێ ووت!

عیماد: ڕاستە سەلاحەدین کورد بوو، بەڵام ئەو نە بۆ عەرەب کاری کردووە نەبۆ فارس و نە بۆ کورد، بەڵکو سەرکردەیەکی موسڵمان و کورد بووە، جڵەوی موسڵمانان لە ژێر دەستی ئەودا بووە.

هەموو موسڵمانانو عەرەبو عەجەمو مەسیحی لە ژێر ڕکێفی ئەودا بوون با من پرسیارەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە.

سەلاحەدین موسڵمانێکی کورد بوو ئەو دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو وڵاتانی عەرەبو موسڵمانان بە گشتی دا بوو، واتا کورد حوکمی کردووە ئەگەر نەتەوەیی بیر دەکەیتەوە، هەرچەند ئەو وەك موسڵمانێك کاری کردووە، بەڵام خاچپەرستەکان دەیانەوێت لە بەر چاوی ئێوەی کورد لە شانو شەوکەتی ئەو کەم بکەنەوە تا ئێوەی کورد شانازی بەو کەڵە سەرکردەوە نەکەن کە کورد خاوەنی سەرکردەیەکی وا قارەمانو

بەئەمەکی موسڵمانانە. لە ڕاستیدا ئەوە گاورو بێ باوەڕەکانە دەیانەوێت لە ناو ئێوەی کووردا سەرکردەی وا قارەمان دروست نەبێتەوە، چونکە ئەو شکستەی بە دەستی سەلاحەدین بینیویانە هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. ئێستا لە هەموو مێژووەکانی خۆیاندا باسی دەکەن پێوەی دەنالێنن، خۆ ئەگەر شەڕی نێوان فەرەنساو فەڵەستین بوایە یان شەڕی نێوان سوریاو ئیتاڵیا بوایە یان کوردستانو یۆنان بوایە دڵنیابە کە سەلاحەدین ئەوکات بۆ نەتەوەکەی خۆی دەجەنگاو بە ناوی کورد ئالای بەرزدەکردەوە، بەڵام عەرەب تورك، فارسو کورد هەموو موسڵمان بوون، کوردێکی موسڵمان سەرپەرشتی دەکردن ئەو سەردەمە نەتەوە هیچ بایەخێکی نەبووە لە ژێر ناوی ئوممەتی ئیسلامی کاریان دەکرد، ئەوان بە ناوی خاچپەرستەکان لەگەڵمان دەجەنگان خۆ زۆربەی خاچپەرستەکانیش خەڵکی وڵاتی جیاواز بوون کە بریتی بوون لە: فەرەنسا و ئیتاڵیاو...هتد لە ژێر ناوی خاچپەرستەکان دەجەنگان تا سەلاحەدین تێك و پێکی شکاندن.

لە دوای بیرکردنەوە لەو ووشانەی عیماد کە بۆی ڕوونکردمەوە زۆر دڵم خۆشبوو هەستم کرد کە منی کورد کەم نیم و خاوەنی سەرکردەیەکی بە ئەمەك قارەمانم وە خۆشەوستی لە دڵمدا زیاتر چەسپی، لە ڕاستیدا ووتەکانی عیماد هەموو ئەقڵانی بوون.

ئینجا تێگەیشتم دابەشکردنی وڵاتی من هەروا بێ هۆ نەبووە، دیارە نایانەوێت سەلاحەدینێکی تر دروستبێتەوە بۆیە هەر ژێر دەستەین.

لە پاشاندا عیماد درێژەی دا بە گفتوگۆکەو بەردەوام باسی چاکەو پیاوەتی کوردو باسی ئەبوبەکری باقەلانی بۆ کردمو باسی ئیبنو تەیمیەی بۆ کردمو باسی سینانی فوراتی ئەسەدی بۆ کردمو باسی جەزەریو محیدین ڕەئیسو زۆری تر، کە ئەمانە هەموو زاناو ناوداری کورد بوون.

لە ڕاستیدا بۆ یەکەمجار بوو باسی هەندێك لەو مرۆڤە بەڕێزانەم بیستبوو کە کورد بوون، لە سەردەمی خۆیدا نوێنەری جیهانی ئیسلامی بوون، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گاورو جولەکەکاندا باسی لێهاتوویی و زیرەکی ئەوی بۆ کردم کە چۆن لە ئاستی ئەو پیاوەدا دەم بەستراو بوون نەیان توانیوە ئاخافتن بکەن.

ئەوەندەی تر شانازیم بە خۆمەوە دەکردو بەئیسلامەتیەکەمەوە، هەڵسام بۆ ئەوەی ئینجیلەکە فرێبدەم.

عیماد: ئەوە گوناهە کارێکی باش نییە، موسڵمان کاری وا ناکات بیدەوە خاوەنەکەی.

زۆر سەرسام بووم لە گفتوگۆ شێوەی دوانەکەی زۆرم خۆشویست، وا دیار بوو کەسێکی بە توانا بوو لە ڕووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

داوامکرد ببێتە مامۆستاو فێرکاری من.

عیماد: بەمەرجێك لەقسەم دەرنەچیت، تۆ بڕیار نادەیت من بڕیار ئەدەم وەك مامۆستا چی بخوێنیتو چیت پێ دەڵێمەوە.

ووتم: باشە!

پاشان ئەو شەوەمان بە ووتوێژ بردە سەر گەڕاوە بۆ ژورەکەی خۆی هەر لەو دەمەوە پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش بوو کەسێکی زۆر یارمەتی دەربوو. هەمیشە عیماد ئەوەی بیری من دەخستەوە کە چۆن یەکەمجار یارمەتیم داوە بە گەرمی پێشوازیم لێکردوە، دیارە هەر لەو کاتەوە سەرنجی منی دا بوو وە ڕەوشتی منی بە دڵ بوو، عیماد تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، ئەو دەمە من ٢٢ ساڵ بووم.

بە هەرجۆرێك بوو زەمەن چرکەکانیو خولەکو کاتژمێرە شەو ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ هەموو پێشبڕکێیان لەگەڵ دەکردین ئێمەیش لەو نێوەندە بە جێ مابووین. ڕەمەزان هاتوو هەموو بەڕۆژوو بوین بەیەکەوە، خەریکی وەرگرتنی زانست بووین لە بیروباوەڕو تەفسیرو فەرموودەو هەموو بوارەکان، نوێژو تەراویحمان هەموو بەیەکەوە بوو.

نیوەڕۆیەك لە خولی زمانەوانی گەڕامەوە عیماد بە خێرای بەرەو ڕووی من هات وام زانی توشی شەڕ بووە لەگەڵ جەزای زەڕەنگەر، چونکە جەزا زۆر ڕقی لە من و عیماد بوو، پرسیم خێرە چی بووە؟

ووتی مژدەم بەرێ پۆستێکت لە بەشی پەنابەرانەوە بۆت هاتووە، منیش خۆم پێنە گیراو کردومەتەوە سوپاس بۆ خوا لەم ولاتە وەرگیراویت، لە خۆشیدا هاوارم کردو دەم قیڕاند.

عیماد: سوجدەی سوپاس گوزاری بەرە بۆ خوای تاك تەنها.

لە سەر ئەو شەکرە بەفرەی ولاتی سارد و سەرمایە سوجدەی شوکرم برد بۆ خوای پاك بێ گەرد.

بە کامەرانیەوە گەڕاینەوە لە پاشاندا لە دوای چەند هەفتەیەك نامەیەك بۆ جەزای زەڕەنگەر هات لە بەشی پەنابەرانەوە بەداخەوە وەرنەگیرا بوو، زۆر ناڕەحەت بوو. لە ڕاستیدا پێم ناخۆش بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاسایی بوو بەلامەوە، لە بیرمە کاتی خۆی پێی ووتم بۆیە دەبم بە مەسیحی بۆ ئیقامەکەم باشە.

بەڵام دڵم نەهات لەوکاتەدا پێی بڵێم کاك جەزا ئیقامەکەت جوانە، ووتم باکێشە دروست نەبێت وازم لێهێنا.

من زۆر دڵخۆش بووم بە دوای کاردا وێڵ بووم، ویستم ئەو جێگایە بەجێبهێڵم بەرەو

شارێکی گەورەتر برۆمو هەر لە پەیوەندی کردندا بووم لە گەڵ هاورێکانمدا.

ئێوارەیەك لەگەڵ عیماد و كاك محەممەد لە ناو بازاڕدا دەسوڕاینەوە. دیسانەوە تۆماسی قەشەی کلێساکەمان بینی و هات بۆ لامان سلاوی لێکردین بەگەرمی هەوالی من و كاك محەممەدی پرسی، لەدوای باسێکی زۆر پیرۆزبایی لە من و كاك محەممەد کرد، کە وەرگیراوین لەم وولاتەو تۆماس ووتی خەسرەو ئنجیلەکەت خوێندەوە؟

ووتم: کاتم نەبووە بەڵام چەند لاپەڕەیەکم لێخوێندۆتەوە، هەرچەندە عیماد شتێکی فێر کردبووم لەسەر هەڵەکانی هەمووی دەستنیشان کردبوو بۆم.

ووتی: سەرنج و بۆچونت چییە؟

لەڕاستیدا سەرنج و تێبینم زۆرە تۆماس، بەڵام لێرە نابێت کێشەیەکی تر دێتە پێش ئەویش ئەوەیە کەناتوانم ئەوەی لە دڵم دایە دەری بڕم خۆت دەزانی من زمانەکەم زۆر باش نییە پێویستمان بە سیامەك دەبێت، بۆ ئاخفتن و گفتوگۆ.

تۆماس: باشە کەی پێتان خۆش بوو وەرن بۆ کلێسا بەڵام کاتێك دابنێن.

ووتم: خۆم وەڵامت دەدەمەوە.

ماڵ ئاوایمان لەیەکتر کرد، ڕووم کردە عیمادو پێم ووت کە من نەوەی سەلاحەدینم، ئیتر کاتی ئەوەیە کە پێیان دەڵێم کەئایینەکەیان دەستکاری کراوە.

بەڵام دیار بوو عیماد زۆری پێ ناخۆش بوو حەزی بەو دانیشتنە نەبوو، بەڵام من داوام لێکرد کە لەگەڵماندا بێت لە دوای ئەوەی کە زۆرم لێ کرد ڕازی بوو، بەڵام بە مەرجێك تۆ نابێت ئاخافتن بکەیت، تەنها من گفتوگۆ دەکەم. منیش لە بەر ئەوەی عیمادم باش دەناسی دەمزانی منی خۆشی دەوێت بە دوای چاکەی مندا دەگەڕێت ڕازی بووم، بەڵام زۆرم بەلاوە سەیر بوو ووتم: بۆ عیماد گیان؟

لەبەرئەوەی تۆ شارەزانیت لە ئاینی ئیسلام سەرەتاتە هەست و سۆزت ناسکە لەوانەیە زوو هەڵبچیت یان بە ووشەیەکی ئەوان بیرت بگۆڕێت، یان زۆرجار بە هۆی فرێدانی ووشە مرۆڤ لە ئیسلام دەردەچێت، لەوانەیە ئەو کەسێکی بە توانا بێت لە کاتی ئاخافتندا بیرو هزری تۆ بشێوێنێت.

لە ڕاستیدا ووتەکانی عیمادم بە باشزانی کە من تەنها گوێگر بم بەڵێنم دا کە دانیشم بە هیچ جۆرێك ئاخافتن و موناقەشەیەك نەکەم.

چوین بۆ کتێبخانەی ئەو شارە لە پرسگەکەی هەندێك پەرتوکی نوسی تا بۆی دەستە بەر بکەن، یەکێك لەوانە بیرم دێت پەرتوکێکی احمد دیدات بوو، بۆ یەکەمجار ناوی ئەحمەد دیدات-م لەوێ بیست، پرسیاری لە من کرد ئەمانە لە سەر چ بیروباوەڕێکن،

ئۆرتۆدۆکس، کاتۆلیك یاخود پرۆتستانت.

من نەم دەزانـی بەڵام ئەو زانیاریەمان وەرگـرت لە پاشاندا کە پەرتوکەکانی بە دەستگەیشت لە دوای یەك مانگ ئامادەیی خۆی نیشاندا و ووتی من ئامادەم بە پشتیوانی خوای گەورە.

من زۆرم بەلاوە مەبەست بوو کە گوێم لە ووتوێژی عیمادو تۆماس بێت بۆیە خێرا پەیوەندیم بە تۆماسەوە کرد کە کات دیاری بکات بۆمان. ئەویش بە خۆشحاڵیەوە کاتی بۆ دیاری کردین و من وەڵامەکەم داوە بە عیماد، بەڵام دیاربوو عیماد زۆر دەترسا.

پێم ووت زۆر شڵەژاو دیاریت عیماد-ی برام.

عیماد: ئەمە شەڕەدەمە دەترسم توانای ئەو شەڕەدەمەم نەبێت.

پاشان بیری چەند کەسێکی وەك تۆ تێك بچێت لە پاشەڕۆژدا من بەر پرسیار بم، ئەم ئایینە کێشەکەی لەوەدایە کە بەئارەزوی خۆت ناتوانیت ووتوێژ بکەیت بۆیە دەترسم براگیان، دەستی کرد بە گریان باوەشی پێدا کردم و من ئەوەندەی تر خۆشەویستی عیماد چووە ناو دڵم، گەورەی و پاکی ئەم دینی ئیسلامەم بۆ دەرکەوت دڵ خۆشیم دایەوە ئەو ئایەتەم بیر خستەوە کە دەفەرموێت (وإن كنتم في ريب مما نزلنا على عبدنا فأتوا بسورة من مثله) کە خوای گەورە بە هەموو خەڵکی دەڵێت ئەگەر ئێوە لە گوماندان لەو قورئانەی کە بۆ پێغمبەرمان ناردووە وەرن سورەتێك وەك ئەوە بنوسن کە هەرگیز ناتوانن، بۆ کۆتایش هەر ناتوانن بێگومان هەرگیز ناتوانن.

لەپاشاندا بیرم خستەوە هیچ نوسراوێك لەم بونەدا ناتوانێت ئاوا بێ پەردە بەخەڵکی ڕاگەیەنێت کە هیچ خێچو خواریيەکی تێدا نییە، گەر ڕاستدەکەن وەرن ووردبنەوە لە قورئان، بەڵام نوسەرانی هەموو پەرتوکێك دەڵێن جێگای ڕەخنەیە تەنها قورئان نەبێت، تۆ بە قورئان ئاخافتن بکە کە ئەم ووشانەم بۆ باسکرد باوەشی پێدا کردمەوە دووبارە ووتی خوای گەورە بت پارێزێت بە دەنگە خۆشەکەی خۆی سەرەتایی سورەتی کەهفی بۆ خوێندمەوە.

پاشان بە دڵ ئارامییەوە بەرەو کڵێساکە کەوتینە ڕێ کە گەیشتینە ئەوێ زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین ڕێزێکی زۆر باشمان گیرا، تۆماس ڕووی کردە من و بە پێکەنینەوە ووتی: بزانم چی سەرنجی ڕاکێشاویت.

ووتـم: من سەرنجەکانی خۆم بۆ عیماد باسکردوە ئەو ئینجیلو پەرتوکەکانی خوێندۆتەوە ئەگەر دەکرێت تۆ و سیامەك و عیماد ووتوێژ بکەن، من جارێ گوێگر دەبم تا کۆتایی ووتوێژەکانتان ئەو کات من بە گوێرەی توانایی خۆم لە دیرۆکەکانتاندا بەشدار

دەبم، بەڵام تۆماس هەرچی عیماد بیڵێت ئەوە من لەگەڵیدا هاوڕام واتا زۆر بێ پەردە دەڵێم ئەو نوێنەری منە هەرچی ئەو بیڵێ من پشتگیری دەکەم.

کەوام ووت عیماد زۆری پێخۆش بوو بە هێمنی ووتی خوا بت پارێزێت.

من چاوێکم لێ داگرت و ووتم ئێمە نەوەی سەلاحەدینین دەستی کرد بە پێکەنین، بەڵام سیامەك مۆڕەی لێ دەکردین.

لەو کاتە دا تۆماس ڕووی کردە عیمادو ووتی: من بانگێشتان دەکەم بۆ ئەم دیینە من مژدە دەرم بۆ ئێوە تا لەو بەهەشتەی کە عیسا خۆی بۆ لە خاچدا جێگایەك بۆ ئێوە دابین بکەن، من خۆشحاڵ دەبم کە ببنە گاورو خۆشبەخت بن نەوەك سەرگەردان و بێ ئایین بسوڕێنە وە زۆربەی زۆری کوردەکان و عەرەبەکان لەسەر دەستی من بوون بە گاور هیوادارم ئێوە چاو لەوان بکەن ئێمە هیچمان ناوێت لە ئێوە تەنها ناسنامەی ئایینی خۆتان بگۆڕن.

لەو کاتەدا یەنیکا خۆی کرد بە ژورەکەداو لەگەڵماندا دانیشت بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین وە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەهاتنمان، تۆماس هەر بەردەوام بوو لە ووتەکانی دۆسیەکی بۆ من عیماد دەرهێناو کە گوایە چەن یارمەتی خەڵکی لێقەوماو دەدەن لە ئەفریقاو ئاسیاو وواڵاتانی تری جیهاندا، بەڵام عیماد هەر بێ دەنگ بوو تۆماس ڕووی کردە من و ووتی: بۆ بێ دەنگن؟

ووتم: چاوەڕێ عیماد دەکەم تا بکەوێتە گفتوگۆ.

سەیرێکی عیمادم کرد ووتم: ئەگەر ناتەوێت ئاخافتن بکەیت با بڕۆینەوە؟

عیماد: سیامەك ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم ئەتوانیت وەریگێڕیت بۆ زمانەکەی ئەوان؟

سیامەك: من ماوەی ٢٨ ساڵە لەم وڵاتەم توانام باشە بۆ وەرگێڕان.

عیماد: من هەندێك پرسیار دەکەم لە دوایدا وەڵاممان بدەنەوە ئەگەر وەڵامەکانیان جێگایی بڕوا بوون ئەقڵ بڕوای پێکرد ئەوا من و خەسرەو هەردوکمان دەبینە مەسیحی و بە دڵی ئێوە دەبین وە کاریشی بۆ دەکەین لە پێناویدا.

عیماد بەردەوام بوو لە ووتوێژەکەی سەرەتا سوپاس و ستایشی خوای تاك و تەنهای کرد خۆی ناساند کە موسڵمانێکی تونسییە هەموو پێغەمبەرانی وەك یەك خۆشدەوێت کە پێنج پێغەمبەریان جێگایەکی تایبەتیان هەیەو پاشان ووتی لە ناو ئەو پێغەمبەرانە کەسێکیان کە ناوی محەممەدە (ﷺ) کۆتایی هێناوە بە پێغەمبەرایەتی لە دوای ئەو ئازیزە نێراوی تر نایەت وە بڕوامان وایە کە (عیسای کوڕی مەریەم) سلاوی خوای گەورەی لێبێت، بەندەو نێراوی خوای گەورەیە وە برای پێغەمبەری ئازیز محەممەدە (ﷺ)،

هەموویان کاریان بۆ ئەوە کردووە کە نیشانی بدەن بەندایەتی لە خواکانەوە بۆ یەك خوای بالاّ دەست بگۆڕن و تەنها بەندایەتی بۆ خوای کردگاری ئەم بوونە بکەن.

وە زۆر بە ڕاستگۆی پێتان دەڵێم ئەو دینەی ئێوە دەستکاری کراوەو گۆڕاوە تەنانەت ئینجیلەکەتان بە ئارەزووی قەشەکانتان نوسراوە زۆربەی مێژوونوسان و لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان سەلماندوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ووتانەی من ئەوەیە کە پێنج سەدە دژایەتی ئێوە کراوە واتان لێ هاتبوو کە بەهەشت وجەهەنەمتان بە خەڵکی دەفرۆشت وە فەیلەسوفی فەڕەنسی (ڕینان) دەڵێت گەر دەتانەوێت لەژیانی(مەسیح) تێبگەن هەرگیز لای قەشەکان و کتێبە مەسیحەکان فێرنابن لەبەرئەوەی هەمووی درۆی گەورەیە بۆ مەسیح بەرەو سەر لێشێواوی و تاریکیتان دەبات.

مێژوو نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی کە کەسێکە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی ئینگلیزو ئەوروپا بەگشتی ناسراوە ئەویش (ویلز) کە دەڵێت: سەر هەڵدان و گۆڕینی ئایینی مەسیحی بە دەستی (شاوڵ ترسوسی)یان (بۆڵس) کە لە ڕاستیدا ئەم کەسە یەهودی بوو ڕاستە هەندێ سەرچاوەی یەهودی ئەو زانیاریيە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام زانراوەو کە گومانی تێدا نەماوە. کەشتیوانێك بووە لە (لاهوتیات ئەسکەندەریە هلینی) (لاهوتیات الاسکندریة الهلینیة) هەر لە قوتابخانەی فەلسەفی (الهلینیة) خوێندوێتی زۆر کاریگەری فەلسەفەی لێکچواندنی لەسەر بووە هەر لەو سەردەمەدا لە ناو خەڵکی دا بە عیسای ناسری ناسراو بووە، زۆربەی زۆرتان باش دەزانن ئەو نوسراو و دەقانەی هەمووی لە شاوڵ وەرگیراوە کە ئێستا ڕەنگدانەوەی هەیە لە ئینجیلەکەتاندا زۆربەی زۆری لە بیری ئەوەوە وەرگیراوە.

هەموو لەلایەك دەزانێت لە دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێوە لە ڕۆژئاوادا ناونراوە بەچی.

ناونراوە سەردەمی لە دایکبوونەوە، واتا ئێوە خەڵکیتان لە ناو دەبرد تەنها بەگزادەو پاشاکان و قەشەکان سودمەند بوون کاتێك (عیسای کوڕی مەریەم) سەلامی خوای لێبێت ئەو داکۆکی لەمافی هەژاران دەکرد من چۆن بڕوا بە ئاینێك بکەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەدوای دەستکاریەوە مافی خەڵکی تێدا نەپارێزراوە.

لە پاشاندا ئێمەی موسڵمان بڕوامان بە خوایەکی تاك و تەنهایە کەچی ئێوە بڕواتان بە سێ کەس هەیە کە خوایەتیان پێکهێناوە لە ڕاستیدا هیچ مرۆڤێکی خاوەن بیرو تێڕامان لەم گەردوونە ئەوەی پێ قبوڵ ناکرێت و پەسەند نیە، گریمان ئەگەر خوا باوکی عیسا بێت وە مەریم ژنی خودا بێت کە پەنا بەخوای مەزن ئەمە درۆیەو کوفرە کەواتە خودا پێویستی بە منداڵ هەیە منداڵەکەیش عیسایە. ئەم خوایە بەکەڵکی خوایەتی

نایەت لەبەرئەوەی پێویستی هەیە، نابێت خودا پێوستی هەبێت، خۆ ئەگەر پێویستدار بێت ئەوە خوا نییە، چونکە خودا واتا خودی خۆی هەموو شتێك دەبەخشێت وە ئەمە جێگای بڕوایە، نەك خوایەك پێکهاتبێت لە کۆمەڵێك بەش وە خوای گەورە لە قورئاندا بە ڕونی باسی دەکات و دەفەرموێت (سورەتی الاخلاص) واتا خوای گەورە تاکە، تەنهایەو پاك و بێ نیازە. نە منداڵی دەبێت وە نە ئەو لە کەس بووە.

پاشان من پرسیارێك دەکەم لە ئێوە، بەڵام تکا دەکەم بە ڕاستی وەڵام بدەنەوە. ئایا ئێوە بڕواتان بە پێغەمبەرایەتی محەممەد (ﷺ) هەیە؟

تۆماس: بێگومان نەخێر!

عیماد: کەواتە موسوڵمانەکان لە ئێوە باشترن ئەوان بڕوایان بە (عیسای کوڕی مەریەم) و هەموو پێغەمبەران هەیە، سڵاوی خوایان لێبێت وە هەر (عیسای کوڕی مەریەم) بوو مژدەی دا بەئێوە کە پێغەمبەرێك لە دوای من دێت ناوی (ئەحمد)ە ئەتوانن بڵێن نوسراوی وا نەنوسراوە. من گومانم نییە لەوەی کە بێ دەنگن لە ئاستی ئەوەدا، بەڵام زۆرجار دڵی خۆتان بەوە خۆشدەکەن کە گوایە ناوی ئەحمەدە نەك محەممەد، بەڵام (احمد، محمود، محەممەد) هەرسێکیان یەك واتا دەدەن بەدەستەوە واتا سوپاسکراو وە ئێمە بڕوامان وەك ئێوە هەیە کە عیسای کوڕی مەریەم دێتە خوارەوە لە ئاسمانو سەر لە نوێ شەڕی خاچپەرستەکان و جەلاددەکەکان دەکات وە دەبێتە کەسێك لە شوێن کەوتوانی پێغەمبەری ئیسلام. ئەمەش بە جۆرێك لە ئینجیلی پیرۆزدا نوسراوە. دەڵێت خەڵکی ئازاد دەکات منیش دەڵێم کام خەڵکی، ئەگەر (عیسی کوڕی مەریەم) لە قودس بێتە خوارەوە دژایەتی هاوپەیمانانی جولەکەو مەسیحی و جولەکەکان دەکات، ووشەی قودس بەکارهاتووە لە ئینجیلو تەوراتدا نە ووشەی هەیکەل وە نە ڤاتیکان وە نە کڵێسای مەریەمی عەزرا لە فەلەستینە بە کار نەهاتووە تەنها قودس خۆتان باش دەزانن کە قودس مزگەوتی موسڵمانانەو (عیسای کوڕی مەریەم) لەوێ دێتە خوارەوەو پشتگیری موسوڵمانان دەکات.

لەگەڵ ئێمەدایە نەك ئێوە تۆماس! من بانگێشتان دەکەم بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە ئایینی چاکەو بێگەردی خوداوەندەوە ئێمە بڕوامان بە هەموو پێغەمبەران و پەڕتوکە ئاسمانیەکان هەیە، ئەگەر دەتانەوێت لە ئایینی مەسیحی تێبگەن تەنها لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە عیسا تەنها پێغەمبەرو بەندەی خوای گەورەیە.

نازانم ئێوە هەموتان بێدەنگن لەئاستی دانوستانەکەی من چۆن ئێستا ئێوە شەریعەت لە ئینجیلی سەردەمی کۆنەوە وەردەگرن واتا تەورات بۆ جارێکیش لە سەرچاوەی پاکی

ئیسلام هەڵگۆزن لە کاتێکدا کە ئێمە بڕوامان بە عیسا هەیە، بەڵام جولەکەکان نە بڕوایان بە ئینجیل هەیە وە نە بڕوایان بە (عیسای کوڕی مەریەم) هەیە، بەڵکو (عیسای کوڕی مەریەم) بە درۆزن و دایکیشی بە داوێن پیس لە قەڵەم دەدەن لە ڕاستیدا ئێوە (عیسای کوڕی مەریەم)تان خۆشناوێت وە یاری بە ئایینی پاکی مەسیحی کۆن دەکەن، تا ئارەزوەکانی خۆتانی پێ دابمرکێننەوە. دەسەڵاتی بە ناو کلێسای خۆتان لەدەست نەدەن، لەگەڵ ڕێزمدا بۆتان من ئیتر گفتوگۆ ناکام زیاد لە پێویست دووام تاکو وەڵامی پرسیارەکانم نەدەنەوە من پرسیاری تر ناکەم. هەرچەندە دەریایەك پرسیار خۆی مات داوە لە سینەمدا.

عیماد سوپاسی هەمویانی کرد بۆ گوێ گرتنیان وە بە بێدەنگی دانیشت منیش لە دڵی خۆمدا دەم ووت ئێستا هەڵنەستی ماچێکی بکەیت زۆر بەشێوەیەکی جوان ووشەکانی لە زاریەوە دەهاتنە دەرەوە بە ڕاستی من و ئەوانیشی سەرسام کردبوو، تۆماس سەیرێکی من و عیمادی کردو ووتی بەڕاستی من نەم دەزانی کە ئێوە خاوەنی زانیارین لەسەر ئاینەکەی ئێمەو وە ئەو پرسیارانەی کە تۆ کردت من توانام نییە وەڵامت بدەمەوە، ئەگەر پێتان خۆش بێت من دانیشتنێکی تر سازدەکەم وە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە سەرو منەوەن و زانیاریان باشترە لەسەر ئینجیلو عیسا وە ئایینەکە بەگشتی لە کاتی ئامادە بوونی ئەواندا من ئاگادارتان دەکەمەوە زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان بەخێربێن سەرچاو.

عیماد: هەرکات ویستان دانیشتن ساز بکەن تکایە مانگێك پێشتر ئاگادارمان بکەنەوە ئێمە هەمیشە ئامادەین.

لە کۆتاییدا عیماد ووتی خوای گەورە هیدایەتمان بات بۆ سەر ڕێگای ڕاستی وە بۆ ناسینی خوای تاك و تەنها ئامین خواتان لەگەڵ.

لە دوای دەرچونمان لەگەڵ عیماد زۆر دڵخۆش بووین من هەر بەدەم ڕێگاوە سوپاسگوزاری خوای گەورە بووم هەر ئەم ووت سەرکەوتین عیماد.

بەپێکەنینێکەوە ووتی: مالتئاوا بێت خۆ شەڕە بۆکسمان نەکردوە ئەو ووتی کوا سەرکەوتوو بوین؟

ووتم: ئێمە سەرکەوتوو بوین کەس نەیتوانی وەڵامت بداتەوە.

عیماد: سەرکەوتن بریتییە لەوەی کەبمان توانیایە ئەوانمان موسڵمان بکردایە ئەوکات دووجار سەرکەوتوو دەبوین، جارێك لە دونیا وە جاری دووەم لە قیامەتدا، خەسرەو کوردی برام سەرکەوتنی قیامەت زۆر گرنگە بەدەم قسەی خۆشەوە گەڕاینەوە

بۆ باڵەخانەی پەنابەرەکان.

من و عیماد خەریکی بەندایەتی خۆمان بووین ئەو سەردەمە مزگەوتێکی خنجیلانەمان کردەوە زۆربەی مرۆڤە ئیماندارەکان لە دەوری ئەو مزگەوتە کۆ بوبونەوە.

ڕۆژێکیان زۆر سارد بوو کڕێوەی بەفر لەگەڵ بادا بەدەورمدا لوولی دەخوارد منیش لە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستیەکان بە کۆمەڵێ شتومەکی زۆرەوە کە بە دەست هەڵم گرتبوو دەگەڕامەوە بۆ جێگای تایبەتی خۆم زۆر شەکەت بووم، تۆماسم بینی ووتم ئێستا دەمانگەیەنێتەوە ماڵەوە، کەچی ئەو پیاوە باشە هەر سەیریشی نەکردم، ئیتر لەو کاتەوە تێگەیشتم کە ئەوان شەڕ لەگەڵ بیرو باوەڕەکەماندا دەکەن، بڕیارم دا کە ئایینەکەی خۆم خۆش بوێت و هەرگیز نوکۆڵی لێنەکەم و دەست لە بەندایەتی هەڵنەگرم تا خوای گەورە ئایینەکەی خۆی سەر دەخات.

بڕیارم دا کە هەمیشە موسڵمانانیشم خۆش بوێتو منیش بۆ سەرکەوتنی هەوڵبدەم. تا سائێکیش من و عیماد چاوەڕێمان کردن، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون ئێمەش لە دوای ئەو ساڵەوە ئەو شارەمان بەجێهێشت، من چوو بۆ ئۆسلۆ.

چیرۆکی دوانزەیەم:

من و ترێ

چووینە ئۆسلۆ بۆ کارکردن، هەموو ڕەبەن بووین هەر ٣ کەس و چووینە شوقەیەك بەیەکەوە دەژیاین، ژیانێکی سادە و ئاسایمان هەبوو.

لە ئێوارەیەکی ساردی ئەم وڵاتی سەهۆڵستانەدا خەم و خەیاڵ لە دەروازەی منداخەریکبوو دەڕەوایەوە، ڕەمەزانێکی زۆرخۆش بوو دڵم ئارامی گرتبوو، ئەو ساڵە بە ڕۆمان و شعری تەراویح وا بەستە بووم هەمیشە ئاوازی من لە سورەتی (الکهف)، (الأخلاص)، (الواقعة) و (الرحمن) دا سەرچاوەی گرتبوو، ئێوارانی بەربانگم بە سێ دەنك خورما و لە پاشاندا بە تەلەفۆنێك بۆ دایکە ئازیزەکەم فرمێسك لە چاوە قەتیس ماوەکەم دەشکاند، تاماندووی کاری دە سەعاتم لە دەنگی ئەو دا بێ کە پێم دەڵێ: ڕۆڵە بەو دوعا و نزا خێرانە بێ کە من بۆتی دەکەم.

لە پاشاندا خۆشەویستی ئەم ئایینە وای لێ کردبووم کە لە وڵاتی تاراوگە دا ئولفەتم گرتبوو بە دوو هاوڕێ ی خۆم کە هەردووکیان وا بەستەی دینی پیرۆزی ئیسلام بوون.

دەبوایە سەعات چواری ئێوارە ئەوان ڕۆژوویان بشکاندایە، بەڵام لەبەرئەوەی کە من سەعات شەش لە کار تەواو دەبووم، خۆشەویستیان بۆ من چاوەڕێیان دەکرد تا هەموومان بەیەکەوە ڕۆژومان دەشکاند، تادوانزەی ڕەمەزان بەم شێوەیە بردمانە سەر.

بەڵام ئێوارەیەکیان زۆر بە پەلە دەستم لە ئیش هەڵگرت زۆر غەریبی دایکمم دەکرد، دڵم وەك باخە هەنارەکانی شارەبان و سێوە لاسورەکانی بلکیان و باخە ترشەکەی سەرو

دێمەکە چۆن شەمالێك لاروولەنجەی پێدەکات ئاوا بیرو هۆشم یادی وڵاتی بێ کەسی دەکرد.

کە لە کارەکەم دەستم هەڵگرت بە خێرایی دەستم خستە ناو گیرفانی کۆتە ساردو سڕەکەم، بەفریش پڕوشەی دەکرد، تەنانەت برژانگەکانی چاومی گرتبوو بە ئاستەم بەرپێی خۆمم دەبینی. بەدەم خەیاڵەوە سەرکەوتم بەرەو ماڵی ساردوسڕم کەوتمە ڕێ، بەڵکو حەسانەوەم لە مەحزونی نەجاتی بێت.

پشوپەکی خۆشەویستی و دەست نوێژێك بۆ ئارامی دڵ و دەرونم بگرم، چونکە هەموو ئەو کاتانەی کە خەفەتبار دەبم بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن چڵکی تاوان بە ئاوی دەستنوێژ پاك بکەمەوە.

کە گەیشتمە بەردەرگای باڵەخانەی ماڵە خنجیلانەکەم، لەبەردەم دەرگای ئەو باڵەخانەیەدا گوێم لە دەنگی گریانێکی ناسك و زۆر مەحزوون بوو، سەرنجی ڕاکێشام سەیرم کرد لەبەردەمی دەرگاکەدا کیژۆڵەیەکی ئەگریجە ڕەش دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر باڵەکانی و سەری بۆ زەوی شۆڕ کردبوەوە.

چیچکەیەکی نەرم و بەردەمیشی سێ چوار دڵۆپی فرمێسکی چاوی تەڕی کرد بوو، زۆر ئاستەم بوو بەلامەوە دەبێ لەم وڵاتی باکورەدا کە ئازادی ڕەها دراوە بە ئافرەتان بۆ دەبێ ئەم ناسکە بەم شێوەیە ئەشك و حەسرەت دەربببڕێ؟

لەو کاتەدا وەیلێ لە حاڵی دڵم وەیلێ لە ناڵەی خەمم بەزمانی باکور پێم ووت: سلاو!

ئەو زیاتر هەنسکی هەڵدەداو منیش زیاتر خەفەت بارتر دەبووم دووبارە پێم ووت: ئەگەر دەکرێت یارمەتیت بدەم؟

ئەگەر سەرماتە من دەتوانم بت بەمە لای خۆم؟

ئەگەر پێویستت بە پارەیە ئەوە لای من ئاسانە.

گەر برسیتە نانت بەمێ وە ئەگەر نەخۆشی با بەرەو خەستەخانەت بەرم. دیار بوو قسەکانی من کاریگەر بوون، چونکە لە ناخی دڵەوە ئاڕاستەم کرد بۆیە بە کەساسی سەری بەرزکردەوە دیم تاڵی ئاڵۆزکاوی قژی بە ڕوومەتی فرمێسکاوی یەوە وەستاوەو شکوفەی خەمی لێدەوەرێ.

هەناسەی لە تاو هەنسك سەمفۆنیای گریانی لێدەباری، بە تێڕامانێکەوە و بە لێوێکی چرچی خەمبارە وە بەمنی ووت: تۆ خەڵکی چ وڵاتێکی؟

زۆر خێرا ووتم: من کوردم!

بۆ ئەوەی پیاوەتی و شەرەفمەندایەتی کورد دەربخەم، لە بیرم دێت لە ئەستەمبوڵ

هاوڕێ یەکی پیرم هەبوو زۆرم خۆشدەویست.

پێی ووتم: لە ولاتی غەریبستان تا دەتوانێ کاری جوان بکە، چونکە تۆ کارەکتەرو شانۆمەندی ولاتەکەتی.

بۆیە خێرا ووتم: کوردم!

کەچی ئەو زیاتر فرمێسکی وەك هێشووی بەرسیلەی تڕێ سپیکە دەهاتنە خوارێ.

ئەو ناسکەش بە زمانی شیرینی کوردی پێی ووتم: نەفرەت لە تۆ و لە ولات و لە خاك و ئاوت.

هەر کەمتیارێکی کورد بوو بە ناوی ئازادی دەروازەی لەشی منی ئازاد کرد.

من سەربڕاوی دەستی ئێوەی کوردم مالّ وێران و دەربەدەری و سەرما خواردوی ئێوەی کوردم، لە دوایدا خێرا بێدەنگ بوو سەری خستەوە سەربالّەکانی هەر هەنسکی هەلّدەدا.

زۆر سەرسام بووم لە تورەیی ئەو نامۆییە، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو گەر من خۆم تورەکەم دەترسام هەوری ڕەشی تورەیی ئەو زیاتر بێت و من هیچ لەو تێنەگەم.

بۆیە کورده ناموسی سەرم شۆڕکرد لەبەردەمی ئافرەتێکدا، بەلّام بە دەنگێکی سامناك پێم ووت: خوشکی خۆشەویست تۆزێك هێمن بە من تەنها مەبەستم چاکەیە و بەدوای خێردا دەگەڕێم.

چونکە کەوتوومەتە ولاتێك خێر لە ناویدا زۆر ئاستەمە، لەپاش چاکەو پیاوەتی قسەم پێ دەلّێیت؟ بە خراپە ناوی ولاتە بێ کەس و خامۆشەکەم دەبەیت، خۆشت خەلّکی ئەوێیت؟ گەردنت ئازاد بێت.

لەبەر خوا پاشان لەوانەیە دەردە داریان کردبێتیت، بەلّام ئازیز من لەم دنیا نەم بیستوەو نەم دیوە کە پەنجەکانی دەست وەك یەك بن، بە هەرحالّ من گومانم لە خەمباری تۆدا نییە تۆ ئازادی و هەر ئازادییشە کە تۆی هێناوەتە بەردەرگای مالّەکەی من.

ئازادی یە تۆی لە خێزانت دابڕاندوەو دەنگ بەسەرمندا بەرزدەکەیتەوە کە دەستی یارمەتیت بۆ درێژدەکەم.

فەرموودەی پیاوێکی بەرزم بیرکەوتەوە کە دەلّێ: لەگەلّ خەلّکی دا وەك دارێکی بەردارین ئەگەر بەردیان تێگرتن ئێوە بەرهەمیان تێ بگرن. من هیچ خراپەیەکم نەکردووە.

بۆ دوا جار پێت دەلّێم: ئەگەر یارمەتیت پێویستە با یارمەتیت بدەم. ئەویش لەبەرئەوەی کە بە کوردی قسەت کرد، هەر چەندە زۆر ناشرین دوایت بە زمانەکەم، بەلّام

دواجاریش دەڵێم هاوکاریت دەوێت؟

سەری بەرز کردەوە بەدەمی چکەیەکی زۆر سەیری کرد.

پێی ووتم: بڕۆ من پێویستم بە تۆ نییەو عەرەبانەکەت ڕاکێشە.

بەس ئەگەر دەکرێت دەرگاکە لە دوای خۆت دامەخە باسەرمام نەبێت، چونکە هاڵاوێکی گەرم دێت لەوێوە.

ووشەی عەرەبانەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، جوابم نەدایەوەو بەرەو هەڵکێشی باڵەخانەکە ڕۆشتم، تا هاتمە ماڵەوەو دەرگای ژوورەکەم کردەوە، براکانم دانیشتبوون چاوەڕێشیان دەکرد ئەوەندەمان یەکتری خۆشدەویست ڕۆحمان تێکەڵی ڕۆحی یەکتری بوو بوو، هەمیشە بە ئازارو خەمی یەکتریمان دەزانی بۆیە خێرا سەرخێڵ ووتی: خەسرەو-ی برام بۆ خامۆشی و بزەی ئێوارانت نییە؟

یوسف: سەرخێڵ وازی لێ بێنە تۆ ئەتەوێت بە ئاسانی توشی خەمی بکەیت من دەزانم برسییەتی و زۆر ماندووە لە هەمان کاتیشدا بیری دایکی دەکات، بزانە دوای ئەمانەو تەراویحیش وازمان لێ دێنێ کە کەسمان بخەوین.

من و سەرخێڵ پێکەنینمان بە قسەکانی یوسف دەهات.

نانیان تێکردو منیش بەزۆر توانیم کەوچکێك بۆ دەمم بەرم هەر خەیاڵم لای ئەو کچە بوو، زوو زوو دەم ووت تۆ بزانە لێم پرسی ناوی چییە؟

بۆ خۆش بەختی دەبوو ئەو ڕۆژەش من قاپ و قاچاخ بشۆم کە ناخۆشترین کاربوو بەلای منەوە.

ووتیان: هەستە ئەوە ئیزرائیل چاوەڕێتە لەبەردەمی سنگەکەدا بڕۆ بەلۆعەی مردن بکەرەوەو لاشەی خۆت بشۆ.

بە تەوەزەلی هەڵسام دەست بکەم بە قاپشۆردن، کە سەیرم کرد سابوونی قاپشۆردن نەمابوو پرسیارم کرد: ئەرێ برایان زاهیمان نییە؟

هەموو سەری یەکمان دەکرد یوسف ووتی: ویستم بیکڕم لە یادم چوو ئەگەر دەتوانی لە جیاتی من تۆ پانتۆڵەکەت لە پێ دایە با من خۆم نەگۆڕم ئەچی بیکڕیت؟

خێرا ووتم: بەسەرچاو ئەویش سەرسام بوو. لەو بیرەدا نەبوو کە بەو ئاسانییە من ڕازی بم، بەڵام ڕازی بووم.

موگناتیسێك ڕای دەکێشام ئەویش ئەو کیژۆڵەی بەردەرگای باڵاخانەکە بوو.

کە چوومە خوارێ دیم ئەو جێگایە چۆڵ و هۆڵە زۆرم پێناخۆش بوو وەستام و هەڵوێستەیەکم کرد پرسیم لە خۆم ئەم هەڵوێستەیە چی بوو بۆ ئەو کیژە شەرمەزاریە

بۆ تۆ.

دڵیشم دەیوت نا بابە تۆ دەتەوێت خێر بکەی خێرا بەخۆمم ووت ڕاستە من دەمەوێت خێر بکەم، بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوت ئەو خێرە.

بۆ دواجار دوای هەیقی دڵی خۆم کەوتم لە دوڕیانی خێرکردن و بەزەیم بۆ ئەو کچۆڵە، ملی ڕێگام گرتەوە بەر بۆ سابوون کڕین کەوتمە ڕێ تا قاپەکان بشۆم کە هەریەکەیان لە ڕەنگێك بوون، هەر لە قاپی قەرەج دەچوون.

چەند هەنگاوێك دوور کەوتمەوە لە کڕێوەی بەفرو تاریکی ئەو زستانە ملی ڕێگام گرتبوو لە پێشی خۆم سەرم هەڵبڕی دیم دوو گەنجی سۆماڵی لەگەڵ ئافرەتێکی باکوردا بەسەر لاشەی ئەو کیژۆڵەیەوە وەستا بوون. منیش زوو ناسیمەوە کە خۆیەتی ئەوەیە کە من گلاراو بووم بە شوێنیدا.

خێرا دەستم خستە ژێر سەری و وا خۆم نیشاندا کە دەیناسم.

ووتم: کێ وای لێ کرد؟

گەنجەکان ترسان پاشەکشەیان کردو ووتیان: ئێمە ئاگاداری هیچ نین تەنها بینیمان کە لەوێ دا درێژو بێ هۆشە، جارو باریش هەڵدەلەرزێ ئەوان ڕۆشتن، بەڵام ئافرەتەکەی باکور لەگەڵمدا مایەوە پێ ی ووتم: دەیناسی؟

ووتم: بەڵێ!

ئەویش ووتی: ئەم ناسیاوەی تۆ کۆردۆین، هێرۆین، مۆرفین یان حەشیش وەیان تلیاکی ساددە بەکاردێنێت؟

زۆر ترسام ووتم: تۆ باسی چی دەکەی ئەو هیچ لە مانە بەکار ناهێنێت، بەڵکو تەنها توشی نەخۆشی دەروونی بووە تۆزێ بێتاقەت بووە.

بەزەردە خەندەیەکەوە پێی ووتم: (OK)

منیش خێرا بە دەستییەکەم تەلەفۆنم کرد بۆ ئامبولانس (ئۆتۆمۆبیلی فریاگوزاری نەخۆش خانە).

ناونیشانی جێگاکەم پێ ووت: پشتی ئەو کچەشم خستە سەر ئەژنۆم بە چاکی کۆتەکەم سەریم داپۆشی تا تۆزێك گەرمی بێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمبولانس هەر نەگەیشت.

خۆشم لە سەرما دا هەڵدەلەرزیم بێ ئەوەی کەسێك لێم بپرسێ ئەرێ کابرا لەگەڵ ئەم ئافرەتە چیتان بەسەرهاتووە تەنها بە لامدا تێدەپەڕین و زوو زووش دەیان ووت ئەی بێچارە، وەك نەم بینین کە دوو مرۆڤی ڕۆحانی بین تەنها خۆمان بەلای یەکترەوە ئارامان گرتبێ. زوو زووش لە دڵی خۆمدا دەموت بڵێی ئەو ئافرەتە ڕاستبکات ئەمە

تلیاکی بێت، هەر لە دووڕیانی دڵی خۆمدا مابوومەوە دەمووت خێرکە خێر ئەمە پێویستی بە تۆیە هیچ نەبێت کوردە هاوڵاتی خۆتە ئافرەتیشە ئاگادارببە.

لە پڕ لورەی ئوتۆمبێلی ئامبولانسم گوێ لێبوو هەستامەوە ڕووم کردە ئەوان بە دەستم سەرنجی خێرایی ئەوانم ڕاکێشا بۆ ئەوەی زوو بگەنە لامان، گەیشتن و بە چاپوکی هەڵیان گرتوو لێیان پرسیم: بۆ وای لێهاتووە؟

ووتم: نازانم بەس ئەوەندە دەزانم کە ئەمە کوردە و خەڵکی وڵاتی منە تەنها حەزم کردووە یارمەتی بدەم دەتوانم لەگەڵتانا بێم بۆ یارمەتی ئەو نەوەك زمان نەزانێت تا یارمەتی ئەویش بدەم ڕازیم کردن.

ووتیان: باشە

لەگەڵ تەرمی بێ هۆشی ئەودا کەوتینە ڕێ تا گەیشتنە جێگای مەبەست کە نەخۆشخانە بوو.

بەمنیان ووت: ناوی چییە؟

ووتم: نازانم

ووتیان: بگەڕێ بزانە ناسنامەیەکی پێ نییە؟

دەستمکرد بە گیرفانی دا یاداشت نامەیەك لە گیرفانی دا بوو

لە یاداشت نامەکە دا نووسرا بوو (تڕێ جمال فرەج) لەگەڵ ژمارەی دەستی یەکی دا. خێرا تەلەفۆنم کرد بۆ ئەو ژمارەیە زەنگی ئەو ژمارەیە لە گیرفانیدا لێی دەدا.

ئیتر بۆ دواجار گومانم نەماکە ئەمە ناوی خۆیەتی و تەنها (٥٠ کرۆن)ی نەرویجی تێدا بوو لە بەینی یاداشت نامەکە دا. تا سەعات هەشتی شەو من لە هۆڵی چاوەڕێ چاوەڕێی تڕێ- م دەکرد.

دەم ووت ئاخۆ دەبێ نەخۆشیەکەی چی بێت؟ یا خود ئەم بێ چارەیە تووشی چی بووبێ پەرستارێك هاتە لام ووتی: تڕێ پێویستی بە کە سێکە لە ژوورەکەیدا بێ کاتێك کە بە ئاگا بوو.

لێم پرسی: حاڵەتەکەی چییە؟

ووتی: ئەوە ئیشتی من نییە پێت بڵێم.

منیش ووتم: باشە، چووم بۆ ژوورەکەی وەك زۆپایدار خەفەبوو بوو هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشاو، منیش بەزەیم پیا دەهاتەوە حەزم نەکرد بەلایەوە دانیشم خێرا چووم دەستنوێژم گرتوو دەستمکرد بە نوێژکردن نوێژی عیشاو تەراویحم هەر لە ژوورەکەی ئەو دا کردو جاروباریش دوعای خێرم بۆ دەکرد کە خوای گەورە شیفای بە خێری بۆ

بنێرێت و بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست.

لە ڕکاتی کۆتایی نوێژدا بووم هەڵسایەوە بەسەر سوڕمانێکەوە سەیری منی کردوو بە بێدەنگ دانیشت هیچی نەوت تامن لە دوعاو وویردەکانم بومەوە، منیش خێرا هەڵسامە سەر پێ و ووتم: خوشکی ئازیز سڵاوی خوات لێبێ شوکور بۆ خوا باشیت، حەز لە چی دەکەیت بۆت بهێنم من کە لێرەم تەنها دەمەوێت خزمەتی جەنابتان بکەم لەبەر خاتری خوا. لە بیریشت نەچێت زۆر دوعام بۆ کردوی کە خوای گەورە شیفای بەڕەحمەتت بدات و چاکبیتەوە جا چیت ئەوێ بۆت بێنم؟

ئیتر زۆر بە کەمی خۆم پیشاندا بۆ ئەوەی پەردەی شەرمی بشکێت و بە ئاسانی قسەم لەگەڵدا بکات. ئەویش بە شەرمێکەوە لە ژێر لێوەوە پێی ووتم: زۆر حەزم لە شیرینییە ئەگەر دەکرێت بۆم پەیدابکەیت؟

ووتم: بەسەرچاو هەر تۆو شیرینی، هەر ئێستا تۆ خۆت شیرینی خوشکی شیرینم دەستی کرد بە پێکەنین و پێی ووتم بە ڕاستی تۆ لایەقی هەموو شتێکی باش و جوانیت ئەتوانم بپرسم ناوی بەڕێزتان؟

ووتم: تۆ خان من ناوم خەسرەوەو کوڕێکی زۆر چاکم بە پێکەنینەوە.

هەر دووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، من بە پێکەنینەوە دەرگاکەم کردەوەو بەرەو فرۆشگای ناو خەستەخانەکە کەوتمە ڕێ.

لە ناو فرۆشگاکەدا هەندێ شیرینیم بۆ کڕی زۆر بە خۆشحاڵی گەڕامەوە بۆ لای کە چووم ڕاکشابوو کە منی بینی خێرا بە ئەدەبەوە هەڵساو ووتی: ببورە.

ووتم: خوای گەورە بمان بوڕێت، ئارام بە جەنابتان چۆن پێتان خۆشە ئاوا ئیسراحەت بکەن.

لێی پرسیم چۆن ناوی منت زانی؟

بۆم باسکرد بەسەرهاتەکە، زۆر ئاستەم بوو بەلایەوە.

تۆ: تو خوا لێم ببورە؟

دووبارە ووتم: خوای گەورە بمان بوڕێت. من تەنها مەبەستم چاکەیە لەگەڵ ئێوەدا، ئەگەر خوای گەورە لێم قبوڵبکات.

تۆ: زۆر ناوی خوا دەبەیت بۆ شتێك هەیە لەم کەونەدا ناوی خوا بێت؟

بە زەردەخەنەیەکەوە پێم ووت: ئەگەر لەبەر خاتری خوا نەبوایە من یارمەتی تۆم نەئەدا؟

زۆر بوون ئەوانەی کە بەلاتا تێدەپەڕین و بڕوایان بە خوا نەبوو کە تۆیان دەبینی وازیان لە لاشەی تۆ دەهێناو دەڕۆشتن؟

سەری داخست و ووتی: ببورە؟

ووتم: خوا بت بوورێت.

ترێ: بۆیان باس کردوم کە گوایە ئەوانەی باوەڕیان بە دین هەیە ئافرەت زۆر بەکەم سەیر دەکەن، بەڵکو هەمیشە وەك کارەکەرێك یان ژمارە دوو سەیری دەکەن.

خێرا پێم ووت: ترێ خان! ئەوەی کە جەنابتان فەرموتان تەنها قسەی کۆمەڵێك نەزان و بێ ئاگا لە دینە بە تایبەت لە دینی پیرۆزی ئیسلام، کە من زۆر وابەستەم بە دینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەر ئەویشە فێری کردووم دەستی یارمەتی درێژ بکەم بۆ خەڵکی لێ قەوما و بێ هیچ مەبەستێك چاوەڕوانی کەرەمی خوای گەورە بم، پاشان فێری کردم کە ئافرەت و پیاو وەك یەك سەیر بکەم، بەمانای ئەوەی کە هەر دووکیان مرۆڤن.

لە بیرت نەچێ لە دینەکەی مندا بە هەشت خراوەتە ژێر پێی تۆ، بەڵام ئەو وەعدە بەمن نەدراوە.

ئایا کامیان مافیان زۆرترە، لە ئاینی مندا پاداشتی چاکەو خراپە وەك یەك بەشدارن، بەڵام چۆن شەو و ڕۆژ هەیە شەو تامی تایبەتی خۆی هەیەو ڕۆژیش تامی تایبەتی خۆی وە بە هەر دووکیان دەوترێت زەمەن ئاوا ژن و پیاویش تامی تایبەتی خۆیان هەیەو ئەرك و فەرمانیان جاوازەو بە هەر دووکیشیان دەوترێت مرۆڤ.

زۆرجوان گوێ بیستی قسەکانم بوو خێرا ووتی: بە خوا ڕاستە تا کاتێ لە وڵاتەکەی خۆم بووم منیش وا بەستە بووم بە ئایینەکەی تۆ، زۆرباش بوو ڕێزو حورمەتێکی باشم لەناو خەڵکی و کەسوکاردا هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەموویم لە دەستدا. وا بە تەنها لە ناو ئەم جێگایەدا بێ کەس کەوتووم و گۆرانی بۆ تەنهایم دەڵێم.

منیش کردم بە قسەی خۆش لەگەڵیداو خێرا پێم ووت: کەواتە ئێوەی ئافرەت هیچ نرخێك بۆ پیاو دانانێن، کەچی خۆتان داوای مافەکانیش لە ئێمە دەکەن، ئەی من کەس و برای تۆ نیم مەگەر پیاو لای ئێوە ژمارە دووە؟

دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی: خەسرەو بەڕاستی من لە ئاستی تۆدا شەرمەزارم نازانم چیت پێ بڵێم مەگەر بت کوژم ئەوجا چاکەی تۆ بدەمەوە.

منیش بە زەردەخەنەیەکەوە ووتم: نەوەڵلا چاکەی وام ناوێت تۆ من بکوژیت، ئیتر دەستمان کرد بە پێکەنین و هەندێ نوقڵیشمان خوارد کە مێك بێ دەنگی ڕووی تێ کردین.

ووتم: ئەتوانیت باسی ئەم بێ تاقەتییەی خۆتم بۆ بکەی بۆ گیرۆدەی بە گریانەوە؟

ترێ: باس و بەسەرهاتی من زۆر درێژە چۆن ئافرەت دەکەوێتە ناو خوێن و بۆگەنی ناشرینەوە، باسەکەی منیش باسی شەرمەزاریيە. باسی خۆمت بۆ بکەم یان کلۆڵی و بێ ئاگایم لە دونیا و ساویلکەیم لە بەرامبەر مرۆڤەکاندا و دڵپاکی خۆم بۆ خەڵک. نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم با ناوی لێ بنێم شەوی سوور وە لە شەوی سورەوە دەست پێ بکەم.

شەش مانگ لەمەوبەر جەژنی لە دایکبوونی من بوو لە قوتابخانە نەم ویست کەس بزانێ، بەڵام دوو هاوڕێی کوردم لەگەڵدا بوو پێیان ووتم تۆ دەبیت بە ٢٥ساڵ جوانترین تەمەنی مرۆڤە بۆ جەژنی لەدایکبوون ناگریت؟

ئەمانەو چەند قسەیەکی تر وای لێکردم کە ڕازی بم بە قسەکانیان بە گوێیان بکەم ئەویشم بە بیردا هات ووتم نەوەکو بڵێن ترێیە نایەوێ پارە بەکار بهێنێت و کچێکی دەست داخراوە ووتم باشە چوینە دەرەوە.

سەرەتا وتیان دەچین بۆ کافێیەك (قاوەخانە) لەوێ دادەنیشین دوو کەپەچینۆ دەخۆینەوە کە چوین دانیشتین و دەستمان کرد بە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ لە پڕ دوو گەنجی جوانخاس هاتنە لامانەوە و چۆنی و چاکیان لەگەڵ ئاڤانی هاوڕێم کرد، ئاڤان-یش ئێمەی بە نامۆ و ئازاد ناساند کە گوایە ئەم دووانە هونەرمەندن و گۆرانی بێژن.

داوایان کرد کە لەگەڵمان دانیشن!

ئاڤان: ئەمڕۆ جەژنی لە دایکبوونی ترێیە. هەموو پیرۆزباییان لێ کردم، بەڵام ئازاد زۆر بە شێوەیەکی سەیر تەماشای منی دەکردوو ووتی هاوڕێیان ئەگەر پێتان خۆشە وەك دیاریيەك بۆ ترێخان، پێم خۆشە من بانگهێشتان بکەم. من خاوەنی ئەم مێزە دەبم زۆر بە بەردەوامی ئەم قسەیەی دوبارە دەکردەوەو وای لە من کرد کە ڕازی بم. زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و خێرا باسی ئەدەبیاتی کرێکاریی کرد لەسەر ئازادی مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت، ئیتر وام زانی کە ئەمە باوکی مارکس-ە و لەلای سارتەر گەڕاوەتەوە و دایکیشی سیمون دیبۆفوار- ەو باسی زۆربەی تابلۆکانی ڤانکوخی بۆ دەکردم و هۆنراوەیەکی تایبەتی هەبوو بۆ ژیان لە ڕێگای بیروهزری چەپی ڕادیکاڵەوە باسێکی فەلەسەفەی پۆست مۆدێرنی بۆ کردم، چونکە حەزم لە فەلەسەفە دەکرد.

ئیتر زیاتر سەنجی ڕاکێشام زوو زووش ناوی منی دەهێنا و سەیری دەست و پەنجەکانی دەکردم وام لێهات بوو بە ئاڕاستەیەك بڕۆم کەخەیاڵم لە ئەسپی ئەودا تاو بدەم، بەو قسانەی زۆر سەرنجی منی گرت.

من و تریٚ و ژیانێکی نوێ

دوای ئەوەی تریٚ بەردەوام بوو لە گێرانەوەی ژیانی خۆی و ئازاد...

تریٚ: ئازاد ژمارەی تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتم تا کۆمەڵێك کتێبم بۆ پەیدابکات، منیش زۆر بەخۆشحاڵییەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەم دایە. ئەو ڕۆژەمان بەو شێوەیە بردەسەر بەهەفتەیەك دوای دانیشتنەکەمان لە کتێبخانەیەکەوە تەلەفۆنی بۆ کردم ئەگەر دەکرێت من ببینێ، چونکە کتێبی باشی بۆ پەیداکردووم بۆ ئەوەی بمداتێ.

منیش چووم بۆ کتێبخانەی گشتی بینیم، چوینە کافتریایەکەوەو دەستمان کرد بە قسەکردن زۆر باسی ئازادی ئافرەتی بۆ کردم، تەنانەت وام لێهات بوو وامدەزانی ئافرەت سەرکردە و شای هەموو بوونەوەرەکانە لە ڕووی ئازادییەوە بۆیە زۆر بە لێزانانە منی هەڵخەڵەتان و بە شێوەیەك کە منی کردە پەیکەری ڤینۆس و خۆشی کردە بەندەی من، ئیتر لەباسی ئازادی یەوە بەرەو خۆشەویستی منی بردو منی کردە خۆشەویستی خۆی.

بە ئازادی منی هەڵخەڵەتاند تاوای لێهات هەموو لەشی منی بۆ خۆی ئازادکرد وە زۆر دووری خستمەوە لە دایکو باوك و خوشك و براکانم، گوایە کە من ئازادم و پێویستم بە کەس نییە و ئابوریی ئازادم هەیە لەم ولاتەدا.

تا بە ئازادی بێ کەس بووم، ئازادیش دادی منی نەدا پاشان فێری شتێکی تری کردم کە ئەو ناوی لێنا بوو مەزاج من نەمدەزانی چییە.

ڕۆژێك پێ ی ووتم حەزدەکەیت برۆین بەرەو بەهەشتێك کە من و تۆ تێیدا سەرکردە بین؟

ووتم: بەڵێ

پێی ووتم بۆنی ئەم سپایییە بکەو نزیکی بکەرەوە لای لوتت بزانە چەند جوان مەزاجت خۆش دەبێت هەرچی ووت کردم، کردم، کردم، کردم تا بە ئازادی ڕسوای کردم، لە کۆتایشدا فرێی دامە سەرجادەو تۆش وەك شتی فرێدراوی سەرجادە منت هەڵگرتەوە، تۆزیك منت تەکاندووە لەوانەیە تۆش سودم لێوەربگریت!

کەوای ووت زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام هیچ قسەم نەکرد.

کەمێك بێدەنگ بوو دڵی پڕ بوو لە گریان هەستم کرد فرمێسك بە چاویدا وەك بۆڵە تریٚ دێتە خوارێ وە لە نێو چاوانیشیدا عارەقی شەرم دەتکێ.

پێم ووت ئارام بەرەوە کۆتایی بە باسەکە بهێنە گرنگ ئەوەیە کە تۆ ئێستا لە شوێنێکی زۆر هێمنی وە برای خۆت لە تەنیشتەوەیەو ئامادەیە هەموو خەمەکانت لە کۆڵ بگرێت.

ترێ خان پێویست ناکات ئاوا بە کوڵ بگریت ئارام بە، شەویشمان درەنگ کردووە من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە تۆش پشویەکی ئەرخەوانی بدە، سبەینێ خوا یار بێ دێمەوە بۆ لات. تکایە هەست بە هیچ نارەحەتییەك مەکە وەك پێش تریش پێم ووتی مەبەستی من تەنها چاکەیە، دەمەوێت لە دەروازەی خێردا ئارام بگرم و هیچ ئیشم بەتۆ نییە، جارێ بە خوات دەسپێرم من دەڕۆم ئەوەشت لە بیرنەچێ ئەو خوایەی من سپاردە زایە ناکات. دەستم کرد بە گیرفانمدا مەبلەغێك پارەی بۆ بەجێبهێڵم نەوەك پێویستی بە پارە بێ، پارەکەم خستە ژێر سەرینەکەی و سەرم داخست و گەڕامەوە دواوە دووبارە ماڵ ئاوایم لێکرد.

لەژێر لێوەوە ووتی خوات لەگەڵ، بەڕاستی نموونەی مرۆڤ ئەتوانم لە تۆدا ببینم ماڵئاوا.

هێدی هێدی کەوتمەڕێ لەو شەوەدا خۆشییەك بەری دڵمی گرتبوو وە ئارامیش وەك چەرچەفێکی ناسك هەموو ڕۆحی داپۆشیبووم، هەرچەندە کۆتەکەم لە ژوورەکەی ئەودا بەجێ هێشتبوو، بەڵام سەرمای ئەو باکورستانە هیچ کاری لەلاشەی من نەدەکرد بۆیە زوو زووش بە دەم ڕێگاوە دەمووت وەرە ئێستا بگەڕێوە ماڵەوە بەم هیلاکییە دەست بکە بە قاپ شۆردن.

کە گەڕامەوە هێشتا سەرخێڵ و یوسوف لە ژێر جێگاکەیانەوە بە بێ دەنگی و بەچرپەوە باسی منیان دەکرد.

گوێم لێبوو سەرخێڵ ووتی: ئەوە ئەو زاڵمە گەڕایەوە هەر لەبەرئەوەی کە قاپەکان نەشوات چۆن خۆی لە ئێمە وون کرد، ئێستا هەزار و پێنج سەد عوزرمان بۆ دێنێتەوەو ڕازیمان دەکات.

منیش چوومە نێوان هەر دووکیان دانیشتم و پاڵم دایەوە بە دیوارەکە، بە زەردەخەنەیەکەوە ئاهێکی خۆشیم هەڵکێشا.

یوسفی هاوڕێمان شاعیر بوو زۆرجار بەئەدەبیانە قسەی دەکرد.

یوسف: دەی چیت پێیە باسی بکە بۆمان نازانم پێت بڵێم دڵت خۆشە یان بێزاریت؟

زەردەخەنەی لێوت پرشنگی خۆشەویستی دەڕوێنێ و ئاهەکەشت لەگەڵ هەناسەت حەسرەتی مەئیوسی پێوە دیارە لێت، تێناگەم؟ جاروبار وا دەتبینم کە هەنگوینت لە دار

گوێزدا دۆزیبێتەوەو هەناسەکەشت ئەشك و خەفەت تیایدا بەرجەستە دەبێت.

سەرخێڵ: واز لەم قسە ئەدەبیانە بهێنن چی بووە بیڵێ وامن خەریکە گوێرەکەیەکم دەبێت؟

منیش دیسانەوە ئاهێکی ترم هەڵکێشاو ووتم جارێ پێم بڵێن قاپەکانتان شۆردووە تاریکە هیچ نابینم، چونکە ئەگەر قاپەکانتان نەشۆردبێ توانای ئەوەم نامێنێ کە پێتان بڵێم چی ڕوویداوە.

سەرخێڵ: توانات هەبێ خەسرەو گیان هەر منی کلۆڵ نیم ئەبێ لە زەحمەتا جێگری تۆ بم و لە خۆشیشدا یوسف-ی برام جا لەبەرئەوە قسەکانت بکە بە ئارامی.

یەکسەر باسی هەناسە ساردی کچۆڵەیەکم کرد کە بەدوای ئازادی و یەکسانی دا وێڵ بووە ئازادی وەك زەرنەقوتەی بێ دایك برسی کردووە وەك منااڵنی بێ سەرپەرشت کە هیچ هەستێکی نەبێت بۆ ژیان یەکسانی ڕەقی کردبوەوە.

تا لەهەوری دنیادا وەك ئاوێنە بە مەلولی خۆی لەسەر شەقامی ئەم وڵاتەدا دەبینییەوە وەك بوخچەو پریاسکەی ژنە الدێیی تەاڵقدراو لوولکرا بوو لەبەردەمی دەرگایەکدا بە چیچکەوە بوخچەکەی ڕۆحی دەمی کرد بووەوە.

پریاسکەی نانەکەی کەڕووی کرد بوو، هەناسەی وەك بەنەخوێنی شەڕواڵ پیسەکان ڕەوابوەوە لەنگێز بوو بوو، هەرەس ماتی کرد بوو بورانەوەش وەك هاوسەری دەستی لە ملی ئەو کردبوو، خۆشی لێ بوو بوەوە دێوە زمەیەك. ئەو چۆلەکەو پەپوالنەی کە خەیاڵی بە هەشتین بە سەرسەری یەوە وەك مۆرفین و کۆردۆین سەمایان دەکرد.

تلیاکو حەشیش بوبونە ئەسپی سپی باڵدار بەرەو زەبەالحێکی بێبەزەیی هەڵی دەگرت و دەیبرد بۆ الی کەسێك کە بە سحری ووتە وای لێکردبوو لەبەر دەمیا وەك یوسفی کەنعان خۆی نیشاندەدا.

تا ئێرە تێ گەیشتووم لەوە زیاتر نەمویست دەرگای دەمی ئەو زێرابە بکەمەوەو بۆگەن و هاڵاوەکەی بەسەرمدا بێت، بۆیە زوو خەفەم کرد وەك زۆپای دار هەموویم کردە ژیلەمۆ لەسەنگەری بەرگریدا دامناو خۆم ئامادەکرد بۆ مەتەرێزی شەرەف. بەتەواوی بەسەرهاتەکەم بۆ یوسف و سەرخێڵ گێرایەوە.

ئاگام لە یوسف بوو کە لە تاواندا باوەشی کردبوو بە بەتانییەکەیداو زوو زووش پەنجەی خۆی دەگەست، (سەرخێڵ)یش دەیووت کوا پیاوەتی؟ کوا ئازادی؟

ئەمە بەس تەنها جێگایەتی بکوژرێ و لە ناو قەبردا سەربەرەو خواری دابنرێ ئاخ و حەسرەت بووبوونە گۆرانی لە بەینی یوسف و سەرخێڵ دا یارییان دەکرد. یوسف وەك

حەیرانی دەشتی هەولێر دەیسەندەوەو سەرخێڵ- یش وەك مەقامی بەیات وا وەیلای بوو بەلایەوە هەر دووکیشیان مۆڕەی ڕقیان لە من دەکرد. کەسێك نەبوو کە ڕقی ئەوان دابمرکێنێتەوە.

ووتم: من هیلاکم بەیانی سپێدە کە نوێژمان کرد دوعای خێری بۆ دەکەین لە پاشان ڕووەو جەستە داڕووخاوو ڕۆحە بەزیوەکەی تڕێ دەڕۆین تا بزانێ کە سێ کۆڵەکە و سێ پایە لە ڕووی ئەودا دیوان دەگرن. مەبەستم ئەوەیە یەکێکیان بۆ ژێر باڵی ڕاستی و یەکێکی کەیان بۆ ژێر باڵی چەپی و ئەوی کەشیان لە پشتیەوە. ئامادەباشی خۆیان دەربڕێ.

بخەون تا بەیانی خوا لە سوڵتان محمود گەورە تڕە کە چوینە لای شتی زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

سەرخێڵ لە ژێر جێگاکەیەوە هەر ئاخی قینی هەڵدەکێشاو دەیووت: ئاخ چۆن کەوتینە ولاتێك کە غیرەت و شەرەفمەندەی بۆتە هەڵمی ئاو، زۆر بە ئاستەم دەبینرێت.

زوو زووش پرسیاری لە من دەکرد مااڵی تڕێ لە کوێ یەو دایکی تڕێ کێیە و ئایا باوکی ماوە ئەی براکانی ئیشیان چییە وە پرسیاری زیاتر و زیاتر.

ووتم: ئەگەر دەکرێت با بخەوین بەیانی خۆت دەتوانی هەموو پرسیارەکانتی لێ بکەیت ئێستا لە کۆڵی من بەرەوە هەر دەڵێی پیرێژنەکانی ئەم وڵاتەی ئەوەندە پرسیار دەکەیت.

تۆڕە بوو پێی ووتم: گەردنت ئازاد نەبێت، ئیتر بێ چرپە لێی خەوت تاکاتی نوێژ، هەڵساینەوە و من خۆم گۆڕی و یوسف و سەرخێڵ خێرا بە دوامدا هەڵسانەوە دەستم کرد بە پێ کەنین ووتم: ئەگەر ئەوە کورێك بوایە دەهاتن لەگەڵمدا؟

یوسف پێدەکەنی و سەرخێڵ ووتی: من نایەم ئەگەر بێم خۆ لەبەر خاتری تۆیە دانیشت و دەم و چاوی دا بەیەکدا من هەر بە پێکەنینەوە خێرا چوومە لای دەستم خستە سەر شانی ماچی سەریم کرد و ووتم: ئەوە چییە شێتە گیان کەس ناوێرێ بڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە.

یوسف: نا ماسکارای پێوەیە باوی کل نەماوە.

سەرخێڵ بەزەردەخەنەوە هەڵساوەو پێڵاومان کردە پێمان و بەرەو نەخۆشخانە کەوتینە ڕێ بە قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ چوینە ناو نەخۆشخانەکەوە.

یوسف: خەسرەو برۆ پێی بڵێ کە ئێمە هاتووین بۆ لای نەوەك ئامادە نەبێ با ئاگادار بێ.

ووتم: باشە چوومە ژوورەکەی سەیرم کرد لە ژوورەکەیدا نەبوو وا هەستم کرد کە چو بێت بە لایەکدا یان ئیشێکی تایبەتی هەبووبێت زۆر چاوەڕێم کرد، بەڵام هەر دیار نەبوو چووم لە پرسگەی نەخۆشخانەکە پرسیارم کرد لە پەرەستارێك ووتی کە ئەم شەو درەنگ ڕای کردووە، نازانین کە بەرو کوێ ڕۆشتووە، بەڵام ئێمە بە تۆ هەڵخەڵەتاین ووتمان کە لایدا دەمێنیتەوە تۆ چۆن خوشکی خۆت لەو کاتەدا بەجێ دەهێڵیت ئەی دکتۆر پێی نە ووتی کە نابێت پارە یان شتی گران بەهای پێ بێت وەك زێڕو زیوو.

زۆر سەرسام بووم ووتم: نەخێر نە ئەو خوشکی منەو نە دکتۆر هیچی بە من ووتوە.

پەرەستارەکە ووتی: کە تۆ لە ناو پەرتوکی زانیاری نەخۆشخانەکەدا ناوی تۆی بە برای خۆی بردووە بە داخەوە ئەو ڕای کردوە، چونکە پێویستی بە مادده سڕکەرەکان بووە.

دەبوو تۆش و ئێمەش زیاد لە پێویست ئاگادار بوینایە بە داخەوە!

ئیتر من تێگەیشتم کە هەڵەیەکی زۆر گەورەم کرد کە پارەم بۆ بە جێ هێشت زۆر بە مەئیوسی گەڕامەوە لای یوسف و سەرخێڵ زۆرمات بوو بووم.

سەرخێڵ: ها ئەوە چییە؟ چی ڕووی داوە خۆ سەلامەتە؟

ووتم: نەخێر

سەرخێڵ: مرد!

ووتم: نا، بەڵام خۆزگەم بمردمایەو پارەم بۆ بەجێنەهێشتایە بە داخەوە ڕای کردووە، چونکە لەشی پێویستی بە مادەدسڕکەرەکان بووە.

نازانم چی بکەین با بڕۆین دیارە ئەوەی کە ئێمە چاوەڕێمان ئەکرد نەبوو، خێرەکەمان تاکۆتایی نەبردە سەر، بەڵام خوا چاکەی چاکەکاران وون ناکات بەویستی خۆیەتی با بڕۆین برایان.

سەرخێڵ: خەسرەو ئەی تۆ نەت ووت کە کاتێ ترێ بێ هۆش بوو ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئەوت لێداوە.

ووتم: با وا بوو.

سەرخێڵ: کەواتە سەیری ناو دەستییەکەت بکە بزانە ژمارەکەی چەندە؟ تەلەفۆنی بۆ بکە تا بگەڕێتەوە یان بچین بی بینین.

بۆ چونەکەی سەرخێڵ زۆر باش بوو گەڕام بە دوای ژمارەکەیداو دۆزیمەوە، بەڵام هەرچەندە من پەیوەندیم پێوە دەکرد بەداخەوە تەلەفۆنەکەی داخرابوو. هەرچۆن بوو ژمارەکەیم لە ناو دەستی یەکەمدا یادداشت کرد تا لێم وون نەبێت.

گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ئەو ڕۆژە هەموو داوای پشومان کرد بوو لە کارەکانمان، یوسف -یش شێخ مەحشی یەکی خۆشی بۆ دروستکردبووین بۆ بەربانگ بێ ئێوە ناخۆش خواردمان.

سەرخێڵ: من دووجار قاپ پیس دەکەم جارێك لە پاداشتی دوێنێ جارێکیش ئەمڕۆ.

پاشان دانیشتینو قسەی خۆشمان دەکرد، بیرم کەوتەوە کە جارێکی کە پەیوەندی بکەمەوە بە ترێ-وە.

بە سەرخێڵ-م ووت: دەتوانم کە تەلەفۆنەکەی تۆ بەکار بهێنم؟

سەرخێڵ: دیسان بۆ ترێ خانە بەکاری بێنە تا دەیدۆزیتەوە، بەڵام من تێناگەم تۆ بۆ ئەوەندە خۆتی پێوە هیلاك دەکەی.

ووتم دیارە لەبەر تەلەفۆنەکەیەتی کەوا دەڵێ، ڕووم کردە یوسف و پێم ووت: یوسف ئەوی تۆ بەکار دەهێنم.

سەرخێڵ سوێندی خوارد کەمەبەستی ئەوە نییە، بەڵکو- مەبەستی منە دەوێەوێت ئارام بم وە خۆم وابەستە نەکەم تا ژیانم وەك جاران بە ئاڕاستەی ساددە و ساکاری خۆیدا بڕوات.

سەرخێڵ: خۆم و دەستی یەکەشم لە خزمەت داین هەموو جارێك بەمن دەڵێیت شێتە ئارام بە، بەڵام ئەم جارە سەرەی منە پێت بڵێم لە من شێت تر ئارام بە. دەستمان کرد بە پێکەنین و دەستییەکەم دایەوە دەستی سەرخێڵ و ووتم:

ڕاست دەکەی پێویست ناکات ئەوەندە سەر ئێشە بۆ خۆم دروست بکەم با کۆتایی بەو باسە بهێنین خوای گەورە بمان پارێزیت چ دنیایەك تێکەوتوین برایان من تێناگەم ئەو کەسانەی کە باسی ئازادی ژن دەکەن دەیانەوێت ئافرەت بکەنە کەرەستەیەك بۆ خۆشییەکانی خۆیان کە باس لە ئازادی ئافرەت دەکەن دەبێت ئافرەت خۆی دانەپۆشێ ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە مافی ئەوان زیاد بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئارەزووە شەهوانییەکانی خۆیانی پێ دابمرکێننەوە. هەمیشە ئەو پیاوە شەهوانییانە یان ئەوانەی کە سەرمایەداری گەورەن دەیانەوێت کە ئافرەتان بکەنە داردەستی خۆیان.

سەرخێڵ: چۆن؟ من تێناگەم لێت دەتوانی بۆمان ڕوون بکەیتەوە.

ووتم: برای بەڕێزم کاکە سەرخێڵ گیان، کاتێك کە باسی ئازادی دەکرێت بۆ ئافرەت دەیانەوێت ئافرەت ئازادبێت نەك لەبەرانبەر خۆیاندا وەك مافی مرۆڤ، بەڵکو ئازادی لەشی دەکەن بۆ نموونە کاتێ شۆڕشی ئافرەتان کرا لە شیکاگۆ لە ئەمریکا بۆ ئەوە نەبوو کە ئافرەتان ڕزگاربن، بەڵکو جولەکەکانی شیکاگۆ دەیان ویست ئەو کارخانەیە ئیفلاس

پێ بکەن کە زۆربەی زۆری ئافرەتان ئیشیان تێدا دەکرد، بۆیە دەیان ویست لە ڕێگای ئەوانەوە کارخانەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە مەسیحییەکان سەرمایەیان تێدا کۆ کردبووەوە، بۆیە ئەو شۆڕشەیان ناو نا شۆڕشی ئازادی ئافرەتان.

هەر لە وکاتەوە سەرمایەداران ئافرەتیان کردە داردەست بە ناوی ئازادی یەوە وە توانیان مۆنۆپۆڵی لاشەی ئافرەتان بکەن.

ئێوە دەزانن نوسینەوەی مافەکانی ئافرەت چەند ئافرەتێکی سۆزانی نوسیویانەتەوە!

یوسف: چۆن؟!

بزوتنەوەی ئافرەتان کە دامەزراوە بە پێی فەرهەنگی جیهانی نوێ کە لە هەناوی قوتابخانەی سەرمایەداریەوە سەرچاوەی گرتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنەسانس. یەکەمجار لە جارنامەی ئافرەتێکی داوێن پیس کە ناسراوە بە (ئۆلیم دی ژۆژیە) ی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩١ هاتووە، پاشان لە ١٧ ماددە پێکهاتووە یەکەم کەس کە ڕاڤەی کردووە ئافرەتێکی ووجودیی خێزانی سارتەرە بە ناوی (سیمۆن دی بوفوارە) کتێبەکە بەناوی ڕەگەزی دووەم نوسراوە، پاشان ئەم بزوتنەوەی ژنانە نەهامەتییە بۆ ئافرەت لە سەدەی نۆزدەدا ئەو یەهودیە پیسانە. جموجۆڵێکیان پێدروستکردن لە ئەورووپاو ئەمریکا ناڕەزایی و تا چەند کۆڕو سمینارو شتی لەو بابەتەیان بۆ گیراو دوایی لەگەڵ گەشەی مارکسیەت و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ زۆر گرنگی پێدرا لە لایەن مارکسییەکانەوە لە سەدەی بیستدا لەبەر کۆمپانیا گەورەکان بۆ دەستەبەرکردنی کرێکاری زۆرترو هێنانە دەرەوەی ئافرەت لەماڵەکانیان بەپارەی کەم. ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەریەی پێ هەڵسێنرا کە لە ئێرلەندەوە دەستی پێکرد تا ئوسترالیا، داوای ڕێزگرتن و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرا.

وکە بە درێژای مێژووی ئیسلام ڕێزو حورمەتی لەئافرەت گرتووە لە هەموو کایەکانی ژیان بەشداری پێکردووە، مەگەر هەندێك پۆستی دژوارو سەرەکی نەبێت لەبەر سۆزو هەست ناسکی ئافرەت لە هەندێك پۆست دورخراوەتەوە، لەبەریتانیا بەهەمان شێوە ئافرەتێکی دەم شرۆ داوێن پیس بە ناوی (پانك هریست) کە لەبەر جوانی و شەدەلاری کچەکانی کە زیاد لە ١٩ کچی هەبوو هیچی کچی خۆی نەبوو، بەڵکو ئەو ئافرەتانە بوون بۆ لەشفرۆشی بەکار دەهاتن پیاوانی شەهوەت بازیش بۆ خاتری جوانی و تێری حەزی خۆی و ماستاوکردنی لەبەردەم ئافرەت بزوتنەوەکانیان بە ناوی کچەکانی میسز پانك ناونرا.

لە ئەمریکای سەرمایەداری لە ویلایەتی وایۆمینگ لە ساڵی ١٨٦٩ مافی ئافرەت درا

تەنها مافی دەنگدانیان هەبێت ئەویش ئافرەتی سپی پێست ڕەش پێست هەر حسابی بۆ نەدەکرا بۆ پیاوەکانیشیان، ئەویش لە ١٩٢٠ لە دەستوری ئەمریکی بووە قانون بڕیاری لەسەردراو تۆمارکرا، لە نیوزلەندا ١٨٩٣، لە ئوستڕالیا ١٩٠٢، لە نەرویج و سوید و دانیمارك ١٩١٣، لەکەنەدا ١٩١٧، لە بەریتانیاو نەمساو پۆڵەندا مەجەرو چیکۆسلۆڤاکیاو ڕوسیا ١٩١٨ بەلجیکا ١٩٤٥، بۆ زانیاریت ولاتی سەرمەشقی عەلمانی کە فەڕەنسایە ١٩٤٦ تەنها مافی دەنگدانیان بەخشیە ئافرەت، دوایی هەریەکە مەدرەسیەکی دروستکرد بەناوی قوتابخانەی شوعییەت، سۆسیالیستەکان، لیبراڵ دیموکراسی و مەدرەسەی ئایینی جولەکەو مەسیحی، کە مەسیحی و جولەکە ئافرەت بە ڕۆحی پیس دەزان بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە.

ئەمە مافەکانیانە، بەڵام بەخۆیان نازانن کە مافیان تەنها لای پیاو ڕووتکردنەوەیانە بۆ حەزی پیاو.

لە ئیسلامدا مافی ئافرەت لە سەردەمی خدیجە-وە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەستپێدەکات کە سەروەت و سامانی خۆی بۆ پشتیوانی هاوسەرەکەی دەخاتە کارو یەکەم شەهیدی بۆ خەباتکردن سومەییە- یە. ئیتر ئەوانە سەرمەشقی ئەو پەیامەن، یەکەم پاسەوانی ئافرەت ئوم عیمارە-یە، یەکەم موفتی خاتوو عائیشە-یە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) یەکەم بەرپرسی حەسبە ئافرەتە خەولە-یە، یەکەم دەنگی ئۆپۆزسیۆن ئافرەتە لە ئیسلامدا کە هەڵسایەوە بەدەم عومەری کوڕی خەتابدا ووتی تۆ ناتوانیت دەستنیشانی مارەیمان بکەیت. زۆری تر لەم باسانە.

هەروەها بۆیە لە جێگا گشتییەکاندا ئافرەتە جوانەکانیان دادەمەزراند، بۆ ئەوەی جێگای سەرنج بن بۆ پیاوە شەهوانییەکان وە کۆکردنەوەی سەرمایە بێت بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکان. باشە بۆ سەرپۆش بووە بەمۆرکی ئیسلام، من پێم وایە ئەوان تەنها دەیانەوێت ئەو حورمەت و ئازادی و خۆشبەختیەی کە ئیسلام داویەتی بە ئافرەت بی پوکێننەوە تا ڕەوشت لە فەرهەنگی ئەواندا نەمێنێ وە لەبەر شەهوەتی خۆیان ئافرەتان ئازاد بکەن، بەڵام چۆن ئازادییەك کە ئازادی بێت تەنها بۆ کڕین و فرۆشتن و لە تەنیشت کاڵاکانی خۆیاندا بازرگانییان پێوە بکەن ئەم داپۆشینە تەنها لەسەر ئیسلام کراوە بەماڵ، کەچی بەهەمان شێوە لە ناو هەموو ئایینەکاندا ئافرەت نابێت ڕووت بێت بێجگە لە ئایین لە فەرهەنگی زۆربەی زۆری ولاتاندا بە تایبەتی فەڕەنسا سەرپۆش باو بووە تەنانەت بۆتە مۆدێلێکی جوانی خۆیان کە پێی دەڵێن مۆدێلی لەچکی فەڕەنسی. پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، لە کلتورو فەرهەنگی میللەتاندا هەمیشە ئافرەتان داپۆشراو بوون تا ئەو کاتەی شۆڕشەکەی شیکاگۆ کرا، تەنها بۆ ئازادکردنی لەشی ئافرەتانی دونیا بوو.

بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشینەی گەلی کورد ئەوان هەردەم داپۆشراو بوون زیاد لە پێویست، بەڵام ئیسلام هات تۆزێك ئاسان تری کرد، چونکە ئەو وەختە سەروفێست و کۆڵوانەو چارشێو یان عەبایان بەکاردەهێنا خۆ ئەگەر سەیری سەروفێست بکەین زۆر گران بوو بەسەر ئافرەتانەوە بە هەرجۆرێك بێت ئەمانە دەیانەوێت ئافرەت وەك ترێ لێ بکەن، هەمیشە وەك لۆتییەکان دەهۆڵێك و مەیمونێك بە دوای خۆیان دەخەن دەڵێن ئیسلام دوو ئافرەت بە شاهیدێك قبوڵدەکات ئەم قەوانە ئەوەندە لێدراوە کورد ووتەنی قەوانەکەیان سواوە.

دەتوانم بڵێم کە ئافرەت لای ئێمە شازادەو ئێمەش خزمەتکاری ئەوانیین، بەڵام بەداخەوە زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانە لەمە تێناگەن و نازانن کە ئەوان مامۆستاو بونیادنانی خێزان لە ڕووی ڕەوشتەوە لە ئەستۆی ئەواندایە کە چی داوای مافەکانیشیان لە پیاو دەکەن. دەبوو ئەوان مافەکانی خۆیان بەسەر پیاودا بسەپێنن و سەرچاوەی مافەکانیان لە قورئانەوە وەربگرن کە خوای گەورە مافی ئەوانی دابینکردبێ کەواتە موسڵمانان لە ئاست فەرمانی خوای گەورەدا ملیان تاڵە موویەکە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە ئەوان سەرکردەو ئێمەش جەنگاوەر.

ئاگادار بووم سەرخێڵ سور بوو بووە بۆیە خێرا ووتی: ئەرێ خەسرەو تۆ ئافرەتت کرد بەچی وات لە من کرد کە نەوێرم لە ژیانما ژن بهێنم زۆر قورسی مەکە برا لەسەرمان.

ووتم: سەرخێڵ، برام ئەمە ڕاستییە دەبێ هەموو بزانین کە ئێمەی پیاو بێدادین و ئەوانیش خۆیان ساویلەکەن هەمیشە داوای ماف لە پیاو دەکەن بۆیە دووبارەی دەکەمەوە دەڵێم سەرخێڵ گیان ئەگەر ئەوان تێگەیشتبێتن لەو پەرتوکەی کە خوای گەورە ناردویەتی بە خەڵات بۆ محەممەد (ﷺ) ئوممەتی ئیسلام ئەویش کە فەرقیانە واتە فەرقە لە بەینی حەق و باتڵ دا دەبێ لەو دەقانەوە مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن لەو کاتە دا زەنگی تەلەفۆنەکەی من لێیدا، بەڵام دیار نەبوو کەلە کێوەیە کە هەڵم گرت، ترێ بە دەنگێکی ناسکەوە ووتی: ئێوارە باش کاك خەسرەو. داوای لێبوردن دەکەم کە نەدەبوو ئاوا بەجێتبهێڵم، بەڵام توانام نەمابوو دەبوایە هەڵبێم لەدەست چارەسەرکردن، خۆت ئاسایی نەك بم بەخشە بەڵکو گەردنم ئازادکە چەند خۆش بوو کە گوێم لە ووشە جوانەکانت بوایە لە دەمی گوڵبارانی تۆ ڕۆحی منی بۆنخۆش ئەکرد بم ببورە من زۆر بێ هێزم داوات لێدەکەم دەستم لێ بەرنەدەیت.

ووتم: تەلەفۆنەکەت داخراوە، بیکەرەوە تا من پەیوەندیت لەگەڵ بکەم.

ترێ: دوو سەعاتی کە تەلەفۆنەکەم دەکەمەوە من پارەم پێ نەما جارێ بە خوات دەسپێرم.

ئاگادار بووم کە قورگی پڕ بوو لە گریان، بەڵام بەزۆر خەفەی کرد دیسان هەوای ترێ کەوتەوە ناو هەست و بیرم.

سەرخێڵ و یوسف ووتیان: یارمەتی بدە، چونکە زۆر بێچارەیە بەڵکو خوای گەورە توشی خێرمان بکات.

ووتم: باشە، با چاوەڕێ بین تا دەستییەکەی دەکرێتەوە.

هەر چۆن بوو کاتمان بردە سەر تا کاتژمێر ڕابوورد تەلەفۆنم کردەوە بۆی، بەڵام دەستییەکەی داخرابوو کەمێکی کە چاوەڕێمان کرد دووبارە پەیوەندیمان لەگەڵ گرت زەنگی لێدا خۆی بە دەنگێکی هێمنەوە ووتی: بەڵێ!

پرسیم بۆ نەخۆشخانەکەت بە جێ هێشتووە تۆ نازانیت کە پێویستت بە چارەسەر هەیە؟

کەچی ئەو هەر قوڵپی گریانی دەدا لێی پرسیم کە کەست لەلایە؟ من لەبەرئەوەی کە ئەو شەرمەندە نەبێ ووتم: نەخێر.

ترێ: ئەگەر دەکرێت من دێم بۆلات، چونکە زۆر پێویستم بە حەوانەوە هەیە زۆرماندووم ئەکرێت بۆ چەند سەعاتێك بێت بێمە لای تۆ تا بحەسێمەوە؟

ووتم: فەرموو وا من چاوەڕێت دەکەم، بەڵام من لەگەڵ دوو هاوڕێمدا دەژیم دوای سەعاتێك ئەوان دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

لەبەر ئەوە وام بە ترێ ووت بۆ ئەوەی هێڵێکی پێشین بۆ خۆم و یوسف و سەرخێڵ دا بنێم.

ووتم: بە زووترین کات وەرە، تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

یوسف و سەرخێڵ خێرا خۆیان پێچایەوە ووتیان: دەڕۆین بەڵام من ترسێکم بۆ دروست بوو بوو نەم دەزانی چییە؟

بە سەرخێڵ و یوسفم ووت ئەگەر کرا دوای هاتنی ئەو بە کاتژمێرك بگەڕێنەوە، چونکە نەوەك شتێکی لێبێت و بەسەرمدا ساغ بێتەوە.

سەرخێڵ دەستی کرد بە پێکەنین ووتی: بۆ بە تەمای چیت؟ ئاگاداری خۆت بە.

خۆ ناتخوات لەوانەیە داوای پارەی تر بکات بۆ مەزاجەکەی ئەگەر وابوو پشت ملی بگرە و فڕێ یدەرە دەرەوە، پاش چەند خولەکێکی کەم لە جێگایەکی کەوە پەیوەندی کردەوە بە منەوە ووتی پاش پێنج دەقیقەی تر من دێمە بەردەم ماڵەکەت.

ووتم: باشە زۆرم بەلاوە سەیر بوو زوو ماڵەکەم پاکردەوە هەوای ژوورەکەم گۆڕی و ئاوم گەرم کرد تا چایی ئامادە بکەم، پسکیتم خستە سەر قاپ و خۆشم پێکەنینم دەهات، وام ئەزانی کە ئەلیزابێتی یەکەم ڕووڵە ماڵەکەم دەکات. بە ئاستەمێك چوومە بەر دەرگای باڵەخانەکەو دیم وا بە کەساسی ڕووەو من سەر دەکێشێت و کۆتەکەمی لەبەر دایە، دەستی خستوەتە ناو گیرفانەکانی و وەك هەوری ڕەش چۆن مانگی تابان دەگرێت ئاوا شەرم ڕووی تریژ ی گرتبوو بە کەساسییەوە سلاوێکی کرد.

تریژ: بەم ببورە من مایەی ناڕەحەتی و سەر ئێشە بووم بۆ تۆ.

ووتم: خوا بت بوریێت خوشکی ئازیز، تۆ خوشکی بەڕێزی منی ئەگەر هەر دوو خوشکەکەی خۆم لێرە بوونایە هەر ئەوەندەی تۆ بەڕێزو خۆشەویست بوون فەرموو با بڕۆینە ماڵەوە ماندوو دیاریت من پێش کەوتەو ئەویش بە دوامدا.

بردمە ماڵەوە بە هێمنی شریتێکی قورئانم خستە سەر چووم بەلای چا تێکردنەوە، بەڵام کاتێك گوێم لە ئاوازی منشاوی بوو کە سورەتی مەریمی دەخوێندەوە، هەموو گیانم ئارامی باڵی بەسەردا گرتبوو لە دەروازەی بە هەشت و دۆزەخدا خۆم دەبینیەوە چومە لای تەسجیلەکەوەو کزمکرد کە بە ئاستەم گوێم لێبوو ووتم: تریژ خان بۆ ڕۆشتی لە نەخۆشخانەکە زۆر بێتاقەت بووم؟

بۆی گێڕامەوە کە لاشەی پێویستی بە مادەی سڕکەر هەبووە دەبووایە بڕۆشتایە.

ووتم: دەکرێت من برا بچوك یان ناوی لێبنێ کوڕی خۆت یان من قوتابی و تۆ مامۆستا چیت هەیە بیگێڕەوە ئەگەر چاك بوو با فێربم خۆ ئەگەر خراپ بوو با خۆمی لێ دوور بخەمەوە وابزانە کە من تەنها بۆ گوێ گرتن دروستکراوم فەرموو با گوێم لێبێ بیگێڕەوە با یارمەتی یەکتریی بدەین؟

تریژ: زۆر باشە، بەڵام سوێندم بۆ بخۆ کە ئەوەی پێت دەڵێم بەس تەنها بەینی خۆم و تۆ بێت.

ووتم: ناتوانم سوێند بخۆم لەبەرئەوەی من دوو هاوڕێم هەیە ناویان سەرخێڵ و یوسفە وە ئاگاداری هەموو شتێکی تۆن تا ئەو کاتەی کە هاتویتە لای من، چونکە من و ئەوان یەك گیان و یەك باوەڕین، جوانتر بڵێم تەواوکەری یەکترین.

ئەوەش بزانە کە چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت.

سێ ژیری بکەونە کار باشترە تایەك دانە لێرەوە سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەوان لە من دڵسۆزترن بۆ تۆ.

تریژ: لە چاوی تۆوە بڕوادەکەم بەوانەی کە تۆ پشتگیرییان دەکەیت، چونکە بە

ڕاستگۆیی هەموو شتەکان دەخوێنمەوە لە ئێوەدا.

قسەکانیم پێ بڕی و ووتم: خوشکی ئازیزم ئەگەر دەکرێت با بانگیان بکەین بڕوام پێبکە کە ئەوان پشتگیری تۆو منیش دەبن، چونکە ئەوان لە دەروازەی میحرابدا پەروەردە کراون هەر چۆن بێت کۆڵەکەن بۆ تۆ.

ڕازیم کردوو ئەوانیشم بە تەلەفۆنێك بانگ کردەوە.

سەرخێڵ و یوسفم پێناساند، بەڵام ترێ سەرسام بوو لەوەی کە دەستی برد لەگەڵ یوسفدا تەوقە بکات، یوسوف تەوقەی لەگەڵ نەکرد، بەڵکو دەستی گرت بە سنگییەوە بۆی، بەڵام سەرخێڵ دەستی هێناو بە گەرمی لاواندییەوە و بە خێرهاتنی کرد، لە دوایدا دانیشتین وەك منااڵێك چۆن داپیرە چیرۆکی بەر ئاگردانیان بۆ دەخوێنێتەوە گوێ بیستی قەسەکانی ترێ بوین.

هەموو لە ئاستی ئەودا سەرمان داخستبوو بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕاشکاوانە قەسەکانی خۆی بکات. دیار بوو ترێ کەشێکی باشی بۆ دروست بووبوو ڕەوشەکەی بەالوە سەیر بوو بۆیە ووتی: پێشتر زۆر سانا بوو بەالمەوە کە لەگەڵ پیاواندا قەسە بکەم بەبێ هیچ پەردەو شەرمێك، بەڵام لەگەڵ ئێوەدا زۆر شەرم دەکەم هەر چۆن بووە قسەکانم وەك خۆی دەگێڕمەوە ئەگەر توانیتان یارمەتیم بدەن خۆ ئەگەر نەتانتوانی لەبیریکەن ناوم بانەزرێ لەوە زیاتر ئەگەر زۆریشم بۆهات خۆم دەکوژم یان خۆم دەسوتێنم.

ووتم: ئێمە بە دڵنیاییەوە حێگای باوەڕی تۆ دەبین تکا دەکەم بەردەوام بە ئێمە گوێ بیستین فەرموو.

ترێ: لە دوای ئەوەی کە خۆم فێربووم بە کۆردۆین و مۆرفین بەکارهێنان، ئێستا ئازاد داوای ئەوەم لێدەکات کە هاوڕێکانی خۆم فێربکەم و لەگەڵیاندا بیفرۆشم ئەوان باندێکی زۆر گەورەن لە دووکەسی ئەلبانی و سێ کەسی فارس و چوار کوردو بە منەوە پێنج ئافرەت کە دووانیان بێچارە کراون فارسن و ئەوانی کە خەڵکی واڵتی باکورن وە سەرۆکی ئەم باندە پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەم باکورەیە ناوی(فین ئەندریاسە) ئێستا ئەگەر من شکاتیان لێبکەم خۆم ماڵ وێران دەبم، چونکە کەسێکی کە ناناسم تا بتوانم ئەو ماددەیە بۆ خۆم دەستەبەر بکەم، لەهەر دووالوە ڕۆچووم ئەگەر وازبهێنم ئەوا ئەوان خەڵکی کەی وەك من فێردەکەن بۆیە پێتان دەڵێم تو خوا یارمەتیم بدەن ئیتر ئەوەندە گریا فرمێسکو هەنسکو دەنگی تێکەڵی یەك بوو بوون.

یوسف تەحەمولی نەما دەستی کرد بە گریان، سەرخێڵ لە تاواندا لێوی خۆی دەگەزی و منیش وەك بیری ئیرتوازی هەناسەکەم قوڵتر دەبوو.

سەیرێکی یەکترمان کردو یوسف ووتی: برایان چی بکەین؟

سەرخێڵ: با بچین بیان کوژین!

یوسف: سەرخێڵ گیان ئەوە ڕێگا نییەو بە ئێمە ناکرێ، چونکە ئێمە پیاو کوژنییین.

سەرخێڵ هاواری کرد ئەی چی بکەین؟ چی دەبێڵێن.

من بێ دەنگی دایگرتبووم نەم دەزانی کە بۆ کوێ هەنگا و بنێین.

یوسف کورێکی زۆر ئیماندار بوو ئیمانی تر بوو لە ئێمە پێی ووتین: گوێ بگرن برایان ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ترێ-یە.

یەکەم: بابزانین چۆن ترێ بپارێزین لە دەستی ئەوانەو بشتوانین کە ئەو ماددەیەی بۆ دەستە بەر بکەین. دووەم: هەموو یاساکانی دونیا دژی ئەو کارەن با ئێمە بەرپرسانی لێ ئاگادار بکەینەوە ئەوانیش ڕێگامان بۆ دادەنێن و لە دوعای خێریش یەکتری بێ بەش نەکەین.

بەڵای منەوە ڕاکەی زۆر پەسەند بوو..

یوسف: ئەگەر هاتوو سەری نەگرت ئێمە لە دینەوە فێری ئازایەتی بووین وە هەر بەم ئایینە پیرۆزەش زەلیلیان دەکەین، چونکە کاری ئێمە بۆ خوایە وە خوای گەورە پشت و پەنای لێقەوماوانە بۆیە پێتان دەڵێم بە قسەم بکەن و بە هێمنانە کارەکان ئەنجام بدەن.

سەرخێڵ: چۆن؟

یوسف: برام هێمن بە زۆر ئاسانە ئەو کەسانەی کە بە دوای خراپە دا دەگەڕێن زۆر ترسنۆکن من لەگەڵ ترێ- دا دەچم بۆ پۆلیس لە وێ سکاڵای خۆمان دەکەین، بەڵام ترێ دەبێ پەیمانم بداتێ کە لە قسەی من دەرنەچێت.

ترێ سوێندی بۆ خوارد بە سوێندێکی سەقەت.

یوسف: ئەو سوێندەی کە من لە تۆم دەوێت سوێند خواردنە تەنها بە ناوی خوای پەروەردگار دەستپێبکات تا ئەویش کۆمەکمان بکات.

ترێ زۆر بە شەرمەوە ووتی بە خوای پاك و بێ گەرد سوێند بێ لە قسەت دەرناچم.

یوسف: پاشئەوەی کەلە پۆلیس دەرچووین دێینەوە ماڵەوە بەیەکەوە دەچین بۆ نەخۆشخانەو سەر لەنوێ ناوت تۆمار دەکەینەوە دیاربوو یوسف شارەزا بوو، چونکە خۆی جێگری پزیشك بوو واتە (معاون طبي) بوو بۆیە بەرنامەی هەموو شتەکانی بۆ ترێ داڕشت و ووتی: دەبێ شتێکی ترم بە قسە بکەیت کە لە هەمووی گرنگ تر ە ئەویش ئەوەیە کەمن فێری قورئان خوێندن و نوێژکردنت بکەم، تا بە یادی خوای گەورە هەموو ناڕەحەتییەکانت لە بیر بچێتەوە، چونکە تەنها بە یادی خوا دڵ و دەروون و لاشە و ڕۆح

ئارام دەبێت هەروەك خوای گەورە دە فەرموێت (الا بذكر الله الطمئين قلوب) ئاسایی خۆت دەچێیتەوە دۆخی جاران با ئێستا تۆ بچۆ ئیسراحەت بكات ئێمە ماڵەكەی بۆ چۆڵ دەكەین تا بەیانی با خۆی لە ماڵەوە بێ، من خێزانی كورێكی هاورێم دەنێرم بۆ لای ئێمەش دەچین بۆ لای ئەو هاورێیەم.

هەڵساینە سەر پێ و خوا حافیزیمان لە تۆ كردوو بەرەو ماڵی هاورێكەی یوسف كەوتینە ڕێ كە گەیشتین یوسف لەگەڵ كاك ئەحمەد-ی هاورێی كەوتە قسەو بە جوانی لە خۆی و خێزانەكەی گەیاندو پێشنیاری كرد كە خێزانی كاك ئەحمەد دەستێ جل بۆ تۆ بەرێت.

ئەو شەوە تا درەنگێ هەر لە مشت و مڕ دا بووین وە بەیانی یوسف و تۆ كارەكەیان گەیاندە ئەنجام.

دوای مانگێك هەموو باندەكە گیرا تۆ-ش دوای سێ مانگ لە خەستەخانە چاك بوویەوەو چەند مانگێك زیندانی بۆ دەرچوو، بەڵام چاوەڕێ دەكردو هاتەوە سەر بارو دۆخی جارانی خۆی.

پاشان سەرخێڵ دڵی چوو بە تۆ داو ماڕەی كرد، ئێستا كوڕو كچێكی جوانیان هەیە كوڕەكەیان ناو ناوە توانا وە كچەكەشی ناو ناوە نور ژیانێكی خۆش دەبەنە سەر.

خێزانەكەی یوسفیش لە كوردستانەوە گەیشتە ئەم وڵاتە.

چیرۆکی سیانزەیەم:

سەرەتای تێکەڵ بوونم لەگەڵ پاکستانییەکانو عیشقی لیندا

دوای ئەوەی هاوڕێکانم جێیان هێشتم و هەریەکە بەلای کارو بەڕێوەبردنی ماڵو ژیانی خۆی بوو، منیش بەتەنها لە شوقەکەدا مامەوە ڕۆژانە دەچوومە سەر کارەکەم.

ووڵاتی نەرویج بڕیارێکی دەرکرد کە ئیقامە لە دوو هەزار کوردی عێراقی وەردەگرێتەوە، یەکێك لەوانە بەندە بوو کە بەرئەو بڕیارە کەوتم. بەو هۆکارەشەوە کارەکەم لەدەستدا، سەرەتا ڕێگای کارکردنم هەبوو، بەڵام دەبوو مانگانە بچومایە نوێم بکردایەتەوە ئەو کۆمپانیایەی من کارم بۆ دەکرد ئەوەی قوبوڵ نەکردو کارەکەم لەدەستدا.

کڕێی شوقەکەم زۆر گران بوو بەتەنهاش بووم، ئەو بڕیارەش بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرێك لە کوردەکان ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن و بڕۆن بۆ بەریتانیا. منیش ئەو بیرۆکەیەم لە مێشکدابوو، بەڵام نەمکردبووە بڕیار.

بەیانییەك بەلای مارکێتێکدا ڕۆیشتم نوسرابوو خەڵکمان پێویستە بۆ کار، مەرجی وەرگرتنی کەسەکەش دەبوو بیزانیایە لە کاشێرو داواکردنی کەرەستەی مارکێتەکەو ناوی هەموو کەرەستەکانی بزانیایە بەزمانی نەرویجی و هەندێك کاری تریش.

لەڕاستیدا هیچم نەدەزانی تەنانەت زمانەکەشم باش نەبوو، پێشتر کاری بەقاڵی و کرێکاریم دەکرد، چوومە ناو مارکێتەکەوە کچێك لەسەر کاشێرەکە دانیشتبوو، بەزمانە شەق و شڕەکەی خۆم ووتم: دەمەوێت قسە لەگەڵ بەڕێوبەر بکەم.

کچەکە زۆر بەئەدەبەوە هات و بە پێکەنینەوە بردمییە بەردەمی دەرگایەك لە پشتی مارکێتە، هاواری کرد عاتیف عاتیف. کورێکی گەنجی پاکستانی هاتە دەرەوە، تەوقەمان کردو ووتی: فەرموو؟

بەئاسایی پێم ووت بەدەرگای مارکێتەکەوە ئیعلانێکم بینیوە هاتووم کار بکەم.

عاتیف: لە ئیشی مارکێت دەزانیت، هیچ ئەزمونێکت هەیە؟

ووتم: بێخەمبە هەمووی کاری خۆمە، بەڵام تۆزێك زمانەکەم باش نییە.

عاتیف: نا- زمانەکەشت باشە ئێستا بڕۆ دەست بکە بەکار.

ووتم باشە ئەوکارەش لەنەرویجدا نادرێت بەهەموو کەسێك دەبێت زۆر شارەزا بیتو بتوانیت موشتەری بە ڕێبکات. زۆربەی کوردەکانی ئەو وڵاتە کە خاوەن جنسیەش بوو ئەو کارەیان وەرنەدەگرت، من تەنانەت ئیقامەکەشم لەدەست داوە.

عاتیف هاواری کرد لە کچی سەر دەخیلەکە لیندا، لیندا وەرە ئەم هاوکارە نوێیە بەرە فێری هەندێك شتی بکە.

لیندا: چۆنی باشی، چی دەزانیت لە کاری مارکێت؟

ووتم: زۆر شت، بەڵام لەبیرم چۆتەوە هەندێکیم فێربکە.

لیندا دەستیکرد بە قسەکردن، خۆی لەبنەڕەتدا دایکی نەمسای بوو باوکیشی نەرویجی بوو وای دەزانی من نەرویجییەکەم زۆرباشەو موهیمە وەك نەرویجی مامەڵەی لەگەڵ کردم.

من هەر هیچ تێنەگەیشتم، هەر دەمووت بەڵێ، بەڵێ. بەزمانی نەرویجی هەر دەمووت: یا، یا واتا بەڵێ.

هیچم نەدەزانی کاتی نوێژی نیوەڕۆ بوو، چومە پشتی مارکێتەکە دەستنوێژم گرتو نوێژم کردو هاتمەوە بۆ ناو مارکێتەکە هەر هەڵدەخولام هیچم نەدەزانی.

لە دوای کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ کوردێك خۆی کرد بە مارکێتەکەداو چووە ژورەوە، هاوتەمەنی خۆم بوو جلی گۆڕی و دەستی کرد بەکارو لیندا ڕۆیشت، چوومە لای ووتم: کاکە ناوم خەسرەو-ە من هیچ نازانم ئیقامەشم نییە ئەمڕۆ دەستم کردەوە بەئیش، تکایە هاوکاریم بکە با دەرنەکرێم پێویستیم زۆر بەکارە، وام دانابوو کوردە هاوکاریم دەکات!

ووتی: باشە، هەرچی چووم بەدەوریدا هیچی پێنەوتم فێری هیچی نەکردم، دوایی چوو بووە لای خاوەن کارەکە بەدزییەوە شکاتی لێکردم ووتبووی ئەم کوڕە بۆ لێرە کار دەکات ئیقامەی نییە.

عاتیف: بانگی کردم، ببورە تۆ بەیانی مەیەرەوە بۆ کار. تەلەفونەکەت دابنێ کەی پێویستم پێت بوو بانگدەکەم.

زانیم دەرکرام منیش هیچم نەووت ٤٠٠ کرۆنی دامێ وەرمگرتو هاتمە دەرەوە. لەپشتی مارکێتەکەوە ڕۆشتم تەماشام کرد ٢پیاو کوڕێکیان داوە بەسەر سەیارەیەکەدا لێی

ئەدەن، هەموویان پاکستانی بوون. شەڕی پاکستانیش زۆر ترسناکە لە نەرویج تایفەیان هەیە، بە دەمانچەو سیلاح شەڕ دەکەن. من لەدورەوە چاوم لێبوو زۆریان دا لەو کوڕەی تر بەو دوانە.

منیش ڕامکرد بۆ ناوبژی، بۆ ئەوەی نەهێڵم شەڕ بکەن، هەرچی بە نەرویجی ووتم برا مەکەن برا وامەکەن! بەخوا یەکێکیان یەك شەقی هەڵدا لەمن خوا ڕەحمەی پێکردم لە پیاوەتی نەکەوتم.

زۆر ئازارم پێگەیشت، ئینجا منیش کەوتمە کوتانی ئەو کەسەی کەشەقەکەی تێهەڵدام. من حەقی شەقی خۆم دەکەمەوە نازانم ئەوە کێ بوو کە لێیانی دەخوارد، ئەویش کەمنی بینی باش شەڕدەکەم ئازا بوو. ئەوی تریانی گرتو دەستی کرد بەلێدانی، بەڵام من زۆر داخ لەدڵ بووم شەقێکم بەناحەق خواردبوو، وازم لێندەهێنا، لەوانەیە دەجار پیاما کێشابێ.

تۆزێکی پێچوو سەیارەکی تر هات دوانی تری تێدابوو، نەمدەزانی لە سەر ئێمەن یا دوژمنن، بە کوڕەکەم ووت: ئەمانە فامیلی تۆن؟

ووتی: ئەمانە کیسە گوون (جنێوێکی نەرویجیە) بۆ شەڕ هاتوون.

لەدڵی خۆمدا ووتم باش خۆم تووش کرد، لەهەوڵی ئەوەدا بووم ڕاکەم. ووتم جا من حەقی ئەم هەتیوەم چییە با ڕاکەم. بەخوا یەکێکیان بۆم هات لە ئەمیتا بابا جان دەچوو، زۆر درێژ بوو. چوومە لای کوڕەکەوە ووتم: چەقۆ دار بەرد هیچت پێ نییە؟

ووتی: ئەوە سەیارەکەمە تێیدایە. فریا نەکەوتم دەستیان وەشاند، منیش هەرچۆن بوو دەستم وەشاندەوە و خۆم گەیاندە لای سەیارەکەی. داشبۆردی سەیارەم کردەوە دەمانچەیەکی تێدایە.

لەدڵی خۆمدا ووتم: ئەی بەقوربانی ئەو خوایە بم، ئیشم دەڕوات ٧ ملمێکی زۆرباش و تازە بوو. ئەوەندە جوان بوو خەریك بوو بیبەم بۆ خۆم هەر شەڕنەکەم، بەڵام ئەو کەسەی کە لەئەمیتا باباجان دەچوو وازی لێنە هێنام هەر دەهات، وای دەزانی من باوکیم کوشتووە. میلی دەمانچەم هێنایەوە و ڕوومتێکرد. سوپاس بۆ خوا لاڵ بوو دەمی دەهات بەیەکدا بەپاکستانی هەر تێنەگەیشتم. منیش بەکوردی جنێوم ئەدا بەخوا ئەوانی تر ڕایانکرد و سەیارەکەیان بەجێهێشت.

کوڕە پاکستانییەکە هاتە لام، بە هەردووکامان یەك دوو شەقمان لە درێژەکەدا ئەویش ڕایکرد. دەمانچەکەی لەمن سەندو خستییە ناو سەیارەکەی، تێڵایەکی دەرهێنا لەسەیارەکەی خۆیدا دەستی کرد بە جام شکاندی سەیارەکەی ئەوان. ئاودییەکی زۆر جوان

بوو ئینجا من ئەوم دەگرت.

کراسو شتەکەم هەموو درابوو.

ئەو کوڕە بەمنی ووت سەرکەوە برۆین خۆمان بگۆڕین، سواری سەیارەکەی بووم هەر سوپاسی دەکردم، بەنەرویجی قسەی زۆر دەکرد لێی تێنەگەیشتم. لەبەردەم ڤیلایەکدا وەستا چووینە ژوورەوە، ژنێك و پیاوێکی پیر هاتن بەرەو ڕووماڵ و لەگەڵ ئەودا قسەیان کرد، منیش هەر لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاوم.

دوایی کە تەواو بوون بیریان کەوتەوە منی لێم ناردمیانە حەمامەکەی خۆیان، دەموچاوم شۆرد بەس هەر خوێن دەهات بە ڕومەتمەوە جێگای چڕنوکی ئەوانی تربوو.

کراس و پانتۆڵی خۆی بۆ هێنام لەبەرمکرد تۆزێك گەورە بوو بەس چار نەبوو، ئەوانەی خۆم بەکەڵك نەدەهات لەبەری بکەمەوە.

دانیشتین دوای نانخواردن، عاتیف خاوەن دوکانە خۆی کرد بەژووردا و تەماشای منی دەکردو بە پاکستانی لەگەڵ ئەو کوڕەدا قسەی دەکرد. زانیم ئەو کوڕە ناوی شاهیدە.

عاتیف و شاهید برا بوون، شاهید برا گەورەی بوو خاوەنی مارکێتەکە بوو ٤ مارکێتی تری هەبوو، باوکیان ناوی موشتاق بوو.

من نەمدەزانی چی دەڵێن دوای چەند کاتژمێرێك خواحافیزیم کردنو پاشان ووتم: ئەوە ژمارەی من لای عاتیف هەیە چیتان پێویست بوو من ئامادەم.

کەوام ووت شاهید ووتی: بەیانی وەرە بۆ کار!

ووتم: کام کار؟ ئیشی مارکێت یان شەڕ؟

شاهید دەستیکرد بەپێکەنین و ووتی: تۆ برای منیت، بەیانی وەرە خۆم لەوێم یەکتر دەبینین.

بەیانی کەچووەمەوە مەوقیفم بەهێزبوو ووتم: شاهید من زمان نازانم وەرەقەی کارم هەیە، بەڵام ئیقامەم نییە، واتا من ئیشی سپی دەکەم. ژمارەی بانقیشم هەیە هیچ کێشەم نییە.

شاهید: خۆم فێرت دەکەم هەموو ئیشەکان و لیندا-ش فێری زمانت دەکات، تۆ سەرپەرشتی دوکان بکە.

ماوەی یەك مانگ بەردەوام بووم فێری هەموو شتەکانی ناو دوکانە کە بووم خۆم هەموو ئیشەکانم دەکرد.

ئیتر بەیانیان کاتژمێر ٨ ی بەیانی مارکێتەکەم دەکردەوە و ١١ی شەو دامدەخست.

ئەوەندەم پارە پەیداکرد نەمدەزانی چی لێبکەم، هەمیشە ژێر فەرشی ماڵەکەم پڕبوو

له هەزار کرۆنی. پیاوەتیم لێدەکردو دەمناردەوە، من لەو ولاتەشدا بۆم نەبوو هیچ مولکێکم هەبێت بێجگە کارکردن، بەردەوام بووم لەگەڵ لیندا-دا بەینمان خۆش بوو زۆر هەولمدا لەگەڵیدا ببێتە موسڵمان هیچ نەبوو.

لە یاقوت و مرواری دەچوو ئەوەندە جوان بوو، هەرچی ئافرەتی دنیایە لەبەرچاوم کەوتبوو تەنها لیندا-م دەبینی، قژی ئالتونی بالای بەرزو ناسکو بەفر ئاسا. وەسف ناکرێت بۆم ئەوەندە جوان بوو.

من چەندە ئەوم خۆش دەویست دەمزانی ئەویش هەر ئەوەندە منی خۆش دەویست، هەموجارێك دەیووت تۆ لەچی دەترسی؟

دەموت لەخوا، من ئەمەوێت بتهێنم و شوم پێبکەیت، بەو مەرجەی ببیتە موسڵمان.

ئەو دەیوت باشە، بەس نابمە موسڵمان.

پرسیارم کرد لەزانایان ئایا دەتوانم کچێکی بێدین بێنم، هیچ دینێکی نەبوو.

ماموستا عەبدورەحمان بەرزنجی زانایەکی گەورەیە لە نەرویج ووتی: ناتوانیت کاکە خەسرەو بیهێنیت، یان دەبێت مەسحییەکی پابەند بێت، یاخود ببێتە موسڵمان.

ئەمجارە چووم بە لیندا-م ووت: بۆ نابیتە مەسیحی؟

لیندا: بڕوام پێی نییە، هەر درۆی لەگەڵ نەکردم. منیش نەمتوانی درۆ لەگەڵ خوا بکەم، لەبەر خاتری حەزەکەی خۆم بیهێنم و بڵێم مەسیحییە.

زۆر هەولمدا لەڕووی شەرعەوە شتێکم دەستبکەوێت، هیچم دەستنەکەوت. ناچار هەردوولا وازمان لەیەك هێنا، ئەوەندەی بزانم ئێستا لیندا لە بانکۆکە لە تایلەند لەکۆمپانیەکی نەرویجی کار دەکات.

ئەمە ئەو شیعرەیە کە بۆ لیندا-م نوسیوە.

بەفرێکی چاو سەوز
وەرزی ئەوینم ووشکە
بەلام..
جوانێکی بەستەڵۆکی باکور
ئاو پرژێنی ڕێبواری سازان دەکات
بەچاوانی ڕێگای وون بووم ڕۆشنەکات
لەدەروازەی خەمی منداا...
گۆرانی و ئاواز دەپچڕێ!

لە هەواری بن دەواری وەرزی خەندە...
بەفری چاو سەوز دەبارێنێ
دە وەرە دەی دەستم بگرە...
تا لە شەو رێی رێبوارندا رێگا بگرین
تا لە جوانی ڕووی تۆ...
تەماشای سورەیا و یاقوت و گەوهەکەم
دەوەرە جارێکی تر...
با عەتر بارانی گەردنی مرواریتکەم
تا لەم باکورە...
گوڵ پرژێنی بەفرە پرچ ئاڵەکانتکەم
یان هەناسە ساردی خۆمتکەم
چییە بۆ بێدەنگی لە دانوستانی من؟
چییە بۆ چاوت بڕیوەتە چاوم
وەك ئاوێنە سەیرم دەکەیت
چییە بۆ تاڵی قژی کاڵت
سەری چاوتی گرتووە؟
بە دانیشت لێوت بە خواری دەگەزیت!
بۆ هەناسەی قوڵ هەڵدەکێشیت؟
یان دەتەوێت دڵی پشکۆم بکەیتە ژیلەمۆ
بۆ یاری بەهەستی سوتاوم دەکەیت؟
وەك چەمی خوڕ دەست لە ئاوی دڵم ڕادەگوازیت
دیسان گەمە بە هەستی ناسکی سازان دەکەیت
دەوەرە دەی...
سەرت بنێ بەسینەی بۆن کرۆزی ئەوینی من
لێوت بخەرە سەر سنگی من
سەر و قژت بنێ بە دەمە
با هەڵمی ئەم سەرما و بەفرە...

نـــــــە تـــــــۆ بـــــبـــــەســـــتـــــێ...
نـــە مـــنـــیـــش ســـەرمـــا بـــردەڵـــە بـــکـــات
ئاخ چ بۆن خۆشە بۆنی ئەو قژ و هەناسە گەرمە
ســـــــــ

منداڵ، وە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە دەبێت هەموو کەسێك پیایدا بڕوات.

بـــەو هۆکارەش دەبوو مـــن بەدوای ژندا بەگەڕامایە، چونکـــە خەڵکانێکی وەك ئێمەو مانان ســـوپاس بۆ خودا دوور بووین لە کاری داوێن پیســـی و نەدەچووینە دیســـکۆکان و ژیانیکی ئاســـایی و سادەمان هەبوو، بواڕێکی ئاســـای بوو دەگەڕاین بەدوای دروستکردنی خێزانـــدا. هەرچەنـــدە ئەمە لای هاوڕێ نـــا پابەندەکانمان بە ئیســـلامەوە جێگای گاڵتە پێکردن بوو.

دەیانووت خۆی توش کرد بە ژنەوە.

لێرەوە عیشـــق موراحیقانەیە و باوی نامێنێت و گۆڕانکاری و قۆناغێکی تر، بەڵکو بە ڕووشدێکی تر مرۆڤ دەڕوات، ئەویش دروسکردنی کەسایەتی و بونیادنانی خۆیەتی.

لـــەدوای قســـەکردن لەگەڵ نەوژین بەتەلەفون و گۆڕینـــەوەی بیروڕا، ڕازی بووین کە بیهێنم.

لە کوردستان کەسوکارم نارد بۆ داوای و لێرەش خۆم داوام کرد لە خوشکێکی گەورەی و برایەکی، هەموولایەك ڕازی بوون.

بڕیاردار کە من لە نەرویجەوە بچمە ستۆکۆڵم دانیشم و ژیان دروستبکەم.

چیرۆکی چواردەیەم:

جیابوونەوەی من و نەوژین

بەیەک گەیشتنی من و شەوبۆ

چوومە داوای نەوژین و هەوولایەك ڕازی بوون، وا هەستم دەکرد ژیانم خۆش دەبێت. نەوژین تا بڵێ کچێکی چاکو خاوەن حورمەت و ئەدەب بوو و جوانیش بوو.

ئەو لەوە دەترسا کەمن دڵم پیس بێت. منیش لەوە دەترسام ڕۆشنبیری من قبوڵ نەکات، چەندجار ئەوەمدا بەگوێیدا کە مرۆڤی دڵ پیس نەخۆشی دەرونی هەیە، خۆی پیسە بۆیە دڵیشی پیس بووە.

کاتێك مرۆڤێك پارێزەری حەیاو حورمەت و کەسایەتی خێزانیەتی ئەمە ناکاتە دڵ پیسی، بەڵکو ڕاگرتنی خێزانە. چونکە پیاو هەمیشە پێشنگە بۆ هاوسەرەکەی، ئەگەر پیاوەکە درۆزن بوو یان داوین پیس بوو، یاخود دز بوو یان هەر کارێکی بەد ڕەوشتی تر. ئەوا هاوژینەکەی یان چاوی لێدەکات، یاخود تۆڵەی لێدەکاتەوە یان خێزانێکی سوك دەبن و هەمیشە ئاژاوە لەماڵیاندایە.

نەوژین ئافرەتێکی تابڵێیت ناسك و هەست جوان بوو، بەڵام دنیای ئەو و دنیای من دوو شتی جیاواز بوو. ئەو حەزی دەکرد لەناو خەڵکیدا خۆی بنوێنێت و شانازی بەهاوسەرەکەیەوە بکات، ئەمە لەڕاستیدا بەشێکی باشەی تێدایە زۆر خراپ نییە.

خراپەکە لەوەدا بوو کە دەیویست لەسەر برینی خەڵکی تر یاری بکات، دەیویست خۆی بابدات لای هاوڕێکانی ئەوان خاوەن هاوسەر نەبوون خاوەن دەستگیران نەبوون. چەند جار دەمووت سەما مەکە لەسەر برینی ئەوان کێشە نییە ئەوەی تۆ پێت خۆشە لەمندا دەیکەم، حوورمەتت دەگرم چاوم ناچێتە سەر هیچ ئافرەتێکی تر هەرگیز خیانەتت لێناکەم. لەهەمانکاتدا مەنەتیشت بەسەردا ناکەم بڵێم بۆ تۆی دەکەم. نا - بەڵکو ئەوە ڕەوشتی خۆمە تۆ خێزانم بیت یان نەبیت من هەروا دەبم!

ئەوەی من دەمویست ببێت داپۆشراوی بوو، کەچی ئەو بەدڵ پیسی تێدەگەیشت.

ئەوەی من دەمویست ببێت خواناسی بوو، کەچی ئەو وای دەزانی من کەسێکی داخراو ووشکم!

ئەوەی من دەمویست ئەوە بوو کە ئافرەت بوونی خۆی بپارێزێت و وەك ئافرەتانی شەرقی ڕەفتارِ بکات، چونکە ئێمە ئەوروپی نیین.

بە پێچەوانەوە ئەویش دەیوسیت من کەسێکی خۆی ئاسایی بم، ئەوروپی ڕەفتار بکەم.

جلوبەرگم جلوبەرگێکی نامۆ بێت، تێکەڵاوی هەموو کەس بکەم وە هەروەها.

لەگەڵ ئەوەی زۆر یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام نەمدەویست من درۆی لەگەڵ بکەم، هەستیشم دەکرد من تەلەفزیۆنم نەکڕیوە یاخود سەلاجە تا گرنتی لەگەڵ بێت. بۆیە ڕۆژێك هەردووکمان بەیەکەوە چووینە دەرەوە بۆم باسکرد کە من و تۆ زۆر دوورین لەیەك.

ڕاستە یەکترمان خۆشدەوێت، بەڵام خۆشەویستی و حەز لەیەکترکردن جیاوازە لەگەڵ ڕەحمەتی نێوانمان و گرێدانی خێزان و هاوسەرگیری. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات من لە جەمسەری باکورو تۆش جەمسەرێکی تر بگریت، ئەوا خۆشەویستی دەبێتە ڕقو کینەو بوغز. منیش پیاوێکی توڕەم دەترسم ئازار بخۆیت بەدەستم، پێت چۆنە لەم لوتکەیدا جیابینەوە، یان ئەوەی من دەمەوێت وابێت؟

دیاربوو ئەویش داواکانی منی پێ قبوڵ نەکراو زۆر بەهێمنی و بەئاسایی جیابووینەوە، تەنانەت ئەو ئێوارە کە لەماڵی خوشکەکەی نانمان خوارد هەموو شتێك کۆتایی پێهات.

هەمووڵا دەستیان کردە گریان و ناڕەحەت بوون بە ڕەوشەکە، بەڵام چار نییە خۆشەویستی خێزانی چەند ڕۆژێك نییە، من گەڕامەوە بۆ نەرویج بۆسەر کارەکەم.

کۆتایی بەو ژیانە هات، ئاگام لێبوو خەڵکی زۆر باسی دەکردم. دەیانووت خەسرەو

لەگەڵ کەس ناگونجێت، بەڵام من گوێم بەقسەی کەس نەدا. ئەو ساڵە ئیقامەی ساڵێکم بۆ نوێکرایەوەو سەفەرمکردەوە بۆ کوردستان. گەڕامەوە بینیم شاهید وعاتیف دوکانیان پێداخستن و شاهید ڕایکردووە بۆ بەریتانیا ٥ ملیۆن کرۆنی لە حکومەتی نەرویجی دزیوە.

وازم لەوان هێناو گەڕام بەدوای کاردا دوو برای فارس بە ناوی سەعید و کاوە خاوەنی دووکانی **7eleven** بوون، لای ئەوان دەستم کرد بەکار، لەدوای ساڵێك یەکەمی هەموو ئۆسلۆم بە دەستهێنا بۆ زۆر فرۆشتن، ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن باسی کردم. ١٠ هەزار کرۆنم بەدیاری وەرگرت لە کۆمپانیاکە لەگەڵ بلیتێکی تەیارە بۆ ئیسپانیا و لۆگۆیەکی ئالتونی کۆمپانیاکە کە بای ١٥ هەزار کرۆن بوو.

پاسپۆرتەکەم ٢ مانگی تێدا بوو وویستم بچم نوێی کەمەوە، کەچوومە پۆلیس لێیان وەرگرتمەوە، ووتیان: خۆت ئامادە بکە بۆ ناردنەوە بۆ عێراق، تۆ لەم ولاتەدا هیچ مافێکت نییەو سەدام ڕووخاوەو ولاتی ئێوە ئاسایشە.

منیش ئەوەی بڕوام نەدەکرد ئەوە بوو، چوومەوە بۆ کار سەعید خاوەن کارەکە ووتی: بۆ بێزاری؟

حاڵ و گوزەرانەکەم بۆ باسکرد.

خێرا تەلەفونی کرد بۆ پارێزەرێك باسی کێشەو کێسی منی بۆ کرد، داوای ٦ هەزار کرۆنی کرد بێ ئەوەی من قسە بکەم و پێم بڵێت خستییە سەر ژمارەی بانقی پارێزەرەکەو دوای تەواو بوونی کارەکەشم ١٠ هەزار کرۆنی تری دەوێت.

منیش بە سەعیدم ووت: وامەکە من نانێرنەوە، چونکە ڕاستە ئەوە بڕیارە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت و دڵنیابە ناتوانن بمنێرنەوە.

ئەوەندەی کە سەعید خەمی بوو من هەر خەمم نەبوو، هەموو سەری مانگێك ڕەفزێکم بۆ دەهات. ئەوەی کە پارێزەرەکەم کردی ئەویش هەر ڕەفزم بۆ هاتەوە مەلەفم لەنەرویج بەتەواوی داخرا، هیچ هیوایەك نەما.

هەرچی شتم هەبوو فرۆشتم هیچم نەما، خۆم ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەریتانیا لەوێ داوای پەنابەری بکەم زۆربەی هاوڕێکانم ڕویشتن.

کۆمەڵێك خزمی خۆمان هەبوون مەریوانی لەشارێك بەناوی هاوگەسۆند، پێشتر یەکترمان بینیبوو. ئەوان پەیوەندیان بەمنەوە کردبوو بە هۆکاری پیاوێکی پێنجوێنی

ڕەفیقم منیان دۆزییەوە، ووتیان: ئێمە خزمین منیش زۆرم خۆشدەویستن، یەکجار سەفەرم کردبوو بۆلایان و چووبومە خزمەتی هەموویان، ئەوان بۆ من ماڵە باوان بوون.

داوای کچێکم لێکردبوون، کچەکە منی نەدیبوو منیش کچکەم نەدیبوو، بەڵام لەسەر وەسف و پیاوچاکی باوکی من ڕازی بووم. لەبەرئەوەی خانەوادەکەی کچەکەو خانەوادەی من تیکەڵ بوون پێش لەدایکبوونیشمان باوکی کچکەو باوکی من هەردوکیان بەیەکەوە پێشمەرگە بوون دنیایەك یادگاری و برایەتی لە نێوانیاندا بووە.

بەکچەکەشیان ووتوبوو مەلا خەسرەو دێتە داوات، زۆر وەسفی منیان کردبوو ووتبویان زۆر موسڵمانەو سەیری تەلەفزیۆن ناکات ئەمە ڕیشیەتی و وەك ئوسامە بن لادن وەسفی منیان کردبوو. ئەو کچە فەقیرەیان ترساندبوو وای زانیبوو، مەلا خەسرەو بە جبەو عەمامەوە دەچێتە داوای. هەر نەیبینی بووم یەکسەر ڕەفزێکی موحتەرەمی دابومێ وەك نەرویج. ئەمەی باسی دەکەم پیش ڕێکەوتنم بوو لەگەڵ نەوژیندا.

ووتم: ڕەفزی داوە ئاساییە، بەدوای ژنی تردا گەڕام، دوای ئەوەی کە کۆتایی بەهەموو شتێك هات لەنەرویج بە ئیقامەو بە ژنهێنان و بەفرۆشتی کەلوپەلی ناوماڵ، ئامادەبووم بۆ دەرچوون بۆ بەریتانیا.

تەلەفونم کرد بۆ ئامۆزایەکی ئەو کچە ناوی کاك کاوەیە، بەبنەماڵەی قادرزادە ناسراون.

کاك کاوە: کاکە بەخوا ناهێڵم بڕۆیت. چۆن دەبێت کوڕی عەبدولکەریم لەم وڵاتە بێت و لە ئێمە دوربکەوێتەوە، ووتی دەبێ بێیت بۆ ئەم شارەی ئێمە، دوای زۆر لێکردنم ووتی ئەگەر ڕازی نەبووی ئەو جا بڕۆ.

چووم بۆ هاوگەسۆند شاری ماڵی خزمان، ناسیاو و خزمان هاتن بەدەممەوە شەو دانیشتین کاك عەلی برا گەورەیان ووتی: من دەچم داوای شەوبۆ-ت بۆ دەکەم جارێکی تر.

کاك حسێن فارس ئەویش هەر پێشمەرگەی کۆنی یەکێتییەو هاوڕێی باوکمە ووتی: منیش دێم لەگەڵتا، با خەسرەو نەڕوات و لێرە دامەزرێت.

کاك عەلی ووتی باوکی ئەو کچە (ناوی کاك جەلال بوو)(خوالێی خۆش بێت) جۆرێکە، پیاوێکی ڕەقە لەگەڵ هەموو کەس نەرم و نیان و خولکی نییە. ئەگەر لەبازاڕ تۆی بینی و خولکی گەرم نەبوو ئاسایی وەریگرە، هەرچەندە ڕەفیقی باوکتە.

كاك حسين ووتى: بەخوا من زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام ئەوەتەی هاتومەتە ئەم شارە خولّكی نەكردووم.

ووتم: ئاساییە.

بۆ بەیانی چووینە دەرەوە من و كاك حسێن فارس و كاك عەلی خەلیفە، لەبازاڕ دەگەڕاین، كاك جەلال بەرەو ڕوومان هات.

كاك عەلی: إنشاءالله ئەوە خەزوری موستەقبەلتە!

دوای سڵاو چۆنی و چاكی لە كاك عەلی و لەكاك حسێن، زۆر بە ئاسایی مەرحابای منی كرد. كاك حسێن ووتی: كاك جەلال ئەم كوڕە ناناسیت؟

كاك جەلال: نەوەڵڵا كێیە؟

كاك حسێن فارس: ئەوە كوڕە گەورەی عەبدولكەریمی حەمەی سەعی پێنجوێنییە.

كاك جەلال چاوی پڕبوو لەئاو باوەشی پیا كردم ووتی: تۆ برازای منیت و ئەچینەوە بۆ ماڵی خۆمان، ئەوندە گەرمو گوڕ بوو لەگەڵمدا، ئاگام لێبوو كاك عەلی خەلیفەو كاك حسێن سەریان سوڕما. بەمنی ووت: ڕۆڵە بۆچوویت بۆ جێگای تر ماڵی ئێمە ماڵی خۆتەو دەبێ بێیتەوە بۆ ماڵی ئێمە. ڕووی كردە كاك عەلی ووتی: دەچم بۆ بازاڕ هەندێك شت دەكڕم و تۆ كاك حسێن بێنەوە بۆ ماڵی ئێمە.

كاك عەلی خەلیفە طەڵاقی خوارد ووتی: كاكە جەلال-م (ئامۆزای گەورەیان بوو پێیان دەوت كاكە) تائێستا خولّكی كەسی نەكردووە بەو شێوەیەی تۆ.

كاك حسێن-یش ووتی: با منیش طەڵاق بخۆم كە كاك جەلال خولّكی كەسمانی نەكردەووە، بۆ ئەوەی نەڵێیت بوختانیان بۆ ئەم پیاوە كردو كەچی وانەبوو.

چووم بۆ ماڵی كاك جەلال، من وەك سروشتی خۆم كابۆیەكم لەپێدا بوو لەگەڵ كراسو چاكەتێكدا.

شەبۆ منی نەبینی بوو، لەگەڵ خوشكێكی تری كەوتبونە قسە، خوشكەكەی پێی ووتبوو بۆ شوی پێناكەیت وەڵا مەلا نییە دیسكۆیەو دەستوپەنجەشی زۆرجوانە.

دوای ئەوەی لەگەڵ شەوبۆ قسەم كرد، پرسیاری ئەوەم لێكرد كە چۆنە پرسیاری ڕابردووم لێناكات، وەڵامی دامەوەو ووتی: لەڕابردووت هەرچییەك بوبێتی هیچ پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵكو ئێستاو داهاتووت پەیوەندی بە منەوە هەیە.

ئیتر سوپاس بۆخوا ڕازی بوو.

دوای چەند ڕۆژێك كاك عەلی خەلیفەو كاك حسێن فارس و كاك كاوە چوونە داوای شەوبۆخان. كاك جەلال ووتبووی من نەمزانیوە لێرەیە دەنا خۆم ژنم بۆدەهێنا، ئەگەر كچەكەم رازی بێت ئەوە من لە ئێستاوە ڕازیم. كاك عەلی هەڵسابوو دەستی ماچ بكات لە جیاتی من، كاك جەلال ووتبووی دەستم بۆ ماچ دەكەیت خەسرەو لە من نزیكترە تا لە تۆ، خۆم دەبێت دەستی بۆ ماچ بكەم!!

ئیتر ئەو قسەم هەرگیز لەبیر نەچوەوە تاو ئەو ڕۆژەشی ئەمری خوایكرد، بهاتایەو بڕۆشتایە لەبەری هەڵدەستام. زۆرم خۆشدەویست، بووبووە باوكم لەم وڵاتی غەریبییەدا، ئەگەر باوكیشم بمایە هەر ئەوەندەی كاك جەلال-ی بۆ دەكردم.

شیعر پەخشانێكم نوسی بۆ شەوبۆ ووتم نەكو ئەمجارەش ڕەفزم بداتێ، باش بوو بەو شیعرە پەخشانە هەڵمخڵەتاند.. ئەمەش دەقی قەصیدەی شەونامەیە

شەونامە.....

وا شەو درەنگەو كەچی ڕوخسارێك، بە پەنهانی دەمخەوێنێ
سینەی كەسێك وەك دیلانێ، لاروڵەنجەی ڕۆحم دەگرێ
دڵم شێتانە مەستی لێوی پیاڵەی مەی گێڕێكە، چاومەستێك دەی تروكێنێ
دەم و لێوی نازەنینێك، فەرامۆشی ڕۆح و دڵ و گریانی ناو بێشكەی دایكی عشقان دەگرێنێ.
پەنجەم ماندووی گوشینە، هەروەك گاڵۆكی پیران قرچەی پیری لێ دێ
كەچی ئەو هێشتا پێكەنینی مردنی خۆی بۆ جوانی من دەلەنگێنێ
لێوی سور بووی بە خوێنی من دەبزوێنێ.
من گەڵای تەمەنم گەرچی سەوزە بەڵام كرمەڕێزە هەڵدەوەرێ
ڕوباری خەم، عشقی تازە دەشواتەوەو نامەی خۆشەوستی خۆی دێنێ
گڵی ژێر پێم كەڕوو گرتووە، بۆنی ساردی لێ دێ
كەچی تاسەی ماچ و هەوا سەرمەندی كوێستانی بۆ دێ
كەحێلەی ئەسپی ئەوین وەك باڵدارێك، پەیامی سەرزەنشتی بێ وەفای لێ دێ
نە ووشەی جوان..... نەوەفا.... نە دڵ..... نە تامەزرۆ.... نەگوڵ ناپشكوێ
بۆ هەوێنی ئەم شعرەم خومرەی زۆر دەوێت و هەر نامەێێ
خۆشم نازانم گەرچی شوێنەكەشم گەرمە كەچی شڵقەشڵقی بۆگەنی لێ دێ
سەردەمێكە ئاوازی خۆم... بەكەمانی گریانی دەنگ

به چیلکەی تاری فرمێسك.... به دەفی ڕوومەت... به گیتاری قژ
سەمفۆنیای گریانی هەتا هەتایی لێدەباڕێ
وەرزی بەهاری من خەزانە لەوساتەدا لە جیاتی گوڵ بپشکوێنێ
چۆن خۆشەویستان پەڕەی گوڵ بۆ تامەزرۆی بەیەکگیشتنی ئەوینەکەیان هەڵدەوەرێنێ
چرکەی کاتژمێری هەناسەی من لەسەر هەسارەی بلۆتۆیە بەدەیان ساڵ
ئاهو حەسرەتی خۆی وەك دووکەڵی سیگاری دەمی جوتیارێك بەبای دەکاو دەیفرێنێ
ئەی ئەوکەسەی نە بۆ جارێك، نە بۆ ڕۆژێك، نەبۆ مانگێك، نە بۆ ساڵێك.
نە بۆ ماچێك ئاسمانی من تریشقەی خۆشەویستی لێ بێنێ
گەرچی شیعرم وەك باڵدارێك دەچێتە لای جوانێك هەروەك قیبلەیەك
سوجدەی هەوێنی شیعری لێ دێنێ
من هەوێنی شنەی شیعرم وەك گوڵەشەوبۆ چۆن شەونمێك شەوانە تەڕی دەکات
ئاوا سەر لەنوێ بۆنی گۆڵەژاڵەی لێ دێ.
تا ئارامی هەموو جوانان بە سەر گوڵاڵەی سوری خۆشەوستاندا بباڕێنێ
چرۆی دەم بەپێکەنینم بۆ شەیدایەك پێ بکەنێ.
کۆتایی هاتوو شەوبۆ بووە خێزانم، هەر ئەویش نازناوی ماکوان-ی پێ جوان بوو منیش ئەوم ناونا بە باران..
لەمزگەوتی بەدیوع و زەمان لە ئۆسلۆ لای کرمانجەکانی باکور مارەمکرد، مارەییەکەی قورئانێك بوو، هەرچەندە ئەو پاسپۆرتی سیاسی هەبوو، بەڵام هیچ سوودی نەبوو دیسان نامەم بۆ هاتەوە ووتیان خۆت ئامادەبکە ئەتنێرینەوە بۆ کوردستان.
پێشتریش بە شەوبۆ-م ووتبو من هیچم نییە، ئەگەر منیان نارد بۆ جەهەنم دێیت لەگەڵم؟
ئەویش وەعدی دا کەدێت لەگەڵم.

ئەوەی کە هەرگیز بە تەمای نەبووم

خێزانم پێکهێنا سوپاس بۆ خوا ژیانمان زۆرخۆش بوو. ئەگەر بڵێم هەر هیچ کێشەیەکمان نەبووە ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەموو ماڵێك هەر دەنگ بەرزکردنەوە ڕووئەدات تێیدا، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە ڕێزو ئیحترام دەرنەچووە. ئەمەش دوو هۆکارە:

هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ خێزانم، چونکە هەرکات من تورە بوبێتم ئەوە بێدەنگ بووە و زانیویەتی لەکوێدا بێدەنگ دەبێت، بەدڵنیایەوە منیش ڕێزی تورەبوونی ئەوم گرتووە.

شەوبۆ هەرگیز هەوڵی نەداوە دژی من کار بکات یاخود قسەبکات، هەرگیز لە پاشملە و لای کەس باسی خراپەی منی نەکردووە. بۆیە منیش لە بەرچاوم نەکەوتووە هەر خوشم وویستوە. ئەوەی منیش حەزم لێبوبێت ئەو بۆی ئامادەکردووم. بەڕاستی توانیویەتی ژنێکی زۆرباش بێت و دایکێکی باش بێت.

ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە زیاتر حەزمانکردووە ژیانمان بەردەوامی هەبێت.

هۆکارێکی تریش کە من بیرم لێکردۆتەوە ئەوەیە من ئیتر تەمەنم ٣٩ ساڵەو بەرەو کامڵ بوونی تەمەن دەڕۆم، تازە تەمەن بەشی ئەوەی تێدا نەماوە بەدوای کاری بێمەعناو شتی خراپەوە بم، ئایینەکەشم ڕێگەم نادات چونکە مرۆڤ هەر هەڵەیەك بکات لە تەمەنی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی کات و زەمەنێکی لەبەردەستدایە خۆی هەڵبستێنیتەوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵی هەڵەی کرد بەدەرنگ کەسەیاتی خۆی بۆ دروست دەکرێتەوە، خۆ تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٠ ساڵی بەڕاستی زۆر ئاستەمە هەستانەوەی کەسایەتی مرۆڤ.

جا ئەم ڕووشدەو پێگەیشتنە لە ڕووی ئەقڵ و کەسایەتییەوە زیاتر هانت ئەدات بۆ ئەوەی پابەندبیت بە خێزانەوەو هەمیشە تەندروست بیربکەیتەوە.

ساڵی یەکەمی ژیانمان هیچ ئیقامەم نەبوو، بەڵام بەردەوام مافی کارکردنم هەبوو.

ساڵی دووەم ئیقامە و وەرقەی کاریشم لێوەرگیرایەوە. هەموو سەری مانگێك نامەیەکم بۆ دەهات لە دەوڵەتی نەرویجیەوە دەیانووت خۆت ئامادەبکە بۆگەڕانەوە، ئەگەر خۆت بێیتە لامان پارەی بلیتەکەت بۆ ئەدەین و بەلاشە، تەنانەت چەندجار نەخۆش کەوتم

چوومە خستەخانە هیچ ناوێکم نەبوو ناچار هەروا دەهاتمەوە دەرەوە بێ ئەوەی چارەسەر وەربگرم. نەمدەتوانی هیچ خانوێەك بەکرێ بگرم، چونکە ناوم نەمابوو لە فەرمانگەی تۆمار (ڕجستێر). یەك چارەم هەبوو دەیانوت دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو شارەی کە یەکەمجار لێی بووی.

خۆ ئەگەر بشمردمایە نەدەچوومەوە بۆ ئەو شارە، چونکە زۆر ناخۆشبوو.

سوپاس بۆ خوا من هەر ژیانم باش بوو پارەم هەبوو هەرگیز کەمو کورتیم بەخۆمەوە نەبینی، ڕۆژێکیش لە ڕۆژان نەچوومەتە سۆسیالی نەرویجی داوای پارەیان لێبکەم. یەکەم جار کە مالّیان دامێ یەکجار وەرمگرت نوسرابوو فەقیرانەیە، ئیتر ئەوەندەم خەفەت خوارد هەر ئەومانگە وەرمگرت یەکسەر چووم بۆ کارکردن.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ بوو خۆم و خێزانم بڕیارماندا بڕۆین بۆ وڵاتێکی تر، لەو وڵاتانەی هەڵمان بژارد مالیزیاو سعودیەو سودان و کەندا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بۆ ئەم مەبەستە چووین بۆ مالّی خـەزوورم قسەو باسی لەسەر بکەین. لەگەڵ خەزوورم قسەم کرد بەڕەحمەت بێ، دیاربوو زۆری پێناخۆش بوو، بەڵام ووتی: کە ژیانی ئێوەیە و خۆتان باشتر دەزانن بڕیار بدەن بۆ ژیانتان.

خێزانیشم داوای نوێ کردنەوەی پاسپۆرتە سیاسیەکەی کردبوو، کەچی پێیان وتبوو تۆ فەڵەستنیت بۆت نوێ ناکەینەوە. ئەویش توشی کێشە بوو، بەهۆکاری هەڵەی خۆیانەوە تا پەیوەندی کردەوەو مەلەفەکەیان تەماشاکردەوە زۆری پێچوو.

لەمالّی خەزورم هاتینەوە خێزانم دەستوپەنجەی زۆر موهیمە بۆ شفتە، داوام لێکرد شفتە دروستبکات بە تەڕەتیزەوە بیخۆین. تەڕەتیزەم کردبوو لە حەوشەی مالّی خۆماندا.

کە گەیشتینە مالّەوە خێزانم سندقی پۆستەکەمانی کردەوە نامەیەکی تێدابوو لە فەرمانگەی هیجرەوە هاتبوو.

ووتم: ئەها ڕەفزێکی دیکەم بۆ هاتووە، شەوبۆ جارێ مەیکەرەوە با نانەکەم بۆ بۆ خورێت.

شەوبۆ بەقسەی نەکردم خەریکی کردنەوەی بوو، منیش بەجێم هیشتوو چوومە لای تەڕەتیزەکە خەریك بوو دەمڕنی. ئەوەندەم زانی قیژاندی، وامزانی مار پێوەیدا.

ووتم: ئەوە چییە؟

شەوبۆ: مژدەم بەرێ بوویتە خاوەنی ڕەگەزنامەی نەرویجی، جنسیەت وەرگرت!

وامزانی پێم ڕادەبوری، ئەگەر وەرەقەی کارکردنی بوتایە ڕێی تێدەچوو، من چاوەڕێی ئەوەم وەرەقەی ئیشم بدەنەوە بڕوام نەبوو ئیقامەش وەربگرم، ئێستا دەڵێت جنسیە،

زۆر دووره لەڕاستیەوە.

ووتم: ڕادەبوێری؟

شەوبۆ: خۆت بیخوێنەرەوە.

که خوێندمەوە نوسرابوو نەرویج پیرۆزبایت لێدەکات بوویتە خاوەنی ڕەگەزنامەی نەرویجی، هەموو مەلەف و دۆسیەشت لای ئێمە ئاشکرایە سەرەڕای ئەوەش ڕەزامەندیمان دەربڕی بۆت.

بە شەوبۆ-م ووت: ئەری زللەیەك چڕنوقێك شتێکم پیا بکێشە بزانم خەو نییە.

که زانیم ڕاستە سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا، بوومە خاوەن ڕەگەزنامەی نەرویجی، خەڵکی ٢٥٠٠ کرۆنی ئەدا تا ڕەگەزنامەکەی بدەنێ من ئەوەشم نەداوە. نەرویجییەکان ئاهەنگێکشیان بۆ کردم، بەڵام نەچووم دەستم کردەوە بە ئیشوکاری خۆم.

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ وە بەڕاستی ژیانم زۆر فەرقی کرد، لەڕووی زانستی و لەڕووی کەسایەتی و.. هتد

بەتەواوەتی دامەزرام لەم وولاتەدا سوپاس بۆ خوا بوومە خاوەنی ئەوەی که دەمویست، لە ژن لە منداڵ لە خانوو لەسەیارە لە پارە لە دوکان و بزنس و کارکردن، ئینجا بیرم لە خوێندن کردەوە.

سوپاس بۆ خوا هیچ کێشەیەکم نەمابوو.

بەردەوام بووم لە کاروچالاکی لە مزگەوتەکانو ئاشنا بووم بە تۆڕی کۆمەڵایەتی پالتۆکو ئەوەی زیاتر منی بردە پێشەوە جەنابی مامۆستا کرێکار بوو.

هەرچەندە لەم دواییانەدا تۆزێك دڵم شکا لەهەندێك کەسی دەوروبەری، بەڵام هەرگیز فەزڵی مامۆستا کرێکار-م لەبیر ناچێتەوە.

بەڕاستی داندەنێم بەوەی کەلە لایەن جەنابییەوە شت فێربووم، بەڵام هەرگیز وەك مامۆستام نەبووەو منیش وەك قوتابی. بەڵکو ئەو باوك ئاسا لەگەڵ منداِ هەمیشە مامەڵەی کردووە، هانی داوم بۆ کاری باشە و بۆ چالاکی زیاتر، هەر شتێکم پێویست بووبێت لەسەرچاوە، خێرا بۆی ئامادەکردووم.

ئینجا کەوتمە سەفەرکردن ئەوەی حەزم لێدەکرد لە وڵاتان چووم گەڕام، هەمووی فەزڵی خوای پەروەردگار بوو بەسەرمەوە. بە بیرما هات بەرەو ئەڵمانیا بڕۆم بۆ لای هاوڕێ و ئەوانەی دەمناسین.

بلیتم بڕی و چوومەوە بۆ شوێنەکانی که پێشتر یادگاریم تێیدا هەبووە لە ئەڵمانیا. لە سەفەرەکەمدا لە بایەروتەوە دەڕۆشتم بۆ نۆرمبێرگ بە شەمەندەفەر لە ئەڵمانیا

چەند ڕۆژێك لای کوڕێکی خاڵۆزای باپیرم مامەوە، میوانی ئەو بووم دوایی بەرەو هاله و ڤوبەتاڵ کەوتمە ڕێ بە فۆغن تکت.

ناو شەمەندەفەرەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، منیش تەلەفونم دەکرد لەگەڵ خێزانم و باسی ئەڵمانیام بۆ دەکرد کە حاڵو وەزعم چۆنە ئەم چەند ڕۆژەی کە لەوێم.

لە پڕ کەسێك هاتە تەنیشتمەوە بێدەنگ بوو تا تەلەفونەکەم تەواو کرد گوێی لە دەنگم بوو.

ووتی: تۆ ئەو ماکوانە جینایەت کارە پیاوکوژەکە نیت کە لە پاڵتاك قسە دەکەیت لە ژوورەکان؟

منیش بە سەرسامییەوە وتم: خۆیەتی ئەو ماکوان-ەیە، بەڵام بەخوا تا ئێستا پیاوم نەکوشتووە، بەس بریندارم کردووە جینایەتیشم نەکردووە، ئەی جەنابتان کێن؟

ووتی: من لە ژورەکان گوێت لێدەگرم ئاگام لێیە کە قسەدەکەیت.

ووتم: باشە تۆ چۆن بە من دەڵێیت پیاوکوژ؟ کێم کوشتووە؟ بەڵگەت پێیە؟

چاوم چەخماخەی ئەدا و حەزم لە شەڕ بوو لەگەڵیدا دانم بە خۆمدا گرتبوو، چونکە ناو قیتار بوو زۆر ڕقم هەڵسابوو.

ووتی: منت کوشتووە!

ووتم: دەستم خۆش بێت، ئەی ئەوە نییە هەناسە ئەدەیت.

ووتی: ماکوان بە هۆکاری تۆ ماڵ و منداڵم لێجیابوونەتەوە! من تەمەنم ٥٣ ساڵە ئێستا خێزانم تووڕەیە جیابۆتەوە ئەویش ئەیەوێت بمکات بە ئاخوند، ئەوەندە گوێی لە تۆو جەماعەتەکەت گرتووە.

هەستمکرد بە بریندارێ قسە دەکات، منیش لەبەر تەمەنەکەی هێمن بوومەوە، بەڵام هەر تووڕەیی لە دڵمدا بوو.

ووتم: کاکە ئێوەی کوردی ڕۆژهەڵات زۆربەتان بێدینن و خوا هەر ناناسن، ئیسلامەتی لە چاوی کۆماری ئیسلامییەوە تەماشا دەکەن. باشە چۆن منت ناسی؟

ووتی: هەمڕاکەت- بە دەستەوە بوو گوێم لە دەنگت بوو ناسیمیتەوە کە ئەوی.

هەڵسا ڕۆیشت و ووتی: ئێوەی موسڵمان هەر پیاوکوژو جینایەت کارن مالّی منت وێرانکرد، ئەگەر کورد نەبویتایە ئێستا شکاتم لێدەکردی ئەموت ئەمە پیاوی ئوسامە بن لادنە.

ئەوەندەی تر توڕە بووم، بەڵام کە هەڵسا ڕۆیشت ئیتر ئیهمالم کرد. بەس پێم ووت: بە خوا ژنەکەت باشی ناسیوی کە زانیویەتی پیاونیت بۆیە لات دانەنیشتووە! ئەوەندەی

تر بریندارم کرد.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕۆیشت.

ئەو دڵەم خەریکبوو ئەتەقی، هەڵسام ڕۆشتم بۆ تەوالێت.

تەماشام کرد دوو کورسی لە دوای خۆمەوەیە، مۆڕەیەکم لێکرد ئەو هەر حسابیشی بۆ نەکردم. کە گەڕامەوە تەماشایەکی کردم، کورسیەکەیم بەجێهێشت، بەڵام لای ئەو مەجالی دانیشت نەبوو. گەڕامەوە بە دوادا بۆ لای و ووتم: ئەوە بۆ نایەیتە لای من هەندێك قسەبکەین.

ووتی: لایبە باوە دەبێت بەشەڕمان.

ووتم: تۆ وەرە من شەڕ ناکەم.

هەڵمساند چووم دوو قاوەم هێناو دامنا و دەستمان کرد بە خواردنەوەی قاوەکان، ووتم ئادەی بۆم باسکە بۆچی ڕقت لەمنە، من چیم کردووە خێزانت بۆ تۆی بەجێهێشتووە؟

چیرۆکی پانزەیەم:

من و کاکە عەبە و بەهرۆز-ی کۆمەنیست و مەهنازخان

لەگەڵ ئەو کەســـە ئێرانییەیدا کەوتینە قاوە خواردنەوەو گفتوگۆ، بەڵام پێش ئەوەی قسەبکەین لێم پرسی ناوت چیە؟

وتی: ناوم عەبدوڵڵایە ناســـراوم بە عەبدوڵڵا غەمگینی، خەڵکی شـــاری سنەم، خەڵکی بە کاکە عەبە بانگم دەکەن.

ووتم: دەی کاك عەبدوڵڵا فەرموو باسەکەم بۆ بکە.

کاکە عەبە: شەوێکیان باسی تەڵاق و ئافرەتان بوو لە ژورێك لە ژورەکان، باسی ئەوەت کرد کە پیاو تەڵاقی بەدەســـتە، بەڵام ئافرەتیش شتێکی بەدەستە کە لە تەڵاقی پیاو زۆر بەهێزترە. ناوەکەم لە بیر نەماوە چی بوو.

ووتم: خولع-م وتوە حەتمەن؟

کاکە عەبە: ئا ئا خۆیەسی، ئیتر لەو شەوەوە ژنەکەم گۆڕا.

ووتم: بۆ گۆڕا چی بوو؟ تەنها لەســـەر ئەوەی وتم ئافرەتیش خولع-ی بەدەســـتە، خۆ ئافرەت لە ئەوروپا لە پیاو بەهێزترە هەرچییەك بڵێت گوێ بۆ ئەو دەگرن.

کاکە عەبە: نا- تۆ ئەو شەوە وتت ئافرەتی موسڵمان نابێت لای پیاوی کافر و بێدین دابنیشـــێت ئەگەر ئافرەتەکە دینداربێت. هەروەهـــا ئاماژەت بەوەدا کە هەرکات پیاوە کە دەچێتە لای وەك زینا وایە، باســـی ئەوەت کرد، ئاخر چۆن ژنێکی دیندارو خواناس لای

پیاوێکی بێدین دادەنیشیت.

لەسەر تۆ من و خێزانم بوو بەشەڕمان.

ئیتر لەو شــەوەوە ئەو ژنەم شــەڕی بە من فرۆشــت هەتا جیابوینەوە. کاکە پێشتر وانەبوین، هەمووی خەتای تۆ بوو، نازانم ئەو شەوە سیحرت لێکرد یان نوشتە؟

ووتم: باشە کاك عەبدوڵڵا تۆ بڕوات بە خوا و دینداری نەبوو؟

کاکە عەبــە: بەڕێ وەڵڵا، بەڵام جەمەعاتی ئێرانییەکان ئەوەندەیان وت دین وانییەو هیچ نییەو ئیتر منیش وتم لەوانەیە ڕاستبکەن، وتم: دینم نییە.

ووتم: لای ژن و ماڵو منداڵەکەت ئەم قسانەت دەکرد؟

کاکە عەبە: ئەڕێوەڵڵا کە نوێژی دەکرد گاڵتەم پێدەکرد، ئەمووت ئێمە لە ئەوروپاین ئیتر واز لەم کۆنە پەرستییە بهێنە.

ووتم: ئەی باشــە ئێوە باســی مافی مرۆڤ و ئافرەت و ئەو شــتانە ناکەن، ئەی چۆن گاڵتەت پێدەکرد، ئەی کوا مافی ژنەکەت؟

کاکــە عەبــە: ئاخر دەمــووت با وازبهنێت، ئــەو برادەرانەی خــۆم دەهاتن گەڵتەیان پێدەکردم.

ووتم: ئەو برادەرانەی خۆت کێ بوون، هەر لە گروپ و جەماعەتەکەی خۆتان بوون، چەپ بوون؟

کاکە عەبە: ئەڕێ.

ووتم: تۆ بڕوات بە دینی ئیسلام نییە وایە؟ خێزانیشت ئافرەتێکی موسڵمانە وایە؟

کاکە عەبە: وەڵڵا بێژم چی!

ووتم: ئەوەی کە خۆت بڕوات پێیەتی ئەوە بڵێ؟

کاکە عەبە: ســەری دنیام لێشــێواوە، ئاخر بەم تەمەنەوە من هی ئەوەم ماڵو منداڵ بە جێم بهێڵن؟

ووتم: ئاخر خۆت لە ئاستی ئەوەدا نەبووی کە ماڵو منداڵ لات دابنیشن، بەناوی ئازادی و قسەی بێمانای چەپانە خۆتەوە خۆت وانیشانداوە. هەموویانت ئیزعاج کردووە، هەرلە داخــی ئەوە ڕۆیشــتوون، چونکە ئافرەت ئەگەر پیاوەکــەی ئیزعاجی نەکات کەم ئافرەت هەیە حەزی بەجیابوونەوە بێت، ئێ قسەکەی منیش تەواوە بڕۆ بەدوای ئافرەتێکی تردا بگــەڕێ بــا وەك خۆت کافرو بێ دیــن و مولحید بێت، بۆ ئەم ئافرەتە موســڵمانەش بە

خۆتەوە ئەبەستیتەوە ئەویش والێدەکەیت وەك تۆ بێت، یاخوا دەستی خێزانت خۆشبێت کارێکی زۆر مەردانەی کردووە.

کاکە عەبە: توخوا ماکوان وازم لێبهێنە تۆش مەخسرەم دەکەیت؟

ووتم: نا- بەڵام من هەستەدەکەم تۆ بۆ خۆت پیاوێکی باشیت و هەر نازانی چەپ و ئەم قسە بێ واتایانە واتای چی، ئێوە هەندێکتان وەك ئەبولەهەبی مامی پێغەمبەرن (ﷺ). هەر لە خۆتانەوە دوای قەرەبالغی کەوتوون، شۆڕن برازاکەی خۆی نەکەوت، تا خوای گەورە ڕسوای کردنو ماڵو منداڵی لێی جیابوویەوە، دوایی تووشی نەخۆشییەکی پێست بوو، بە داریکەوە بەستیانەوە تا گیانی دەرچوو لە تەنیشت خۆیەوە چاڵێکیان بۆ هەڵکەند تا مرد دوایی بە داریکی درێژ هەر بە جلەکانی بەریەوە فڕێیاندایە ناو چاڵەکە، ئێ تۆش وەك ئەو وایت، هیچ نازانیت و هەر لەخۆتەوە شۆڕن قسەی بێ مەنای خەڵکی ڕۆژهەڵات کەوتووی هەڵەبەت چەپەکانیان و ئەوانەی کە کۆمەنیزم و تودەیەکانن. ئادەی پێم بڵێ چەند کتێبت لەسەر ئەدەبیاتی چەپ خوێندۆتەوە؟ یان چەپ دەزانی مانای چییە؟ چەند کتێبت لەسەر ماددی و جەدەلێتی ماتریالزمی خوێندۆتەوە؟

کاکە عەبە: وەڵاڵا هیچ، هەر جگەرە دەکێشم.

ووتم: دەزانم ئاگام لێتە هەموو ژیانت دراوە بەسەریەکدا بەشتی تەزویر، خۆشت قەناعەتت پێی نییە.

کاکە عەبە: ئاخر هەندێك کەس لە پاڵتاکدا قسەدەکەن ئەڵێن دین ڕاست نییە، منیش گوێیان زۆر بۆ دەگرم.

ووتم: کێن ئەم قارەمانانە؟

کاکە عەبە: عوسمانی مەلاو مەریوان هەڵەبجەیی و گەرمیانی و هەندێکی تری وت.

ووتم: بەخوای ئەرزو ئاسمان بە هەموویان نیو پیاوی تەواویان تێدا نابێت، من هەندێکیان دەناسم بە تایبەت ئەوەی کە خەڵکی لای ئێوەیە. ئەوە ماڵوێرانترین کەسەو ئەوەی لای ئێمەش درۆزنترین کەسە هەردووکیان یەك لەیەك بێ ڕەوشترن. هەر دووکیشیان لە نەرویجن لەو وڵاتەی کەمن لێی دەژیم.

کاکە عەبە: لایبە باوە باسی کەس ناکەین.

ووتم: باشە من لە ئەڵمانیام کێشەکەش لەسەر من دروست بووە، باشە من چیم پێدەکرێت بۆت بکەم تا یەك هەفتەی تریش لە ئەڵمانیا دەبم، بەڵام بە مەرجێ تۆش

به قسەی من بکەیت؟

کاکە عەبە: باوە لایوە تۆ تازە هیچت پێناکرێت.

ووتم: ئێ خوا مالّت ئاوا کات تۆ لەوساوە یەخەی منت گرتووە دەڵێیت لەسەر قسەی من بووە، یان تۆ شــەڕ بە من دەفرۆشــی، ئەگەر لەسەر قسەی من بووە ئێ حەتمەن من شتێکم هەر پێدەکرێت، ئەگەر وایش نییە کاکە بۆ شەڕم پێدەفرۆشی.

لە پڕ تەلەفونەکەی من لێیدا، ئەو ڕەفیقەم بوو کە دەچووم بۆ مالّیان.

کاك مەلا محەمەد: ئەرێ کاکە لە کوێیت من چاوەڕێی تۆم بۆ نەگەیشتی دەبوو ئێستا بگەیشتیتایە؟

ووتم: وەلاّ بەڕێوەین.

مەلا محەمەد: کاکە ئەوە نیو سەعات لە کاتەکەی خۆشی لایداوە؟

لە کاك عەبدوڵڵاّم پرسی ئەزانی من شارەکەی خۆمم هەڵە کردووە.

کاك عەبدوڵڵاّ تۆزێك سەری هێناو سەری برد تومەس بە دەم قسەوە ئەویش دەمێکە شــارەکەی لێوون بــووە، نەیدەزانی لە کوێین. تەلەفونم کــردەوە بۆ مەلامحەمەدو وتم: قوربــان ئێــوە چاوەڕێی من مەکەن ئێمە وون بووین، تا لە بانۆفێك دەوەســتین و بزانم کوێیەو دوایی قسەدەکەینەوە.

دابەزین کە پرسیارم کرد، دەبوو من سێ سەعات پێشتر شەمەندەفەرەکەم بگۆڕییایە، بەڵام دیار بوو قســەکانمان لەگەڵ کاك عەبدوڵڵاّ ســەری بردبووین و ســەرگەرم بوبوین بە قسەو باسەوە، کە بۆمان ڕوونبوەوە ئێمە لە نزیك کۆڵنین و لەنزیك شارێکی سنوری هۆڵەندایین کە بە نیو سەعات دەچوینە ناو شاری ئارنێمی هۆڵەندا.

ووتم: ئاخر کاك عەبدوڵڵاّ وا من خەڵکی ئەم جێگایە نیم، ئەی تۆ بۆ نەتزانی.

کاکە عەبە: باوە واز لە من بهێنە من هەر شارەزانیم.

من هەندێك هاوڕێ و دۆستی خۆم هەبوو لە ئارنێم ئەوێ نزیکتر بوو بۆ من، وویستم خــوا حافیــزی بکەم لە کاك عەبدوڵــلاّ بڵێم من دەڕۆمە ئارنێم تــۆ تەلەفونێکی خۆتم بدەرێ کە من پەیوەندیت لەگەڵ بگرم.

کاکە عەبە: ماکوان بۆ کوێ بە جێم دێڵی بە خوا پارەم پێنییە و هیچیش نازانم.

کەوای وت زۆر خەفەتم خوارد وتم کاکە عەبە، ئەی چەند ساڵە لەم وولاّتەی؟

کاکە عەبە: هەشت.

لــه دوای ئــەوەی کەچوینە هۆڵەندا لە ئارنێم تەلەفونم کــرد بۆ ئەو هاوڕێیانەم کە لەوێ دەژیان، خێرا هاتن بە دەممانەوە چوینەوە بۆ ماڵی ئەو برایانە، خزمەتێکی باشیان کردیــن ئیتر ئەو شــەوە زیاد لە ١٧ کەس هاتن و هەمــوو بەیەکەوە چوین بۆ مزگەوتی مەغریبییــەکان. پێش ئەوەی بچین وتــم کاکە عەبە ماندووە با هیلاکی دەرچێت بچێت خۆی بشوات، چپاندم بە گوێدا وتم: کاکە عەبە خۆ دەزانی غوسڵ دەرکەیت؟

وتی: ئەرێ...

ووتم: بڕۆ ئاوێکە بەخۆتا، تا دێیتە دەرەوە بەو برایانە دەڵێم قاتێکت بۆ ئامادەبکەن.

کاکە عەبە بێ پێچوپەناو موجادەلە کردن ڕازی بوو خۆی شــۆردو کراسو پانتۆڵێك و لیباســێکی مەغریبییان بۆ هێنا زۆر جوانبوو، پێش خۆمان خست بۆ مزگەوت. نوێژی مەغریبمــان کــردو گەڕاینەوە بۆ چێشــتخانەیەك لەو دەوروبەرە بــێ ئێوە ناخۆش من ساوەری تورکی زۆر حەز لێ دەکەم ئەوانیش دەستیان کرد بە پیتزا خواردن. ٧٠ ئەورۆم پێبــوو بە دزییــەوە کردمە گیرفانی کاکە عەبەو وتم: پارەی دیکەم پێیە بەڵام لەســەر کارتە دوایی پارەی ترت بۆ دەردێنم، هیچی نەوت و هەڵیگرت.

تیرۆپــڕ نانمان خــوارد ئەو برایانە لە هۆڵەندا کــە فەرمودەیەکیان باس دەکرد یان ئایەتێکیان باس دەکرد یان قسەیەکیان دەکرد ڕوویان دەکردە کاك عەبدوڵڵای غەمگینی وایــان دەزانی مــەلای دوانزە عیلمە. کاکە عەبدوڵڵا کەوتە قســەکردن ئەو شــەوە ئیتر شەرەفی دەخواردو قسەی بازاڕی، وەڵڵا جەماعەت تەماشایەکی منیان کردو وتیان: ئەرێ کاکە ئەو پیاوە شرك دەکات؟

ووتم: چۆن؟!

وتیان: ئەوە کە قسەمان بۆ دەکات هەر دەڵێ بە سەری ئێوە، بە چاوی ئێوە.

منیش بەســەرهاتەکەم بۆ چەند برایــەك گێڕایەوە، یەکێکیان زۆر ڕەق بوو ئەی وت کاکــە ئەم کابرایە ســەگە، جائیز نییــە لەگەڵماندا بێت. تا من تــورە بووم لەو برایە و وتم: چۆن شــتی وادەڵێیت ئەوە لەگەڵ منە ئەگەر ئەبو جەهلیش بێت، چۆن حورمەتی مــن دەگرن دەبێت حورمەتی ئەو پیاوەش بگــرن. خوا دەزانێت، بەڵکو ژیانی لەگەڵماندا بگۆڕێت.

بۆ نوێژی عیشــا چوینــەوە بۆ مزگەوت، دوای نوێژ ئەو برایانــە وتیان: کاك ماکوان شتێکمان بۆ باسبکە؟

منیش دەستم پێکرد بە بەسەلەو ستایشی پێغەمبەرو ڕوومکردە کاکە عەبە.

وتم: هەرکەس بە دڵسۆزی دینەکەی خۆی بپارێزێت، ئەوە دوونیای لا بچووکە کاتێك هاوەڵان فێری ئازایەتی و ئیخلاس بوون قەدری خوای گەورەیان دەگرت و دەیانزانی خوا بە ئاسمانەوە لە هەموو شت گەورەترە، ئێمە کە خۆمان بە موسڵمان دەزانین، ڕۆژانە چەندجار «الله اکبر» بە گوێماندا دەدرێت، بەڵام تێناگەین کە خوای گەورە لە هەموو شتێك لەم گەردوونەدا گەورە ترە.

هاوەڵان دوو شت فێربوون بۆیە ئازا بوون بۆیە زوو ئیخلاسیان بۆ دروست بوو، کەوتنە کارکردن بۆ ئەم ئیسلامە. بۆیە خاکی پیرۆزی مەککەو مەدینەیان بە جێهیشت بۆ ئەم ئایینە لە پەنا شاخ و شارو کەناری ڕووبارەکاندا شەهید بوون بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی.

ئەمە نهێنییەکە دەبێت هەموو کەس بیزانێت، نهێنییەکەش بریتییە لە دوو زانست.

یەکەم: خوێندنەوەی کتێبی خوا کە قورئانەکەیەتی و خوای باڵادەست خۆی پێی ناساندوین.

دووەم: خوێندنەوەی دروستکراوەکانییەتی کە گەردوون و مرۆڤ و دروستکراوەکانی دەوروپشتمانە، واتا زانستی (کتاب الله المقروء، کتاب الله المنظور).

ئیتر خوایان ناسی و ئەوانەشی شوێنکەوتوی ئەو هاوەڵانە بوون وەك ئەوان پەروەردە بوون، بێجگە پەروەردگار لە کەس نەدەترسان هەر لەویش داوایان دەکرد، هەموو کاروبارێکی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ لای پەروەردگاریان.

من چۆن بتوانم ئەم وتەیەی خۆمتان بۆ بسەلمێنم؟ وەرن تەماشای ژیانی ئەم هاوەڵەکەن تەنها نمونەیەك دەهێنمەوە کە ژیانی پڕیەتی لە سەروەری و ئازایەتی و دڵسۆزی و خۆساغکردنەوە بۆ ئەم ئایینە ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەیە (ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت).

لە ساڵی ١٩ کۆچی عەبدوڵڵا بە دیلی دەکەوێتە بەردەستی ڕۆم و «هەرقل» پاشای ڕۆم خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەم هاوەڵە بەڕێزەماندا کرد، (ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت).

هەرقل دەبیستێت کە هاوەڵانی محەممەد (ﷺ) هەموو پیاوی ئازاو چاونەترس و خۆڕاگرن، دەیویست تاقیکردنەوە بکات لەسەر چەند دەلیلێك کە بەردەستی کەوتووە

لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەیە. بانگی دەکات و دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا.

سەرەتا پرسیار لە عەبدوڵڵا دەکات و دەڵێت: من دوایەکت لێ دەکەم ئەگەر کردت؛ ئەوا ئازادت دەکەم.

عەبدوڵڵا کوڕی حوزافە دەڵێت: چییە؟

هەرقل دەڵێت: ببە بە نەصرانی و واز لە ئیسلامەکەت بهێنە، ئەگەر واتکرد؛ ئەوا من ئازادت دەکەم و وازت لێ دەهێنم و ڕێزیشت دەگرم.

عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە زۆر بە ئارامی و بە هێمنی دەڵێت: پێم خۆشە هەزارجار بمرم لەوەی کە تۆ بانگی منی بۆ دەکەیت.

هەرقل تووشی یەئس نەبوو، بەڵکو بەردەوامە چونکە ئەیەوێت بڕوای پێبهنێت پێی وت: دەتبینم پیاوێکی خاوەن شەهامەت و کەرامەتیت، ئەوەی کە دوام لێکردی بیکەیت (واتا بوون بە نەصرانی و مەسیحی) ئەوە نیوەی مولکی خۆمت لەگەڵ دەکەم بە دوو بەشەوە لە پۆستەکەشمدا دەتکەمە شەریك واتا دەبیتە پاشا! واتا ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی چی تێیدابێت دەیکات بە دوو بەشەوە لەگەڵ هاوەڵێکی ڕەشوڕوتی پێغەمبەر (ﷺ) پاشان کە دیلەو لە دیلییەوە دەبێت بە پاشای ڕۆما..!

لێرەدا دەبێت عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە چی بکات؟ چونکە دوونیای لای بچوك بوو خوای پەروەردگاری لا گەورە بوو هەموو سەروەت و سامانی هەرقلی لەبەرچاو وەك پوشێك وابوو لە چاو ئیسلامەکەیدا، هەمووی ناگاتە باڵە مێشولەیەکیش.

عەبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە بە زەردەخەنەو پێکەنینو گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت: بێگومان گاڵتەکردن بە هەرقلی ڕۆم هەروا گاڵتە نییە و قسەی هەرقلیش هەروا ئاسان و سانا نییە لەبەردەم هەموو سیناتۆرو ئەندام پەرلەمانەکانیدا ئەم قسەیەی کردووە.

عبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە: سوێند بەخوا هەموو ئەوەی کە تۆ خاوەنداری دەکەیت، ئەوەی عەرەب خاوەنییەتی و ئەوەشی لەسەر زەویدایە بمدەیتێ من واز بهێنم لە دینی محەممەد (ﷺ) یاخود بۆ چاو تروکانێك من پەشیمان نابمەوە لەم ئایینە، یاخود بڵێ پەشیمان بەرەوەو بگەڕێوە بۆ ئیسلام تەنها یەك چاوتروکان ئەو کارە بکە، بەخوای پەروەردگار ئەویشت بۆ ناکەم. سوێند بەخوا ئەمجارەش هەرچی هەیە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بمدەیتێ ئینجا واز لەم ئیسلامە ناهێنم.

هەرقل: ئاخر دەتکوژم!

ئیتر کەوتە ئیرهاب و تۆقاندنی.

عەبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە: چیت لە دەست دێت بیکە.

هەرقل فەرمانیدا کە بە تیر ڕەمی بکەن، لە قاچو دەستییەوە دەست پێ بکەن بۆئەوەی ئازاری زۆری پێبگات، فەرمانیدا بەوانەی کە شارەزابوون واتا قەنصەکانی ڕومان، وتیشی مردنم ناوێت دەبێت بە زیندووی بمێنێتەوە. تەنها بۆئەوەی ئیخلاس کەم بکاتەوەو پەشیمانی بکاتەوە لەئیسلام و بیکاتە نەصرانی، بەڕاست و چەپیدا تیریان دەهاویشت و هەندێکی بە نەرمی بەرقاچ و دەستی دەکەوت، هەموو جارێکیش هەرقل پێی دەیووت پەشیمان نەبیتەوە دەتکوژم. ئەویش بەردەوام دەیفەرموو: چی دەکەی بیکە، من واز لە دینی خۆم ناهێنم.

هەرقل بەرەو شتێکی خراپتر ڕۆشت کە تۆقاندو ئیرهابێکی زۆر گەورە بوو فەرمانیدا کە لە مەنجەڵی گەورەدا تا دەتوانن زەیت و ڕۆن گەرم بکەن تا بەتەواوەی دەقرچێت، ئینجا موسڵمانێکی دیلی تریان هێنا خستیانە ناوی، کە دەریان هێنایەوە تەنها ئیسقانەکانی مابوو، هەموو گۆشتەکەی تووابوەوە و سووتا بوو، ئەم کارە تۆقاندنو ئیراهابییەش لەبەرچاوی عەبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە (ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت) دەیانکرد.

دیسانەوە سەرلە نوێ هەرقل داوای کردەوە لە عەبدوڵڵا کە ببێتە نەصرانی، ئینجا لە جاران زیاتر ڕەفزی دەکردو ڕەتی کردەوە، ئیتر هەرقل ئارامی لێبڕاو فەرمانیدا بیخەنە ناو ڕۆن و زەیتەکەوە، لەو کاتەدا عەبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت، چاوەکانی پڕ بوو لە گریان. هەرقل لە خۆشیاندا گەڕایەوە وتی داخۆ چی بێت؟ وا دەستی کردووە بە گریان.

هەرقل: کاریگەریمان هەبوو لەسەری پەشیمان دەبێتەوە لە دیینەکەی، وایپەی برد هەرقل کە گوایە لە مردن دەترسێت، بۆیە گریاوە.

وتی: بۆم بهێنن بزانم بۆچی گریاوە، دیسانەوە وتی ببە بە نەصرانی، ئەویش بەوپەڕی ئازایەتییەوە لە جاران زیاتر ڕەتیکردەوە. ئەوەندەی تر هەرقل تووڕەبوو بە تووڕەییەوە وتی: ئەی بۆچی دەگری چی تۆی گریاند؟

عەبدوڵڵا-ی کوڕی حوزافە: ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت، ئاواتە خوازم بەوەی کەچەند ڕۆحێکم هەبوایە لە پێناوی خودا بمبەخشیایە بۆ ئەوە دەگریم، بەڵام کەداخ دەخۆم بۆئەوەی کە یەکجار دەمرم. حەزم دەکر لە ڕێگای خوای گەورە و ئەم دیینە

چەندجار گیانی خۆمم پێشکەش بەم ئایینەی محەممەد بکردایە!

هەرقل توشی مەئیوسی بوو داوایەکی زۆر عەجیبی لێدەکات.

ووتی بە عەبدوڵڵا: داوات لێدەکەم بەس وەرە ناو چاوم ماچ بکە ئەوا ئازاد دەکەم.

ئینجا عەبدوڵڵا ووتی: من مەرجم هەیە ماچی دەکەم، بەڵام دەبێت هەرچی دیلی موسڵمانە ئازادی بکەیت، پەیمانم دەدەیتێ؟

هەرقل: پەیمان بێت کە ناوچاوم ماچ بکەیت خۆت و هەموو دیلە موسڵمانەکان ئازاد بکەم.

پاشان عەبدوڵڵا دەڵێت: لە دڵی خۆمدا ووتم ئەگەر من ناوچاوی ئەم دوژمنەی خوای گەورە ماچ بکەم، هیچ زەرەرێکم لێناکەوێت بەو هۆیەشەوە کۆمەڵێك موسڵمان لە مردن رزگار دەکەم، هیچ کێشیەکم بۆ دروست نابێت لە لایەن بیروباوەڕەکەمەوە.

دەڵێت: ناو چاوی هەرقلم ماچکرد ئەویش هەموو دیلەکانی موسڵمانانی ئازادکرد. کە ئەم باسەی عەبدوڵڵا-یان بۆ عومەری کوڕی خەتاب گێڕایەوە، زۆر خۆشحاڵی خۆی بۆ عەبدوڵڵا دەربڕیو داوای کرد لە موسڵمانان کە هەموو هەستن دەرحەق ئەوکارەی عەبدوڵڵا ناوچاوی عەبدوڵڵا ماچ بکەن، خۆی یەکەم کەس بوو کە ماچی کرد.

کۆتایم بە باسەکەم هێنا، چاوی خۆم گریانی پێوە بوو ووتم: يرزقنا الإخلاص في القول والعمل، وأن يعظم قدره في قلوبنا، حتى لا نرى أحدا سواه، إنه ولي ذلك والقادر عليه.

دووعای هیدایەتم کرد بۆ کاك عەبدولا لە مەجلیسەکە هەڵساو چوەرەوە جگەرەیەکی داگیرساند، ئاگام لێبوو پیاسەی دەکرد. چووم بۆلای ووتم: بەیانی کەی بڕۆین؟

کاکە عەبە: ماکوان ئەو ژن و منااڵنەم بۆ ئاشت بکەرەوە.

ووتم: با بڕۆین بۆ ماڵی مەلامحەممەد ئەو ئیشەکەمان بۆ دەکات إنشاءالله.

لە ئاڕنێمی هۆڵەنداوە گەڕاینەوە بۆ ئەڵمانیا و رووەو هالە کەوتینە ڕێ پرسیارم کرد لە کاك عەبدوڵڵا مالتان لە کام شارە؟ ناوی شارەکەی ووت، پاشان بردم لە گەڵ خۆم بۆ ماڵی مەلا محەممەد لە ڕێگا قسەمان زۆرکرد لە بارەی دینەوە، ئەوەی کە منی زۆر بێزار کردبوو لەم پیاوە، قسەی زۆر سادەو سانا بوو، پاشان هیچ کاریگەریەکی ئاینم نە ئەدی لەسەری جگەرە لەسەر جگەرەش دایدەگرساند بۆنی تەپڵەکە جگەرەی لێدەهات، هەرچۆن بوو تەحەمولم کرد، لە دڵی خۆمدا ووتم مادام هۆکاری منە کێشەی بۆ دروست بووە لەگەڵیشم هەڵدەستێت بۆ نوێژکردن، من پەیوەندیم بە دڵ و دەروونییەوە نییە کار لەسەر ڕووکەش دەکەم، دەمووت ئەم کەسە یان زۆر سادەیە هیچ نازانێت، یان وەك

ناوچەی پێنجوێنی ئێمە هەرکەس فێڵباز بێت دەڵێن زۆر زۆڵە، یاخود دەمووت ئەمە زۆر زۆڵە. چوینە ماڵی مەلا محەممەد خزمەتی باشیان کردین.

لەگەڵ مەلا محەممەدا باسی کێشەکەمان کرد مەلا محەممەد فەرمووی کاك عەبدوڵڵا ئێستا خێزان و ماڵ ومندالت لەکوێن؟

کاکە عەبە: وەڵڵا نازانم!

ووتمان: ئەی چۆن بیاندۆزینەوە؟

کاکە عەبە: ئاشنایەکم لێرەیە ئەو لەوانەیە بزانێت خزمی خۆمانەو هەردوولامان دەناسێت.

داوای جێگاو مەکان و تەلەفونی ئەو پیاوەمان کرد لە کاك عەبدوڵڵا و وەرمانگرتووە، داوامان کرد کە بچینە لای و قسەو باسی لەگەڵ بکەین بەڵکو هاوکارمان بێت.

کاك مەلا محەممەد: کاك عەبدوڵڵا ئەو پیاوە دەچینە ماڵی ئەویش کۆمۆنیستە؟

کاکە عەبە: بەخوا کاکە ئەو پیاوە دینی هەر نییە.

مەلا محەممەد بە منی ووت کاك ماکوان تۆ مەیە.

ووتم: بۆ؟

مەلا محەممەد: کاکە تۆ عەصبیت ئەترسم تورەبیت، ئێمە دەچین بۆ ئەوێ کێشە چارەسەر بکەین ئەو ئەگەر قسە بکات لە ماڵی خۆیدایە دەبێت ئێمە بێدەنگی بین.

ووتم: بڕوا ناکەم ئەو کەسە بزانێت ئێمە هەردووکمان خاوەنی ئەم ئیسلامەین و دیندارین ئەوەندە بێحورمەت بێت لە ماڵی خۆیدا قسە بکات جا ئەگەر وای کرد هەڵدەستین و دێینە دەرەوە. مەلا محەممەد پێی وابو کە من نەچم باشترە، کاکە عەبەش زوو زوو دەیوت ماکوان گیان تۆ مەیە قەیناکا خۆمان دەچین تۆ بۆخۆت لەگەڵ کورەکانی مەلا محەممەد بڕۆ بۆ پیاسە.

هاتمە سەر ئەوەی بە قسەیان بکەم من نەڕۆم، بەڵام لە کۆتایدا ووتم: هەر دێم، وا لێکمدایەوە کە من بۆ خۆم طەرەفم لەم کێشەیەدا دەبێت وجودم هەبێت.

کەوتینەوە ڕێ بەرەو هانۆڤەر چوینە ماڵی ئەو پیاوە کە ناوی کاك بەهرۆز بوو لە هانۆڤەرو پیشتر ئاگادارمان کردبوەوە کە دێینە ماڵەکەت، لەوێ ڕێزێکی زۆرمان لێگیرا.

من بەناوی خۆمەوە خۆم ناساند کە ناوم خەسرەوە وخەڵکی پێنجوێنم وە هەروەها.

دوای ئەوەی کاك مەلا محەممەد دەستی کرد بە قسەو ووتی: دەمانەوێت بچینە لای مەهنازخاتوون، بەڵکو ئاوێك بکرێت بەم ئاگرەدا.

پاش چاخواردن کاك بەهرۆز دەستیکرد بەقسە ڕووی کردە من و کاك مەلا محەممەد

ووتی: یاخوا ئێوە بەخێربین من رێزی هەموو موسڵمانێك دەگرم، جا زۆر خۆش دەیوت كاك خوسرەو بە فارسی، دەستی كرد بە جنێودان بە ماكوان كەریم، بەڵام نەك بە ئیسلام.

ووتی كاك خوسرەو كەسێكی تیرۆرستی ئیرهابی پیاوكوژ هەیە لە ناو پاڵتۆكدا كاكە ئەمە ماڵی ئەم كاكە عەبەی وێرانكردوە. ئەم ماكوانە لە جەماعەتی مەلا كرێكارە كاكە خەڵكی بەردەست بكەویت سەری دەبڕێ، جا ئەم ماكوان جاشە ئەمە كورِی شێخە لەگەڵ قاعیدەو ئەو ئیرهابیانەی تردا دەستی تێكەڵە، كە قسەیش دەكات لە پاڵتاك و ئەو شوێنانەدا مەلا كرێكار قسەكانی پێدەڵێت و بۆی دەنوسێتەوە ئەگینا خۆی هیچ نازانێت.

مەلا محەممەد تەماشی منی دەكرد ئاگام لێبوو كاك عەبدوڵڵا غەمگینی هەر دەیویست مەوزوعەكە بگۆڕێت، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو. هەتا توانی منی پڕ جێنوكرد، منیش بۆخۆم هەر دەموت راستدەكەیت، ئەو ماكوانە هەر زۆر هیچو پوچە، تۆ بزانە چی كردوە، هەڵسا رۆیشت لەلای ئێمە، تكام كرد لە كاك عەبدوڵڵا و كاك مەلا محەممەد، ووتم هیچ مەڵێن با من ئاشكرا نەبم هەر با وابڕوات ئەم پیاوە خۆی پیاوێكی باش دیارە من نا ناسێت تا خۆمی پێدەناسێنم، كاك عەبدوڵڵا دەستی منی ماچكرد ووتی توخوا چی ووتوە بۆ من كاك ماكوان خەجاڵەتم. منیش دەستیم ماچ كردەوە و ووتم كێشە نیە.

جارێكی تر هاتەوە كاك بەهرۆز، داخی زۆر لە دڵدا بوو ئەوەندەی تر منی دایەوە بەر جنێو، خەریك بوو ماكوان والێبكات، ئیتر وامزانی ١١ سێپتەمبەرو ناردنی زەرقاوی بۆ عێراق هەمووی لە دەستی مندا بووە.

منیش زوو زوو دەموت وەڵڵا ئەم ماكوان-ە عەجیبە، ئەی باشە ئەمە لەكوێیە ئەم كورە، ئەی چۆن ئەوروپا نایگرێت؟

كاك بەهروز: كاكە ئەمانە بەس لەپاڵتاك قسە دەكەن كەس نایانناسێت.

ووتم: ئەی چۆن ئەم هەموو شتەی پێدەكرێت كە كەس ناینناسیت؟

بەهرۆز: كاكە ئەمانە گروپن دێن و دەچن لە عێراق و لە ئەوروپا.

شتی وای دەوت لە قتوی هیچ عەتارێكدا دەست نەدەكەوت.

منیش زوو زوو بۆئەوەی ئەو ڕقی هەڵسێت، دەمـووت بـراڕۆ ئەم ماكوان-ە چی ئیرهابیەكە، حەقە بیكوژن.

ووتم: كاكە كەسێك نیە بیكوژێت نەجاتمان بێت بەدەستیەوە؟

بەهرۆز: كاكە ئەمریكا دەرەقەتی ماكوان نایەت، كە وای ووت زۆر پێكەنیم قاقام لێدا سەیر بوو بەلایەوە.

ووتم: كورە كاكە بەهرۆز خۆتۆ دنیات دیوە، ئەمریكا فیلی ساحەیە ئەو قسە مەكە

ماکوان-ێك چیە، ئیتر واملێکرد کە تحلیلەکە و شیکارییەکەی جێگای پێکەنینە.

مەلامحەممەد قسەکانی بەهەردووکمان بڕی، کەوتینە ڕێ بۆ ماڵی مەهنازخان خێزانی کاك عەبدوڵڵا غەمگینی و لە ناو سەیارەکەی کاك مەلا محەممەد زۆر پیکەنیم، جەماعەت وایان دەزانی لە ئەخیردا من حەقی لێدەکەمەوە لێی ئەدەم، یان دەیکەم بەشەڕ.

چوینە ماڵی مەهناز خان حورمەتێکی زۆری لێگرتین و پێشتر کاك بەهرۆز مەهنازخانی ئاگادار کردبوەوە بۆ ئەو کارە دەچینە ماڵیان دوای دانیشتنێکی کەم، ڕوومکردە مەهناز خان و کاك بەهرۆز لە تەنیشتم دانیشتبوو.

ووتم: مەهناز خان من ناناسیت کێم؟

مەهنازخان: نەخێر بە خزمەت جەنابت نەگەیشتووم ماکوان چۆن من کوڕی جەنابتم و کاك عەبدوڵڵا هاتوە بۆلام بەس لەبەر خاتری تۆ زۆر گۆڕاوە ئەوەی کە تۆ ئەتەوێت ئەو ئێستا ئەوەیە.

مەهنازخان: دەنگت ئاشنایە لام بەس نازانم کێیت.

ووتم: زۆر بیری لێمەکەرەوە، من ماکوان-م ئەوەی لە پاڵتاك قسە دەکەم لە دوایی ئەوەی کە خۆم ئاشکرا کرد لە لای مەهناز خان، لەبەر ئەوەی کاك بەهرۆز لە تەنیشتمەوە بوو، ئاگام لێی نەبوو دەموچاوی چی بەسەردا هاتووە. من خۆم تێك نەداو بەردەوام بووم لەگەڵ مەهنازخان دا.

بەراستی ئافرەتێکی زۆر مەهنازو بەڕێزو خاوەن حوورمەت بوو، دوای نان خواردنێکی خۆش و بەلەزەتی سنەیی بەناوی فسنجان کە بۆیەکم جار بوو بیخۆم لە هەموو ژیانمدا.

پاشان کاك عەبدولا-م هەڵساند بچێت لە مەتبەخەکە لەگەڵ مەهناز خان هاوکاری بکات.

کاتی نوێژ هات کاکە عەبە پێش ئێمە هەڵساو ووتی: بانوێژەکەمان بکەین.

منیش بۆ خۆشی ووتم: کاکە عەبدوڵڵا لەبەر خوایە یان لەبەر خاتری مەهناز خانە.

مۆڕەیەکی لێکردم پێکەنی،ئینجا بیرم کەوتەوە پیاوێك لە تەنیشتمەوەیە بی دەنگ چرکە ناکات

ووتم: کاك بەهرۆز با تا دەرەوە بڕۆین هەندێك قسە وباس بکەین. پیاسەیەك بکەین بەیەکەوە، ئاگام لێبوو سڵی کردەوە لە من، کاك مەلا محەممەد ووتی جارێ دوایی هەمووەمان بەیەکەوە دەڕۆین پیاسە دەکەین دەچینە سەنتەری هانۆڤەر.

ووتم: نا کاکە وازمان لێبێنن من حەز دەکەم لەگەڵ ئەو پیاوە دوو قسەی تایبەتی بکەین لەدەرەوە، ئەو هەڵساو کاکە عەبدوڵڵا و کاك مەلامحەممەد-یش بە دووامانداا هاتن لەدوامانەوە دەڕۆشتن.

ووتم: كاك بەهرۆز من ئەو ماكوان-ە ئیرهابیەم كە تۆ قسەت پێووت لە ماڵەكەی خۆتا، من نە ئیرهابیم و نە پیاوكوژو نەخەڵك سەربڕ. تۆ دەبوو منت بناسیبا، ئەنجا قسەم لەسەر بكەیت. كوڕی باش تۆ من ناناسیت، بە خزمەتی مامۆستا كرێكار نەگەیشتویت ئەم هەموو قسە سوكەت بەئێمە ووت. ئاخر وەرە بزانم لەكوێ منت دیوە پیاو بكوژم؟ لە كوێ منت دیوە كارێكی خراپەم كردبێت؟ من نائێم فریشتەی ئاسمانم، بەڵام لە چاو قسەكانی تۆ كە كردت بەرانبەرم وەڵاڵ من فریشتەم.

دەی سوێند بەخوا ئەتوانم ئیستا لێرەدا بتدەمە بەر چەقۆ لە دەستم دێت و ئەشتوانم، بەڵام بە قەولی خۆتان كاكە خۆ من چەقۆكێش نیم من خاوەنی پەیامێكم، لە پاڵتاك لە كۆڕ و لە سمینارەكاندا هەوڵ دەدەم و هەرچی بۆم بكرێت ئەم دینە دەیگەیەنم. ئێوە بۆ نایەن جارێك لەسەر پەیامەكە قسە بكەن، بۆ شتم بۆ دروست دەكەیت كە نامناسیت.

وویستی قسەبكات نەمهێشت، بەردەوام بووم لە قسەكانم

ووتم: ئاخر تۆ و ئەوانەی وەك تۆ وان بۆیە ئێران توانی بە شیعەگەری خۆی سەركەوێت بەسەرتاندا خۆشتان نەتان دەزانی داوای چی دەكەن، ئەگەر وەك شیعەكان ئێوەش مەزهەبی شافیعەیەكەتان زیندووبكردایەتەوە، یاخود ئەهلی سەلەفەكە ئێستا حاڵتان بەم حاڵە نەدەگەیشت.

ئاخر تۆ كە چەپی دەبوو راستگۆ بویتایە لەگەڵ خۆتو پەیامەكەشت، كاكی خۆم هەرچی دەكەیت بەس راستگۆبە. مرۆڤ لەسەربنەمای درۆ هیچی بۆ ناكرێت، ئێوە درۆزنن و درۆشتان لەگەڵ میللەتی خۆتان كرد قسەی زلتان بۆكردن دوای هەمووشتان ساحەتان چۆڵكرد بۆ كۆماری ئیسلامی ئێران. دەمەوێت پێت بڵێم ئەوە منێكی ئیسلامی، كە كێشە لەسەر من دروست بوو ئامادە بووم هەموو خزمەتێك بە هاوشاریەكەی تۆ بكەم، بەڵام ئێوە توانای ئەوەتان نەبوو هاوكاری رەفیقەكەی خۆشتان بكەن. ئینجا بەخوای ئەرزو ئاسمان كە ئەو قسانەت كرد قوبوڵم كرد، زۆر گەورە نەبوو لەسەر دڵم، چونكە قسەت بە خۆم ووتو رێزی ئیسلامەكەت گرت، هەرچەندە قسەكانت سەراپا درۆ بوو، بەڵام من هاتمە ماڵەكەت نانم خوارد چام تێدا خوارد من خۆم بە موسڵمان دەزانم پاشان عەشاییەرم بۆیە هیچ لەدڵمدا نیە، كەسێكی بەڕێزی لام فەرمو تۆش قسەی خۆت بكە.

كاك بەهرۆز: كاك ماكوان من موقەصیرم و خەجاڵەتم، بەڕاستی نازانم بڵێم چی.

ووتم: هیچ مەڵێ و كۆتایی بەو كێشەیە هات.

بەردەوام بوویەوە لەقسەكانی ووتی: كاكی خۆم من هەڵەم كرد بەرانبەرت، تۆ

لەگەورەیی خۆت قسەت نەکردوە، پاشان منیش رەخنەیەکم هەیە دەبوو خۆت بە ماکوان بناساندایە تا منیش مەوقعی تۆم دەزانی، بەهەر حاڵ ئەمە مانای وانیە کە من ئیسلامم خۆش بوویت یان موسڵمانان، منیش خاوەنی پەیامێکم دەمەوێت بیگەینم کە مرۆڤ دۆست و خۆشنودی و ئازادی یە بۆ مرۆڤەکان.

ووتم: کاك بەهرۆز من کە نەموتوە ماکوان-م خۆم لە راستیدا ناوم خەسرەو-ە و نازناوی نوسین و ئەدەبیم ماکوانە، درۆم لەگەڵ نەکردویت. گریمان خۆشم نەناسند تۆ هەر بەو شێوەیە مامەڵە دەکەیت؟ ئەوە کارێکی باش نیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە لەخۆتەوە قسە مەکە تا کەسێك نەناسیت، خۆ من ناحەقی تۆ ناگرم بە تەنیا ئەوە تەبع و سورشتی هەموو کورد وایە. ڕۆژ نیە لەم ئیسلامیانەی لای منیش نەچن و بچپێنن بەگوێی یەکتریدا، بەجاسوس لە قەڵمان ئەدەن بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان لە بەردەستا بێت هەروەك تۆ یان لەبەر بەخیلیە یان قسە فڕێدانە یاخود لەگەڵ حیزبەکانیان نیم. جا نازانم ئەم خوایە کە سوێندی پێدە خوات هەر وا ئاسانە، تۆش هەر لەو تەبعانەی ئەوان جاروبار لەخوا دەترسن تۆ ئەوەیشت نیە کاکی خۆم. ئینجا فەرموو وەرە من و جەنابت لەسەر دین و ئەم ئاینی ئیسلام و خوایە با موناقەشەیەك بکەین لە کوێ پێتخۆشە، من ئامادەم؟

بەهرۆز: باشە.

ووتم: بەو مەرجەی تەوەرە دیاری بکرێت، کە من تەواو بووم ئینجا تۆ قسە بکەیت، پاشان دەبێت خەڵکێکی حەکەم لە نێوانماندا هەبێت دوور لە بیروباوەڕی هەردووکمان، ئەوە مەرجی منە. تۆش چی دادەنێیت لە تەوەرو باس فەرموو من ئامادەم.

دیبەیتەکە و مردنی کاکە عەبە

داوامکرد تەوەرەکان لەسەر چی بێت بۆئەوەی دیبەیتەکە لەگەڵ بەهرۆز دەست پێبکەین.

بەهرۆز: تەوەرەکان با ئەمانە بن

- لەسەر ئەوەی من بڕوام بەخوانییەو خوا هەر نییە.
- زانست و قورئان.
- دەسەڵاتی ئیسلامیی و سەنگباران و کوشتنی خەڵکی و فەتحی ولاتان.
- ئافرەت و مافی مرۆڤ بەگشتی.

لە گەڕانەوەماندا داوام کرد لە کاك عەبدوڵڵا کە کێ دەناسێت لەم دەوربەرە لە دکتۆر لە خەڵکی ڕۆشنبیر دەعوەتی بکات.

ئەو شەوە کەسمان دەست نەکەوت داوامکرد لە کاك مەلا محەممەد و کە هیچ تەداخول نەکات بە چاك و خراپ.

دانیشتین و دەستمان کرد بە قسە...

ووتم: کاك بەهرۆز تۆ چۆن بڕوات بە خوا نییە. ئاخر لەم بوونەی ئێمەدا خەڵکێکی زۆر شاز بڕوای بەخوا نییە چۆن شتی وادەبێت؟

کاك بەهرۆز دەستی کرد بە قسە و وتی: ئەم ژیانە هەموو لەسەر ماددە بونیاد نراوە، ماددەش بۆ خۆی کۆنەو عونصورێکی قەدیمە، ئەم هەموو سیستمەی کە ئێستا هەیە لەم گەردونەدا ناشێت دەستی خوایەکی بەسەرەوە بێت، کە ئەوەندە گەورەیە خاوەنی هێزە، لە دوو تەوەر بەدەر نییە یان گەردون و ماددە خوایەو بێ گیانە یان خوا وجودی نییە.

هەموو خوایەك کە دروستی دەکەین دەستکردی خۆمانە چۆن خوایەك وەك مارکس دەڵێت: بزاوتە واتا (محریکە) پاشان نەزاوتیشە! یان مومکینە یان غەیر مومکینە، ئەمە فەلسەفەی سروشتە واتا مرۆیی ئەمەی ئیسپات کردووە کە نەخشاندنی گەردوون بە ماددە ڕێکخراوە و نەخشێنراوە، پاشان هەمووی سروشت بە ڕێکەوت ڕێکی خستووە.

کەس دەتوانێت خوای موسڵمانان نیشان بدات، کەس دەتوانێت ئەو هەموو هێزە کیمیاییەو تەفاعولە فیزیاییانە نیشان بدات کە چۆن خوا دەستی لەسەری هەیە لە بچوکترین بەشی ئەم گەردونەدا بە چرکە گۆڕانکاری دەبێت. ئاخر ئەم خوایە چۆن ئاگای لەم هەموو ووردەکاریانە هەیە، پاشان لەسەر ئەم ژینەدا بێ پایان کرم و زیندەوەر و نەبات هەمووی کاردەکات، هەموو ئەمانە بە گوێرەی سیستەمی سروشت.

تۆ بڵێی یەك خوا سەرپەرشتی بکات؟ ئاخر لە ناو ئیسلامدا چی هەیە کە من والێبکات بڕوام بۆ دروست ببێت وەك ماركس باسی ماددیەت و تەفسیری ماددەو مێژووی ماددە دەکات، هەمووی بەزانست و پاشان لە ڕووی پێگەیشتنەوەو داروین و لە ڕووی کۆمەڵایەتی دۆرکایم و پاشان فرۆیدو هەموو ئەمانە دەتوانن وەڵامی پرسیاری ڕێکی و جوانی ئەم سیستەمە بدەنەوە بەزانست، نەك بە تەنها ووشەیەك کە ئێوە خۆتانی لێ دەدزنەوەو ناوتان ناوە خوا.

پاشان من وەڵامی ئەم گەردونەم دەوێت لای ئەو خوایەی تۆ؟

من دەمەوێت بزانم ئەو خوایەو موسڵمان و ئیسلام چی بە من ئەدات، ئەم قورئانەی ئێوە نابێت شتێك بدات بە من کە سوودی لێوەربگرم، ئاخر مەنصوری حیکمەت قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت، من کە تۆم دەوێت تۆش دەبێت پێم ببەخشیت بۆئەوەی تێربم، مارکسیزم و ئەدەبیاتی چەپ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی منی داوەتەوە. ئینجا مەرجی سەرەکی پێکێهنانی بەرهەمهێنان کۆمەڵگایە نەك ئایین، ژێرخانو سەرخان ژیارو شارستانی دروست دەکات، چییە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتی ململانێ دروست دەکەن نەك ئایین.

پاشان شۆڕشی سۆسیالستی هاندانی مرۆڤە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان، بەدرێژایی مێژوو ئیسلام هەر خەریکی کوشتن و بڕین بووە لێرەدا من وەستاندم.

ووتم: بڕیارمان وابوو تەوەرێك تەواو بکەین ئینجا بچینە سەر تەوەرێکی تر، وایە؟ بەهرۆز: وایە؟

مادام وایە قسەکانی خۆت تەواو بکە لەسەر خوا و ئەم گەردونە، فەلسەفە مومکینو ناومکین و ڕێکی سیستەم و جوانی سیستەم و خراپییەکانی تەفسیری ماددە بکەو مێژووی ماددە باسبکە.

كاك بەهرۆز: من پرسیاری خۆم خستە ڕوو فەرموو وەڵام بدەرەوە.

وتم: من وەڵامی ئەم شەش پرسیارەت ئەدەمەوە کە لەقسەکانتا کە کردت.

یەکەم: ئەم جیهانە چۆن سەری هەڵداوە؟

دووەم: چۆن بە گوێرەی ئەو سیستەمە سەرسوڕهێنەرە هەڵدەسوڕێت؟

سێیەم: ئایا سەرەتای هەیە؟ مێژووی مارکسیزم .

چوارەم: ئایا کۆتایی هەیە ؟جەدەلی مارکسیزم.

پێنجەم: ئایا بە ڕێکەوت هاتۆتە گۆڕێ؟

شەشەم: ئایا دروستکارێك دروستی کردووەو هێناویەتییە دی؟

بێ گومان بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئایدیای مرۆڤ و تێگەیشتنی لەم بونەوەرە کە ژیان پێکدەهێنێت، بەشێوەیەکی کاریگەرانە هاوبەشی دەکات لە چارەنوسی مرۆڤ و جۆری و شارستانییەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تاك، ئارامگرتنی دەرونی ئەو کەسایەتییە، ئەگەر ئەم وەڵامانەی دەستنەکەوت ئەوکات مرۆڤەکە تووشی دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی دەبێت، تووشی بێ چارەی و کەسێکی وێرانی لێ دەردەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە زانایان و فەیلەسوفەکان و خاوەن بیرەکان هەوڵیانداوە هەریەکەیان لە ڕێگای عەقڵ و هۆشەوە لە ڕەوتی تاقیکردنەوە زانستییەکان، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

من دەمەوێت لەم باسو لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ لەو وەڵامانە بخەمە ڕوو، مەرج نییە من بتوانم ئەم بابەتە بەو شێوەیەی کە بیرمەندان توانیویانە باشتر ڕوونی بکەمەوە، بەڵام هەوڵێکە تا بتوانم بیری خۆم بخمە ڕوو.

١- ئەم جیهانە چۆن سەری هەڵداوە؟

کەواتە خاڵی سەرەتا لێرەوەیە، سۆنگەی بیرکردنەوە ئەوەیە کە چۆن سەرهەڵدانی ئەم جیهانەو سەرەتای ڕەوتی ئەم جیهانە بە ماکەکەی هەیئەتەکەی و یاساکانی لێکی بدەینەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن سەری هەڵداوە؟

بۆ باسکردنی ئەم بابەتە چەندین بەڵگەی ئەقڵی و ویژدانی هەن لەو بەڵگانەی کە مرۆڤ ژیانی ئاسایی خۆیانی پێ دەست پێکردون، سەرباری لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوف و زاناکان، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دروستکردنی ئەم جیهانەمان لەلایەن داهێنەرو بەدیهێنەرێکەوە یان خوڵقێنەرێکی کارسازەوە داینراوە کە بۆی دەسەلمێنێت هەروەك

زانستیش بەتەواوی بەشەکانییەوە لە فیزیك و گەردوون ناسی و پزیشکی و ڕووەك ناسی زیندەوەرناسی و ...هتد، توانیویەتی لایەنێکی گرنگمان بۆ دەربخات لایەنێك کە شاراوە بووە لە ئێمە لە تەفسیرو لێکدانەوەی ئەم جیهانەدا، هەروەك توانیویەتی تیۆرو کۆمەڵێك بیردۆز کە خوا نەناسەکان دایانناوە هەڵی بوەشێنێتەوە و بەڵگەکانیان بە درۆ بخاتەوە کە بە درۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بەڵگانە قەڵاو کۆشکی بیرکردنەوەی بێ باوەڕەکان یان ماتریالیزمەکان داڕوخاوە.

ئایدیای خوا پەرستی بە بەڵگە و تاقیکردنەوەی هەڵپەسێراوەکانی زانست قایم و پتەوتر بووە، پاش ئەوەی بێباوەڕی تیۆری خۆی لەسەر دوو بنەمای فەلسەفی بنیاد نابوو، ئەو دوو بنەمایەش بریتین لە:

یەکەم: تیۆری ماددە دێرینەکان یان دێرینەی ماددە ئەم بیردۆزە لافی ئەوە لێدەدات کە ماددە کۆنەو هەر بووە، نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ماددە خوڵقێنەرێکی نییە وە هیچ کارسازێك یان بەدی هێنەرێك نەیهێناوەتە گۆڕێ وە جیهانێکی تریش بەدوایدا نایەت.

دووەم: پشت بەستن لەسەر تیۆری ڕێکەوت و ڕەفزکردنی بنەما هۆکارییەکان ئەم بیردۆزە وا دەبینێت کە جیهان لە ڕێگای ڕێکەوتەوە سەری هەڵداوە و دروست بووە، داهێنەرو بەدیهێنەرێك نەیهێناوەتە کایەوە بێ نەخشەو پلان دروست بووە.

بەڵام بەداڕوخانی ئەم دوو تیۆرە بیردۆزییە بەدەستی زانستی تاقیگەری فەلسەفەی بێ باوەڕەکان هەرەسی هێنا هەرەس هێنانێکی بە بەڵگە سەلمێنراو، وێڕای هەرەسهێنان و داڕمانی ئەقڵی و فەلسەفی ڕووتە ماتریالیزمەکە ئیتر ئەم دوو تیۆرە لە دیدی زانستەوە بوونە ئەفسانە و گریمانێکی خەیاڵی، جا بۆ ئەوەی ئەم دوو تیۆرە نمونەکانیان لە بیروڕاکانی دیکە بخەینە سەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام باس و لێکۆڵینەوەکە لەسەر بناغەی تیۆرو بەڵگەی زانستی و فەلسەفییەکان بنیاد بنێین، واتا با بیردۆزی بێ باوەڕی بخینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بنچینەیی وەك ئاماژەمان پێ کرد بەڵگەی تاقیگەری یان بەڵگەی ڕەوتی ئەقڵی بەم جۆرەی خوارەوە کە دەتوانین لەسەر سێ بنەمای زانستی و فەلسەفی ڕوونی بکەینەوە.

یەکەم: بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم.

دووەم: بەڵگەی جوڵەو بزواوتن و نەجوڵاندن لەخۆوە نەبزواوتن.

سێیەم: بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان).

بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم

بێگومان نیگایەکی زانستی کە مرۆڤ دەینەخشێنێت بە جیهانی سروشت و مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵ و....هتد، هەروەها بەوەی کە تێیدایە لە ووردی و کارسازی دەردەکەوێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە نەخشەکێشان و سازکردن و وێستگەیەکی پێش تر هەیە خۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار کە خوایەکی داناو زاناو بە توانا زۆر بە جوانی و بە ووردی و بە ڕوونی، بە لە ناو بردنی بیری ڕێکەوت و پوچ کردنەوەی، یاخود ئەزەلیەتی ماددیەتت بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە تیۆری بێ باوەری و فەلسەفەکەی بوو، بیرکردنەوەی پێچەوانەو دژ بە ئایدیا خوا پەرستییەکەی لەسەر بنیاد نراوە.

لێکۆڵینەوەو باسە زانستییەکان مەحاڵ بوونی پێکهاتنی جیهانیان بەڕێکەوت لە ڕووی کات و زەمەن و پێکهاتنی واقیعییەوە سەلماندووە کە ئێمە لەم باسەدا لایەنێك لە باس و لێکۆڵینەوە و بەڵگە زانستیانە ڕوون دەکەینەوە کە زانیانی سروشت و زیندەوەرناسی سەلماندویانە، تیۆری ڕێکەوتیان لە دوو بواری سروشت و ژیاندا بە درۆ خستۆتەوە بۆ هەر ئەقڵێکی خاوەن هزری زانستی بوونی دانایی و هوده زانی و وویست و نەخشەکێشانی پێشتر بۆ ئەم جیهانە دەردەخات، جا لە بواری سروشتدا زانایان دەڵێن: لە سەرەتاوە ئەستێرەیەکی گەڕۆکی بچووکمان هەبووە کە ئەویش زەوییە، ئەم ئەستێرەیە چەشنی نیشتمانێك بووە بۆ دروستکراوەکانی مرۆڤایەتی، کە پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاریی لەماوەی دوو بلیۆن ساڵ یاخود زیاتردا بۆتە جێگایەکی لەبار بۆ ژیانی زیندەوەری و ڕووەکیی کە ئەمانە یارمەتیی گەشەکردنی و هۆیەك بوون بۆ سەرهەڵدانی مرۆڤ، خرۆکەی زەوی لە هەر بیست و چوار کاتژمێرێکدا جارێك یاخود بەتێکڕای نزیکەی (١٠٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا بە دەوری تەوەری خۆیدا دەسوڕێتەوە.

گریمان کە زەوی بە تێکڕایی (١٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا دەسوڕێتەوە، بۆ وانەبێت؟ ئەگەر وابێت ئەوا ئەو کات شەو و ڕۆژمان بە ئەندازەی دە ئەوەندەی تر درێژ تر دەبێتەوە.

کەواتە لەم بارو دۆخەدا خۆری هاوین هەموو ڕۆژێك ڕووەك و گژوگیاکانمان دەسووتێنێت و بە شەویش تەواوی ڕووەکی سەر زەوی وشك دەبن.

لە کاتێکدا ئەو خۆرەی کە سەرچاوەی تەواوی ژیانە پلەی گەرمییەکەی دەگاتە(١٢)

هەزار پلەی فەرەنهایت و خرۆکەی زەوی ئێمە بە ئەندازەیەك لێی دوورە بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاگرە زۆرە گەرمای پێوستمان پێ ببەخشێت و لەویش زیاتر پێویستمان نییە، ئەم دووریيەش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێژەیەکی نەگۆڕە، کە لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا گۆڕانکاری کەمی بەسەردا دێت، بەجۆرێك کە بەردەوام بوونی ژیان بەو جۆرەی کە پێی ڕاهاتوین مومکینە، کە ئەگەر بهاتایە و پلەی گەرمای سەرزەوی لە ساڵێکدا بە تێکڕای پەنجا پلە زیادی بکردایە ئەوا تەواویی زیندەوەرەکانی سەر زەوی هەمووی دەسووتان و یان لەناو دەچوون.

خرۆکەی زەوی بەتێکڕایی (١٨)میل لەخولەکێکدا دەسوڕێتەوە، ئەگەر بهاتایەو تێکڕایی سورِانەوەکەی بۆ نمونە (٦) میل یاخود(٢٠) میل بوایە لە خولەکێکدا ئەو کات دووری یاخود نزیکی ئێمە لەخۆرەوە بە شێوەیەك دەبوو کە ژیانمان لەگەڵیدا دەیبەست، لە هەمان کات دا ئەستێرەکان بەو شێوەیە جیاوازیان دەبێت لە جۆری تیشکدانەوەیاندا، بەشی زۆری تیشکەکانیان هەموو جۆرە خانەیەك لە ژیان دا دەمرێنێت.

هەروەها چڕی و بارستایی ئەم تیشکدانەوەیەش کەوا لە نێوان کەمتر لە تیشکدانەوەی خۆرەکەمان و زیاتر لە وەی دەهەزار جارە، ئەو کات دووریی و نزیکی ئێمە لەخۆرەوە بەشێوەیەك دەبێت کە جۆری ژیانمان لەگەڵ ئەو چەشنە ڕابهاتایە یان ئەگەر ئەم خۆرەی ئێمە تەنها نیوەی تیشکدانەوەی ئێستای بدایەتەوە ئێمە دەبووین بە سەهۆڵ، ئەگەر بە ئەندازەی نیوەی ئێستا زیاد بوایە ئەوە زۆر لە دێرینەوە ئێمە بووبووینە خۆڵە مێش.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەگەر بمانتوانیایە (پرۆتۆ پلازمێك) (شانە)یەکمان بۆ ژیان دروست و بەدیبهێنایە ئەوا تێدەگەیشتین کە تەنها هەر ئەم خۆرەی ئێمە لە بارە بۆ ژیان لە نێوان ملیۆنەها خۆری ناپوختە لە گەردوون دا.

پاشان هەر ئەم خرۆکەی زەوییە لارە بە گۆشەیەك کە ئەندازەکەی (٢٣) پلەیە.، ئەمە لەبەر چەند هۆیەکە کە خرۆکەی زەوی دەخوازێت، بۆ نمونە ئەگەر ئەم زەوییە مەیلەو لار نەبوایە هەردوو جەمسەری زەوی هەمیشە لە شەودا دەبوو.

لەم دۆخەدا هەموو هەڵم لە ئۆقیانوسەکانەوە هەڵدەسا بەڕاست و چەپدا یان بەرەو باکور یان باشور دەڕۆشت و لە کاردانەوەی خۆیدا چەندین کیشوەری بە سەهۆڵ دادەپۆشی، ڕەنگە بیابانێکی لە نێوان هێڵی یەکسان سەهۆڵ بەندانێکی دروست بکردایە، ئەگەر ئەمە ڕوویبدایە ئەوا لەم دۆخەدا چەندین ڕوبار لە سەهۆڵبەندانەوە هەڵدەسان و لە ڕێگایی

شیوو دۆڵەکانەوە دەڕژانەوە ناو ئۆقیانوسێکی بە خوێ داپوشراو لەم حاڵەتەدا هەموو زەوی دەبوو بە کانێکی خوێ حەوزێکێ پڕ لە خوێ لە سەر زەوی دروست دەبوو.

دووریی مانگ لە ئێمەوە (٢٤٠) هەزار میلە گریمان(٥٠) هەزار میل لەئێمەوە دوور بوایە لەم حاڵەتە هەموو زەوی دەکەوتە ژێر ئاو لە ڕۆژێکدا دوو جار نغرۆ دەبوین، بەڵام ئاوێکی بە گوژم کە کێوو چیاکانی ڕادەماڵی هەروەها سەر زەوی دەبووە گێژەڵوکەو ڕەشەبا لەم ئارامییەی ئێستا نەدەماو زەوی دەبوو بە ترسناکترین خرۆکە.

با نمونەیەکی زانستی تر بهێنینەوە بۆ بە درۆخستنەوەی ڕێکەوت سەلماندنی پێوستی ئەم بوونە بە نەخشە کێشێك و کارسازێك کە لە ئەندازەگیری ڕێکی سیستەم دایڕشتووە.

بۆ نمونە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا هاتووە کە:

با ئۆکسجین بکەینە نمونەیەك و بیگرین بە دەستمانەوە بۆئەوەی کارسازی و ڕێکوپێکی سیستەمی ئەم جیهانەمان بۆ دەربکەوێت کە خوایەکی بە هێزو دەسەلاتدار دایمەزراندووە، ئەو هەوایەی کە لە ژوروی زەوییەوەیە بریتییە لە (ئۆکسجین، نایترۆجین، ئارۆجین، نییۆن، کۆنسیۆن و کاریبتۆن).

هەر ئەم هەوایە هەڵمی ئاوی گرتۆتە خۆی، هەروەها دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی بەڕێژەی (٠،٣) لە ١٪ یان سێ بەشی لە (١٠٠٠٠) تێدایە، گازەکانی تر خۆیان دەنوێنن لە شێوەی ڕەنگی سور وشین و سەوزدا، بەڵام ئارۆجین ئەو گازەیە کە بە ڕێژەی (٠،٦) لە ١٪ لە هەوادا هەیە ڕووناکییەکی گەشاوەمان پێدەبەخشێت کە ژیاری بەرەو پێش دەڕوات لە هەر شوێنێکدا بە کاربهێنرێت ئەوا نایترۆجین بەڕێژەی نزیکەی (٧٨٪) لە هەوادا هەیە، لە کاتێکدا ڕێژەی ئۆکسجین لە هەوادا بە (٢١٪) دیاری دەکرێت.

هەوا بە تێکڕایی خۆی گوشار دەخاتە سەر زەوی نزیك بە ئەندازەی (١٥) ڕەتڵ لە سەر هەر قلانچکێکی چوارگۆشە لە ڕووبەری زەویی بە ئاست دەریا، کە هەر ڕەتڵێکیش بریتییە لە (٢٥٦٤) گرام، لە ڕاستیدا ئۆکسجین لە هەوادا خۆی بەشێکە لەم گوشارو پاڵەپەستۆیە، کە ئەندازەی دەگاتە (٣) ڕەتڵ لە سەر قولانچکێکی چوار گۆشە.

بۆماوەی ئوکسجینەکەی تری گەمارۆیە لە شێوەی چەند ئاوێتەیەك لە توێژاڵی زەویدا، ئەم بەشە(٠،٨)ی سەرجەمی ئاوی جیهان پێکدەهێنێت لای هەمووان ئاشکرایە کە ئۆکسجین شەماڵی ژیانە بۆ هەموو زیندەوەرانی سەر زەوی بۆ ناسینی ئوکسجین جگە لە هەوا لە هیچ سەرچاوەیەکی تر چنگ ناکەوێت.

ئێستا لەهاوکێشەکان بپرسین چۆن ئەم توخمە پڕلە چالاکییە لە ڕووی کیمیاییەوە دەرباز بوو لەو یەکگرتنەی کە هەیەتی لە گەڵ ئەو توخمانەی تردا و لە هەوادا نزیك بەهەمان ڕێژەی پێوستی داینـاوە بۆ تەواوی بوونەوەرە زیندووەکان؟

گریمان ئۆکسجین لە بری ئەو ڕیژەیەی کە ئاماژەمان پێکرد ڕێژەکە لە (٥٠٪)یان زیاتر بوایە ئەو کاتە هەموو ماددەکان قابیلی سووتان دەبوون لە جیهاندا بە ئەندازەی خێراییەك گڕیان تێ بەردەبوو کە زەوی دەبووە جەنگەڵی گڕکان یان بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی ئۆکسجین لە (١٠٪) یاخود کەم تربێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو توخمانەی کە ئێستا هەن بە کار نەدەهاتن بۆ نمونە ئاگر، ئەگەر ئۆکسجینی ئازاد ئەو تەنها بە شەشی لە نێوان چەندین ملیۆنەها بەشی ماددەی زەوی دا هەڵبمژبایە ئەو کاتە هەموو ژیانی زیندەوەر لە خێراترین کات دەوەستا.

گریمانێکی تر بۆ بە درۆخستنەوەی ڕێکەوت و سەلماندنی داهێنەر واتا (خوا).

ئەگەر زەوی بەدەوری خۆیدا خێرا تر بسوڕایەتەوە لەوەی کە ئێستا هەیەتی هەرچی خانوو بیناو شاخ و دارو هەیە پرژوو بلاو دەبووەوە بە جۆرێك کە زەوی خۆی لەت و پەت دەبوو، ئەمە لە ئەنجامی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا بە شێوەیەکی خێرا وەك چۆن دەزووی کۆلارە بە دەست کەسێکەوە دەپسێت ئەگەر بەخێرایەکی زۆر بسوڕێتەوە دەبێتە هۆی تەئسیری هێزی ڕاوەنە لە چەقەکانییەوە یان ئەگەر بە پێچەوانەوە بە هێواشی بسوڕایەتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ نموونە لەماوەی (١٠٠) کاتژمێردا بسوڕایەتەوە لە بری (٢٤) کاتژمێردا ئەوکات هەرچی لەسەر زەوی بوو هەمووی دەمردن و لە ناو دەچوون بە هەموو زیندەوەرەکانییەوە بەهۆی گەمارۆی وێرانکاری خۆرەوە.

هەموو ئەمانە شایەتن لە سەر بەدیهێنەرێکی کارساز و باڵادەست حیکمەتی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە لە گەڵ گونجاندنی ژیان مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تری سەر زەوی کە بێگومان لە توانای (ئانارشیستیدا) نییە کە بتوانێت ئەم بوونەوەرە پان و پۆڕو فراوانو گەردوونە ڕێکو پێکە بهێنێتە بەرهەم، خوای گەورە دەفەرموێت: (اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ) الرعد ٨ واتە: هەر شتێك لای خوای گەورە بە ئەندازەیە هەروەها دەفەرموێ: (وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ) الحجر ١٩ واتە: ئێمە لە نێو زەویدا کێوە بەرزەکانمان چەقاندووە کە چەشنی مێخ بۆ ڕاگرتنی زەوی لە هەر شتێك بە کێشانەو گونجاندن لەگەڵ حیکمەت و دانایی دا گژوگیاو ڕوەکمان تیادا

ڕواندووە.

ئەگەر بارستایی زەوی بە ئەندازەی چەند پێیەکی تر ئەستور تر بوایە لەوەی کە ئێستا هەیە، هەرچی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسجین هەیە هەمووی هەڵدەمژی، ئەوکاتە ژیان مەحاڵ و ئاستەم دەبوو.

خۆ ئەگەر زەوی لەقەباری خۆردا بوایە لەگەڵ ئەو چڕییەی کە هەیەتی ئەوکات هێزی موگناتیسی زەوی بۆ ڕاکێشانی ئەو تەنانەی کە لەسەریەتی چەندان و دووچەندان دەبوو، هەروەها بەرزیی ئاتمۆسفۆری زەویی چوار میل دەهاتە خوارێ ئەو کات بە هەڵمبوونی ئاو مەحاڵ دەبوو، هەروەك پاڵەپەستۆو گوشاری هەوا بەرز دەبووەوە بۆ زیاتر لە(١٥٠) کیلۆ گرام لەسەر سانتیمێکی چوارگۆشە، کێشی ئەو زیندەوەرانەی کەئێستا ڕەتڵێکە دەگیشتە(١٥٠) ڕەتڵ و قەبارەی مرۆڤ کەمی دەکرد تا دەگەیشتە قەبارەی مشکێك یان سمۆرەیەك، ئەو کاتە ژیانی بە کۆمەڵی ئەم مەخلوق و دروستکراوانە ئاستەم دەبوو.

خۆ ئەگەر ئەم بەڵگانەو نیشانانەی کە پێکهاتنی جیهانی ماددین بە هەموو ئەو کەرەستانەی کە تێیدایە لە یاساو سیستەم و فراماسێون و پەیوەندی نێوان کەرەستەکان لە ڕێگایی ڕێکەوتەوە ڕەد دەکاتەوە، ئەو ڕێك و پێکی ژیان و ماددەی زیندوو هەروەها دروست بوونی لە ڕێگای ڕێکەوتەوە زۆر دوورترە لەم گریمانەی کە بە مەعریفەو زانست ڕوونکراوەتەوە.

لەم بارەیەوە یەکێك لە زانایان و پسپۆڕەکان بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ڕاستییە نوسیویەتی و دەڵێت: پڕۆتینەکان لە کەرەستە ئاوێتە سەرەکییەکانن لە تەواوی شانەی زیندەوارەکاندا، کە لە پێنج توخم پێکدێت و برتیین لە: کاربۆن و هایدرۆجین ونایترۆجین و ئۆکسجین و گۆگرد.

ژمارەی گەردیلەکان لەیەك بەشی بچوکی پرۆتینیدا دەگاتە(٤٠) هەزار گەردیلە.

بۆ ئەم مەبەستە زانای ماتماتیکی سویسری(چارلزیوچین جای) هەڵسا بە ژماردنی ئەو فاکتۆرانە، بۆی دەرکەوت کە دەرفەت لە ڕێگای ڕێکەوتەوە نارەخسێت بۆ دروست بوونی تەنها بەشێکی بچووکی پرۆتین لەوانەیە بە ڕێژەی (١) تا (١٠١٤٠) نەبێت واتا بە ڕێژەی (١ تا ١٠) کە (١٤٠) لە خۆی درابێتەوە ئەو ژمارەیە کە بە ووشە نە قسەی لەسەر دەکرێت و نە لەهاوکێشەشدا بەکاردەهێنرێت وە دەرنابڕێت ئەوجا چەندایەتی ئەو ماددەیە کە پێویستە بۆ ڕودان و پەیدابوونی ئەم هاوکێشەیە لە ڕێگای ڕێکەوتەوە

تەنها یەك گەردیلەی بچووك بەرهەم بهێنێت، دەبێت زیاتر بێت لەوەی كە هەموو ئەم بوونەوەرە گرتوویەتییە خۆی بە ملیۆنەها، هەروەها دروست بوونی گەردیلەیەك بەو شێوەیە لەسەر ڕووی زەوی لە ڕێگای ڕێكەوتەوە بە تەنها بلیۆنەها ساڵی پێویستە كە زانای سویسری ئەندازەی ئەمەی بە ساڵ داناوە لێكدانی ژمارە (١٠)لەگەڵ (٢٤٣) جار لە خۆی واتا (١٠٢٤٣)ساڵ.

ئێمە دەزانین كە مرۆڤ دارای چ ئالۆزی و ووردەكارییەكە لە چالاكی ئەقڵی و دەزگای دەماریدا، كە ئەم ئالۆزی و ووردەكارییە مرۆڤی شایستەی ڕێكخستنی هەست و بیركردنەوە و دەرك و هەڵسوكەوتەكان كردووە و دەتوانێت ئەم شایستەییە ڕێكبخات. هەروەك بوونی دەزگای دەماری و پلەی دەركی ئاژەڵ دەزانین، بەڵام مرۆڤ نەی دەزانی كە ڕوەكیش دارای دەزگای مەركەزی ئەوتۆیە كە چالاكییەكانی ڕێكدەخات بەو جۆرەی كە دەزگای دەماری چالاكییەكانی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ ڕێكی دەخات ئەمەش لەلایەن زانایەكەوە دۆزراوەتەوە.

زانای سۆڤیەتی (جوبار) پاش ئەوەی كە بیست ساڵی بردە سەر لە لێكۆڵینەوەی یەكاڵا كردنی ڕووەكدا ئاشكرای كردو دڵنیا بوو لە بوونی دەزگایەكی مەركەزی وەها كە تەواوی ئەركە سەرەكییەكانی ڕووەك ڕێكدەخات كە ئەویش لە مرۆڤ و ئاژەڵدا جیاوازی نییە، ئەم دەزگایە لە ڕێگای چەندین تەوژمی كارەباییەوە كاردەكەن وە بەڕێوەی دەبەن هەست و بەڵگە زانیارییەكان لە بەشێكەوە بۆ بەشێكی تری ڕووەكەكە دەگوێزنەوە، خێرایی ئەم تەوژمانە دەگاتە (١٩)م لە كاتژمێرێكدا بەم جۆرە ئەم بەڵگە زانستیانە وا دەردەخەن و دۆزیوانەتەوە لە تاقیگەوە بە ئێمەیان ڕاگەیاندوە و باوەڕیان هێناوە بە بوونی حیكمەت و نەخشەدانەرێك و ڕێكخستن و ڕەتكردنەوەی هەڕەمەكی (ئانارشیستی) ڕێكەوت لە هەر گەردیلەو شانەیەك، لە گەردیلەو شانەكانی ئەم جیهانە سەیرو سەرسوڕهێنەرەدا ڕێكی سیستەم و كارسازی ڕێكخراوەیەتی ئەم جیهانە دەكەینە بەڵگە لەسەر بوونی خالق و دروستكارێكی ڕێكخەری هوودەزان و دانا (الله).

من بەردەوام بووم لە قسەكانم لەگەڵ كاك بەهرۆز-دا لە ماڵی كاك عەبدوڵڵا هەموو گوێیان گرتبوو، زوو زوو كاكە عەبە ئەیوت چاك منتان خەڵتاند.

بەردەوام بووم لەباسەكەم و عەرزی مەجلیسەكەم كرد.

بەڵگەی دووەم لەسەر بوونی خالق و دروستکەرێکی مەزن:

سازێنەرو نەخشەکێشی ئەم بوونەوەرە مەحاڵە شتێکی ماددیی بێت.

ئیسحاق نیوتن ئەوەی دەرك پێ کردبوو کەسیستەمی بوونەوەر بەرەو ڕۆچون دەڕوات، سەرنجام لەقۆناغێك نزیك دەبێتەوە کە پلەی گەرمای هەموو پێکهێنەرەکانی تێدا یەکسان دەبێت لەمەوە گەیشتە ئەوەی کە ئەم بوونەوەرە دەبێت سەرەتایەکی هەبێت، هەروەك پێویستە بەگوێرەی نەخشەیەکی دیاری کراو سیستەمێکی وێنەکێشراوی داڕێژرا بێت، کە لێکۆڵەرەوانی ئاووهەوا بەتەواوی ئەوەیان سەلماندوە.

سێیەم: بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان).

بەڵگەی ئیمکان ئەو بەڵگە عەقڵییەیە کە زانایانی ئایدیای ئیسلامیی پەیڕەویان کـردووە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر پێویستی جیهان بە خالق و دروستکەرێك کە ناکەوێتە ژێر باری یاساکانی مومکینەوە.

لەم بـوارەدا زانیانی ئیسلامیی بوونەوەریان بەو جۆرەی کە عەقڵ دەرکی دەکات کردووە بە سێ بەشەوە:

یەکەم: بوونی مەحاڵ(نەبوو، نەکراو).

دووەم: بوونی مومکینی (جیهان).

سێیەم: بوونی واجب (الله).

ئەم دابەشکردنە لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێت کە هەموو ئەو شتانەی ڕەنگە ئێمە بیری لێ نەکەینەوە یان بە بۆچوون بۆی بچین خۆیان بەگوێرەی بەدیهاتنی بوونیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- بوونی مەحاڵ: بوونی مەحاڵ بریتییە لەهەر شتێك کەبۆی دەچین و دێت بە خەیاڵماندا مەحاڵە بوونی دەرەکی هەبێت، چەشنی کۆبوونەوەی دووشتی دژ بەیەك: وەك بوونی شتێك و نەبوونی لەیەك کاتدا، چونکە وەها شتێك مەحاڵە، هەروەها وەك بوونی شتێك بەبێ فەراهەم هاتنی هۆکانی بوونی، چەشنی بوونی دەنگ بەبێ خاوەن دەنگ، جووڵە بەبێ جوڵێنە... هتد.

- بوونی مومکین: بریتییە لە هەرشتێك کە ڕێژەی بوون و نەبوونی یەکسان بێت، جا نە ئەوەیە لەبوون نزیکتر بێت تا لە نەبوون، نە ئەوەیە لە نەبوون نزیکتر بێت تا لە بوون، جا هەروەك قابیلی بەدیهاتن و بوونە، بەو شێوەیە قابیل بە نەبوونە، هەروەها

ڕەنگە گیر بێت و ڕەنگە گیر نەیەت، بەڵکو بوون و نەبوونەکەی پێویستی بەهۆکارێك هەیە کەلایەنی بوون و نەبوونی شتەکە تا یەکالاّی بکات. تەواوی ئەوەش کە هاتۆتە دی و ئەوەشی کە دێتە دی لە جیهاندا دەکەوێتە بازنەو جوغزی ئیمکانەوە.

سەبارەت بە تێکڕای جیهان حاڵەتێکە هەر بەو جۆرەیە، چونکە جیهان بریتییە لە کۆمەڵێك ڕووداو و هۆکار و ئەنجام کەبەدوای یەکدا یەکیان لە یەکێکی ترەوە هاتوونەتە دی، کەوابوو هەرشتێك لەم بوونەوەرو گەردوونەدا هۆکاری شتێکی تر، ئەنجامی هۆکارەکان لەیەك کاتدا، هەموو جیهان هەر بەو جۆرە لە وزەو بەشەکانی ئەتۆم و گەردیلەو تا ئەستێرەکان.

تەواوی بوونی ئەم جیهانە بە قۆناغی ئیمکان بوون و نەبووندا تێپەڕیوە، وەك چۆن کتێب و کورسی و وێنەکە بە نموونەکەی ئێمەدا بەم قۆناغەدا تێپەڕین.

هەڵبەتە سەرجەمی تاکەکانی جیهانیش بەم قۆناغەدا تێپەڕیون و پاشان وورده ووردە شت لەدوای شت هاتوونەتەدی، هەندێکیان لە هەندێکیانەوە پەیدابوون و هاتونەتە گۆڕێ تا ئەم شێوە تەواو کاملەی لێپەیدا بووە، کە خۆی بریتییە لە کۆمەڵێك شتی مومکین و دەشێ و ناشێ، جا هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد مومکین لە قۆناغی ئیمکان دەرناچێت بۆ قۆناغی هاتنەدی، مەگەر لەپاش پەیدابوون و فەراهەم هاتنی هۆکارەکە نەبێت، دەنا هەروا لەقۆناغی ئیمکاندا دەمێنێتەوە و هەرگیز بوونی نایەتە دی.

کەواتە مومکین و فەلسەفەکەی چەندین تایبەتمەندی وسیفەتی خۆی هەیە کە بریتییە لە:

(ا) یەکسانی ڕێژەی بوون و نەبوون: ئەگەر هۆکارەکەی پەیدابوو ئەوا ئەویش پەیدادەبێت، ئەگەر هۆکارەکەی پەیدا نەبوو ئەوا ئەویش لە ڕووی بوون ونەبوونەوە بەستراوە بە شتێکی ترەوە.

(ب) دەرچوونی لە ئیمکان بۆ بوون: پێویستی بە سەبەب و هۆکارێك هەیە، ئەو هۆکارەش لە نێو چوارچێوەی سروشتیدا، خۆی بریتییە لە کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی وەك ئەوەی کە لە تەواوی بوونەوەردا هەیە لە مرۆڤ ئاژەڵ و ڕووەك و ڕووداوە کردەوەکانی مرۆڤایەتی و.....هتد، چونکە جیهان لەناوەوەی بنیادو بیناسازی خۆیدا کۆمەڵێکە لەو هۆکارو ئەنجامە مومکینانە پێویستیان بە سەبەب و هۆکارێکی زۆری سروشتی هەیە.

لەو حاڵەتەدا وا پێویست دەکات کە ئەم زنجیرەیە تا بێ بڕانەوە بەردەوامی هەبێت کە ئەمەش مەحاڵە، لەبەرئەوەی کە عەقڵ بەڕوونی دەرك بە بێهودەیی زنجیرەیی دەکات، کەوا بوو هەر دەبێت هۆکارێکی یەکەم لە ئارادا بێت، کە خۆی هۆکارە لەپەیداکردن و هێنانە کایەی تەواوی مومکینەکاندا، خۆی ناموکینە، واتە بوونەکەی زاتییە و نەبەستراوە بەشتێکی ترەوە، ئەوەش واجب بوونی واجب پێویست دەکات.

سێیەم: بوونی واجب کە کۆتایی وەڵامەکەمانە، چونکە وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەو کەسەیە کە دەپرسێت لە هۆی تەڕ بوونی جلوبەرگی کەسێکی تر و پێی دەڵێت: ئەم تەڕاییە وا بە جلەکانتەوە لە کوێوە هاتووە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: لەسەر فەرشێکی تەڕ دانیشتبووم تا تەڕاییەکەی گەیشت بە جلەکانم، دیسان پرسیارێکی تر لە پرسیارەکەدا دروست دەبێت دەڵێت: ئەی فەرشەکە لە کوێوە تەڕایی پێ گەیشتبوو؟ پرسیار لێکراویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: پەرداخێك ئاو ڕژایە سەر فەرشەکە لەبەرئەوە تەڕ بوو، ئیتر پرسیار کەرەکە لە پرسیارکردن ڕادەوەستێ و هیچی تر ناڵێت چونکە ناپرسێت: ئەی تەڕاییەکە لە کوێوە گەیشتووە بە ئاوەکە؟

چونکە ئاو سەچاوەی تەڕییە، کۆتایی وەڵامەکەشە (واجب الوجود) واتا (بوونی پێویست کە خوای پاك و بێگەردە) هەر بەم جۆرەیە کە کۆتایی وەڵامەکە وەردەگیرێت هۆکارەکان هەر لە لای ئەوەوە کۆتاییان پێ دێت.

(هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) الحديد ٣

واتە: هەر ئەوە سەرەتایەو کۆتاییەو دیارەو نادیارەو هەر ئەوە کە ئاگاداری هەموو شتێکەو ئاگایی و زانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

بەم جۆرە دەگەینە دۆزینەوەی دەرککردن کۆتایی فەلسەفە لێرەدا دێت یاخود ئا لێرەوە فەلسەفە سەر دەبڕدرێت هەموو هاوکێشەی فەلسەفەی لێرەوە دەبێت خۆی بخاتە ناو تابوتی مەرگ، چونکە کە دەرککردنی مرۆڤ بە دەرککردنی بوونی واجب وەك هۆکارێك بۆ تەفسیرکردن و لێکدانەوەی کەرەسە مومکینەکان، هەروەك زانیمان بەشی ئەقڵ و هۆشی دەرك کەرەکانیش دان بەبوونی ئەم پێویستیەدا دەنێن.

من ئا لێرەدا فەلسەفە ئەتك دەکەم کۆتایی بە گەڕان بە دوای بوندا دەهێنم و ڕوو دەکەمە تاکە خوایەك کە دروستکەری هەموو ئەرزو ئاسمانەکانە.

ئەم هۆکارەش بە نیسبەت تەفسیرکردنی جیهانەوە ئەو کەرەسەیەیە کە ئێمە زاراوەی

(بوونی پێویست)ی لێدەنێین، ئەو بوونی پێویستە خوای پاك و بێگەردە.

کەوا بوو دەرکی سێیەم هەموو قۆناغەکان دەبڕێت و دەچێتە قۆناغی بوونی پێویست کە بوونی پەروەردگاری پەروەردگارە کەواتە لە ڕووی فەلسەفییەوە دوو بەشمان لە هاوکێشە کە وەرگرت:

یەکەم: بوونی مەحاڵ.

دووەم: بوونی مومکین.

لێرەدا وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد فەلسەفە ئەژنۆی دەشکێت لە سێیەمدا بوونی واجب خۆی فەرز دەکاو بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت کە زۆر خەڵکێکی کەم هەن کە نەگەیشتونەتە بوونی واجب ئەوانیش کەسانێکی ناوازەو دەرون نەخۆشن.

بەم جۆرە دێمە کۆتایی ئەنجامێکی ڕاگیرانەی ئەقڵی، بریتییە لەوەی کە جیهان پەیدابوێکی بوون مومکینە، پێویستی بە خالق و دروستکارێك هەیە ئەویش خوای بوونە کە پێویستە بەم پێیە بەڵگە زانستی و ئەقڵییەکان بریتی بوون لە بەڵگەی ڕێکی سیستەم، بەڵگەی بزواوتن لە خۆ نەبزواوتن، بەڵگەی ئیمکان، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە خالقێك و داهێنەرێك هەیە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەو پەروەردگارە دووەرە لە سیفاتی ئەم جیهانەوە بەم سیفەتانە ناناسرێت ئەویش خوای پاك و بێگەردە ئەم بوونە لەوەوە دەرچووە هیچ شتێك لەو ناچێت، ئەو تاك و تەنهایە بێ نیازە دەوڵەمەندە لە کەس نابێت و لە کەسیش نەبووە، ئەو زیندووکەرەوەو مرێنەریشە وە ئاگادارە بەسەر هەمووانەوە.

پاش ئەوەی هەموو سەرچاوەکانم پێ وتن، مەجلیس هەموو بێدەنگ بوون.

شەو بەسەردا هات من و کاك مەلا محەممەد وتمان دەگەڕێینەوە بۆ هالە، بەڵام وتم باسەکەمان تەواو نەکردووە یان تۆ وەرە بۆ لامان یان من دێم بۆلات.

بەهرۆز: باشە، بەپەلە ڕۆیشت...

ئێمەش گەڕاینەوە بۆ هالەو کاك عەبدوڵا-مان لای مەهنازخان بەجێهێشت.

بەرەو هالە کەوتینە ڕێ.

بەڕێگاوە بووین لەپڕ تەلەفون کرا...

کاك بەهرۆز وتی: فریاکەون، کاك عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کرد!

چیرۆکی شانزەیەم:

من و ئەفسانە

زۆرم بەلاوە سەیر بوو ترسام شەڕ ڕوویدابێت لە نێوانیاندا، تەلەفونم کردەوە بۆ کاك بەهرۆز گوێم لە دەنگی گریان و قسەو باسی ئەڵمانی بوو. ووتم: چیەو چی ڕوویداوە؟

بەهرۆز: پۆلیسی لێیە لەگەڵ ئەمبولانس وەرە دوایی قسە دەکەین. کە ووتی پۆلیسی لێیە من پێم خۆش بوو، چونکە باشترە پۆلیس پێش ڕۆشتنی ئێمە بگاتە ئەوێ، بە هۆکاری ئەوەی ئێمە ئاگامان لە ڕووداوەکە نیەو نابینە شاهید تێدا.

گەیشتینەوە ماڵی مەهناز خان هەموو ئەم باست و خواستەو مردنی کاك عەبدوڵڵا چەند سەعاتێکی کەمی پێچوو کە لە دوو سەعات و چەند دەقیقەیەك تێپەڕی نەدەکرد، چوینە لای مەهنازخان کچێکم بینی جلێکی زۆر عەجیبی لەبەردابوو چاوی ڕەش قژی ڕەش لێوی ڕەش لە شەیتان و شتی وا دەچوو فرمێسك بە چاویدا هاتبووە خوارەوە لەسەر دەم و چاوی جۆگەی ڕەشی دروست کردبوو، قاچی ڕووت شتێکی لە پێدابوو لە سفرە دەچوو هەموو ڕانی بەدەرەوە بوو. هەموو گیانی ڕەش بوو، ئیتر هەستم کرد ئەمە لە شەیتان پەرستەکانە، لە ئەوروپا پێیان دەڵێن «ساتانیست» من وامزانی ئەڵمانیە، چونکە هیچی نەوت.

مەلا محەممەد: دەڕۆم بزانم کفن پەیدا ناکەم چوو بۆ مزگەوتی تورکەکان لە هانۆفەر و کفنی هێناو منیش لەوێ ئەو کاتەی کە پۆلیس لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بە ئەمبولانس

هاتبوون، هەر بێدەنگ بووم تەنها چوومە لای مەهناز خان و ووتم: چی بووە؟

لەبەر گریان وەڵامی نەدامەوە، کاك بەهرۆز-یش بە ئەڵمانی قسەی لەگەڵ پۆلیس و خەڵکەی تردا دەکرد، دیار بوو بڕیاریان دابوو کە دەبێت کاك عەبدوڵڵا بەرنە خستەخانەو فەحسی بۆ بکەن و هۆکاری مردنەکەی بزانن دوای ئەوە دەتوانین کفنو دفنی بکەین و بە خاکی بسپێرین، من ئەو مەسافەیە زیاتر خەریکی قورئان خوێندن بووم بەسەریەوە، تەنها چوار ڕۆژ بوو کاك عەبدوڵڵا-م دەناسی بەڕاستی خۆشەویستی چووە ناودڵم هەستم کرد پیاوێکی زۆر سادەو بەڕێزە ئەو کاتەی کە دەستیاندایە وخستیانە ناو ئەمبولانسەکە ئیتر دەستم کرد بە گریان، بۆ زیاتر بۆ خۆم دەگریام نەك بۆ ئەو راستە خۆشەویستی لە دڵمدا هەبوو، بەڵام بەڕاستی مردن سامێکی زۆر گەورەی هەیە، بەڵام ئێمە زۆر سەرکەشین زۆر بە دەگمەن بیری مردن دەکەین.

ووتمان دەچین لەگەڵ تەرمەکەدا دوای فەحس دەیهێنینەوە، کەچی کاك بەهروز ووتی: کاك ماکوان ئەوە بەلای کەمەوە دوو ڕۆژی پێدەچێت و تەرمەکەی لە سەلاجەدا دادەنێنن(منیش بێدەنگ بووم)، چونکە من خاوەنی ئەوە باست و خواستانە نابم لەبەر وەی کە من بۆ خۆم میوانم شارەزایش نیم و پاشان ئەوانە هەموو خزمو کەسوکاری یەکترن.

ووتمان مادام وایە ئێمە دەچینەوە بۆ هالە و دوای دێینەوە، بەڵام ووتم من پێناچێت بگەڕێمەوە، چونکە منیش دوو بەیانی تەیارەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج. من خوا حافیزیتان لێدەکەم و بۆ خۆتان خۆشبن کاك بەهرۆز ئاگات لە مەهنازخان بێت ئافرەتێکی بەڕێزە. تکا دەکەم بڕۆو پێی بڵێ من داوای ئیزنی لێدەکەم.

کاك بەهرۆز زۆر بە ئەدەبەوە خۆشحاڵی دەربڕی کە بمێنمەوە.

ووتم: بەخوا ئیلتیزامم هەیەو ئیشوکارم بە جێهیشتووە.

مەهنازخان هات بۆ لام و بە دەم گریانەوە سەری خستە سەرشانم و بە کوڵ گریاو ووتی: ماکوان گیان مەڕۆ توخوا تۆو کاك مەلا محەمەد کفن و دفنی بکەن.

ووتم: من لەخزمەتاندام بەس ماڵو منداڵم تەنهان.

مەهنازخان: خۆم تەلەفۆنیان بۆ دەکەم.

منیش زۆر لەسەری نەڕۆشتم تەلەفونم کرد بۆ خێزانم کە بلیتی تەیارەکەم بۆ بگۆڕێت، بە مەهناز خاتوونم ووت: من لەخزمەتاندام، لە خوارەوەی شوقەکەیان لەگەڵ مەلا محەمەد هاتینە خوارەوە هەندێك کەسی لێبوون من نەم دەناسین بێجگە لە خێزانی کاك بەهرۆزو منداڵەکانی و دوو سێ کەسی تری.

لەپڕ شەڕ دەستی پێکرد لە دەرگای شوقەکەدا گوێم لە هاواری مەهنازخان بوو، قژی ئەو ئافرەتەی گرتبوو کە هەموو جلوبەرگو قژو گیانی خۆی ڕەش کردبوو ڕایدەکێشاو دەیکردە دەرەوەی شوقەکە.

ئەیووت: ئاخر کچم بەخێو کرد سەڵیتە دەرچێت، من نەم زانی سەڵیتە چییە تا ئەو کاتە واتا (سۆزانی).

بە پەلە ڕامانکرد کاك بەهرۆز دەستی ئەو کچەی گرتبوو ئەگریا چۆن گریانێك.

کاك بەهرۆز ئەیووت بەو کچە (ئەفسانە) بە قسەی بکەو بڕۆ.

ئەویش بە کوردی قسەی دەکرد، ئەیووت بۆ کوێ بچم ئاخر جێگام نییە.

منیش ڕامکرد بۆلای مەهنازخان.

ووتم: چییە؟

مەهناز: ئەوە نابێت لەماڵەکەمدا بێت.

ووتم: ئەوە کێیە؟

مەهناز: ئەوە کچم بوو، بەڵام لە ئێستاوە کچم نییە.

کاك بەهرۆز دەیووت بڕۆ! ئەویش بە گریانێکی زۆر سەیر دەگریا دەیوت جێگام نییە بۆ کوێ بچم.

ووتم: کە مادام جێگای نییە بۆ کوێ بڕوات ئەوە ئافرەتە.

وا هەستم کرد لە ئاهەنگێك شتێك بووە گەڕاوەتەوە.. لەسەر جلو بەرگەکەی لێ تووڕەن.

بە مەهنازخانم ووت: ئاخر خوا عەفوت بکات بۆ کوێ بڕوات ئەو بەسەزمانە، هەر هیچ نەبێت باخۆی بگۆڕێت هەموو گیانی ڕووتە بەم شەوە باوکی مردووە ئەوەندەی تر با لەسەری سەخت نەبێت، بیبەخشە بەمن.

مەهناز: لەبەر خاتری تۆ بابێتەوە سەرەوە.

چوم بۆ لای ووتم: خوشکی من بڕۆ دایکت دەڵێ بابێتە سەرەوە.

وامزانی دەڵێت باشە مالّت ئاوابێت، وەڵاّ ووتی: (دانکەشون).

منیش ووتم خوا موبارەکی کات، کاك بەهرۆز-م بانگکرد و ووتم: کاکە ئەوە چییە ئەو ئافرەتە؟

ووتی: ئەمە کچی مەهنازخانە ناوی ئەفسانە-یە، هەمیشە لەگەڵ کاك عەبدوڵاّ شەڕیان بووە ئەمشەو هاتۆتەوە دیسانەوە شەڕیان بووە، هۆکاری ئەو شەڕە بوو کاك عەبدوڵاّ توڕە بووە و دەڵێن جەڵدەی لێیداوە، بەڵام ئەم کچە کچی پیاوێکی ترە کچی

کاك عەبدوڵڵا نییە.

ووتم: کاك بەهرۆز ئەم سەرو وەزعەی بۆ وایە؟

بەهرۆز: کاك ماکوان ئەم کچە لە داخی کاك عەبدوڵڵا وای کردووە. ئەوە بۆ ماوەی چەندە هەر وا بوون، باسەکەیان دوورو درێژە.

کاك بەهرۆز کەوتە باسکردنی ئەفسانە بۆم، باسی ئەوەی کرد کە گوایە هەمیشە جەنگو هەرایان بووە لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا-دا پرسیاری ئەوەم کرد کە هۆکارەکە چی بووە؟

بەهرۆز: زیاتر کێشەی خانەوادەگی بووە، منیش زۆر لەسەری نەڕۆشتم پرسیارم لێنەکرد، گەڕاینەوە دوای ئەوەی تەرمەکەی کاك عەبدوڵایان بەرەو بۆ خەستەکانە برد، ئێمەش کەمێك ماینەوە دوای ئەوە هەڵساین و ئیتر بەرەو هاڵە ڕۆشتینەوە.

بۆ بەیانی تەلەفونمان کردەوە بۆ کاك بەهرۆزو مەهنازخان ووتمان تەرمەکەیان داونەتەوە ووتیان نا پێدەچێت سبەینێ وەریبگرینەوە.

چاوەڕێمان کرد تەلەفونکرا بۆ کاك مەلا محەمەد ووتی: با بڕۆین تا دەگەینەوە ئەوێ تەرمەکە وەردەگرنەوە. گەیشتین و تەرمەکەمان وەرگرتەوە من و کاك مەلا محەمەد شۆردمان و کفنمان کردو کردمانە سندوق تەسلیمی کۆمپانیای تورکەکانمان کرد کە لە مزگەوت بمێنێتەوە تا گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن.

خزمانی ئەوان هاتبوون زۆر خەڵکی لێبوو، هەر کەسێکم ئەبینی لەو مزگەوتە من نەمدەناسی کۆمەڵێك ڕەفیقی من و مەلا محەمەد نەبێت هاتبوون هەمومان نەدەگەیشتینە دەکەس، بەڵام ئەوان زیاد لە چەند خانەوادەیەك دەبوون، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر هاتبوو. ئاگام لێبوو ئەوەی کە منی دەناسی مۆڕەی دەکردو چپەیان بوو لە نێوانی خۆیاندا، تەنها یەکێکیان نەبێت ناوی کاك سەڵاح بوو خەڵکی مهاباد بوو یەکێك بوو لە بەرپرسەکانی دیموکراتی ئێران، هات بۆ لام و ووتی: خۆشحاڵم کە ئەتبینم لێرەو زۆر دەمێك بوو حەزم دەکرد بە خزمەتان بگەم.

ئەو کاك سەڵاح-ە پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو منیش زۆر مەمنونی بووم خۆشحاڵی زۆرم دەربڕی، لە تەعزیکە لە مزگەوتی تورکەکان ئاگام لێبوو کرابووە پێکەنین و حلکەو قسەی بێمانا، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو یەك دووبرا هاتن فاتیحەیان داخست ئاگام لێبوو پێدەکەنین.

منیش خۆم پێنەگیرا ووتم: ئەمە تەعزیە کێ ئەیەوێت قسەبکات با بڕواتە دەرەوە ئەویشی دەیەوێت فاتیحە دابخات بۆ کاك عەبدوڵڵا بە حورمەتی فاتیحەکە بگرێت،

ئەگەر بڕوای بە مزگەوت و فاتیحا نییە ڕێزیشی ناگرێت، با بڕوات لە دیسکۆیەك یان نادی و بارێك تەعزێکەی خۆی دابنێ.

دەنگ نەما کەس قسەی نەدەکرد بەس ئاگام لە هەندێکیان بوون وەك قومبەلە دەیانویست بەسەر منداا بتەقنەوە. کاك مەلا محەمەد ووتی: کاکە تۆ هەر خۆت تورە کردووە تازە قسەیەکیشمان بۆ بکە.

منیش دەستم کرد بە باسی مردن و ووتم: نەتان پرسیوە دوای ئەم ژیانە بۆ کوێ دەچین؟.. بیرم لەوە کردەوە کە باسێکی ئیمانی بکەم...

ئاخر بەشەر بۆ بیر ناکەیتەوە هەروا بە عەبەسی و بێهودەیی دروستکراوی ناگەڕێیتەوە بۆ جێگایەك کە دروستکەرێکت هەبێت.

ئینجا باسی مردنم کرد، کە مردن جۆری هەیە. هەیە دەمرێت بۆ ماوەیەك و پاشان زیندوو دەبێتەوە وەك گژوگیاو هەندێك لە درەختودار واتا ژیان و مردنیان دەوریيە.

مرۆڤیش بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوەو سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە.

باسی ئەوەم کرد کە مرۆڤ دەمرێتو بە دووجۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

یەکەم: دوای مردنی ئەگەر کەسێکی بێدین و خراپەکار بوو، چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: لەوکاتەی کە گیانی دەکێشن ناڕەحەتترین کاتییەتی و ئەوەندە بە ئازارەوە گیانی دەکێشرێت، کوردەواری دەڵێت زوخاو هەڵدەهێنێتەوە.

پاشان دوو فریشتەی ناشرین و لەبەرچاوی ئەو ترسناك کفنێکی بۆگەناوی پڕ لە پشکۆی ئاگری بۆ دەهێنن بۆگەنی ئەو کفنە لە هەرچی کەلاکی تۆپیوی سەر ئەم زەمینە هەیە ناخۆشترە. بەرزی دەکەنەوە بۆ بارەگای مەلەکوتی خوای گەورە بە چ ناوێك پێی ناخۆش بێت بەو ناوەوە بانگی دەکەن، فریشتەکان تەریقی دەکەنەوە باسی خراپەو گەندەڵییەکانی دەکەن.

خوای گەورە دەرگای مەلەکوتی خۆی بۆ ناکاتەوە ئەو فریشتانە لە ئاسمانەوە بەرێدەنەوە خوارەوە. لە فەرموودەکەدا هاتووە کە تەنها زریکەو هاواری ئەو مردووە ئازەڵەکان دەیبیستن ئەوەندە بەسوێ و ئەوەندە قورسە، لەو کاتەدایە خوای گەورە پێی دەڵێت ئەم کەسە لە دۆزەخییەکانە، ئەم حاڵەتەی کە بەسەر ئەو مردووەدا دێت ئەوکاتە لەسەر بەردەشۆرە یان ئەو کاتەیە کە دەیشۆن، دەموچاوی گرژ دەبێت خەڵکی وادەزانێت ئازاری پێگەیشتووە، بەڵام ئەوە بۆئەوەی کە پێیان ووتوە تۆ دۆزەخیت، پەنا دەگرم بەخوا لەو ئاگرە کە ئەگەر مرۆڤ بچێتە ناوی ڕۆژێك نییەو مانگێك نییە و هەزاران ساڵ نییە، بەڵکو هاتنە دەرەوەی نییە.

مردوو تا ئەوکاتەی کە تەواو دەبێت لە شۆردن و کفنی تێوە دەئاڵێنن حەز ناکات بیبەنە ناو گۆڕەکەی، چونکە دەزانێت دوایی حاڵو گوزەرانی چۆنە لە ناو گۆڕ بۆیە حەز ناکات بەزوویی بیبەن هاوار دەکات بۆ خەڵکی ئەو دەیانبینێت، بەڵام خەڵکە ئەو نابینن.

تا ئەو کاتەی ئەیخەنە ناو گۆڕەکەی خۆی و ئیتر دایدەپۆشن جارێکی تر ڕۆحی دەچێتەوە لاشەی هەڵدەستێت ڕابکات سەری دەکێشێت بە بەردی ئەلحەدا واتا ئەو بەردەی کە دانراوە یاخود ئەو گڵەیە کە بە سەریەوەیەتی یاخود سندوقەکەی، بەڵام ڕێگە نییەو ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بۆ لای خودا.

دوو فریشتەی دەموچاو ترسناك دێنەوە لای پێی دەڵێن خوای تۆ کێیە؟

ناتوانێت وەڵام بداتەوە، چونکە خوای نەبوو یان هەوەس پەرست بووە یان شەخس پەرست بووە یان حیزب پەرست بووە...

هەروەها دەڵێن ئەو کەسەی کە بۆمان ناردی ناوی محەمەد بوو شوێنی کەوتی؟

ئەویش دەڵێت نازانم باسی کێ دەکەن، ئیتر دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە ناو گۆڕەکەی دەڵێن ئەوە جێگای تۆیە لەم جێگایەدا تا ڕۆژی حەشر یاخود قیامەت. ئەویش شیوێکە لە شیوەکانی جەهەنەم، کە بە وەیل ناسراوە.

شێوەی دووەم: مرۆڤێکی دیندارو خواناسە کە دەمرێت چی لێدێت پێچەوانەی پیاو خراپەکەیە، کاتێك کە گیانی دەکێشن وەك ئەوە وایە بۆنی سێوێك بکات.

ئەوەندە بە ئاسانی ڕۆحی دەردەچێت، لەوکاتەدا دوو فریشتەی تر دێنە لای و کفنێکی بۆن خۆشی بۆ دێنن لە بەهەشتەوە. بۆنەکەی لە بۆنی هەرچی بۆنی عەتری سەر زەوەی هەیە خۆشترە ناوی «حەنوطە» کەلە بەهەشتەوە بۆنی پێداکراوە، پاشان کفنەکەی تێوە دەئاڵێنن بەرزی دەکەنەوە بۆ بارەگای مەلەکوتی خوای گەورە.

لەئاسمانەکاندا فریشتەکان بەچ ناوێك پێی خۆش بێت بەو ناوەوە بانگی دەکەن و باسی بۆن خۆشی دەکەن، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت ناوی ئەم کەسەم بۆ بخەنە لای پیاوچاکان و شەهیدان و ڕاستگۆکان.

باسی چاکەو باشەکانی دەکەن، ئەوکاتەی کە مژدەی بەهەشتی ئەدەنێ لە ئاسمانەوە، کە دێتەوە ئەو کاتەیە کە لەسەر بەردەشۆڕەکەیەو لە خۆشیاندا زەردەخەنە دەگرێت و خەڵکی دەوروپشتی کە دەیشۆن وا هەست دەکەن ماوەو خوتوکەی دراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خۆشی موژدەی بەهەشتە بەلاشەکەیشیەوە خەڵکی دەیبینێت.

ئینجا ئارەزومەندە خێراو زوو بیبەن بۆ قەبرو گۆڕەکەی. کە دەیخەنە ناو گۆڕەکەی ئینجا هەستەکات مردووە. دوو فریشتە دێنە لای و بە جوانی و چاکی وەڵامی پرسیارەکان

ئەداتەوە دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە گۆڕەکەیدا کە باخێکە لە باخەکانی بەهەشت تا قیامەت لەو جێگایەدا دەمنێتەوە.

قسەکانم تەواو کرد پرسیاری زۆر کراو منیش ئەوەندەی لە توانامدا بوو وەڵامم دانەوە.

گەڕاینەوە بۆ ماڵی مەهنازخان زۆرێك لە خەڵکەکە ڕۆیشتنەوە ئاگام لە کاك بەهرۆز بوو ڕقێکی چوو بووە دڵ کە بەو شێوە قسەم کرد هەستم دەکرد ئەیوست بم بوغزێنێت، بەڵام ڕێگەم نەدا. ئەوکاتەی کە قسەی دەکرد من یان سەرم دادەخست و ئیهمالم دەکرد یان یەکسەر مەوزوعەکەم پێدەگۆڕی ئیتر هەستی کرد ئەوەی ئەو دەیکات نەشیاوە منیش زوو ڕەدی ئەدەمەوە، بۆیە زۆر بەردەوام نەبوو لەسەر کارو ڕەفتارەکەی.

ئێوارە نزیك کاتژمێر شەش بوو ماڵەکەیان چۆڵ بوو من و مەلا محەمەدو کاك بەهرۆز و خۆیان بووین لەگەڵ هەندێك لە کەس و کارەکەیان. چوومە دەرەوە بۆ گەڕانێکی کەم، من سروشتم وایە زۆر لە جێگایەکدا ناتوانم دانیشم حەزم زۆر بە جوڵەیە. چپاندم بە گوێی مەلا محەمەد دا ووتم: کاك بابڕۆین ئیتر تەواو تاقەتم نەما.

مەلا محەمەد: کاکە هیچ نەبێت با تا سەعات نۆ لێرە بین نانێکمان لەم ماڵە خواردووە.

ووتم: ئاخر بۆیە لەگەڵ مەلا نەبیت باشە، چونکە هەمیشە خەیاڵی لای نانە.

کردم بە فشقیات و ووتم: مەلا محەمەد ناشێ چاوت بڕیبێتە مەهنازخان ئێستا بێوەژنە.

مەلا محەمەد: لە خوا بترسە!

ووتم: باشە «اللهم اجعلنا من المتقين» من هەڵسام و هاتمە دەرەوە زۆرم نەمابوو لەسەر پلیکانەکانی شوقەکە بێمە خوارەوە، گوێم لە دەنگێك بوو.

ووتی: کاك مەلا ماکوان؟

لە دڵی خۆم مدا ووتم مەلام بیستووە بەس مەلام نەبیستووە، کە ئاوڕم دایەوە تەماشام کرد ئەفسانە-یە کچی مەهنازخان ئەوەی کە لە جەماعەتی شەیتان پەرستەکان بوو هات و ووتی: کاك مەلا چی دەکەیت؟

ووتم: وەلا ئەچم پیاسەیەك دەکەم.

ئەفسانە: بێم لە تەکت؟!

ووتم: نەوەڵلا!

ئەفسانە: بۆ؟

ووتم: ئاخر من تەریق دەبمەوە بەو جلانەوە بێمە دەرەوە لەگەڵتا، تۆ خۆت نافەرمویت مەلا ماکوان، ئاخر مەلات دیوە بەو شێوە لەگەڵ خەڵك بێتە دەرەوە.

ئەفسانە: چیبکەم؟

ووتم: دادەگیان بڕۆ دەرپێیەك بکەرە پێت یان تەنورەیەك، ئینجا کراسێكو ئەو دەموچاوەت بشۆو پاشان ئەو تەلو فسفۆرە بکەرەوە لە دەموچاوت لە پاسکیلی جارانی من دەچیت، تۆ بەم هەموو جوانییەوە بۆ وات لە خۆت کردووە؟ تۆ دەزانی زۆر جوانی بەو هەموو ناسکییەتەوە بۆ خۆتت کردووە بە شەیتان.

ئەفسانە: باشە، بێسە.. بێسە ئیسە خۆم دەگۆڕم و دێمەوە، هاتمە دەرەوەی شوقەکەو چاوەڕوانی ئەفسانە-م کرد.

هاتەوە بینیم وابزانم پێنج دەقیقەی پێچوو، تەماشای جلوبەرگەکەیم کرد قەمصەڵەیەکی زلی کردبووە بەری و ملپێچێکی لە سەریدا شۆڕکردبوەوە لە داهۆڵ دەچوو، تەل و شتەکانی لە خۆی نەکردبوەوە. ئەمجارە زیاتر لە هێستری قاچاخچی دەچوو ئەوەندە گوڵنەی پێوەبوو.

ووتم: ئەوە بۆ وا خۆت کردووە بە پەن.

ئەفسانە: ئەی تۆ نەت وت خۆت داپۆشە؟

ووتم: با وام وت، پێشتر لە تەیری ئاوەڕوتکراو دەچوویت ئێستا لە شێت دەچیت.

ئەگەر نازانیت خۆت گۆڕی بە دایکت بڵێ بتگۆڕێ، بەڵام بە پێکەنینەوە پێمووت بگەڕێوە خۆت بە جوانی بگۆڕە وەك ئافرەتێکی خاوەن شەخسییەت. چاوەڕێت دەکەم، بەخوا ڕووم نایەت ئاواش بێمە دەرەوە لە مرۆڤێکی ئاسایی ناچیت ئەفسانە. بڕۆ خۆت بگۆڕە زۆر ئاسایی بە تکایە.

ئەفسانە: باشە، بەس تۆزێکم پێدەچێت.

ووتم: تا نیو سەعاتی تریش بۆ تۆ، منیش دەبێت تەلەفون بۆ خێزانم بکەم دەمەوێت بە ئیسراحەت قسە بکەم.

ئەفسانە: باشە.

من قسەم کرد لەگەڵ خێزانم و ئەویش تۆزێکی بۆڵاند بەسەرمدا ووتی: ئەوە بۆ نایەیتەوە ژنت هێناوە لە ئەڵمانیا؟ ووتی کیلۆنی دەرگای ماڵ دەگۆڕم تا دوو ڕۆژی تر نەیتەوە ئیتر دەستمانکرد بە قسە وابزانم زۆرمان پێچوو. لەپڕ یەکێك لە تەنیشتمەوە وەك جنۆکە پەیدا بوو بەدەنگی بەرز ووتی مەلا ماکوان من تەواو بووم؟

خێزانم ووتی: ئەوە دەنگە کێیە؟

ووتم: ئەوە کچێکی شێتە توخوا بانگم دەکات برۆم نانەکەم بخۆم، چونکە نەدەکرا بۆی باس بکەم کێیەو چییە ئافرەتیش بە سروشتی خۆی غیرەی هەیە لە دەنگی ئافرەتی تر.

کە تەماشام کرد نەمناسییەوە هەر چی قایش‌و قروش‌و تەلو مەل بوو لە خۆی کردبوەوە سەرپۆشێکی سپی جوانی دابوو بەسەریدا.

ووتم: ئەوە ئەم هەموو جوانیەت لە کوێوە هێناوە کچێ؟ مەبەستم لەو قسەیە ئەوە بوو بڵێ خوای گەورە پیبەخشیوم.

ئەفسانە: وەڵاڵا بڵێم چی، خۆم هەر جوانم.

ووتم: دەی وەڵاڵا ناشرینی لە ئۆمەتی محەمەد ناچیت، ئەوە مجاملە بوو بە ئینگلیزی پێم ووت بۆئەوەی تێبگات ووتم (کۆمپلمێنت بوو) بەس بەخوا لە شەیتانی مێ دەچی. لەمەشدا هەر مەبەستم بوو باسی ئاینی لەگەڵ بکەمەوە.

ئەفسانە: ڕاستە من شەیتانم! شەیتان ئەو هێزەیە کە توانای بە من بەخشیوە.

ئیتر ئەو قسەیەی خوا دای بۆ من ووتم: ناشێ ئەفسانە تۆ شەیتان پەرست نەبیت ساتانیستەکانی؟

ئەفسانە: ئەرێ!

ووتم: ئەرێت باقی نەبێت، توخوا تۆی بەچکە موسڵمان لە خوا ناترسیت بووی بەشەیتان پەرست، ئەی دەزانی خوا نەفرینی لە شەیتان کردووە ئەی ئەفسانەی شەیتان، بەڵام بە پێکەنینەوە بە ئوسلوبی حیوارەوە.

ئەفسانە: ئاخر شەیتان خراپەکارە با ئێمە چاکەی لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی لە شەڕی بە دوور بین! شەیتان پەرستی مەبەست ئەوەیە کە ئێمە خەڵکی دوور بکەین لە شەڕی شەیتان.

هەستم کرد ئەو من بانگەواز دەکات بۆ فیکرەکەی خۆی.

ووتم: ئێ ئەفسانە وەڵاڵا قسەکانت مەعقولە ئەم فەلسەفەی ساتانیستەکانە چیترت پێیە بۆم باسبکە.

ئەفسانە: مەڵێ ماکوان بەڕاستیتە یان شۆخی دەکەیت؟

ووتم: ئەفسانە نەك شۆخی، بەڵکو قەشمەریشم پێت دێت. بە خوای ئەم ئەرزو ئاسمانە خوشکی من بویتایە دەمکوشتی و لە قەبرسانی موسڵمانایش نەمدەهێشت بتنێژن. ئەزانی تۆ چەندە جینایەتکاری؟ تۆ وا دەزانی من وەك خۆت جاهیلم؟ تۆ دەزانی دوای چی کەوتویت؟

ئەفسانە: ئەرێ دەزانم بۆچی نازانم.

ووتم: وەلاّ فرِت پێوەی نییە، باشە پرسیارێك تۆ «کراولی» دەناسی؟..

کەوام ووت رِەنگی زەرد بوو.

ئەفسانە: ئاشناس.

ووتم: جا عەیب ناکەیت باسی مرۆڤ دۆستی و شتی وا دەکەیت. تۆ دەزانی شوێن چی کەوتویت؟

ئەفسانە: مەلاّ ماکوان چۆن ئەمە دەزانی؟

ووتم: توخوا مەلایەك ئەگەر مەلا بێت نابێت ئەوانە بزانێت.

ئەفسانە: یەعنی هەرچی مەلاّیە ئەمانە دەناسێت؟

خۆ من دەمزانی هەموو مەلا شتی وا نازانێت، زۆربەی مەلا لە هەندێك کتێب زیاتر هیچی تری لانییە ناچار ووتم: ئەرێ!

ووتم: بەڵێ ئەوەش دەزانێت کراول چەندە فاسد بوو خەڵکی بەریتانیا بوو ئەو ئەم فیکرەیەی و فەلسەفەی ساتانیستەی تەنزیر کردووە ئەو کردوێتە ئایدۆلۆژیا. لەگەڵ ولیام پالتث-ی شاعیر.

ئەفسانە: بۆ مەلاّ ماکوان تۆ ولیام پالتث-یش دەناسی؟

ووتم: پێت وایە من وەك تۆ بێ ئەقڵم، ئەشزانم کراولی سەرۆکەکەی تۆ کە پیاوێکی زل بوو شوی کرد بە پیاوێکی تر بەناوی (ئالم پێنکس) کە بەیەکەوە هەرچی کاری خراپە هەبوو دەیانکرد لە ئیتاڵیا لەبەر چاوی خەڵکی لە دوورگەی سیسیلیا کاری نەشیاو و شازیان دەکرد بە ئاشکرا تا دەرکران و دوایی چوو ملی شکاند بۆ سەحرای جەزائیر، لەوێ ووتی لەگەڵ شەیتان قسە دەکەم و بیرێکی نوێیان دامەزراند. هەر سێکیان بەیکەوە واتا (کراولی و ولیەم و ئالم)بە ناوی خاچی خونچە گوڵ. هەرسێکیان ووتیان خوا مانای نییە دەبێت ئێمە شەیتان بپەرستین ئەوەی لاشەمان پێی خۆشە بیکەین، چونکە ئەیانووت خراپەکارو شەڕخوازی ئیتر دەست پێدەکات ئێمە تۆ دەپەرستین شەیتان بۆ ئەوەی بە خلودی بمێنینەوە، ئەمە بنەما فەلسەفییەکەیان بوو.

ئینجا کراولی لە ناو شوشەی عارەق ئەو کەسانەی کە ماددەی هۆشبەریان دەخوارد مرد لەسەر شەقامەکانی فەرەنسا لە دوای خۆی نوسیبووی تا دەتوانن مەشروب بخۆن، تا دەتوانن هێرۆین بەکاربهێنن بۆئەوەی لە شەیتان نزیك بن.

ووتم: ها مەلاّ ئەفسانە تۆ بۆ قسە ناکەیت؟

ئەفسانە: جا چی بڵێم.

ووتم: بۆ ئەوەی بزانی من مێژووی هەموویان دەزانم و دەشزانم لەدوای ئەوان کەسێکی تر لە ساتانیستەکان و لە جەماعەتی ئێوە بە ناوی ئەنطوان لیڤی کە جولەکەیە خەڵکی ئیسرائیلە، بەڵام ئیسرائیل دەریکرد، لە ئەمریکا دەژیا لە ساڵی ١٩٩٩ بە ڕەسمی کەنیسەی شەیتانی بۆ کرایەوە، پاشان چەند کتێبێکی نوسیوە لەوانەی کە کراون بە عەرەبی و زمانی فارسی و بەشێکیش کوردی.

یەکەم: کش شەیتان.

دووەم: توقوصاتی شەیتان.

سێیەم: حەشری شەیتان.

چوارەم: یاداشتەکانی شەیتان.

زۆری تر کە بەداخەوە ئێستا لە هەولێرو سلێمانی و کەلار ئەمانە وجودیان هەیە، بەڵام وەك تۆ بێ چاو و ڕوو نین خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

ئەزانم کە لە کەناری دەریاو بە کۆمەڵ پیاو ژنتان بەیەکەوە ڕادەبوێرن، منداڵ کە لەدایك دەبێت سەری دەبڕن و بە ئاشکرا دەیخۆن و خوێنی یەکتر دەخۆن و هەرچی شتی خراپە دەیکەن. بەکارهێنانی مەشروب و جگەرەو ماددە هۆشبەرەکان لای ئێوە عیبادەتی گەورەیە کە شەیتان لە خۆتان ڕازی دەکەن. دەزانم کە لەناو ئەنتەرنێتدا زیاد لە ٧٤٧٥ مالپەرتان هەیە و لە لایەن دەزگای مۆسادی ئیسرئیل-یەوە پارە وەردەگرن و خۆم چوومەتە ناو مالپەڕەکانتان، کە بەناوی بەندەکانی شەیتان و کەنیسەی شەیتان و.....تاد، ئەفسانە بۆ قسە ناکەیت؟ حەز دەکەم گوێم لێت بێت.

ئەفسانە: کا ماکوان!

ووتم: ڕۆڵە ئەوە تۆ زمانت پاك نەبۆتەوە بە مەلا دەڵێیت مەلا و ئێستا لە جیاتی کاك دەڵێی کا، ئەرێ ڕۆڵە تۆ بۆ نایەیت کۆرسێکی زمان بخوێنیت.

دەستی کرد بەگریانێکی زۆر، چی لە ویێوە دەڕۆشت تەماشی منی دەکرد وایانزانی لێمداوە.

ووتم: ئەرێ دادە ئەوە بۆ دەگری؟ کچێ حەیای منت برد. ئێستا من دوور دەکەومەوە کە تەواو بووییت چڵمەکەو بسڕەو وەرەوە بۆ لام.

من دورکەوتمەوە لە ترسا ئەوم بەجێهێشت، ئەوەندە گریانەکەی قوڵ بوو.

لە دوورەوە تەماشام کردو خۆم لێ ون نەکرد، وەڵڵا ووردە وردە هاتەوە بۆ لام پێدەکەنی.

لە دوورەوە ووتم: ئاقڵ بوویت بووی بە خواپەرست یان هەر لە جەماعەتی شەیتانی.

ئەفسانە گەڕایەوە بۆ لام کە هاتەوە نزیك بوویەوە، لە دڵی خۆمدا ووتم سوپاس بۆ خوا کاریگەریم هەبووە لەسەری، بۆیە دەگریا.

ووتم: ئەفسانە چی وای لێکردی کە بگریت؟

ئەفسانە: ماکوان حەزم لە هێرۆینە نە پارەم پێیەو نە دەستیشم دەکەوێت بۆ ئەوە دەگریم.

من بینیم گیانی دەلەرزێت وامزانی لە ترسی خوایە، کەچی ئەمە موعتادەو وەك خۆیان دەڵێن گەردی بوو.

ئەفسانە: ماکوان توخوا چیت دەوێت ئەتدەمێ، ئەگەر ئەتوانی پارەم بدەرێ با هێرۆین بکڕم.

زۆر گوناح بوو دەستی کردەوە بەگریان ئەو کچە جوانە زەلیل بووبوو، لەبەردەستما ئامادە بوو بۆ دەرمان لاشەی خۆی بە من بفرۆشێت، چونکە فێر بووە ئەو کارە ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی دەرمانەکەی.

ووتم: ئاخر ئەفسانە من پارەم پێیە بەس نازانم لە کوێ هەیە، ئەوە پارە جا چۆن دەستت دەکەوێت بەم ئێوارەیە؟

ئەفسانە: تۆ پارەکەم بدەرێ خۆم دەیکڕم ئێستا.

ووتم: باشە چەندت دەوێت؟

ئەفسانە: ٦٠ ئێورۆ....

ووتم: فەرموو، کە پارەکەم دایە یەکسەر بە جێی هێشتم و ڕۆیی. منیش وەك ئەهلی ئەم ئیسلامەو عەشایەر ووتم باشە خۆ ئەم ئافرەتە لەگەڵ منداا بووە هیچ نەبێت تا دەیبەمەوە ماڵەوە ئاگام لێی بێت، لە دوورەوە ووتم: ئەفسانە مەڕۆ با منیش بێم.

هەر وەڵامیشی نەدامەوە، بەڵام من شوێنی کەوتم، زیاد لە نیوسەعات ڕۆشت، دوایی سواری پاس بوو منیش سەرکەوتم چوومە لایەوە.

ئەفسانە: مەڵا ئەوە بۆ هاتی؟

ووتم: ئاخر مەڵا پیاوە ئافرەتێك بە تەنها جێناهێڵێت، ١٠ ئێورۆم دایە ووتم بڕۆ بلیت ببڕە با نەگیرێین، بە خوا ١٠ ئێورۆکەشی خستە گیرفانی.

ئەفسانە: نایەوێت لە ئەڵمانیا کەس پارەی پاس نادات.

- خۆم چومە لای شۆفێرەکە ووتم: بلیتێکم بدەرێ.

ووتی: بۆ کوێ دەچی؟

ووتم: نازانم، بەخوا جنێوێکی پێدام وای زانی پێی ڕادەبوێرم.

دابەزین من لەگەڵ ئەفسانەدا ڕۆیشتم خۆمانکرد بە دیسکۆیەکدا یان بار بوو، کۆمەڵێك خەڵك دانیشتبوون چووە لایان پارەکەی دایەو یەکێکیان هەڵسا چوو بۆی هێناو بردیانە ژورێك سبحان الله، منیش لە دووڕەوە تەماشای ئەو وەزعەم دەکرد هەستم کرد مرۆڤ لای ئەم ئەوروپیانە چەندە هەرزانە، چەندە درندەشن بەرانبەر بە مرۆڤ. ناخۆشترین کات و ساتی ژیانم بوو هیچم بۆ نەدەکرا، ئەو ئەڵمانیانە تیایاندابوو بەقەدەر نیو لۆری دەبوو مۆڕەیان لێ دەکردم منیش هەر لە مۆڕە زیاتر دەسەڵاتم نەبوو، چونکە تازە ناچاریبە ئێمە ناچاری دەرگای ئەم خەڵکەین.

کوڕێکی گەنج هاتە تەنیشتمەوە، ووتی: تۆ چی ئەفسانەی؟

ووتم: تۆ کوردی؟

ووتی: بەڵێ، من لەم بارە کار دەکەم.

ووتم: ئەوە بردیانە کوێ ئەو کچە بۆ خاتری خوا.

ووتی: ئێستا دەیهێننەوە تا دەتوێتەوە.

ووتم: برای باش چی دەتوێتەوە.

ووتی: دەرمانەکە لە لاشەیدا.

ئیتر خەریك بوو ئەو دڵەم شەقی دەبرد، خۆم پێ ڕانەگیرا ناچار خۆم کرد بە ژورەکەدا تەماشام کرد ئەفسانە لەو عەرزەدا پاڵ کەوتووە. هەر ئەوەندەم زانی منیش قاچم لە زەوی بڕا سەیری خۆمم کرد بەدەست زلێکی ئەڵمانییەوەم هەموو گیانی نەخشونیگار بوو، ئەو هەتیوە لە کەوانتەرەکەی ماڵی نەنکم دەچو باپیرم لەلایەکەوە خۆی بۆیاخی کردبوو

بۆیاخەکەی هەڵی دابوو، وابزانم ٤٠ ڕەنگ بوو.

ئەویش شین و سورو مۆر لەسەر دەموچاو و گیانی بوو، وەڵا من لە تاو ئەوەی کە نەم خنکێنێت بە دەستییەوە بووم وەك تەزبێح، هەتا توانیم یەك کەلەم لێدا، باش بوو داینامەوە سەر زەوی. ئەوەندەم زانی لەو دەمو چاوانەی ئەو سیان چواڕێکم بۆ هەڵسا، منیش ڕامکردە لای ئەو کوڕە کوردە.

ووتم: کاکە چەقۆیەکم بدەرێ خێرا با خۆم دەربازکەم لەم سەگانە.

خوا هەڵناگرێت ئەویش هاتە دەست لەگەڵم بە ئەڵمانی دایبەیەکدا من هیچ تێنەگەیشتم. بە خوا ئیشارەتی کرد بۆ چەقۆیەك لە پشتی خۆیەوە بوو دەستم پێگەیشت ئەو زلانە وەك بەفر توانەوە، هاوارمکرد بە ئینگلیزی پێم وتن سەرتان دەبڕم، لە فیلمی ئەمریکی فێر بووبووم ئەو خێرەی هەبوو فیلمەکە بۆم.

خواخواشم بوو خۆم دەرچم و ئەو کچە دەرکەم لەو تاریکستانە. بەو کوڕە کوردەم ووت: ئەی ئەو کچە چۆن بهێنمە دەرەوە، ئاگام لێبوو وورده وورده چونەوە بۆ لای کابرا قەڵەوەکەی کە من کەلەم لێدابوو لوتو دەموچاوی خوێنی پێوە بوو بۆ ئەویان پاك دەکردەوە.

ووتم: کاکە هەرچیت کردووە ئەفسانە-م بۆ بهێنە دەرەوە، زۆر مەمنونت دەبم.

ووتی: کاکە خۆ ئەفسانە ئەمە جێگایەتی، یەکەم جاری نییە دێتە ئێرە.

ووتم: ئەزانم بەس بۆ نەگەبەتی ئەمڕۆ لەگەڵ من هاتۆتە دەرەوە منیش میوانم دەبێت بیبەمەوە.

- ووتی ئاخر بێ هۆشە.

ووتم: من دەچمە دەرەوە، تۆ وەك برایەکی باش ئەو کارەم بۆ بکە.

ووتی: بێخەم بە.

هاتمە دەرەوەی ئەو باڕە ڕێك لە قەبر دەچوو، ترسام دیسانەوە ئەو ئەڵمانیانە هێرشم بۆ بهێن، ئەگەر چەقۆیەکم پێبوایە ترسم نەبوو هیچم پێنەبوو ئەوانیش زیاد لە ٩٠ بۆ ١١٠ کیلۆ دەبوون. منیش ٦٨ کیلۆ بووم ئەترسام بەتەنها هیچم پێنیەو ئەوانیش چوار پێنجێکن بەڕاستی لەوە دەترسام کەرامەتم بشکێنن. بۆیە ناچار هاتمە دەرەوە لە دوورەوە وەستام خۆم کرد بە جێگایەکدا ناوی لیدڵ بوو، دوو چەقۆی گەورەی مەطبەخم کڕی و وەك سازۆکی خستمە پشتم و یەکێکی تریشم خستە بەر سکم.

زۆر داخم لە دڵدا بوو ووتم: دەگەڕێمەوە بۆ باڕەکە، خۆم کرد بە باڕەکەدا بە تورەییەوە تەماشای ئەو جەماعەتەم کرد هیچیان نەووت. ئەوانیش سەیریان کردم و دەنگیان نەبوو و نەجوڵان، کوڕە کوردەکە هات بۆ لام ناوی حەمید بوو خەڵکی کەرکوك بوو.

حەمید: بۆ گەڕایتەوە؟

ووتم: وەڵڵاهی ئەمەوێت شەڕ لەگەڵ ئەوانە بکەم.

حەمید: ئەو کوژن کوڕە.

ووتم: هاتومەتەوە بۆ ئەوەی بکوژرێم زۆر داخم لەدڵدایە، جا بەڕاستی زۆر بێتاقەت بووم. ئەو جەماعەتە ئەڵمانیە ترسان هیچیان نەوت وایانزانی خەڵکم لە دەرەوە داناوە، چونکە حەمید ووتبوی ئەم کوڕە کوردە ئێستا ئەچێت ڕەفیقەکانی ددهێنیت و دێتەوە بۆ لاتان جا خۆشتان توشی پۆلیس مەکەن.

ووتم: حەمید گیان یەك دوو جنێوی ئەڵمانی باشم فێرکە با داخی دڵی خۆمیان پێ

بڕێژم، دوو شتی پێووتم ڕێك چوومە نزیکیان پێم ووتن سەیری هەر چواریانم کرد سەرو تفم تێکردن دەستم لەسەر چەقۆکەش بوو ئەترسام فریانەکەوم بیەوەشێنم.

وەڵڵا ئەوان چرکەیان لێوە نەهات. حەمید داینام لەسەر کورسییەك و ساردییەکی بۆ هێنام خواردم هەر ئەو دوو جنێوەی فێری کردبووم هەر ئەوەم دەووتەوە، ئەوانیش هەر حسابیان بۆ نەکردم. ئەفسانە هاتە دەرەوە سەرو گوێلاك خۆڵاوی سەرپۆش لەمل، زەلیل، گێژ.

دەکەوت بەملاولادا چاوی فرمێسکی پێوە بوو زەردەخەنەش لەسەر لێوی بوو، من کەبینیم ئەوەندەی تر شێت بووم، ئەوەی بەدەممدا هات.

سوپاسی حەمیدم کردو هەردوو چەقۆکەشم دایە بۆ خۆی، ئەفسانە-م بردە دەرەوە، پارەشم پێنەما بوو هەمووی لەسەر کارتەکەم بوو. ئەفسانە-ش ئاگای لە خۆی نەبوو پاش کەمێك ووتم تەکسی بگرە ناونیشانو ئەدەرسی ماڵی خۆتان بڵێ ماڵت کاول بێت، کە تەماشای سەعاتم کرد یانزەی شەوە.

گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بردمە سەرەوە بۆ لای مەهنازخان.

- کاك مەلا محەمەد: خۆ قەرار بوو من و تۆ زوو بڕۆین؟

ووتم: توشی ڕوداوێك بووم ئێستا بۆت باس دەکەم.

ئەفسانە-م بردە ژورێك.

مەهنازخان: چیبوگە؟ ماکوان گیان.

ووتم: کوڕە مەهنازخان تۆ بەڵات هەیە، کەی ئەوە کچە خەریك بوو توشی شتێکی زۆر گەورەم بکات.

مەهنازخان: ماکوان گیان ئەوە حاڵو گوزەرانی منە، کەباسەکەم گێڕایەوە مەلا محەمەد تورە بوو، دەیوت ئێستا دەچین ئەژدادیان دەسوتێنین.

ووتم: برا وازبهێنە خواخوام بوو نەجاتم بێت.

مەلا محەمەد: با بڕۆینەوە بۆ هاله.

ووتم: باشە بابڕۆین، من هەڵسام خواحافیزی بکەم کۆتایی بە میوانداریەکە بهێنم بەڕاستی ماندوو بووم لە ئەڵمانیا. هەڵسام ووتم مەهنازخان من دەڕۆم.

مەهناز خان: ماکوان گیان دەبێت تا شەش سەعاتی تر لێرە بیت ئەوە قانونە.

ووتم: بۆ؟

مەهنازخان: ئاخر پۆلیسمان ئاگادار کردووە کە تۆو ئەفسانە چونەتە دەرەوە، چونکە ئەفسانە لای پۆلیس دۆسیەی هەیە دەبێت بمێنیتەوە تا بەئاگا دێتەوە، چونکە تۆ

لەگەڵیدا چویتە دەرەوە ئاگاداری بوویت بۆ ئەوەی هەرچی ڕووبدات تۆ شاهیدی لەو حاڵەتەدا، ئەم قسەیەشت بۆیە پێدەڵێم بۆ ئەوەی نەبادا دوایی خوانەخواستە شتێك ڕووبدات ئێمە ڕوو زەردی لای تۆ بین.

ئەوەندەی تر بێتاقەت بووم، ووتم: مەلا محەمەد تۆ بڕۆ بەیانی یەك دەبینینەوە، شەو مامەوە زۆر ئاسایی من لەسەر قەنەفەکەیان خەوتم و بەیانی هەڵسام مەهنازخان نان و چایی بەیانی ئامادە کردبوو. منیش تێرو پڕم خوارد، ئەفسانە-م هەر نەبینی نەشم دەویست ببینم.

خواحافیزیم کرد لە مەهنازخان و ووتم: من بەیانی دەگەڕێمەوە بۆ نەرویج خواتان لەگەڵ.

هاتمەوە بۆ ماڵی مەلا محەمەد، دوای ئەوە تا شەو پێکەوە بووین پاشان مەلا محەمەد منی گەیاندەوە فڕۆکەخانەی فڕانکفۆرت و گەڕامەوە بۆ ئۆسلۆ، نەرویج.

لە دوای ١٣ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ نەرویج، ژیانی ئاسایی خۆم دەست پێکردەوە.

دوای چەند ڕۆژێك لەگەڵ مەلا محەمەد قسەمان کرد بە تەلەفۆن و باسی ئەو وەزعەمان کردەوە ووتم: تەلەفونت نەکردووە بۆ مەهنازخان؟

مەلا محەمەد: نەخێر

ووتم: باشە ئەگەر ژمارەکەت لایە بمدەرێ با من پەیوەندییان پێوە بکەم، ژمارەکەم وەرگرت، دوای ٨ مانگ بۆ ٩مانگ ڕۆژێك تەماشای ژمارەی ناو مۆبایلەکەی خۆمم دەکرد، ناوەکەی مەهنازخان هاتە بەر چاوم. دەستم پێداناو ڕاستەوخۆ تەلەفونم بۆ کرد.

مەهنازخان وەڵامی دایەوە، ووتم ماکوانم هەر حەزم کردووە هەواڵت بزانم. زۆر قسەمان کردو هەواڵی خێزانمی پرسی و پاشان منیش هەواڵی ئەفسانە-م لێپرسی. مەهنازخان: ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێت ئەفسانە مردووە.

ووتم: چۆن بووە مردنەکەی؟

مەهنازخان: خۆی کوشت!

ووتم: چۆن بوو خۆ کوشتنەکەی؟

مەهنازخان: پۆلیس پێی ووتوین، دەستی کرد بە گریانێکی بە کۆڵ و بەردەوام بوو ووتی ماکوان گیان بێکەس خۆم لەم ووڵاتە، زۆر دەردە دڵی کرد. منیشی خستە گریان زۆر ئازار گەیشت بە گیانم ووتم ئێستا چی دەکەیت؟

مەهنازخان: توشی فەقەرات بووم لە جێگام، ناتوانم کار بکەم ئێستا لە ماڵی خۆمدا نیم لە سالمەندانم.

ووتم: واتا ئێستا لە خستەخانەی؟

مەهنازخان: خستەخانە نییە، بەڵکو شوێنی پەکەوتەکانە.

ماکوان گیان بۆ نایەیت بۆ لام، وەرە تۆزێك قورئانم بەسەردا بخوێنە.

ووتم: بەخوا بۆم ناکرێت، بەڵام پەیمان بێت هەر دەرفەتێکم بۆ دروست بوو سەردانت بکەم.

شەو چوومە پاڵتاك لە ژووری دەنگی ئیسلام دەرسی مامۆستا باوەڕ بوو دوای تەواو بوون بە جووتە خۆمان کرد بە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان و تۆزێك سەرو دڵی ئەوانمان گرتو هاتینە دەرەوە.

ئەو موزوعەم بۆ باس کرد ووتی: ماکوان ئەوە بۆ نایەیت بۆ لامان بۆ ئەڵمانیا حەز دەکەم لە نزیکەوە بت بینم.

ووتم: وەڵاڵا دەمێکەیە نەهاتووم، بەڵام هەوڵ ئەدەم بێم. کاتەکانمم ڕێکخستەوە دوای یەك دوو مانگ ڕۆشتم بۆ ئەڵمانیا، دیسان لە فرانکفۆرت دابەزیم ئەوەندە تامەزرۆ بووم پورزاکەم و خاڵۆزایەکم هاتن بە شوێنمدا لە خۆشیاندا جەنتاکەم لەبیرچوو لەناو پاسەکە کاك فەهمی ووتی: ماکوان کوا جانتات پێنییە؟

ووتم: بەڕێ وەڵاڵا، بەس لە ناو پاسەکەدا جێمان هێشتووە. لەو پاسەی کە لە فرۆکەخانەوە دێتە ناو فرانکفۆرت بەجێماوە، بە دەستی بەتاڵ بێ هیچ بەیەکەوە ڕێکەوتین بۆ نۆرمبێرگ. دوو شەو زۆر بە خۆشی لای کاك زاناو کاك فەهمی بووم لە نۆرمبێرگ.

بلیتم بڕی چوومە هانۆڤەر تا چاوم بکەوێت بەو ئافرەتە بەڕێزە تەلەفونم کرد کەسێك بە ئەڵمانی وەڵامی دامەوە هیچ تێنەگەیشتم.

چوومە چایخانەی تورکەکان نزیك مزگەوت بوو، زۆری نەمابوو بۆ نوێژی عەسر لەگەڵ کاك سەلمان بادینییەك بووم بە ڕەفیق و ووتم لەم قسانە تێناگەم، بەڵکو- بۆم بکەیت بە کوردی، تێمگەیاند ئەمە ژمارەی ئافرەتێکە لە شوێنی پەکەوتوەکانە دەیناسم دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم و بڕۆمە لای.

کاك سەلمان: باشە، دەستی کرد بە قسەکردن و دوای دایخستەوە و ووتی ئەو ئافرەتە چی تۆیە؟

ووتم: هەر کوردەو لێرە ناسیومە.

باوەشی پیاکردم ووتی: بۆ خۆت خۆشبی، مردووە عەمری خوای بەجێهێناوە، وایزانی دەگریم و باوکە ڕۆ دەکەم.

ووتم: خوا عەفوی کات، دەتوانیت بلیتێکم بۆ ببڕی بۆ ڤوبەتاڵ؟

چوومە ماڵی مامۆستا باوەڕو دوو شەو لەماڵی ئەوان بووم ئێوارەیەك لە ماڵی کاك باوکی بەهەشت و شەوێکیش لە ماڵی کاك عومەر سەلەفی ناسراو بە کاك بڵند. ئەو چەند ڕۆژە زۆرخۆش گوزەراندم لە ئەڵمانیا حەقی جارەکەی ترم کردەوە. کاك باوەڕ منی گەیاندەوە بۆ فرانکفۆرت و گەڕامەوە بۆ نەرویج.

مەراقم بوو بزانم ئەم ساتانیستانە دەگەنە چی، مەرگی ئەفسانە و دایکی و کاك عەبدوڵڵا زۆر ناخۆش بوو کاریگەری خۆی هەبوو.

بەداخەوە ئێستا لە کوردستان لەم جۆرە بیروباوەڕانە زۆرە.

چەند نمونەیەك لەوانە:

لە سابونکەران لە سلێمانی زیاد لە ٢٠ لاو گیراون کە هەموو بەیەکەوە کاری سێکسیان کردووە هەمووشیان کوڕن.

لە هەولێر بە ئاشکرا هەن و لە هەفتەنامەی باس دا چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتیان لەسەر کرابوو..

لە ناوچەکانی تر لە شێوەی گروپ و ڕێکخراودا دەردەکەون.

ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو ئەم گروپەوە لە کۆتایدا دەبێت خۆیان بکوژن یاخود شێت بن.

هەندێك زانیاری لەسەر ئەم گروپی شەیتان پەرستانە لە جیهاندا.

ئەمانە تەنانەت لە ناو شاری مەککەی پیرۆزدا هەن لە یەکێك لە کۆڵانەکانی شاری مەککە من ئارمەکەیانم بینیوە لەسەر دیوار بۆیاخ کراوە، کە ئەستێرەیەکی پێنج چوکلەیەو بۆ خوارەوە شۆڕە پێچەوانەی ئەستێرەکەی داود.

بارەگایی سەرەکییان لە ئەمریکایەو پاشان ئیسرائیل و ئینجا وڵاتی میسر.

لە ئەوروپا زۆرن، بەڵام پۆلیس چاودێریان دەکات لەڕاستیشدا کۆنترۆڵ ناکرێن.

ڕۆژێکیان هەیە لە هاویندا بەرواری ٦/٦ ی هەموو ساڵێك یادی دەکەنەوە، چونکە پێیان وایە ڕۆژی لەدایك بوونی شەیتانە، هەموو بە کاری شازو ئاشکراو قیزەونەکانیان دێنە دەرەوە.

ژمارە سفریان زۆر لا پیرۆزەو گۆرانیەکیان هەیە کە هەموویان لەبەریانە بەناوی ڕێگای فراوانی دۆزەخ.

لە کاتی عیبادەتیاندا بۆ شەیتان ئافرەتێکیان بە ڕووتی خۆی خوێناوی دەکات و دەست ئەدات لە پێشی پیاو و ژنان بۆ پیرۆزی بەندایەتیەتەکەیان گوایە شەیتان ئەمەی

پێخۆشە.

مۆسیقایەکیان هەیە بەناوی ڕێگا بەرەو بەهەشت کە دەبێت وەك مناجات و قورئانی موسڵمان و ئینجلی مەسیح و تەوراتی جولەکە ڕۆژانە گوێی لێ بگرن.

دەبێت تەنها گوێ لەیەك تیپی مۆسیقا بگرن ئەویش ناوی ڕۆکی لیدز بینغن.

باشترین گۆرانی بێژیان کە دەبێت گوێ لێبگرن ناوی ڕۆڵین ستونە، کە گۆرانییەکەی قسە وتنە بەخوا و بەرزڕاگرتی شەیتانە، فێرکردنی ئەو خەڵکەیە بە خۆوسیتی و ئەنانیەت.

جۆری مۆسیقاکان سێ جۆرە کە پزیشکەکان دەڵێن ئەم جۆری مۆسیقایە کاردەکاتە سەر دڵ و مێشکی مرۆڤ وای لێدەکات کە خۆی بکوژێت بێ ئەوەی بترسێت، ناوەکانیان بریتیە لە:

یەکەم: مەعدەنی ڕەش بەئینگلیزی پێی دەوترێت (بلاك مێتاڵ)

دووەم: مەعدەنی ڕەق بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (هارد مێتاڵ)

سێیەم: مەعدەنی مردن بەئینگلیزی پێدەوترێت(دێث مێتاڵ)

دژی هەموو جۆرە ئاینێکن.

ئەوکەسەی کە دەیەوێت زیاتر لە شەیتان نزیك بێتەوە، دەبێت هەموو جۆرە مەی و مەشروب و ماددەی هۆشبەر بخوات و بخواتەوە، بۆ ئەوەی زۆر مەست بێت، پاشان خوێنی یەکتر دەخۆن. هەموو جۆرە سێکسێك دەکەن بە پیاو ژن و گەنجیان پیاو لەگەڵ پیاو ژن لەگەڵ ژن هیچ جۆرە قەدەغەکراوێك نییە، هەموو کارێکی نەشیاو دەکەن بە کۆمەڵ دەیکەن پیێیان وایە شەیتان ئەو کارەی پیرۆز کردووە. لە کەناری دەریاکاندا ئەو کارە دەکەن.

ئافرەتیان کە سکی پڕ دەبێت لە پێنج مانگیدا سکەکەی پێ لەباردەبن دەبێت خۆی لە خوێنەکەی بخواتەوە.

منداڵ سەر دەبڕن گۆشتەکەی دەخۆن و دەیکەنە قوربانی بۆ شەیتان بەدەستی دایکی خۆی.

هەوڵی زۆریان بۆ فێربوونی سیحرو جادووە.

خاوەنی زیاد لە ٧٤٧٥ پێگەی خۆیانن لە هەموو دونیادا بەربڵاون.

ئەمەی کەباسم کرد پەیامی منە بۆ دایکو باوکان بۆ لاوەکان خۆیان بپارێزن لەم جۆرە فیتنانە، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەروپان نەهێڵن منداڵەکانیان تێکەڵ ببن بەم جۆرە خەڵکانە.

چیرۆکی حەقدەیەم:

من و گوڵی سور

ساڵی ٢٠٠٦ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی پالتۆك چەند کۆڕیکم گرت لە ژووری کوردستان یونایتد، بۆتین سەرپەرشتی دەکرد کۆڕێك بوو لەسەر مافی ئافرەت، دوای تەواو بوون کەسێك پەیوەندی پێوەکردم بە ناوی گوڵی سور سلاوی لێکردم، وەڵامم نەدایەوە تا درەنگ لەبەرئەوەی تایبەتی ترم زۆر لەگەڵ بوو لە پالتۆك. دەرچوو لە پالتۆك منیش وەڵامی سلاوم دایەوەو بەجێمهێشت، دوای ئەو لە تایبەت (پرایڤێت) نوسیبوی (ماکوان تۆ جاشی عەرەبی، بۆ خزمەت بە کورد ناکەیت خزمەت بە ئیسلامی عەرەبی شۆڤێنی دەکەیت، بۆ خزمەت بە محەمەد دەکەیت کچێکی هێناوە تەمەنی ٩ ساڵ بووە).

وەڵامم نەدایەوە لای خۆم سڕیمەوە کە نەتوانێت هیچ نوسینێکم بۆ بنێرێت.

پاشان بەناوی سورەگوڵ هاتەوە، دیسانەوە بە ئەدەب سلاوی کرد، وەڵام دایەوە، ووتی: کاك ماکوان جیاوازی یەهودی و ئیسلام چییە لە عونسوریەتدا، ئێوە وەلاءو بەرائتان هەیە، ئەوانیش هەر وەلاءو بەرائیان هەیە خۆیان بە گەلێکی پێشەنگ دەزانن بۆ هەموو جیهانایان، ئێوەش هەروان.

بەم شیوەیە وەڵامم دایەوە: بەڕێز سورەگوڵ ئەم باسە زۆری دەوێت بە نوسین کات زۆر دەبات ئەگەر مایکت هەیە بە دەنگ بۆتی شی دەکەمەوە.

سورەگوڵ: ببورە مایکم نییە.

بۆم نوسی: ببورە منیش کاتم نییە.

سورەگوڵ: ئاخر من کچم مایك ناگرم.

بۆم نوسی: دەی خوشکی من تۆ قسە مەکە، من قسە دەکەم بەس گوێ بگرە، من داوای قسەم لێنەکردویت.

بەجێی هێشتم و وەڵامی نەدامەوە، پاش کەمێکی کە پەیوەندی پێوەکردمەوە ووتی:

ئاخر منداڵەکانم خەوتوون ئەکرێت کاتێکی تر بێت.

ووتم: بەڵێ ئاساییە.

شەوێکیان ئەو ناوەم بینی لە ژووری دیدی نوێ، من قسەم دەکرد باسی سیرەی پێغەمبەرم دەکرد، ئاگام لێی بوو دەینوسی بە حقدەوە نوسیبووی (محەمەد هەرچی جولەکەی نیشتیمانی عەرەب و بوو کوشتی و دەریکردن ئیتر باسی چی دەکەن، کەی محەمەد ڕەحەمەت بووە).

کاك ئاوات کەرکوکی ئەدمینی ژوور لە نوسین وەستانی تا من تەواو بووم.

ووتی: بەڕێز هەر پرسیارێکت هەیە فەرموو مایك بگرە با ماموستایانی ژوور وەڵامت بدەنەوە.

سورەگوڵ: من مایك ناگرم ئافرەتم.

کاك ئاوات ڕێگای پێدا کە بە تێکست بنوسێت، نووسی بۆ عەلمانی بە کافر دەزانن و ئەوەی لە خۆتان نەبێت سەری دەبڕن؟ بۆ نابێت لەم ژوورەی ئێوە ئافرەت قسەبکات؟

کاك ئاوات وەڵامی دایەوە: بۆ ڕاست ناکەیت ئەوە نییە ئێمە پێت دەڵێین مایك بگرەو قسەی خۆت بکە، تۆ خۆت مایکت نییە! ئیتر بۆچی ئێمە ڕێگەت پێنادەین.

قسەیەکی بەکاك ئاوات ووت، لەوەڵامدا پێی ووت: ماددەم قسەت بە خۆم ووت هیچ ناڵێم، مرونەتی نواند چونکە خۆی ئەدمین بوو.

لە پرایڤت بۆی نوسیبووم: من ناڵێم ئێوە عونسورین بەس خۆتان خۆشدەوێت.

هیچ وەڵامم نەدایەوە.

دوای هاتەوەو ووتی: وەرە با بەمایك قسە بکەین.

منیش لەڕووی فزولیەوە ووتم: باشە، هەستم دەکرد ئافرەت نەبێت، چونکە ئافرەت ئەوەندە لەسەر شت ناڕوات، پاشان من مایکم بۆ نارد. قسەی نەکرد ووتی: مایکم ئیش ناکات، واهەستم کرد درۆدەکات.

ووتم: ئاخ کورد درۆو پارەو خیانەت، هەر بۆ خۆشی.

پاشان ووتی: ماکوان! بۆئەوەی بزانیت من ئەفسەرم لە سوپای ئیسرائیل ڕۆژانە بەدەیان موسڵمان دارکاری دەکەم، ڕۆژێك دێت تۆش ئاوا دارکاری بکەم.

زۆر ڕقم هەڵسا ووتم: ئاخر ئەو کاتەی کە توانیت مایك بگریت و بووی بە پیاو لەئافرەتی دەرچووی دڵنیام دەتوانیت.

من وا تەعاملم لەگەڵ دەکرد کە پیاوە، بۆئەوەی بیشکێنم دەمووت تۆ ئافرەتی، بەڵام دیاربوو بەوە تووڕە نەبوو، شانازی بە ئافرەت بوونی خۆیەوە کرد، چونکە پیاو بە

تبیعەتی حاڵ بڵێیت لەژن دەچیت پێی ناخۆشە!

ئیتر هەستم کرد ئافرەتەو بلۆکم کرد، چونکە کاتی ئەو هەموو چەلەحانێیەم نەبوو لەگەڵی.

دوای چەند ڕۆژێك هاتەوە بۆلام بە ناوی روسا، دوای سلاو ئەم پرسیارەی لێکردم.

نوسی ئایا لە ئیسلامدا ڕێگا دراوە ئافرەت شوو بکات بە پیاوی مەسیحی یان جولەکە؟

بەنوسینەکەیدا هەستم کرد ئەمە سورەگوڵ و گوڵی سورە، بێ پەردە ووتم: تۆ فلان کەسی؟

بە ڕاشکاوانە ووتی: بەڵێ

ووتم: لەبەرئەوەی بێئەدەبیت کردووە وەڵامت نادەمەوە.

گوڵی سور: من لەسەر دووڕیانێکدا وەستاوم، دەمەوێت موسڵمان بم. زۆریش لە ئیسلام دەخوێنمەوە، بەڵام هەرچی دەکەم قەناعەتم بۆ دروست نابێت.

ووتم: من ئامادەم وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بۆ دەستەبەر بکەم، ئەگەر خۆشم نەمتوانی لە ماموستا کرێکار دەپرسم بۆت، ئەو دەمە ماموستا کرێکار لە زیندانداا نەبوو، بەڵام بە مەرجی ئەوەی ڕاستگۆ بیت لەگەڵمدا.

سورە گوڵ: من پەیمانت ئەدەمێ ڕاستگۆ بم.

ووتم: چۆن بڕوات پێبکەم؟

سورە گوڵ: سوێندت بۆ دەخۆم بەخوا!

دەستم کرد بە پێکەنین و ئیشارەتی پێکەنینم بۆ نارد کە ئەوە بەتاڵە، چونکە من هەست دەکەم بڕوات بە خوا نییە.

گوڵی سور: لە تۆ زیاتر بـڕوام بە خودایە ماکوان، بەڵام بـڕوام بە ئیسلام نییە. قسەیەکی کرد قەناعەتی پێکردم ئەویش ئەوە بوو ووتی: ئەگەر هەستت کرد ڕاستگۆ نیم یان بۆ کات بەسەربردن قسەدەکەین ئەوا دەتوانیت ئیتر بەیەکەوە قسە نەکەینەوە.

ووتم: فەرموو من ئێستا لە خزمەتام ئەو دوای کرد کە بچینە تایبەت بە مایك قسەو ئاخافتن بکەین.

ڕۆشتین من مایکم نەگرت ئەو مایکی گرتو زۆر بە جوانی سلاوی کردو ووتی: من ناوم ئاڤانە خەڵکی کوردستانم، بەڵام لە تەلئەبیب دادەنیشم خانەوادەکەم هەموویان کوردن، کوردستانم خۆش دەوێت و حەز بەناوی کورد دەکەم.

چەند پرسیارێکم هەیە لەناو تۆڕی پاڵتۆك تۆم دیوە حەز دەکەم پەیوەندیمان هەبێت و موتابعەم کردویت لە ژیانتدا جدیت، هیچ ڕۆتیناتو قسەوباسی ناو پاڵتاکت نییە، تەنها

بۆ مەبەست دەتبینم لەناو پاڵتاکدا لە کوێدا جدیات بوو تۆ لەوێدا هەی دیفاع لە ئیسلام دەکەیت. بۆیە ڕووم لە تۆ کردووە، من کچێکم تەمەنم ٢٦ ساڵە.

پاشان مایکی ئازاد کرد بۆ من ووتی: فەرموو تۆش قسەی خۆت بکە.

منیش مایکم گرتو سلاوم لێکرد ووتم: ڕاستە تۆ ئەفسەری ئیسرائیل-ی و ئازاری موسڵمانان ئەدەیت بەس ئەوەم بۆ ڕوون بکەرەوە.

گوڵی سور: نا- بەس تەنها بۆ ئیستفزازی تۆ بووە ئەو کاتە، ئەگینا من تەنها ئەندازیارم و هیچ پەیوەندیم بە سەربازییەوە نییە و حەزیشم پێی نییە.

ئینجا من کەوتمە پرسیارو ئەوم هێنایە ژێر پرسیار.

ووتم: چی دەکەیت لە ئیسرائیل و کوردیشیت، لەکەیەوە لەوێیت؟

گوڵی سور: لە ٣١ ئابەوە چوینە ئەمریکاو پاشان بە عەقدی کار باوکم هاتووە بۆ ئیسرائیل باوکم لەگەڵ یەکێك لە ڕێکخراوەکان کار دەکات، ئینجا دەستی کرد بە قسەو باسو دەردە دڵ...

هەستم کرد کارێکی موخابەراتی لەپشت ئەمەوەیە!

پرسیارە موخابەراتییەکانی لەگەڵ منداء ئەو شەوە کە قسەمان کرد باسی هەندێك ژیانی خۆی کرد کە ماڵیان لە سلێمانی لای ابوسناء وە بووە، ئینجا ئەوەی درکاند کە ئەمان مەسیحی بوون. لەدوای ئەوەی باوکی لەگەڵ ئەمریکییەکان کاری کردووە، کە ٣١ ئاب پارتی حیزبی بەعسی هێناوە، ئەمان مونەزەمەی ئەمریکی بە لجوئی سیاسی هەموویان بەرەو ئەمریکا ڕۆشتوون و باوکی بە گرێبەندێکی کارکردن لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی کار دەکات لە ئیسرائیل و لە ساڵی ١٩٩٧ هاتونەتە تەلئەبیب، هەندێك ووتەی تری ئاسایی. (کە ئەمانە هیچی نەچوو بە مێشکی منداء واهەستم دەکرد درۆم لەگەڵ دەکات) ئەو شەوە منیش باسی خۆمم بۆ کرد کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەوروپام بە هۆکاری نەبوونی کارو کەسابەت و بۆ بونیادنانی کەسایەتی خۆم هاتومەتە ئەوروپاو لە ولاتی خۆم هیچ کێشەیەکی سیاسیم نەبووە وەك تەعاروف و یەکترناسین، یەکترمان بەجێهێشت، من باسی هیچم بۆ نەکرد، چونکە لەگەڵ خێزانم سەیری زنجیرەیەکی ئێرانیمان دەکرد بەناوی پاورچین.

بۆ ڕۆژێکی تر لە ناو پاڵتۆك هاتەوە بانگی کردم بۆ ژورێکی تایبەت، بە مایك ئەم پرسیارانەی لێکردم.

گوڵی سور: سەلەفی جیهادی چییە؟

ووتم: ئەمە قوتابخانەیەکی فیکری ئەهلی سوونەتو جەماعەیە، باس لە مەنهەجێك

دەکات، کە پێشینانمان چۆن ڕەفتاریان کردووە. خۆشیان بەو کۆمەڵە دەزانن کە لە ناو فەرموودەی پێغەمبەری نازادارد (ﷺ) بە تایفەی حەق یاخود (طایفه المنصوره) دەزانن، کە هەمیشە لە خەباتو شۆڕشو کۆششدان.

گوڵی سور: ئیخوان کێن و چین؟

ووتم: قوتابخانەیەکی ئەهلی سوننەتە پڕلە شۆڕش و خەباتە بۆ گەڕاندنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئایدۆلۆژیایی ئیسلامی، لەسەردەمی حەسەن بەننناوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دامەزراون، تا ئەم سەردەمەی کە ئێستا من و تۆ قسە دەکەین و سوپاس بۆ خوا بە هێزو بازوی ئیخوان بوو کە سینا لە ئیسرایل-ی داگیرکەر پاککرایەوە، (لەوکەتەدا پێکەنینێکی نوسی بۆم)، منیش مایکم ئازاد کرد.

گوڵی سور: حیزبی تەحریر کێن؟

ووتم: کۆمەڵیك موسڵمانی ئازاو بە جەرگن، هەوڵ و خەباتیان بۆ گەڕاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامییە سوپاس بۆ خوا لە ناو فەڵەستینییەکاندا زۆرن بە تایبەت لە ئەورپادا و تایبەت تریش لە دانیمارك، هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە حوکومەت و خیلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنن تەنها بە ئەدەبیاتی ئیسلامی دوور لە هەموو ئەدەبیاتێکی تری ڕۆژئاوایی یاخود ڕۆژهەڵاتی، بەڵکو تەنها ئیسلامی.

گوڵی سور: کاك ماکوان تۆ کامیانیت لەم سێ قوتابخانە؟

ئیتر هەستم کرد ئەمە هەروا سادە نییە، بە دڵنیایەوە ئەمە پرسیاری موخابەراتییەو لە سەرێکەوە سەر دەردەهێنێت، ئینجا هەستم بەوە کرد کە ئەم ئافرەتە کەسێکی سادە نییە.

ووتم: جاتۆ ئەم پرسیارەت بۆچییە بۆ لە ژیانی شەخسی من پرسیار دەکەیت؟ ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.

هیچی باس نەکرد لەسەر ئەو مەوزوعە، چووە سەرباسێکی ترو ووتی: تۆ گوێ لە موزیك دەگری؟ حەڵاڵە یان حەرامە؟

هەستم کرد ئینجا ئەو خۆی دزیەوە لە پرسیارەکەی من.

ووتم: ووتم من بۆخۆم گوێی لێدەگرم، بەڵام هانی کەس نادەم بۆئەوەی گوێی لێبگرێت، پاشان منیش نەمکردووە بەعادەت کە گوێ بۆ موزیك بگرم پێناچێت بە مانگیش گوێ لەموزیکێکی تایبەت بگرم، مەگەر دەنگی موزیکی دەنگو باسو تەلەفزیۆن بەگشتی، من باس لە حەڵاڵ و حەرام ناکەم، چونکە ئەوە ئیختلافی لەسەرە.

گوڵی سور: ڕات چۆنە بۆ مافی ئافرەتان؟

ووتم: هیچ بڕوام به مافی ئافرەتان نییە.

گوڵی سور: ئەی چۆن؟

ووتم: لەبەرئەوەی من بڕوام بە مافی مرۆڤ هەیە، پیاو و ژن لە ئەنجامی ئەو مافی مرۆڤەوە دەیبینم کە خوای گەورە بۆ ژنیش و پیاویش دەستەبەری کردووە لە ئیسلامدا ماف دراوە، بەڵام لەهەموو بەرنامەو ئایینەکانی تردا ماف بەزۆر دەسێنرێت، جیاوازیەکە ئاسمان و ڕێسمانە، تێگەیشتی یان زیاتر ڕوونی بکەمەوە؟

گوڵی سور: تێگەیشتم.

هەستم کرد ئەم ئافرەتە خەڵکی تر لە تەنیشتیەوەیە و فێری قسەی دەکات و پرسیاری فێردەکات، دەیانەوێت من بخوێننەوە، لە ئەنجامی قسەکانم من و ناخم باش بناسن و بیخوێننەوە.

گوڵی سور: کاك ماکوان ئەگەر لە جەنگێکدا منت بەردەست بکەوێ چیم لێدەکەیت؟ دەمکەیت بە کەنیزەك بۆ خۆت؟

ووتم: وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە موخابەراتییە ئەوەیە زۆنی جەنگەکە دەستنیشانی دەکات، تۆ وەك جوندی و سەربازی ئیسرائیلی دەست من بکەویت، ئەوا مامەڵەی دیلت لەگەڵ دەکەم، چونکە سەردەمی کەنیزەك نەماوە ئەو یاسایە لە ئیسلامدا ئێستا کاری پێناکرێت، چونکە لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتانی جەنگدا مامەڵەی دیل بوو، یاسای کەنیزەکی نەساپاند. لە جیهادی ئەفغانیشدا بەهەمان شێوە ئەفغانییەکان کە سەربازی ئافرەتی ڕووسییان دەگرت هەر مامەڵەی دیلیان لەگەڵدا دەکرا، ئەگەر ان‌شاءالله من تۆم گرت ئەوا مامەڵەی دیلت لەگەڵ دەکەم، خۆ ئەگەر دوژمن کە ئێوەن مامەڵەی کەنیزەکتان لەگەڵ ئافرەتانی موسڵمان کرد، ئەو کات ئەمیری موسڵمانان ئەمری دەرکرد منیش تۆ دەکەم بە کەنیزەك بۆ خۆم، یان ئەگەر زانیمان دوژمن کە دیسانەوە ئێوەن ئافرەتانمان دەکوژن ئەوە بەدڵنیاییەوە منیش ئەتکوژم بۆئەوەی چیتر موسڵمانان نەکوژرێن وەك وەڵامێك بۆ کردارەکەی ئێوەی دوژمن. هەڵبەت ئەم باسانە زیاتر دەخوازێت، پێویستی بەرووبەرووبونەوەی فقهی جیهاد هەیە.

گوڵی سور: کاك ماکوان من شوت پێ بکەم دەمهێنیت دەبم بە موسڵمان؟

کچە ئیسرائیلیە کوردەکە، جوانییەکەی سەرسامی کردم

لەدوای ئەوەی کە پرسیاری کرد ئایا کاك ماکوان من ئەگەر موسڵمان ببم شوت پێبکەم دەمهێنیت؟ بە دەنگێکی ناسك و پاشان بە زەردەخەنەوە، هەستم کرد ڕاست ناکات.

سبحان الله- ئەو دڵە وەك فەرش لوول بوو، خوا ڕەحەمی کرد خێزانم لە تەنیشتمەوە حازر بوو، ئینجا هەستم کرد زانایانی ئەم ئیسلامە خەڵوەتی ئافرەتیان هەروا بە ئاسانی حەرام نەکردووە، بەتایبەت لەم چاتە ساردو سڕانەوە.

پاشان بۆ خۆم لە دوو ڕیانێکدا بووم، ویستم قسەکەی پێ ببڕم و بە جدی وەرینەگرم.

وەڵام دایەوە و ووتم: خێزانم دانیشتووە بۆ حورمەتی خێزانم هیچ وەڵامێکت نادەمەوە، هەرچەندە ئەمە بۆ خۆی ڕازی بوون بوو، ئاگاشم لێیبوو خێزانم تورە بوو، بەڵام بۆئەوەی جارێ خێزانم هێوربێتەوە، پەیوەندیم بە خوشکێکییەوە کرد کە شارەزابوو لە هاککردن، پاشان کوڕێکی بەڕێزی ترم دەناسی بارزانی بوو نازناوی کاك«خرپن» بوو، کوڕێکی بەڕێز بوو لەو بوارانەدا شارەزابوو، هەڵێکی باش بوو لەسەر خەت بوو، ئینجا داوای لێبوردنم لە گوڵسور کرد ووتم خەڵکی ترم لەگەڵدایە قسە دەکەینەوە.

خێرا لەگەڵ کاك خرپن و تارای خوشکی خێزانم دەستمان کرد بە قسەو مەوزوعەکەم بۆ باسکردن کە من داوای لێدەکەم کامێرا بکاتەوە، پاشان ئێوە وێنەیم بۆ بگرن، چونکە من ئەو شتانە نازانم.

تارا: من ئەوەت بۆ دەکەم، بەڵام دەبێت بێمە ناو کۆپیوتەرەکەتەوە.

ووتم: باشە، داوام کرد لە خرپن کە ئەویش ئایپی ئەدرەس و جێگاو مەکانیم بۆ ئاشکرا بکات.

خرپن: دەبێت من چاوم لە نوسینەکانی بێت تۆ وێنەیەکی خۆتی بۆ بنێرە با بتبینێت من بە وێنەوە نازانم چی هاوپێچکرد لەگەڵیدا، گرنگ ئەوە بوو ئەویش ووتی دەبێت بێمە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە.

ڕێگام دا بە هەردووکیان، پاشان چوومەوە بۆ لای گوڵی سور.

ئاگادارم کردەوە ووتم: جا ئەم قسەیەت بەڕاستە کە دەتەوێت موسڵمان بیت؟

بۆی نوسیم بەڵێ!

ووتم: باشە ئەی بۆ شودەکەی بە من؟ ئەوە چەند برای ترمان هەیە ژنیان نییە بۆ شوناکەیت بەوان. نمونەی دووبرام هێنایەوە، یەکێکیانم باش لەبیرە کاك ئەبوودەردا بوو، من زۆر بەجدیم بوو، چونکە ئەو کوڕێکی جوان خاس بوو.

گوڵی سور: نا من بەس شوو دەکەم بە تۆ.

لەم حاڵەتەدا شتێکی زۆر عەجیب ڕوویدا، برایەکی تر لە ژوورەکەدا پەیوەندی پێوەکردم ناوی کاك «نەسرەت» بوو ئیزنم لێخواست کە خەڵك لە پێسێکەمدایە ئەوم وەستاندا، پاشان بە ڕووسام ووت باشە من چۆن بزانم تۆ ڕاست دەکەیت من ڕازیم، بەڵام بەمەرجی ئەوەی ئەبێت بتبینم.

گوڵی سور: وەرە بۆ ئیسرائیل.

ووتم: من ناتوانم بێمە ئیسرائیل، تۆ وەرە وڵاتێکی عەرەبی، یان هەر وڵاتێکی تری ئەوروپی من دێم بۆ لات.

گوڵی سور: باشە.

ووتم: تۆ منت دیوە؟

گوڵی سور: بەڵێ وێنەی تۆم لە دەریای نور بینیوە.

خرپن: پێی بڵێ کە تۆ ئەوت نەدیوە با کامێرات بۆ بکاتەوە.

منیش پێم ووت.

گوڵی سور: من کامێرات بۆ دەکەمەوە.

کامێرای بۆ من کردەوە چیم دی! ئافرەتێکی نازداری جوانی قژخاو، هەر زۆرجوان. لەو ئافرەتە جوانانە بوو کە پەسەندکراون.

کوڕە من خەریك بوو دڵم بگۆڕێت، باش بوو خوا ڕەحمەی کرد. دەنگ تۆمار دەکرا وێنەی ئافرەتەکە گیرا، منیش ووتم تازەترین وێنەی خۆمت بۆ دەنێرم ئەو وێنەیەی کە کاك خرپن ئامادەی کردبوو ناردی وەریگرت. بەهۆی وێنەکەوە کە وەریگرت هەموو ئایپی ئەدرەسەکەی بۆ دەرهێنام لە کۆێ دەژی و تەنانەت ناوی گەڕەکەکەیشی بۆ هێنام جۆری خەتی ئەنتەرنێتەکەی کە بەکاریدەهێنێت ناوی ئەویشی بۆ هێنام.

مانئاوایمان لەیەکتر کرد لە دوای هەندێك قسەی ڕۆتینی و ساددە من خێرا هەڵسام دەستنوێژم گرت و دووڕکعات نوێژم کرد، تارا هەموو وێنەکانی لای خۆی خەزنکردو دایەوە دەستی من.

کاك خرپن هات ووتی: کاك ماکوان ئەو کەسە ساختە چییە ئەو وێنەیە هی خۆی نییە.

ووتم: چۆن؟

خرپن: ئەو وێنەیە لەپاڵتاکدا هەیە، ئەوە ئافرەتێکی ڕووسیە ڕێکلامی پاڵتاکە دیسانەوە وێنەکەی بۆ هێنام. زۆر بێتاقەت بووم، نەمدەزانی بێتاقەتییەکەم بۆ ئەوەیە کە درۆی لەگەڵ کردوم یاخود ئەم ئافرەتە جوانە دەرنەچوو، یان چی بوو! بۆم نەدۆزرایەوە بۆیە ئیتر بە جدی وەرمنەگرت زانیم درۆزانێکی عەزیمە.

ووتم: ئەی ئەدرەسەکەی کوێیە کاك خرپن؟

خرپن: کاك ماکوان ئەمە لە ئیسرائیل-ە و لە تەل ئەبیبە.

زۆر پەست بووم، چومە خزمەتی کاك نەسرەت ووتی: کاك ماکوان قسەیەکی خۆشت بۆ باس بکەم.

ووتم: چییە برای خۆم؟

کاك نەسرەت: ئافرەتێك هاتووە لەگەڵ منداقسەی کردو ووتی دەمەوێت شووبکەم بە تۆ یان ماکوان.

زۆر داوام کرد لە کاك نەسرەت ووتم: کێ بوو؟

کاك نەسرەت: خوشکێك بوو.

ئیتر زۆر قسەم نەکرد، بەڵام تەوقیتەکەی زۆر سەیر بوو لەلام بەس هەر بە سادەیی وەرمگرت، کاك نەسرەت هەر پێی نەووتم تا ئێستاش.

ماوەیەکی دورودرێژ ئەم ئافرەتە نازانم ناوی بنێم پلاستیك، یان ئافرەتی درۆ یان چ ناوێك، بەهەرحاڵ چەند مانگێك وون بوو لەو ڕۆژەوە کە هاککرا زانیم وون بووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زانیم کە ئەویش شارەزایە لە بواری ئەم هاك و جۆرە کارانەدا.

حەتمەن زانیویەتی بۆیە خۆی شاردۆتەوە، کات ڕۆیشت و زەمن هات. من کۆڕێکم هەبوو لە ژووری کوردستان نەتەوەیی

لای کاك دەرون و کاك شێخە-ی بەڕێز، ئاگام لێبوو لە ژوورەکەدا بوو لە کاتی قسەکانی منداجنێووم پێئەدات، بەو ناوەی کە یەکەمجار بلۆکم کرد بە ناوی گوڵی سور، قسەی سوك و ناشرینی زۆری بەئیسلام و خۆم ووت. کاك شێخە دەریکرد، داوام کردەوە لە کاك شێخە ئەو کەسە بهێنێتەوەو وازی لێبهێنێت چی دەڵێت با ئازاد بێت. مامە شێخ زۆری بەلاوە سەیربوو، بەڵام ووتم وازی لێبهێنە چی دەڵێت با بیڵێت. خوا هەڵناگرێت ئەو پیاوە بەڕێزە زۆر حورمەتی منی دەویست چیم بوتایە بەقسەی دەکردم، هەڵبەت لە پیاوەتیو وگەورەی خۆیان بوو. دوای ئەوەی کۆڕ تەواو بوو پەیوەندیم بە ناوەکەیەوە کردەوە ووتم: باشە ئەوە کچی باش تۆ ئەو هەموو قسە ناشرینە چییە بەمنت ووت خۆ

تۆ بە تەمابووییت شوم پێبکەیت؟

هیچی نە ووتو منی بلۆك کردوو لە خەت نەما. کەمێکی پێچوو بەناوی «رووسا» هاتەوە ئینجا من خۆم بۆ نەگیرا ووتم: هەی داوەشێیت ئەوەی بەدەمما هات پێم ووت بە ئیسرائیل و دەولەتی ئیسرائیل زۆر تووڕە بووم، جا یاخوا منیش تووڕە نەبم ئاگام لەخۆم نامێنێیت. لەبەرئەوەی شەو قسەی زۆری ووتبوو، ئینجا داخی ئەو ڤیدۆیەم لەدڵدا بوو کە وێنەی ئەو ئافرەتە جوانەی دانابوو خەریك بوو بمخلەتێنێیت.

ووتم: وەرە تۆچیت- چیت دەوێت دەستەکەت کەشف بووە بۆ بەئاشکرا قسە ناکەیت، پەیامت چییە بمدەرێ.

نووسی ماکوان گیان ئاگاداری خۆت بە من لە دەزگای مۆسادەوە لەگەڵت ئەدوێم ئەو ناوە من نەبووم کە قسەی بە تۆ ووتوە کەسیکی تر بووە ناوەکەی باکارهێناوە.

من بڕوام بە هیچ قسەیەکی نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد بۆ وازی لێناهێنم وەك جگەرەو حەشیشی لێهاتبوو خۆشە و خراپیشە.

ووتم: من هەموو دەنگەکانم تۆمار کردویت ئەو وێنەیەشی کە بۆت داناوم زانیومە کە ئەوە ئافرەتێکی ڕوسی ناو پاڵتاڵکە، کە وام ووت وێنەیەکی گریانی ناردو نوسی توخوا دەنگەکەم بڵاو نەکەیتەوە باوکمو کەسوکارم پێمبزانن دەمکوژن.

دیسان کەوتمەوە گومان، چونکە کەسێك موخابەرات بێت بەو شێوەیە قسە دەکات، دوایی ووتم لەوانەیە هەر فێڵ بێت.

ووتم: باشە تۆ چیت دەوێت لە من بڕۆ خوات لەگەڵ ئیتر واز لە من بهێنە.

ووتی: باشە، مالئاوای کرد.

کە بەو سادەییە مالّ ئاوایی کرد، ئەوەندەی تر خەریك بوو دڵم ئەتەقی ڕۆشت و بەجێی هێشتم.

دوای ئەوەی چەند ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕی شتێکی زۆر عەجیب ڕوویدا لە ئۆسلۆ بووم لەخزمەتی مامۆستا کرێکار، جەنابیان فەرموویان کاك ماکوان خەوم پێتەوە دیوە.

ووتم: خێر خەونەکەی بۆ گێرامەوە، تۆزێکی تری پێچوو لای مامۆستا هاتمە دەرەوە لە ناو قیتاردا بووم دەگەڕامەوە بۆ شارەکەی خۆم، کوڕێکی بەڕێز تەلەفونی بۆ کردم لە بەریتانیا ناوی کاك حەمە شوان بوو ووتی برایەکی من خەوی بە جەنابتەوە بینیوەو خەونەکەی بۆ گێڕامەوە. کە گەڕامەوە ماڵەوە چومە سەر کۆمپیوتەرەکەم، رووسا(گوڵی سور) نامەیەکی بە جێهێشتبوو نوسیبووی: کاك ماکوان خەوم پێتەوە دیوە. چاوەڕێم کرد خەونەکەم بۆ بگێڕتەوە، ئەویش هاتوو خەونەکەی بۆ گێڕامەوە.

چیرۆکی هەژدەیەم:

من و چەند کچێکی ئیسرائیل-ی

خەونەکەی مامۆستا کرێکار ئەو بۆی گێڕامەوە کە لە دوو کەسایەتی ناوداری ئیسلامی دوو دەمانچەیان داوە بە من و جەنابی مامۆستا، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە هەستم کرد مامۆستا زۆر خۆشحاڵە لە خەونەکە.

ووتم: مامۆستا هیچ ڕاڤەیەکم بۆ دەکەیت؟

ووتی: خەونەکە زۆرباشە، ئیتر هیچم نەووت خەونەکەی براکەی کاك حەمە شوان لە بەریتانیا خۆی بۆی گێڕامەوە کە خەونی بە پێغەمبەرەوە بینیوە لە سلێمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ژێر پردەکەوە بەرەوسەر هاتووە و منیش لە تەنیشتیەوە ڕۆشتووم زیاتر منی نزیك کردۆتەوە لە خۆیی، لە خەونەکدا فەرموویەتی با ماکوان لە نزیکمەوە بڕوات لە تەنیشتمەوە بێت، بەقەدەر هەموو دوونیا دڵم بەم خەونە خۆش بوو، لە خۆشیاندا دەستم کرد بە گریان کە بۆیان گێڕامەوە لە خۆشی ئەو خەونە سەفەرم کرد بۆ ماڵیان بۆ شاری سلاو نزیك لەندەن-ە. پاشان ڕووسا (گوڵی سور) هەر هەمان ڕۆژ لە ئۆفلاین نامەی بۆ بەجی هێشتبووم، منیش لەسەر خەت بووم ئەوەندەم زانی پەیوەندی پێوەکردمەوە، من هیچم نەووت تا خۆی سلاوی کرد.

ووتم: خەونەکەم بۆ باسبکە.

خەونەکەی ئەو ئەوە بوو کە گوایە جلی بوکێنی کردۆتە بەرو لە ڕێگادا بە سەیارە وەرگڕاوە من چووم لە ناو سەیارەکەدا دەرم هێناوە، لێتان ناشارمەوە هەر بە درۆ و قسەی بێمانا لەوم وەرگرت.

ڕاشــکاوانە ووتم: بە خــوا بڕوای هیچم پێت نییە، خەونەکەشــت ئەوەندە بەلامەوە گەورە نییە.

ووتی: باشە ماکوان تۆ لە کام بەردو دار دروست بوویت؟ ئەوەندە ڕەقی.

وەڵامم نەدایەوە.

دوایی ووتی ئەتوانم پرسیارت لێبکەم؟

بۆم نوسی ئەگەر پرسیارەکانت مەعقول بن وەڵامت ئەدەمەوە.

ووتی: بەس بۆم شیبکەرەوە بۆ لە ئیسلامدا ئافرەت وەک شەهوەت تەماشا دەکرێت؟

بۆ تۆ بڕوات بە مافی ئافرەت نییە، ئەوەتا من لە ئیسرائیل هەموو مافێکم هەیە، لە ڕۆژئاوا هەموو ئازادییەک بەژن دراوە. بۆ دووان بە شاهیدێك هەژمار دەکرێت، بۆ دەبێت پیاو چوار ژنی هەبێت؟

ووتم: پرســیارەکانت بۆ دەکەم بە چەند بەشێکەوە ئینجا وەڵامەکانت ئەدەمەوە، بۆم کردە خاڵ و وەڵامەکانم بە گوێرەی تواناو خوێندنەوەی خۆم بۆ باسکرد.

یەکەم: ئافرەت لە ئیسلامدا شەهوەتە؟

بەڵێ بە دڵنیایەوە ئافرەت شــەهوەتە، چونکە زۆر جوان و ناســکە هەموو هۆڕمۆنی پیاوی پێ بەرز دەبێتەوە ئەمەش عەیبە نییە، بەڵکو لە شــەدەلاری و ناســکو نازداری ئافرەتە. شەهەوەت بە واتای حەزە، پیاو دەبێت هەر حەزی لە ئافرەت بێت، نەک ڕەگەزی خۆی، ئەگەر وابوو ئەوە شازەو نەخۆشە کە واتە ئیسلام تەندروستانە پێناسەی ئافرەتی کــردووە بۆ پیاو، چونکە بیرکردنەوەی پیاو لەســەر بنەمای حەزە نەک خۆشەویســتی، پێچەوانەکەی ئافرەتە کە پیاوی وەک خۆشەویســت خۆشــدەوێت نــەک حەز، کەواتە لە بنەڕەتدا ئەمە گلەیی لە پیاوە نەک ئافرەت، چونکە خوای گەورە باسی ئافرەت دەکات لە قورئاندا بە گوڵ ناوی ئافرەتی بردووە، چونکە ترۆپکی خۆشەویستییە.

بۆی نوسیم کوا لە کوێی قورئاندا ناوی ئافرەت بە گوڵ هاتووە؟

لە وەڵامدا ئەم ئایەتەم بۆ خوێندوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (..أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنيَا..)سورەتی طه ١٣١.

بۆ وەڵامی بڕگەی دووەمی پرسیارەکەت کە من بڕوام بە مافی ئافرەت و ئەو قسە بێ مانایانە نییە، بەم هۆکارەیە.[1]

ڕووســا (گوڵی ســور): پرســی ئەی ئســیلام کەمافی داوە بەئافرەت باسی نەکراوە لە فەرهەنگە جیهانیەکاندا؟

ووتم: هەر باســی ئیسلامی تێدا نییە لەوێشدا نەیانوێراوە باسی ئیسلام بکەن، ئەوان

بە بۆچوونی خۆیان ئیعتراف بە ئیسلام ناکەن بۆیە باسیان نەکردووە، من حەزم دەکرد باس بکرایە، بەڵام دڵنیابە رووسا خاتوون نەیانوێراوە باسی بکەن کە چۆن مافیداوە بە ئافرەت، بۆیە بیانویان بۆ دۆزیوەتەوە گوایە ئیعتراف بە ئیسلام ناکرێت، ئەوەیە ولاتانی پێشکەوتووی دونیاو دیموکراسی خوازەکان.

ئەنجامی ئەم بزوتنەوەیە فێمەنیستی دروستکرد کە گوایە ئافرەتان لە بنەڕەتدا دژی پیاون، ئەوە بزوتنەوەکەیەو دەرئەنجامەکەیەتی.

داوای مایکی کرد، مایکی گرتو ووتی: کاك ماکوان من بەڕاستی پرسیارت لێدەکەمو چەند هاوڕێیەکی تریشم لەگەڵدایە ئەوانیش دەیانەوێت پرسیار بکەن، ئاساییە؟

ووتم: ئاساییە، بەڵام جارێ با بە کورتی وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی تریشت بدەمەوە ئینجا پرسیاری تر بکەن.

بەنیسبەت شاهیدیدان بۆ ئافرەت ڕاستە دووانتان بە شاهیدێك هەژمار دەکرێن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نییە، جاری وا هەیە لەبواری شیردان و هەندێك بواری تردا تەنها شاهیدی لە ئافرەت وەردەگیرێ و حساب بۆ پیاو ناکرێت.

بەنیسبەت چوار ژنە لەبنەڕەتدا پیاو دەبێت یەك ژنی هەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە ئادەمی دروستکرد یەك حەوا-ی بۆ دروستکرد نەك چوار حەوا، بەڵام ٤ژن ڕێگا پێدراوە تەنها ڕوخسەتێکە، من چیبکەم تۆ حەز دەکەی شوو بکەیت بە پیاوێك خاوەنی خێزانە داوای لێدەکەیت شوی پێبکەیت، خەتای پیاو نییە ژنیش خۆی بەشدارە لەو پرۆسەیەدا.

دوای قسەکان من مایکم ئازادکرد، هەستم کرد چوار ئافرەتی تری لەگەڵدا بوو.

یەکێکیان مایکی گرتو بە گریانەوە هەنسکی هەڵئەداو قسەی بۆ کردم. ئەی هاوار چ موعاناتێکی هەبوو دڵی منی کرد بە ئاو، ئەوانە هەموو سجن بوون کە قسەیان لەگەڵ من دەکرد کوردیش بوون، ووتم تۆ بڵێی ئەنفالەکان بن چوبێتنە ئەوێ؟

ووتی: ماکوان باوکەکەم توخوا چی بکەین لێرە؟ ئەزانی من چەندە بێتاقەتم؟

ئەزانی لەوەتەی لێرەم نە نانم نانەو نە خەوم خەوە، ئەزانی خۆمم لە دەست داوە منداڵم لە دەستداوە، کەسوکارم لە دەستداوە دین و قیامەتیشم چووە.

یەکێك لە کچەکان ئەو ئافرەتەیان بردە ئەولاوەو لە مایکەکە دوریان خستەوە.

بە منیان ووت: ئەوە چییە ماکوان-ە فەنی دەبڕۆ ملت بشکێنەو وازمان لێبهێنە.

زۆر پەست بووم سور بوومەوە و نوسیم خۆ بەزۆر ئێومم نەهێناوە، ئێوە منتان بانگکردووە، بەڵام بە هێمنی سڵاوم نارد بۆ ئەو ئافرەتەی کە دەگریاو ئەوی تریشم بە

تەعلیق و قسەی ڕەق شۆرد، چونکە بەڕاستیش ئەوان منیان بانگکرد قسەم لەگەڵ بکەن.

بۆیە ژووڕەکەم بە جێهێشت و هاتمەوە بۆ ژووری دیدی نوێ گوێم لە ووتاری یەکێك لە مامۆستاکان گرت.

پاشـــان ناوێك بە ناوی باهۆز پەیوەندی بە منەوە کردو ووتی: کاك ماکوان هەندێك پرسیارم هەیە.

ووتم: ببورە مەشغوڵم سەرم قاڵە، چونکە بەڕاستی توانای وەڵام دانەوەم نەبوو.

ووتـــم: بـــڕۆ بۆ لای کاك ئـــاوات یان مامۆســـتا ئەنصاری ئەوان لـــە ژووڕەکە وەڵامت ئەدەنەوە.

ووتی: من پرسیارەکەم لە جەنابتە.

ووتم: باشە فەرموو.

پرسیارەکەی نوسی ئایا دبلۆماسییەت لە ئیسلامدا هەیە؟

نوسیم: بەڵێ.

نوسی شیکارییەکم بدەرێ کاك ماکوان گیان.

بۆم نوســـی برای خۆم ئەمانە بە نوســـینی لاتینی نابێت و منیش کاتم ئەوەندە نییە بە نوســـین بۆت بنوسم، پێویســـتە ئەگەر بتوانیت بەدەنگ بۆت ڕوون بکەمەوە جەنابت گوێبگرە.

باهۆز ووتی: باشە فەرموو.

بانگم کردە ژورێکی تایبەت، دەستم کرد بە قسە بۆم شیکردەوە ئەوەندەی لێمزانی و لەفەرهەنگەکاندا خوێندبوومەوە لە ژیانی پێغەمبەرمان (ﷺ) لێی شارەزا بووم.

ئەم ووشەیە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و ووشەکە «دیپلۆما» بووە واتە وەرەقە یان کاغەزی نوشـــتاوە یاخود لولکراو، ئینجا فەڕەنســـا بەکاری هێناو بەناوی دیپلۆمات و یـــان دیپلۆماتیـــك یاخود دیپلۆماســـی ئەمانە هەمووی یەك ســـەرچاوەن ئەم چەمکە بۆ کەسێکی لێزانە کە لە نێوانی دوو دەوڵەتدا کار بکات، عەرەب بە سەفیر بەکاری هێناوە، لـــە ئیســـلامدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ســـەرەتا خۆی ئـــەو کارەی ئەنجامداوە، چونکە بە زمانی ئەم سەردەمە بەشێك جیاکراوتەوە بۆ سەرۆکەکان بەناوی دیپلۆماسی سەرۆکەکان لە ١٩٥٠ «وینســـتۆن چەرچڵ» هەڵســـا بەوەی لەگەڵ هەموو سەرۆکەکان کۆبونەوەی کرد، بەڵام پێغەمبەرمان (ﷺ) خۆی سەرەتا لەگەڵ زەیدی کوڕی حارس ئەوکارەی ئەنجامداوە لە طائیف و پاشـــان لەگەڵ ئەبوبەکر لەگەڵ گەلو هۆزەکانی عێراقو بەحرینو یەمەن، دواجار خەڵکی بۆ تەعین کردووە، پاشـــان بۆ حەبەشە سەفیری ئیسلام جەعفەری کوڕی

ئەبی تالیب بۆ ناو شـاری مەدینە سـەفیری هەبوو کە موصعەبـی کوڕی عومەیر بووە، دواتر بۆ لای پاشاکانی دونیا، هەریەکە سەفیری تایبەتی هەبوو هیچی لە قوریش نەبوو بۆئەوەی تواناو هێزەکان لە دیپلۆماسی ئیسلامیدا بخاتە کار.

بۆ نمونە کە نامەی نارد پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەک سـەرۆکی دەوڵەتی ئیسـلامی و حاکم و فەرمانداری موسـڵمانان لە سـاڵی ٧ی کۆچیدا بەم سـەفیرانەدا ناردی، بۆ هەر یەکێکیان سـەروەرمان قسـەی تایبەتی بۆ کردووە پاشان ئوسولبی و ووتوێژیان جیاوازو زمان زان بوون بۆ نەجاشـی ئەصحمی ڕەحمەتی خوای لێبێت پاشـای حەبەشە. عەمری کـوڕی ضمری نـاردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت بۆ مقەوقیس. بۆ لای پاشـانی میسـر حاطبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی لەخمی ناردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

بۆ کیسـرا پاشـای فارس عەبدوڵای کوڕی حوزافەی سەهمی ناردوە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

بۆ هرقل پاشای ڕۆم دەحیەی کوڕی خەلیفەی کلبی ناردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

مونزیر کوڕی سـاوا پادشـای بەحرین، عەلائی کوڕی حەزرەمـی ناردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

هەوزەی کوڕی عەلی پاشای یەمامە سەڵیتی کوڕی عەمری عامری ناردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

بۆ حارسـی کوڕی شەمری غەسـانی پادشای شام و شـوجاعی کوڕی وەهبی ئەسەدی ناردووە ڕەزامەندی خوای لێبێت.

ئەمانە هەمووی نمونە بوون دەتوانی سـودیان لێوەربگری، سـەفیری زیاتریش هەیە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سیرەکەی د. السرجانی و د. الصلابی و د. اباظة...

باهۆز نوسی ئەی کە ئەمانە دەزانی بۆ دیپلۆماسییانە مامەڵە لەگەڵ خەڵک ناکەیت؟ خـۆ ئێـوە دەمتان دەکەنەوە دەڵێن لە ئیسـلامدا هەموو شـتێکی تێدایە، کە تێیدایە بۆ خۆتان پیادەی ناکەن؟

قسەکەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، من زۆر قسەم نەکرد زانیم قسەکەی مەعقولە تەنها ووتم: ئاخر دیپلۆماسـییەت لە نێوان دەوڵەت دەکرێت نەک خەڵک، بەس لە ڕاستیدا ئەم قسەیە وانییە دەوڵەتیش پێکهاتەی خەڵکە! بەس باش بوو ئەو قسەی نەکرد.

داوای مایکی کرد مایکم ئازاد کرد، دەسـتی کرد بە قسـەو ووتی: ببورە کاک ماکوان مـن ڕووسـام ئەو کاتە ئەو هاوڕێیەم تورەبوو، مـن داوای لێبوردن دەکەم، ئەو ئافرەتەی کە گریا ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە هەموو شەوێک گوێ لە ئێوە دەگرێت لە ژورەکەتان.

من دوای لێبوردن دەکەم لە هەموو شتێك.

داوای مایکم کرد دەســتم کرد بە قســە ووتم: رووسا ناتوانن چەند سەعاتێك ڕاستگۆ بن لەگەڵمدا بەس بزانم ئێوە کێشەتان چییە؟

ڕۆژێك خۆت بە مۆســاد نیشــانی من ئەدەیت و ڕۆژێك بە کافرو یەهودی و ڕۆژێکی تریش بە گوێگرو قوتابییەکی گوێڕایەڵ، ئێوە چین؟ بەس تێمبگەیەنە ئەگەر کات بەسەر دەبــەن، کات لای من زۆر پیرۆزە، ئەگــەر پەیامێکت هەیە بیگەیەنەو تەواوی کە، ئینجا ئەو ئافرەتە بۆ نەتانهێشت قسەبکات، بەڕاستی قسەم بۆ بکە. ئەوە مایك ئازادە.

باشە کاك ماکوان قسەت بۆ دەکەم، بەڵام وەعدمان بدەرێ دەنگمان تۆمار نەکەی.

مــن داوای مایکــم کردو ووتم: ئاخر رووســا ئێوە واتان کردووە کە خۆتان خســتۆتە جێگای شك‌و گومان وەك موخابەراتێکی نەزان خۆت نیشانداوە منیشتان ترساندووە، من ڕۆژانە بە سەدان خەڵکی قسەم لەگەڵ دەکات، دەنگی کەسیش تۆمار ناکەم.

سوێند بەخوا تۆش ئەگەر خۆت وا لێ نەکردایە نەمدەکرد، دڵنیابە تۆماری ناکەم.

رووســا مایکی گرت و هەناســەیەکی قوڵی هەڵکێشــاو ووتی: جارێ با من خۆمت بە تەواوی پێ بناسێنم و ئەو ئافرەتەش با بناسیت کە دەستی بەگریان کرد، ئەو دوو کچەش هەر کچی ئەو ژنەن، ئینجا دەستی کرد بە قسەو باسەکان دڵم بوو بە بریان بۆیان.

گفتوگۆی من و رووسا و دەردە دڵی بۆ من

روسا ئەوەی بۆ گێڕامەوە، ئەو ئافرەتەی کە گریاوە ناوی نەوال خانە تەمەنی ٥٤ ساڵە، فەرمانبەر بووە لە شاری سلێمانی، هاوسەرکەی لەگەڵ باوکی منذا بەیەکەوە هاوڕێ بوون لە سلێمانی و هەردووکیان مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوون، کاتێك باوکی من دامەزرا لەو ڕێکخراوە بەهۆکاری برادەرایەتی هاوسەری ئەمی دامەزراند کە چووین بۆ ئەمریکا بەیکەوە چووین، هەر بەهەمان گرێبەندی کار هاتن بۆ ئیسرائیل، ئێمە ماوەی چەندین ساڵە لە ئیسرائیل-ین تا ئێستاش نەمانتوانیوە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا تێکەڵ بین، هەرچەندە من مەسیحیم، بەڵام هیچ لەبارەی ئایینەکەی خۆمەوە نازانم، نەوال خانیش ماوەی دوو ساڵە دێتە ژوورەکەی ئێوە لە پاڵتۆك، دڵی زۆر دەکرێتەوە بە ژوورەکەتان، منیش تەنها خاوەنی یەك برام و لەگەڵ ئەم خێزانەدا تێکەڵ بووین، هەرگیز لەمان جیانەبومەتەوە بە هۆکاری کچەکانی کە هاوڕێمن بەتایبەتی کچە گەورەکەی کە هاوتەمەنین، ئەوەی کە ئەو ڕۆژە قسەی پێ ووتی کچی بچوکیانەو دایکی زۆر خۆشدەوێت هەر کاتێك دایکی بگری ئیتر پەست دەبێت، ئەوەبوو باسی ئیسلامەتیت کرد دایکی دەستی کرد بەگریان، ئەویش لە داخا قسەی پێووتی. ئەو ڕۆژەشی کە لە ژوری (کاك دەرون و کاك شێخە) قسەت دەکرد باسی پێغەمبەرت کرد لەسەرتاوە دەگریا و نەیدەهێشت لای بەرین، کچەکەی بەناوی گوڵی سوور هاتبووە سەرخەت لەداخی دایکی قسەی بە تۆو ئیسلام دەوت، بەڵام ئێمە نەمانزانی بەس ئەو لە داخی دایکی وای دەکرد، زۆر ناڕەحەت دەبێت بەوەی دایکی فرمێسك لەچاوی بێتەخوار. منیش کەوتم مۆسادی ئیسرائیل-یە تەنها بۆ ترساندنی تۆ بوو. کاك ماکوان هیوادارم بە ڕاستگۆی لێم وەربگریت.

بەردەوام بوو لە قسەکانی

ووتی: کاك ماکوان کۆمەڵگای یەهودی چەند بەشێکە، ئێمە لێرە زۆر بێزارین، بە ئێمە دەوترێت (ئەشــکەناس) واتا ئەو کەســانەی یەهودی هاوردەن بۆ ئیســرائیل یان یەهودی ولاتی ڕۆژهەلاتن (شەرقن)، یاخود ئەفریقا.

لێرەدا قسەکەم بە روسا بڕی و داوای مایکم کرد..

ووتم: باشە تۆ کە مەسیحیت ئەوانیش خانەوادەی موسڵمانن یان مەسحین؟ تکایە بە

نوسین وەلام بدەرەوە؟

نوسی نا ئەوان موسڵمانن...

ووتم ئاخر من لەم لوغزە تێناگەم چۆن مەسیحی و موسڵمان لە تەلئەبیب جێگایان دەبێتەوە؟

فەرموو تێمبگەیەنە؟ مایك بۆ تۆ ئازادە.

ووتی: كاك ماكوان وانییە لە ناو تەلئەبیب بە سەدان بەناو موسڵمانان و مەسیحی تێدایە، هەموو لە ڕێكخراوەكانی ئیسرائیل-ی كاردەكەن بۆ خزمەتی ئیسرائیل، بۆ نمونە ڕێكخراوی لیۆن و مۆسادو شەباك و ..تاد، ئەمانە تەنها بۆ پارە كاردەكەن تەنها پارەیان دەستبكەوێت، ئیسرائیل وەك عونصور بۆ كاری خۆی بەكاریان دەهێنێتەوە.

لەوكاتەدا من بۆم نوسی كەواتە باوكی تۆو هاوسەری نوال خان جاسوسی بۆ ئیسرائیل دەكەن؟

نوسینەكەی منی خوێندەوە بەلام ووتی: دوایی وەلامت ئەدەمەوە.

بەردەوام بوو لە قسەكانی ووتی: پەلە مەكە ئەویشت بۆ باس دەكەم، بەلام من ئێستا لە مالی نەوال خانم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بكات.

نوسیم لە خزمەتیام خۆشحاڵ دەبم.

نەوال خان مایكی گرتو وتی: ماكوان كوڕی خۆم چۆنی باشی خوا عەمەر درێژت بكات. ماكوان گیان پرسیارێكم لێت هەیە، من خۆم نوێژ دەكەم ئایا نوێژەكانم قوبوڵە لە ئیسرائیل؟ لێرە هیچ كەس ناناسم بچم بۆ لایان، ئەم جولەكانە زۆر خراپن زۆر دڵتەنگم، من چی بكەم باشە؟

قسەو باس و خۆشەویستی خۆی زۆر دەربڕی و باسی ئەوەی كرد كە ڕۆژانە گوێ لە ئێمە دەگرێت لە ژورەكەدا، گوێ لە مەلا عومەر چنگیانی دەگرێت لە زاگرۆس، دیارە ئەو كاتە بەرنامەی دەست پێكردبوو لە تەلەڤزیۆن.

ویستم وەلام بدەمەوەو داوای مایكیان لێبكەم، كەچی ووسا ووتی ببورە دەبێت بڕۆین، چونكە كاك شەمال هاتەوە با گوێی لە قسەكان نەبێت، ئێمە دەڕۆین كاتێكی شاد.

ئەوەندی تر بێزار بووم، داخۆ بەم كاتە ئەم پیاوە بۆ خۆی كردووە بەم مالەدا، چاوەڕێ بووم هیچ دەسەلاتێكم نەبوو.

بە ناوی باهۆز چوونە دەرەوە نیو سەعاتی پێنەچوو، ووسا بە ناوی خۆیەوە هاتەوە سەرخەت، داوای لێبوردنی كرد.

بۆم نوسی ئاساییە ووسا، بەلام تۆ چۆن هیچ لە دینەكەی خۆت نازانیت و دەڵێیت

من مەسیحیم لە کاتێکدا ئافرەتێکی ڕۆشنبیری؟ تۆش بڕوات بە سێگانە هەیە؟ واتا خواو مەریەم و عیسای کوڕی مەریم ئەم سیانە بەخوا دەزانیت؟

نوسی ماکوان من هیچ لە دینەکەم نازانم، هەندێ شتی سەرەتایی نەبێت.

نوسیم ئەمجارە مەنوسە ماکوان کاکی پێوەکە خۆ ماکوان لە تۆ نەبووە، زیاتر مەبەستم بوو کە ئەدەب لە نێواندا هەبێت و بەچاوێکی قورسەوە تەماشای هاوڕێیتیەکە بکات و ئینجا مەسیحیشە نەدەبوو بە بچوکی من بانگ بکات، چونکە وەڵامم نەئەدایەوە. بۆیە بۆم نوسی بە کاك ماکوان بانگم بکە.

نوسی ببورە کاك ماموستا ماکوان، ئیمۆجی شەرمەزاریەکی دانابوو بۆم.

ووتم: کاکە بەسە ماموستاکەم ناوێت.

نوسی ماکوان باقسە بکەین.

نوسیم کوا کاکە ئێستا ئامۆژگاریم نەکردی؟

نوسی ببورە.

ئەو بانگی کردم بۆ ژورێك و مایك بەدەستی ئەوەوە بوو ووتی: کاك ماکوان بەو خوایە لە تاو بێکەسی و لە ژیانێکی زۆر بێمانادا دەسوڕێمەوە، لەبەر خاتری دایکم نەبێت ئەم وڵاتەم بە جێدەهێشت.

نوسیم دایکت چیەتی؟

ووتی: شوی کردووە بە پیاوێکی عەرەبی جولەکەی میسری لێرەن بەیەکەوە.

نوسیم ئەی چۆن شتی وادەبێت؟

ووتی: لە داخی باوکم خیانەتی لێکردووە.

نوسیم ئەی تۆ لەگەڵ کامیان دەژیت؟

ووتی: هیچیان من بۆ خۆم ماڵم هەیە، لە هەردووکیان جیام. باوکم ئافرەتێکی ر ڕووسی هێناوە بەیەکەوە دەژین.

نوسیم جولەکە؟ (چونکە جولەکە شوو ناکەن نە بە موسڵمان و نە بە مەسیحی).

ووتی: نا بڕوا ناکەم دینی هەبێت.

نوسیم ئەی تۆ بەرنامەت چیەی بۆ ژیان.

بە پێکەنینەوە ووتی: نازانم، ئەی تۆ بەتەمانیت بمهێنیت!

نوسیم نا بەتامای من نەبیت، چونکە من خێزانی خۆمم خۆشدەوێت.

هەستمکرد دەچینە بابی لەغو قسەی بێمانا، بۆئەوەی ڕێگای پێنەدەم بۆ هەندێك قسەوباس، ئەوەشم پێووت ئەو ڕۆژە کە ئەو قسەیەت کردووە ووتت بمهێنە موسڵمان

دەبــم، هەر قســەیەکی ســەر زارەکی بوو، هیچمــان ئەوەندە لــە خصوصیاتی یەکترمان نەزانیوە. من تۆ ناهێنم لە ئیسرائیل، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم برایەکی مرۆڤی تۆ بم وەك هاونیشتیمانییەك هاوکارت بم یاخود هاوڕێیەکی باش بین بەیەکەوە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی هەموو خزمەتێکت پێشکەش بکەم.

خەریکی خوێندنەوەی نوســینەکەی من بوو، بەڵام دەستی کرد بەگریان و ووتی ئەی تۆ وەعدت نەداوە من بهێنیت؟

ووتم: نەوەڵلا من بەس وەعدم نەداوە.

ئینجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی: باشە، شەو شاد.

منیش بۆم نوسی خوا هیدایەتت بدات.

کات شــەڕی نێوان فەڵەســتین و ئیسرائیل-ە ســاڵی ٢٠٠٨ە هەموو بێزارین ڕۆژانە بە سەدان خەڵکی فەڵەستین شەهید دەبن بە دەست هێزەکانی ئیسرائیل-ی خوێن ڕێژ.

کاك ئارام ئەحمەد خاوەن ژووری ئۆپۆزســیۆن لە پالتۆك کۆڕێکی ســازدا بۆ مامۆستا کرێکار لەســەر دڕندەیی ئیســرائیلو کارە قیزەونەکانی ئیســرائیل، ژوور جمەی دەهات لەخەڵك هەموو چاوەڕوانی مامۆســتا کرێکارمان دەکرد دەســت بکات بە کۆڕەکەی، بەڵێ کۆڕ دەستی پێکرد، کۆڕێکی سەرکەتوو بوو.

منیــش لــە ژوور بووم لــە پڕ بە ناوی گوڵی ســور پەیوەندیم پێوەکرا، دوای ســڵاو ووتی: کاك ماکوان من نەوال-م دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. حاڵەتەکە ئەوەندە قورس بوو ئەوەی ناوی ئیســرائیل بوایە ڕقم لێی بوو، چجای ئەوەی کەســێك لە ئیسرائیل-ەوە پەیوەندیــم پێــوە بکات، ئەو شــەوە لە ماڵی ئێمە پیاوێکی بەڕێــز میوانم بوو هەر زۆر یەکێتی بوو، لەوانە بوو کە دەڵێن خوێنەکەی سەوزە.

وەڵامم دایەوە ووتم: ببورن کاتم نییە میوانم هەیە، بەڕاستیش حەزم بە کۆڕەکەی م. کرێکار بوو ئەو پیاوەش میوانم بوو دانیشتبووین دوو قۆڵی گوێمان لە مامۆستا گرتبوو، حــەزم نەدەکرد بە هەندێك تایبەتی من بزانێت، بەڵام کەس نازانێت چۆن خوای گەورە پلان دادەڕێژێت بۆ هیدایەتی کەسێك.

دووجــار منیان بانگ کردە ژوورێك من هەر هاتمەوە دەرەوە، هەرچەندە ئەمە لەناو پالتاکــدا جوان نییە بێ پرس بانگت بکەن، یان بانگیان کردی لەژور خێرا دەرچیت. من دەرچووم گوێم نەدایە، بەڵام بۆ جاری ســێیەم هەربانگ کرامەوە، دیاربوو ئەو چەندین جار منی بانگکرد هەر ئەو ســێ جارە من دەســتم بە دەعوەتەکەیدا نا، کۆتا جار چووم مایکی نەگرت منیش نووسیم لە ژوورەکەدا دەنگ نییە.

دوایی یەکسەر مایکی گرت یەکێك لە کچەکانی بوو ووتی: دایکە قسە بکە ئێستا گوێی لێتە.

دەستی کرد بە قسەو ووتی: ماکوان باشی ئەو ڕۆژە شەماڵ هاتەوە وەڵامی پرسیارەکانت نەدامەوە باوکی من، ئالتونیشم هەیە زەکاتەکەی چەندە باسی کرد کە چەند مسقاڵ زەکاتی لێدەکەوێت، هەندێك قسەو باسی تر، ووتی؛ ئەوە بۆ دالیات عاجز کردووە.

لەوێدا بۆم ئاشکرا بوو کە ڕووسا ناوی دالیا-یە بەردەوام بوو لە ووتەکانی.

ووتی: ماکوان ئەو کچە گوناهە هیوادارم ئاشتی بکەیتەوە، من وەك دایکی خۆت ئەو قسەت بۆ دەکەم.

ئینجا من داخ لە دڵم بەرانبەر بە جولەکە، بەرانبەر بەوەشی موناسەرەی دەکات، کاك حەسەن-یش لەتەنیشتمەوەیە هیچ نازانێت. مەعزەرەتم لێخواست و ووتم: ببورە هەندێك قسەو باس دەکەم لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا، بەڵام ئەوەندە تورەم لە ناخی خۆمدا خەریك بوو بە کاك حەسەن-ی بڕێژم، بەڵام میوان بوو. بەس ئەزانم کە دەستم کرد بە قسە زۆر تورە دەبم کە ئەو مایکی ئازاد کرد. ئینجا من مایکم گرت.

ووتم: نەوال خان تۆ پێت وایە نوێژ دەکەیت، ئیتر خۆت بە موسڵمان دەزانیت، تۆ کافری و کچەکانیشت کافرن و کاك شەماڵ-ی هاوسەریشت هەر زۆر کافرە، تۆ لە وڵاتێك دەژی کە خاکی موسڵمانی داگیرکردووە و باسی ئیسلامەتیش دەکەیت، ڕۆژانە سەدان منداڵی موسڵمان شەهید دەکرێت تۆ باسی زەکاتی ئالتونم لێدەپرسی، جارێ تۆ دەبێت بزانیت بیروباوەڕ چییە ئینجا باس لە نوێژ بکەیت، تۆ وەلائو خۆشەویستیت بۆ یەهودە هاتووی باسی چی بۆ من دەکەی خوشکی من، ئاخر هەرکەس خۆشەویستی بۆ غەیری موسڵمانان بوو ئەوە لەوانەو وەك ئەوان هەژمار دەکرێت. ئاخر دایکی من تۆ ئێستا جولەکەیت، هاتووی چی باس دەکەیت بۆ من. نەوال خان جارێ وەڵامی ئەو پرسیارەت ئەدەمەوە کە نەتکردووە. تۆو ماڵومنداڵت دەبێت لە وڵاتە بچنە دەرەوە، باشە ئاخر بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا خۆ ئەگەر موحاربیش بێت خۆ خاکی موسڵمانان نییە بڕۆ لەوێ ئەمانێکت هەیە، چی دەکەیت لە ئیسرائیل-یکی خوێنڕێژ سەرسەری.

من ئەگەر دڵم بسوتێ، دڵم بۆ شۆڕە کچێکی شاری غەزەی موسڵمانان دەسوتێ، ئاخر بە ڕووسا بڵێ من ئەگەر هەر ژن بهێنم ئافرەتێکی موسڵمان دەهێنم، کە لەسێبەری پیاوێکی موسڵماندا بحەسێتەوە، ئەصڵ و بنەچەی بناسم، تۆ کچەکانت فێری ئەوە بکە قسە بەخەڵك نەڵێن ئینجا پرسیاری ئیسلامەتی بکە. جا خوشکی من زۆر تورەم وازم لێبهێنە بە زۆر بانگت کردم با هەمووی تێك نەدەم بەسەریەکدا، شەوت شاد خوات

لەگەڵ. من لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و چاوەڕوانی ئەوانم نەکرد.

کە ئاوڕمدایەوە لەسەر کورسییەکەم، تەماشای کاك حەسەن-م کرد ڕەنگی زەرد بووبوو، وای زانی ئێستا ئەو سەردەبڕم، داوای لێبوردنم لێکرد.

کاك حەسەن: ئەرێ ماکوان گیان ئەوە چی بوو؟

شتێکم بۆ باسکردو عەرزمکرد خێزانێکن لە ئیسرائیل-ن، هەندێك شتم بۆ باسکرد کە گشتی بوو نە چوومە ناو تایبەتمەندییەکان.

کاك حەسەن: ماکوان گیان من جاروبار لە داخی ئەوەی عەرەب ولاتی داگیر کردوین، ئیسرائیل-م خۆش دەوێت، ئەوە منیش کافرم؟

ووتم: کاك حەسەن ئەمە پێویستە لە بنەڕەتەوە بۆت باس بکەم ئەمە پەیوەندی هەیە بەسەر وەلائو بەڕائەتی تۆوە.

کاك حەسەن: جا بەخوا من نازانم وەلائو بەڕائەت چییە ماکوان گیان؟

ووتم: وەلاء، واتا خۆشەویستیت بۆ موسڵمانان، دەبێت هەموو موسڵمانان کە ئەهلی سوننەتو جەماعەن خۆشت بوێت، پشتیانبگریتو بە مالّو سەروەتو سامانت.

بەڕائەت، واتا بەڕائەت بکەیت لە هەرچی دووژمنی خوایە لەسەر ئەم زەوییە بە عەلمانی و جولەکەو مەسیحی و.. تاد هەرگیز پشتیان نەگری..

کاك حەسەن: بەخوا بەو حساب و کیتابەی تۆ بێت منیش تۆزێك کافرم ماکوان گیان وایە؟

ووتم: کاك حەسەن گیان نەخێر ان‌شاءالله تۆ موسڵمانیت، بەڵام تۆزێك تاوانباریت.

ئەمەش مانای وانییە کە ووتمان وەلائو بەڕائەتت هەبێت ئیتر زوڵم بکەیت واتا دەبێت هەر دادپەروەربیت، نا- ناشبێت بۆ نمونە خەڵکێك خاوەنی توانان ئیتر مادام موسڵمان نین با دوژمنیش بێت بە ئینسافەوە باسی نەکەیت، بۆ نمونە من شێرکۆ بێکەس پێناچێت پیاوێکی موسڵمان بووبێت، ئەو کوفرانەی کە کردویەتی لە ناو شیعرەکانیدا ئەوە ڕقم لێیەتی و لەبەرخوا بەڕائەتی لێدەکەم، بەڵام ناشێت بڵێین شیرکۆ بێکەس شاعیر نییە! دەبێت بە ئینسافەوە ئەوە بڵێن کە بەڵێ یەکێکە لە شاعیرە بە تواناکانی ئەم سەردەمە لە شیعری حداثەدا، پاشان تۆ کە عەلمانیت خۆ ناکرێت من بەڕائەتت لێبکەم و قسەت لەگەڵ نەکەم. ڕوونە کاك حەسەن گیان؟

کاك حەسەن: ماکوان تۆ خۆت دەزانی من هەر یەکێتی بووم تۆش ڕێزت لێگرتوومو لە دەریشەوە لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیت کە پێشمەرگە بووم بەخوا نەم هێشتووە نوێژم بڕوات، بەڵام ئەمەی تۆ باسی دەکەیت ئیسلامێکی زۆر گەورەیە، من وام نەزانی بوو.

تۆزیك دڵم جوڵا ئا تۆ شتێکی ترم بۆ ڕوون بکەرەوە بەخوا زۆر ڕوون نییە.

ووتم: کاك حەسەن گیان ئێستا وەك جاران نییە، تێکەڵییەك هەیە لە نێوانی کوفرو ئیماندا دەبێت زانایان قسەی لەسەر بکەن، تۆ واز لەوە بهێنە من ئەم شەو تورە بووم بە ئارەزووی خۆم ئەو خانەوادەیەم کافر کرد، ئەوە من هەڵەم ئەوە ئیشی من نییە، کافر کردنی خەڵك بەگشتی کاری زانایانە، کەسی تایبەتیش کە کافر دەکرێت لە ناو ئوممەتی موسڵمان ئەوە کاری قازی موسڵمانانە کە دەستنیشانی دەکات کافرە یان موسڵمانە، وەك عەرزمکرد دەبێت ڕوون بکرێتەوە بۆ خەڵکەکە تێبگەیەنرێت لە غەیری ئاینی ئیسلام هەر ئایین و بەرنامەیەکت هەبێت ئەوا خوا لێت وەرناگریت و بەکافر هەژمار دەکرێیت. ئەگەر زانی ئیتر ئەوە خۆی بەرپرسە لە قیامەت، نابێت بێجگە دینی خوا و موسڵمانان کەسی تر هەڵبژێرێت و خۆشی بوێت، بێجگە شەریعەتی خوای گەورە نابێت هیچ بەرنامەو ڕێبازێکی ترت هەبێت.

کاك حەسەن: باشە ماکوان گیان تۆ ئیشەکەت لەسەر من قورس کرد من ئەوەتەی هەم مام جەلال-م خۆش دەوێت، ئیتر لەمەولا چی بکەم یان دەبێت لەمەولا م. عەلی باپیرم خۆش بوێت لە جیاتی مام جەلال؟ وەڵامی ئەمەم بدەرەوە ماکوان گیان ئیتر من هەموو شتێکم بۆ ڕۆشنەبێتەوە.

لەم قسانەیا بووین لەگەڵ کاك حەسەن، ڕووسا پەیوەندی کرد لە پاڵتاکەوە نوسیبووی، ئەی ئەو کەسەی لەخۆت ڕازیت کاتت هەیە قسەبکەین؟

رووسا دێت بۆ لام

من و كاك حەســـەن قسەو باســـمان دەكرد، ووتی: تەنها ئەوەم تێبگەیەنە من هەموو كوردم خۆش دەوێت، بەڵام تا ئێستا هەستم بەو بەرپرسیارێتییە نەكردووە لە ئیسلامدا، من ئەوەی كە خۆشمدەوێت كار بۆ ئایین ناكات ئایا من كافرم؟

لەخزمەتی كاك حەسەن دا باسو خواستەكانم بۆ ڕوون دەكردەوە، عەرزمكرد: مرۆڤ بە سروشـــتی خۆی خەڵكی خۆشـــدەوێت، خۆشەویستی فیتری (سروشتی مرۆڤ) جیاوازە لەگـــەڵ وەلائـــی بیروباوەڕ، تـــۆ كە تاڵەبانیت خۆشـــدەوێت دەزانی كە بۆ ئیســـلام كاری نەكـــردووە، بەڵكو بۆ نەتەوەو حیزبەكەی خۆی كاری كردووە، تۆش ماوەیەك لەگەڵ ئەو حیزبەدا كارت كردووە هەستت بەم بەرپرسیارێتی بیروباوەڕە گەورە نەكردووە كە وەك ئێستا بۆت دروست بووە.

پاشان ئاساییە ئەگەر وەك خاوەن خەباتێك ڕێزی لێبگریت، تێكۆشانی بەكەم نەگریت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو تالیبی مامی كافر بوو، بەڵام چەندە ڕێزی دەگرتو چەندە خۆشی دەویست (خۆشەویستی فیطری بوو مامیەتی)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموومان زاناتر بووە بەئیســـلام. كاتێك كە موتعیم-ی كوڕی جوبەیر كە پێغەمبەری خوای (ﷺ) خســـتە جیواری خۆی (پاراستی لەدەستی قورەیشییەكان) دوای ئەوەی لە جەنگی بەدردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر موتعیم بمایە لە بەدردا كوژار بوو لە موشریكەكان بوو، ئەوا ئەو داوای بكرادیە ئەو ٧٠ دیلەم لەسەر قسەی ئەو ئازاد دەكرد واتا موتعیم، مرۆڤی موســـڵمان دەبێت خاوەنی وەفاش بێت، بەڵام لە ئیســـلامدا كێت خۆشویســـت وەك وەلائو خۆشەویستی ئەوە لە قیامەت لەگەڵ ئەوكەسەداحەشردەكرێیت، جا من بۆ خۆم پیاوانی ئەم دینەم خۆشـــدەوێت، تۆش دەبێت پیاوانی ئەم ئیســـلامەت خۆشـــبوێت ئەمە وەلائە، بەڕائەتیـــش واتاكەی ئەوەی كـــە نەفی هەرچی بیروباوەڕە بیكەیت بێجگە موســـڵمانان، ئەمە ڕاستی ئەم ئیسلامەیە. كاك حەسەن بەخوا خەڵك ئێستا ئاینی وەك كارێكی ساددە وەرگرتووە بڕوابكە هەموو ژیانی مرۆڤ بەندە بەم خواناســـییەوە، هەر هەڵەیەك تێیدا

بەرەو هەڵدێرت دەبات، خوا هەروا بەبێ لێپرسینەوە دروستی نەکردوین بە بێهودەش نەهاتووین بۆ ئەم ژیانە.

کاك حەسەن سەری داخستبوو بیری لە قسەکانی من دەکردەوە.

منیش ئاوڕمدایەوە بەلای کۆمپیوتەرەکەمدا تەماشام کرد رووسا نوسیبووی چۆن ئەو خانەوادەیەت ئەم شەو دا بەیەکدا، شەماڵ زۆری لە نەوال خان داوە بە پەلە بردویانە بۆ خەستەخانە.

خێرا پەیوەندیم کرد بە رووساوە، بردمە ژورێك و ووتم: مایك بگرە چی بووە بۆم ڕوون بکەرەوە؟

- رووسا نوسی ببورە کاتم نییە دەبێت بڕۆم.

هەستم دەکرد بۆ ئیزعاج کردنی منە، دیسان مایکم گرتەوە ووتم: من وەك ئێوە لە ئیسرائیل مرۆڤ کوژ نیم هیچ نەبێت هەواڵێکی تەندروستیم بدەرێ؟

کاك حەسەن بەدیارمەوە دانیشتبوو دەستی خستبووە ژێر چەناگەیەوە چاوەڕوانبوو بزانێت چی ڕوویداوە. وامزانی هەڵدەستێت دەخەوێت، بەڵام دیار بوو مەوزوعەکەی بەلاوە خۆش بوو قاچی کۆکردەوە لەسەر کورسییەکەو لەسەر کورسییەکە بە چوار مشقی بۆی دانیشت.

رووسا مایکی گرت: نازانم چیت بە نەوال خان ووتوە کە شەماڵ-ی هاوسەری هاتۆتەوە، بووە بە دەمەقاڵەیان ئیتر شەماڵ-یش لێیداوەو بردویانە بۆ خەستەخانە.

نوسیم ئەی وەزعی چۆنە؟

رووسا: کچەکەی لێرەیە هاتووە بۆ لای من با بۆت باس بکات.

کچەکەی زۆر بەئەدەبەوە سلاوی کردو دەستی کرد بە قسەکردن.

ووتی: کاك ماکوان لەدوای ئەوەی جەنابت تورەبویت، دایکم حەپەسابوو کاتێك باوکم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دایکم بردیە ژورەکەی خۆیان، ئەوەندەم زانی بە باوکمی دەوت جاسوس، جاسوس بەدەنگی بەرز. باوکیشم زۆری لێدا دەرگاکەش داخرابوو. من و بێریڤانی خوشکم هەر هاوارمان کرد دەسەڵاتمان نەبوو، بەڵام باوکم لەدوای نیو سەعات دەرگای کردەوە دایکمی بە باوەشەوە بوو بەپەلە بردیە ناو سەیارەکەو من و خوشکەشەکم لەگەڵیدا ڕۆیشتن، دوایی ووتم بابە چی بووە؟

ووتی: لەگەڵ دایکت بووە بەشەڕمان.

ئێستا خوشکەکەم لەلای دایکەمە و باوکیشم منی هێناوە بۆلای رووسا و خۆی چووەوە بۆ ماڵەوە.

من داوای مایکم کرد، مایکیان ئازاد کرد.

ووتم: خوشکی من ئەی دایکت وەزعی چۆنە؟ باشە نازانیت هۆکارەکە چی بوو؟ باشە من چۆن بتوانم هەواڵێکی دایکت بزانم؟ دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم.

کچەکەی نەوال: نا کاك ماکوان شـــوکر وەرزعی باشـــە، باوکیشـــم زۆر خەفەتی خوارد هەستمان دەکرد پەشیمانە. ژمارە تەلەفونەکەی دایکی دامێ ووتی دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەیت.

شـــەو دەرنگ بوو منیش لەبەر کاك حەســـەن پەلەم بوو دەوربەری سەعات ٣ی شەوی ئێمە بوو، ئیتر خوا حافیزم کرد لە پاڵتۆك هاتمە دەرەوە، بەڵام کاك حەســـەن زوو زوو دەیوت: ماکوان گیان من خەوم نایەت! مەوزوعەکەی بەلاوە خۆش بوو، جێگام بۆ داخست خەوتین.

بۆ بەیانی ویستم تەلەفونی بۆ بکەم سبحان الله هەستێکی زۆر عەجیبم بۆ دروست بـــوو، هەرچی دەمویســـت تەلەفون بکەم بۆ ئیســـرائیل وام دەزانـــی دەرزی دەکەم بەدڵی خۆمدا، هەرچی دەســـتم نا بە ٠٠٩٧٢ هەر نەمتوانی لەوە زیاتر بڕۆم، بۆیە تەلەفونم بۆ نەکرد.

کات ڕەحەمی بەکەس نەدەکرد تاماوەی چەند مانگێك ئاگام لێیان نەما، پاشـــان زوو زووش کاك حەســـەن تەلەفونی دەکرد، هەواڵی دەپرسین. ئەوەندەی ئەو پەرۆش بوو من لەبیرم نەما بوو.

ماوەیەکیـــش ئاگام لە کاك حەســـەن نەما ڕۆژێکیان تەلەفونم بۆ هات کاك حەســـەن ووتی: کاکە ماکوان دێم بۆ لات بۆ نەرویج، ئەو لە شاری یۆتۆبۆری لە سوید دەژیا.

منیش زۆر بە خۆشـــحاڵیەوە عەرزمکرد یاخوا بەخێر بێیت، چونکە یەکێك بووە لە پێشمەرگە دڵسۆزەکان لەگەڵ باوکمدا لە بەرحورمەتی باوکم زۆر ڕێزم لێدەگرتو ئەویش باوکی منی زۆر خۆشەدەویست.

لە وێستگەی قیتارەکە چاوەڕێی بووم خوایە کاك حەسەن هەر دانەبەزی، سبحان الله.. کاك حەســـەن دابەزی ڕیشـــی لەسەر سنگی بوو بەشـــەڕوانێکی جوانی کورت و سیمایەکی ئیســـلامی جوان هەر خەریك بوو شاهگەشـــکە بم. باوەشـــمان کرد بەیەکدا ووتی: با سێ جارەکە بێت سوننەتە.

لەڕێگاوە هاتین بەرەو ماڵ ووتی: کاکە ماکوان تۆ لەمن شـــارەزا تریت بۆ ڕیشت درێژ نییە؟

منیش بۆ خۆشی هەموو گیانم پێئەکەنی ووتم: بە ڕیش نییە بە ئیشە.

ووتی: أستغفرالله، برام ئەوە قسەی جاهیلەکانە، خەریبوو بکێشێت بە دەمما.

ووتم: بۆ خوشی بوو...

کاك حەسەن: براکەم کوا لە ئیسلامدا سوبعەت لەسەر عیبادەت دەکرێت.

بەهەرحاڵ من هیچم نەوت، چونکە بە تەمەن زۆر لەمن گەورەتر بوو، دوای دانیشتینو نان خواردن عەرزم کرد کاك حەسەن گیان ئەم ئیلتیزاماتەت چۆن بۆ دروست بوو؟

بەڕاستی زۆر خۆشحاڵم.

کاك حەسەن: کاکە ماکوان دوای ئەوەی ئەو شەوە لای تۆ ڕۆشتمەوەو تورەبونەکەت لەئەو ئافرەتەو قسەکانت زۆر کاریگەر بوون لەسەرم، لێت ناشارمەوە، کە ئەو هەموو کتێبەم بینی لەماڵەکەی تۆ کە من بیرم دێت تۆ بەچ ڕۆژێك لە دایك بووبیت، هەستم دەکرد قسەی زۆر جوان و ئیسلامیانەت دەکرد، ووتم باشە من چیم نوقسانە لەم کورەی عەبدولکەریم.

ڕۆژێك چووم بۆ مزگەوت، لە مزگەوت کورێکی کوردم بینی ناوی م. عەبدولحەمید بوو.. (دوایی بۆم ڕون بوویەوە ئەو مامۆستا بەڕێزەم دەناسی ماوەیەکیش من لە خزمەتیدا بووم)، ووتی ئەویش وەك تۆ خنی بە مێشکمدا ئیتر لەو ڕۆژەوە لای تۆ ڕۆشتووم هەر بۆ خۆم خەریکی لێکۆڵینەوەم لەم ئایینە. زۆر خۆشحاڵیم بۆ دەربڕینو سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەو نیعمەتی ئیسلامە کەبەخشیویەتییە جەنابت، بەڵام زوو زوویش ئەیوت ئەی توخوا نەوال خان چی بەسەرهات!

شەوێك وانەم هەبوو لە ژوری دیدی نوێ باسی سیرەی بۆن خۆشی پێغەمبەرم (ﷺ) دەکرد، ڕووسا لە ژوور بوو گوڵی دەنارد بۆم، کەقسەکانم تەواو بوو، ووتی ئەمەوێت چەند دەقیقەیەك قسەت لەگەڵ بکەم، عادەتەن ئەگەر ببوایە بە پرسیارو وەڵام لە ژوورەکەدا کاتی زۆری دەبرد.

ووتم: ئیشەکەت چییە؟ چەند دەقەیەك دێمە خزمەتت و دوایی دەچمەوە خزمەتی ئەو خەڵکە بەڕێزانە، چاوەڕێم دەکەن.

ووتی: باشە.

بانگم کردە ژوورێك و بۆم نوسی فەموو مایك بگرە.

مایکی گرتو ووتی: ماکوان ئەمەوێت بێم بۆ ئەوروپا هاوکاریم دەکەیت؟

نوسیم ئاخر من ناتوانم بە قاچاخ بتهێنم.

ووتی: نا من پاسپۆرتم هەیە، بەڕەسمی دێم. بەڵام من دەتوانم بێمە

لەنـــدەن، مالّـــی خالّـــم لـــە کۆنەوەلەوێـــن ئەتوانیـــن لـــەوێ یەکتـــر ببینیـــن؟ منیش پەلەم بوو بۆ ژوورەکە ووتم: باشـــە هەر کاتێك هاتم بۆ لەندەن دێمە خزمەتان لەوێ یەکتر دەبینین.

رووســـا زۆر خۆشحاڵی دەربڕی و ووتی: ماکوان مالّی نەوال خان بۆ ماوەی دوو مانگە چونەتەوە بۆ ئەمریکا.

زۆرم پێناخۆش بوو کە دەیوت ماکوان، بەڵام هیچم نەوت و زۆر خۆشـــحاڵ بووم بەو هەواڵە.

نوسیم شەمالّ-یش گەڕاوتەوە لەگەڵیاندا؟

ووتی: شەمالّ-یش گەڕاوەتەوە.

ووتم: دوای بابەتی ژورەکە قسە دەکەینەوە من دەبێت بڕۆم بۆ ژوور.

مالّئاوایمـــان کـــردو هەردوکمان هاتینەوە ژورەکەو ئەو چاوەڕێـــی دەکرد من تەواوبم قسە بکەینەوە.

دوای ئەوەی لە ژوری دیدی نوێ لە باس و ســـیرەی پێغەمبەرمان (ﷺ) تەواو بووم ماندوویم حەسایەوە.

پەیمانم دابوو لەگەڵ رووســـا قســـە بکەم، گەڕامەوە بۆلای چاوەڕوانی من بوو. بانگم کـــردە ژورێکو مایکم گرت ووتم گوێت بۆ دەگرم بەمەرجێك کە نەڵێیت ماکوان، ئەبێت بڵێیت کاك ماکوان-ی براگەورەم. ئەوە مایك ئازادە وەرە قسەم بۆ بکە.

رووســـا دەســـتی کرد بە قســـەو بە منی ووت: ئاخ بەس بمزانیایە تۆ لە چی دروست بووبیت، نە هەســـتت هەیە، نە ئەتەکێت دەزانی لەگەڵ ئافرەت قســـە بکەیت. باشە توخوا ماکـــوان تـــۆ قەت لەگەڵ ئافرەت قســـەت کردووە؟ یـــان چۆن خۆشەویســـتی ئەدەیت بە خێزانت؟ بەس پێم بڵێ تۆ چیت؟ هەستو شتی وا هەیە لەگیانتا؟

ئاگام لێ بوو بە بریندارییەوە ئەم قسانەی دەکرد قوڕگی پڕ بووبوو لە گریان.

خەمی خێزانمت نەبێت، ئەگەر هیچی بۆ نەکەم ئەزانێت کە چاو بازو خیانەتکار نیم، بڕوا بکە ئافرەتیش ئەوەی بەسە.

ووتـــم: تۆ باســـێکی خۆتم بۆ بکە، مایکـــم بۆ ئازادکرد. ژیان چـــۆن دەگوزەرێنی لەو کافرستانە خوێنمژانەی ئیسرائیل؟ (من هەمیشە ئیسرائیلم لەبەر چاو ناشرین دەکرد).

ووتی: ماکوان زۆر بێتاقەتم، نازانم چییە کە قسە لەگەڵ تۆ دەکەم هەست بە ئارامی دەکەم، بەڵام حەز دەکەم دەردە دڵێکت بۆ بکەم. من نازانم کچی کێم ڕۆژێکیان ئەم دایکو باوکەی کە ئێســـتا هەمە شـــەڕیان بوو، دایکم بە باوکمی ووت: ئەی پیســـترین مرۆڤ تۆ

هەر ئەوە بوویت دالیات لە باوکی کردو لەبەر سەروەت و سامانەکەی بردت بۆ خۆت.

من حەپەسام و هەموو گیانم بوبوو بە گۆ.

دالیا واتا (رووسا): زۆرمکرد لە دایکم هەر وەلامی نەدامەوە، زۆرم هێنا بۆ باوکم هەر وەلامیان نەدامەوە.

دایکم ووتی: لە تورەیدا ئەو قسەیەمان کردووە، بەڵام من نەچوو بە مێشکمدا. سەفەرمکردەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥ چومەوە گەڕەکی خۆمان. ئەو ماڵانەی کە تێیدا ژیابووین لەگەڕەکەکەماندا چومەوە لای دراوسێکانمان لە نزیك مولکەکانی حەمەی ئەورەحمان ئاغا لە مەلکەندی چوومە لای پیاوێکی بەڕێزی خەڵکی شاری سلێمانی پرسیاری کەسوکارو ئەوماڵە مەسیحییەم کرد کە منیان بەخێوکردووە ووتی ماڵیان لای ماڵی کەریمی ئەلەکەوە بوون، باسی ئەوەی بۆ کردم کە باوکی من بە دۆلارەوە لە بەغداد لە ساڵی ١٩٨٢ ئعیدام کراوە. ئەم ماڵەش زیاتر خزمەتی باوکی خۆمیان کردووە نزیك بوون لە باوکەمەوە دوای لە سێدارەدانی باوکم هەرئەمان منیان بەخێوکردووە دایکشم بەسەر منەوە گیانی لە دەستداوە، باوکم پیاوێکی دەوڵەمەندی شاری سلێمانی بووە، بەڵام هەموو سەروەت سامانەکەمان بە وەکالەتێکی عامە ئەم باوکەی ئێستام کردویەتی بەناوی خۆیەوە، بەڵام دریغیان لەمن نەکردووە بۆ هاوکاری. دوو پورم هەبوون چووم بۆلایان ئەوانیش هەر بەدوای پارەوە بوون، کوڕی پورێکم هەر خەریك بوو بە ئاشکرا لەبەرچاوی دایکی دەستدرێژم بکاتە سەر تا تورە بووم، ئیتر هەستم کرد سلێمانیش جێگای منی تێدا نابێتەوە. گەڕامەوە بۆ لای دایك و باوکە مەسیحییەکەم کە هیچ نەبێت منیان بەخێو کردووە هەستێکم بۆیان هەیە، دڵم بە براکەم خۆش بوو کە کوڕی ئەوانەو هیچی من نییە.

من بۆم نوسی ئەی کە گەڕایتەوە چیت کرد باسی ئەو حاڵەت بۆ کردن؟ کە لەگەڵ تۆ ئەنجامیان داوە، ئەم ژن و پیاوە مەسیحییە؟

ووتی: ئاخر ماکوان خۆ ئەوان پیاوەتیان کردووە، من کەزانیم خیانەت نییە ئیتر بۆ لەخۆمەوە تورە بم، ئەگەر لای پورەکانم بوومایە ئێستا لەوانە بوو شەرەفم بشکایە. قسەکەی مەنطقی بوو، من گوێم گرتبوو نوسیم ببورە فەرموو بەردەوام بە.

ووتی: ماکوان دەمەوێت بێم بۆ بەریتانیا لەوێ لەگەڵ خاڵۆژنم قسەم کردووە لە کۆمپانیایەکی تەلەفون دامەزراوم لەوێ کارم وەرگرتووە.

نوسیم ئەی ئەوان خاڵی ئەصڵیتن؟

ووتی: بەڵێ، من ڕۆژی یەکشەممە دەچمە فڕۆکەخانەی ستاندستێد لەوێ دادەبەزم.

زۆر بە خۆشحاڵیەوە باسی دەکرد واتا ئەو ڕۆژە سێشەممە بوو.

داوای مایکم کرد مایکی ئازاد کردو ووتم: کچی باوکم تۆ کەی مەسیحیت تۆ موسڵمانیت، بۆ وازت لە ئاینی خۆت هێناوە. تۆ بەڕاستی خوشکی منیت. ئیتر دەشڵێیت ماکوان قبوڵمە ســـەر سەرو ســـەر چاوم (تەبعەن بە پێکەنینەوە)، دالیا گیان ئەگەر پێت خۆش بێت من ئـــەو ڕۆژە بە چەنـــد برایەکی خۆمان دەڵێم لەوێ بێن بەدەمەتەوە هەرچیت پێویســـت بـــوو من لەخزمەتاندام. ژمارەی تەلەفونی دووبرای دڵســـۆزو هاورێی خۆمم دایەو ووتم: هەرچیت پێویســـت بوو ئەوان لەخزمەتتدان. هەڵبەت دوایش تەلەفونم بۆ ئەو برایانە کرد خوا هەڵناگرێت زۆر پیاوانە هاتن بەدەممەوە، شەو درەنگ بوو منیش ماندوو بووم خواحافیزم لێکرد.

ووتم ئەم ئایەتەل کورســـییە لەبەربکە زۆرباشە هەرچییەك هاتە ڕێگات ئەتپاریزێت، بەدەنگی ســـەعد غامدی بۆم نارد وەعدم لێوەرگرت، کە بچێت خۆی بشـــوات، شایەتومان بهێنێت، پەیمانی دامێ بە خۆشـــییەوە هەردووکمان ڕۆشتین، خۆشترین ڕۆژی ژیانم لەو ساڵەدا.

رووسا گەیشتە بەریتانیا، منیش خەریکی بلیت کڕین بووم.

ماوەی ئەو چەند ڕۆژە پەیوەندیم هەر لەگەڵ رووسا نەپچڕاند، لە ڕێگای خوشکێکەوە لە تۆڕی پاڵتۆك کە یەکێك بوو لە خێزانی مامۆستا بەڕێزەکان تەکلیفم کرد کەهەندێك شـــت هەیە فێری رووســـا-ی بکات. چونکە ئافرەت لە هەندێك ڕووە خاوەنی پێداویستی تایبەتە پێویستیشە هەندێك شت هەیە ئافرەت خۆی ڕۆشنی بکاتەوە بۆ یەکتری.

لە لەندەن پەیوەندی بە منەوە کرد ووتی: ئێستا لە ماڵی خاڵمم.

ووتم: تەلەفونەکەتم بدەرێ با ئەگەر هەر پێداویستیەکت هەبوو لە خزمەتاندا بم.

ژمارەی تەلەفونی نەدامێ.

ووتی: لە پاڵتۆکەوە پەیوەندیمان هەر دەبێت، منیش کە نەیدا دووبارەم نەکردەوە.

دوای چەند شەوێك هاتە سەرخەت ئاگاداری کردمەوە کە دەستی کردووە بە کارکردن.

ووتی: پێدەچێت من بگوازرێمەوە بۆ جێگایەکی تر دوور لە لەندەن، ناوی شەریکەکەشی ووت ئەگەر هەڵە نەبم «پۆس مۆرس» بوو. ئەوەندە گرنگیم پێنەدا، چونکە هەستم کرد سوپاس بۆ خوا ئاسودەیە.

دوای ئـــەوەی پەیمانم دا بـــوو بڕۆم بۆ ئەوێ لەگەڵ خێزانم بە دوای بلیتی هەرزاندا دەگەڕایـــن، بۆئـــەوەی بەرەو لەندەن بڕۆین، قـــەدەری خوای پـــەروەردگار وابوو بلیتمان دەســـت نەکەوت. پێشـــتریش لە زانکۆیەك لە بەریتانیا خەریکی خوێندن بووم واتا لەوێ

وەرگیرابووم بە موراسەلە دەبوو هەر بچومایە بۆئەوەی هەندێك کاری ڕۆتینات هەبوو بمکردایە، بەهەرحاڵ من سەرقاڵ بووم بە کاری ڕۆژانەو خوێندنی خۆمەوە هەر لە نەرویج و پاشان ئاگادار کرابوومەوە بۆ بحث و ئیمتحانات دەبێت بگەڕێمەوە بەریتانیا، چونکە سەرەتاش بوو ئەوەندەم بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام خێزانم زۆر حەزی دەکرد خوێندنەکەم تەواو بکەم لە بەریتانیا پێشتریش زۆر هانی ئەدام.

ڕۆژێکیان لە پۆلیسی شارەکەی خۆمانەوە تەلەفونێکم بۆ کرا ووتیان ماکوان کەریم دەتوانیت تا پۆلیس بێیت؟

ووتم: باشە نزیك بووم لە فەرمانگەی پۆلیسەوە چووم.

کە چومە ژوورەوە کابرایەکی زل ئەگەر بتبڕیایەتەوە ٤ کەسی وەك منی تێدابوو، هات بە دەمەوە بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کردمو ووتی: ماکوان کەریم ئێمە وەك نەرویج هیچمان لەسەرت نییە، خۆشمان تێناگەین ئەمە چییە و چۆن کێشەیەکە. تەبعەن من هەر تێنەدەگەیشتم مەوزوعەکە چییە.

ووتی: لە سەفارەتی بەریتانیاوە هاتوون دەیانەوێت قسە لەگەڵ تۆ بکەن.

ووتم: کێ هاتووە؟

ووتی: نوێنەری سەفیری بەریتانی.

هەر زۆر کارەکە گەورە هاتە بەرچاوم، دەستبەجێ لە دڵی خۆمدا وابیرم کردەوە ووتم: حەتمەن موخابەراتی ئیسرایل-ی ئیزعاج بووە بەم کارەی من و پاشان چاودێری من کراوە کە لەگەڵ ئەو کچە قسەم کردووە، یان دایك و باوکی ڕووسا سکلاّیان لێکردووم! ئیتر سەد جۆر بیرکردنەوەی خراپم بۆ دەهات لەوکاتەدا، ئەوەندەی پێ نەچوو نوێنەری سەفیر هات بۆ لام موتەرجمێکی نەرویجی ئینگلیزی لەگەڵ بوو نوێنەری موخابەراتی نەرویجی و پۆلیسی نەرویجیشم لەگەڵ دانیشتبوون.

ووتم بەخوا کێشەکە زۆر گەورەیە، بەڵام زوو زوو نوێنەری پۆلیسەکە وەك دڵخۆشی بۆ من ئەیووت: ماکوان ئەم کێشەیە ئیلاقەی بە نەرویجەوە نییە.

دەمووت: کێشەکە چییە؟

ووتی: ئەوان بۆت باسدەکەن.

نوێنەرەکە دەستی کرد بە قسەکردن ووتی: کەریم مەبەستی من بوو، ئێمە وەك حکومەتی گەورەی شاهەنشاهی بەریتانیا ڕازیمان نییە بێیتە ولاّتەکەمانەوە! هەواڵمان بەدەست گەیشتووە کە تۆ کەسێکی چالاکی ئیسلامی و خەڵك کۆدەکەیتەوە. لەبەرئەوە بۆ ئاسایشی ولاّتی بەریتانیا خراپەو شکاتت لێکراوە نابێت بێیتە ولاّتی ئێمە، زەرفێکی دامێ

پڕ بوو لە وەرقە ووتی: ئەمە کێسەکەتە، لەسەر چی و بۆچی ناهێڵین بێیت.

پەیوەندیم کردەوە بە کاك مەلا عومەر (عومەر عەلی) کە خوێندنەکەم نەفەوتێت.

ووتی: باسی مەکە ئەم قەزیە تۆ لە زانکۆ وەرگیراوی، ئەوەی کە پێویست بە تۆ بکات من بۆت دەکەم. لە سوید لە مالمۆ ئەو زانکۆیە نوێنەریان هەیە لەوێ دەتوانی تاقی کردنەوەکان بکەیت، باسی یاسایەکی ستودێنتی بۆ کردم تێنەگیشتم بەو یاسا بەریتانییە دەتوانم بەردەوام ببم لە خوێندن.

ساڵی ٢٠٠٩یە، بەڵام کاك عومەر عەلی پەیمانی لێوەرگرتم تا خوێندنەکەم تەواو نەکەم باسی ئەم کێشەیە لای کەس نەکەم. منیش باسم نەکرد، تەنها چەند کەسێك دەیزانی کە دەخوێنم لە بەریتانیا، لەوانە خێزانم و کەسوکاری خۆم نەمدەهێشت بزانرێت، هەندێکیش لە هاوڕێ و ئەو دڵسۆزانەی خۆم دەیانزانی کە لە بەریتانیا «مەمنوع دخولم» واتا بۆم نییە بڕۆمە ئەو وڵاتە.

سوپاس بۆ خوا پاشان هاوکاری کاك عومەر عەلی توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم بە پلەی ئیمتیاز لە لێکۆڵینەوەکەم لەسەر مێژووی شەریعەت بوو، بەسەرکەوتووی بەکالۆریۆس-م بەدەستهێنا، کاك مەلا عومەر ووتی ئەتوانیت ماستەرەکەشت بخوێنیت، بەڵام هەر بە بێدەنگ هەتا بحثەکان پێشکەش دەکەیت، ئەوەی کاك عومەر عەلی فەرمووی هەموویم کرد تاکو ماستەرەکەشم بە سەرکەتووی و پلەی ئیمتیاز تەواو کرد.

کە نامەکەم کردەوە کە لەلایەن نوێنەری بەریتانیاوە هاتبوو، نوسرابوو لە کاتێکدا تۆ هاتوویت بۆ بەریتانیا خەڵکی زۆرت لێکۆبۆتەوە ئەمە جێگای سەرنجە بۆ ئێمە، پاشان کۆڕت گرتووە لە لیدزو لە کاردیف و لە لەندەن و لە بێرمنگهام خەڵکی زۆر هاتوون کۆبونەوەت بە خەڵکی کردووە! ئێمەش هەواڵمان پێگەیشتووە کە تۆ خەریکی دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئیسلامی تۆندڕەویت.

ئەمە هەموو کێسەکەی من بوو.

پەیوەندیم کرد بە ڕووساوە کە ئەوە حاڵەتەکەی منە، بڕوای نەکرد. منیش زۆر گوێم پێنەدا، وا هەستم دەکرد سکاڵاکە لەلایەن ئەوە بێت ئینجا هەستم بۆ دروست بوویەوە کە موخابەراتە، کێشەکان لای ئەوەوە بۆم دروست بووە.

پەیوەندیم کرد بە برایەکەوە لە بەریتانیا کە پارێزەرێکم بۆ دابین بکات بۆئەوەی ئیستنافی ئەو مەوزوعە بکەم، چونکە من هیچ شك نابەم ئەوەی ئەوان باسی دەکەن بەڵگەشیان نییە و هەمووی قسەی بێمانایە. دوو پارێزەرم دەست کەوت هەردووکیان هاتنە ناو کارەکەوە، لە کۆتایدا ئەوەمان دەستکەوت کە ئەوانەی سکاڵایان لە سەر من

تۆمـــار كـــردووه كوردن و بۆ مەرامی حیزبی خۆیان بووه وایان زانیوه من له حیزبەكانی ئەوان دەبم بۆ خۆم. ئینجا بۆم دەركەوتەوه هیچ پەیوەندی به رووسا-وه نییه.

پارێزەرەكـــەم هەواڵێكی خۆشـــی بـــۆ هێنام ووتی ئێمـــه دوو پارێزەرین یەكێكمان كه دەچێته ناو كێسەكەتەوه جارێكی تر قسه لەگەڵ تۆ ناكاتەوه، له ناوەوه دیفاعت لێدەكات، چونكه ئەوان كەســـەكان ئاشكرا ناكەن كه سكاڵایان لەسەر تۆ تۆماركردووه، ناڕاستەوخۆ لەســـەر مەوزوعەكەی تۆ قســـه دەكەن بڕیاریش ئەدەن! پاشـــان ووتی یاسایەك خراوەته بەردەم پەرلەمانی بەریتانیا لەســـەر ئەم كێســـانه، ئەو كەسەی كه سكاڵای ئەمنی تۆمار دەكات، ئەگـــەر بەڵگـــەی نەبوو دەبێت ڕووبەروی تۆمەتبارەكـــه ببنەوه، ئەگەر چاوەڕێی ئەوەش دەكەیت ئەوه سااڵێك بۆ دوو ساڵی پێدەچێت، منیش بۆئەوەی بزانم ئەو گەندەاڵنه كێن تا ئێســـتاش چاوەڕوانی ئەو یاســـایەم، پەلەم چییه ئەم ساڵ نا ساڵێكی تر، له دوایی هەر بۆم ئاشكرا دەبن خۆ ئەگەر ئاشكراش نەبن سوپاس بۆ خوا قیامەت هەیه.

من ئەم حاڵەتەم بەســـەر هات، بەاڵم ســـوپاس بۆ خوا هەر به ســـەركەوتوویی هاتمه دەرەوه لێی، له دوای ئەم ڕەوشەی كه بەسەر منداا هات لەم ماوەی ڕابوردودا له فەیسبووك كەســـێك لـــه ئەمریكاوه پەیوەندی بەمنەوه كرد ووتی: ماكـــوان گیان من نەوالم، ئەزانی چووم بۆ حەج و شوكر بۆ خوا لەگەڵ شەماڵ عەمرەیەكیشمان كردووه، ئەی رووسا چی لێ بەسەر هات كەووتووەته كوێ؟

مەجالی زۆر قســـەم نەبوو لەبەرئەوەی لەســـەر كار بووم ناوەكەم لای خۆم یاداشـــت كرد، بەاڵم دوایی ئەو هەر نەهاته سەر خەت. ئەوەندەش گرنگ نەبوو بەاڵمەوه، چونكه دڵخۆش بووم بەوەی كه خێزانێكی بەختەوەرن.

من گەڕامەوه بۆ كوردستان بەتەنها واتا بێ ماڵومنداڵ، دایكم ووتی ڕۆڵه (خەسرەو) ناوی ئەسڵی خۆمه ئێستا ڕۆژگار كورته زوو بگەڕێوه بۆ ماڵەوه ئیشم پێته. منیش لەدوای نوێژی عەســـر زیاتر له ئۆفیس دادەنیشتم سوبحان الله ئەو ئێوارەیه له هەموو ڕۆژەكان لای من قەرەباڵغتر بوو هەموو فەیسبوك لای من بوو.

دایكم تەلەفون لەسەر تەلەفون بۆم دەكات و نازانم مەوزوع چییەو ئەم هەموو پیاوه بەڕێزەش لای منن، دوای ئەوەی میوانەكان ڕۆشـــتن تەكســـیەكم گرت بەرەو ماڵەوه ئەو ڕۆژەش هیچـــم نەخوارد ووتم حەتەمن دایكم خواردنی بەدەســـتی خۆی دروســـتكردووه دەزانێت من حەزم له نانی دەســـتی خۆیەتـــی بۆیە بانگم دەكات، چومه ماڵەوه نه بۆنی خواردن دەهات هیچ نەبوو، دایكم فەرمووی ئەو ڕۆڵه من نەموت زووبگەڕێوه؟

ووتـــم: بەخوا میوانم هەبـــوو، ئەوەندەم زانی جەماعەت هەموو هاتن له خوشـــك و

خوشکه زاو زاوا و براو برازا.

ووتم: مەوزوع چییە؟

دایکــم ووتی: وەڵڵا هیچ نییــە مەطعەمێك هەیە تۆ ئەقڵت بەو جێگایانە ناشــکێت ئەمانەوێ بتبەین بۆ ئەوێ.

ووتم: کوێیە؟

ووتیان: ناوی داوا-یە.

خێزانێکــم بەدی دەکرد هەر تەماشــای منیان دەکرد، لــە دڵی خۆمدا ووتم حەتمەن لە تەلەڤزیۆن منیان بینیوە، بەڵام هەســتم دەکرد سەرنجی زۆریان ئەدا من هەر ئاسایی وەرمگرت.

پێشڕەوی برام هات ووتی: کاکە ئەزانی ئەو عائیلەیە تەماشای تۆ زۆر دەکەن لە ئاسایی دەرچووە، منیش بە فشقیات بە پێشڕەوم ووت ئاخر کاکت قۆزە بۆیە.

ووتی نەوەڵڵا تۆ بڕۆ سەر کورسییەکەی من خۆی لە جێگای مندا دانیشت ئەو لە ڕووی ئەمنییەوە لە من ووریاترە، منیش بەقسەم کرد.

تۆزێکی پێچوو یەکێك لەو بەڕێزانەی کە لەوێ کاری دەکرد هات و ووتی: کاك ماکوان پارەی ئێوە دراوە، ئێمەش زیاد لە ١٢ کەس دەبوین زۆرم پێناخۆش بوو، چونکە یەك نەفریش لەو مەطعەمە بە ٢٥ هەزار دینار بوو، زۆر بێمانا گران بوو.

ووتم: برای باوکم کێ داویەتی؟

ووتی: ئەو خانەوادەیە.

کە هەڵسام بچم بۆ لایان چایان دەخواردەوە من دەستم چەور بوو، چونکە قبوڵم نەکرد، ووتم بەپێشڕەو ئارامی زاوامان بڕۆن پارەکە بهێننەوەو بیاندەنەوە.

چوومە خزمەتیان گوێم لێبوو خانمێکی نازداری زۆر جوانی دەم و چاو جوان کە بەرەو ڕویان دەڕۆشتم پێدەکەنی.

ووتی: بەخوا ماکوان هات.

منیش سلاوم لێکردن، ووتم: بەخوا قبوڵم نییە، لەئێستاوە دەبێت وەریبگرنەوە ئەگینا هەر مەرحەباشتان ناکەم یان بەس پارەی من بدەن.

پیاوێکی زۆر مەعقول ووتی: کاکە ئێمە چاوەڕێی تۆین بڕۆ نانەکەت بخۆ دوایی قسە دەکەین.

تەبعەن ئەو مەطعەمە ئوتێلیشە، ئەوان هەڵسان یەکێکیان ووتی کاك ماکوان لە میوانخانەکە چاوەڕێتین، ئەو جێگایە زۆر فاخر بوو دوای ئەوەی تەواو بووم یەکێکیان

نارد به شوێنماندا ووتیان له میوانخانەکه چاوەڕێتانن، منیش لەگەڵ ئامینەخانی دایکم‌و جەماعەت ڕۆشتین. لای من زۆر قەرەباڵغ بوو دەنگی منداڵ‌و قیژەیان ئەو ئوتێلەی کرد بوو به حەمام منو پێشڕەوی براو هەردوو زاواکەم چوینه لایان ئەوان بەخێرهاتنی گەرمی منیان کرد.

ووتم: کاکه پارەکەیان بدەنەوه عەیبه، دوایی بیرم کردەوه ووتم لەوانەیه مەسئولێکی گەندەڵبێت، لەم ڕێگایەوه بیەوێت پەیامێك بگەینێت.

دانیشتم لەگەڵیان ئەو خانمه جوانه که له تەمەنی دایکمدا بوو ڕەحمم چووه سەری هەر پێدەکەنی.

ووتی: ماکوان ڕۆڵه من ناناسیت؟

ووتم: نەخێر.

ووتی: من نەوال-م کاك شەماڵ-یشم بینی و دەستمان کرد به قسه چوون بۆلای دایکم‌و سلاویان کردو دانیشتین، کاك شەماڵ‌و منو نەوال خانو ئەو خێزانەی تریش بەیەکەوه بووین، پاشان هەواڵی ڕووسام پرسی.

ووتم: دالیا له کوێیه چی بەسەرهات و ئێستا چۆنه؟

ووتیان: شوی کردووه به کورێکی خەڵکی سلێمانی و دوو منداڵی هەیه یەکێکیانی ناو ناوه به ماکوان و ئەوی تری ناو ناوه لانه، واتا کچ و کورێکن.

ووتم: چۆن پەیوەندی پێوه بکەم، ژمارە تەلەفونەکەی دامێ ژمارەی کوردستان بوو.

ووتیان: خۆی‌و هاوسەرەکەی له یەکێك لەم کۆمپانیای تەلەفونانەی کوردستان کار دەکەن ماڵیان له کازێوەیه.

ووتم: بۆ زانیاریتان چەند ساڵه من له سلێمانیم بەخوا نازانم کامه کازێوەیه، ئێستاش من به سلێمانی پاڵاس دەڵێم حەسیب ساڵح.

دەستیان کرد به پێکەنین و قسەوباسی زۆرمان کرد، ئەخیرەن پارەکەیاندا منیش تەلەفونم کرد بۆ ڕووسا خاتون هەواڵم پرسی‌و ووتم: دەمناسی من کوڕی خۆتم ماکوان-م گەورە بووم.

دەستی کرد به پێکەنین ووتی: ماکوان گیان تۆ نوری چاوی منی، وەی که خۆشحاڵم تەلەفونت کردووه دوای قسەباس‌و هەواڵ پرسین دایه دەست مێردەکەی ناوی کاك بەڕێز بوو، بەڵام بەڕاستی بەڕێز بوو، پەیمان درا که یەکتر ببینین، دەوامی بەردەوامی ئەوان و سەرقاڵی من یەکترمان نەبینی من گەڕامەوه بۆ نەرویج ئێستا ئەوان له کوردستانن.

چیرۆکی نۆزدەیەم:

باس و خواسی ناو سەیارەکەی پێشڕەو

لەدوای ئەوەی دەرچووین من خەیاڵ گرتبومی پێشڕەو-ی برام ووتی: ئەوە چویت بۆ کوێ؟ وا خەیاڵت ڕۆشتووە دەمێکەیە ئاگات لە من نەماوە، قسەت بۆ دەکەم.

ووتم: لەم دەوروبەرەو ئەوروپا بووم ئەوە گەڕامەوە بۆ لات، بەیان زۆر شتی بیر خستمەوە پێشڕەو-ی برام، نیوەی ژیانی خۆمم بە فیلم بینییەوە.

پێشڕەو: ئەزانی بەیان شوی تری کردووە، دوای ئەوەی مێردەکەی تەڵاقیدا، ئێستا خێزانی ئەو کوڕەی ڕەفیقی خۆتە، کاك مەزن.

ووتم: بەڕاست وەڵاهی ژیان سەیرە، یاخوا ئاسودە بن و پیرو دڵخۆش بن بەیەکەوە.

پێشڕەو: بڕۆین بۆ کوێ؟ حەزدەکەیت بڕۆین بۆ سەر قەبران سەردانی باوکەو پابیرەکانمان نەنکەکانمان بکەین؟

ووتم: ئەرێ وەڵاڵ زۆرباشە زۆریش حەز دەکەم.

ڕۆشتین تاچوینە گردی سەیوانو چوینە سەر گۆڕی باوکەو دوعای سەرقبرانم خوێندو سڵاوم کرد لە مردوان و لەسەر قەبری هەموویان دوعای خێرمان بۆ موسڵمانان کردوو بەتایبەتیش بۆ کەسوکارمان.

لەگەڵ پێشڕەو-ی برام کەوتینە قسە.

پێشڕەو ووتی: بۆ ئێستا وەك جاران ڕووداو دروست نابێت، ئەم گەنجانەی ئێستا وەك جارانی ئێمە نین.

جـاران ئێمەو پێش ئێمەش لـە ژیانماندا ڕووداوی زۆر ڕووی ئـەداو دەمانگێڕایەوە، بەڵام ئەم جیلە هیچیان نییە بیگێڕنەوە.

ووتم: ئەم ڕەوەندە نوێیە بونەتە ڕۆبۆت بەدەست سیاسییەکانەوە، پاشان تەکنەلۆجیای ساردو سـڕی فەیسـبوکو تۆڕەکانی دیکەی نـاو ئەنتەرنێت هەمووی تەمـەڵ کردوون، مەشـغوڵن بەو تۆڕانەوە هەموو مێژوویان بووە فەیسـبوک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی تر ئەوە هۆکاری ئەوەیە کە ڕووداو لە ژیانیاندا ڕوونادات.

پێشـڕەو: ڕاستە، بەڵام دەبێت ئاوا بڕوات بەم شێوەیە، خەڵك ئیتر مێژووی نامێنێت و هەموو وون دەبن.

ووتم: نا بەدڵنیاییەوە دەبێت چاکەکاران سەرلەنوێ ئەدەبیاتی ئەو کۆمەڵگایە بکەنەوە گۆڕانکاری ڕووبدات، ئەم قسەو باسانەمان هەمووی لە سەر گۆڕستانەکە بوو.

پێشڕەو: چی بکەین بڕۆینەوە؟

ووتم: با بڕۆین

هاتینە خوارەوە لە سەیوانەوە بەرەو شەهیدان، سەردانی هەندێك گۆڕی ترمان کرد.

تەماشـامان کرد ژنێك لە نزیکی دوو گۆڕەوە دانیشتووە دەستی لەسەر کێلی دوو گۆڕ دانـاوە دەگری بەدەم گریانەوە دەیانلاوێنێتەوە. دەڵێـت بۆ کامتان بگریم بۆ لای منتان چۆڵ کردووە بچمە لای کێ و کێ بە هاوارمەوە بێت.

ئێوارەیەکی ساردو ڕەشاباپەکی زۆر قایم هەبوو، ووتم پێشڕەو بابچینە لای ئەو ژنەو فاتیحایەك بۆ مردووەکانی دادەخەین و دڵنەواییەکی دەکەین.

پێشـڕەو: کاکە بۆ خاتری خوا ئێسـتا سـاڵی نەوەدەکان نییە، دنیا گۆڕاوە بانەچین نەوەکو پێی ناخۆش بێت، حەقمان چییە بەسەرییەوە- کاکە ئەمە جاران نییە.

ووتم: ئی باشە دەچین بەلایدا خۆ هیچمان لێ کەم نابێتەوە بڵێین بۆ خۆت خۆشبیت، مەگری و دوعای خێریان بۆ بکەو لەجیاتی ئەو لاواندنەوەیە فاتیحایان بۆ دابخە.

پێشڕەو: بە نابەدڵی با بڕۆین.

وورده وورده نزیك بووینەوە لە ژنەکەو ڕەشـابی سـلێمانیش ئەوەندەی تر ماندووی کردبوویـن، چوینە نزیکی پشـتی لێمان بوو من سـاڵوم لێکردو ئـاوڕی دایەوە کە منو پێشـڕەو-ی بینـی ووتی: سـوپاس بۆ تۆ خـوا کوڕەکانم گەڕانەوە، سـوپاس بۆ تۆ خوا کوڕەکانم گەڕانەوە.

منیـش زۆرم لا سـەیر بوو دڵـم نەشـکاند، زانیم حاڵەتێکی ئاسـایی نییـە ووتم: بەدڵنیاییەوە ئێمە کوڕتین.

ژنەکە تۆزێك وورد بووە لە منو پێشــڕەو-ی برام هیچی نەووت گریانێك گریاوە بێ هیچ شتێك منیش دڵم پڕبوو، ئەوەندە بەکوڵ گریا منیش بەگریانی ئەو تێر گریام.

پێشڕەو: خۆ تۆ هاتی دڵنەوایی بکەیت کەچی خۆشت دەگریت.

ژنەکــە تەمەنی ٥٠ ســاڵ دەبوو ســەراپای ڕەش بــوو، دەموچاوی ســور بووبوەوە لە سەرماندا، ئەوەندە گریا بوو لە سەر ڕوومەتی جۆگای فرمێسك دیار بوو.

دەستم کرد بەخوێندنی قورئان لەسەر قەبرەکان و چەند ئایەتێکم خوێند لە سورەتی واقیعە.

دوای تەواو بوونم دوعای خێرم کردو عەرزی ئەو ژنەم کرد ئەمانە چیتن؟

ژنەکە ووتی: وەڵا باوکەکەم ئەمە هەردووکیان کوڕمن و باوکیان ئەوەتا لەو پشــتەوە کوڕێکی تریشم مردووە وا لای شێخ مارفەوە[٢] ناشتویانە.

ووتم: ئەی ئێستا لەگەڵ کێ دەژیت؟

ژنەکــە: لە ماڵی زاوایەکمم دوو ڕۆژە دەریکــردووم، ووتی مەیەرەوە بۆ ئێرە بچۆ بۆ ماڵی کچەکەی ترت. دوێنی شەو لەوێ بووم زاوەکەی ترم دەیووت بۆنت لێدێت.

ئیتــر مــن ئەوەندەی تر گریام، ژنیکی زۆر پاکو جوانیش بوو ئاگام لە پێشــڕەو بوو ئەویش دڵی پڕ بووبوو.

ئینجا هەردووکمانی خستە گریان، ژنەکە ووتی: کەلەدوامەوە سلاوتان کرد، لەوکاتەدا بیرم دەکردەوە ئەمووت خوایە هەردوو کوڕەکەم بۆ زیندوو بکەیتەوە، ئێوەش لەدوامەوە پەیــدا بوون، وامزانی کوڕەکانی خۆمن خەریك بوو باوەشــتان پێدا بکەم، بەڵام نائومێد بوومەوە، ئێوەش هەر کوڕمن بەقوربانتان بم.

من و پێشڕەو بەو قسەیەی ئەو بەکوڵ گریاین خێرا ووتمان: بەدڵنیاییەوە کوڕتین.

ووتم: ئەی چی بکەین ئێستا چیت دەوێت بۆت بکەین؟

ژنەکە: وەڵڵا باوکی من هیچم ناوێت، بەس خۆشی ئێوە.

پێشڕەو: نابێت دایکە گیان خۆ هەروا لێرەدا بە جێتناهێڵین، فەرموو هەستە بابڕۆین بۆ ماڵی ئێمە لەخزمەتا دەبین، من و کاکم و دایکمین ماڵێکی گەورەمان هەیە لە خزمەتا دەبین.

ووتم: بێزەحمەت ناوت چییە دایکە گیان؟

ژنەکە: ناوم مینایە.

ووتم: میناخان ئاخر خۆ ناهێڵین لەم ســەرقەبرانە ئاوا دانیشــیت، بەدڵنایییەوە ئەت بەینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

میناخان: ئاخر باوکی من دەچمەوە بۆ مالّی ئەو کچەم، خۆ دەزانم ئەوان لێم ناپرسن بچم یان نەچم، بەلّام هەر حەزدەکەم لەوێ بم.

ووتم: ئەم کوڕانەت بەچی وەفاتیان کردووە میناخان؟

میناخان: بە ڕووداوی هاتووچۆ لەیەك ڕۆژدا لە ناو سەیارەیەکدا وەرگەڕان هەردووکیان، باوکیشیان مۆزەفی کارەبا بوو کارەبا گرتی، کوڕە گەورەکەشم گورچیلەی وەستا. دووکچم هەیە شویان کردووە شکور بۆ خوا لە مالّو مێردی خۆیاندان، بەلّام زاواکانم زۆر خراپن. هەستم دەکرد ناحەقی نەبوو لەگەڵ دوو کوڕدا بۆ کوێ بچێت ژنێکی ئاوا با تەمەنیشی هەبێت هەر دەترسێت.

پێشڕەو: ئەی کێ هاوکاریت دەکات؟

میناخان: خوا گەورەیە کاکە گیان، خوا پەکی کەس ناخات.

هەڵمانساند لەگەڵ خۆماندا هێنامانە خوارەوەو وورده بۆ لای سەیارەکەی خۆمان کەوتینە ڕێ بەدەم قسەکردنەوەو بانگی مەغریبی دا.

میناخان باسی ئەوەی بۆ کردم لە بازیان خزمی هەیە پێیان ووتووە ژورێکت ئەدەینێ وەرە لەوێ بژی، ژورەکە زۆر کۆنو خراپە منیش بێجگە تەقاعودی مێردەکەم هیچی ترم نییە، ئەویش بەچەند مانگ جارێك ئەمدەنێ.

میناخان نەهات لەگەڵماندا بۆ مالّی ئێمە، بردمانەوە بۆ مالّی کچەکەیو نزیکی مالّەکەیان دامانناو عەرزم کرد هەر چۆن بووە دان بەخۆیدا بگرێت لەم ڕۆژانەدا سەردانی دەکەینەوە.

لە سەیارەکەدا لەگەڵ پێشڕەو باسی ئەوەمان کرد کە هەرچیمان کردووە ئەو ژوورەی بۆ چاك بکەینو مانگانەیەکی بۆ ببڕینەوە..!

هاتینەوە بۆ مالّەوە ئەو شەوە من میوانی زۆرم هەبوو لە خزمان هەموو هاتبوون بۆ مالّمان کە گەڕاینەوە دایکشم باشی کرد بە من و پێشڕەو، هەر نەیدەبڕیەوە.

ووتم: بەخوا توشی ژنێك بووین ئەمە حاڵو گوزەرانی بووە خوای گەورە کردی یەکێك لەمیوانەکانم دەوڵەمەندێکی باش بوو ووتی داینێ بۆ خۆم مانگانەکەی لەسەر من بێخەم بن.

منو پێشڕەو-یش وەعدی چاککردنی ژوورەکەمان بۆ دا کە بەم نزیکانە دەچێتە ناوێو هەموو کەرەستەیەکی بۆ دابینکراوە. لەم کەینو بەینەدا بووین من نەگەڕابوومەوە بۆ ئەوروپا زاوایەکی هاتە لام ووتی من ناوم بێستونە حەزدەکەم بەیەکەوە قسە بکەین.

ووتم: فەرموو.

هەندێـك دەردە دڵی قەیرانی بۆ کردمو سوپاســی زۆری دەربڕی و ووتی حەز دەکەم سەردانێکمان بکەیت.

ووتم: باشە بەسەرچاو.

کەچووم تەماشــای ماڵەکەیم کرد ماموّســتا بوو تەلەفزیۆنی فرۆشت بوو، سەلاجەی نەمابــوو، ئەڵقەی پەنجەی خۆی و خێزانەکەی فرۆشــتبوو، بەو ســەرمایە زۆپاو نەوت لەماڵیدا نەبوو، خاوەنی ٣ منداڵ بوو.

ووتی کاك خەسرەو ئەوە حاڵو گوزەرانی منە، من خزمی سەرهەنگم.

کە ووتی خزمی سەرهەنگم ئای چ برینێکی کولاندمەوە.

ئەو ئافرەتەی کە لەسەر جادە هەڵمگرتەوە

لەدوای ئەوەی بڕیستون باسی ئەوەی کرد کە گوایە خزمی سەرهەنگ-ە و منیش سەرهنگ-م زۆر خۆشویستووە، باسی ناسینی سەرهەنگ-م کرد و بەڵام ووتم پێش ناسی سەرهەنگ ئافرەتێکم ناسی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی دوایی باسی سەرهەنگ-ت بۆ دەکەم، هەردووکیانم بە بۆنەی سەروپێوە ناسی.

سەرەتای پاییز بوو خەیاڵ چواردەوری پێچابووم باری سیاسی وڵاتو کێشە کۆمەڵایەتییەکان جەختێکی زۆریان خستبووە سەرم بۆیە هەمیشە لە دەروازەی خەیاڵدا دەژیام ٣١ی ئاب ڕوویدا بوو یەکێتی چووبونە سەر سنورەکان.

کاتێ کە پیاسەم دەکرد حەزم بە تەنیایی دەکرد کاتێ دەچووم بۆ کار بە هەمان شێوە هەر کاتێك وەنەوز بیگرتمایە کەچی خەیاڵ لێنە دەگەڕاو هەمیشە کۆنترۆڵی هەست و بیری کردبووم.

زۆرجار واهەستم دەکرد نەخۆشی یە، بەڵام کەسایەتی خۆم باش دەناسی بۆیە ترسم نەبوو هەر ئەو خەیاڵ و بیرەم دەگەڕاندەوە بۆ کێشە سیاسییەکانی وڵات. بیرەکەشم زۆر ساددە بوو خەیاڵ و بیرکردنەوەم تەنها دەسوڕایەوە کە چۆن بتوانم ژن بهێنم و چۆن منداڵ دروست بکەم وە بیریشم لە دروستکردنی خانوی جوان و دەوڵەمەندی و زۆرجار ئەو خەیاڵەم سەری دەکێشا بۆئەوەی ببمە سەرکردەی وڵاتێك.

تا ووڵات ئازاد بکەم و خۆشی و شادی لە کوردستانە بێنازەکەم بڕوێنم زۆرجاریش دەبوومە دەوڵەمەندی هەموو دنیاو وا بیرم دەکردەوە کە مۆنۆپۆلی دەوڵەمەندانی جیهان بکەم، تا ئازادیو یەکسانی بۆ هەژاران دەستەبەر بکەم، هەمیشە هەژارانم خۆشدەویست بۆیە لە خەیاڵیشمدا هەر پشتگیری هەژارانم کردووە چونکە وەك کوڕە هەژار پەروەردە کرابوین، ئەگەر چی سوپاس بۆ خوا هەر پارەدار بووین. ئەو خەیاڵانەم تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی دروستکردبوو هەمیشە بیرم لە شتە جوانەکانی ئەم بوونە دەکردەوە مااڵی خۆش، ژنی جوان، ئۆتۆمۆبێلی کەشخە، بەرگیشم شیك بێ وە خۆشترین بۆنیش بەکاربهێنم وە هەمیشە حەزم کردووە چڵە گوڵێك بم لە گۆزەی نیشتمان دا خزمەت بە خەڵکی هەژارانی کوردستانە بێنازەکەم بکەم.

هۆکاری ئەم هەموو خەیاڵ پڵاوییە دەگەڕایەوە بۆئەوەی لە ماوەی ڕابوردا زۆر

خراپەکار بووم، دوایی سوپاس بۆ خوا گەڕامەوە بۆ لای خوای پەروەردگارم، بەڵام نێوانی من و باپیرم و کەسوکارم بەهۆکاری خراپی خۆم تێکچوو بوو هاوکارییان نەدەکردم.

هەر لە نێوەندی ئەو ساڵەدا کێشەیەکی سیاسی ڕوویدا لە نێوان دوو دەسەڵاتداری وڵاتدا بۆ لە ناو بردنی یەکتری پەنایان بردبووە بەر بەها کەم ڕەوشتییەکانی ئەم جیهانە. تا وایان لێهات کڕنوشیان برد بۆ دوژمنەکانیان تا بتوانن بین سازی نیشتمانی خۆیان بکەن بە دەستی داگیرکەران بۆیە لە ناو نیشتماندا نا ئومێدی ڕووی کردبووە خەڵکەکەو هیچ گومانێکی باش لەو دەسەڵاتدارانە نە دەبینرا. زۆربەی ڕۆشنبیرانو دەستڕەنگینەکان لە وڵات هەڵهاتن تاکە شارێگای خۆیان بۆ دەربازبوون نەك لە کوردستان، بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو زل هێزە کە زۆریان دوور کەوتنەوەو هەڵهاتن بۆیە هەر ئەو خەیاڵانە لای من دروست بوو بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانم بژیم و دەستەبەری سەرمایەیەك بکەم بە ڕێگایەکی چاك تا لە پاشەڕۆژدا ویژدانم ساناو ئارام بێت وە پێش ئەوە بەرامبەر بە خودای خۆم.

دوو هۆکاری گرنگ پاڵی بە منەوە دەنا کە خۆم بپارێزم.

یەکەمیان: بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژو قیامەت و گەڕانەوە بۆ لای خوای پاکوبێگەرد.

دووەم: ترسی کۆمەڵگاو قسەو باسیان، لە بەرئەوەی کۆمەڵگاکەی ئێمە زۆر حەزیان لە قسەو باسە یان جوانتر بڵێم زەم کردن زۆر بە بێڕەحمانە کە لە هیچ بەهایەکی مرۆڤانە ناترسن بە ئارەزووی خۆیان ووشە هەڵدەبەستن و وەك ئەندازیار چین چین لەسەر یەك نەخشەی بۆ دەکێشن.

لەڕاستیدا دەوڵەمەند بوون لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ئاسانە تەنها پێویستت بە خۆبردنە پێشەوەیە واتا ماستاو چێتی یان دزییەکی لێپرسراویانە بەو دوو هۆکارە دەتوانی سەرمایە زۆر بە باشی کۆبکەیتەوە ئەوەش جێگای خۆشییە کە من هەرگیز بیرم لە وە نەکردبوەوە وە خەیاڵیشم ئەوەی لێ قەدەغە کردبووم.

ڕۆژێك خەیاڵم لەگەڵ جەستەم ڕێککەوتن پرۆتۆکۆلێکیان ئیمزا کرد کە لە پاشاگەردانی وڵاتدا من بتوانم سودێك وەربگرم، بەڵام کێشەیەك هاتە ڕێگامان ئەویش نەبوونی سەرمایەیەکی ئەوتۆ تا بتوانم کارە خەیاڵییەکەم لە پراکتیکدا ئەنجام بدەم، بەڵام خەیاڵ و جەستەم پاڵیان بە ڕۆحمەوە نا کە بچم بۆ قەیسەری نەقیب بۆلای حاجی عەزیز خەیاڵەکەم بۆ باسکرد لە بەرئەوەی هاورێی باوکم بوو منی زۆر خۆشدەویست وە زۆرجار لە مزگەوتیش یەکترمان دەبینی و زۆر بە گەرمی هەواڵی خێزانەکەمی دەپرسی کە باسەکەم تەواو کرد بۆی ئەوەی لە بیرما گەڵاڵە بووبوو هەموو ئەگەرەکانیشم پێ ووت

لە هەمووشـــی گرنگ تر ئەوە بوو کە پێم ووت من پارەم نییەو هیچ ســـەرمایەیەك شك نابەم لە ئێستادا ئەوەم پێڕاگەیاند کە پارەکانم گیراوە لە کاری تردا، لە ڕاستیشدا هیچم نەبـــوو. عەرزمکـــرد بۆیە هاتوومەتە لای تۆ کە یارمەتیم بدەی خوا هەڵناگرێ یەکســـەر ووتی: باشە.

بەڵام پێی ووتم خەسرەو گیان من و تۆ لەگەڵ پارەکەم دەبین بە سێ شەریك.

زۆر سەرســـام بـــووم ئـــەو کاتە زانیم وە تێگەیشـــتم کە مرۆڤ و پارە لەیەك ئاســـتا ئاماژەیـــان بۆ دەکرێت پێـــم ووت حاجی خوا هەڵناگرێت خۆ ئەگەر من و تۆ بکەرین لە کارەکەدا، بەڵام سەرمایەکەت تەنها ئامرازێکە.

ووتی کوڕم تۆ نازانی ئەبێ ڕێزی پارە زۆر بگریت، تەنانەت لە خۆشمان زیاتر ئەگەر وا نەبێت (یەغنیش و گەلوش و کەفشتەییت) لێدەردەچێت.

ووتم: ئاخر بۆ حاجی گیان وەڵاڵ خوا ڕابەرداری نییە.

حاجی عەزیز: خەســـرەو گیان ئەگەر وا بیر لە پارە دەکەیتەوە من ووشەی باشەکەم هەڵدەگرمەوە من سەرمایە نادەمە دەست کەسێ کە لە خۆم منالّ تربێ یاساشم بۆ دابنێ، من یاسا بۆ تۆ دادەنێم وە تۆش دەبێ هەر بڵێی باشە. سەیری ڕەشەی حەمالّ بکە ئەبینی چۆن لای کۆپانی حەمالّییەکەیەوە خەوی لێکەوتووە سەیری پێڵاوە لاسیکەکانو گۆرەویە دڕاوەکانـــی بکە کە بۆنـــی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات، ئەو خاوەنی پـــارە نییەو حەمالّە، بەڵام حاجی عەزیز لە ناو دوکانەکەی خۆیدا دانیشتوەو توجارە هەرگیز وەکو ئەویشم پێناکرێ خۆ ئەگەر هەر بیریشـــم پێ نەکرێتەوە ئەوا بە دەیانی وەك تۆ بیرم بۆ دەکەنەوە. لەو کاتەدا پارەکەم یارمەتی من دەدات لە دونیاشـــدا هەروا بووە هەرکەس دەســـتی یارمەتی بۆ درێژ کردی دەبێ ڕێزی لێبگری منیش نامەوێ بەرامبەر بە پارەکانم بێوەفا بم بۆیە پێت دەڵێم تۆ بەشێك، من بەشێك، پارەکانم بەشێکی تر.

ڕازیت خەسرەو گیان یان نا؟

بەڵـــێ حاجی گیان ڕازیم بۆیە دەڵێم ســـوپاس بۆ خوا بەس نییە بیرت بەلای ســـوو سەلەمدا ناڕوات ئەوەش هەروا بمێنێتەوە بە ڕاستی کارێکی باشە و بە سەدان مرۆڤی وەکو منیش دەتوانێ سودتان لێوەربگرێت، خوای گەورە تەمەنت درێژ بکات ئەگەر پارەکانیشت حەڵاڵـــە هـــەروەك تەمەنی خۆت بەرەکەتیان تێبخات. چۆن من نزام بۆ تۆ کرد تۆش نزا بۆ من بکە بەیانی دەکەومە ڕێ بە پشتیوانی خوای پاك و تەنها تا کارەکەم ئەنجام بدەم زۆر دڵخۆش بووم کەوتمە ڕێ و دوای کڕینی ئەو پێداویستیانەی کە نەخشەم بۆ کێشابوو هەموویم لە مەرزی باشماخ دەستەبەر کرد، لە گەڕانەوەمدا باجی دەرامەت هەڵگیرا بوو

واته گومرك نەبوو بەهۆی ئەو پاشا گەردانییەوە كە ڕووی كردبووە وڵات لەساڵی ١٩٩٦دا.

هەموو كاڵاكانم لە بازاڕدا فرۆشت زۆر دڵخۆش بووم زۆر لەوە زیاترم دەست كەوتبوو كــە بەخەیاڵیش بیرم لێنەدەكردەوە، تەنانەت ڕۆژێك لە ڕۆژان نە خۆم نە خانەوادەكەم وە نە باپیرە گەورەشــم بە هەموومانەوە نەمان توانی بوو بە یەكجاری كەســابەت ئەو سەرمایە كۆبكەینەوە.

زۆر سوپاسی خوام كرد، بێجگە لەوەی كە حاجی عەزیزو مامە پارەی برای هەریەكەو بەشــی خۆیان برد بە هەر جۆرێك بوو كە پارەكە دابەشــكرا من بە تەنها خۆم بووم بە خاوەنــی چل هــەزار دیناری تەواو، زۆر دڵخۆش بووم خێرا كــە چاوم بە پارەكەی خۆم كەوت پێش هەموو شتێك حەزم كرد كە ئاواتە زۆر گەورەكەم بهێنمە دی كە بریتی بوو لە كڕینی بەڕازیلییەك بە ٣٠ هەزار دینار، چونكە ســەیارە بۆ من زەروور بوو ســومعەش بوو ئەو كاتە.

لــە دوای گەیشــتن بە هیــواو ئاواتەكانــم بەیانییەكیان زۆر ئارەزووی ســەروپێكەی عوســمان-ی خولە ســنەیم دەكرد زۆر دەمێك بوو تامەزرۆ بووم بۆ خواردنی ســەروپێی بەر بەلەدێكە، هەر ئەو شــەوە خەوم پێوە دەبینی حەزم دەكرد زوو بانگی بەیانی بدات نوێژەكــەم بكــەم و بڕۆم هەر بیرم لە زمانەكەی و مۆخ و تریت و ئاوەكەی دەكردەوە با جارێ گیپەو شیلاوگەكەی لەولاوە بوەستێ.

لە پڕ گوێم لە چریكەی اللە اكبری مزگەوتەكان بوو، چاوم لە جریوەی زەردەخەنەی بەری بەیانو ئەســتێرەو شــنەبایەكی فێنك كە لە گۆیژەوە بەرەو گڵەزەردە ڕەوی دەكرد، گوێم لە گمەگمی كوكوختی سەر عەمودە بێ كارەباكانی سەر شەقامەكان بوو، دەنگی پێی خەڵكــی تاكە تاكە بەرەو ماڵی خوا بە هێدیــش ووتنەوەی بانگ بەدەم خۆیانەوە، جارو باریش جیكەجیكی چۆلەكەی عەجول، داگیرساندنی گیزەی سەماوەرو هەمووی كۆنسێرت و ئاوازو گۆرانیان دەپچڕی بۆ جوانییەكانی ژیانو خۆشەویستی مرۆڤەكان.

هەر لەوێوە ســەدای اللە اكبرو ســرودی یەكتاپەرســتی لەو كازێوەوە ڕێژنەی دەكرد هەمــوو دڵەكان ئارام بوون، چونكە ڕووەو خوا وەســتابوون ئــەو گزنگە لە بەرە بەیانی جەژن دەچوو. بۆیە بە زەردەخەنە هەڵسامەوەو تۆزێ وورتە وورتم كرد لە بەر خۆمەوە ووتم ڕاســتە دەڵێن: هەر دەوەنە دەبێ بە دارســتان، هەر خەیاڵیشە دەبێتە ڕاستی بۆیە شــعرێكم بیر كەوتەوە زۆر پێكەنیم بە تێكستی ئەو شعرە ووتراوە (خەیاڵی ژێر لێفەی گەرم بەتاڵە تا ڕەنجێك نەدەی گەنجێك مەحاڵە).

چوومە بەردەم بەرمیلە كون كوناوی حەوشەكەی ماڵی نەنكم دایە گەورەم بە سابونی

ڕەقی کونەکانی گرتبوو، دەست نوێژێکی پڕ ئارام و پڕ لە دڵخۆشی و بە نزایەکی زۆرەوە گرت دەنگێك لە پشتمەوە هات ووتیان: دەست بە ئاوەوە بگرە ئاومان نییە ئاو مەبڕێنەوە تا دوو ڕۆژی تر سەرە ئاومان نییە، نەنکم بوو ووتی: سورە گیرم خواردووە ئەوەندە ئاو دەبڕێنیتەوە، منیش باشەیەکم بۆ کردو بە ناچاری ووتم: بەسەرچاو.

هاتە لام و ووتی: بۆ کوێ بەم بەیانیە زووە وا ئەوەندەش بە زەوقو شەوقی؟

بۆم باسکرد کە ئەم شەو خەوم بە سەروپێ وە بینیوە لە دوایشدا مەنجەڵێ بۆ ئێوە دەهێنمەوە دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و نزای بۆ کردم بەرمالەکەی داخست و دەستی کرد بە نوێژکردن ئەگەر بە هەڵەدا نەچوبێتم تا یەك چارەك هەر نییەتی دەهێناو نوێژەکەی بۆ دانەئەمەزرا. ئەو بەیانییە ئارامە لە دوای نوێژکردنمان بەرەو شەقامی تووی مەلیك کەوتمە ڕێ، فێنکی ئەو شەقامەو بۆنی گوڵ خونچەکانی سەمایان لەگەڵ ئاورنگی گیادا دەکرد، لەنجەو بۆنی گوڵە دەمەشێرەکانیش وەك بڵندگۆ شەنەی خۆشەویستیان دەپرژاند، هەموو ئاوازی دەم بە پێکەنینی نیشتمانێکی جوان بوون، وەك کچێکی بەناز چۆن پرچی خۆی شانە دەکات و یاری بە تاڵی بسکی دەکات ئاوا ئەو شەقامە نازی بەسەر مندا دەکرد.

هاتم تا لای کەلاوەکەی مامۆی تەڵاخانی ژنی شێخ لەتیف، شەبابم لە دورەوە بینی هاواری کردو ووتی: خەسرەو-ە سور دەوەرە بۆ لام.

کە چومە لای زانی من حەزم لە دەنگی دیلانە لاوانەوەیەکی بە دەنگی خۆی و شیعرەکەی مەحوی و بە ئاوازی دەنگی دیلان بۆ ووتم بە نەرمی دەیووت لە ناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆی بەبا عومرم منیش بێ دەنگ بوو بووم وە گوێم لە قسە خۆشەکانی گرتبوو لە پاشاندا داوای لێکردم کە پاکەتێك جگەرەی بۆ بکڕم.

ووتم: شەباب گیان بەسەرچاو سلاوێکی سەربازییانەی بۆ کردم و پارچەیەك نانی دامێ ووتی بیخۆ با برسیت نەبێت، لێم وەرگرت و خێرا خواردم مامۆایمان لە یەکتری کرد من لە لای فولکەی کاوەی ئاسنگەر پەڕیمەوە بەرەو لای فولکەی شێرەکە ڕۆشتم.

لەو نزیکانە گوێم لە دەنگی گریانێکی بە کوڵ بوو زۆر بە کەیلی دەگریا دەنگێکی مەلوول ئەو دەنگە کەساسە سەرنجی ڕاکێشام هەرچی خۆشییەکانی ئەو بەیانییە هەبوو لە گیانمدا ڕاوی نا لە ڕاستیدا نەم وێرا بچمە لای، بەڵام هەستم کرد کە دەنگی ئافرەتە لەو بەری شەقامەکە. پیاوێکی بە تەمەنی لێبوو دیار بوو پاسەوانی ئۆتۆمۆبێل و دوکانەکانی ئەو ناوچەیە بوو لە دورەوە لە پاسەوانەکەم پرسی خاڵۆ ئەو ئافرەتە بۆ دەگری؟

پیاوەکــە ووتــی: نزیکەی نیو ســەعات زیاتر دەبێــت ئەو ئافرەتــە لەوێدایە دەگری بەڕاستی بۆتە جێگەی گومان لەلای من هەر بۆیە نەم وویستووە بچمە لای گومانی ئەوەم هەبــوە لێــی کە من بە هەڵەدا بــەرن و زەرەرێك بەو ئۆتۆمۆبێــل و دوکانانە بگەیەنن، من پاســەوانم بیانەوێت بێئاگام بکەن و لە پشــتەوە دزیم لێبکەن تۆ خۆشت دەزانی من بەرپرسم لە کارەکەی خۆم وە گریانەکەشی جێگای گومانە.

کەدەگریــا زۆر بەزەیــم پیایــدا هاتەوە ووتەکانی ئەو پاســەوانە منی زۆر ترســاند، گومانیشی بۆ من دروستکرد، بەڵام قسەیەکی بابە گەورەم بیرکەوتەوە کە بە منانّی هەر کارێك سەخت بوایەو بۆم نەکرایە هاواری لێدەکردم ڕۆڵە ئازابەو غیرەت سەگ بتخوات، منیــش وام بە خۆم ووتو بە پاســەوانەکەم ووت: ئەوا دەچــم بۆ لای، بەڵام تۆ ئاگادارو شــاهید بە کە من ڕێبوارێکم لێرەوە ڕابوردووم، تەنها مەبەستیشــم چاکەیە ئەگەر شتێ بوو تۆ ئاگاداربە خۆشت دەزانی کۆمەڵگای ئێمە چۆن بیردەکاتەوە ئەویش ئافرەتەو بەم بەیانییە زووە زۆر جێگای گومانە لەوێدایەو دەگری.

پاسەوانەکەش ووتی: منیشی توشی دڵە ڕاوکێ کردووە گەر بچیتە لای یارمەتییەکیشە بۆ من.

ووتــم: خەمت نەبێ هەر عەجولی خۆم ڕۆژێك لەناوم دەبات، بە هێمنی چوومە لای ئافرەتەکەو سڵاوم لێکرد جوابی دامەوەو هەناسەیەکی کەیلو خەریك بوو دەخنکا.

پێــم ووت: ئەوە خێــرە وا بەم بەیانییە لێرە دەگریت ئەگــەر دەکرێت با یارمەتیت بــدەم، بــەڵام یەك تکای براو خوشــکانە یان دایك و فەرزەنیانــەت لێدەکەم وە یان هەر ناوێکــی بۆ دەدۆزیتەوە بە ڕاســتی پێــم بڵێ و درۆم لەگەڵ مەکــەو کەچی ڕووبداوە تا ئەوەندەی لە توانامدا بێ یارمەتیت بدەم بە مەرجێك ڕاستگۆ بیت.

ئافرەتەکە ووتی: پەیمانم پێ ئەدەی کە یارمەتیم دەدەی؟

ووتــم ئەگــەر لە توانامدا بێت گومانت نەبێ کە دڕێغیــت لێناکەم. ئافرەتەکە ووتی: چەنــد ڕۆژێــك لەمەوبەر لە ئوردوگای باریکە وە مێردەکــەم هێنا بۆ ئێرە زۆر نەخۆش بوو دەیوت ســکم دێشــێ ئازار لاشــەی هەژاندبوو زۆر بێ هێزو لاوازی کردبوو دووســەد دینــاری دانراومــان هەبوو بە نیازی چارەســەری مێردە کلۆڵەکەم بیهێنم بۆ ســلێمانی، کاتــێ کە هاتینە نەخۆشــخانە ووتیان گوایە بەردێکی زۆر لە گورچیلەیدایەو پێویســتی بە نەشــتەرگەری هەیە، منیش ووتم چارەســەر نییە نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەن، بەڵام دکتۆرەکە پێیان ووتم دەبێ ســێ مانگ تا شــەش مانگ چاوەڕێ بــکات، بەڵام ئەگەر لە نەخۆشــخانەی تایبەتی نەشــتەرگەری بۆ بکرێت ڕاستەوخۆ یەکســەر بۆی دەکەن بۆیە

منیش جێگام نەبوو ڕووم کردە مااڵی مامم لێرە ئەو زۆر دەوڵەمەند بوو چاوەڕێی ئەوەم لێدەکرد کە یارمەتیم بداتو ئاسانکاریمان بۆ بکات. سێ ڕۆژە لە مااڵی مامم ڕۆژێك مامم پێی نەووتم ئەرێ قوربەسەرەکەی مێردت چۆنە؟

ئــەم دوو شــەوەی کە لەوێ بووم کوڕی مامەکەم لە باتی ئــەوەی یارمەتیم بدات کە هاتومەتە ماڵەکەی لە باتی ئەوەی شــەرەفم بپارێزێ کەچی ئەو داوێن پیســە ویســتی پەالمارم بدات منیش بە بێدەنگی چووم بە ئاموژنم ووت لە بەرئەوەی النەیەکم نەبوو، نەمویست کەرامەتی ئاموژاکەم ڕاستەوخۆ بشکێنم بۆیە بە شەرمێکەوە بە ئاموژنم ووت ئاموژگاری کوڕەکەت بکە.

کەچی قیژاندی بەســەرماو هاواری کرد ئەتەوێ بە شــەرەفی ئێمە مێردە گولەکەت چــارە بکەیــت وە بــەو نــاوەوە داوای پارەمان لێبکەیت، ئیتر ئەم شــەو ســەعات یەك منیان کردە دەرەوە ئێســتاش دەمەوێت بچم بۆ الی مێردەکەم بەاڵم دەرگای نەخۆشخانە نەکراوەتەوە بۆیە تاکە ســەرمایەی من گریان بوو لێرەدا کە ویســتم هەرچی خەمەکانی خۆمە لە ســەر ئەم شــەقامە بیکەمە یادگاری. نازانم چیبکەم بــێ هیواییەکی زۆر منی پێچاوە، ئەوە حاڵو گوزەرانمو ژیانمە.

منیش گەڕامەوە بۆالی پاسەوانەکەو بۆم گێڕایەوە ئەویش هەروەکو من سەرسام بوو، بەاڵم هەردووکمان هێشتا هەر لە گوماندا بووین.

قســەکانی ئــەو ئافرەتە گالراوی یابوو بە دڵم هەندێ پرســیاری تــرم لێکردو ووتم ئەگەر ئێستا تۆ بگەڕێیتەوە بۆ الی مێردەکەتو ئەو باسەی بۆ بکەی پێت وانییە کە ئەو ئەوەندەی تر دەردی کاری بێ؟

ووتی: ١٣٠دینارم پێماوە تا ئەو پارەیەشم نەخواردووە، دەیگەڕێنمەوە بۆ مااڵی خۆمان ئەگەر مردیش شەرەفی بپارێزم.

بەڕاســتی ئیتر من گومانم نەما کە ئەم ئافرەتە ڕاســتگۆیە دیارە ڕەوشتیشــی وەکو کێوی پیرەمەگرونو هەڵگوردو حەسارۆســت بەرزە بە ئافرەتەکەم ووت: من سوێندت بۆ دەخۆم بە خودای پەروەردگار دەســتت لێبەرنادەم خوشکی من، لەوەی کە پەیمانم دایتێ کە هاوکاریت بکەم وە مەرجێکیش لە مەرجەکانی ئیماندار ئەوەیە کە پەیمانەکەی خۆی بباتە ســەر وەرە مااڵی ئێمە تا کاتی کردنەوەی نەخۆشــخانەکە پشوویەك بدەو نانێ بخۆ ئەوکاتە هەرچییەك لە دەســەاڵتی منذا بوو دەیکەم، دیار بوو ئافرەتەکە زۆر بڕوای بە من نەبوو، ووتم ئەگەر پێشــت خۆشــە من ناسنامەکەی خۆم دەدەم بەم پاسەوانە ئەگەر ســەعات نۆی بەیانی نەهاتیتەوە ئەم جێگایە با ئەم پاســەوانە ئاگاداری دەزگای پۆلیس

بکات. بڕوابکه وه سوێند به خوای گەورەش تەنها بەزەیم پیاتا دێتەوه خوای گەوره زۆر یارمەتی منی داوه، من دەمەوێ ئەو چاکەیه بگەڕێنمەوه بۆ لای خوای گەوره.

دیار بوو ئافرەتەکه گومانەکانی ڕەویەوه پێی ووتم: پێویست ناکات من دێم لەگەڵتا. لێم پرسی ئەو پزیشکه کێ بوو که ووتی له نەخۆشخانەی تایبەتی نەشتەرگەرییەکەت بۆ دەکەم؟

ناوی ئەویشی پێ ووتم پزیشکێکی ناسراو بوو ناوی نەخۆشخانه تایبەتییەکەشی پێ ووتم، به دەم ئەم قسانەوه گەیشتینه ماڵەوه یەك سەعاتی مابوو بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەکه، من گومانیشم نەبوو لەوەی که هەلومەرجه ناڕاحەتەکەی وای لێکردووه که دوای من بکەوێ دەنا ئافرەتێکی زۆر سەنگین دیار بوو له تەکسیەکه لەبەر دەرگای ماڵەوه دابەزین بردمه ماڵی خۆمان و بە نەنکم ووت: ئەم شێرە ژنەم له فولکەی شێرەکه دۆزیوەتەوەو ئافرەتێکە نمونەی ژنانی داوێن پاك کە داوێنی بەقەدەر ئالای ولاتێك بێگەردە وه فرمێسکی چاویشی ژیانێکی نەهامەتی دەردەخات و هەر ژیانه ماندووی کردووه بەرائەت ڕێژنه دەکات لەلای ئەو. ئەگەر دەکرێ با یارمەتی ئەم ئافرەته بدەین، دایەگەورە ئەگەر دەشتوانی هەندێ شتی بۆ ئامادە بکه تا بیبات بۆ مێردەکەی.

مێردەکەی له نەخۆشخانه کەوتووەو ئالودەیه به دەست نەخۆشییەوه که ئەم قسانەم بۆ نەنکم کرد چاوەکانی پڕ بوو بوو لەگریان خێرا دەستی کردە ملی ئافرەتەکەو پێی ووت: کچم بڕۆ دەم و چاوت بشۆ تا نانێکت بۆ ئامادە بکەم، ئەنجا من دڵ نەوایی نەنکەم ئەدایەوه، چونکه وازی لە گریان نەدەهێنا زوو زوو به ئافرەتەکەی دەوت ئەی دایکت کوێر بێ. منیش پێم ووت: چیت نەکراوه له کیسەی خەلیفه دەبەخشی، بۆیه دەستی کرد به پێکەنینو ووتی: بڕۆ سوره گیان تۆ سەرو پێت خواردووه دە دوانزه نانی گەرمیش بۆ ئێمه بهێنه.

ووتم: کوڕه نانی چی خەفەتم خواردووه.

ووتی: باشە دوو هێلکەش بۆ تۆ دەکەمه ناو ڕۆن، پێشی ووتم که بچم بۆ لای کاکه برای بەقاڵ بزانه ماستی جوانی هەیه ئەگەر ماستەکەی شیرین بوو مەنجەڵێ ماستمان بۆ بهێنه، بەڵام تۆزێکەی نەخۆی ئەگینا دوایی له مەنجەڵه ماستەکەت هەڵدەکێشم.

بڕۆ با نانێ بۆ ئەو ئافرەته ئامادە بکەم. خوای گەورە چاکەی چاکەکاران وون ناکات، کەوتمه ڕێ نانەکەو مەنجەڵه ماستەکەم بۆ هێنا هاتمەوه بۆلای و پێم ووت له سەروپێوه هاتمەوه سەر نانو ماسته حەیاتەکه.

کێشەی ئافرەتەکەشم به جوانی بۆ گێڕایەوه، نەنکم هەمیشه بیری دەخستینەوه

بەوەی کە دونیا بۆ باوکتان نەماوە ئێوەش دەچن بۆ لای ئەو، بۆیە هەموو کات گۆڕەکانی خۆمانی ئەخستینە پێش چاومانو مردن ببوە سرودێکی نیشتمانی، لە پاشاندا لە ئافرەتەکەی پرسی ناوت چییە کچی خۆم؟

ئەویش بە تەواوی خۆی بە نەنکم ناساندو ووتی: ناوم بەهارە.

دایکم بە بەردەوامی قسەی لەگەڵ بەهاردا دەکردو پێش وەخت ئەو مشت و مڕەی لەگەڵ منـدا کردبوو بۆیە بەویشی ووت بەهارگیان کچی خۆم من لەگەڵت دێم بۆ نەخۆشخانە با سورەمان لەگەڵدا نەبێ لە بەرئەوەی پیاوەکەی تۆ ئێستا باری دەرونی لە لایەکەوەو نەخۆشییەکەشی لە لایەکی ترەوە تەنگی پێ هەڵچنیوە با بیرکردنەوەیەکی لەلا دروست نەبێ هەر بۆئەوەی ئەو گومانانە لە بیری ئەودا نەمێنێ من ئامادەم لەگەڵتا بێم وە هەر لەوێش دەڵێم کە مامی تۆ منی ناردووە وە پێشی ووت هەر ئەمڕۆ پیاوەکەت لەو نەخۆشخانەیە دەهێنینە دەرەوەو دەیبەین بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی وە هەر هەموو ئەرکەکەش لە سەر دایکی خۆت دەبێ وە هەرواش خۆمان نیشان دەدەین کە ئەو پارەیە لەلای مامتەوە بۆی دابینکراوە، بۆئەوەی هیچ کێشەیەك نەمێنێ و کارەکان بچنەوە دۆخی جارانی خۆی. کچی خۆم بۆ سەرت داخستووە سوێند بە خوا چۆن نەنکی سورە گیانم ئەو هەستەیشم بۆ تۆ هەیە.

من وازم لە مشت و مڕەکەی ئەوان هێناو بەرەو کارەکەی خۆم ڕۆشتم کە گەڕامەوە دایکم و بەهار هەردوکیان لە ماڵەوە بوون چێشت و نانێکی بەلەزەتیان لێ نابوو زۆر بە شادی و خەندەوە دانیشتبوون تەنانەت دیواری ماڵەکەشمان لەگەڵ بن میچەکاندا قاقای خۆشیان لێدەدا لە دوای سلاوکردنم دایکم بۆی گێڕامەوە کە مێردەکەی بەهاریان بردووە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت ئێستا لەوێیەو هەموو کارەکانی ئەنجام داوەو پارەی نەشتەرگەریەکەشی ئامادە کردووە بۆی، سبەی بەیانی سەعات یانزە نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکرێ.

چیرۆکی بیستەم:

سەرهەنگ و خاک

دوای ئەوەی نەنکم و بەهار ووتیان: سبەنێ بەیانی سەعات یانزە نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکرێ و ئیتر تۆش لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکە.

بەڕاستی زۆر دڵخۆش بووم وا هەستم دەکرد کە هەموو ئاواتەکانم هاتۆتە دی بۆیە هەر خێرا تێرم خوارد وامزانی کە سەروپێی بەیانییەکەم خواردووە لە پاش ئەوەی کە نان خورا لەگەڵ بەهاردا کەوتبوونە گفتوگۆیەکی خۆش و هەستێك دروست بوو بوو لەلام کە ئەم ووت: دەستێ بۆ خێر نەبێ بۆ بڕین باشە کورد ووتەنی نان بە تەنها ناخورێ، ئەگەر بخورێ لەزەتی لێنا بینی بە تەنهایی. بە هەر جۆرێك بوو کۆتایی بەو کێشەیە هاتوو دوای سێ هەفتە ئێوارەیەکیان لە دوای نوێژی شێوان لە مزگەوتەوە گەڕامەوە پیاوێك و بەهارو دوو مناڵ لە دەوری نەنکم دانیشتبوون.

بە بینینی من کاك ڕێبوار هاوسەری بەهارخان بەرەو ڕووم هات و ویستی دەستم ماچ بکات، بەڵام نەمهێشت زۆرم پێناخۆش بوو من داوای گەردن ئازایم لێکرد. ئەو زۆر بە تاسەوە باوەشی بە منذا کردبوو وە زۆر بە ڕێزەوەو بە کزۆڵی دانیشتبوو خۆی بە من ناساندو باسێکی کورتی خۆی بۆ من کرد کە لەسەر مەرزی ئێران عێراق نیازی هەیە کار بکات لە دوای باسو گفتوگۆیەکی کەم دیسانەوە سوپاسێکی زۆری کردم.

ووتی: ئێستا توانام نییە کە پارەکەت بدەمەوە، بەڵام لە داهاتوودا پەیمان دەدەم کە پارەکەت بۆ بگەڕێنمەوە بە زووبی من ووشەکانیم لە دەم فڕاندوە پێم ووت کاك ڕێبوار

گیان من جەنابتم نەناسیوە کاتێکیش کە پارە بۆ جەنابت بەکارهاتووە بڕوام پێبکە من ئاگادار نەبووم.

کاك ڕێبوار من پرسیارێك لە جەنابت دەکەم ئەگەر توانیت جوابی پرسیارەکەم بدەیتەوە ئەوە من پارەکەت لێوەر ناگرمەوە وە ئەگەر نەشت توانی کێشەیەك نابێ پارەکەت لێوەردەگرمەوە هەرکاتێ هەتبوو. پرسیارەکەم ئەوەیە ئەگەر کەسێك پارەیەکی زۆری هەبێت کاری پێوە نەکات و سااڵێك بە سەریدا چووبێت دەبێ ئەو پارە بەشی خوای لێدەربکرێت، وایە؟

کاك ڕێبوار ووتی: ڕاستە ئەوە لە دیندا پێی دەوترێت زەکات.

کەواتە ئازیزم کاك ڕێبوار تۆ جوابی پرسیارەکەت دامەوە ئەو پارەیە بەشی خوایەو من نەم داوەتە تۆ، بەڵکو گەڕاندومەتەوە بۆ خوای گەورە. کەواتە ئەگەر تۆ پارەت بوو قەرزەکە بگەڕێنەوە بۆ الی ئەو کە خۆی ئاگادارە بەسەر هەموومانەوە. دیار بوو لە قسەکانی من خۆشحاڵ بوو وام تێگەیاند کە پارەکەم هیچ منەتێکی تێدا نییەو منیش خاوەنی نیم، بۆیە زەردەیەك گرتی و دیسانەوە باوەشی پیاکردم و بە تاسەوە نێوچاوانی ماچکردم وە داوای ئەوەی لێکردین کە بە خێزانی بچین بۆ ماڵیان بۆ ئوردوگای باریکە، نەنکیشم لەوالوە کە زۆر حەزی لە گەڕان بوو پێش ئەوەی کە من هیچ بڵێم ئەو خێرا ڕازی بوونی خۆی دەربڕی و لەگەڵ باپیرم ئامادەییان دەربڕی.

بە دوای کاری ڕۆژانەمدا وێڵ بووم دیسانەوە خەریك بووم بە ئازارەکانی ژیانەوە وەك پیشەی هەمیشەیم ژیانێکی کۆپیکراو ڕۆژانە دووبارە دەبوەوە زەمەن تێپەڕی بەیانییەکی ساردی زستان بوو دیسانەوە کەڵکەڵەی سەروپێ کەوتەوە یادم زۆر تامەزرۆ بووم بۆ خواردنی بڕیارمدا دوای نوێژی بەیانی بکەومە ڕێ بۆ سەروپێ خواردن. دەرچووم لە ماڵ چوومە الی مزگەوتی گەورە زۆر ووشکە سەرما بوو دانەکانم لە سەرماندا هەڵپەڕکێیان دەکرد هەڵدەلەرزیم.

کەچی لە تەنیشتمەوە گوێم لە نااڵەو هاوارو جنێو دانێکی زۆر بوو کە دیم الوێکی سورو سپی هەر لە تەمەنی خۆمدا بوو بەدوای سندوقی تەختەی سێودا دەگەڕاو هەڵدەلەرزی و سەرما کوڵمەکانی سورکردبوەوە، زوو زووش هەنسکی بێ فرمێسکی هەڵدەدا دەست و پەنجەی لە سەرماندا سور بوەوە دەستە ماندووەکانیشی بە سکییەوە گرتبوو سۆزێکیشی دەکرد دەیووت دایەگیان بۆ بەجێتهێشتم بەس تۆم هەبووی، تا سەبوری دڵە گالاوەکەمی پێ خۆشبکەم. ئای خودایە کە بێکەسم ئای خوداگیان بێکەسی خواردومی.

ووتەکانی سەرنجی ڕاکێشام بۆیە چوومە الی و پێم ووت: براکەم بۆ ئەوەندە ناشکوریت،

ئەو هاوارو هەنسکەت لە چییە؟ تۆ لاوێکی جوانخاسیت و توانای کارکردنیشت هەیە گوێم لێتە هاوار بۆ دایکت ئەکەی ئەگەر دایکت نەماوە خوا سەبوری دڵت بداتەوە، خوای گەورە ئارامی بەسەر دڵ و ڕۆحتا بهێنێت. ئەو هەموو گلەییە بۆ بەرامبەر بە خواو بە زەمەن هەڵدەڕێژی ئەی نازانی کە مردنیش نیعمەتێکی خواییە، ڕاستەو حەقە دەبێ بیچێژین.

ئاگام لێی بوو هەڵدەلەرزی لە سەرمادا سەرما بلوسەکەی ڕەق کردبوو ئاو بە لوتیەوە نەدەوەستاو قژە ئاڵەکەشی زوقم گرتبووی، هەستم کرد کە سەرمایەکی بێ شوماری خواردووە خێرا ئاگرێکی بچوکم بۆ کردەوەو لە بەردەم ئاگرەکەدا دامناو کەوتمە گەڕان بە دوای تەختەو داردا، پێشم ووت ئەگەر برسیتە با بچینە ئەو چێشتخانەیە نانێ بخۆ با گەرمت بێتەوە، بەڵام ئەو بێدەنگی خامۆشی کردبوو. وورد ووردە ئاگرەکەم بۆ خۆشکرد، بەڵام ئەو زیاتر هەڵدەلەرزی شانەکانی وەکو بێژنگ یاریان دەکرد. جاروباریش وەنەوزی دەداو خەریك بوو بەسەر ئاگرەکەدا دەکەوت، هاوارم لێکرد براکەم ئاگاداری خۆت بە من دەبێ بڕۆم ئەگەر پارەت پێویستە پارەت بدەمێ؟

ئەو کوڕە کەوتە دۆخێکی نائاسای و بە سەر ئاگرەکەدا بێهۆش بوو بەپەلە فریای کەوتم هەڵم ساندەوە کەچی ئەو هەر دەستی لەسەر سکی دانابوو باوەشم پیا کرد، لە پاشان وویستم بە نەرمی بیشێلم، بەڵام کە دەستم بەر سکی کەوت دەستی من و خوێنی ئەو و لۆکە بەیەکەوە تێکەڵ بوون، خوێن گرتمی.

ووتم لەوانەیە چەقۆیان لێدابێ، پێم ووت:ئەرێ ئەوە جێی چەقۆیە یان فیشەك؟ جوابم بەرەوە لە ولاتی ئێمەدا چەك و چەقۆ وەکو تەزبیحی دەستی حاجییەکانی لێهاتووە، بۆیە خێرا گومانم بۆ چەقۆو فیشەك چوو، بەڵام ئەو هەر بێهۆش بوو بەجێم هێشت و لە ترسان ڕامکرد، سەرشێتی و عەجولیەکەم بونەوە هاوڕێم هەمدیسان هەموو ئەندامەکانی لەشم پێیان دەووتم هەی سەرشێت لە چی هەڵهاتی لە بیرتە کە باپیرەت پێی دەوتی غیرەت سەگ بتخوات. بۆ ئەو لاوەت بەجێهێشت؟

ئەو بمرێ ئەی دوایی ترسنۆکی تۆ ناکوژێ؟ بگەڕێوە لە دەروازەی ترسنۆکیدا مەژی ئەگەر بشمری وەك ئەحەی کڕنوو بە ترسنۆکی لە سەر جێگا دەمری. ئەم گفتوگۆو جەدەلە لەگەڵ خۆمدا گەڕامەوە سەر لاوە بێ هۆشەکە کە سەیرم کرد ڕەنگی هەڵبرسکابوو، خوێنی مەیوویش بلوسەکەی گرتبوو هەر لەو کاتەدا هاوارم کرد بۆ خەڵك، چونکە بەیانی زوو بوو ئۆتۆمۆبێلیش دەست نەدەکەوت (عەرەبانەیەك) لەبەر بەلێدەکەوە سەردەکەوت هاوارم لێ کردو ووتم: بگەرە لام ئەو لاوەم بە پەلە خستە سەر (عەرەبانەکە)و کەوتینە ڕێ بەرەو نەخۆشخانە، لەگەڵ خاوەن عەرەبانەکە هەردووکمان پاڵمان پێوە ئەناو بە

ڕاکردن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیگەیەنینە جێگای تایبەت. عەرەبانە چییەکەش زوو زوو پرسیاری لێ دەکردم ئەرێ کاکە چی ڕووی داوە؟

بە هەناسە بڕکێ وە بە پەلە پەلی خۆمەوە بۆم گێڕایەوە، کە گەیشتینە بەردەم نەخۆشخانەکە هەردووکمان لاوەکەمان بردە ژووری گەیاندمانە سەرجێگایەك بە زووی پزیشکەکان هاتن بە دەنگمانەوە و بردیانە ژووی نەشتەرگەری، هەرچەند من زۆر ئازارم چەشت بوو بەدەستی ئەو لاوەوە، بەڵام ئەوەندەش پزیشکان و لێپرسراوانی نەخۆشخانەکە پرسیاریان لە من کردوو سەبارەت بە ڕووداوەکەو ئەو گەنجە تەواو ماندوویان کردم.

سوپاس بۆ خوا دوای چەند ساتێکی کەم پزیشکێك هەواڵی هێنا کە برینەکە نە جێگای فیشەکەو نە جێگای چەقۆیە، بۆیە زۆری نەبرد لە ژووی نەشتەرگەری هێنایانە دەرەوە و بردیانە ژووری چاوەڕوانی. پاشان پزیشکێك هاتە لامەوە پێی ووتم کە نەخۆشییەکەی زۆر سامناك و کاریگەرە، پێویستی بە نەشتەرگەری یەکی زۆر گەورە هەیە وە چارەسەریشی بڕوام نییە لەم نەخۆشخانەی بکرێت، چونکە سکی وەرەمێکی گەورەی تیایەو ناوکیشی کراوەتەوە. ئێمە نەشتەرگەرییەکی سەرەتاییمان بۆ کردووە تا ئەو کاتەی دەیگەیەننە لای پزیشکێکی تایبەتی.

لەو کاتە دا دەستەکانم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان سوپاس و ستایشێکی بێ پایانی خوای پەروەردگارم کرد، کە ئەم لاوە برینەکەی جێگای چەقۆ نەبووە و نە فیشەکیش بۆتە میوانی جەستەی. دوای ئەوەی وورد ووردە چوومە لایەوەو سەلامم لێ کردو دەستم خستبووە ناو دەستی یەوە چاوە ڕەشەکانی بە ئاستەمێك بەرزکردەوە بۆی ڕوانیم، کە بینم دوو دڵۆپە فرمێسك لە ناو چاوەکانیا گوڵگۆو قەتیز مابوون، هیلاکی و سەرما کوڵمە ئاڵەکانی شەق شەق کردبوو، بە لاوازی سوپاسی کردم و چاوەکانی داخستەوەو چەند ساتێك لەگەڵی دا بە بێ دەنگی مامەوە.

پاش کەمێکی تر چاوەکانی وەك پەردە هەڵهێنایەوە بەڵام برژانەکانی ئەوەندە قووڕس بوو پێڵووی چاوەکانی بۆ هەڵنەدەبڕا، چوومە پێشەوە خۆمم پێناساندو ناوەکەی خۆمم پێ ووت.

ووتم: ئەی ناوی تۆ چییە بەڕێزەکەم؟ هەتاکو بچمە لای کەسوکارەکەت و هەواڵی تۆیان پێ ڕابگەیەنم.

کە وام ووت دوو دڵۆپە فرمێسك کەوتنە خوارەوە لە چاوەکانی، بە نەرمە زەردەخەنەیەکەوە ووتی: ناوم سەرهەنگ-ە ئاگام لێ بوو کە توانای قسەی نەبوو زۆر ماندوو دیار بوو حاڵەکەی بەرەو خراپی ئەڕۆیشت، بۆیە بەپەلە خۆم گەیاندە پزیشکەکان

و ووتم: فریام کەون و وەرن ســەیرێکی بکەن، ئەوان جەختیان لەسەرئەوە دەکردەوە کە من بەپەلە فریای خۆم کەوم و بیگەیەنمە شــوێنی تایبەتی و پزیشکێکی تایبەتی، بەڵکو بەوە نەوەستان زۆر بە ڕاشکاوانە پێیان ووتم: کە ئەم نەخۆشییە زۆر کوشندەیە، لەوانەیە لەماوەیەکی کەمدا لە ناوی بەرێ، منیش هیچم بۆ نەمایەوە تەنها ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە هیچ نەبێ پارویەك نانی بۆ بهێنم کە سوکنایی بە دڵە سەرما بردەڵەکەی دا بێتەوە، بۆیە پرسیارم کردەوە لە پزیشکەکان ووتم: ئەتوانم کە کەمێ خواردنی بۆ بهێنم؟

ئەوانیش ووتیان: بەڵێ ئەتوانیت.

چووم و کەمێك خواردنم بۆ هێنا هەر لەوکاتەدا چوومە لای پزیشکێك و بۆ دڵنارامی خــۆم ووتــم: فریای کــەوە زۆر حاڵی نارەحەت و پەرێشــانە چاوەکانی مــت بووە بۆی هەڵنایەت، ناوی پزیشــکێکم پێ بڵێ کە ناســراو بێ تا بیبەمە لای بەزووترین کات، بەڵام بێ سود بوو.

کە چووم خواردنەکەم بۆ برد بۆم کرد بە بابۆڵەو تیکە تیکە هەر چۆنێك بوو کەمێکم کــرد بە دەمییەوە، ئای ئەو بەســەزمانە چەندی برســی بوو ئەم بینــی چۆن بەلاوازی نانەکەی دەخواردو ئاهێکی پێدا دەهات، دوای نانخواردنەکەی پێم ووت: پرسیارت زۆر لێ ناکەم ئەزانم کە ئێســتا بەنجەکە بەری نەداویت بێ تاقەتیت و توانای قسەکردنت نییە، ئێســتا مــن بەجێتدەهێڵم چونکە کارم هەیە ئەبێ بچم بەلای کارەکانمەوە، ســەرهەنگ گیان کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ دەگەڕێمەوە لات، دوای ئەوەی کە گەڕامەوە لات ناونیشانی کەسوکارەکەتم پێ بڵێ با هەواڵی تۆیان پێ بگەیەنم دەچمە لایان، ئێستا بخەوەو بۆ خۆت ئیســراحەت بکە. دیسانەوە بەلا چاوێك سەیری کردم و سەری داخستەوە دەستی کردەوە بە گریان، دیاربوو لە ناو چاوانی دا دەریایەکی پڕ پرسیارو وەڵام شەپۆلی ئەدا، بە ڕاستی زۆر بەزەیم پیایدا دەهاتەوە خەمو خەفەت وەك سنو کولە هەناومی خواردبوو.

زۆر پرسیارم لە خۆم دەکرد کەچی وەڵامەکە نارێکانە بە دڵم دەکەوت، بەڵێ ڕۆیشتم و بەجێمهێشــت، پاشــان کە گەڕامەوە بۆلای ســەرهەنگ دیار بوو ماندووی شەوانی پێوە دیار بوو، چوومە لای ســەریەوەو لاشــەی ماندوویم بە ئاگا هێناوەو ووتم: ســەرهەنگ گیان چوومەتە لای پزیشکێکی تایبەتی زیرەك کاتم بۆ گرتووی. جا ئەگەر پێت دەکرێت براکەم هێز بەرە بەرخۆت و با بەرەو ئەو پزیشکە ووردە ووردە بە ڕێ بکەوین.

کاتیش درەنگە دوایی ناونیشــانەکەتم بدەرێ تا بگەمە لای کەسوکارەکەشت و هەواڵی تۆیــان بدەمێ. بە کەساســی و زەبوونی یەوە ســەرێکی هەڵبڕی، بــەڵام لە ناوچەوانی دا تورەی چەخماخەی دەبەست بورکان لە دڵ و جەستەو گیانی دەردەچوو هەروەك پڵنگێك

بەســەرمدا نەڕاندی، ئازارەکەی تاوی بۆ هێناو خێرا لە نەڕەی خســت و بە ئارامی یەوە پێــی ووتــم: ئەگەر بە دوای باوکــم دا وێڵی گەڕاوەتەوە بۆ ناو ســکی دایکی و بە خۆڵ مەلۆتکە کراوە، ئەگەر بە دوای دایکیشم دا دەگەڕێت لە ناو کونێك دا نێژراوە کفنەکەیشی شەکراوی تێوە پێچراوە بێزارم لە خۆم، تۆ ئەزانی ئەوە دوو ڕۆژە دایکم مردووە! کەسێك نەبوو بی شوات تەنانەت لە ولاتەکەی خۆمدا کەسێك نەبوو گۆڕێکم بداتێ بە خۆڕای تا لەو جێگایەدا بینێژم کەچی هێشــتا دەپرســی من کێم؟ لە خۆم بپرسە بە دوای دایکم و باوکم مەگەرێ، من خۆرێکی هەڵنەهاتووم، من مانگی ئاوابووم من بەرسیلەی هەڵوەریوم، گریانی لە قورگا خنکاوم. خەسرەو گیان بۆ ناگریت؟ بۆ وا سەرسام بوویت؟

ئەزانیت من کوردســتان لەیەك دەچین؟ ئەو بێ کەســەو منیش بێ کەسم، من لەگەڵ دایکــم و باوکمــا مــردم، لەگەڵ کوردســتانا ئەوانیش مردن، ئــەوان نەوەکانیان هەر بە زیندووی زیندە بەچاڵکرا لەگەڵ کوردســتان دا. بولبولیش گوێ لە چریکەی من ناگرێت، گۆڕیش نابێتە هاوڕێم، خۆزگە من بمردمایە بۆ ئەوەی خاك و گۆڕ و ولات و ســەرکردە شەرمەزار نەبوونایە. بۆ هەمووتان لە ئاستی من گیایەکی ووشك بووی هاوینن، جۆگاوێکی بۆگەنی وەستاون، باوکم بۆ ئەم خاکە لەناوچوو لەوکاتە دا من لەناو سکی دایکم دا چوار مانگان بووم باوکمیان شەهید کرد.

وەك بۆیان گێڕاومەتەوە دایکم لە پرسەکەی باوکمدا هاواری کردووە و ووتووی یەتی خەڵکی ولاتە کەم ئێوە زۆر بە قسە و باسن دوایی بەد ناوم نەکەن من خاوەنی منداڵێکم لە مێردەکەم سکم هەیە.

هەموو خۆشییەکانی خۆی دابوو بە من، دایکم چاوەکانی بەسەر منداڕەخسابوو هەر بۆیە بە گەنجێتی مایەوەو منی بەخێوکرد.

پێــی دەوتم: ســەرهەنگ گیان مــن باوکتم زۆر خۆشدەویســت تاکــە دیاریــیەکی بۆ بەجێهێشتووم ئەویش تۆی. دەبێت دیاریــیەکەی بە جوانترین شێوە هەڵبگرم و بیپارێزم بۆیە هەر لە گەنجێتیمەوە دانیشــتوومەتەوە، ســەرهەنگ گیان باوکت بۆ ئەم ولاتە ژیا منیش لەبەر تۆ دەژیم. ســەرهەنگ گیان تۆ دیاری دەســتی هاوسەرە شیرینەکەمیت، لە چاوانتدا هەمیشــە ئازایەتی چرۆ دەکات خۆشەویســتم، خۆشەویســتی شەونمی بەیانیان بــوو، چــی بکەم دێکەمان داگیرکــراو زەوی و خاکمان هەموو داگیرکــرا هەر چی مەڕو مالاتمــان هەبوو هەموو بەعســی-یە بۆگەنەکان بردیان، ئیتــر هیچ چارمان نەماو ژیان نەما بۆیە بە ناچاری لەگەڵ دایکم و بابە گەورەو دایەگەورە دا هاتینە شار، تا ئەوکاتەی دایەگەورەو بابەگەورەمان مابوو کێشەی ئابووریمان نەبوو، بە چەند ساڵێك دوای مردنی

ئەوان باری ئابووریمان تێکچوو. من وازم لە قوتابخانە هێناو دەستم کرد بەکار تا بژێوی خۆمان دەربهێنم.

کڕێچـی بووین لەبەرئەوەی توانای دانی کرێمان نەبـوو ناچار بووین لە خانووە بێ تاپۆکانـی شـەهیدانی ئازادی خانویەکمان گرت بە کـرێ لەبەرئەوەی کە کرێ کەی کەم تـر بـوو وە ڕۆژانەش لە ژێر پردەکە حەمالێم دەکرد، ئاردو برنج و شـەکرم بۆ خەڵکی باردەکـردو بۆم دەبردنەوە بۆ ماڵەوە. بڕوام پێ بکە تا توانیم کردوومە، لە دوایدا دایکە کلۆڵەکەشـم تووشـی شـەکرە بوو، هەرچی یەکم پەیدا دەکرد بەس بەشی ئەوەی دەکرد بیدەمـە داودەرمان و خواردن، ژیان زۆر سـەخت بوو ئەو پارەیە بەشـی نەدەکرد بۆیە منیش تەواو خۆم هیلاك کردبوو، لەبەر خاتری دایکم. چونکە زۆر نارەحەتی بە منەوە دی بوو، زۆر ئازاری لەگەڵ منذا کێشـابوو ئیتر بیرم لەخۆم نەدەکردەوە، ئەوەندە باری قورسـم هەڵگرتبـوو ئازار لاشـەمی داگیرکردبوو، هەرگیزیش لەبـەر خاتری دایکم نەم دەوێرا ڕۆژێك لە ڕۆژان بڵێم ئازارم هەیە.

لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو ئارام بێ بەدەست مەنەوە خەفەت نەخوا، ڕۆژێکیان دوو لۆری ئارد هات منیش تاوم دایە خۆم ئاردمان دادەگرت ئای لەو ڕۆژە ڕەشە، تەواو ماندووی کردبووم چەند فەردە ئاردێك مابوو لە ناو لۆرییەکە دا بێ ڕەحمانە شەڕیان لەگەڵ منذا دەکرد زۆران بازیان لەگەڵ منێکی لاودا دەکرد، تا بەدەمدا منیان دا بەزەوی دا لەبەرئەوە زۆرم لە خۆم کرد تەواو تاسام لەژێر فەردەکاندا لەناکاو بینیم چەند دڵۆپە خوێنێك لە ناوکمەوە هات. هیچ گوێم پێ نەدا، چونکە تەنها بیرم دەکردەوە کە بتوانم ئەوەندە پەیدا بکەم کە دەرزی شـەکرەکە بۆ دایکم دابینکەم، بێ سـوود بوو کەوتم. بەپەلە منیان بردە خەسـتەخانە، بەڵام نەم توانی بمێنمەوە لەبەر خاتری دایکم چاوەڕێی ئەوەم نەکرد کە چارەسـەرێکی پێویستم بۆ بکرێ هاتمە دەرەوە گەڕام هەتا کاری دیکەم دەستبکەوێ.

هەر حەمالێم کرد، هەر کرێکاریم کرد هەتا ڕۆژێك چریکەیەك لاشـەی منی هەڵسان گوێکانـم پڕ بـوون لە گریەی بە کوڵی دایکە کلۆڵەکەم بینـم، هەر دوو چاوەکانی کوێر بووە بە بۆنەی نەخۆشی شەکرەکەیەوە. ئەوەندەی تر گلاراوم گرت، زیاتر لە جاران خۆم ماندو تر دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ برینەکەم گەورەتر دەبوو تا وام لێ هات توانام نەبوو بەسەر فەردەیەکی بیست کیلۆیدا کە هەڵی بگرم، هاوڕێم ئەوکەسانە زۆر بێ بەزەیی بوون کەسێ نەبوو کارێکی سـوکم پێ ببەخشـێ هێزو تواناشم نەمابوو کەسێکیش کاری نەدەدا بەمن سەرەڕای ئەو هەموو نارەحەتیەش پێیان دەوتم کوڕە تەمەڵەکە.

منیش تورەیی لاشـەمی پێچابوو تاوام لێ هات توانای هیچم نەما ڕۆژێکیان وویسـتم

سواڵ بکەم تا هیچ نەبێ کرێی خانوەکە دەربهێنم، هاوڕێ گیان زۆریان پێ کردم دەچوومە لای هەرکەسێ ئەم ڕستانەیان وەك سرود دووبارە دەکردەوە (تۆ لاویت بڕۆ کاربکە بڕۆ هیلاك بە بڕۆ ئارەق بڕێژە)، کەسێك لێم تێنەدەگەیشت بۆ ئەوەندە ئێوە بێ بەزەین؟

ئەچوومە بەردەم بارەگای هەر لایەنێك لە لایەنە سیاسییەکان منیان دەرکردو نائومێدیان کردم لەبەرئەوەی شوناسنامەکەم لەدەستدابوو، بەهەمان شێوە پەیوەندی کۆمەڵایەتیشم زۆرکەم بوو، لەبەرئەوەی هەر بەکاری ڕۆژانەوە زۆر خەریك بووم وە خۆنەکردنیشان بە خاوەنی باوکم لەسەر ئەو کێشە سیاسییانە بوو کە لایەنە سیاسییەکان کەوتووبوە ناویان لەیەك جیابوونەوە کەسیان خۆیان بە خاوەنی باوکم نەدەزانی.

بۆیە لە دەرگای هەر هەموویان دەرکرام مەخابن هەر لەو شوێنانە دەرنەکرام، بەڵکو لە خانوەکەش دەرکراین تەواو بێ لانە بووین خۆم و دایکە کوێرەکەم لەبەردەرگای ماڵاندا دەسوڕاینەوە، هەردوکمان نەخۆش من خوێن وەك کانی فوارەی بەستبوو لەناو سکمدا ئافێراکەی دایکیشم بە کلۆڵی و داماوی شەکرەو کوێری.

هیچ چارەمان نەما بەهەر شێوەیەك بوو نەم دەهێشت کە دایکم بزانێ کە من زۆر نارەحەتم بەدەست دەردو نەخۆشییەوە هەر لێم دەشاردەوە بۆئەوەی کە خەفەت نەخوات، بەڵام واهەستم دەکرد گومانێکی بۆ دروست بوو واهەستم دەکرد کە من بە کەسێکی ئیشنەکەر بزانێ. من هەرئەوەم پێ باش بوو کە نەهلێم بزانێ کە من گیرۆدەی نەخۆشییەکی سەختم.

خودایە هاوارە پاشان خەڵکی ئێوەش هاوارە، دەوڵەمەندان، سەرکردەکان ئێوەش فریامکەون هیچ نەبێ ئاوڕێك بدەنەوە سەیرێکم بکەن منیش وەك کوردستانەکەتان خیانەتم لێکراوە هەروەك ئەو منیش داگیرتان کردووم.

هیچ چارم نەما ڕومان لە هەر شوێنێك دەکرد دەردەکراین ڕوویان وەردەگێڕا هەر جارەی بە قسەیەك دەیان تەزاندم جارێك بە ناوی ئەوەی کە لاویت جارێك بەناوی ئەوەی کە توانای کارکردنت هەیە، بە هەزاران جاریش توانجیان لێ دەدام بەوەشەوە نەدەوەستانەوە گومانی خراپیان پێ دەبردم کەسێ دەیووت ئەمە مەی خۆرە، کەسێکی تریش دەیووت ئەمە لەوانە تلیاك خۆربێ، یان ئەمە قومارچییە هەزاران قسەی ناشرینیان خستە دوای من، کەسێ نەبوو بڵێ ئەمە کوڕە شەهیدە! کەسێکیش نەبوو بڵێ خۆ ئەمە ژنە شەهیدە! ئای، ئای کە بێ هێزم، لەپاشاندا چارمان نەما چووینە لای کۆستەی چەم لەولا دەشتە حاجی فەتاح ناوێك باخێکی هەبوو ئەو ڕووی تێکردین خێمەیەکی بە نایلۆن لە ناو باخەکەی خۆیدا بۆ هەڵداین تا منو سەرکردەکەی دڵو ڕۆحو گیانو دایکە

کەساسەکەم بچینە ناوی.

هــاوڕێ گیــان ئای کە خەفەت بارم، ئای کە بێ هێزم، ئای کە لاوازم. خەســرەو چۆن دایکم بەجێیهێشتم، چۆنیش باوکم نەبینی ئەویش بەجێیهێشتم گریانیش بەجێیهێشتم دڵنیام کە تۆش بەجێمدەهێڵیت.

لە هەر هەمووی ناخۆش تر و ئاستەم تر سەد بریا ئەو ڕۆژەم نەدی بایە خۆزگەیش هەر نەبوومایە چوار ڕۆژ لەمەو پێش دایکم زۆر حەزی لە چا بوو، بە ناسکی و هێمنی پێی ووتم: ڕۆڵە سەرهەنگ زۆر گلەیم لێتە هیچ نەبێ بڕۆ تۆزێك کار بکە هەتا ئەوەندە پەیــدا بکــەی پیاڵەیەك چا بۆ مــن بکڕی زۆر حەزم لە چایە کــوڕم تۆم پەروەردە کرد تا لەژێر ســێبەرتا بحەسێمەوە بتەکەمە دیاری تا مۆمە جوانەمەرگەکانی باوکت هەموو هەڵوەرێنم، کەچی تۆ لەتەنیشــتم دانیشــتوویت و هیچ ناکەی کوڕم زۆر بێ هێزم خەم هێرشــی بۆ هێنــاوم بۆنی مردن دەکەم تــۆ وات لێهاتووە کە نەتوانــی پیاڵەیەك چا بۆ سوکنایی ئەم دایکە کلۆڵەت پەیدا بکەی؟

ســەرهەنگ گیــان من قــەد تووڕە نابم لێــت، گلەیی بێ لێت زۆر گلەیــی بێ لێت کە ووشــەکانی لەدەم کەوتنە خوارەوە وەك کریســتاڵ بەسەر ڕۆحما شکانەوە قوڵپی گریانو هاوارو مەئیوســی لەنــاو قورگمدا قەتیس مابوو نەمدەزانی چــی بڵێم هەر چۆنێك بوو وەڵامم نەدایەوە گلەییەکەیم خستە سەرچاوم، بەڵام گلەییەکەی ژیلەمۆی کردمو کلۆکەی دامرکاندمەوە. ئەوەندەم پێکرا لە خێمە شەق و شڕەکەماندا هاتمە دەرەوە بەرەو سلێمانی ڕێگام گرتە بەر زۆر ســەرما بوو ئازاریش جەستەمی هەژاندبوو خوێنیش ناوسکی داگیر کردبووم.

ئەوەی کە پێم بوو تەنها ســێ دینار بوو ئەویش بەشــی نەدەکرد نەم زانی چی بکەم تەنها بیرم لەوەکردەوە کە پڕم کرد بە کیسەیەك چاداو ڕامکرد بۆ بەد بەختی من توانای ڕاکردنیشم نەبوو هەتا گەلە کۆمەکیان لێ کردم و منیان گرت ئەو خەڵکە هەروەك سەگی هــار بەربوونە جەســتەم لەهەموو لایەکەوە قاچو دەســتەکانیان منیان ماچ دەکرد، ئەی هاوڕێ گیان چەندە بێزار بووم نەم دەزانی چی بکەم من بەرەو مردن ڕامدەکردو ئەویش خۆی لێ دەشاردمەوە ناچار دەستم کرد بە هاوارکردن بەدەم هاوارەکەمەوە ئەم ووت: من دزی دەکەم بۆ دایکە ئافێراکەم، بەڵام ئێوە دزی لە دایکی خۆتان دەکەن لە خاکی خۆتان بۆ ئەوەی خەڵکی تری پێ دەوڵەمەند بکەن ئای سەگ و گورگەکان.

وایان دەزانی کە هۆلاکۆیان گرتووە شەوێك لە زیندانیان کردم هەر چۆنێك بوو بەریاندامو گەڕامەوە بۆ کۆستەی چەم، بۆ کۆستەی خەم، بۆ کۆستەی خوێن

لە ژێر خێمەکەدا سلاوم کرد.

مەرگی دایکم پێی ووتم: بەخێرهاتی دایکیشت تـۆ خۆش هاوڕێ گیان، تۆش خۆش سەرکردەکان، ئێوەش خۆش هەی دەولەمەندان چووم بۆ گۆڕستان بینێژم.

نەم توانی چونکە گۆڕەکە بە پارە بوو منیش هیچ پارەم پێنەبوو تا گۆڕێکی بۆ بکرم، بەڕاستی من خەڵکی ئەم ولاتە نیم من تەنها خەڵکی گۆڕستان و ئێوەش نامۆن بە من. هەتا ناچار بووم لە باخەکەی حاجی فەتاح ویستم گۆڕێکی بۆ هەڵبکەنم لەگەڵ ئەویشدا دڵم پارە پارە بوو جەستەی دایکە نازدارەکەم پێ بوو هەتاکو بیشارمەوە، بەڵام هیچ هێزم نەبوو قەبرەکەی بۆ هەڵکەنم ناچار ئەوەندە چاڵێکم بۆ هەڵکەند تا بتوانم تیایدا بیشارمەوە کفنیش نەکرابوو هەر بە سەر پۆشەکەی خۆیم بۆ کردە کفنێك و چریکەیەك لە گۆڕستان دەم هەژێنێت هاوڕێ گیان.

گۆڕستانیش میوانداریم ناکا من سەرهەنگ-م!! دێوە زمەی خەمی دنیا لە خەڵوەتێکدا بـۆ من کۆبۆتەوە هەرچـی خەمەکانی خۆتە لەگەڵ دەردەکانی منـدا بەبای کە بەدوای کەسـوکاری منیش دا مەگەڕێ، بەڵام ئەگەر ئەتەوێت بیان دۆزیتەوە باوکم ئەنفال-ە و دایکم کیمیابارانی هەڵەبجەیەو خانەوادەکەشـمان بالیسانو قەڵادزەی بریندارە یان گۆڕی شەهیدی گوم ناوە هەر ئەتەوێت بەدوایاندا بگەڕێی فەرموو بپرسە بە دوای سەرهەنگێ بگەڕێ کە وون بووە، بە خوا خێرت دەگا کە بیان دۆزیتەوە.

گەر بینیتنەوە پیان بڵێ کە سەرهەنگ ئەوەتا لێرەیەو چاوەڕێی یارمەتی و کۆمەکی ئێوەیـە، کوای دایە گیان؟ ئەی تۆ بابە گیان؟ ها خەسـرەو گیـان تۆ لەلام دەمێنیتەوەو دەبیتە میوانم یان تۆش بەجێمدەهێلیت؟

ووتم: چی بڵێم سەرسـام بووم بە ڕاسـتی شەرمەزار بووم نازانم چی بڵێم، لە کوێوە دەست پێبکەم هەرچی یەك من بیکەم ناگاتە دڵۆپە فرمێسکێکی حەسرەتی تۆ سەرهەنگ گیان. لاشەم وەك شەق شەقەی منداڵ دەلەرزێت و ئارەقی شەرمەندەیی دەڕێژێم.

پێم ووت من لەگەڵ مێژوودا دەسەلاتم نییە هیچم پێ ناکرێ برای شیرینم.

سـەرهەنگ: ئەگەر ئەتوانیت تۆ یەك کارم بۆبکە من زۆر سوپاسـت ئەکەم، ئەویش ئەوەیە کە گۆڕێك بکڕیت بۆ ئافێراکەی دایکم، لە ژیانی دا هەر بێ لانە بوو ئێستاش لە نەبوون و مردنیشـی هەر بێ لانەیە. خۆ ئەگەر تۆ ئەوەم بۆ بکەی ئەوە زۆر سوپاسـت دەکەم ئەگەر خۆشم نەبەیتە لای پزیشکەکان هیچ گرنگ نییە.

ووتم: سەرهەنگ گیان دڵ لە دڵ مەدە هەموو کارەکانت بۆ بەجێدەهێنم ئەشت بەمە لای پزیشـکەکان. واز لەم قسـانە بهێنە تۆ خۆت ئامادە بکە با بڕۆن بۆلای پزیشکەکە بە

پشتوانی خوای گەورە هەموو کارەکان ئاسان ئەبێ.

کاتێ چوین بۆلای پزیشکەکە دەستی کرد بە پشکنین و سەیرکردنی لە دوای تێڕامانێکی زۆر بە لاشەی سەرهەنگ دا پزیشکەکە ووتی: ئەم نەخۆشی یە پێویستی بە چارەسەرێکی گەورە هەیە، ئەم جۆرە چارەسەرکردنەش یان دەبێ ببرێ بۆ ئێران یان بەرەو هەندەران ئەوپەرێکی تێ دەچێ منیش سەبوریەکم پێ هات، چونکە ئەو پارەیەم هەبوو.

بردمەوە بۆ ماڵی خۆمان تا لاشە لاوازەکەی کەمێ بحەوێتەوە ئەو ڕۆژەمان بردە سەرو بەیانی کە ڕۆژ بووە بە خێرایی چوومە لای مجەوەرەکەی مزگەوتی بن تەبەق و بۆم باسکرد کە ئافرەتێ مردووە دەمانەوێت بیشۆین، ووتی خێزانم ئەو کارە دەکات لەگەڵی دا ڕێکەوتم ئەوەمان ئامادەکرد دوایی چووم بۆ گردی سەیوان، لەوێش گۆڕێکم بۆ کڕی لەلای گۆڕەهەڵکەنەکان هەموو کارەکانم ئەنجامدا، پاشان بۆ ئەو براو ئازیزانە کە لە مزگەوتا دەمناسین ئاگادارم کردنەوە لە کێشەکەی سەرهەنگ، هەموویم بۆ باس کردن ئەوانیش جوامێرانە ئامادەیی خۆیان نیشانداو بە خۆشحاڵی یەوە، کە هەموو لەو خێرە گەورە بەشداری بکەن.

بۆیە هەموو ئەو برایانە هاتنە لای سەرهەنگ بۆ دڵنەوایی و هاودەنگی ئەو.

سەرهەنگ ئەم کۆبوونەوەی بەلاوە زۆر سەیر بوو بزەی خۆشی و شادی لەسەر سنگی هێلانەیان کردبوو، بێ دەنگی باڵی کێشا بوو بەسەر سەرهەنگ دا هەر بۆیە کاتی نوێژ بوو ووتمان باجەماعەتێ بکەین دوعای خێری تیا بکەن بۆ هەموو موسڵمان و ئەم برا شیرینەشمان هەر چۆنێك بوو سەرهەنگ-یش لەگەڵمان بەشداریکرد و پاش تەواو بوونمان لە نوێژەکە سەرهەنگ زۆر بە قوڵی بۆ دایکی ئەگریاو هەموو لە دەوری کۆبوونەوە دڵنەوایمان دەکرد. دوو برای خۆشەویست ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ئەوەی سەرهەنگ ببەنە ئێران هەموو مەسرەفێکی بکەن تا کارەکەی بە ئەنجام بگات.

بەڕاستی من لە خەم ڕەخسام ئیتر ئارامم گرت دڵنیا بووم، بەڵێ چوین بۆ کۆستەی چەم و دایکی سەرهەنگ-مان لە چاڵەکە دەرهێنایەوهو کفن و دفنێکی باشمان کرد پاشان بەرەو سەیوان بەڕێ کەوتین تا جەستەکەی بە خاك بسپێرین خەڵکێکی زۆر لە ئەهلی مزگەوت دوامان کەوتبوون ئامادەیی خۆیان نیشان دا مەلامان لەگەڵ بوو، بەڵام سەرهەنگ بە مات و مەلولی لەولاوە لە لێواری کۆنکرێتێکی گۆڕێکدا دانیشتبوو بە کوڵ دەگریا پاشان سوپاسو پێزانینی خۆی بۆ خەڵکەکە دووبارە کردەوە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە کە دوعای خێر بکا بۆ تەواوی ئەو براو دۆستانەی کە لەم مەراسیمە

بەشـداریان کردو کۆمەکیان کرد، بەڵام لە پڕ سەرهەنگ بەلادا هات و کەوت هەموو لێی کۆبوونـەوە منیش ڕانم خسـتە ژێر سـەری و بە هێمنی چاوی بـەرز کردەوە پێ ووتم گەردنم ئازاکە.

ووتی: دایکم ئارەزووی میوانداریم دەکا، ئەگەر گۆڕێکیش بۆ من ئامادەبکەن خێرتان ئەگا.

دەسـتی خسـتە ناو دەسـتم چاوەکانی بەرزکردەوە بە ئارامی سەیرێکی منی کردەوە پاشـان چاوەکانـی لێك ناو ئەویش بۆ دواجار مالئاوایی لـە هەمووان کرد بە میوانداری دایکی شاد بوو. ئەمجارەیان گریان هەموومانی کردە میوانی خۆی چریکەیەك سەرهەنگ خەو لێ دەخات، بۆیە هەر لەسەر گۆڕەکەی ئەم دێرەم نووسی کە:

چریکەیەك سەرهەنگ بە ئاگا دەهێنێتەوە

سەرهەنگ و خاك

ئـــــــــــــــــــــــــــــــــەم شـــــــــــــــــــــــــــــــــەو
دڵـــــــــــــم کـــــــۆچـــــــەرێـــــــکـــــــی شـــێـــتـــە
وەك یـــــــــــعـــــــــــقـــــــــــوب
لـــــــە تـــــــرســـــــانـــــــدا شـــــــــــەوڕێ دەکـــــــــەم
عـــــــــــــــــــــــــاصـــــــــــــــــــــــــــــــــ

ڕەهـــێـــڵـــەی کـــــام ئـــەنـــدێـــشـــە
کـــــۆیـــــلـــــەی کـــــــردوویـــــــن؟
ڕێـــــژیـــــنـــــی کـــــــام ژیـــــان
هـــــــەژانـــــــدیـــــــنـــــی؟
هـــــێـــــژایـــــان مـــــن دەڵـــێـــم
بـــەســـە بـــا ئـــیـــتـــر شـــعـــر لـــە گـــۆڕنـــێـــم
لـەجـیـاتـی کـێـلـی گـــۆڕەکـــەی خـامـەکـەم دادەنـێـم
کفنەکەی پـەڕاوی سپی شعرەکانمی تێوە دەئاڵێنم
بـــــە ووشـــــــــــەی خـــــنـــــکـــــاو
گـــــــۆڕەکـــــــەت پـــــڕدەکـــــــەمـــــــەوە!
گوڵ بارانی گۆڕەکەت بە هەناسەی شاعیران دەکەم
شـعـر، نـانـە، شـعـر، خـەمـە، شـعـر، بـۆنـە
شعر گـوڵاڵـە ســورەی وەرزی بـەهـاری ستـەمـە!
مـن نـازانـم بـۆ هـەمـیـشـە خـەوالـوم دەکـەن
لـە جـیـاتـی عـەتـر، مـەرگ بـارانـم دەکـەن
مـن دەمـەوێـت هـۆنـراوەیـەك مـارەکـەم لـە خـاك
تـــا ســـەرهـــەنـــگ لـــەدایـــك بـێـت
بە لەدایك بوونی لە باوەشی خاکی دایکی دەمرێت.

کۆتایی سەرەتایەکی نوێی مەملەکەتی عیشق-ە

زۆر ماندوو بووم، زۆر هەوڵمداوە زۆریش گریاوم، زۆرم پەیدا کردووە و زۆریشم لەدەست داوە.

وا ئەم ساڵ کە ساڵی ٢٠١٧یە دەبمە ٤٠ ساڵ و ژیان دەکەم، هەستدەکەم یەك سەدەیە من دەژیم.

ئەوەی خۆشەویست بوو لەدەستم داون یاخود باشترە بڵێم خۆشەویستانی زۆرم لەدەستداوە. ئەوانەی کە ماونو خۆشەویستن هێندەی ئەوانە نین کە ڕۆشتونەتە جێگای حەقی خۆیان، ئەگەر هیوایەکی نوێ و پاشان ڕێگری نەکرایە لە مردن بەدەستی مرۆڤ خۆی دەمێك بوو ئارەزووی چوونم دەکرد بۆ لای ئازیزان.

شەوێکیان بەدەم گریانەوە ئارەزوی مردنم دەکرد، بەدەم خۆمەوە سۆزێکم دەکردو دەمووت:

ئەوا ڕۆیشتن ئازیزان.. بەجێیانهێشت هەوارگەی ژین
ساراو دەشت و کۆی دڵی من.. لەسایەیدا بوون بە برین
مردن وەرەو لام چۆڵ مەکە.. کەی میوانداری من دەکەی
منئازیزانمهەموولایتۆن..کەچیتۆخۆتملێوونەکەیت
دە وەرە دەی هـەوارگـەی ژینی مـن بـێ پەرژینە

ئەم غوربەتەو سەرماو سۆڵە هەناوی منی لەتکردووە
تۆ سەرێك بدە لەم ژینەم بزانە تامەزرۆی چییە
کەتۆهاتیبمبەرەوەبۆخلودودامبمااڵەلەمژینەنەهامەتییە

مانای وانییە کەسێکی فاشیلم لەژیاندا، نا- بڵکو سوپاسی خوای پەروەردگارم دەکەم لەسەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەی بەمنی بەخشییوە.

لە پارە، لە گەنجی، لە ژنی باش، لەمندااڵی جوان، لە باشترین ژیان، لە لەش ساغی، لە سومعەی باش.. هتد

ئاوات خواستنیش بە مەرگ تاوان نییە، لە قورئاندا چەندین کەسی باش ئاواتیان بە مەرگ خواستووە وەك خاتوو مەریم دایکی عیسا سەلامی خوای لێبێت وەك پێغەمبەر یوسف.. هتد

لێرەدا ئامانج لەم بەسەرهاتانەی ژیان کە بۆ ئێوەی بەڕێزم باسکرد پێ پێگەیاندنی ئێوەیە، چونکە هەستدەکەم قسەی ئەکادیمیو چوونە ناو باسە ئاکارییەکان هێندەی چیرۆکێك کاریگەری ناکەتە سەر ناخی ئێوەی هاونیشتمانیم.

لەڕاستیدا ناخ و سایکۆلۆژیەتی ئێوەم باش وورد کردۆتەوە، لێتان ناشارمەوە ئەگەر بڵێم یەك بەیەکتان دەناسمو لە ناو ناخیشتاندا یاری دەکەم. بڕوابکەن کەمم وتووە، نەك لەبەرئەوەی زانام یاخود خوانەخواستە لە زانستی غەیبی دەزانم یان پەنا دەگرم بەخوا فاڵ بگرمەوە، نا بەاڵم دەرئەنجامی ژیانم لەگەڵتانداو تێکەڵبوونم بە کچانو کوڕانو بە پیرو پیاوان و ژنان ئەو ئەزموونەی داومەتێ، کە بەڕاستی شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە لەخزمەتی ئێوەدام. ئەمەش لە ئێوەوە دەستم کەوتووە، کەسوپاسی مەعبودم دەکەم لەسەری.

بڕوابکەن دەمتوانی بەزمانێك بنوسم کەس لێم تێنەگاتو بڵێم ڕۆشنبیرم و دەتوانم ووشە ڕێکبخەم و یاری بە ئەدەبیات بکەم، بەاڵم زۆر حەزمکرد بەناختاندا شۆڕ ببمەوەو لەگەڵ ناخی ئێوەدا قسە بکەم، هەستدەکەم سەرکەتوو بووم، دووبارە سوپاس بۆ خوا.

ئەم ئوسلوبە ڕاستە ئیرتجالییە گرتومەتە بەر، واتا شتی ئاسایی‌و سادەو زمانی ناو خەڵکی ئاساییە. ئەدەبی ئیرتجالی ئەدەبی کلتوری ناو شەقامە، ناواخنەکەی پڕیەتی لە ڕۆشنبیری قورس، بەاڵم بەزمانێکی ساددە. ویستومە بۆ دکتۆرێك قسە بکەم، لەهەمانکاتدا بۆ عەرەبانچییەکیش، لەگەڵ ناخی کچێکدا قسەم کردووە، هەستم کردووە کوڕیش دڵی لامە، قسەم بۆ قوتابییەکی زانکۆ کردووە، لەهەمانکاتدا بۆ دەیان کەسی سەرەتایی کە تەنها توانای خوێندنەوەیان هەیە. ویستومە ئەوانیش بدوێنم، ئەم ئوسلوبە- ئسلوبی

قورئانییە.

چۆن؟

خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە کە باسی چیرۆکو مێژوومان بۆ دەکات دەفەرموێت بۆئەوانەی کە خاوەنی بیرنو هزرڤانن ئەوانە دەبێت بیری لێبکەنەوە، کەواتە ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوەیە کە وانەی زۆر گرنگی تێدایە وەك دەفەرموێت: (فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) الأعراف: ١٧٦

چیرۆك و بەسەرهاتەکان دەبێتە هۆکاری پەند ئامێز بۆ خەڵکی.

کەواتە مێژوو زۆر گرنگە، دەبێت هەموو ڕەهەندەکانی بخوێنینەوە. ئەمە چیرۆك نییە، ئەمە ڕەهەندی واقیعی کۆمەڵگاکەمانەو مێژووە. واتا زانستی مێژووە، ڕەهەندەکانی خوێندنەوەی من بۆ مێژوو بریتیە لە:

ڕەهەندی یەکەم: توراسی میللەتەو گەنجینەیەتی.

ڕەهەندی دووەم: پێوەری گەورە پیاوانییەتی بۆ دروستکردنی شارستانییەتیو ڕۆشنبیری.

ڕەهەندی سێیەم: یادگارو ئەلبومی خەڵکەکەیە وەك شیعرو ژیانی ڕۆژانەیان.

ڕەهەندی چوارەم: پەندو ئامۆژگاری لەسەر وەردەگیرێتو خەڵکی لەسەر پەروەردە دەکرێت.

ڕەهەندی پێنجەم: ئەزموونی پیاوچاکو خراپەکاران ئاشنا دەکەیت بە ئەزموونت.

ڕەهەندی شەشەم: مێژوو زانستێکی ڕابووردووە سودی هەیەو پاڵپشتە بۆ ئێستا، باشترین ئەزموونە بۆ داهاتوو.

ئێستا لەوانەیە هەست بکەن لەناو ئەدەبیاتێکی ئیرتجالیدا، ئەدەبیاتێکی ئەکادیمیتان ناسیوە بەبێ ئەوەی ماندوتان بکەمو هەموتان حەزتان پێکردووە بە تەشویقەوە خوێندوتانەتەوە.

لەهەمووی گرنگتر وەرزشتان پێدەکەم بۆ ئەوەی سەر لەنوێ کلتوری خوێندنەوە فێربن، کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە خوێندنەوە لەناو ئێمەدا نامۆیە، ئەزانن؟

وویستم فێری ئەوەتان بکەم کەژیان بریتی نییە لەکات، بەڵکو ژیان بریتییە لە ئێمە. ئەوە کات نییە کە دەڕوات، بەڵکو ئەوە ئێمەین کە دەڕۆین!

ئەمەویێت پێتان بڵێم خوای گەورە هەمیشە خۆشیدەوێن، بەو مەرجەی تەکەبورمان نەبێت و خۆمان بەزل نەزانین لەئاستی تەوبەکردنو تاوانەکانماندا.

هاوینی ساڵی ١٩٩٥ زۆر تەوبەم کردو تەوبەکانم شکاند،

شەوێکیان پەروەدگارم لە خۆم ڕەنجاند ئیتر وامزانی خوا خۆشی ناوێم چوومە ناو جێگاکەم چەند دڵۆپێك لە فرمێسك بەچاومدا هاتە خوارەوەو خەوم لێکەوت.

بەیانی دایکم خەبەری کردمەوەو ووتی: نازانی ئەم شەو چ بارانێك باری.

لەمەملکەتی عیشقدا ئەوەم بۆباسکردن ناڕاستەوخۆ کە خوای گەورە کەی پێت پێدەکەنێ.

ئەوکاتەی کە نزا دەکەیت و لات وایە مەحاڵە کە نزاکەت گیرا بێت.

ویستم پێتان بڵێم ناوچاوانمان هەموو بخەینە سەرخۆڵ بۆ سوجدەبردن، تەنها شایەنی عەزەمەتی مەعبودمان اللە یە، یاخود فێربن و بڵێن:

یا فتاح

واتا کلیلی دڵی من لەدەستی زاتی تۆدایە

بۆنی نایابی بەهەشتت لە هەموو ناوو سیفاتە جوانەکانتایە

ئەیانخەمە سەر برینەکانی دڵم

فەرمووتە الجبار..م

واتا تۆڵەی دڵشکاوان وەردەگریتەوە

فەرمووتە الشافی..م

واتا زاتێکە کە شیفای هەموو برینە قوڵ و بێدەرمانەکان ئەدات

هەوای دڵمان سوك دەبێت کاتێك کە زمزمەی ناوە جوانەکانت دەکەین لەگەڵ سیفاتە بەرزەکانت.

ئەمەوێت لە مەملکەتی عیشقدا فێربین بڵێین حەزرەتی مەعبودی ئێمە تۆ نزیکی زۆر دڵنییاین، بەڵام ئەوە ئێمەین ڕەگی گەردنمان نادۆزینەوە، بمانبەخشە بەگەورەی خۆت بەجدی وویستم فێربین کە هەندێکجار خوای پەروەردگار ئەوەندە زوو بەدەم داواکاریەکانمانەوە دێت، کە بڕواناکەین ئەوە لەلایەن خوای موتەعالەوە بێت، بەڵکو دەڵێین بەخوا شانسێکی باشمان هەیە.

بۆیە دەبێت بڵێین: پەروەردگارا ئێمە هەموو بێچارەین تەنها زاتی بەرزت چارەیە.

ئێمە هەموو بێدەسەڵاتین تەنها زاتی بەرزت دەسەڵاتدارە.

مەملەکەتی عیشق بریتی بوو لە:

هەمیشە سەرم بەرزە، چونکە لای سەروومەوە خوای گەورەیە

کەواتە پێویستە بڵێن: اللهم اغفر لی

کە ئەمانەتەکەتم پیس و ڕەش کردۆتەوە

اللهم اغفر لی
که من ئەو منه نیم که پێت سپاردم
اللهم اغفر لی
که زاڵم دەرچووم ئەو پەیمانەی بەتۆم دابوو شکاندم
اللهم اغفر لی
خوایە لێم خۆشبە، شکستەم بەخۆم، سەربەرزم بە زاتی تۆ

کەواتە منیش ویستم لەم مەملکەتەدا بڵێم: کاتیک دەتەوێت ژیانو هەستو نەستی خۆت بنوسیتەوە، ڕێگا مەدە کەسێکی دیکە لەجیاتی تۆ قەڵەم بگرێ بەدەستیەوە.

نمونەی وەک تۆ تەنها یەک دانە هەیە لەهەموو جیهاندا، کەواتە قەدری خۆت بزانە هاوڕێ گیان.

ئاگادارین لەوەی مەملەکەتی عیشق پڕی ووتین: ئەوەی خوای پەروەردگار دەیبەخشێت کۆتایی نییە، ئەوەی کەخەڵکی بیبەخشێت بەردەوامی نییە.

ئەم مەملەکەتە ووتەی تایبەتی هەیە بریتی بوو لەوەی کە پڕی ووتین:

سەختە قەڵەم بیتو دڵتەنگ نەبیت
لەگەڵ تیغدا ڕێ بکەیتو بەرد نەبیت
سەختە کەدڵت بتاشن بەقەڵەمدادەرو پێبکەنیت
لەگەڵتا بجەنگنو تۆ هەر لەخەیاڵدا بیت
لە دەردی دڵی شاعیری عاشق بنوسیت
لەگەڵ خەڵکی سەد ڕەنگدا هەمان ڕەنگ نەبیت
هەروەک قەڵەم پاڵبدەیتەوە بەیەک قاچ، بەڵام
هاتە سەرەی خۆت شەل نەبیت
سەختە بزانیتو لێو لە لێو نەترازێنیت
سەختە خۆت بیتو بێ ڕەنگ نەبیت
کاتێک کە قەڵەمی دایە دەستم حەزرەتی ئوستاز
ووتی خوای پەروەردگار وویستویەتی کە دڵتەنگ نەبیت
لێم تێگەیشتن؟ کۆتایی پێبهێنم؟
نا بڕواناکەم تۆزێکی ترتان بۆ باسدەکەم.....

لێرەوە سەرەتایەکی نوێیە قۆناغێکی تر دەستپێدەکات، دەشێت لە بەشێکی تردا بێمەوە لاتان و ژیانێکی تر بۆ ئێوە باسبکەم، کە ئەمجارە لێوان لێو بێت لە ئەزموونی

پیاو و پیریەتی.

ئێستا وامان لێهاتووە لەم کۆمەڵگایەدا هەرچی دەکەین ئاساییە، بەس گرنگ ئەوەیە خۆمان نەبین، دەبێ هەوڵبدەین کە خۆمان زیندوو بکەینەوە، چونکە ئەم جیهانە زۆر گەورەیە جێگای هەموومان دەبێتەوە، پێش ئەوەی کە تۆ جێگای خەڵکی تر بگریت، جێگای واقعی خۆت بدۆزیتەوە.

پێویست ناکات هەموو شەوێك ئەو درۆیە بکەینو بڵێین دەچین دەخەوین ئەو سەرینەمان لێ ببێتە سینەماو بە ڕابوردوماندا بچینەوە.

یان پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە بەدەم گریانی ڕابوردومانەوە سەر دەنێینەوە.

کێشەکەش لەوەدایە ناتوانین تا ئێستاش ئەوەی ئەمانەوێت بیڵێین.

ئینجا بە ماندوو بونێکی زۆرەوە دەڵێمەوە پێتان بۆیە

ناگەینە مەملەکەتی ڕاستی، حەتمەن خەلەلێك هەیە.

دوای تۆزێك لە ئارامی هەستدەکەم چاککردنی خەلەلەکە دەبێت بەچاکسازیو ئیرادەی ئەبوبەکر بێت

دادپەروەی عومەری لەگەڵ بێت

بە بەخشینی عوسمان بوونی هەبێت

بە ئارامی عەلی دروستدەبێت

واتا بە شۆڕشی هاوەڵانی محەممەد چارەسەر دەکرێت ﷺ تەواو بووم، بەڵام لە بەشی یەکەمدا لە کۆیدا کۆتایی هاتووە، لە بەشی دووەمدا لەوێوە دەست پێدەکەینەوە.

کەواتە لێرەوە سەرەتایە نەك- کۆتایی.. جاری دانیشن بەخێر...

(فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ)

جا لە ئایندەدا ڕۆژێك دێت، ئەم قسانەی منتان بێتەوە یاد، ئێستاکەش من خۆمو کارو بارەکانم دەدەمە دەست خواو پشت بە خوا دەبەستم، چونکە بێگومان خوا بینایە بە بەندەکان.

پێڕست

- چیرۆکی یەکەم: من و بەیان ٦
- چیرۆکی دووەم: من و دالیا ١٠
- مردنی دالیاو سەرگەردانی خەسرەو ١٥
- چیرۆکی سێیەم: ژیانەوە بەرەو مردن ٢٠
- چیرۆکی چوارەم: گەڕان بەناو بازنەی بەتاڵداو دروستکردنی چارەنووس ٢٦
- چیرۆکی پێنجەم: ڕاکردنی مەرگ لەناو گۆڕستاندا ٣٤
- چیرۆکی شەشەم: شەوێك بە سەرخۆشی دەچمە مزگەوت و بە دەروێشی دێمە دەرەوە..... ٤٢
- چیرۆکی حەوتەم: سەرەتایی خوا ناسی و گێژاوی حیزبایەتی ٥٢
- چیرۆکی هەشتەم: عاشق بوون بە ئێران و عیشقی بەجێماو ٦١
- چیرۆکی نۆیەم: سنورداش و گەڕانەوە بۆ ئەستەمبوڵ ٦٨
- چیرۆکی دەیەم: من و یاسەمین ٧٨
- زیندان و ئەسیناو قەرەجێك ٨٧
- ئەلبانیاو یاری قومار بۆ ئیتاڵیا ٩٧
- زیندانی نەمساو ماسی قوتو و ماروپەیژە ١٠٤
- چیرۆکی یانزەیەم: ژیانێکی نوێ و لە نەرویج و سەرەتای چالاکییەکان ١٠٩
- ناو کلێساو دۆزینەوەی مامۆستاکەم عیماد ١١٢
- چیرۆکی دوانزەیەم: من و ترێ ١٢٦
- من و ترێ و ژیانێکی نوێ (شۆڕشی ژنان) ١٣٥
- چیرۆکی سیانزەیەم: سەرەتای تێکەڵ بوونم بە پاکستانییەکانو عیشقی لیندا ١٤٩
- چیرۆکی چواردەیەم: جیابونەوەی منو نەوژینو بەیەکگەیشتنی منو شەوبۆ ١٥٧
- ئەوەی کە هەرگیز بەتەمای نەبووم ١٦٤
- چیرۆکی پانزەیەم: من و کاك عەبدوڵاو بەهرۆزی کۆمۆنیست و مەهنازخان ١٦٩
- دیبەیتەکەو مردنی کاکە عەبە ١٨٣

- چیرۆکی شانزەیەم: منو ئەفسانە ١٩٧
- چیرۆکی حەڤدەیەم: منو گوڵی سور ٢١٦
- کچە ئیسرائیلیە کوردەکە، جوانییەکەی سەرسامی کردم ٢٢٢
- چیرۆکی هەژدەیەم: منو چەند کچێکی ئیسرائیلی ٢٢٦
- گفتوگۆی منو رووساو دەردە دڵی بۆ من ٢٣٢
- رووسا دێت بۆ لام ٢٣٩
- چیرۆکی نۆزدەیەم: باسوخواسی ناو سەیارەکەی پێشڕەو ٢٥١
- ئەو ئافرەتەی کەلە سەرجادە هەڵمگرتەوە ٢٥٦
- چیرۆکی بیستەم: سەرهەنگو خاك ٢٦٥
- کۆتایی سەرەتایەکی نوێی مەملەکەتی عیشق-ە ٢٧٨